

تەفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [٥]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی



جزمی [١٠]

تەفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی پێنجەم

نووسینی
مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

جزمی (١٠)



- تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان .
- نووسینی : مەلا مەحموودی گەلاڵەیی .
- چاپی یەکەم .
- چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک .
- تیراژ : (٥٠٠) دانە .
- ژمارەی سپاردن : (١٧٠)ی ساڵی (١٩٩٩) .

- چاپ و پیت چنینی : مەڵبەندی کۆمپیوتەری ئاوێزە – سلێمانی .

سەرەتای جزمی دەیەم

چۆنیەتی دابەش کردنی دەسکەوتی جەنگ

﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَىْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمْ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا يَوْمَ ٱلْفُرْقَانِ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾



لەئایەتی پێشوودا پەروەردگار فەرمانی بەموسوڵمانان کرد کە دژی کافران بجەنگن، فەرمووی: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ﴾: جەنگیش بەشێوەیەکی ئاسایی‌و عادەتی بەشوێنی دا دەستکەوت دەبێ، ئەمجار پەروەردگار لێرەدا یاسای دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگ دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾ بزانن: ئەوەی لەجەنگ دا دەبێتە دەستکەوتتان، دەکرێتە پێنج بەش؛ بەشێک لەپێنج بەشەکە دەدرێ بەوانەی ئایەتەکە باسی کردون، بەڵام شتێک هەیەو پرسیار دەکرێ بۆ ئایەتەکە شەش لایەنی باس کردوون کە پێنج یەکەکەیان بەسەردا دابەش دەکرێ؟ لەوەلام دا دەگوترێ رای راستو صەحیح ئەوەیە: کە هێنانی ناوی خودا بۆ پیرۆزی‌و تەبەرروکەو پێنج یەکەکە هەر بەسەر پێنج لایەن دا دابەش دەکرێ.

ئەبو عالیە دەڵێ: ئەو بەشەی بۆ خودا دیاری کراوە لەپێویستی کەعبەدا خەرج دەکرێ. بەڵام رایەکەی رەت کراوەتەوە بەوە کە ئاوەدانکردنەوەی ئەو پێنج لایەنەی پێنج یەکەکەیان بەسەردا دابەش دەکرێ ئەمانەن.

١- بەشێک بۆ پێغەمبەرە، بەئارەزۆی خۆی دەیدا بەکێ دەیدا.

٢- بەشی خزمەکانی پێغەمبەر ﷺ کە بریتین: لەبەنوهاشم‌و بەنوموطەلیب.ئەمە رای شافیعی‌و ئەحمەدو هی تریشە، بەڵگەشیان ئەو

فەرموودەیەیە:کە بوخاریو نەسائی دەریان هێناوە دەڵێن: کاتێ پێغەمبەر ﷺ بەشی (ذوی القربی)ی دابەش کرد تەنیا لەنێوان بەنوهاشمو بەنوموطەلیب دا بەشی کردو فەرمووی: (إِنَّهُمْ لَمْ يُفَارِقُونِي فِي جَاهِلِيَّةٍ وَلَا إِسْلَامٍ، إِنَّمَا بَنُوهَاشِمٍ وَبَنُوالْمُطَّلِبِ شَيْءٌ وَاحِدٌ). کە ئەمەی فەرموو: پەنجەکانیشی تێکنان.

بوخاری دەڵێ: لەیث گوتی: یونس بۆیگێڕامەوەو ئەمەیشی زیاد کرد وتی: پێغەمبەر ﷺ هیچی بۆ بەنی عەبدو شەمسو بەنی نەوفل دانەنا. ئیبنو ئیسحاق دەڵێ: عەبدو شەمسو هاشمو موطەلیب برای دایکی بوون، دایکیان عاتیکەی کچی موررەیە، نەوفەل برای باوکییان بوو، نەسائی دەفەرموێ: پێغەمبەر بەشی خزمەکانی دانا کە بریتی بوون لەبەنوهاشمو بەنو موطەلیب هەیانبوو دەوڵمەند بوو هەیان بوو هەژار بوو!

بەلام دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ بەلای ئیمامی شافعیەوە ظاهیری ئایەتەکەش ئەوەی لێ وەردەگیرێ پێنج یەکی دەستکەوتەکە دەکرێ بەپێنج بەش، بەشێک بۆ پێغەمبەرە ﷺ لەبەرژەوەندی موسوڵمانان دا خەرج دەکرێ وەکوو کڕینی کالاو پێداویستی جیهاد. بەشێک بۆ خزمەکانیەتی بەدەوڵەمەندو هەژاریانەوە، بەسەریان دا دابەش دەکرێ بۆ هەر نێرینەیەکیان دوو هێندەی مێینەیەکیان. ئەو سێ بەشەکەی تریشی بۆ سێ لایەنەکەی تر: هەتیوو هەژارو رێبوارە.

ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: بەشی پێغەمبەر ﷺ دوا وەفاتی نامێنێ. هەروەها بەشی خزمەکانیشی نامێنێ. ئەگەر بیاندرێتێ بەبۆنەی هەژارییەوە دەیاندرێنێ ئەگینا دەوڵەمەندەکانیان نایاندرێتێ. بەڵکوو پێنج یەکەکە بەسەر هەتیوو هەژارو رێبواردا دابەش دەکرێ.

ئیمامی مالیک دەفەرموێ: دوا وەفاتی پێغەمبەر ﷺ دابەشکردنەکە حەواڵەی رای ئیمام دەکرێ، بەئارەزۆی خۆی چۆنی بەباش زانی ئاوا دابەشی دەکا. حەزی لێ بوو هەمووی دەخاتە بەیتولمالەوە، ئەگەر بەلایەوە گونجاو

بوو بەسەر ئەوانەی ئایەتەکە ناوی هێناون دابەشی دەکا، ئەگەر بەلایەوە پەسەند بوو: هەندێکیان دەیاندرێتیو هەندێکیان نایاندرێتی.

مالیکییەکان، بەڵگەیان زۆرن، یەکێ لەو بەڵگانە: ئەو فەرموودەیەیە: کە لەعەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە ریوایەت کراوە: دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ رۆژی جەنگی حونەین دەستکەوتی جەنگی بەشێوەیەکی تایبەتی دا بەچەند کەسێکی تایبەتی، سەد حوشتری دا بەئەقرەعی کوڕی حابیس، سەد حوشتریشی دا بەعویەینەی کوڕی حیصن، هەروا هەندێکی تری لەو دەستکەوتە دا بەهەندێ پیاو ماقوڵی عەرەب، پیاوێک وتی: وەڵڵاهی ئەم دابەشکردنە دادپەروەری تێدا نیە، یان لایەنی خودای تێدا رەچاو نەکراوە. عەبدوڵلا دەفەرموێ: وتم: سوێند بێ بەخودا ئەمە بۆ پێغەمبەر ﷺ دەگێرمەوە. ئیتر هەواڵەکەم بۆ گێڕایەوە ئەویش فەرمووی: (يُرْحَـمُ اللهُ أَخِي مُوسَى لَقَدْ أُوذِيَ بِأَكْثَرَ مِنْ هَذَا فَصَبَرَ) خوا رەحم بەموسای برام بکا، بێگومان ئەویش لەسەر دەستی گەلەکەی لەمە زیاتر نارەحەت کراو خۆی راگرت.

٣- بۆ هەتیوان: زارۆکەو منداڵی موسوڵمانان کە باوکەکانیان نەمابن.

٤- بۆ هەژاران: ئەو موسوڵمانانەی هەژارنو پێویستییان هەیە.

٥- رێبوار: ئەو موسوڵمانەی لەماڵو وڵاتی خۆی دوور کەوتۆتەوەو پارەی پێ نەماوە.

ئەمجار دەفەرموێ: ﴿إِنْ كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللهِ...﴾ واتە: پابەندی ئەو شەریعەتو یاسایەبن کە بۆمان داناون دەربارەی پێنج یەکی دەستکەوتو لێی دەرمەچن، ئەگەر ئێوە ئیمانتان بەخودا هەیەو خۆتان بەموسوڵمان دەزانن. ﴿وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ﴾ هەروەها ئەگەر راست دەکەن بڕواتان بەو پەیامە هەیە کە ناردوومانە بۆ سەر بەندەی خۆشەویستمان کە پێغەمبەرە یان: بزانن؛ ئەو ماڵو کالایەی دەستتان دەکەوێ لەجەنگ دا پێنج یەکی دەدرێ بەو پێنج لایەنانەی باسکران. ئێوە تەماعتان تێیدا نەبێ، بەچوار بەشەکەی تری قینیات بکەن، ئەگەر ئێوە

ئیمانتان بەخودا هێناوەو بڕواتان بەو پەیامە هەیە کە لەرۆژی بەدردا خودا ناردویە بۆ پێغەمبەری خۆی، ئەو رۆژی بەدرەی کە حەقو بەتاڵی تێدا جیا کرایەوە، موسوڵمانمان بەسەر کافرەکان دا زاڵ کردن، ئەو رۆژەی سوپای موسوڵمانو سوپای کوفر بەیەکێ گەیشتنو لێکیان دا، ئەو جەنگە یەکەم جەنگێ بوو کە پێغەمبەر ﷺ تەشریفی بەشداری تێدا کرد، ﴿وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ پەروەردگار بەسەر هەموو شتێکێ دا خاوەن دەسەلاتو توانایە، دەتوانێ ئێوەی موسوڵمانی کەمو بێ چەکو ئامێری جەنگێ بەسەر لەشکری زۆری کارفران دا زاڵ بکاوو هیچ شتێکێ نیە ببێتە کۆسپو تەگەرە لەبەردەم ئەنجامدانی ویستو ئیرادەی دا!

جا هەرچەندە مەبەستی جیهاد بەم دەقە قورئانیە ئاشکرایە، سنووردار کرا، دەرکەوت جیهاد بۆ خودایە، لەپێناو ئامانجێکێ دایە پەیوەندی بەبانگەوازی خوداو ئایینی خوداو مەنهەجی ژیانەوە هەیە. بەڵێ هەرچەندە مڵکیەتی دەستکەوتی جەنگێ لەوە پێش، قورئان حەواڵەی خوداو پێغەمبەری کردو صلاحییەتی دابەشکردنی دایە دەست پێغەمبەر ﷺ کە بەگوێرەی یاسای خودا دابەشی بکا، موجاهیدەکانی لێ دوورە پەرێز کرد، بۆ ئەوەی مەبەستو هەڵسوکەوتیان خالیص بۆ خودا بێ! وەلێ لەگەڵ هەبوونی ئەم راستیانە دا پێویستە ئەوە بزانرێ: کە مەنهەجی قورئان مەنهەجێکی خوداییە، روبەڕوی واقیع دەبێتەوە بەبڕیارو ئەحکامی لەبارو گونجاو، بۆ هەموو روداوێکێ حوکمی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ هەموو کێشەیەکێ حەللی گونجاوی هەیە، چارەسەری خۆی بۆ دیاری دەکا.

ئاشکرایە: جەنگێ بەرپابووە، موسوڵمانان سەرکەوتوون، دەسکەوت هەیە، جەنگاوەر هەن. ئەو جەنگاوەرانە لەرێگەی خودادا تێکۆشاون، ماڵو گیانی خۆیان بەخت کردوە، خۆیان کردۆتە پێشمەرگەو فیدائی، بەویستی خۆیان هاتوونە گۆرەپانی جەنگەوە، بەچەکو نانو تفاقی خۆیان بەماڵو گیانەوە ئامادەی غەزا بوون، تەنانەت هەندێکیان وێڕای دابینکردنی پێداویستی بۆ خۆیان، پێداویستی کەسانی دیکەشیان دابینکردوە. دەی ئەمانە بەگیانو ماڵ ئامادەی خۆبەخت کردن بوون، دەسکەوتیان دەست دەکەوێ، بەهۆی ئازایەتیو

مەردی خۆیان غەنیمەتیان دێتە دەست.. لەوە پێشیش دڵو دەروونیان پاڵفتە کراوە لەوەی کە تەماعی ئەو دەسکەوتانەیان هەبێ، هەر لەسەرەتاوە خاوەنیەتی ئەو غەنائیمە بۆ خوداو پێغەمبەر گێڕدراوەتەوە. کەوابێ زەمینە خۆش کراوە بۆ ئەوەی هەریەکەیان لەم دەستکەوتە بەشی خۆی بدرێتێ، لەکاتێکدا ئەو جەنگاوەرانە وا هەست دەکەن -کە ئەو بەشەی دەیاندرێتێ خوداو پێغەمبەر دەیاندەنێ، ئیتر ئەم بەش پێ دانە پێویستییەکانیان دابین دەکا، داخوازییە نادەمیزادەکانیان تێر دەکا، بێ ئەوەی هەڵپە هەڵپو کێشەو دووبەرەکی لەدابەشکردنەکە دا پەیدا ببێ. ئەمەش دوای ئەوەی کە لەسەرەتای سورەتەکە دا بەبڕیارێکی یەکالاکەرەوە ﴿قل الأنفال لله ولرسول﴾ ملکیەتو دەسەلاتەکە دیاری کرا. لەلایەکی ترەوە وەکوو لەوە پێش بەکورتی ئاماژەمان بۆ کرد، زانایانی ئیسلام لەسەر ئەم ئایەتە ریوایاتی جۆراو جۆریان گێڕاوەتەوە، زۆر راو بۆچوونی فیقهی جۆراو جۆریان لەسەر ئەم ئایەتە هەڵساندوە، یەکەم: ئایا مانای **(الغنائم)**و **(الأنفال)** یەک مانایە؟ یان هەر یەکەیان مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ دووەم: ئەو پێنج یەکەی (جگە لەو چوار بەشەی کە دەدرێ بەجەنگاوەران) چۆن دابەش دەکرێ؟ سێیەم: دەربارەی پێنج یەکی پێنج یەکەکە **(خمس الخمس)**ی کە دەدرێ بەخودا، ئایا ئەو پێنج یەکەیە کە دەدرێ بەپێغەمبەر؟ یان ئەویش بۆخۆی بەشی سەربەخۆیە؟ چوارەم: ئەو پێنج یەکەی بۆ پێغەمبەر ﷺ دیاری کراوە، ئایا تایبەتە بەخۆیەوە، یان حوکمەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ جێنیشینو فەرمانڕوایانی دوا خۆیشی؟ پێنجەم: دەربارەی پێنج یەکی خزمەکانی پێغەمبەر ﷺ ئایا دوا سەردەمی پێغەمبەر ﷺ هەر بەردەوامەو دەدرێ بەبەرەی هاشمو بەرەی موطەلیب؟ یان دوا پێغەمبەر ﷺ ئیشەکە حەواڵەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان دەکرێ بۆ ئەوەی بەئیجتیهادو بۆچوونی خۆی بڕیاری تێدا بدا؟ شەشەم: ئایا ئەو پێنج یەکەی کە بۆ خوداو پێغەمبەرو خزمەکانیو هەژارانو هەتیوانو رێبواران دیاری کراوە دەکرێتە پێنج بەشی چوون یەک: یان ئەویش حەواڵەی پێغەمبەر ﷺ کراوەو ئەویش فەرمانڕەوایان چۆنیان بوێ ئاوا دابەشی دەکەن؟ ئەمانە هەموویان راو بۆچوونی فیقهینو هەریەکەیان بەڵگەی خۆی

بەدەستەوەیە، بەپێویستمان نەزانی هەموو ئەو راو بۆچونو بەڵگە هێنانەوەو رەتدانەوەیان راگوێزی ئێرە بکەینو بیانخزێنینە ئەم جێگایەوە. بەتایبەتی کە مەوزوعی دەسکەوت (**غنائم**) بەشێوەیەکی گشتیو تێکڕایی ئەمڕۆ واقعێکی ئیسلامی نیەو روبەڕوی موسوڵمانان نابێتەوە، ئەمڕۆ ئەم مەسەلە، واقیعێکی زیندوو نیە، چونکە دەوڵەتێکی ئیسلامی لەگۆڕێ نیە، فەرمانڕەوایەکی موسوڵمان نیە، نەتەوەیەکی موسوڵمان بەو مانایە نیە لەپێناو ئایینی خودادا جیهاد بکاو دەستکەوتی لەجەنگا هەبێو هەوڵی ئەوە بدا بزانێ چۆن دابەشی بکا. ئەمڕۆ چی لەو بارەوە بگوترێ: کات بەفیڕۆدانە لەباسێکی بۆشی نەظەری دا، لەواقیعی موسوڵمان دا چ رەنگدانەوەیەکی نیە!!

زۆر کردنی موسوڵمانان لەپێش چاوی کافرەکانو بەکەم پیشاندانی کافرەکان لەبەرچاوی موسوڵمانان!

إِذْ أَنتُم بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُم بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَىٰ وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ ۚ وَلَوْ تَوَاعَدتُّمْ لَاخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ ۙ وَلَٰكِن لِّيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَن بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَن بَيِّنَةٍ ۗ وَإِنَّ اللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٤٢﴾ إِذْ يُرِيكَهُمُ اللَّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلًا ۖ وَلَوْ أَرَاكَهُمْ كَثِيرًا لَّفَشِلْتُمْ وَلَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ سَلَّمَ ۗ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿٤٣﴾

وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ الْتَقَيْتُمْ فِي أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا وَيُقَلِّلُكُمْ فِي أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا ۗ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ ﴿٤٤﴾

باسەکە بەردەوام لێرەش دا هەر دەربارەی روداوی جەنگی بەدرە، پەروەردگار دوای ئەوە: کە حوکمی دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگی دیاری

کرد، ئەمجار دیمەنێکی ئەو ڕۆژە دەکێشێو شوێنو لەشکر بەزێنی هەردوو لاو سەربازخانەی هەردوو سوپاکان دەست نیشان دەکا، بۆ ئەوەی موسوڵمانان یادی نیعمەتە گەورەکانی خودا بکەنەوە، کە بەسەر دوژمنی سەرسەختیان دا زاڵی کردن، ئەو دوژمنەی کە لەهەموو رویەکی مادیو سەربازییەوە لەوان بەهێزتر بوون. دەفەرموێ: ﴿إِذْ أَنتُم بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُم بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَىٰ﴾ ئەی گرۆهی موسوڵمانان! یادی ئەو بەیەکگەییشتنو تێکرژانو لێکدانە یەکالاکەرەوە بکەن: کە روی دا لەنێوان ئێوەو کافرەکان دا، هەمیشە شوکری پەروەردگار بکەن کە لەو جەنگە دا ئێوەی بەسەر ئەوان زاڵ کرد!

لەکاتێک دا ئێوە لەبەردەم جەنگێکی ترسناک دا بوون لەگەڵ دوژمن دا، ئەو کاتەی ئێوە لەلایەکی دۆڵەکەوە بوون، بەلای مەدینەوە، ئەو شوێنەش زەوییەکی لمبەلان بوو، قاچتان رۆدەچوو، بەناخۆشی جموجوڵتان بۆ دەکرا، لەشکری کافرەکانیش لەبەرێکی تری دۆڵەکەوە (دوور لەمەدینە) بەلای مەککەوە هەڵیان دا بوو، تاویشیان لێ نزیک بوو، ﴿وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ﴾ کاروانی قورەیشییەکان کە بەسەرۆکایەتی ئەبو سوفیان بوو، بەهەموو ماڵو کالای پێیان بوو، لەخوارتانەوە بوون، بەلای دەریاوە، یان کەناری دەریاکەوە. لەو کاتە دا کاروانەکە لەشامەوە دەگەڕایەوە بەچل کەسی قورەیشیەوە، ئەوان لەگەڵ مەککەییەکان دا دەیانەویست بەهەموو جۆرێک بەرگری لەو کاروانو کالایە بکەنو نەهێڵن کەس دەس بێنێتە رێگای. ﴿وَلَوْ تَوَاعَدتُّمْ لَاخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ﴾ خۆ ئەگەر لەوە پێش ئێوەو کافرەکان وادەی شەڕتان بەیەکتر بدایەو شوێنی جەنگەکەتان دیاری بکردایە، بتانزانیایە ژمارەیان چەندە، وا دەکەتان نەدەبردە سەر، لەترسی جەنگ لەکاتی دیاریکراو دا ئامادە نەدەبوون، لەبەر کەمیو کەمتفاقی خۆتانو زۆریو بەهێزی دوژمن. هەروەها لەلایەکی ترەوە کافرەکانیش دەترسان شەڕ لەگەڵ پێغەمبەر بکەن، کەوا بوو: هیچ لایەکتان ئامادە نەدەبوون بۆ جەنگ. بەڵام بەیەکگەییشتنتان بەبێ پێش وادەیو بەبێ ئەوەی هیچ لایەکتان پێش وەخت حەزتان لەشەڕ بێ، ﴿لِّيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا﴾ بۆ ئەنجامدانی کارێک بوو: کە

پەروەردگار بڕیاری دابوو، بەقودرەتو دانایی‌و زانایی خۆی پێش وەخت نەخشەی بۆ کێشابوو، بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام بەهێز ببیّ‌و، موسوڵمانان سەرکەون‌و شیرکو کوفر لاواز ببن‌و کافرەکان ریسوا بکرێن، بۆ جیّ بەجیّ کردن‌و ئەنجامدانی کارێک بوو: کە پەروەردگار لەوە پێش بڕیاری دا بوو رەتبوونەوەی نەبوو، ئەویش یارمەتیدانی خۆشەویستانی خۆی‌و زەلیل کردنی کافرەکان بوو، کە لە ناکامی ئەو بەیەکگەیشتنەوە بوو، تا موسوڵمانان ئیمانیان زیاد بکاو بەهێزتر بیّ، وە بۆ ئەوەی موسوڵمانان پابەندی فەرمانی خودا بن‌و شوکرو سوپاسی بۆ دەربڕن.

بەیەکگەیشتنی ئەم دوو سوپایە بەو شێوەیە لەداهاتوودا کاریگەرییەکی تری هەیە؛ ئەویش ئەوەیە کە دەفەرمویّ: ﴿لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ﴾ تا بمریّ ئەوەی دەمریّ لەکافرەکان پاش بینینی بەڵگەیەکی ئاشکرا کە راستی ئایینی ئیسلام دەسەلمێنیّ، بژییّ ئەوەی دەژیی لەو موسوڵمانان پاش ئەوەی بەڵگەی بەهێزی بینی کە خودا ئایینی خۆی زاڵ دەکاو کۆمەگی بەموسوڵمانان دەکا. بۆ ئەوەی کەس بیانووی نەمێنیّ! چونکە جەنگی (بەدر) بەڵگەیەکی بەهێز بوو: بۆ چەسپاندنی بیرو باوەڕ لەدڵی موسوڵمانان داو خەڵکی هەڵنا بۆ کرداری چاکو راستاڵی لەخودا پەرستی دا ! وادەی پەروەردگاری تێدا هاتەدی کە دەفەرمویّ: ﴿سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ﴾ القمر/٤٥.

دەشگونجیّ بەشێوەی خوازە (ئیستیعارە) وشەی ﴿يهلك﴾ بەمانا (يكفر) وشەی ﴿يحيا﴾ بەمانا (يؤمن) لیّ بدەینەوە. واتە: بۆ ئەوەی کافر بیّ ئەوەی دەیەویّ کافر بیّ، پاش بینینی بەڵگەی بەهێزو نیشانەی بیانوو بڕ. وە ئیمان بێنیّ ئەوەی دەیەویّ ئیمان بێنیّ پاش بینینی بەڵگەو نیشانەی بەهێز.

بەڵیّ لەراستی دا جەنگی بەدر جیاکەرەوەی حەقو بەتاڵ بوو، بەڵگەو نیشانە بوو بۆ موسوڵمانان کە خودا چۆنی مژدە دا بوو بەپێغەمبەر ئاوا هێنایە دی.

بەڵگەو نیشانە بوو بۆ کافرەکان بەتێشکانیان چونکە ئەوان سەربازی شەیتان بوونو لەپێناو بیرو بڕوای پووچ دا جەنگانو سەرەنجام ریسوا بوون. بەکورتیو پوختی پەروەردگار بۆیە ئێوەی لەبەدر دا بەبێ وادەو زانینی پێش وەخت بەیەک گەیاند بۆ ئەوەی ئێوە بەسەر ئەوان دا زاڵ بکا، وشەی حەق (لا اله الا الله، محمد رسول الله) بەسەر وشەی بەتاڵ دا بەرز بکاتەوە، ئیش ئاشکراو رون بێ بەڵگە بەهێزو بیانوو بڕ بێ، نیشانە رونو ئاشکرا بێ، کەس شکو گومانی نەمێنێ، جا ئەو کاتە کێ لەسەر کوفر دەمێنێتەوە با بمێنێتەوە، بۆخۆی دەزانێو لای نومایانە کە رێبازەکەی بەتاڵەو بەهەڵە چووە؛ چونکە ئەوەی کە بینییان بەڵگەیەکی مەحسووسو بیندراو بوو، تاقیکردنەوە بوو، بەڵگەی بیندراوو هەست پێکراو زۆر کاریگەرترە لەبەڵگەی نەظەریو عەقڵی. ﴿وَإِنَّ اللهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ بێگومان پەروەردگار شنەواو زانایە بەهەموو شتێک هیچی لێ گوم نابێ، هەموو بیرو باوەڕو کردارو گوفتارێکی کافرو موسوڵمان دەزانێو شنەوایە بەگوفتاری کافرەکانو زاناو ئاگادار بوو بەهەڵسوکەوتو رەفتاریان، شنەوایە بەدوعاو نزای موسوڵمانانو ئاگادارە بەوەی: کە شیاوی ئەوەن بەسەر دوژمن دا زاڵیان بکاو سەریان بخا! هەر کەسەیان لەکافرو موسوڵمان بەگوێرەی کردەوەیان پاداشو سزایان دەداتەوە. ﴿إِذْ يُرِيكَهُمُ اللهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلاً﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! بیری ئەو کاتە بکەرەوە، کە پەروەردگار لەخەودا کافرەکانی بەکەمو بێ هێز نیشان دای، ئەتۆش ئەمەت بەهاوەڵانت راگەیاندو بڕوایان پێ کردیو دڵیان دامەزراو ورەیان بەرز بووەوە، هیوایان بەسەرکەوتن بەهێز بوو ﴿وَلَوْ أَرَاكَهُمْ كَثِيراً لَّفَشِلْتُمْ وَلَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ﴾ ئەگەر پەروەردگار کافرکانی بەزۆرو خاوەن هێز، نیشان بدایە، هاوەڵانت لێیان دەترسانو لەناو خۆیان دا لێیان دەبوو بەمقۆ مقۆ، هەندێکیان ئامادەباشی خۆیان پیشان دەداو هەندێکیان خۆیان دەگرتەوەو ئامادە نەدەبوون، چونکە بڕێکیان بڕوای پتەویان هەیەو ورەبەرزو دڵ قایمو خۆبەخت کەرن، پابەندی فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودان، هەیانە ترسنۆکو ورە روخاوە؛ تا هەنگاوێک دەهاوێ

هەزار حیساب دەکا، ئەو کاتە جۆرەها بیانوویان دەهێنایەوە، بۆ ئەوەی ئامادەی شەڕ نەبن‌و بەشداری نەکەن. ﴿وَلَكِنَّ اللهَ سَلَّمَ﴾ بەڵام خودا ئێوەی لەو دوو بەرەکی‌و ترسان‌و راجیایی‌یە پاراستو، تووشی ئەو شکان‌و نوشوستی‌یەی نەکردن‌و ریسوا نەبوون! ﴿إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ بێگومان پەروەردگار زاناو ئاگادارە بەو هەست بەترسان‌و لاوازییەی کە لەناو دەروونتان دا شێردراوەتەوە، ئاگای لەو هەستە شێردراوەیە: کە جەنگاوەر لەچوون بۆ جەنگ پاش دەدا، هەروەها زاناو ئاگادارە بەو وزە ئیمانی‌یەی کە پاڵ بەجەنگاوەری خوداناسەوە دەنێ بۆ چوونە پێشەوەو خۆیەختکردن ئاگای لەئەندازەی ئەوەککوڵو دڵئارامی‌و خۆگری هەریەکێک لەئێوە هەیە، بۆ هەموو کەسێک هۆکاری پێویستی رەخساندوە بۆ گەییشتن بەو مەبەستەی هەوڵی بۆ دەدا. ﴿وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ الْتَقَيْتُمْ فِي أَعْيُنِكُمْ قَلِيلاً﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویستو ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! بیری ئەو کاتە بکەنەوە کە پێش بەرپابوونی جەنگ، پەروەردگار کافرەکانی لەچاوی ئێوەدا بەکەم‌و لاواز نیشان دا، بۆ ئەوەی بەخۆتان راپەڕموون‌و ورەتان بەرز بێتەوەو پەلاماریان بدەن‌و بڕواتان بەیارمەتیدانی خودا بەهێزبوو فریشتەش گوڕو تینێکی تایبەتی خستە ناو دڵتانەوەو بەبێ ئەهمیەت کافرەکانتان هاتنە بەرچاو، لەهەمان کات دا ﴿وَيُقَلِّلُكُمْ فِي أَعْيُنِهِمْ﴾ ئێوەشی بەکەم‌و لاواز خستە پێش چاوی کافرەکان، بۆ ئەوەی زیاتر لەخۆیان بایی ببن‌و پێداویستی زۆر بۆ جەنگ ئامادە نەکەن‌و بەبێ ئەهمیەت سەیرتان بکەن، تەنانەت کار گەییشتە ئەوە ئەبو جەهل بڵێ: جا هاوەڵانی موحەممەد ئەوەندە کەمن رۆژانە بێچوە وشترێکیان بەسەو، پێی تێر دەخۆن. پەروەردگار ئەم هۆکارانەی رەخساندن ﴿لِيَقْضِيَ اللهُ أَمْراً كَانَ مَفْعُولاً﴾ بۆ ئەوەی هەردوولاتان سوورین لەسەر بەرپاکردنی جەنگ، ئەوان بەهۆی لەخۆبایی بوون‌و خۆبەزۆر زانین‌و خاوەن هێزو دەسەلات، ئەمانیش بەهۆی پشت بەستنیان بەخوداو بەراست زانینی بەڵێن‌و وادەکانی خودا!! تا لەسەرنجام دا ئەو نەخشەی کە لەزانستی خۆی دا کێشاویەتی ئەنجامی بدا، کە بریتییە لەزاڵ کردنی ئێوەی موسوڵمان

بەسەر ئەوانی کافردا، وشەی (لا إله الا الله) بەرز بێتەوەو وشەی لاتو عوزاو...... ژێر بکەوێ.

﴿وَإِلَى اللهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ﴾ هەر بۆ لای خودایە گەڕانەوەو یەکالا کردنەوەی هەموو کارێکو هەموو شتێک بەدەستی خۆیەتی.

یادکردنی خوداو خۆڕاگری لەبەرامبەر دوژمنو گوێڕادێری بۆ فەرمان

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٤٥﴾ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٤٦﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بَطَرٗا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ ﴿٤٧﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار لەئایەتەکانی پێشوودا باسی جۆرەها نیعمەتی خۆی کرد کە بەسەر پێغەمبەرو موسوڵمانان دا رشتبوونی لەرۆژی بەدردا، ئەمجار موسوڵمانان فێری ئەوە دەکا؛ کە هەر کاتێ روبەروی دوژمن بوونەوە، دوو رەوشتیان تێدا بێ؛ خۆگری لەبەرامبەر دوژمن دا، یادکردنی خودا بەزۆری، ئەمجار فەرمانیان پێ دەکا کە پابەندی فەرمانی خودا بن، گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر بن، هەروا نەهی لێ کردن لەدووبەرەکیو کێشە نانەوە، بۆ ئەوەی بای بەختیان نەڕوا، هێزو توانایان بەردەوام بێ.

١- دەربارەی رەوشتی یەکەم دەفەرموێ: ﴿یاأیها الذین آمنوا اذا لقیتم فئة فاثبتوا﴾ ئەی خاوەن باوەڕان! هەرکاتێ روبەڕوی کۆمەڵێک جەنگاوەری دوژمن بوونەوە، خۆراگرین لەبەریان هەڵمەیەن؛

بێگومـان خۆگـری ڕەوشـتێکی مەعنەوییـە زۆر جـار دەبێتـە هـۆی سەرکەوتن‌و زاڵبوون بەسەر دوژمن دا، بڕوانـە دوو پاڵـەوان زۆرانبـازی دەکـەن، هەدووکیان ماندو دەبن، بێ هێز دەبن، هەریەکەیان چاوەڕوانی ئەوەیـە ئێسـتا نـا ئێسـتا بکـەوێ، بـەڵام لەهـەمان کـات دا ئەوەشـی بـەدڵ دا دێ کـە بەرامبەرەکەیش لەوانەیە لەو ماندوتر بێ، ئیتر ورە بەخۆی دەداو خۆڕا دەگرێ تـا ئـاخر هەناسەو سـەرکەوتن بەدەسـت دێنـێ‌و بەرامبەرەکـەی بـۆڕ دەدا، جـەنگیش هەروایــە، گرنگـترین هۆکـاری سـەرکەوتن تـیـّـدا خۆڕاگرییـەو گەشبینی‌یە، بەڵکو خۆڕاگری لەهەموو کردارێکی ئادەمیزا دا سـوودی هەیـە، هۆکاری سەرەکییە بۆ بەمراد گەیشتن‌و سەرفرازی.

لەصەحیحەین دا هاتووە لـە(عـەبدوڵڵای کـوڕی ئـەبو ئـەوفی)وە دەڵـێ: پێغەمبەر ﷺ لەبرێ لەو ڕۆژانـەی کـە ڕوبـەڕوی دوژمـن دەبـوەوە چـاوەڕوانی دەکرد تا خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لای دەدا، ئەمجار وتاری بۆ جـەنگاوەرانی دەفەرموو: (يَاأَيُّهَا النَّاسُ: لَا تَتَمَنَّوا لِقَاءَ الْعَدُوِّ، وَاسْأَلُوا اللهَ الْعَافِيَةَ، فَإِذَا لَقِيتُمُوهُمْ فَاصْبِرُوا وَاعْلَمُوا أَنَّ الْجَنَّةَ تَحْتَ ظِلَالِ السُّيُوفِ) ئـەی خەڵکینـە! هیـوا خـوازی شـەڕ مـەبن لـەخودا بپاڕێنـەوە بـێ وەی بـن، بـەڵام هـەرکاتێ شـەڕ یەخـەی پـێ گرتـن خۆڕاگـر بـن، بزانـن: بەهەشـت بەسـایەی شمشێرەوە دەست دەکەوێ. عـەبدوڵڵای کـوڕی عومـەر ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فـەمووی: هیـوا خـوزای ئـەوە مـەبن کـە لەگـەڵ دوژمـن دا بەشـەڕ بێـن، هەمیشە لەخودا داوا بکەن کە بێ وەی بن، کە ڕوبەڕوویان بوونەوە خۆڕاگربن‌و یادی خودا بکەن، ئەگەر ئەوان قولە قولو دەنگە دەنگو هاوار هاواریان کـرد، ئێوە بێدەنگ بن.

حافیظی طەبەری لـەزەیدی کـوڕی ئەرقـەم لەپێغـەمبـەر (ﷺ) ڕیوایـەت دەکـا کـە فەرمـوویـەتی: ﴿إِنَّ اللهَ يُحِبُّ الصَّمْتَ عِنْدَ ثَلَاثٍ: عِنْدَ تِلَاوَةِ الْقُرْآنِ، وَعِنْدَ الزَّحْفِ وَعِنْدَ الْجَنَازَةِ﴾ پەروەردگار لەسێ کـات دا بێدەنگـی پێ خۆشە، لەکاتی خوێندنی قورئان دا، لەکاتی هێرش بردن بـۆ سـەر دوژمـن، لەرێ‌و ڕەسمی جەنازەدا.

٢- ڕەوشتی دووەم: ئەوەیە: کە دەفەرموێ: ﴿وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا﴾ لەکاتی جەنگاندا دژی دوژمن، زۆر ذیکری خودا بکەن، بەدڵو بەزوبان یادی خودا بکەن، بیر لەتواناو دەسەلاتی بکەنەوە، یارمەتیدانی بێ سنووری بۆ خودا پەرستان بخەنەوە یادی خۆتان، بەزوبان (الله أكبر) بکەنو بەدڵ یادی بکەنو بڕواتان هەبێ کە هیچ شتێک لیّی عاسێ نابێ.

﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ ئەم خۆراگریو یادکردنی خوداو بیر کردنەوە لەتواناو دەسەلاتی پەروەردگار هۆکاری بەمراد گەیشتنو، دەستکەوتنی پاداشو، سەرکەوتن بەسەر دوژمن دایە. کەوابێ پێویستە ئادەمیزاد لەهیچ کاتێک دا لەیادی خودا نەبڕێو خودای لەیاد نەچێتەوە. لەکاتی شەڕو ئاشتی، بەلەشساغیو بەنەخۆشی لەماڵ بێ یا لەسەفەر بێ دەبێ هەمیشە خودای لەبیر بێ.

٣- ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ ڕەوشتی سێیەم ئەوەیە: کە فەرمانبەرداری فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودابن لەهەرشتێک دا کە فەرمانی پێ دەکەن یا نەهی لیّ دەکەن.. پەروەردگار هەر فەرمانێکمان پێ بکا دەبێ پابەندی بین. لەهەر شتێک نەهیمان لیّ دەکا دەبێ لیّی دوور بکەوینەوە. چونکە تاعەتی خوداو پێغەمبەری خودا بەشێکە لەهۆکاری بەمراز گەییشتنو سەرکەوتنو زاڵبوون لەجەنگ دا، هەروەها چونکە گوێڕایەڵیو تاعەت یاساو نیظام دەچەسپێنێ، فەوضاو دووبەرەکی ڕیشەکێش دەکا، بارو دۆخی جەنگیش زۆر پێویستی بەپابەند بوونو پەیڕەوکردنی یاساو نیظام هەیە.

٤- ڕەوشتی چوارەم: یەکیەتیو تەباییو یەکریزی نێوان موسوڵمانانە، دەبێ هەموو کات موسوڵمانان یەکریزو یەک مەبەست بن. پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾ واتە: کێشەو دووبەرەکی لەناو خۆتان دا پەیدا مەکەن، یەکیەتیو تەبایی خۆتان مەشێوێنن، چونکە ئەگەر وا بکەن ناگەنە ئاواتو بەمراز ناگەنو لەژیاندا فاشیل دەبن، بای بەختتان دەڕواو نگینتان دەفەوتێ، شانسو بەخت یارتان نابێ.

پەروەردگار موسوڵمانان لەدووبەرەکی دەترسێنێ، چونکە کێشەو دووبەرەکی هێزو توانای نادەمیزاد پەکێ دەخا، شیرازەی کۆمەڵ تێک دەدا، حەماسو سوور بوون لەدەروونی موسوڵمانان دا ناهێڵێ، هێزو تواناکانیان پەرتەوازە دەکا، هەبوونی فەرمانڕەوایی دەوڵەتو یاسا را دەماڵێو گیانی خۆبەختکردن دەمرێنێ، مێژوو شایەدە، چەند گەلو نەتەوە بەهۆی بەرپابوونی کێشەو دووبەرەکی ناوخۆیان لەناوچوون!

٥- رەوشتی پێنجەم خۆراگرییە لەئاستی تەنگو چەڵەمە دا، تەحەممولکردنی زەبرو زەنگی دوژمنە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ خۆڕاگرنو، ورە بەرزبن لەکاتی هێرشو هەڵمەتهێنانی دوژمن دا، چونکە صەبرو خۆگری چەکی کاریگەری جەماوەری موسوڵمانانە، بۆیە گوتراوە ئازایەتیو بەجەرگی، خۆگریی تاوێکە، تاوێک دان بەخۆدا گرتنی چەند پێشمەرگەیەک لەجەنگێک دا رەوڕەوەی ژیانی گەلەکەیان دەگۆڕێ، سەرفرازیو ئازادیو ناوو شۆرەت بۆ خۆیانو نەتەوەکەیان تۆمار دەکەن، هەمیشە پەروەردگار لەگەڵ خۆڕاگرانەو یارمەتیدەرو سەرپەرشتیاریانە.

بەکورتیو پوختی ئەو پێنج رەوشتانەی باسکران بنەمای دابو نەرێتی جەنگینو چەسپاون هەر گەلو نەتەوەیەک رەچاویان بکا سەرکەوتوو بەمراز گەییشتوو دەبن.

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: بێگومان هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لەبواری ئازایەتیو خۆبەختکردن دا، لەگوێڕایەڵی بۆ فەرمانی خوداو پێغەمبەر دا، لەگەردنکەچیو پابەند بوونیان بۆ ئەو فەرمانو ئامۆژگاریەی ئاراستەیان کراوە نموونەیەکی وەها بوون پاش خۆیان تا ئێستا کەس نەیتوانیوە شوێن پێیان هەڵبگرێ، چونکە ئەوان لەسایەی بەرەکەتی هەمئاهەنگییان لەخزمەت پێغەمبەر داو گوێڕایەڵییان بۆ فەرمانەکانی، لەماوەیەکی کورتو قیاسی دا سەرباری کەمیو کەم تفاقییان ولاتانی خۆرئاواو خۆرهەلاتیان کۆنترۆڵ کرد، رەوڕەوەی مێژوویان گۆڕی، لەناخەوە دڵو دەروونی دانیشتوانی هەرێمە رزگارکراوەکانیان گۆڕی، نەتەوەکانی رۆمو فارسو کوردو تورکو بەربەرو صەقالیبە حەبەشو قیبطیو گەلێ نەتەوەی تریشیان هێنایە ژێر سایەی

ئیسلامی پیرۆزەوە، ئالای (لا اله إلا الله، محمد رسول الله) بەسەر زوربەی ناوچەکانی جیهان دا شەکایەوە، ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەسەر هەموو ئایینەکانی تردا سەرکەوت، لەماوەی کەمتر لەسێ ساڵ فەرمانڕەوایی موسوڵمانان خۆرهەڵاتو خۆرئاوای گرتەوە.

ئوسلوبی قورئان وەهایە: کە لەتەک فەرمان بەچاکە، نەهی لەخراپە بکا، کە باسی موسوڵمانانانی کرد، باسی کافرانیش بکا، کە دونیای بەسەر کردەوە قیامەتیش بێنێتە پێشەوە، لەگەڵ باسکردنی هەموو شتێک دا باسی پێچەوانەکەشی بکا.

جا کە لەوەپێش فەرمانی بەموسوڵمانان کرد کە پابەندی ئەو پێنج رەوشتە پەسندانە بن، کە یەکێکیان جڵەوگیری بوو لەدووبەرەکی نانەوە، ئیتر بەشوێن ئەوەدا جڵەوگیرییەکی تر لەموسوڵمانان دەکاو دەیانترسێنێ لەوەی کە هەڵوێستی کافرەکان رەچاو بکەن. واتە داوا دەکا لەموسوڵمانان کە پابەندی ئەو پێنج رەوشتە پەسندانەبن چاو لەموشریکەکانی مەککە نەکەن، دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِم بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ﴾ ئیبنو جەریری طەبەری دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە لەموحەممەدی کوڕی کەعبی قورەظییەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: کە قوریشییەکان بەرەو بەدر، کەوتنە رێ ئافرەتی گۆرانی بێژیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو گۆرانییان دەگوتنو تەپڵو دەفیان لێ دەدا. ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە ئەوەبوو: کاتێ ئەبو سوفیان کاروانەکەی رزگار کرد، ناردی بۆ لای قورەیشییەکان پێی وتن: ئێوە بۆیە هاتوون کاروانەکە رزگار بکەن، ئەوە پەروەردگار رزگاری کرد، کەوابێ ئێوەش بگەڕێنەوە بۆ مەککە، ئەبو جەهل وتی: نەبەخودا ناگەڕێینەوە هەتا نەچینە بەدر سێ رۆژ لەوێ دەمێنینەوە، حوشتر سەر دەبڕین، خواردن دەدەین بەخەڵک، عەرەق دەخۆینەوە، ئافرەتان گۆرانیمان بۆ بڵێن، هەموو عەرەب ئەم ئاهەنگەمان ببیستن، ئیتر بۆ هەتا هەتایە لێمان بترسن. بەڵێ ئەوە بوو ئاواتەکەی هاتە

دی: لەجیاتی پیاڵە شەراب پیاڵە شەرابی مەرگیان چەشت، لەباتی گۆرانی گوتنی ئافرەتان بۆیان، گریانو شینو شەپۆرو وایەشێرەیان بۆ کردن!!؟

ئیتر پەروەردگار نەهی لەموسوڵمانان کرد کە وەکوو کافرەکان رەفتار بکەن، فەرمانی پێ کردن کە نیەتو مەبەستیان راستاڵانە بێ، یارمەتی ئایین بدەن پشتگری پێغەمبەر بکەن؛ فەرمووی: ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ ئەی موسوڵمانینە! خۆتان مەشوبهێنن بەکافرەکانی مەککەو ئەتواری ئەوان رەچاو مەکەن، وەکوو ئەوانە مەبن کە لەماڵی خۆیان دەرچوون بۆ پارێزگاری کاروانەکەیان بەلوتبەرزیو لەخۆبایی بوونو بەخۆنازین، بەشێوەی تەکەبورو خۆیەزلزانین خۆیان رادەنواندو منەتیان بەسەر زەوی دا دەکرد کە بەسەری دا دەرۆیشتن، بەلوتبەرزیو فیزەوە خۆیان نیشانی خەڵک دەدا، پێیان خۆش بوو خەڵک بییان بینن. تەنانەت ئەبوجەهل کە پێیان گوت: ئەوە کاروانە کە رزگاری بووەو ئێوەش بگەڕێنەوە، وتی: نەبەخوا ناگەڕێینەوە تا نەچینە سەر بیری بەدرو لەو سەرئاوە دەبێ بمێنینەوە، حوشتر سەر بڕین شەراب بخۆینەوە، ئافرەتی گۆرانی بێژ گۆرانیمان بۆ بڵێ، هەموو عەرەب بەسەیرانو مانەوەمان بزانن بۆ هەتا هەتایە ئەم هەڵوێستەمان بەداستان بگێڕنەوە!

ئەی گرۆهی موسوڵمانان! ئێوە پابەندی ئەو فەرمانانەبن کە ئاڕاستەتان دەکرێ، واز لەو شتانە بێنن کە جڵەوگیریتان لێ دەکرێ، خۆتان بپارێزن لەلاسایی کردنەوەی موشریکە لوتبەرزەکان، نەچن وەکوو ئەوان لوتبەرزی بنوێنن، خۆتان بەسەر خەڵک دا رانوێنن، چونکە ئەوان ئەو لوتبەرزیو تەکەبورەیان لێ بوو بەزەلیلیو ژێر دەستەییو ریسوایی، لەجیاتی پیاڵە شەرابو مەی پیاڵەی مەرگیان چەشتو کەوتنە نێو عەزابی دۆزەخەوە بۆ هەتا هەتایە..

ئەوانە بەو لەشکرکێشیو دەرچوونەیان بۆ بەدر مەبەستیان ئەوە بوو خەڵک لەئایینی خودا هەڵگێڕنەوە، نەهێڵن ئادەمیزادان موسوڵمان بن، کۆسپو تەگەرە بخەنە نێوان ئادەمیزادانو بانگەوازی بۆ رێبازی خودا. ﴿وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ پەروەردگار زاناو ئاگادارە بەسەر هەموو شتێک

دا، دەزانێ ئەوانە بۆچی لەشکریان کۆکردۆتەوەو بۆچی هاتوون بۆ بەدر. بەخراپترین سزا تۆڵەیان لێ دەستێنێتەوە لەدونیاو قیامەت دا. لەدونیا دا بەدیلیو کوشتنو ریسوا بوون، لەقیامەتیش دا بەئاگری دۆزەخ.

دەست بەرەڵاکردنی شەیتان لەکافرەکان لەکاتی تین بۆ هاتن دا

وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَعْمَـٰلَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّى جَارٌ لَّكُمْ ۖ فَلَمَّا تَرَآءَتِ ٱلْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكُمْ إِنِّىٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ ۚ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٤٨﴾ إِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَـٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَـٰٓؤُلَآءِ دِينُهُمْ ۗ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٩﴾

ئەم ئایەتەش برێ دیمەنی تری جەنگی بەدر رادەنوێنێو هەڵوێستی شەیتانو دووڕووەکان دەخاتە روو.

دەربارەی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتی (٤٨) ﴿وَإِذْ زَيَّنَ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ﴾ ریوایەت کراوە کە شەیتان ئەو رۆژە لەشێوەو روخساری سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشوم دا کە لەخێڵی بەنی بەکری کوڕی کەنانە بوو، هاتووە بۆ جەنگی بەدر، قورەیشییەکان لەبەنی بەکر دەترسان کە لەپشتەوە پەلاماریان بدەن، چونکە دوژمنایەتییان لەگەڵیان دا هەبوو، لەوەپێش قورەیش پیاوێکیان لێ کوشتبوون، ئیتر لێرە دا پەروەردگار باسی ئەوە دەکا کە شەیتان چی بەکافرەکان گوتووە.

ئیمامی ضەحاک دەڵێ: شەیتان رۆژی بەدر بەسوپاو ئاڵاوە هاتە یارمەتی کافرەکانو ئەوەی خستە دڵیانەوە کە ئەوان ناشکێن، ئەوان لەپێناو پاراستنی ئایینی باوکو باپیری خۆیان دا دەجەنگن.

بەیهەقی‌و هی تریش لەئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە: فەرموویەتی: ڕۆژی بەدر پەروەردگار کۆمەگی بەپێغەمبەرو موسوڵمانان کرد بەهەزار فریشتە، حەزرەتی جوبرائیل بەپێنج سەد فریشتەوە لەلایەکی سوپاوە، حەزرەتی میکائیل بەپێنج سەد فریشتەوە لەلایەکی تری سوپاوە بوون. شەیتان بەخۆی‌و لەشکرێکی شەیاتینی‌یەوە هاتە پێشەوە تاڵایەکی لەگەڵ دا بوو لەشکرەکەی لەشێوەی پیاوەکانی بەنی مودلیج دا بوون، شەیتانیش بۆ خۆی لەشێوەی سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشم دا بوو، بەکافرەکانی گوت: (**لاَ غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ، وَإِنِّي جَارٌلَّكُمْ**) کە هەردو لەشکری موسوڵمانان‌و لەشکری بێدینان بەرامبەر یەکتر وەستان ئەبو جەهل وتی: خودایە! کام لایەمان لەسەر حەقین یارمەتی بدە، پێغەمبەریش ﷺ هەردوو دەستی بەرز کردەوە فەرمووی: پەروەردگارا! ئەگەر ئەم کۆمەڵە موسوڵمانە بفەوتێنی ئیتر لەسەر زەوی دا کەس عیبادەتت بۆ ناکا!! جوبرائیل عەرزی کرد، چنگێک خشتو خۆڵ هەڵبگرە تێیان بگرە، پێغەمبەر ﷺ چنگێکی خشتو خۆڵ هەڵگرتو تێی گرتن، موشریکێک نەبوو کە شتێکی لەو خشتو خۆڵە وێ نەکەوێ، هەریەکەیان شتێکی لەو خشتو خۆڵە چووە چاویان یان لوتیان یان دەمیانەوە. پاشەو پاش هەڵهاتن. حەزرەتی جوبرائیل ڕووی لەشەیتان کرد، کە شەیتان چاوی پێ کەوت لەو کاتە دا دەستی لەناو دەستی کابرایەکی موشریک دا بوو (دەڵێن: دەستی لەناو دەستی (حارث)ی کوڕی هیشام دا بوو) خێرا خۆی ڕاپسکاندو خۆی‌و لەشکری هەڵاتن، کابرای موشریک پێی گوت: ئەی سوراقە! ئەتۆ نەتگوت: من یارمەتدەرو هاوسێتانم؟ بۆ وا هەڵدێی؟! شەیتان وتی: (**اني بريئ منكم، اني أرى مالا ترون**)

ئیمامی مالیک لە(**موطأ**) دا لەطەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵای کوڕی کورەیزەوە، ڕیوایەت دەکا، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**مَارُئِىَ الشَّيْطَانُ نَفْسَهُ يَوْمًا هُوَ فِيهِ أَصْغَرُ وَلاَ أَحْقَرُ وَلاَ أَدْحَرَ وَلاَ أَغْيَظَ مِنْهُ فِي يَوْمِ عَرَفَةَ، وَمَا ذَاكَ الِا لِمَا رَئَى مِنْ تَنَزُّلِ الرَّحْمَةِ وَتَجَاوُزِ الله عَنْ**

الذنوب العظام الا ما رئی یوم بدر ، قیل: وما رای یوم بدر یا رسول الله؟ قال: اما انه رای جبریل یزع الملائکة).

قەتادە دەڵێ: شەیتان کە جوبرائیلی بینی لەگەڵ فریشتە دەهاتنە خوراێ، زانی کە دەرەقەتی فریشتە نایە وتی: (انی أری مالا ترون انی أخاف الله.....) سوێند بەخودا ئەو دوژمنە نەفرین لێکراوە درۆی کرد ، ئەو لەخودا نەترسا ، بەڵکو لێی روون بوو کە دەرەقەت نایەو بەرامبەریی پێ ناکرێ، ئەمە دابو نەرێتی شەیتانی نەفرین لێکراوە لەگەڵ هەر کەسێکێ دا پابەندی فەرمانەکانی بێ، هەتا کە حەقو بەتاڵ روو بەڕوو بوونەوەو بەیەکگەیشتن، شەڕو جەنگەکەی بەئەوان سپاردو بۆخۆی لێیان جیا بوەوەو یەخەی خۆی لێ دارنین.

مامۆستا سەیید دەفەرموێ: ئێمە لەم جۆرە شوێنانە دا بەبێ دەقێکی قورئانی یان فەرموودەیەکی صەحیحی موتەواتەری پێغەمبەر ﷺ ناچینە ناو تەفاصیلی ئەم جۆرە غەیبییاتانەوە، ئەمانە کاروباری تایبەت بەبیرو باوەڕن، بەدەقێکی نا لەو جۆرە نەبێ وەرناگیرێ بەلام لەهەمان کات دا هەڵوێستی ئینکار ئامێز وەرناگرین‌و ڕەتیان ناکەینەوە لەم روداوەدا دەقێکی قورئانی هەیە ئەوە دەچەسپێنێ کە شەیتان کردەوەی موشریکەکانی لەپێش چاویان جوان کردو هەڵی نان کە بچنە دەرێ بۆ جەنگی بەدرو یارمەتیدانی خۆی بۆیان راگەیاندو وتی: من پشتیوان‌و یارمەتدەرتانم؛ بەلام کە لەشکری حەقو بەتاڵ بەرامبەر بەیەکێ بوون‌و رووبەڕوو بوونەوە، پاشەو پاش کشایەوەو لێیان پاشگەز بووەوە وتی: من شتێکێ دەبینم ئێوە نایبینن من لەخودا دەترسمو ناتوانم لەگەڵتان بمێنمەوە، خودا تۆڵەو سزای بەئێش‌و سامناکەو من دەرەقەتی نایەم. ئیتر موشریکەکانی ریسوا کردو وازی لێ هێنان ئەوانی تووشی ئەو سەرەنجامە سامناکە کردو پابەندی بەڵێنی خۆی نەبوو. وەلێ نازانین شەیتان چۆن‌و بەچ شێوەیەکێ کردەوەی کافرەکانی لەپێش چاویان جوان کردو هەڵی نان بۆ ئامادە بوون بۆ جەنگ، دەقە قورئانیەکە، روداوەکە دەچەسپێنێ، بەلام

چۆنیەتەکەی دیاری ناکا. شەیتانو کردەوەکانی هەموو لەچوار چێوەی جیهانی غەیب دانو بەبێ دەقێکی چەسپاو پەییان پێ نابرێ!!

دەی ئەوەتا دەقەکە رووداوەکە دەچەسپێنێ چۆنیەتەکەی دەست نیشان ناکا..

بۆیە ئێمە مەنهەجو تەفسیرو بیرو بۆچوونی قوتابخانەی شێخ موحەممەد عەبدە لەم جۆرە شوێنانە دا پەسند ناکەین؛ کە هەوڵ دەدەن هەموو کارێکی غەیبی لەم بابەتە بەشێوەیەک ئاراستە بکەن کە جنو جۆڵی هەست پێ کراو لەم جۆرە عالەمە نهێنییانە دا نەبێ، ئەوەتا لەژێر رۆشنایی ئەم قوتابخانە دا کردەوەی فریشتەکان وا ئاراستە دەکەن کە بریتییە لەجۆرە پەیوەندییەک بەگیانی موسوڵمانانەوەو بەس، هەر وەکوو چۆن لەشوێنێکی تردا ئەوەیان گەیاند کە فریشتە رۆژی جەنگی بەدر شەڕیان نەکردوە، هەرچەندە ئایەتی ﴿فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ﴾ هەیە!!

هەروەها لەئایەتی ﴿وَإِذْ زَيَّنَ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ...﴾ش دا کردەوەی شەیتان وا تەفسیر دەکەن کە بریتی بووە لەجۆرە پەیوەندییەکی شەیتان بەگیانی موشریکەکانەوە. هەوەکوو چۆن تەفسیری ﴿طيرا أبابيل﴾یشیان بەمیکرۆبی ئاوڵە لێک داوەتەوە ئەمانە هەموو موبالەغەو زێدە رەوییە لەئاستی ئەو دەقە قورئانییانەی پەیوەندییان بەکارووباری نهێنییەوە هەیە؛ لەکاتێک دا هیچ پێویست بەم جۆرە تەئویلو ئاراستە کردنە ناکا، چونکە هیچ مانیعێکی نیە کە دەقەکە لەسەر مانای خۆی تەفسیر بکرێتەوە، ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە ئەوەیە: بەبێ هەبوونی دەقێکی چەسپێنەرو صەریح نەچینە نێو تەفاصیلەوە. لەسنووری دەقەکە دەرنەچین.

﴿وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَكُمْ﴾ ئەی پێغەمبەر! ئەوە وەبیر هاوەڵانت بێنەوەو یادی بکەرەوە کە شەیتان بەهۆی دەنەدەنەو ختوکەوە هەڵوێستو کردەوەی موشریکەکانی لەپێش چاویان جوان کردو لەدڵیان دا شیرینی کردن. وای خستە زەینو دڵیانەوە کە ئەوان بەهۆی زۆری ژمارەیانو هەبوونی پێداویستی

جەنگیان، هیچ کاتێ تێ ناشکێنو ژێر ناکەون، کەس ناتوانێ بەسەریان دا زاڵ ببێ، شوێنکەوتوانی ڕێبازی شەیتانو فەرمانبەردارانی، داکۆکیان لێ دەکەنو یارمەتییان دەدەن، ئەو ترسەی هەیانبوو لەدوژمنی سەرسەختی خۆیان: کە خێڵی بەنی بەکر بوو ڕەواندییەوەو وتی: من پەنادەرو یارمەتدەرتانم، ناهێڵم خێڵی بەنی بەکری بەنی کەنانە لەپاشەوەڕا خەنجەرتان لێ بوەشێننو فرسەتتان لێ بێنن، ئەوەبوو، شەیتانی نەفرین لێکراو خۆی بردە سەر شێوەو ڕوخساری سوراقی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشوم کە سەرۆکئو ریش سپی خێڵی بەرەبابی مودلیج بوو. کە دەڵێ: ﴿إِنِّي جَارٌ لَّكُمْ﴾ واتە من داکۆکیکەرم لێتان، دەتانپارێزم، ناهێڵم تووشی زیانو دەردیسەریی ببن ئابەو جۆرە زۆر وادەی قەشەنگو ڕازاوەی پێدانو هەڵیخەڵەتاندن! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەربارەی شەیتان دەفەرموێ: ﴿يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُوراً﴾النساء/١٢٠، هەموو کارێکی شەیتان هەڵخەڵەتاندنو لەخشتە بردنو بەتەماکردنو ڕیسوا کردنە. پیاو ئەو پیاوەیە خۆنەخاتە داوی ئەو نەفرین لێکراوە، نەچێ وەکوو موشریکەکانی مەککە شوێنی بکەونو دوایی تووشی هەڵدێرو ملشکاندن بێ!

بەڵێ کافرەکانی هەڵخەڵەتاندنو بەرەو جەنگی بەدر کێشی کردنو هێنانیە گۆڕەپانی جەنگەوە ﴿فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَى عَقِبَيْهِ﴾ کاتێک هەردوو سوپا لێک ئاشکرا بوونو بەرامبەر یەک ڕاوەستان شەیتان (کە لەشێوەی سوراقەی کوڕی مالیک دا بوو) پاشەو پاش کشایەوەو قوچاندیو هەلاتو ﴿وَقَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكُمْ﴾ وتی: من لەئێوە بەریمو لەپێری ئێوە نیمو هاوکارو هاوپەیمانو یارمەتیدەرتان نیم. ئیتر وازی لەهەڵخەڵەتاندنو لەخشتە بردنیان هێناو خۆی کێشایە دواوە. واتە: فێڵو تەڵەکەبازییەکەی پووچەڵ بووەوە، کاتێک بینی فریشتە دابەزینو بینی فریشتە یارمەتی موسوڵمانان دەدەن لەسەرکەوتنی سوپای کوفر نائومێد بوو، وتی: ﴿إِنِّي أَرَى مَا لاَ تَرَوْنَ﴾ من شتێک دەبینم ئێوە نایبینن ﴿إِنِّي أَخَافُ اللّهَ﴾ من لەخودا

دەترسم. پەروەردگار سزاو تۆڵەی توندو بەئێشە بۆ تاوانباران لەدونیاو قیامەت دا...

ترسی شەیتان لەوە بوو: کە فریشتە سەربازەکانی بسووتێنن، نەک ترسی لەوە بێ کە موشریکەکان تیا بچن، چونکە فریشتەو شەیاتینی دوو شتی دژ بەیەکن پێکەوە کۆنابنەوە، ئەگەر بەیەک بگەیشتنایە لایەنی بەهێز کە فریشتەکانن لایەنی زەبوونو بەتاڵ کە شەیاتینی‌یەکانن تێدا دەچوونو دەفەوتان!

ئا بەو شێوە سەربازەکانی شەیتان لەسەرەتاوە لەگەڵ موشریکەکان بوون، دەنە دەنەو ختوکەیان دەدانو هەڵیان دەخەڵەتاندن. فریشتەکان لەگەڵ موسوڵمانان بوون، دڵیان قایم دەکردنو پشتگیرییان پێ رادەگەیاندنو وادەی یارمەتی‌و کۆمەکی خودایان پێ دەدان.. رستەی ﴿وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ وێ دەچێ لەوتەی شەیتان بێ، وێ دەچێ ئاخاوتنەکەی بەرستەی ﴿إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ﴾ کۆتایی بێ‌و رستەی دوایی وتەی خودا بێ.

هۆی ئەوەی کە شەیتان چووەتە شێوەو روخساری سوراقەوە، بۆ دەرخستنی موعجیزەیەکی گەورە بۆ پێغەمبەر ﷺ چونکە کافرە قورەیشی‌یەکان کە گەڕانەوە بۆ مەککە وتیان: سوراقە سوپای ئێمەی شکاند، ئەم هەواڵە بەسوراقە گەییشتەوە، وتی: بەخودا من ئاگاداری چوونیشتان نەبووم، کاتێکم زانیوە ئێوە چوون بۆ شەڕ کە هەواڵی تێشکانتانم بیستووە، ئیتر ئەو کاتە خەڵکەکە بۆیان ئاشکرا بوو: کە ئەو کابرایە سوراقە نەبوەو، شەیتان بووە.

ئەمجار.. لەوکاتەدا شەیتان موشریکەکانی هەڵدەخەڵەتاندن: ئەوانەی بەلوتبەرزی‌و لەخۆبایی بوونەوە چووبوونە دەرەوە، ئەوانەی خەڵکیان لەئایینی خودا لا دەداو هەڵیان دەنان بۆ چوون بۆ شەڕو پاشان کەوتنە چاڵی ریسوایی‌یەوە..

ئالەو کاتە دا دووڕووەکانو ئەوانەی دڵیان زەعیفو لاواز بوو وایان گومان دەبرد: کە ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە ناتوانن بەرەنگاری لەشکری تەیاری قورەیش ببنەوە، ئەوان لەچاوی خۆیانەوە سەیری موسوڵمانانیان دەکردو

تەماشای دیاردە مادییە روکەشەکانیان دەکردو پێیان وا بوو: کەمیو بێ تفاقی موسوڵمانەکان هۆکاری سەد دەرسەدە بۆ لەناوچوونیانو بۆخۆیان بەدەستی خۆیان خۆیان هاویشتۆتە چاڵی نەمانەوە!! بۆیە پەروەردگار دوا بەدوای رونکردنەوەی هەڵوێستو کردەوەی شەیتان باسی هەڵوێستی دووڕووەکان دەکا دەفەرموێ: ﴿إِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ غَرَّ هَٰؤُلَاءِ دِينُهُمْ﴾ ئەی پێغەمبەر! ئەوە بێنەوە یادی خۆتو بۆ موسوڵمانانی بگێڕەوە: کاتێک دووڕووەکانو دڵ نەخۆشەکانو کەسانی ئیمان سستو بڕوا لەرزۆک. کەکەمی موسوڵمانانو زۆری کافرەکانیان بینی، وتیان: وا دیارە ئەو موسوڵمانانە بەئایینەکەیان هەڵخەڵەتاونو بەئایینەکەیان لەخۆبایی بوون، وا دەزانن ئەوان لەبەر خاتری ئایینەکەیان یارمەتی دەدرێن. بۆیە ئەوانە بەسێ سەدو چەند کەسێکەوە هاتوونە بەرەنگاری نزیکەی هەزار کەسی پڕ چەکو تەیاری قورەیش!!

بەڵێ ئەمە راستە لەتەرازووی هێزو سەربازی دا، بەلام لەتەرازووی پەروەردگار دا راست دەرناچێو پشتی پێ نابەسترێ، ئەوەی گرنگو حیساب بۆ کراوە ئیمانی قایمو یارمەتیدانی پەروەردگارە، وەکوو دەفەرموێ: ﴿كَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ، وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾البقرة/٢٤٩، بۆیە لەکۆتایی ئایەتەکە دا فەرمووی: ﴿وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ کەسێک پشت بەخودا ببەستێو کاری خۆی حەواڵەی دەسەلاتو توانای بێ سنووری ئەو بکا، ئەوە خودای بەسەو پێویستی بەکەسی تر نیە، ئەو یارمەتدەرو کۆمەگیکاریەتیو سەری دەخا، پەروەردگار باڵا دەستو خاوەن هێزو توانایەو کەس بەسەری دا زاڵ نابێ، داناو لێزانە لەکارو کردەوەی دا، زاناو ئاگادارە بەدروستکراوانی خۆی، هەرکەسێکی بوێ یارمەتی دەدا، بەتایبەتی کە پەروەردگار دابو سوننەتی وەهایە حەق بەسەر بەتاڵ دا سەربخاو کۆمەڵی کەمی خاوەن باوەڕ بەسەر کۆمەڵی زۆری بێ باوەڕدا زاڵ بکا.

تێبینی:

المنافقون: ئەوانەن بەدەم بڕوایان هێناوە بەڵام لەدڵ دا کافرن.

وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ: ئەوانەن کەشکو گومانیان هەبێو بەئەندازەی دووڕووەکان کافر نەبن، بەڵکو بەهۆی ئەوەی تازە موسوڵمان بوون ئیمانیان پتەو نەبووەو لاوازیو زەبوونیەک لەدڵیان دا ماوە، لەناوی قوڕاو دا راو دەکەنو چاوەڕوانی هەلو فرسەتن کێ سەربکەوێ ئەوان یاری ئەو دەبن، گومانیان لەهێزو دەسەڵاتی موسوڵمانان دا هەبوە.

بەهیلاکبردنی کافرەکان وەکوو بەهیلاکبردنی فیرعەون لەبەر خراپەکارییان

وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿٥٠﴾ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٥١﴾ كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٥٢﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ۙ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٣﴾

كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَ ۙ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ فَأَهْلَكْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ ۚ وَكُلٌّ كَانُوا۟ ظَٰلِمِينَ ﴿٥٤﴾

لەوەپێش پەروەردگار حاڵو چۆنیەتی موشریکەکانی روون کردەوە، کە چوونە دەرەوە بۆ شەڕکردن دژی موسوڵمانان بەشێوەیەکی لەخۆبایی بوونو لوتبەرزیی، شەیتان کردەوەکانی لەپێش چاوان جوان کردنو هەڵینان، ئەوەشی

روون کردەوە: کە موونافیقەکان هەوڵیان دەدا موسوڵمانەکان ژێوان بکەنەوە لەتێکۆشانو جیهاد ساردیان بکەنەوە. ئەمجار لێرە دا حاڵو چۆنیەتی مردنو لەدونیا دەرچوونی کافرو دووڕووەکانو ئەو ئازارو سزایەی لەکاتی مردن دا تووشیان دێ شی دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ تَرَى إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُوا الملائكةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئەگەر تۆ ئەو حاڵو چۆنیەتەی کافرەکان ببینی کە فریشتەی تایبەت گیانیان دەکێشێ، شتێکی گەورەو سامناکت دەبینیو لەوانە نیە بتوانرێ باس بکرێ، ئادەمیزاد لەئاستی باسکردنی دا زمان لاڵو قەڵەم کۆڵو کولن، ئەو فریشتانە بەقامچیو مقاشی ئاسنین لەدەمو چاوو پشتیان دەدەنو تێیان دەسرەوێننو بەزەبرو زەنگ گیانیان لەجەستەکانیان دەردەهێننو پێیان دەڵێن: ﴿وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ﴾ بڕۆنو بچێژن سزاو ئازاری ئاگری دۆزەخ لەقیامەت دا، ئەمە هەڕەشەو ترساندنی پێش وەختیانە بەو سزا سامناکە کە لەڕۆژی قیامەت دا دەخرێنە ناویو بۆیان ئامادە کراوەو چاوەڕوانیانە.

﴿ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ﴾ ئەو عەزابو سزایەی تووشتان دێ، ئەو لێدانو سزادانەی کاتی گیانکێشانتان بەهۆی ئەو کردەوانەتانە کە کردوتانن، سەرەنجامی خراپەکاری خۆتانە، تۆڵەی کوفرو ستەمکاری ژیانی دونیاتانە، بەدەستی خۆتان خۆتان خستۆتە ناو ئەو ئاگرە سوتمانەوە. ﴿وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾ بێگومان پەروەردگار کە ئەو سزایەتان دەداو تۆڵەتان لێ دەستێنێ لەرووی دادپەروەرییەوەیە نەک بەستەمکاری، چونکە پەروەردگار ستەم لەهیچ بەندەیەکی خۆی ناکا، بەڵکوو ئەو حاکمێکی دادوەری وەهایە کە هەرگیز ستەم ناکا! ڕۆژی قیامەت تەرازووی عەداڵەتکاری دادەنێو هەموو خاوەن مافێک مافی خۆی دەدرێتێ هیچ کەسێک بەهیچ جۆرێ ستەمی لێ ناکرێ.

لەفەرموودەی قودسی دا کە ئیمامی موسلیم لەئەبو زەڕەوە ریوایەت دەکا هاتووە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ اللهَ تَعَالَى يَقُولُ: يَا عِبَادِي! إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّماً فَلَا تَظَالَمُوا، يَاعِبَادِي

إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ، فَمَنْ وَجَدَ خَيْراً فَلْيَحْمَدِ اللهَ، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ). پەروەردگار دەفەرموێ: ئەی بەندەکانم! ئەمن ستەمم لەسەر خۆم قەدەغە کردوە، لەناو ئێوەش دا بەیاساغم داناوە، ئێوە لەناو خۆتان دا ستەم لەیەکتر مەکەن. ئەی بەندەکانم! ئەوە کردەوەکانتانن بۆتان دەنووسین، جا کەسێک خێری دەسکەوت با سوپاسی خودا بکا، کەسێک خێرو چاکەی لەدەست نەهات ئەوە با سەرزەنشتی خودی خۆی بکا.

ئەمجار پەروەردگار بەرامبەرو پێک گرتنێک ئەنجام دەداو نمونەو وێنەیەک بۆ عەزابی موشریکەکان دێنێتەوەو دەفەرموێ: ﴿كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللهِ فَأَخَذَهُمُ اللهُ بِذُنُوبِهِمْ﴾ واتە: پەروەردگار ئاوای بەو کافرە موشریکانە کرد: کە پێغەمبەری ئیسلامیان بەدرۆ خستەوەو بڕوایان پێ نەکرد، وەکوو چۆن لەوە پێش ئاوا گەلە پێشینەکانی لەسەر هەمان هەڵوێستو کردار لەناو برد، کردارو رەفتاری ئەم قورەیشییە موشریکانە وەکوو کردارو رەفتاری گەلی فیرعەونو گەلە ستەمکارەکانی پێشوو وەهایە. لەبەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەری خوداو سەرڕەقیو دڵ رەقییان لەئاستی پەیامی پەروەردگار، بۆیە ئەم کافرە قورەیشییانە بەکوشتنو بەدیل گرتنو ریسوا بوون سزایان درایەوە، وەکوو چۆن فیرعەونو گەلەکەی بەخنکاندن لەناوبران. ئەم موشریکانە ئایاتی خودایان رەتکردەوەو بڕوایان پێ نەکرد، ئیتر خودا بەهۆی تاوانو ستەمکارییانەوە بەهیلاکی بردنو بەهێزو توناو دەسەلات گرتنیو لەناو بردنو بەرەو دۆزەخ رەوانەکران. دابو نەریتی خودا ناگۆڕێو بۆ هەموو موشریکو بێ بڕوایەک یەکسانە سزاو تۆڵەش لەسەر کردەوەو رەفتارە.

﴿إِنَّ اللهَ قَوِيٌّ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ بێگومان پەروەردگار بەهێزو تواناو دەسەلاتە، کەس ناتوانێ بەسەری دا زاڵ ببێ، کەس لەدەستی دەرناچێ، سزاو تۆڵەی بەئێشە بۆ کەسانێک شیاوی سزابنو ئایەتەکانی بەدرۆ بخەنەوە، بۆ هەموو شتێک ماوەو ئەندازەی داناوە، لەگەڵ وەختی هات بەسەریەوە ناچێ!

بوخاریو موسلیمو ئیبنو ماجە لەئەبو موسای ئەشعەرییەوە ریوایەت دەکا: کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (ان اللهَ لَيُمْلي لِلظَّالِمِ حَتَّى اذَا أخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْه) پەروەردگار مۆڵەتی ستەمکار دەدا تا ماوەیەک ستەمکاری خۆی دەکا، هەتا کە گرتی ئیتر رزگاری نابێ لەدەستی. پەروەردگار هەرچەندە بەصەبرە بەلام سزاو تۆڵەی زۆر بەزەبرە.

ئەمجار پەروەردگار خەبەر لەعەدالەتکاری خۆی دەداو باسی دادپەروەریو بڕیار دروستی خۆی دەکا لەوەدا کە نازو نیعمەتو رێزو شکۆمەندی بدا بەهەر کەسێک لیی ناسێنێتەوە تا ئەو کەسە بۆخۆی تاوانێک نەکا کە شیاوی ئەو نیعمەت لێ ستاندنەوە بێ. دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّراً نِعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ ئەو سزاو تۆڵەیەی کە لەئاکامی خراپەکاری کافرەکان پەیدا بوو، فەوتاندنی کافرە قورەیشییەکان بەهۆی کوفرانی نیعمەتی خوداو بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەرﷺ هەموو ئەمانە لەچوار چێوەی ئەو دابو نەرێتو سوننەتە خودایییە دان کە حیکمەتو دانایی زاتی خۆی داخوازی دەکاو هەرگیز گۆڕانی بەسەر دا نایە، ئەویش بریتییە لەو یاسانە گۆڕەی خۆی کە نازو نیعمەتی خۆی لەسەر هیچ گەلو نەتەوەیەک هەڵنەگرێ هەتا ئەو گەلو نەتەوە حالو وەزعی خۆیان نەگۆڕن، بەم جۆرە کوفرانی نیعمەتەکانی بکەنو لەخۆیان بایی بنو شیاوی ئەوەبن خودا وەزعیان لێ بشێوێنێو نازو نیعمەتیان لێ بگرێتەوە. وەکوو ئەوە پەروەردگار نیعمەتی بەسەر قورەیشییەکان دا رشت، لەنەتەوەو رەگەزی خۆیان پێغەمبەری بۆ ناردن، بەزمانی خۆیان ئایاتی خودای بۆ دەخوێندنەوە، کەچی ئەوان بەدرۆیان خستەوە، لەمەککە دەریان کردو لەدژی جەنگان، پەروەردگاریش بەو دەردەی بردن! ئەوەی پێ کردن کە پێی کردن! وێنەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ، وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءً فَلَا مَرَدَّ لَهُ، وَمَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ﴾الرعد:١١.

ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە: کە نازو نیعمەتی خودا بۆ گەلو بۆ تاک پابەندە بەهەبوونی ئەخلاقو رەوشتو کردەوەیەک کە پەسندی لای پەروەردگارە، هەتا ئەو رەوشتو کردەوانە بەردەوام بنو ئەنجامیان بدەن، ئەو نازو نیعمەتانە پایەدار دەبن! پەروەردگار ئەو ناز نیعمەتانەیان لێ ناگرێتەوە بەبێ ئەوەی ستەمکاری بکەنو خراپەیان لێ رووبدا. هەرکاتێ ئادەمیزادەکان حالو وەزعی خۆیان گۆڕیو بیرو باوەڕو رەوشتی خۆیان تێک دا، ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام نەدا، خوداش نازو نیعمەتیان لێ دەگرێتەوە، دەوڵەمەندیان هەژار دەبێ، بەرێزو شکومەندییان بێ قەدرو لاواز دەبێ.

ئاشکراشە خۆشبەختیو کامەرانی گەلان، هێزو تواناو دەسەڵاتیان پابەند نیە بەدەوڵەمەندیو زۆری خزمو کەسو کار، وەکوو کافرەکان لافیان لێ دەداو پێیان وا بوو: زۆری مالو مندال لەسزای خودا دەیانپارێزێ! وەکوو پەروەردگار لێیان دەگێرێتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ هەروەها پەروەردگار مەرایی بۆ هیچ گەلو نەتەوەیەک ناکا بەهۆی نەژادو رەگەزو رێزداری باوکو باپیرەوە. کەس بەمەلەی باوکی ناپەڕێتەوە، وەکوو بەنو ئیسرائیلیەکان پێی لەخۆبایی بوبوونو دەیانگوت ئێمە ئەوەی پێغەمبەرانینو خۆشەویستی خوداینو فەضلو رێزی ئێمە بەسەر هەموو گەلو نەتەوەکانی دیکەوە هەیەو پێغەمبەرایەتیو فەرمانڕەوایی هەر بۆ ئێمەیەو بۆ ئێمە پاوان کراوە!

جا کە سوننەتو دابو نەرێتی پەروەردگار دەربارەی فیرعەونو گەلەکەیو نەتەوە ستەمکارەکانی پێشوو بەو شێوە بوو کە بەتاوانەکانیان گرتنیو لەناوی بردن، هەمان سوننەتو دابو نەرێتیشی بۆ کافرە قورەیشییەکان بەکار هێنا، لەجەنگی بەدردا یارمەتی پێغەمبەرو موسوڵمانانی داو زاڵی کردن بەسەر کافرەکان دا، زوربەی زۆری جەنگاوەرو پیاو ماقولو سەرانی قورەیشی بەهیلاک بردن!

﴿وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ واتە: پەروەردگار شنەوایە بۆ ئاخاوتنی ئەوانەی پێغەمبەران بەدرۆ دەخەونەوەو گوێی لێیە چی دەڵێن. زاناو ئاگادارە

بەوەی دەیکەن، سزاو پاداشیان لەسەر کردەوەکانیان دەداتەوە، چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپە.

ئەمجار پەروەردگار کەلامی پێشوو جەخت دەکاتەوەو زیاتر روونی دەکاتەوەو جارێکی تر دەفەرموێ: ﴿كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُمْ بِذُنُوبِهِمْ، وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ وَكُلٌّ كَانُوا ظَالِمِينَ﴾ واتە: وەکوو چۆن دابو نەرێتی ئەو موشریکانە لەبارەی ئینکاریکردنی ئایاتی خوداو نازو نیعمەتەکانی دەشوبهێتە دابو نەرێتی نەتەوەی فیرعەونو گەلە ستەمکارە پێشینەکان. هەر بەو جۆرە دابو نەرێتیان لەبارەی بەردەوام بوون لەسەر بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەرانو رەتکردنەوەی نیشانەی پێغەمبەرایەتییان دەشوبهێتە دابو نەرێتی گەلی فیرعەونو ئەو نەتەوانەی پێش ئەوان، لێکچوونەکە لەنێوانیان دا لەدوو بوار دایە، یەکەم لەبواری کافربوونیان بەنیشانەکانی پەروەردگارو ئینکاریکردنی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەران. دووەم لەبواری بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەرانو بەردەوام بونیان لەسەر ئەو هەڵوێستە ناپەسندەیان. هەریەکێ لەم گەلو نەتەوانە بەسزای خۆی گەیشت، پەروەردگار بەگوێرەی دابو سوننەتی خۆی هەریەکەیانی لەسەر تاوانی خۆی گرتو لەناوی بردن؛ برێکیان بەگرمەی هەورو هەورەتریشقە، هەندێکیان بەرەشەباو زریان، نەتەوەی فیرعەون بەخنکان لەناو دەریا دا......هتد، هەموویان ستەمکار بوونو ستەمیان لەخودی خۆیان کرد، کەوا بوو هەرکەیان شیاوی ئەو سزاو تۆڵە بەزەبرە بوون کە تووشیان هات.

بەکورتی ئەوەی مێژوو لەلاپەڕەکانی دا تۆماری کردەوەو ئاماژەی بۆ دەکا دەربارەی دابو نەرێتی گەلو نەتەوەکان لەروی کافربوونو بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەرانو ستەمکاریان لەسەر زەوی، ئەمجار سزاو تۆڵەی بەزەبری پەروەردگار بۆیان هەمووی بەگوێرەی سوننەتو نەخشەی خودایە لەبوونەوەردا، پەروەردگار ستەم لەکەس ناکا: بەم جۆرە بەبێ هۆ نیعمەتەکانی کە پێی بەخشیون لێیان وەربگرێتەوە، یان بەبێ هۆ تووشی ناستەنگو ناخۆشییان بکا، بەڵکوو سزاو تۆڵەی بۆ ئەوانە ئاکامو سەرەنجامێکی

سروشتیە بۆ کافر بوونو بەردەوام بوونیان لەسەر کوفرو بەدرۆ خستنەوەی فروستادەکانی پەروەردگارو ستەم کردنیان لەخودی خۆیان!!

واتە: ئەو بەدبەختو سزادراوانە دوو تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە: کافر بوون بەهەبوونی خوداو تاکو تەنهایی زاتی پاکی، ئینکاریکردنی نازو نیعمەتەکانی.

کە لەکۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: ﴿وَكُلٌّ كَانُوا ظَالِمِينَ﴾ ئاماژەیە بەوە کە موشریکەکانی قورەیشو نەتەوەی فیرعەونو گەلەپێشینەکان هەموویان ستەمیان لەخودی خۆیان کردوە بەکافر بوونو تاوانکردن، هەروەها ستەمیان لەکەسانی دیکەش کردوە، خودا کە بەهیلاکی بردوون لەبەرستەمکارییانو تاوانیان لەناوی بردوونو ئەو نازو نیعمەتەی پێی دابوون لێی ستاندنەوە، پەروەردگار کە بەو مەرەدەی بردن ستەمی لێ نەکردن، بەڵکوو بۆخۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد، کەوایان کرد خودا ئاوایان لێ بکا.

سزاو تۆڵەی پەروەردگار لە موشریکەکانی قورەیش بریتی بوو لەکوشتنو لێ ستاندنەوەی نازو نیعمەت، بەڵام سزاو تۆڵەی نەتەوەی فیرعەونو گەلەستەمکارەکانی پێشین بریتی بوو لەسزای ریشەکێشکەرو فەوتاندن: وەکوو خنکاندنی فیرعەونو نەتەوەکەی لەدەریا دا، ناردنی رەشەباو زریان بۆ سەر گەلی عاد، هەورەتریشقەو گرمەو ناڵەی لەئەندازە بەدەر بۆ سەر نەتەوەی ثەموود.

بێگومان هەموو ئەو کافرە ستەمکارانە شیاوی ئەو سزایە بوون کە تووشیان بوو. پەروەردگار نازو نیعمەتی خۆی بەسەر دا رشتبوون، رزقو رۆزی زۆرو زەبەندەی پێدابوون، لەسەر زەوی، ئەمەی بۆیە دابوونێ تا بەتاقییان بکاتەوە، دەری بخا ئاخۆ ئەوانە سوپاسگوزار دەبن یان کوفرانی نیعمەت دەکەن؟ بەڵام کافربوونو سوپاسی خودایان نەکرد، لەخۆیان بایی بوونو ملهوڕییان نواند، نازو نیعمەت ئەوانی گۆڕیو لەجیاتی خوداپەرستیو سوپاسگوزاری بوونە دەرەبەگو ملهوڕو کەڵەنتەرو لەخودا یاخی بوو کافرو تاوانکار.... پێغەمبەران هاتنە سەریان، پەیامی خودایان بۆ هێنان بەڵام ئەوان پەیامی خودایان رەتکردەوە، پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستەوەو یاخی بوونو

پشتیان هەڵکرد... ئیتر دابو نەریتی خودایان بەسەر دا تەنفیذ کرا، یاسای پەروەردگاریان بەسەر دا ئەنجام درا، گیرنو لەناویرانو وڵاتو خانوو باڵەخانەو گوندو شارو تاخیان خاپوور کراو بوونە پەندو عیبرەتو خرانە زبڵدانی مێژووەوە. (تاج واتە: گەرەک)

بەڵی خودا لەناوی بردن پاش ئەوەی ئایاتی خودایان بەدرۆخستەوەو پەیامی پەیامبەرانیان رەتکردەوە، هەرچەندە ئەوانە پێش پێراگەیاندنو هاتنی پێغەمبەران بۆ ناویان کافر بوون بەڵام تا ئەوان پەیامی پێغەمبەرانیان بەدرۆ نەخستەوە خودا لەناوی نەبردن، چونکە ئەمە دابو سوننەتو رەحمەتی خودایە تا پێغەمبەران نەنێرێو بانگەوازی نەکەنو ئەو نەتەوە بانگ کراوە پێغەمبەرەکە بەدرۆ نەخەنەوە خودا سزایان نادا ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾الأسراء/١٥.

مامۆستا سەیید لێرە دا دەفەرموێ:

بەراستی ئەم جۆرە ئایەتانە دادپەروەری پەروەردگار نیشان دەدەن لەبارەی مامەڵە کردنی لەگەڵ ئادەمیزاددا، لەوەدا کە ئەو نازو نیعمەتەی پێی دەوان لێیان ناسێنێتەوە تا ئەوان هەڵوێستی خۆیان نەگۆڕنو سلووکو حاڵی خۆیان ئاوەژوو نەکەنەوە!!! نازو نیعمەتیان لێ ناگرێتەوە هەتا کارێک نەکەن کە شیاوی ئەو لێ وەرگرتنەوە بن. هەرکاتێ ئەوان سوپاسگوزاری ئەو نیعمەتانە نەبوون کە خودا پێی بەخشیونو لەتاقیکردنەوەو ئەزموونەکە دەرنەچوون ئیتر پەروەردگار بارەکەیان لێ دەگۆڕێو وەزعەکەیان لێ دەشێوێنێ.!

لەلایەکی ترەوە ئەمە نیشانەی ئەوەیە: خودا رێزی ئادەمیزاد دەگرێو نرخی بۆ دادەنێ کە بە فەضلو گەورەیی خۆی وای کردووەو وا دەکا: کە قەزاو قەدەری خۆی ئەنجام بداو جێبەجێی بکا لەرێگەی جمو جۆڵی ئادەمیزادو کردەوەکانییەوە، ئەم گۆڕانە نەخشە بۆ کێشراوە لەژیانی ئادەمیزاددا ئاکامی ئەو گۆڕانە واقعیيە بووە کە لەناو دڵی ئەوان دا سەری هەڵداوە، سزای ئەو مەبەستو سلووکو کردەوانەیە کە خۆیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە!!!

لەسەرێکی ترەوە ئادەمیزاد ئەرکی بەرپرسیاریەتیەکی فرە مەزنی بەسەرەوەیە لەم رووەوە کە دەتوانێ ئەو نازو نیعمەتە بەسەر خۆیەوە بێڵێو لێی زیاد بکا؛ ئەگەر شوکرو سوپاسی لەسەر بکا، هەروەکوو چۆن دەتوانێ لەقەی لێ داو نازو نیعمەتەکە لابەرێ ئەگەر کوفرانی نیعمەت بکاو لەخۆی بایی بێو مەبەستو نیەتی بگۆرێو رێگەی ژیانی کامەرانی هەڵە بکا.

ئەمە حەقیقەتێکی فرە مەزنەو لایەنێکی تەصەووررو تێروانینی ئیسلامی بۆ حەقیقەتی ئادەمیزاد دەست نیشان دەکا، پەیوەندی نەخشەو قەدەری پەروەردگار بەرامبەر ئادەمیزاد لەم بوونەوەرە داو، پەیوەندی پەروەردگار خۆی بەم بوونەوەرەوە دیاری دەکا.

لەم رووەوە دەزاندرێ: کە ئەم ئادەمیزادە لەتەرازووی خودادا چەند سەنگینە، چەند خاوەن پلەو رێزە، هەروەکوو ئەوە دەردەکەوێ کە ئادەمیزاد چەند کاریگەری گرنگی لەسەرەنجامی خۆیو سەرەنجامی رووداوەکانی دەوروبەری دا هەیە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئادەمیزاد لەبیرو بۆچوونی ئیسلامی دا لایەنێکی ئیجابیە لەدیاریکردنو دەست نیشانکردنی سەرەنجامی خۆی، بەڵام بەئیزنو رەزامەندیی خوداو بەگوێرەی قەدەری خودا کە لەچوار چێوەی جموجۆڵو کردەوەو نییەتو رەوشتی ئادەمیزادەکە دا جەرەیان دەکا. ئیتر ئادەمیزاد ئەو حاڵەتە سەلبییە زەلیلیەی لێ دوور دەکەوێتەوە کە رێبازە ماددیەکان بەسەری دا دەسەپێنن، ئەو رێبازە ماددیانەی کە ئادەمیزاد وا تەصەور دەکەن کە لایەنێکی سەلبییە لەبەرامبەر (حەتمیە) کاریگەرەکان دا حەتمیەتی ئابوری، حەتمیەتی مێژوو، حەتمیەتی گۆڕانکاریو گەشەکردن... هەتا کۆتایی ئەو حەتمیەتە جۆراو جۆرانەی کە ئادەمیزاد لەبەرامبەریاندا هیچ تواناو دەسەڵاتێکی نیەو جگە لەگەردنکەچی موطلەق بۆ ئاکامی ئەو حەتمیەتانە هیچی تری لەباردا نیە.

مامەڵ کردنی موسوڵمانان لەگەڵ وادە شکێنانو ئەوانەی دیاردەی پەیمانشکێنییان لێ دەردەکەوێ

إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٥﴾ ٱلَّذِينَ عَٰهَدتَّ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِى كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لَا يَتَّقُونَ ﴿٥٦﴾ فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِى ٱلْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِم مَّنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿٥٧﴾ وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَٱنۢبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَآءٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْخَآئِنِينَ ﴿٥٨﴾ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَبَقُوٓاْ ۚ إِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ ﴿٥٩﴾

لێرە بەولاوە ئەم بەشەی سورەتی ئەنفال زۆر یاسای چۆنیەتی مامەڵە کردنی موسوڵمانانی لەگەڵ هێزە جۆراو جۆرەکان دا لەکاتی ئاشتیو شەڕدا لەخۆ گرتووە. شێوەی ڕیکخستنە ناوخۆیەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیو پەیوەندییان بەرێکخراوە دەرەکییەکانەوەو تێڕوانینی ئیسلام بۆ پەیمانو پەیوەندی بەستنەکان لەهەموو بارو دۆخێکدا و هەروا تێڕوانینی بۆ پەیوەندی خوێنو ڕەگەزو خاکو پەیوەندی بیرو باوەڕ دیاری دەکا.

کۆمەڵێک ئەحکامو یاسا دادەنێ: کە بڕێکیان ئەحکامی هەتا هەتایینو بڕێکیشیان ئەحکامی کاتینو بۆ ماوەیەک چارەسەری ڕوداوەکان دەکەنو بۆ قۆناغێکی تایبەتیو حاڵو وەزعێکی تایبەتی هاتوونو دوایی لەسورەتی (التوبة)دا تەعدیلاتی تایبەتیان تێدا دەکرێو دەبنە قاعیدەو یاسای هەمیشەییو کۆتایی.

بڕێ لەو حوکمو یاسایانەی ئەم سورەتە باسیان لێوە دەکاو دەیانچەسپێنێ بەگوێرەی سیباقی ئایەتەکان ئەمانەن:

١- ئەوانەی پەیمان لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی دەبەستنو پاشان پەیمانەکەیان دەشکێنن، ئەوانە خراپترین پێڕۆی سەرزەوین... بۆیە پێویستە

دەوڵەتی ئیسلامی تەمبێیان بکا بەشێوەیەک کە زەبروزەنگیان بەرامبەر بنوێنێو لەزێدو ماڵو حاڵی خۆیان رایانقەنێنێو ئاوارەیان بکاو تاڵو سوێری دەربەدەرییان پێ بچێژێ، نەک هەر ئەمە بەڵکوو تەمبێ کردنەکەیان ئەوانەش بگرێتەوە کە نیازیان وایە پەیمانەکەیان هەڵوەشێننەوە یان هێرش بکەنە سەر حکوومەتی ئیسلام...

٢- ئەو کافرە پەیمان لەگەڵ بەستراوانەی کە سەرکردایەتی ئیسلامی ترسی ئەوەیان لێ دەکا لەوادەو بەڵێنی خۆیان پەشیمان ببنەوەو پەیمانەکەیان بشکێنن، ئەوە سەرکردایەتی ئیسلامی دەتوانێ پەیمانەکەیان بۆ رەت بکاتەوەو یەکلایەنە هەڵوەشاندنەوەکەی رابگەیەنێو خۆلەپابەند بوون پێیەوە رزگار بکا. ئەمجار دەتوانێ شەڕیان لەگەڵ بکاو تەمبێیان بکاو ترس بخاتە دڵی ئەوانەشەوە کە کۆمەکییان پێ دەکەنو پشتیان دەگرن!

ئایەتی ژمارە (٥٥) ﴿إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ﴾ ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: ئەوانە بەنو قورەیظەبوون، پەیمانی خۆیان شکاندو بەچەکو پێداویستی جەنگ، یارمەتی دوژمنەکانی پێغەمبەریان دا، دوایی وتیان: لەبیرمان چوبوەوەو هەڵەمان کرد. جارێکی تر پەیمانیان لەگەڵ بەستەوەو هەڵیان وەشاندەوە؛ رۆژی خەندەق دژی پێغەمبەرﷺ پاڵیان بەکافرەکانەوە دا، کەعبی کوڕی ئەشرەف کە سەرۆکیان بوو چوبوو بۆ مەککە لەوێ لەدژی پێغەمبەرو بۆ شەڕ کردن لەگەڵی بوبوە سوێند خۆری قورەیشییەکان.

ئایەتی ژمارە (٥٩) ﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ﴾ ئەبو ششیخ: ئیبنو حەییانی ئەنصاری لەئیبنو شیهابی زوهرییەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: حەزرەتی جوبرائیل هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ فەرمووی:........... برۆ سەر بەنو قورەیظە، خودا رێگەی داوی تەمبێیان بکەی.

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەفەرموێ: ئەم ئایەتانە دەربارەی شەش تاقمی جولەکە هاتوونە خوارێ کە ئیبنو تابووت یەکێکە لەوان.

موجاهید دەفەرموێ: دەربارەی جولەکەی مەدینە هاتوونە خوارێ. سەرۆکەکەیان کەعبی کوڕی ئەشرەف ملهوڕێک بوو وەکوو ئەبو جەهل.

ئەمجار پاش ئەوەی لەئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار وەصفی هەموو کافرەکانی بەستەمکار کردو فەرمووی: ﴿وَكُلٌّ كَانُوا ظَالِمِينَ﴾ برێکیانی بەزێدە کوفرو سەررەق دەست نیشانکرد. ئەمجار پاش ئەوەی کە پەروەردگار حاڵو چۆنیەتی قورەیشییە موشریکەکانی رونکردەوە لەبارەی شەڕکردنیان دژی پێغەمبەر ﷺ لەجەنگی بەدردا، باسی حاڵو چۆنیەتی کۆمەڵێکی تر دەکا کە دژی پێغەمبەر ﷺ شەڕیان کرد ئەوانیش جولەکەکانی ولاتی حیجازنو دەفەرمویٚ: ﴿إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِنْدَ اللهِ الَّذِينَ كَفَرُوا فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: خراپترین پێڕۆی سەرزەوی لەحوکمو یاسای خودادا ئەو کافرە خودانەناسانەن کە پەیمانی خۆیان شکاندوەو وادەو بەڵێنی خۆیان نەبردە سەر، ئەوانە خراپترین دروستکراوی خوداو پیسترین ئادەمیزادن، چونکە دوو رەوشتیان تێدان، یەکەم بەردەوام بوونیان لەسەر کوفرو بێدینیو یاخی بوون، ئەوان بەهیچ کلۆجێک ئیمان ناهێنن.

رەوشتی دووەمیان پەیمان شکێنیو پابەند نەبوونیانە بەوادەو بەڵێنی خۆیانو دەفەرمویٚ: ﴿الَّذِينَ عَاهَدْتَ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنْقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لَا يَتَّقُونَ﴾ ئەو خودانەناسە کافرە جوولەکانە کە تۆ ئەی موحەممەد! پەیمانت لیٚ وەرگرتوونو پاشانو هەموو جارێک پەیمانەکەیان شکاندوەو بەڵێنی خۆیان هەڵوەشاندەوە، هەرچەندە بەجەختو سوێند خواردن بڕیاری پابەند بوونیان بەو پەیمانە دا بوو.

سەرباری ئەو دوو رەوشتە رەوشتێکی سێیەمیشیان هەیە: ئەویش ئەوەیە تەقوای خودا ناکەنو لیٚی ناترسن، کۆ لەهیچ تاوانێک ناکەنو بەبیٚ منەت چ تاوانێکیان بویٚ ئەنجامی دەدەنو هیچ ترسی ئاگری دۆزەخیان نیە.

پەروەردگار وەصفی ئەو جوولەکانەی بە(شر الدواب) خراپترین پێڕۆو ئاژەڵ کرد، بۆ ئەوەی ئاماژە بیٚ کە ئەوانە گەییشتوونە پلەی ئاژەڵ، بەڵکو لەئاژەڵیش خراپتر، چونکە هیچ سوودێکیان نیە نەبۆ خۆیان، نەبۆ غەیری خۆیان، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرمویٚ: ﴿... إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ، بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا﴾الاعراف/١٧٩ پاش ئەوەی پەروەردگار سیٚ رەوشتی

جولەکەو کافرەکانی دیاری کرد، ئەوەی روون کردەوە کە ئەوانە چەند جار پەیمان شکێنییان کردوەو پابەندی وادەو بەڵێنی خۆیان نەبوون، ئەمجار بەشوێن ئەوەدا باسی ئەوە دەکا: چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێو فەرمووی: ﴿فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِي الْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِمْ مَنْ خَلْفَهُمْ﴾ ئەی پێغەمبەر! هەرکاتێک لەجەنگ دا تۆ ظەفەرت بەو پەیمان شکێنانە بردو بەسەریان دا زاڵ بووی، زەبرو زەنگی وایان لەگەڵ دا بنوێنە ئەوانەی پشتگیرییشیان لێ کردون لێک بترازێنو پەرتەوازەی ببن. وایان لێ بدە ئەوانو کۆمەکیکارانیشیانو لێت بترسن، وایان بپروێنە ئەوانو یارمەتیدەرانیانو غەیری ئەوانیش لەدوژمنان؛ عەرەبو نا عەرەب لێتان بترسنو پەندو عیبرەت وەربگرنو کەسێکی تر نەوێرێ هەڵوێستی ئاوا بنوێنێ!! پەیمانتان لەگەڵ ببەستێو دوایی بیشکێنێ!

بۆیە پەروەردگار فەرمانی بەپێغەمبەر کرد کە زەبروزەنگی تەواو بنوێنێ لەگەڵ ئەو دوژمنانەدا کە زیاد لەجارێک پێغەمبەر پەیمانی ئاشتی لەگەڵ بەستوون، ئەوان هەڵیان وەشاندۆتەوە، بۆ ئەوەی لەوە دوا بەدرۆو دەلەسەیان هەڵنەخەڵەتێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ بەسروشت میهرەبانو ئاشتیخواز بووە. پێی وا بووە کە جەنگ زەرورەتەو هەرکاتێ هۆکارەکانی نەمان، ئاشتی پەسندە ﴿وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا﴾ بێگومان ئەو جوولەکە فێڵبازانە وایان دەبردە زەینی پێغەمبەرەوە کە ئەوان ئاشتیخوازنو حەزیان لەئارامییە، کە پەیمانەکەشیان دەشکاند عوزریان بۆ دەهێنایەوەو دەیانگوت نەمانزانی، هەڵەمان کرد لێمان ببورە، هەموو ئەمانەشیان فێڵو تەڵەکەبازیی بوو!

بۆیە پەروەردگار فەرمانی پێ کرد کە زەبرو زەنگ بنوێنێو بیان پروێنێ بیانتۆقێنێ، ﴿لَعَلَّكُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾ بەڵکوو ئەوانەی لەپشتیانەوەنو یارمەتیدەریانن، بەخۆیان دا بچنەوەو ترسیان لێ بنیشێو بیر لەپەیمان شکێنی نەکەنەوەو خەیاڵی شەڕ کردن لەدژی پێغەمبەر وەلانێن!

بوخاریو موسلیم فەرموودەیەکیان ریوایەت کردوە، دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر ﷺ لەهەندێ رۆژی وادا کە تێیان دا تووشی بەرەنگاریکردنی

دوژمن دەبوەوە وتاری دەداو دەیفەرموو: (يَاأيهَا النَاسُ! لاَتَمَنوْا لِقَاءَ الْعَدُوَ وَسَلُوا الله العَافِيَةَ فَإذا لَقِيتُمُوهُمْ فَاصْبِرُوا وَاعْلَمُوا انَّ الْجَنَةَ تَحْتَ ظِلاَل السّيُوفِ) ئەمجار دەیفەرموو: (اَللَهُمَ! مُنَزِّلَ الْكِتَابِ وَمُجْرِي السَّحَابِ، وَهَازِمَ الأحْزَابِ اهْزِمْهُمْ وَانْصُرْنَا عَلَيْهِمْ) ئەی خەڵکینە! ئاواتە خوازی بەرەنگاریکردنی دوژمن مەبن، هەمیشە داوا لەخودا بکەن بەسەلامەتی بژینو ئاشتی بەرقەرار بێ، بەڵام کە ناچار بوونو تووشتان بوو بەتووشی دوژمنەوە خۆگرینو ئارام بگرن، باش بزانن بەهەشت بەسایەی شمشێرەوە دەست دەکەوێ. ئەمجار دەیفەرموو: پەروەردگارا! ئەی ئەو کەسەی قورئانت نازڵ کردوە، ئەی ڕۆیینەدەی هەورەکانو شکێنەری ئەحزاب، دوژمنانمان تێک بشکێنەو ئێمە زاڵ بکە بەسەریان دا.

لێرەدا ئاماژە بۆ دووشت دەکا.

١- شەڕ لای خوداو پێغەمبەری خودا خۆشەویست نیەو شتێکی ناچارییە بۆ بەرەنگاری بەغییو عودوان پەنای بۆ دەبرێ، بۆ بەرز کردنەوەی رستەی (لا اله الا الله، محمد رسول الله)و پوچاندنەوەی بەتاڵ ئەنجام دەدرێ.

٢- بەکارهێنانی زەبرو زەنگ لەگەڵ پەیمان شکێنانو شەڕ هەڵایسێنان، بۆ پەرتەوازە کردنی ئەوانەی کە پشتیوانیانن، کارێکەو دەبێ ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی پەیمان شکێنانو هەواخواهانیانو پشتیوانانیان پەندو عیبرەت وەربگرنو بیر لەکاری ئاوەها نەکەنەوە.

پاش باسکردنی حوکمی پەیمان شکێنانو وەرگرتنی هەڵوێست بەرامبەریان، ئەمجار حوکمی ئەوانە بەیان دەکا کە بتمانە بەوادەو بەڵێنیان ناکرێو دەفەرموێ: ﴿وَاِمَّا تَخَافَنَّ مِنْ قَوْمٍ خِيَانَةً فَانْبِذْ اِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاءٍ﴾ واتە: ئەگەر پەیمانت لەگەڵ تاقمو گرۆهێک بەستو پاشان گومانی ئەوەت لێ کردن کە پەیمانەکەیان نابەنەسەرو وادەو بەڵێنەکانیان هەڵدەوەشێننەوە، بەم رەنگە نیشانەو بەڵگەی وا هەبوون ئاماژەیان بەوە دەکردو ترسی ئەوەی لا دروست کردن، کە پەیمانەکەیان نابەنەسەر، ئەوە تۆ ئەی پێغەمبەر! ئەو رێگەیان لێ ببەستەو پێش ئەوەی ئەو خیانەتەیان لێ رو بدا، پەیمانەکەیان

بەسەردا رابگەیەنە: کە تۆ ئیتر پابەندی پەیمانە بەستراوەکە نیتو بەڵێنەکەت، هەڵوەشاندۆتەوە، بەشێوەیەکی ئاشکراو نومایان بەبێ فێڵو ژێر بەژێری ئەمەیان پێ رابگەیەنە. حیکمەتیش لەمەدا ئەوەیە: کە ئیسلام بەهیچ کلۆجێک خیانەت پەسند ناکاو موسوڵمان نابێ بەهیچ شێوەیەک خیانەت لەگەڵ کەس بکا. واتە: نابێ پێش پێ راگەیاندنو هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی دابەستراو، شەڕیان لەگەڵ بکرێ، بۆ ئەوەی تۆشو ئەوان بەیەکسانی ئاگاداری هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکە بنو بزانن کە پەیمان نەماوە ئەمجار شەڕ دەکرێ ئەویش ئەگەر پێویست بوو.

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ﴾ بێگومان خودا هەرگیز خائینانی خۆش ناوێن، تەنانەت خیانەتکردن لەکافرانیش ناڕەوایە.

بەیهەقی ریوایەتی کردوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ثَلَاثَةٌ، الْمُسْلِمُ وَالْكَافِرُ فِيهِنَّ سَوَاءٌ: مَنْ عَاهَدْتَهُ فَوَفِّ بِعَهْدِهِ مُسْلِماً كَانَ أَوْ كَافِراً، فَإِنَّمَا الْعَهْدُ لِلَّهِ، وَمَنْ كَانَتْ بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ رَحِمٌ فَصِلْهَا، مُسْلِماً كَانَ أَوْ كَافِراً وَمَنْ ائْتَمَنَكَ عَلَى أَمَانَةٍ فَأَدِّهَا إِلَيْهِ مُسْلِماً كَانَ أَوْ كَافِراً) سێ شت موسوڵمانو کافر تێیان دا یەکسانن: کەسێک پەیمانت لەگەڵ دا بەست ئەو کەسە موسوڵمان بێ یان کافر بێ پەیمانەکەتی لەگەڵ دا بەسەربەرە، چونکە پەیمان هی خودایە، کەسێک لەنێوان تۆو ئەودا خزمایەتی هەبوو ئەو کەسە کافر بێ یان موسوڵمان بێ صیلەی رەحمی لەگەڵ دا بەجێ بێنە، کەسێک سپاردەیەکی لا دانابێو کردیتی بەئەمین بەسەریەوە ئەو کەسە موسوڵمان بێ یان کافر بێ سپاردەکەی بدەرەوە.

ئەمجار پەروەردگار هەڕەشە لەو خائینانە دەکا بەسزایەک کە چاوەڕوانیانە دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَبَقُوا﴾ با ئەوانەی کافرو بێ بڕوان وا گومان نەبەن کە لەدەست ئێمە رزگاریان بووەو سەرەنجامی خیانەتەکەیان نایەتەوە رێگایانو ئیتر بۆی دەردەچنو سزاو تۆڵەیان لێ ناسێندرێ! بەڵکو ئەوانو هەموو بوونەوەر لەژێر دەسەلاتی ئێمە دانو دەستی ئێمەیان دەگاتێو تۆڵەیان لێ دەستێنن. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ:

﴿أمْ حَسِبَ الذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيئاتِ أنْ يَسْبِقُونا، سَاءَ مَايَحْكُمُونَ﴾العنكبوت/٤ وشەی (يحكمون) واتە: يظنون :گومان دەبەن.

﴿انهم لا يعجزون﴾ بێگومان ئەوانە خودا دەستە پاچە ناکەن، لەچنگی قارو تۆڵەی قوتار نابن، سزاو تۆڵەی کافربوونیان لێ دەسێندرێ، پێغەمبەرو موسوڵمانانیان بەسەر دا زاڵ دەکرێنو تۆڵەی پەیمان شکێنیو فرتو فێڵو خراپەکارییان لێ دەستێنن وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لاَ تَحْسَبَنَّ الذِينَ كَفَرُوا مُعْجِزِينَ فِي الأرْضِ، وَمَاوَاهُمُ النَّارُ، وَلَبِئْسَ المَصِيرِ﴾النور:٥٧ یان دەفەرموێ: ﴿وَاعْلَمُوا انكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللّهِ، وَاَنَ اللّهَ مُخْزِي الكَافِرِينَ﴾التوبة/٢.

ئایەتەکە مژدەو دڵنیا کردنی پێغەمبەرە ﷺ بەوە کە خودا زاڵی دەکا بەسەر ئەو کافرانە دا کە ئەزیەتیان داوە، لەهەمان کات دا کافرەکان هیوا بڕاو دەکا لەوەی کە بەسەر موسوڵمانان سەرکەون..

خۆ ئامادە کردن بۆ جەنگ دژی دوژمنانو دابینکردنی پێویستیاتی جەنگ بەگوێرەی توانا

وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَىْءٍ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٦٠﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار فەرمانی بەپێغەمبەری خۆی کرد: کە پەیمان شکێنان پەرتەوازە بکاو بەزەبرو زەنگ لەگەڵیان دا بجوڵێتەوەو، ئەگەر ترسی هەبوو لەپەیمان شکێنی تاقمو گرۆهێک پێش ئەوەی پیلانی خۆیان ئەنجام بدەن ئەو پەیمانەکەیان بەسەر دا بداتەوە. ئەمجار لەم ئایەتە دا فەرمانی پێ دەکا: کە خۆیو موسوڵمانان هەمیشە خۆیان ئامادە بکەن بۆ

بەرەنگاریکردنی ئەو کافرانەو پێداویستی جەنگ بەگوێرەی توانـاو رۆژگـار دابین بکەن! هەڵبەتە ئەمەش کارێکی سروشتی‌یە، هەرکاتێ پـەیمان شکێنی کراو وادەو بەڵێن هەڵوەشێندرانەوە حاڵەتی جەنگ بەرپا دەبێو هـەموو کـاتێ چاوەڕوانی بەرپابوونی شەڕ دەکرێ، بۆیـی پـەروەردگار فـەرمانی بەپێغەمبـەر کرد: فەرمووی ﴿وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ﴾. ئەی کۆمـەڵی موسـوڵمانان! خۆتـان ئامـادەو تـەیار بکـەن بـۆ شـەڕی دوژمنـانو پێداویستی جەنگ بەگوێرەی تواناو بارودۆخی رۆژگار دابین بکەن، بـۆ ئـەوەی بەرەنگاری دوژمن ببنەوە، نـەفسو مـاڵو ناموسـی خۆتـان بپـارێزنو نـەهێڵن دوژمن دەستدرێژیتان بکاتە سەر، ئەمەش لەدوو خاڵ دا رەنگ دەداتەوە.

١- ئامادەکردنی هێزو دەسەڵات بەگوێرەی رۆژگارو شوێنو پێداویسـتی، کەوا بـێ ئـەوەی ئـەمڕۆ لەسـەر موسـوڵمانان پێویسـتە ئەوەیـە: پیشەسازیو چەکسازی فێر ببن؛ تۆپو فرۆکەو بۆمباو زەمین بەزەمینو دەبابـەو کەشتیو غەواصەو ئەم جۆرە چەکانە دروست بکەنو فێری بەکارهێنانی ببن، هەر وەکـوو چۆن پێویستە ئەو فنونو زانسـتانە فێر بـبن کـە پـەیوەندییان بەدروسـتکردنو بەکار هێنانی ئەو جۆرە چەکانەو هی تریشەوە هەیە.

ئـەوەتا پێغەمبـەرو هـاوەڵانی لەغـەزای خەیبـەرو هـی تریـش دا ئالـەتی مەنجەنیقیان بەرکا هێناوە.

ئیمامی موسلیم لەعوقبەی کوڕی عامیرەوە ریوایـەت دەکـا: کـە دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوەو فـەرمووی: (ألا إنَّ القُـوَّةَ الرَّمْـيُ) ئاگاداربن هێزو توانا بریتییە لەو چەکەی لەدوورەوە شەڕی پێ بکەی. سێ جار ئەم فەرموودەیەی فەرموو. چونکە تەقە کردن لەدوژمن لـەدوورەوە بەچـەکێک کە کوشندە بێ، کاریگەر ترە لەوەی لەگۆڕەپانی جەنگ دا بەشمشـێرو رمـبو خەنجەرو گۆپاڵو ئەو جۆرە شتانە شەڕ لەگەڵ دوژمن بکرێ.

٢- دامەزراندنو دانانی سوار چاکو تیر ئـەندازە لەسـەر سنووری وڵاتو قایم کردنی بەندەنو سەنگەر لێدانو دابینکردنـی ئـامێری چاودێریو بـەرگری بەدرێژایی سنوور لەگەڵ دوژمن!!

بەکورتی پێویستە موسوڵمانان سوپایەکی بەهێزی هەمیشەییان هەبێ هەمیشە ئامادەباشی بەرگریکردن بێ لەولات ماڵو دارایی پێویستی بۆ دابین بکرێو بەگوێرەی رۆژگار بەچەکو ئامێری شەڕ دەوڵەمەند بکرێ. پەروەردگار لەئایەتەکە دا کە بەتایبەتی باسی ئەسپ دەکا هەرچەندە وشەی (من قوة) ئەویش دەگرێتەوە. بۆ زێدە رێزلێنانو گرنگییەتی، چونکە ئەو کاتە ئەسپ گرنگرتین ئامێرو پێداویستی جەنگ بوو.

بەڵێ پێویستە موسوڵمانان هەمیشە لەئامادەباشی دابنو کەرەسەی جەنگ دابین بکەن، بەئەوپەڕی هێزو تواناوە خۆیان تەیار بکەن، بۆ ئەوەی هەمیشە هێزی خوداپەرست هێزی بالادەست بێ لەسەر زەوی، هەموو هێزەکانی تر لێی بترسنو نەوێرن هێرش بکەنە سەر ولاتی ئیسلامو هەموو جیهان گەردنکەچی دەسەلاتی خودابنو نەتوانن کۆسپو تەگەرە بخەنە بەردەم بانگەوازیگەرانو خەڵک لەموسوڵمان بوون ژێوان نەکەنەوە، هەروەها کەس نەتوانێ مافی خوداییو حاکمیەت بەخۆی بداو لافی خودایەتی لێ بدا. بۆ ئەوەی هەموو ئایینو پەرستشێک هەر بۆ خودا بێو بەس.

ئەمجار ئایەتەکە هۆی خۆ ئامادە کردنو خۆتەیار کردنو خۆ فێر کردنو هێزو توانا دابین کردنەکە دەست نیشان دەکاو دەفەرموێ: ﴿تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ﴾ بۆ ئەوەی دوژمنانی خوداو دوژمنانی موسوڵمانان بترسێنن، ئەو کافرانەی کە دوژمنایەتییان بەئاشکراو نمایانە وەکوو موشریکەکانی مەککە، هەروەها بۆ ترساندنی ئەو دوژمنە نهێنییانەی کە هاوپەیمانن لەگەڵ ئەو دوژمنە ئاشکرایانە دا، جا ئێمە ئەو دوژمنانە بناسین یان نەیانناسین. خودا بۆ خۆی دەیانناسێ، چونکە زاتی پاکی ئەو زاناو ئاگادارە بەسەر هەموو نهێنییەک دا

هەڵبژاردنی ئاشتیو یەکخستنی نەتەوەو هەڵنانی موسوڵمانان بۆ جەنگ

﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٦١﴾ وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللَّهُ هُوَ الَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللَّهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَٰبِرُونَ يَغْلِبُواْ مِاْئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٌ يَغْلِبُوٓاْ أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾ الْـَٰٔنَ خَفَّفَ اللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُواْ مِاْئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوٓاْ أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّٰبِرِينَ ﴿٦٦﴾﴾

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەئایەتەکانی پێشەوە ئەوەیە: لەوە پێش پەروەردگار فەرمانی بەموسوڵمانان کرد بەخۆتەیار کردنو ئامادەباشیو چەکسازی بۆ ئەوەی دوژمن لێیان بترسێو زات نەکا هێرشیان بکاتە سەرێ، یان کۆسپو تەگەرە بخاتە بەردەم بڵاوبوونەوەی ئایین. ئەمجار لێرەدا فەرمان دەکا بەئاشتی بەڵام ئاشتی‌یەکێ کە لەسەر بنەمای رێزو پیاوەتی چەسپابێ، عیززەتو کەرامەتی تێدا بێ، هەرکاتێ ترسو خۆفەکە هەبوو لەدڵی دوژمنان

داو مەیلی ئاشتییان کرد، بڕیاری ئایین ئەوەیە: ئاشتی قبوولّ بکەن‌و پابەندبن پێیەوە، چونکە جەنگ خۆی لەخۆی دا بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژییەو بۆ چەسپاندنی ئازادییەو بۆ رێگە ئاچووغ کردنی بلاوکردنەوەی ئایینە، بۆ مەنع کردن‌و بەرەنگاریکردنی ستەم‌و بوغرابوونە، زەرورەتیش بەئەندازەی پێویست لیّی وەردەگیریّ‌و بەگوێرەی ئاتاج پەنای بۆ دەبریّ، هەتا حالّەتی ئاشتی‌و ئاشتەوایی بگونجیّ حالّەتی شەڕ رەچاو ناکریّ.

کەوابوو پاش خۆئامادەکردن‌و دابین کردنی ئامێرو پێداویستی جەنگ‌و ئامادە باشی تەواو بۆ جەنگ‌و جیهاد، ئەگەر دوژمن داوای ئاشتی کردو حالّەتی ئاشتی بەسەر شەڕو جەنگ دا هەلّبژارد، ئەوە حوکم‌و بڕیار ئەوەیە قبوولّی حالّەتی ئاشتی بکریّ‌و رابەرو پێشەوای موسولّمانان چۆنی بەلاوە باش بوو لەچ شتێکدا بەرژەوەندی موسولّمانانی تێدا بەدی کرد، ئەوە رەچاو دەکا، ئاشکراشە کە رابەرو پێشەوا ئەو بڕیارە لەسەر ئاکامی راوێژ (شوری)ی موسولّمانان وەردەگریّ.

﴿وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا﴾ ئەگەر دوژمن لەحالّەتی جەنگەوە مەیلیان بۆ ئاشتی کردو داوای ئاشتیان کرد، ئەوە تۆش ئەی پێغەمبەر! مەیل بۆ لای ئاشتی بکەو ئاشتەوایی پەسند بکەو پابەندی حالّەتی ئاشتی‌بە! چونکە جەنگ خۆی لەخۆی دا مەبەستی سەرەکی نیە، تۆ شایان تری بەپابەند بوون بەئاشتەوایی‌و ئاشتیخوازییەوە. تۆ کە پەنا بۆ شەڕ دەبەی، بۆ بەرگریکردنە لەئایین‌و بۆ رێگە خۆشکردنی بلاوبوونەوەی ئایینە، بۆ لابردنی کۆسپ‌و تەگەرەیە لەسەر رێبازی ئایین. کەوابیّ هەرکاتیّ دوژمنان دەستی ئاشتییان درێژ کرد، ئەتۆش ئاشتییان لیّ وەربگرەو لێیان قبولّ بکەو پەیمانی ئاشتییان لەگەلّ دابیەستەو ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ پشتت بەخودا ببەستەو کاری خۆت بەخودا بسپێرە، لەمەکرو پیلانەکانیان مەترسە، خودا پشتیوانتەو لەپیلانی ئەوان دەتپارێزیّ ﴿إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ بێگومان خودا شنەوایە بەو راوێژو گفتو گۆیانەی لەناو خۆیاندا ئەنجامی دەدەن، زاناو ئاگادارە بەو

پیلانو نەخشە جۆراو جۆرانە: کە دژی ئێوە دایدەڕێژن. خودا هیچی لێ گوم نابێ.

﴿وَإِنْ يُرِيدُوا أَنْ يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللَّهُ هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر بیانەوێ لەرێگەی بانگەوازی بۆ ئاشتی‌یەوە فێڵتان لێ بکەنو خۆیان بەهێز بکەنو خۆیان ئامادەو تەیار بکەن بۆ لێدانتان ئەوە تۆ ئەی پێغەمبەر! خودات بەسەو چاودێرت دەکاو یارمەتیت دەداو زاڵت دەکا بەسەریان دا، هەر خودا بوو کە لەوەپێش یارمەتی دایو هۆکاری مادیو مەعنەوی بۆ خولقاندی بۆ ئەوەی دڵی موسوڵمانان بەکۆچکارو یاریدەدەرانەوە دڵیان قایم بێو یەک بگرنو لەژێر ئالای ئیسلام داو لەژێر فەرماندەیی تۆدا جیهاد بکەن!

ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوە: کە پێویستە موسوڵمان ئاشتی بەسەر بەجەنگ دا هەڵبژێریو ناچار نەبێ پەنا بۆ شەڕ نەبا، چونکە ئایینی ئیسلام ئایینی رەهنومایی خۆشەویستیو ئاشتەوایی‌یە، رێگە نادا شەڕ بەرپا بێ مەگەر بارو دۆخێک بێتە کایەوە موسوڵمانان ناچاری شەڕ بکا! هەر بۆیەش ساڵی حودیبییە: کە موشریکەکان داوای موصالەحەو ئاشتییان کردو وتیان: با بۆ ماوەی نۆ ساڵ پەیمانی ئاشتی ببەستین هەرچەندە زۆر مەرجی وا لەپەیمانەکە دا هەبوون کە لەبەرژەوەندی موسوڵمانەکان نەبوو، پێغەمبەر ﷺ رازی بوو ئاشتی‌یەکەی قبووڵ بوو.

کە لەئایەتی پێشوو دا فەرمووی ﴿هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: گوێ بەپیلانو فرتو فێڵیان مەدە چونکە (خودا) یارمەتی تۆی دا بەوە کە هۆکاری ماددیو مەعنەوی بۆ رەخساندی بەدوو شێوە کۆمەکی پێ کردی، شێوەیەکیان بریتی بوو لەکۆمەکی خودایی راستەو خۆ بەبێ. هۆکاری مادی، شێوەیەکیشیان بریتی بوو لەدەستەبەر کردنی هۆکاری مادی کە یەکگرتنی موهاجرینو ئەنصار بوو بۆ پشتگیری کردنی پەیامەکەت.

ئەمجار لەئایەتی دوایی دا چۆنیەتی ئەو پشتگیرییە دیاری دەکا کە بریتی بوو لەیەکگرتنی موسوڵمانانو رێکخستنی ریزەکانیانو دەفەرموێ:

﴿وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ﴾ پەروەردگار موسوڵمانەکانی لەسەر خۆشەویستی کۆکردەوە هەموویانی کردنە کۆمەڵێکی یەکڕیزو یەک هەڵوێستو یەک ئامانج، هەموویان تێکڕا هاریکاری یەکتر بوون بۆ یارمەتیدانی پەیامی تۆو بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی تۆ، لەکاتێک ئەوان پێش هاتنی پەیامی تۆ یەکتریان دەدزا، دژایەتییان لەنێو دا بوو، هەمیشە کێشەو دووبەرەکیو شەڕو هەرایان بوو، بەخوێنی سەری یەکتری تینوو بوون، شەڕی درێژخایەنیان لەناو خۆیان دا کردوە، بەنموونە شەڕی چەند ساڵەی نێوان هۆزی ئەوسو هۆزی خەزرەج. پاشان خودای میهرەبان بەهۆی نووری ئیمانو باوەڕەوە ئەو دووبەرەکیو دژایەتیەی لەنێو دا هەڵگرتنو کردنی بەبرای گیانی بەگیانی یەکتری وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا، وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا﴾آل عمران/١٠٣.

پەروەردگار بەفەضڵو گەورەیی خۆی ئەو خەڵکەی وا لێ کرد لەدەورت کۆببنەوە، گیانو ماڵی خۆیان لەپێناو بانگەوازییەکەت دا بەخت بکەن، ببنە نموونەی فیداکاریو لێبوردوویی و گیانبازی! خۆ ﴿لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَّا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ﴾ ئەگەر تۆ هەرچی ماڵو سامانی لەزەویدا هەیە هەموویت ببەخشییایە نەتدەتوانی بەو شێوە دڵیان یەکخەیو ئاوێتەی یەکتری ببنو ئاوا یەکدەمو یەکهەڵوێستو یەکئامانج بن ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ﴾ بەڵکو پەروەردگار بەهۆی نیعمەتی ئیمانەوە، بەهۆی کۆکردنەوەیان لەسەر رێبازی راستو هیدایەت بەقودرەتو تواناو دانایی خۆی کردنی بەیەکنەتەوەو یەکیەتیو برایەتیو تەباییو خۆشەویستی خستە نێوانیانەوە کردنی بەنموونەی هەرەبەرزی برایەتیو خۆشەویستیو کۆمەڵگایەکی لێ دروست کردن مێژوو بەخۆیەوە نەدیبوو، بۆ هەتا هەتایێ مێژوو شانازییان پێوە دەکا. ﴿إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ بێگومان خودای باڵا دەست بەهێزو تواناو دەسەلاتە، دەتوانێ هەرچی بیەوێ ئەنجامی بدا، داناو لێزانە، هەرچی دەیکا پەسندەو رەخنەی لێ ناگیرێ..

ئەمجار دوای ئەوەی وادەی بەپێغەمبەری خۆی دا بەوەی کە لەکاتی فێڵ لێ کردنو پیلان گێڕانی کافرەکاندا یارمەتی دەدا، وادەی یارمەتیدانی هەمیشەییو سەرخستنی دونیاو قیامەتی پێ داو فەرمووی: ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! یارمەتیدانی پەروەردگار بەستە بۆ خۆتو ئەوانەی شوێنت کەوتوون، خودا یارمەتدەرو پشتیوانتە بۆ هەموو کاتو شوێنێک، زاڵت دەکا بەسەر دوژمنانتدا، هەرچەندێک دوژمن زۆرو موسوڵمانان کەم بن، خودا ئێوە سەردەخاو دوارۆژ هەر بۆ خوداپەرستانە، ئەگەر وشەی (مَن) عەطف بێ بۆ سەر وشەی (اللهُ) ئەو کاتە مانای ئایەتەکە بەم جۆرە دەبێ:

ئەی پێغەمبەر! ئەتۆ خودات بەسە ئەو لەسەرەتاوە راستەوخۆ یارمەتی دایو سەرکەوتووی کردی. هەروەها یارمەتی دای بەو کۆمەڵە موسوڵمانەی کە پەیمانی خۆیان لەگەڵ پەروەردگار دا بەراستی بردەسەرو پابەندی بەڵێنی خۆیان بوون. ئەوەتا: پەروەردگار هێزێکی یەکگرتووی لێ پێک هێنان، پاش ئەوەی دڵیان لەوەپێش پەرتەوازە بوو دژایەتییان ئاشکراو نمایان بوو، هەمیشە لەناوخۆیان شەڕو هەرایان بوو، کێشەو دووبەرەکیو هێرشو خوێن رشتن لەناویان دا پەرەی ساندبوو، جا مەبەست هۆزی ئەوسو خەزرەج بێ کە لەپێش ئیسلام دا دوژمنایەتیو خوێن رشتن لەناو دا بوو، یان مەبەست کۆچکەران بن کە لەپێش ئیسلام ئەوانیش حاڵیان لەحاڵی ئەوسو خەزرەج باشتر نەبوو. یان مەبەست هەموویان بن. هەموویان گونجاوە.

جا هەرچەندە خودا وادەی پاڵپشتیو یارمەتیدانی داوە بەپێغەمبەرو موسوڵمانان، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە موسوڵمانان پاڵی لێ بدەنەوەو ئامێرو پێداویستی جەنگو بەرگریو سوپای پێویست پاشگوێ بخەنو بینە (کاکە حەمەی پەنا بەخوا!!!) واز لەهەموو ئامێرو هۆکارێکی مادی پێویستی جەنگو بەرگری بهێنن، بۆیە پەروەردگار دوابەدوای وادەی سەرکەوتنو پشتگیری دەفەرموێ: ﴿ياأيها النبي حرض المؤمنين على القتال﴾ ئەی پێغەمبەر موسوڵمانان هەڵنێ بۆ جەنگانو دابینکردنی ئامێری جەنگ بەهەموو شێوەکانیەوە، وایان لێ بکە هەمیشە سوور بن لەسەر خەباتو

تێکۆشانو بەرخودانو بەرگری لەنیشتمانو ئایینو مـاڵو سامان، واتـە: دەبـێ موسوڵمانان بۆ خۆیان ئەوپەڕی تواناو هێزی خۆیان بخەنە کار بۆ ڕێکخستنی سوپاو چەکدارکردنیو ئامادەکردنی بۆ جەنگ، ئەمجار پشت بەخودا ببەستنو داوای سەرکەوتنو سەرفرازی لەخودا بکەن. جـا ئـەو کاتـە ﴿إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفاً مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەگەر بیست جەنگاوەری موسوڵمانی خاوەن صـەبرو خۆگرتوو‌شیان بوو بەتۆشیی دوو صەد شەڕکەری کافر دەبێ خۆیان ڕابگرنو جیهاد بکەن تـا بەسەریاندا زاڵ دەبن.

واتە: ئەگەر بیست موسوڵمانی خاوەن صـەبر هـەبوون بـەهۆی لـێزانیو ئیمانو خۆڕاگریانەوە سەرکەوتوو دەبن بەسـەر دوو صـەد کـافری وادا کـە ئـەو ڕەوشتانەیان تێدابن. ئەگەر لەئێوە سەد کەس هەبێ بەسـەر هـەزار کـافردا زاڵ دەبن. بۆیە دوا بەدوای ئەوە فەرمووی: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَفْقَهُونَ﴾ واتـە: هۆی تێشـکانی کافرەکـان ئەوەیـە: ئـەوان نەتەوەیـەکی نـەفامن وەکـوو ئێـوە لەحیکمەتی جەنگ نازانن. ئەوان کە شەڕ دەکەن تەنیا مەبەستیان سەرکەوتنو داگیر کردنە، ئێوە دەجەنگن بـۆ بـەرز کردنـەوەی ڕستەی (لا اله الا الله محمد رسول الله) بۆ ڕاسـتکردنەوەی بـیرو بـاوەڕ، بـۆ خۆپاککردنـەوە لەبتپەرستیو خۆئـارایش دان بەرەوشـتی بـەرزو ئیظهـاری بەندایـەتی کـردن بـۆ خـوداو ئـەنجامدانی نوێـژو زەکـات دانو فـەرمان بەچاکەو نـەهی لەخراپـە. وەکـوو لەئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ﴾النساء/٧٦ یان دەفـەرموێ: ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ﴾الحج/٤١.

ئەمجار ئەوان بڕوایان بەزیندوبوونەوە نیـە بەتـەمای پاداشو تۆڵـە نـین، بەڵام ئێوەی موسوڵمان کە دەجەنگێن بەتـەمای یـەکێک لـەدوو دەسـتکەوتی باش یان سەرکەوتنو دەسکەوتی جەنگ، یان شەهید بوونو بـەمراز گەیشـتن بەچوونە ناو بەهەشتو ژیانی بەختەوەری هەتا هەتایی.

ئایەتەکە وادەو مژدەی پەروەردگاری تێدایە بۆ موسوڵمانان، بەوە ئەگەر موسوڵمانان خۆڕاگرین بەسەر دەهێندەی خۆیان دا لەکافرەکان زاڵ دەبن.
ئەوەشی تێدایە کە موسوڵمانان دەزانن بۆچی دەجەنگن و لەپێناو چیدا خەبات دەکەن، بۆ رەزامەندی خودا کاروباری خۆیان ئەنجام دەدەن، هەمیشە لەکافران شارەزاترن بەهەموو ئەو شتانەی: کە گونجاون بۆ ژیانی ئادەمیزادو پێشکەوتنی گەلو وڵاتیان تێدایە، بەڵام کافرو جولەکەو نەصارا گەلو نەتەوەیەکی ماددیو بەرچاو تەنگن، مەبەستیان لەشەڕو جەنگ چەوساندنەوەی گەلو نەتەوەکانی ترە.
فەرمان بەخۆڕاگریو جەنگانی موسوڵمانێک بەرامبەر دەکەسی کافر، لەسەرەتای روبەڕووبوونەوەی موسوڵمانان بەرامبەر کافران بووە، کاتێک بووە موسوڵمانان کەم بوون، ئەو کاتە داوایان لێ کراوە کە پلەی هەرە بەرزی خۆراگریو حەزمو عەزیمەت بەدەست بێنن. بەڵام پاشان کە موسوڵمانان زۆر بونو دەسەلاتیان پەیدا کرد ئەمەیان بۆ سەنگو سووک کراو ئەو ئەرکە گرانەیان لەسەر شان سووک بوو، دەفەرموێ: ﴿آلآنَ خَفَّفَ اللهُ عَنكُمْ، وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفاً، فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ، وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوا أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ اللهِ وَاللهُ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾. واتە: ئەی کۆمەڵی موسوڵمان! لەکاتێکا لەسەر ئێوە پێویست بوو کە لەحاڵی بەهێزیو قووەت دا بەرنگاری چەند هێندەی خۆتان ببنەوەو خۆتان رابگرنو بجەنگن، ئەوەتان لەسەر شان گران بوو، ئەوە پەروەردگار ئەوەی بۆ کەم کردنەوەو روخصەتی پێدان: کە لەحاڵەتی غەیری بەهێزی دا بەرامبەر دوو هێندەی خۆتان خۆڕاگرین.

ئیمامی بوخاری لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا: دەفەرموێ: کاتێک ﴿إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ﴾ هاتە خوارێ، ئەم ئەرکە لەسەرشانی موسوڵمانەکان قورس بوو، کە لەسەریان پێویست بوو هەریەکەیان لەبەرامبەر دە کەس دا خۆڕابگرێو هەڵنەیێ. ئیتر بۆیان کەم کرایەوەو لەسەریان پێویست کرا کە لەبەرامبەر دوو هێندەی خۆیان دا خۆیگرنو بەس،

چونکە خودا دەزانێ کە موسوڵمانەکان لەئاکامی جیهادو تێکۆشانو کارکردن دا تووشی زەبوونیو لاوازی بوون، حاڵیان گەیشتۆتە ئەندازەیەکێ داخوازی سووکێ کردنی ئەو ئەرکەیە، بەتایبەتی دوا ئەوەی هەیبەتی ئیسلام لەدڵو دەروونی کافرەکان دا چەسپاو جێگیر بوو. بۆیە پەروەردگار فەرمووی: ئەگەر لەئێوە سەد جەنگاوەری خۆڕاگر هەبوو، بەسەر دوو سەد شەڕکەری کافردا زاڵ دەبن. ئەگەر لەئێوە هەزار جەنگاوەری خۆڕاگر هەبوو بەسەر دوو هەزار کافری شەڕکەردا زاڵ دەبن، ئەمەش بەئیرادەو ئیزنو رەزامەندی خودا دێتە کایە، پەروەردگار هەمیشە یارمەتیدەری خۆڕاگرو خاوەن صەبرو ئارامەکانەو پاڵپشتیان دەکا.

لەهەردوو حاڵەکە دا پێویستە موسوڵمانان بەرەنگاری کۆمەڵی زیاتر لەخۆیان بکەن، دوژمنیان هەرچەندە لەخۆیان زیاتر بێ دەبێ لەگەڵی دا بجەنگنو رێگای هەڵاتن رەچاو نەکەن. چونکە لەشەڕو بەرەنگاری دا، گرنگ زۆری نیە، بەڵکو گرنگ هەبوونی هێزی گیانی خۆڕاگریو پتەوی بیرو باوەڕە، ئەمەش شتێکی ئاشکراو نومایانە لەهەموو رۆژگارو سەردەمێکێ داو لەهەموو شەڕو جەنگێکێ دا، چەند جار کۆمەڵی کەمو بڕوا پتەو، بەئیزنو یارمەتیدانی خودا بەسەر کۆمەڵی زۆری بڕوا لاواز دا زاڵ بوون لەشەڕو بەرەنگاری دا زۆری ژمارە گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە بریتییە لەرێکخستنی ریزەکانی سوپاو ئەندازەی صەبرو خۆڕاگرییانو ئازایەتیو وورە بەرزیوپتەوی ئیمانو شوێنکەوتنی فەرمانی پەروەردگاریانو پابەند بوون بەپیلانو نەخشەی سەرکردەکەیان.

کە لەکۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: ﴿وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ هەڕەشە کردنە لەموسوڵمانان کە نابێ بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمن دا بەتەنها پشت بەئیمان ببەستنو بەس، بەڵکوو پێویستە وێڕای هەبوونی ئیمان لەدڵیان دا رەوشتی تریشیان تێدا بن کە هەرە گرنگی ئەو رەوشتانە صەبرو خۆڕاگرییە، خۆئامادەکردنی مادیو مەعنەوییە بۆ بەرەنگار بوونەوە، هەروەها بەدەست هێنانی زانیاری تەواو بەچۆنیەتی شەڕو بەکارهێنانی چەکو دارشتنی پیلانو

ئەنجام دانی نەخشە دارێژراوەکەو رونی ئاکامو سەرنجامی شەڕو مەبەست لەئەنجامدانی جەنگ!!

بێگومان لەقورئان دا چەند جارێک فەرمان بەموسوڵمانان (تاکو کۆمەڵیان) کراوە کە خۆڕاگربن‌و صەبرو ئارامیان هەبێ وەکوو دەفەرموێ: ﴿ياأيها الذين آمنوا اذا لقيتم فئة فاثبتوا﴾الانفال/٤٥، یان دەفەرموێ: ﴿ان الله يحب الذين يقاتلون في سبيله صفاً كانهم بنيان مرصوص﴾الصف/٤ یان دەفەرموێ: ﴿ياأيها الذين آمنوا اصبروا وصابروا ورابطوا واتقوا الله لعلكم تفلحون﴾آل عمران/٢٠٠، ﴿ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم، واصبروا، ان الله مع الصابرين﴾ الانفال/٤٦.

مەرجی بەدیل کردن‌و فیدیە لێ وەرگرتنیان‌و سوود لێ وەرگرتنیان

مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٧﴾ لَّوْلَا كِتَـٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَآ أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٦٨﴾ فَكُلُوا۟ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَـٰلًا طَيِّبًا ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٩﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّمَن فِىٓ أَيْدِيكُم مِّنَ ٱلْأَسْرَىٰٓ إِن يَعْلَمِ ٱللَّهُ فِى قُلُوبِكُمْ خَيْرًا يُؤْتِكُمْ خَيْرًا مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧٠﴾

وَإِن يُرِيدُوا۟ خِيَانَتَكَ فَقَدْ خَانُوا۟ ٱللَّهَ مِن قَبْلُ فَأَمْكَنَ مِنْهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾

ئەمجار لەبابەتی فەرمان بەهەڵنانی موسوڵمانان بۆ جەنگو فیداکاریو خۆبەختکردن، سیاقەکە دەگوێزێتەوە بۆ رونکردنەوەی حوکمی ئەو قورەیشییانەی کە لەجەنگی بەدردا بەدیل گیرا بوونو کەوتبوونە ژێر دەستی موسوڵمانەکانەوەو چۆنیەتی رەفتار کردنی پێغەمبەرو هاوەڵانی لەگەڵیان دا. پاشان دێتە سەرباسی ئەو دیلانەو هەڵنانیان بۆ ئیمانهێنانو قەرەبوو کردنەوەی ئەو بەهرانەی کە لەوەپێش لەکیسیان چووەو ئەو زیانەی پێیان گەیشتوە.

ئیمامی ئەحمەدو هی تریش لەئەنەسەوە ریوایەتیان کردوە؛ دەفەرموێ: رۆژی بەدر پێغەمبەرﷺ لەبارەی دیلەکانەوە راوێژی بەهاوەڵانی کردو فەرمووی: ئەوە پەروەردگار ئێوەی بەسەر ئەوان دا زاڵ کردوەو ئەم دیلانەی خستۆتە ژێر دەستی ئێوەو، چییان لێ بکەین؟ حەزرەتی عومەر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا! لەگەردنیان دەدەمو دەیانکوژین، پێغەمبەرﷺ رووی لێ وەرگێڕاو، حەزرەتی ئەبوبەکر هەستاو فەرمووی: مـن وای بەباش دەزانم فیدیەیان لێ وەربگرینو ئازادیان بکەین، ئیتر پێغەمبەرﷺ فیدیەی لێ وەرگرتنو ئازادی کردن ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿لَوْلاَ كِتَابٌ مِنَ ا للهِ سَبَقَ.....﴾ی نارده خوارێ.

ئیمامی ئەحمەدو تیرمیذیو حاکیم لەئیبنو مەسعودەوە ریوایەت دەکەن: کە فەرموویەتی: رۆژی بەدر دیلەکانیان هێنان، پێغەمبەرﷺ بەهاوەڵانی فەرموو: راتان چیە دەربارەی ئەم دیلانە؟ حەزرەتی عومەرو حەزرەتی ئەبوبەکر رای خۆیان دەربڕیو پێغەمبەر بەگوێرەی رای حەزرەتی ئەبوبەکر رەفتاری لەگەڵ کردن! قورئان نازڵ بوو پشتگیری رای عومەری کرد ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍ أَنْ يَكُونَ لَهُ اَسْرَى...﴾.

ئیبنولمونذیر لەنافیعەوە لەئیبنو عومەرەوە، دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: هاوەڵان دەربارەی دیلەکانی بەدر مقۆمقۆیان تێ کەوت. پێغەمبەرﷺ راوێژی بەحەزرەتی ئەبوبکرو حەزرەتی عومەر کرد، ئەبوبەکر فەرمووی فیدیەیان لێ وەربگرە، عومەر فەرمووی: بیانکوژە، یەکێکیش وتی: ئەوانە ویستوویانە پێغەمبەر بکوژنو ئیسلام لەناوبەرن، کەچی ئەبوبەکر دەڵێ فیدیەیان لێ

وەریگرە یەکێکی تریش وتی: ئەگەر لەناو ئەو دیلانەدا باوکی عومەر یان برای عومەریان تێدا بوایە داوای کوشتنی دیلەکانی نەدەکرد؟!!

ئیتر پێغەمبەرﷺ رای حەزرەتی ئەبوبەکری پەسند کردو فیدیەی لیّ وەرگرتن. ئەوەبوو ئایەتی ﴿لَوْلَا كِتَابٌ مِنَ اللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ هاتە خوار، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: خەریک بوو لەپەیرەو نەکردنی رای کوڕی خەططاب عەزابێکی سامناک بمانگرێتەوە، خۆ ئەگەر ئەو سزایە بهاتایە جگە لەعومەر کەسی تر رزگاری نەدەبوو.

ئەم ریوایەتانە تێکرا ئەوە دەگەیەنن کە پێغەمبەرﷺ رای حەزرەتی ئەبوبەکری پەسند کردوەو فیدیەی لەدیلەکان وەرگرت، ئایەتەکە بەو هۆیەوە نازڵ بووە. ریوایەتیش هەیە تیرمیذی لەئەبوهورەیرەوە ریوایەت دەکا، ئەوە دەگەیەنێ کە ئایەتەکە بەهۆی ئەوەوە نازڵ بوو بێ کە موسوڵمانەکان دەسکەوتی غەزای بەدریان وەرگرت پێش ئەوەی بۆیان حەلاڵ بکرێ.

مامۆستا سەیید لەم بارەوە ریوایەتی زۆری هێناون، یەکێ لەم ریوایەتانە ئەوەیە: دەڵێ: ئەعمەش لەعومەری کوڕی مورەوە ئەویش لەئەبو عوبەیدەوە ئەویش لەعەبدوڵلاوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: رۆژی بەدر پێغەمبەرﷺ روی کردە هاوەڵانیو فەرمووی: لەبارەی دیلەکانەوە چی دەڵێنو راتان چیە؟ ئەبوبەکر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەوانە نەتەوەو خزمو کەسوکاری خۆتن، بیانهێڵەوە مۆڵەتیان بدەو داوای تۆبەیان لیّ بکە، بەڵکو تۆبە بکەنو خودا تۆبەکەیان لیّ وەربگرێ.. عومەر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەوانە بەدرۆیان خستیەوە، دەریان کردی، بیانهێنە پێشەوەو لەملیان بدە... عەبدوڵلای کوڕی رەواحە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! شیوو دۆڵێکی وا دیاری بکە کە دارو لێڕەواری زۆر بێ، بیانخەرە دۆڵەکەوەو ئاگریان تیّ بەردە.. پێغەمبەرﷺ بێ دەنگ بوو، هیچ وەلامی نەدایەوە، دوایی هەستاو چووە ژوورەکەی.. ئەمجار خەڵکەکە کەوتنە مقۆمقۆو هەندێکیان وتیان: وا باشە بەگوێی حەزرەتی ئەبو بەکر بکەین، هەندێکیان وتیان: حەق وایە بەقسەی عومەر بکەین، هەندێکی تریان وتیان: وا باشە بەقسەی عەبدوڵلای کوڕی رەواحە بکەین، ئەمجار پێغەمبەرﷺ هاتەوە بۆ ناویانو فەرمووی:

(پەروەردگار دڵی هەندێ کەس ئەوەندە نەرم دەکا تاوای لێ دێ لەشیرو ماست نەرم تر دەبێ. هەروەها خودا دڵی هەندێ کەسیش وا رەق دەکا لەبەرد رەقتر دەبێ، وێنەی تۆ ئەی ئەبو بەکر وەکوو وێنەی ئیبراهیم وایە ﷺ کە فەرموویەتی ﴿فَمَنْ تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي، وَمَنْ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ابراهیم/٣٦ هەروەها وێنەی تۆ ئەی ئەبو بەکر وەکوو حەزرەتی عیسا وایە کە فەرمووی: ﴿إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾المائدة/١١٨.

وێنەی تۆش ئەی عومەر وەکوو وێنەی موسا وەهایە: کە فەرمووی: ﴿رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَى أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَى قُلُوبِهِمْ﴾یونس/٨٨ هەروەها وەکوو وێنەی نووح وایە کە فەرمووی: ﴿رَبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّارًا﴾نوح/٢٦ ئەمجار پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەمڕۆ ئێوە ژێر دەستەن، کەس لەئێوە رزگاری نابێ، مەگەر بەفیدیەو خۆکڕینەوە یان لەملتان دەدرێ، ئیبنو مەسعوود دەفەرموێ: ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ. کە دەفەرموێ: ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ﴾

ریوایەتێکی تر هەیە موسلیمو ئەحمەد لەعیکریمەی کوڕی عەممارە، ئەویش لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتی کردەوە کە وەصفی پێغەمبەرو هاوەڵەکەی: حەزرەتی ئەبو بەکر دەکا دوای هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە.. ریوایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوانەی فیدیە وەرگرتنیان پەسند کردوە کۆمەڵێکی زۆرن.. ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: حەزرەتی عومەر بۆی گێڕامەوە فەرمووی: کە جەنگی بەدر پەرپا بوو موشریکەکان شکان، حەفتا پیاوی جەنگاوەریان لێ کوژرا، حەفتا شەرکەریشیان لێ بەدیل گیرا، پێغەمبەر ﷺ راوێژی بەئەبو بەکرو عومەرو عەلی کرد، ئەبوبەکر وتی: ئەی پێغەمبەر! ئەوانە خزمو کەسوکارن، من پێم وایە فیدیەیان لێ وەربگیرێ باشترە، ئەوەی لێیان وەردەگیرێ دەبێتە هۆی هێزو توانا بۆ ئێمە دژی کافرەکان، وێرای ئەوەش هیوای ئەوەیان لێ دەکرێ خودا هیدایەتیان بداو موسوڵمان ببن، ببنە

یارمەتیدەری ئێمە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی ئەی کوڕی خەتتاب! تۆ چی دەڵێی؟

حەزرەتی عومەر دەفەرموێ: وتم: سوێند بێ مـن رای ئەبو بەکرم نیەو پەسندی ناکەم، وەلێ ئەگەر رێگەم دەدەی فلان خزمی عومەرە خۆم لەگەردنی دەدەم، رێگە بدە با عەلی لەگەردنی عەقیل بدا، رێگە بدە حەمزە لەملی فلانکەسی خزمی بدا، تا خودا ئاشکرای بکا کە ئێمە هیچ خۆشەویستیەکی موشریکەکانمان لەدەروون دا نیە، ئەوانە گەورەو ملهوڕو سەرانی قورەیشن.. بەلام پێغەمبەرﷺ رایەکەی ئەبو بەکری بەدڵ بوو، رای عومەری پەسند نەکردو فیدیەی لەدیلەکان وەرگرت.

حەزرەتی عومەر دەڵێ: بۆ سبەینێ کە چووم بۆ خزمەت پێغەمبەرﷺ بینیم تەشریفی لەگەڵ ئەبو بەکردا دانیشتبوو هەردوکیان دەگریان، وتم ئەی پێغەمبەری خودا! پێم بفەرموو: چی ئێوە دەگریەنێ باباز انم منیش هاوبەشیتان دەکەم لەگریاندا.. پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بۆ ئەوە دەگریم کە هاوەڵانت رای ئەوەیان بۆ دام کە فیدیە لەدیلەکان وەربگرم، بێگومان عەزابێکم پیشان درا لەو دارە نزیکە لێم نزیکتر بوو، پەروەردگار ئایەتی ﴿مَاكَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ﴾ تادەگاتە ﴿لَوْلَا كِتَابٌ مِنَ اللهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ی نازڵ کردوە. هەڵبەتە ئەم ریوایەتە لەهەموو ریوایەتەکان گشتی ترەو راست ترەو لەپێش ترە بۆ بەڵگە پێ هێنانەوە.

بەکورتی: دەبوایە دیلەکان بکوژرانایە، ئەوە پەسند بوو، وەرگرتنی فیدیە لێیان بەئیجتهادی پێغەمبەر بووﷺ هەموو ئیجتیهادێکیش وێ دەچێ هەڵەبێ وێ دەچێ راست بێ، بەلام ئیجتهادی پێغەمبەرﷺ کە هەڵەی تێکەوت دەبێ راست بکرێتەوە.[1] ئیتر ئەم ئایەتانە نازڵ بوون کە دەفەرموێ: ﴿مَاكَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ﴾ دروست نیەو ناگونجێو رەوا نیە بۆ هیچ پێغەمبەرێک لەپێغەمبەران: کە دیلی هەبن گلیان

[1] تەفسیری مونیر ج١٠/٧٠-٧١

بداتەوەو بەندیان بکـا، یـان فیدیـەیان لیٚ وەربگـریٚ، یـان بەمنـەتـو پیـاوەتی بەرەلایان بکـا. مەگـەر پـاش ئـەوەی بەتـەواوی بـالاٚ دەست دەبـیٚو دوژمنـان دەشـکیٚنیٚ، دوژمنـانی لـەخویٚن دا دەگـەوزیٚنیٚو زۆریان لیٚ دەکـوژیٚو ئیـتر توانـای شـەرکردنیان نـامیٚنیٚ، بـالاٚ دەسـتیو سـەرکەوتن بـۆ موعەسـکەری ئیسلامیو موسولٚمانان بەرقەرار دەبیٚ، ترسو خۆف دەچیٚتـە دلٚـی کافرانـەوەو کەسیان زات نەکا جاریٚکی تر هیٚرش بۆ سەر موسـولٚمانان بکـا، هـەروەها بـۆ ئەوەی هیچ کامیٚک لەو دیلانە هەولٚی زەعیف بوونی موسولٚمانان نەداو نەچیٚ جاسووسییان بەسەرەوە بکا، کە بەرەلاٚ کراو گەرایەوە بۆ ولاٚتی خـۆی زانیـاری دەربارەی هیٚزو توانای موسولٚمانان بگەیەنیٚ بەهیٚزی کافران.

بـەلام ئیٚـوە ئـەی موسـولٚمانان! لەجـەنگی بـەدر دا پەلـەتان کـرد: کـە دیلەکانتان گرتن خیٚرا فیدیەتان لیٚ وەرگرتن ﴿تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللّٰهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ﴾ ئیٚوە بەم فیدیـە وەرگرتنـە دەتانـەویٚ کـالاٚی دونیـای فانیتـان چنگ بکەویٚ، پەروەردگاریش دەیـەویٚ ئیٚـوە پاداشـی قیامـەتتان دەسکەویٚو پلەو پایەی بەهەشت بۆ خۆتان پەزمـەندە بکەن، خـودا دەیـەویٚ وشـەی حـەق سەربکەویٚو ئیٚوە بەشتی مادی پووچەوە هەلٚەوگیرنەبن، حوکمو یاسایەکتان بۆ دادەریٚژیٚ: کە ببیٚتە هۆی چوونە ناو بەهەشتو سـەرفرازی دونیـاو قیامـەتتان، ئەمـەش لەریٚگـەی خویٚــن رشـتنی دوژمنــانو سەرخسـتنی وشـەی حـەقو چەسپاندنی عەدالٚەتو یاسای گونجاو بۆ ئادەمیزادو عـیزەت پـەیداکردن بـۆ ئایینو قەلاٚچۆ کردنی دوژمنان دەستەبەر دەبیٚ.

﴿وَاللّٰهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ پـەروەردگار بـەهیٚزو دەسـەلاٚتەو خۆشەویسـتانی خۆی زالٚ دەکا بەسەر دوژمنـان دا لیٚیـان بکـوژنو لیٚیـان بـەدیل بگـرن، دانـاو حەکیمـە لەفـەرمانو کردارەکـانی دا، بـۆ هـەموو شـتیٚک یاسـای موناسـیبو حوکمـی گونجـاو دەردەکا، بۆیــە لــەکاتیٚک دا کــە هــیٚزو دەســەلاٚت بــۆ موشریکەکانەو ئەوان بالاٚ دەستن جلٚەو گـیری لەموسـولٚمانان دەکـا کـە نـابیٚ فیدیە لەدیل وەربگرنو دەبیٚ خویٚن بریٚژنو زەبری کاریگەرو جـەرگبڕ لـەدوژمن بـدەن، بەمـەش عـیززەتو سەربەرزیو شانو شـەوکەتو سـامو هەیبـەت بـۆ

موسوڵمانان دەستەبەر دەبێو دوژمن لێیان دەترسێ وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾المنافقون/٨.

﴿وَلَوْلَا كِتَابٌ مِنَ ا للَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ خۆ ئەگەر پەروەردگار لەوەپێش لەلەوحولمەحفوظ دا بڕیاری ئەوەی نەدایە کە لێبووردنی هەیە بۆ کەسێک ئیجتهاد بکاو بەهەڵە بچێ، ئەگەر حوکمی لێخۆشبوونی لەوانە دەرنەکردایە، ئەوە بەهۆی ئەو فیدیەی کە بەپەلە لەدیلەکانتان وەرگرت، سزایەکی گەورەو بەئێشتان تووش دەبوو، چونکە ئەوانەی ئیجتهادیان کردو تێفکرین وایان بەپەسەند زانی کە بییان هێڵنەوەو نەیانکوژن، پێیان وا بوو: هێشتەنەوەیان لەوانەیە ببێتە هۆی ئیسلام بوونیانو تۆبەکردنیان، فیدیە لێ وەرگرتنیشیان دەبێتە هۆکاری بەهێز بوونیان بۆ تێکۆشانو جیهاد لەرێگەی خودادا، ئەوەیان لەبیر چووبوو کە کوشتنی دیلەکان شکۆمەندی بۆ موسوڵمانان دەستەبەر دەکاو ساموهەیبەتیان دەخاتە دڵی کافرەکانەوە. هەندێک لەراڤەکەرانی قورئان دەڵێن: ئەو بڕیارەی پەروەردگار لەلەوحولمەحفوظ دا نووسیویەتیو چەسپاوە بریتییە لەوە کە ئەهلی بەدر سزا نەدا، ئەوان خودا لێیان خۆش بووە، یان بڕیارو حوکمەکەی ئەوەیە: کە هیچ نەتەوەیەک سزا نەدا مەگەر پاش پێ ڕاگەیاندنو جەخت لەسەر کردنەوە، دەی خۆ ئەصحابی بەدر لەوە پێش ئەوەیان پێ ڕانەگەندرا بوو کە فیدیە لەدیل وەرنەگرن کەوابێ ئەمان بەر ئەو حوکمە دەکەونو سزا نادرێن..

یان تەنها تاوانی ئەوان ئەوە بوو: کە پەلەیان کرد بۆ وەرگرتنی دەسکەوتی جەنگو هێشتا بۆیان حەلاڵ نەکرابوو. کە لەوەبەولاوە خودا بۆیان حەلاڵ دەکا. واتە: ئەگەر ئەم حوکمە ئیلاهییە پێش وەختە نەبوایە کە خودا بڕیویەتیەوە دەربارەی ئێوەی موسوڵمان، لەسەر ئەو فیدیە وەرگرتنە سزایەکی سامناکتان تووش دەبوو، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە: کە کارەکەیان زۆر سامناکو خەتەرناک بووە.

ئەمجار دوای ئەوەی کە خودا رەخنەی لەموسوڵمانان گرت لەسەر فیدیە وەرگرتن لەدیلەکان، بەفەضڵو مینەتی خۆی، بڕیاری بۆ حەلاڵبوونیان بۆ دەداو بۆیان دەخاتە چوارچێوەی دەسکەوتی شەڕو بەو غەنیمەتە حلێبی دەکا

کە لەسەرەتای سورەتەکە دا بۆی حەڵاڵ کردبوون. ئەوەشمان لەیاد نەچێ دەسکەوتی جەنگ بۆ نەتەوەی هیچ پێغەمبەرێک حەڵاڵ نەبوە. غەنیمەتی جەنگ تەنها بۆ نەتەوەی ئیسلام حەڵاڵ بووەو شتێکە تایبەتی نەتەوەی پێغەمبەری ئیسلام بووە... دەفەرموێ: ﴿فَكُلُوا مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَالاً طَيِّباً﴾ ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان: دەستکەوتی جەنگتان بۆ حەڵاڵ کرا، وەرگرتنی فیدیەشتان بۆ رەوایەو وەکوو دەستکەوتی جەنگ وایە. کەوابێ لەو فیدیەی وەرتان گرتووە بخۆنو بەکاری بێنن لەحاڵێک دا کە بۆتان رەوایە، ماڵێکی پاکو خاوێنەو لەزاتی خۆی دا حەرام نیە، هاوکات لەگەڵ خواردنو بەکار هێنانی فیدیە، تەقوای خودا بکەنو لەئاگری دۆزەخ بترسێن، لەهەموو کاروبارێکتان دا لایەنی خودا پاشگوێ مەخەن، ﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ بێگومان پەروەردگار لێخۆشبوونو لێبوردنی زۆرو فراوانە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ رەحمەتو لێخۆشبوونی بیانگرێتەوە، واتە: دەبێ تەوازونێک لەهەستی خۆیان دا بەرامبەر خودا بێننە کایەوە؛ بەجۆرێک بەرەحمەتی خودا بۆغرا نەبنو تەقوای خودایان لەیاد نەچێ.

لەخودا بترسن سەرپێچی فەرمانەکانی مەکەن، شتێک کە سەرپێچی نەهیو فەرمانی خودای تێدا بێ توخنی مەکەون، لەوەدواش تاوان ئەنجام مەدەن، خودا لەو تاوانەی کە فیدیە وەرگرتنتانە خۆش دەبێ، بەرەحمو بەبەزەییە پێتان بەوەی کە فیدیە وەرگرتنی بۆ حەڵاڵ کردن. بەشێکیش لەرەحمەتی خودا بۆ بەندەکانی ئەوەیە: کە تۆبەیان لێ وەردەگرێو لەتاوانیان خۆش دەبێ.

ئەمجار پەروەردگار دەستێکی رەحمەت بەسەر دڵی دیلەکان دا دێنێو هیواو ئاواتیان تێدا دروست دەکا، دەرگای خێرو ئەمەلیان بۆ دەکاتەوە، روناکاییو نوور دەخاتە ناو دڵیانەوە، پابەندیان دەکا بەدوا رۆژێکی وا لەرابووردویان باشتر بێ، بەتەمای ژیانێکیان دەکا لەهی پێشوویان کامەرانی تر بێ، ماڵو سامانو کەسبو کارێکیان بۆ دەست نیشان دەکا زۆر باشترە لەو ماڵو سامانەی لەکیسیان چووەو لێیان وەرگیراوە، دوای ئەوانە هەموو، ئەمجار بەتەمای لێخۆشبوونو رەحمەتی بێ پایانی خودایان دەکاو

دەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِمَنْ فِي أَيْدِيكُمْ مِنَ الْأَسْرَى إِنْ يَعْلَمِ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمْ خَيْرًا يُؤْتِكُمْ خَيْرًا مِمَّا أُخِذَ مِنْكُمْ﴾ ئەی پێغەمبەر! بەو ئادەمیزادە موشریکانە بڵێ: کە بەدیلی کەوتوونە دەست ئێوەو فیدیەتان لێ وەرگرتوون، پێیان بڵێ: ئەگەر لەدڵتان دا خێرێکی تێدا بێ‌و زانیاری خودا پێیەوە پەیوەست بێ‌و ئێوە ئێستا یان لەداهاتوودا ئیمان‌و ئیخلاص‌و مەبەستو نیازتان پاک بێ‌و سووربن لەسەر تاعەتی خوداو شوێنکەوتنی پێغەمبەر لەهەموو کردەوەیەکتان دا، تۆبە بکەن لەکوفرو بێدینی رابووردووتان‌و واز لەهەموو تاوانێک بێنن، عەزمتان جەزم بێ لەسەریارمەتیدانی پێغەمبەرو پەیامەکەی‌و بەخەیاڵیش دژایەتی نەکەن، ئەوە دڵنیابن پەروەردگار زۆرترو باشترتان لەوەی لێتان وەرگیراوە دەداتەوە، زەرەرو زیانی پێشووتان بۆ قەرەبوو دەکاتەوە، سەرباری ئەوەش ﴿وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ لەتاوانی شیرکو بێدینیتان خۆش دەبێ، پەروەردگار خۆشبوو لێبووردووە بۆ ئەو کەسانەی تۆبە لەتاوان دەکەن، بەرەحم‌و بەبەزەییە بۆ خوداپەرستان بەچاودێری خۆی‌و توفیق‌و رەهنومایی کردنی کۆمەگیان پێ دەکا!

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: ئەو دیلانەی ئەم ئایەتە باسیان لێوە دەکا عەبباس‌و هاوەڵانی بوون، بەپێغەمبەریان گوت: ئیمانمان بەپەیامەکەت هێنا، شایەتی دەدەین تۆ پێغەمبەری خودای، بانگەوازی نەتەوەکەش بۆ ئەم راستییە دەکەین، ئیتر ئەم ئایەتە نازڵ بوو!

بەڵێ ئایینی ئیسلام کە رێگا دەدا دیل لای موسوڵمانان بمێنێتەوە بۆ ئەوە رێگا دەدا تا لەدڵیان دا خێرو هیواو ئاواتی خۆشبەختی بڕسکێنێ‌و مشتوماڵی دڵو دەروونیان بکا، دەرگای خێرو ئەمەلو گەشبینی‌و راستالییان لێ بکاتەوە بۆ ئەوە دیل لای خۆی گل دەداتەوە، کە ئامێری ئیستقبال‌و وەرگرتن‌و وەلامدانەوەی هیدایەتیان تێدا بوروژێنێ، نەک بۆ ئەوە تۆڵەیان لێ بکاتەوە، یان بۆ ئەوەی بیانچەوسێنێتەوەو ئیستیغلالیان بکا، وەکوو لەجەنگو هێرشەکانی فارس‌و رۆمان‌و گەلو نەتەوەکانی تردا باوبوو.

ئیمامی زوهری لەکۆمەڵێکەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: قورەیش ناردیان بۆ کرینەوەی دیلەکانیان، هەر هۆزەو فیدیەی دیلەکانی خۆیدا.

عەبباس وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من موسوڵمان بووم، پێغەمبەرﷺ فەرمووی دەزانمو ئاگام لەموسوڵمان بوونەکەت هەیە، ئەگەر وا بێ وەکوو دەڵێی ئەوە خودا پاداشت دەداتەوە، بەڵام دیمەنی رواڵەتیت ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ دژی ئێمە هاتووی بۆ جەنگ، دەبێ فیدیەی خۆتو دوو برازاکانت: (نەوفلی کوڕی حاریثی کوڕی عەبدولموطەلیب، عەقیلی کوڕی عەتەبەی کوڕی عەمر؛ برای بەنیلحاریثی کوڕی فیهریش بدەی.

عەبباس وتی: ناتوانم نیمە ئەو حەمکە ماڵە بدەم ئەی پێغەمبەری خودا. پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەی ئەو ماڵە لەکوێیە کە ژێر خاکت کردو بەئومولفەضلت گوت: ئەگەر لەم سەفەرە نەهاتمەوە، ئەوە ئەم ماڵەی ژێر خاکم کرد بۆخۆتو فەضڵو عەبدوڵلاو قوثەم بێ؟ عەبباس کە ئەمەی بیست وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! بەراستی تۆ رەوانەکراوی خودایو دەزانم تۆ پێغەمبەری، بەراستی، ئەمە شتێک بوو جگە لەخۆمو ئومولفەضل کەسی تر ئاگای لێ نەبوە، دەی حیسابم بۆ بکەن لەو ماڵەی پێمەوە گیراوە بیست ئۆقیە زێری بۆ خۆتان بەرن! پێغەمبەرﷺ فەرمووی نا ئەو ماڵە دەسکەوتی جەنگەو بەغەنیمەت حسێبە ئەوە هی خۆمانە. ئیتر عەبباس بیست ئۆقیە زیوی بۆ برازاکەیو هاوپەیمانەکەی دا بەم هۆیەوە ئەم ئایەتە ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِمَنْ فِي أَيْدِيكُمْ مِنَ الْأَسْرَى......﴾ هاتە خوارێ.

جا عەبباس دەیگوت: پاشان خودا کەلێنی بۆ پڕکردمەوە زۆر بەشی باشتری لەوەی لێم وەرگیرابوو پێ دام، بووم بەخاوەنی بیست کۆیلە، هەموویان بازرگانییان بەماڵو سامانێکی زۆر بۆ دەکردم، هیوای لێخۆشبوونی پەروەردگاریشم هەیە.

ئەبو ششەیخ واتە ئیبنو حەییان لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: عەبباسو هاوەڵەکانی بەپێغەمبەریان گوت: ئیمانمان هێنا بەو پەیامەی بۆت هێناوین، شایەتی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خودای ئیتر ئایەتی: ﴿إِنْ يَعْلَمِ اللهُ فِي قُلُوبِكُمْ خَيْراً.....الآية﴾ هاتە خوارێ.

﴿وان يريدوا خيانتك﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! ئەگەر ئەو دیلانە بەتەما ئەوە بن کە خیانتت لێ بکەن لەم روەوە بەرواڵەت موسوڵمان بنو لافی ئاشتیو ئاشتەوایی لێ بدەن، پاشان پەیمان شکێنی بکەنو وادە بەخیلاف دەربچن، ئەوە لێیان مەترسەو چ بایەخێکیان نیەو چییان پێ ناکرێو بەمراد ناگەن.. وەکوو لەوەپێش ئاواتیان بەدی نەهاتووە. ئەوەتا ﴿فَقَدْ خَانُوا اللهَ مِنْ قَبْلُ﴾ بێگومان ئەوان لەپێش روداوی جەنگی بەدردا خیانەتیان لەخودا کردوە بەوە کە کافر بوونو پەیمانی رۆژی ﴿قَالُوا بَلَى﴾یان شکاندوە؟! وەکوو لەئایەتێکی تردا ئامــاژە بەئەمــە دەکــاو دەفــەرموێ: ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ؟ قَالُوا: بَلَى﴾الاعراف/١٧٢.

بەڵگەی جۆراو جۆری لەبوونەوەردا نیشان دان، عەقڵو هۆشی پێداون بۆ ئەوەی بەکاریان بێننو دان بەتاکو تەنهایی خودا دا بنێن. بەڵام ئەوان پاشگەز بوونەوەو پەیمانیان شکاند؟ ﴿فَأَمْكَنَ مِنْهُمْ﴾ پەروەردگار لەشەڕی بەدردا ئێوەی بەسەریان زاڵ کردو بەو دەردەی بردن کە دیتان، خۆ ئەگەر سەرلەنوێ رو لەخیانەتکاری بکەنەوەو بەتەمابن فێڵت لێ بکەن ئەوە خودا تۆ بەسەر ئەوان زاڵ دەکاتەوەو تێکیان دەشکێنێ! ﴿وَاللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ پەروەردگار ئاگاداری نیازو مەبەستی ئەوانەیەو داناو لێزانە لەداناني پیلانو نەخشەی داو خاوەن دەسەڵاتە لەئەنجامدانی هەموو کارێکی دا، موسوڵمانان بەسەر کافران دا سەردەخا! ئەمەش دڵدانەوەی پێغەمبەری تێدایەو مژدەی سەرکەوتنیان پێ دەداو هەڕەشەی تێشکان لەکافرەکان دەکا، ئاشکراشە پەروەردگار بەسەر هەموو شتێک لەبوونەوەردا ئاگادارەو دەسەڵاتی رەهای هەیە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی بیەوێ بیکا، مامۆستا سەیید لەقورطوبییەوە ئەویش لەئیبنولعەرەبییەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: کاتێک موشریکەکان ئەو هەموو دیلەیان لێ گیران، هەندێ لەدیلەکان بەدەم موسوڵمان بوون، لەناخەوە ئیمانیان نەهێنا بوو، بەتەواوی دانیان بەئایین دا نەنابوو، دەیانەویست لەموسوڵمانەکان نزیک ببنەوەو لەکافرەکانیش دوور نەکەونەوە، واتە زەمانەسازییان دەکرد.

لەم رووەوە زانایانی ئیسلام دەڵێن: ئەگەر کافر بەدڵو بەدەم دانی بەئیسلام دا ناو موسوڵمان بوو، بەڵام بەکردەوە نەیچەسپاندو عەزیمەتی بەردەوام نەبوو تێیدا بەموسوڵمان حسێب ناکرێ، ئەگەر ئەم هەڵوێستە لەموسوڵمانێکەوە سەری هەڵدا ئەوە دەبێتە کافر. مەگەر بەهۆی وەسوەسەو ختوکەوە بێ ناتوانێ بەرەنگاری بکاو ناتوانێ لەخۆی دووربخاتەوە، ئەو حاڵەتە خودا چاوپۆشی لێ کردوەو بەهەڵوێستی حلێب نەکردوە.

پۆلێن کردنی موسوڵمانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لەڕوانگەی ئیمانهێنانو کۆچکردنەوە

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَىْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْ ۚ وَإِنِ ٱسْتَنصَرُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ فَعَلَيْكُمُ ٱلنَّصْرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَٰقٌ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٧٢﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ ﴿٧٣﴾

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٧٤﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ بَعْدُ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمْ فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمْ ۚ وَأُوْلُواْ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿٧٥﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار یاسای جەنگو ئاشتی لەگەڵ کافران دا بۆ موسوڵمانان روونکردەوە، حوکمی چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دیلەکانی جەنگ دا دیاری کرد، ئەمجار چۆنیەتی پەیوەندی کۆمەڵگای موسوڵمان دیاری دەکاو چۆنیەتی پەیوەندییەکانی نێوان موسوڵمانانو کۆمەڵگاکانی تر دەست نیشان دەکا، حوکمی رێکو پێک بۆ ئەم پەیوەندییانە دەردەکا، ئیتر لەروانگەی ئەم پەیوەندییانەوە چۆنیەتی کۆمەڵگای موسوڵمان تێدەگەین، بۆ مان دەردەکەوێ ئەو بنەمایانەی کە ئەو کۆمەڵگایە پەیڕەوی دەکا چۆنو چین!

دەزانین پەیوەندییەکە پەیوەندی خوێنو گۆشت نیە، پەیوەندی خاکو رەگەز نیە، پەیوەندی مێژوو زوبانو ئابوری نیە، بەڵکو پەیوەندی بیرو باوەڕە، پەیوەندی قاعیدەو قیادەیە لەسەر بنەمای ئایینو خۆبەخت کردنیان لەپێناوی داو ئەندازەی دڵسۆزیو فیداکارییان بۆ ئەم پەیامو ئایینە، لەژێر رۆشنایی ئایین‌دا ئەندازەی موسوڵمانان پۆلێن دەکاو دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللهِ، وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَئِكَ بَعْضُهُمْ أَولِيَاءُ بَعْضٍ، وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَالَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا﴾ ئایەتەکە موسوڵمانان دەکا بەچوار کۆمەڵو گرۆهو تاقم.

١- ئەو موسوڵمانانەی پێش جەنگی بەدر کۆچیان کردوە. واتە: کۆچکرنەکەیان پێش پەیمانی ئاشتی حودەیبییە بووە.

٢- ئەنصارەکان: دانیشتوانی شاری مەدینە کە موسوڵمان بوونو کۆچکارە موسوڵمانەکانیان لەخۆگرتنو حەواندیاننەوە.

٣- ئەو موسوڵمانانەی کە کۆچیان نەکردوو لەولاتی کوفردا مانەوە.

٤- ئەو موسوڵمانانەی پاش پەیمانی حودەیبییە کۆچیان کردوە.

تاقمی یەکەم ئەو موسوڵمانانەن کە لەسەرتای ئایەتەکەوە باس کراونو رەوشتەکانیان دیاری کراوە، بە ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللهِ﴾ پێناسە کراون،

واتە: ئەوانـەی بڕوایـان بـەخوداو بەپێغەمبـەری خـودا هێنـاوە، دەستـەی یەکەمی کۆچکارانن، لەپێش جەنگی بـەدردا تـا پـەیمانی ئاشتی حودەیبییـە سـاڵی شەشـەمی کۆچی کۆچیـان کـردوە، ئـەو تاقمـە موسـوڵمانانەن زێـدو نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتـو وازیان لەماڵو دارایی خۆیان هێنـاو هـاتن بـۆ یارمەتی ئایینی خوداو بڵاوکردنـەوەی بـیرو بـاوڕی ئیسـلامی. خۆیـانو مـاڵو سامانیان لەپێناو ئایینی خـودادا بـەخت کـرد، ئـەم تاقمـە بەتـەواوی لێبـڕانو ئەوپەڕی فیداکاریو تێکۆشـانیان ئـەنجام دا، ئەمانـە لای خـوداو لەتـەرازووی خودادا دەستەیەکی کـامڵو رێـزدارن، خـاوەنی فـەضڵو فیداکـارین لـەرێگای ئیسلام دا، پەروەردگار بەخاوەن ئیمانو بڕوا بتەو ئامـاژەی بـۆ کـردوون، بـەوە وەصفی کـردوون کـە بڕوایـان بەهـەموو پـەیامی پێغەمبـەرﷺ هەیـە. هـەروا وەصفی بـەوە کـردوون کـە لـەپێناو ئـایینی خودادا نیشـتمانی خۆیـان بـەجێ هێشتووەو وازیان لەماڵو سامانی خۆیان هێناوە، لەبەر خاتری ئایینی ئیسـلام کۆچیان کردوە بۆ رەزامەندی خوداو یارمەتیدانی پێغەمبەرﷺ بوونـە ئـاوارەو وڵاتیان جێ هێشتووە، هەروەها وەصفی بـەوە کـردوون کـە لـەرێگای خـودادا گیانو ماڵی خۆیان بەخت کردوەو جیهادیان کردووە.

جیهـاد بـەماڵ: بریتییـە لەماڵبەخشـین لـەبواری هاریکـاریکردنی موسوڵماناندا، ماڵ پێدانیان بـۆ کۆچکـردنو بـەرگری کـردن لـەئایینی خـودا، وەکوو ئەوە کە ماڵو سـامانی خۆیـان خـەرج کـردوە بـۆ پێداویستی جـەنگو پێداویستی موسوڵمانان، ئەمە جگە لەو گیانفیداییو دڵ فراوانییـەی نوانـدیـان کـە مـاڵو سـامانی خۆیـان لەمەککـە جـێ هێشـتو وازیـان لەهـەموو بەرژەوەندییەکی دونیایی خۆیان هێنا!

جیهاد بەنەفس: بریتییە لەجەنگان دژی دوژمنانو خۆبەزلزانین بەسـەریان داو بایەخ پێ نەدانیان، هەروا ئەو نارەحەتیەی کە پێش ئیزن بەجەنگان لەگـەڵ کافران دا تووشیان هاتووە، هەروەها خۆڕاگرییان لەسەر ئەزیـەتو نارەحـەتیو گـیرو گرفتـی جۆراو جۆر کـە بـەردەوام تووشـی موسوڵمانان دەبـێ لـەپێناو ئایینەکەیان دا.

پێش خستنی جیهاد بەماڵ لەسەر جیهاد بەنەفس لەم ڕووەوەیە: کە جیهاد بەماڵو سامان بەخشین پتر پێداویستی موسوڵمانان دابین دەکا، جیهاد بەنەفس بەبێ جیهاد بەماڵ دەستەبەر نابێو نایەتە ئەنجام، چونکە جەنگ پێویستی بەئامێری جۆراو جۆر هەیە ئەویش بەماڵو سامان دابین دەکرێ کەسێک بەبێ دابینکردنی ئامێری جەنگ بچێتە بەرەنگاری دوژمن خۆیەفیرۆ دانەو خۆخستنە ناو تالووکەوەیە.

بەکورتی پەروەردگار دەستەی یەکەمی کۆچکارانی بەچوار ڕەوشت پێناسە کردوە: یەکەم ئیمان بەخوداو بەفریشتەو بەنامە ئاسمانیەکانو پێغەمبەرانو ڕۆژی دوایی. دووەم: کۆچکردن لەپێناو ئایین دا. سێیەم: جیهادو تێکۆشان بەماڵو بەگیان دژی دوژمنان. چوارەم: دەست پێشخەریو ڕەچەشکاندن بۆ ئەم کردارو هەڵوێستانە.

تاقمی دووەم: ئەوانەن کە بە ﴿وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا﴾ پێناسە کراون. واتە: ئەو یارمەتیدەرانەی کە داڵدەی پێغەمبەریان داو کۆچکەرانیان حەواندەوەو لە خۆیان گرتنو لە ماڵی خۆیاندا کردیانن بە بەشە برا، مەدینە بوو بە پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامو بڵاوبونەوەی بانگەوازی ئایینی ئیسلام بە هەموو کونو قوژبنی سەر زەویدا، بوو بە پەناو پەناگای کۆچکەرانو قەڵای مەحکەمی موسوڵمانان. ئەو یاریدەدەرانە لە پێناو ئایینی خودادا کۆچکارانیان کردن بە بەشە براو هاوبەشی ماڵو سامانیان، کام شتی چاکو بە نرخە ئەوەیان دا بە برا کۆچکەرەکانیانو نموونەی هەرە بەرزی دڵ فراوانیو خۆنەویستی بوون. ئەمانەش لەڕێزو فەضڵو شکۆمەندی دا بەپلەی دووەم دێنو دەستەی دووەمن.

﴿أُوْلَئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾ ئەوانە: هەندێکیان یارمەتیدەرو هەم ئاهەنگی هەندێکی تریانن، دۆستو پشتو پەنای یەکترین بۆ پشتگیری کردنی حەقو بڵاوکردنەوەی ئایین، هەریەکەیان لەباتی ئەویتریان کاری یەکتری ئەنجام دەدەن، بەجۆرێک هەریەکەیان دەڵێی کار بۆ خودی خۆی دەکا. هەریەکەیان بۆ ئەویتریان لەهەموو کەسی تر شیاوترە. چونکە مافو بەرژەوەندییان هاوبەشە، بۆیە پێغەمبەرﷺ برایەتی لەنێوان کۆچکارانو

یارمەتیدەران دا چەسپاند، لەنێوان هەر کۆچکەرێکو یارمەتیدەرێک دا برایەتی دامەزراند، بەجۆرێک کە لەپێش خزمایەتی دا میراتیان لەیەکتری دەگرت، ئەم دابو نەرێتە بەردەوام بوو، هەتا کۆچکاران بەهۆی بازرگانیو شتی ترەوە دەوڵەمەند بوونو بوژانەوە، ئەمجار پەروەردگار ئەم یاسایەی هەڵوەشاندەوە، لەصەحیحی بوخاری دا فەرموودەیەک هەیە ئیبنو عەبباس ریوایەتی کردوە، ئەم راستییە دەسەلمێنێ.

ئیمامی ئەحمەد لەجەریری کوڕی عەبدوڵلای بەجەلییەوە فەرموودەیەکی ریوایەت کردوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی (کۆچکارو یاریدەدەران هەندێکیان دۆستو یارمەتیدەری یەکترین. ئازادانی قورەیشو ئازادانی ثەقیف برێکیان وەلیو دۆستو سەرپەریشتیاری یەکترینو تا رۆژی قیامەت ئەم هاریکاریو هەم ئاهەنگییە بەرقەرارو بەردەوامە.) وەلێ ئەم فەرموودەیە: تەنها ئەحمەد ریوایەتی کردوە...

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام لەمەدینە دا هۆی میراتگرتن لەنێوان موهاجرینو ئەنصار دا موسوڵمانیەتیو کۆچکردن بوو، نەک خزمایەتیو شتی تر. موسوڵمان کە لەدەرەوەی مەدینە بوایە میراتی لەموسوڵمانی ناو مەدینە نەدەگرت، مەگەر ئەو موسوڵمانە کۆچی بکردایە بۆ مەدینەو پەیوەندی برایەتی لەگەڵ موسوڵمانە دانیشتووەکەی مەدینە ببەستایە، ئەو کاتە میراتیان لەیەکتر دەگرت.

ئابەو جۆرە پەیوەندی نێوان موهاجرینو ئەنصارو برایەتییان هەموو بوارێکی گشتیدا یەکیگرتەوەو لەهەموو پەیوەندیو بەرژەوەندییەک دا براو خوێنگرو میراتگری یەکتری بوون.

قورئانی پیرۆز زۆر وەصفو پێداهەڵدانی کۆچکارانو یاریدەرانی ئەنجام داوە، لەزۆر ئایەت دا ئەو هاریکاریو هەم ئاهەنگییەی نێوانیانی بەشێوەی مەدح ئامێز هێناوە، وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾التوبة/١٠٠، ﴿لَقَد تَّابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي

ساعةِ العُسْرَةِ﴾التوبة/١١٧، ﴿للفقراءِ المُهاجرين الذين اخرجُوا مِنْ ديارِهِمْ وَأمْوَالِهِمْ يبْتَغونَ فَضْلاً مِن اللهِ وَرِضْواناً، وَيَنْصُرون اللّهَ وَرَسولَهُ، اولئكَ هُمُ الصّادِقونَ، والذينَ تَبَوَؤُوا الدّارَ وَالايمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبّونَ مَنْ هاجَرَ اِلَيْهِمْ وَلاَ يَجِدونَ في صُدورهِمْ حَاجَةً مِمّا اوتوا، وَيُؤْثِرونَ عَلَى أنْفُسِهِمْ، وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ﴾الحشر/٨-٩.

وەکوو دیارە ئایەتەکان، کۆچکارانیان پێش یارمەتیدەران خستووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کۆچکاران ڕێزدارترن، زانایانیش وەکوو ئیبنو کەثیر دەڵێ: کۆڕایان لەسەر ئەم زێدە ڕێزەی کۆچکاران هەیەو، چ خیلافێکیان لەم بارەوە لێوە نەبیستراوە؛؛

تاقمی سێیەم: ئەو موسوڵمانانە بوون کە ئیمانیان هێنابوو، بەڵام کۆچیان نەکردبوو، بەبیرو باوەڕ چووبوونە ڕیزی موسوڵمانانەوە، بەڵام هێشتا پەیوەندییان بەکۆمەڵگای موسوڵمانانەوە نەکردبوو، کۆچیان نەکردبوو بۆ وەڵاتی ئیسلامو نەهاتبوونە ژێر سایەی ئەو حکومەتە ئیسلامی‌یەی کە شەریعەتی خودا تێیدا بەرقەرارەو سەرکردایەتی ئیسلامی کاروباری هەڵدەسوڕێنێ، هێشتا پەیوەندییان نەکردوە بەو کۆمەڵە موسوڵمانەی کەبوونە خاوەن ولاتێکی وا شەریعەتی خودای تێدا حاکمو کارپێکراوە، ئەم تاقمە پەروەردگار بەم شێوە باسیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَالّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا، مَالَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا﴾ ئەوانەی بڕوایان بەپەیامی پێغەمبەرﷺ کردووە، بەڵام لەمەککەوە بۆ مەدینە کۆچیان نەکردووە، لەخاکی کوفردا مانەوەو لەژێر دەسەڵاتی موشریکەکان دان، واتە: لە (**دار الحرب**)دا ماون، ئەوانە هیچ وەلایەتێکی یارمەتیدانو هاریکاری موسوڵمانانی (**دار الأسلام**)یان بۆ ناچەسپێ، ئەوانە بەئەندامی کۆمەڵگای ئیسلامی حسێب ناکرێن، چونکە ئەوانە بەفیعلی بەشێک نین لەکۆمەڵگای ئیسلامی‌و بەتەواوی گەردنکەچی سەرکردایەتی ئیسلامی نین. بەڵام ئەگەر موسوڵمانێک لەلایەن هێزی کوفرەوە دەستگیر کرا لەوەلاتی ئیسلام دوور خرایەوە، ئەوە ئەو دیلە موسوڵمانە حوکمی موسوڵمانانی دانیشتووی (**دار الأسلام**) ی هەیە.

﴿وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ﴾ ئەگەر داوای یارمەتییان لەئێوە کرد دژی ئەوانەی دەیانچەوسێننەوە لەسەر ئایین، ئەوە پێویستە کۆمەکییان پێ بکەنو بەهانایانەوە بچن. ﴿إِلَّا عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ﴾ مەگەر داواکردنی یارمەتیو کۆمەکیەکەیان لەدژی گەلو نەتەوەیەک بێ کە لەنێوان ئێوەو ئەو گەلو نەتەوەدا عەهدو پەیمان هەبێو ئەوان پابەندی پەیمانەکەیان بن، ئەوە ئێوە بەهانایانەوە مەچنو وەلامیان مەدەنەوە، ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ پەروەردگار ئاگادارو بینایە بەو کردارانەی دیانکەنو بەو هەڵوێستانەی دەیاننوێنن، هیچی لێ گوم نابێ، وریابن سنوورەکانی مەشکێنن، بۆ ئەوەی نەکەونە بەرسزاو تۆڵەی سامناکی. هەر کردەوەیەکی دەیکەن خودا چاوی لێیە، سەرو بنی دەزانێ، سەرەتاو ئاکامی لانومایانە، هۆکارو سەرەنجامی هەموو کردەوەیەکی لا ئاشکرایە.

بەکورتی ئەگەر لەغەیری **(دار الاسلام)** دا موسوڵمانان لەسەر ئایین دەچەوسێنرانەوەو داوای کۆمەکییان لەموسوڵمانانی **(دار الاسلام)** کرد دەبێ موسوڵمانان بەهانایانەوە بچن بەمەرجێ بەهاناچوونەکەیان نەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی عەهدو پەیمان لەگەڵ لایەنێکی تر، ئەگەر یارمەتیدانەکە دەبوە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی نێوان ئێوەو موعەسکەری دوژمن ئەوە نابێ ئێوە یارمەتی موسوڵمانە چەوسێندراوەکان بدەن، تەنانەت ئەگەر ئەو موعەسکەرە دەستدرێژیکاریش بێو ستەم لەو تاکە تاکە موسوڵمانانە بکاو لەسەر ئایینو بیرو باوەڕ بیانچەوسێنێتەوە هەر نابێ ئێوە بەهانایانەوە بچنو پەیمانەکەی نێوان خۆتانو ئەو موعەسکەرە هەڵوەشێننەوە... چونکە ئیسلام رێگە نادا غەدرو خیانەت بکرێو پەیمان هەڵوەشێندرێتەوە، بەراستی ئەمە نایابترین پابەندبوونی موسوڵمانانە بەوادەو پەیمانی خۆیانەوە، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە موسوڵمانان چەند گرنگی بە عەهدو پەیمان دەدەنو چەند بەپەرۆشن بۆ پارێزگاری کردنی پەیمانو وادەو بەڵێنی خۆیان..

ئەم تاقمە پێک هاتبوو لەو تاکە تاکە موسوڵمانانەی لە مەککە دا مابوونەوە، یان لەخێڵە عەرەبەکانی دەوروبەری مەدینە دا بوون، بەبیرو باوەڕ

موسوڵمان بووبوون بەڵام پەیوەندییان بەکۆمەڵگای موسوڵمانانەوە نەکردبوو، بەتەواوی گەردنکەچی ئەو سەرکردایەتیە ئیسلامییەی پێغەمبەر نەبووبوون.

﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾ ئەوانەی کافرو خوا نەناسن، برێکیان هاریکارو هەم ئاهەنگی یەکترین، لەسەر بیرو باوەڕی بەتاڵ کۆمەکی بەیەکتر دەکەن، لەدژی ئێوەی موسوڵمان پشتی یەکتری دەگرن، ئێوە دۆستایەتیو هەم ئاهەنگییان مەکەن، ﴿إِلَّا تَفْعَلُوهُ﴾ ئەگەر ئێوە ئەم فەرمانانە جێبەجێ نەکەن، لەناو خۆتان دا هەم ئاهەنگ نەبن، یارمەتی یەکتر نەدەن، هەروەها پەیوەندی خۆتان لەگەڵ کافران دا نەپچڕێنن، پابەندی وادەو بەڵێنی خۆتان نەبن، ﴿تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ﴾ فیتنەو ئاشووب لەنێو خۆتان دا بەرپا دەبێ، دابو نەرێتی جاهیلییەت بەسەر یاسای ئیسلام دا زاڵ دەبێ، سەرزەوی دەبێتە فیتنەو ئاشووب، جاهیلییەتو نەفامی بەسەر ئیسلام دا بوغرا دەبێ، بەندایەتی کردن بۆ ملهوڕان بەسەر بەندایەتی کردن بۆ خودا زاڵ دەبێ. بیرو باوەڕی ئایینی حەق لاواز دەبێ، کوفرو بێدینی پەرە دەستێنن، خوێنرشتن پەیدا دەبێو فیتنە هەموو شتێک دەگرێتەوە، حەقو ناحەق تێکەڵاو دەبن، موسوڵمانو کافر تێکەڵاو دەبنو لێک جیا ناکرێنەوە، بەمەش زێدە فەسادو ئاشووب لەئایینو دونیادا بەرقەرار دەبێ.

بەراستی ئەمە هەڕەشەیەکی گەلێ مەزنەو تا بڵێی سامناکە، ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە ئەو موسوڵمانانەی کەسایەتیو بوونی خۆیان لەسەر بنەمای هەم ئاهەنگیو وەلاء دەربڕین بۆ سەرکردایەتی ئیسلام رانەگەیەنن تاوانبارنو بەرپرسیارن لەبەرامبەر خوداو ئایین دا، جگە لەوەی کە لەژیانی خۆیان دا زەرەرمەند دەبن، تاوانی ئەو فیتنەو فەسادە گشتییەشیان دەکەوێتە ئەستۆ!!

ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوە: کە ئایینی ئیسلام چەند بەتەنگەوەیە بۆ پارێزگاری کردنی کەسایەتی موسوڵمانو سەربەخۆییو ئازادی لەنیشتمانی خۆی دا، چەندە مەبەستیەتی کە موسوڵمانان لە(**دار الكفر**) دا نەمێننەوە.

ئیبنو جەریر فەرموودەیەکی پێغەمبەریﷺ ریوایەت کردوە دەڵێ:
پێغەمبەر فەرموویەتی: (أَنَا بَرِيءٌ مِنْ كُلِّ مُسْلِمٍ بَيْنَ ظَهْرَانَيِ الْمُشْرِكِينَ) ئەمن بەریم لەهەر موسوڵمانێکێ کە لەژێر سایەی موشریکان دا ژیان بەسەر دەبا، پاشان فەرمووی: (لا يتراءى ناراهما) باوەندە لێک دووربن چاویان لەئاگری یەکتر نەبێ.

ئەمجار سیاقی قورئان جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوە بچەسپێنێ کە بیرو باوەڕی حەقو راست لەو موسوڵمانانەدا رەنگ دەداتەوە کەئەم ئایەتە پێناسەیان دەکاو موهاجرینو ئەنصار دەگرێتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ ئەو موسوڵمانانەی ئیمانیان بەپەیامی ئیسلام هێناوەو لەپێناو ئاایینی حەق داکۆچیان کردوەو وازیان لەماڵو سامانو زێدی خۆیان هێناوەو، تێکۆشاونو بەماڵو گیانی خۆیان لەپێناو بیرو باوەڕیان جیهادیان کردوەو جەنگاون، هەروەها ﴿وَالَّذِينَ آوَوا وَنَصَرُوا﴾ ئەو موسوڵمانانەی کۆچکارانیان لەخۆگرتنو حەواندنیاننەوەو یارمەتی ئاایینی حەقیان داو وشەی (لا اله الا الله محمد رسول الله)یان بەرز کردەوە ﴿أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا﴾ ئەوانە بیرو باوەڕیان پتەو تۆکمەو تەواووەو موسوڵمانی ساغو راستاڵن.. ﴿لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ ئەوانە خودا پاداشتیان دەداتەوە بەلێخۆشبوونو چاوپۆشی لەتاوانەکانیان ئەگەر تاوانیان هەبێ، هەروەها پاداشیان دەداتەوە بەرزقو بژێوی پاکو خاوێنی بەهەشت کە زۆرو پاکو بەردەوامو نەبڕاوەیە... ئەم سێ تاقمە پێشەنگو سەردەستەو نزیکێ بەرەحمەتو بەخششی یەزدانو بەختەوەری دونیاو قیامەتن.

تاقمی چوارەم ئەو موسوڵمانانەن کە دوای پەیمانی ئاشتی حودەیبییە کۆچیان کردوەو قورئان بەم ئایەتە ئاماژەیان بۆ دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا مِنْ بَعْدُ وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا مَعَكُمْ فَأُولَئِكَ مِنْكُمْ﴾ ئەو موسوڵمانانەی ئیمانهێنانو کۆچکردنیان دواکەوت، دوا ئەوەی موسوڵمانان سەرکەوتنو شەوکەتیان پەیدا کرد ئەمجار ئەم تاقمە کۆچیان کرد بۆ مەدینەو

لەگەڵ کۆچکارانو یاریدەدەران تێکۆشانو جیهادیان کرد، ئەوانە لەپێڕی ئێوەن، ئەی کۆمەڵی موهاجیرو ئەنصار! وەلایەتو مافو کۆمەگیو هەم ئاهەنگیتان بەسەر یەکترەوە هەیەو بەشێکن لەئێوە. ئەوان لەتەکـ ئێوە دا پاداشی باشو سەرەنجامی بەختەوەرییان هەیەو شوێنکەوتووی پێشینەکانیانن. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَالذينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ....الآية﴾الحشر/١٠.

پێغەمبەریش لەفەرموودەیەکـ دا کە موتتەفەقی موسیلمو بوخارییەو موتەواتەرە فەرموویەتی: (المَرْءُ مَعَ مَنْ أحبَّ) ئادەمیزاد لەگەڵ ئەو کەسە دا حەشر دەکرێ کە خۆشی دەوێ.. لەفەرموودەیەکی تردا کە طەبەرانی ریوایەتی کردوە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (مَنْ أَحَبَّ قَوْمًا فَهُوَ مِنْهُمْ) کەسێکـ نەتەوەیەکی خۆش ویست ئەوە لەپێڕی ئەوانە، لەریوایەتێکی تردا هاتووە: کە خودا حەشری ئەو کەسە لەگەڵ ئەو نەتەوەیە دەکا.

کە دەفەرموێ: ﴿فَأُولَئِكَ مِنْكُمْ﴾ ئاماژەیە بۆ ئەوە کە پێشینەکان زێدە رێزو شکۆمەندییان هەیە...

ئەمجار پەروەردگار دوای باسکردنی وەلایەتی ئیمانو هیجرەت باسی وەلایەتی رەحمو خزمایەتی دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَأُولُوا الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللهِ﴾ ئەوانەی پەیوەندی خزمایەتییان هەیەو خوێنو رەچەڵەکیان یەکە، بازێکیان نزیکترن لەبازێکیانەوە، ئەوانە وێڕای وەلایەتی ئیمانو کۆچکردن وەلایەتی خزمایەتییان هەیە، کەوا بوو: هەندێکیان لەپێشترن بۆ هەندێکیان لەبارەی خۆشەویستیو پشتگیریو هەم ئاهەنگیو میرات لێکـ گرتن، بێگومان پەروەردگار ئەم یاساو حوکمەی لەقورئان دا شی کردۆتەوەو ئەو دابو نەرێتەی کردوە بەحوکمو فەرمانی کردوە بەندەکانی پابەندی بن. ئەنجامدانی صیلەی رەحمی لەسەر پێویست کردوون.

پەیوەندی خزمایەتی لەپێوەندی ئایینو کۆچکردن بەهێز ترە، واتە: خزمی موسوڵمان لەپێشترە بۆ خزمی موسوڵمانی لەموسوڵمانێکی تر کە خزمی نەبێ، کەوابێ ئایەتەکە تەخصیصی حوکمی پێشەوە دەکا.. بەلام خزمی کافر

وانیە، چونکە کوفر پەیوەندییەکەی پچڕاندوەو لێرە دا خزمایەتیەکە چ دەورێکی نیە.

ئەمجار پەروەردگار ئایەتەکە بەوە کۆتایی دەهێنێ کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللّٰهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ خودا ئاگاداری هەموو شتێکە، زانیاری یەزدان هەموو شتێک دەگرێتەوە، دەزانێ چ لەبەرژەوەندی دینو دونیاتان دایە. زانیارییەکەی هەموو ئەو شەریعەتو یاسایانە دەگرێتەوە کە لەم سورەتە دا بۆی داناون. وەکوو یاسای شەڕو ئاشتیو دەستکەوتی جەنگو مامەڵە کردن لەگەڵ دیلو چۆنیەتی وادەو پەیمانو پابەند بوون پێیانەوە، هەروا دۆستایەتیو وەلایەت لەنێوان موسوڵمانانو کاریگەری صیلەی رەحمو میرات لێک گرتن.

ئاماژەی ئەوەشی تێدایە کە هەموو ئەو حوکمو یاسایانەی لەم سورەتەدان هەموویان موحکەمو تۆکمەنو هەڵوەشاندنەوەیان نیە، هەموو حوکمەکان، داناییو کاراماییان تێدایە، هیچ حوکمێکی بێهودە نیەو حەقانیو راستو رەوانن وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ جِئْنَاهُمْ بِكِتَابٍ فَصَّلْنَاهُ عَلَىٰ عِلْمٍ﴾الأعراف/٥٢.

لێرەدا کورتە باسێکی پێویست هەیە، ئەویش ئەوەیە: ئیبنو عەبباسو موجاهیدو عیکریمەو حەسەنو قەتادەو هی تریش پێیان وایە: ئایەتی ﴿وأولوا الأرحام.....الآية﴾ میراتگرتنی بەهۆی سوێند بۆ یەکتری خواردنو برایەتی گرتن کە لەسەرەتای ئیسلام هۆی میرات لێک گرتن بوون، هەڵوەشاندۆتەوە، فەرموودەیەکی صەحیحو موتەواتەریش پشتگیری ئەم رایەیان دەکا. کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی (إِنَّ اللهَ قَدْ أَعْطَى كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ، فَلَا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ) بێگومان پەروەردگار بۆ هەموو خاوەن مافێ مافی خۆی داوەتێ، ئیتر وەصیەتکردن بۆ میراتگر نیە. چونکە هەموو میراتگرێک خودا بەشی خۆی بۆ دیاری کردوە.. کەوابێ میراتگرتنی لەوەپێش کە بەهۆی یارمەتیو هەم ئاهەنگیو کۆچکردن دەچەسپا، هەڵوەشایەوەو نەسخ بووەوە. میراتگرتن بەخزمایەتی نەبێ بەشتی تر نابێ، تەنها هۆکارێک بۆ میراتگرتن خزمایەتیە. کە دەفەرموێ: ﴿فِي كِتَابِ اللّٰهِ﴾ مەبەست ئەو بەشە میراتە

باسکراوانەن کە لەسورەتی (**النساء**) دانو بەئایەتی میرات دەناسرێن. شافیعیەکان ئەم رایەیان بەلاوە پەسەندە ...ذەویلئەرحام کەلای زانایانی شەرع بریتین: لەخالو خوشکی دایکو خوشکی باوکو منداڵی کچو منداڵی خۆشکئو ئەم جۆرە خزمانە بەشە میراتیان نیە. خزمی نزیک (**عصبات**) هەندێکیان شیاو ترن بەهەندێکیان بۆ میرات لێک گرتن، چونکە خاوەن بەشە میراتبەرەکان دیاری کراون... حەنەفییەکان دەڵێن: بەدەقی ئایەتەکە میراتەکە میرات بۆ ذەویلئەرحام هەیەو چەسپاوە، ئەمەش کاتێک دەبێ کە هیچ کامێک لەخزمی نزیک (**عصبات**) نەبن.

ئەوانەی کە دەڵێن: ئایەتی ﴿وَأُوْلُوا ٱلْأَرْحَامِ...﴾ نەسخی حوکمی پێشوو ناکاتەوە راڤەی وەلایەت وا راڤە دەکەن کە بەمانا یارمەتیدانو خۆشەویستیو رێز لێ گرتن بێ. ئەو کاتە ئایەتی یەکەم بۆ رونکردنەوەی ئەوەیە: کە پەیوەندی ئیسلام بەهێزترە لەپەیوەندی خزمایەتی، ئایەتی دووەم بۆ رونکردنەوەی پلەو پایەی ئەو موسوڵمانە کۆچکەرو یارمەتیدەرانەیەو ئاماژەیە کە ئەوان بەراستی موسوڵمانو خوداپەرستن. ئایەتی سێیەم بۆ رونکردنەوەی ئەوەیە: کە ئەوانەی لەئیمانهێنانو کۆچکردن دا دواکەوتوون، حوکمی موسوڵمانە پێشینەکانیان هەیەو هەم ئاهەنگی بەهۆی خزمایەتییەوە پێویستە.

مەبەستیش بەئایەتی ﴿وَأُوْلُوا الأَرْحَامِ...﴾ ئەوەیە: کە وەلایەتی میراتگرتن تەنها بەخزمایەتی دەبێ، مەگەر بەڵگەیەک دەست کەوێ تەخصیص بگەیەنێ ئەو کاتە مەبەست بەم کەلامە لابردنی بیرو بۆچوونێکە کە بگوترێ: وەلایەت وێ دەچێ وەلایەتی میرات بێ، ئیتر بەم ئایەتە ئەو بۆچوونەی رەواندەوە.

ئایەتەکان ئەم حوکمو بەهرانەیان لێ وەردەگیرێ:

١- پەیوەندی یارمەتیو هاریکاریو هەم ئاهەنگی نێوان موسوڵمانانی (**دار الأسلام**) چەسپاوە. کۆچکارە سەرەتاییەکان رێزدارترن لەکۆچکارانی دوایی. کۆچکاران لەیارمەتیدەران زیاتر رێزدارترن، ئەوانەی دواکەوتوون لەئیمانهێنانو کۆچکردن حوکمی پێشینەکانیان هەیە.

٢- چەسپاندنی پەیوەندی یارمەتیو هەم ئاهەنگی لەنێوان موسوڵمانانی **(دار الأسلام)**و **(دار الحرب)** دا، لەکاتێکێ دا کە ئەو موسوڵمانانەی **(دار الحرب)** لەلایەن کافرەکانەوە ئەزیەت بدرێنو بچەوسێندرێنەوە، مەگەر لەنێوان موسوڵمانانو ئەو لایەنە کافرە دا پەیمانو بەڵێنی ئاشتەوایی هەبێ؛ ئەو کاتە نابێ موسوڵمانان عەهدو پەیمانی خۆیان پێشێل بکەنو یارمەتی موسوڵمانانی **(دار الحرب)** بدەن، مەگەر کافرەکان شەڕی قەلاچۆ کردنو بنبڕکردن دژی موسوڵمانانەکانی ناوخۆیان رابگەیەنن!!

٣- پابەندبوون بەپەیمانو بەڵێنو ئاشتەوایی پیرۆزەونابێ لیێ پاشگەز ببنەوە تەنانەت ئەگەر زیانی بۆ بەرژەوەندی هەندێ موسوڵمانیش هەبێ.

٤- کافرەکان هەندێکیان یارمەتیدەرو هەم ئاهەنگی یەکترن.

٥- ئەگەر ئێمەی موسوڵمان لەناو خۆمان دا یارمەتیدەرو هاریکاری یەکتر نەبینو دۆستایەتی موعەسکەری کوفر بکەین، تووشی بێ هێزیو تێشکان دەبین.

٦- هەر شەریعەتو یاسایەکێ خودا داینیاوە بۆ بەرژەوەندی دینو دونیای موسوڵمانانە لەزانیارییەکی بەرفراوانەوە هەڵقوڵاوە.

٧- میراتی ذەویلئەرحام (ئەو خزمانەی قورئان دابەشی دیاریکراویان بۆ دانەنراوە)) شتێکێ چەسپاوەو قورئان دەیگەیەنێ، حەنەفییەکانو حەنبەلییەکان رایان لەسەرداوە، دەڵێن: ذەویلئەرحام دوو هۆکاری میراتگرتنیان تێدا کۆبونەوە: خزمایەتی، ئیسلام. کەوابێ ئەوان لەپێش ترن بۆ وەرگرتنی میرات لەو کەسانەی یەکێ هۆکاریان تێدایە کە ئیسلامەتییە.

مالیکیەکانو شافیعییەکان دەڵێن: ئەو ذەویلئەرحامانەی بەشە میراتیان بۆ دیاری نەکراوە میرات نابەن، ئەو کاتە میراتەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ **(بیت المال)**؛ خەزێنەی حکوومەت. چونکە پەروەردگار لەئایەتی میرات دا بەشی میراتگرانی دیاری کردوە، چ خاوەن بەشی دیاریکراوبن، **(اصحاب**

الفروض) یان عەصەبەبن، بەلام بۆ ذەویلئەرحام هیچی دیاری نەکردوە، ئەگەر بەشیان هەبوایە، خودا لەقورئان دا روونی دەکردەوە، ﴿**وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا**﴾مریم/٦٤، تیرمیذیو هی تریش ریوایەتیان کردوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**إِنَّ اللهَ أَعْطَى لِكُلِّ ذِي حَقٍ حَقَّهُ**) بێگومان پەروەردگار بۆ هەموو خاوەن مافێک مافی خۆی داوەتێ.

دەربارەی ئایەتی ﴿**أولوا الارحام**﴾یش دەڵێن: ئایەتەکە موجمەلو جامیعە ئایاتی میرات شیکەرەوەن، هەموو کاتێکیش ئایەتی شیکەرەوە (**مفسر**) پێش دەخرێ!!

ئەبو داود فەرموودەیەک لەمەراسیل دا ریوایەت دەکا دەڵێ: پرسیار لەپێغەمبەرﷺ کرا دەربارەی میراتی خوشکی باوکو خوشکی دایک لەوەلام دا فەرمووی: (**أخبرني جيبريل ان لاشئ لهما**) جوبرائیل خەبەری دامێ کە هیچیان ناکەوێ.

بەیارمەتی خودا ئەمرۆ ١٩٩٨/٥/٢٧ لەپاکنووسی ئەم سوورەتە بووەوە بەمەش کۆتایی سورەتی ئەنفال هات.

خودا یارمەتیمان بدا بۆ تەواو کردنی سوورەتەکانی تریش.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سورەتی (التوبة)

ئەم سورەتە چەند ناوێکی هەیە: براءة، التوبة، المقشقشة، المبعثرة، المشردة، المخزية، الفاضحة، المثيرة، الحافرة، المنكلة، المدمدمة، سورة العذاب... بۆ هەر ناوێکیش وەجهە تەسمیەو موناسەبەیێک هەیەو لەتەفسیرەکان دا باس کراوە.

ئەم سورەتە مەدەنییە، واتە: لەمەدینە هاتۆتە خوارێ، لەو سورەتانەیە کە لەدوا دوای قورئان دا هاتوونە خوارێ، ئەگەر دوا سورەت نەبێ لەدووا سورەتەکانە، بۆیە چەند حوکمو یاسایەکی تۆکمەو هەڵنەوەشاوەی دەربارەی پەیوەندی نێوان نەتەوەی موسوڵمانانو نەتەوەکانی دیکە لەخۆگرتوون، هەر وەکوو چۆن پۆلێن کردنی کۆمەڵگای موسوڵمانانی لەخۆ گرتووە، هەموو چین توێژێکی کۆمەڵگای ئیسلامی دەست نیشان کردوە، بەوردی وێنەی هەموو چینو توێژێکی کێشاوە.

ئەگەر بەووردیو مەوضوعیانە، بەدەقی ئایەتەکان دا بچینەوە، بگەڕێینەوە بۆ ئەو ریوایەتە جۆراو جۆرانەی دەربارەی ئەم سورەتە گێڕدراونەوەو باسی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکانیان لەخۆگرتووە، هەروەها بەرووداوەکانی سیرەی پێغەمبەر دا بچینەوە، لەم بارەوە شەنو کەوێک بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم سورەتە بەتێکڕا ساڵی نۆیەمی کۆچی هاتۆتە خوارێ.. بەڵام بەیەکجار نەهاتۆتە خوارێ.. جا هەرچەندە ئێمە ناتوانین بەوردی ئەو کاتەنەی ساڵی نۆیەمی کۆچی کە برگە برگەی ئایەتەکانی ئەم سورەتەی تێدا هاتۆتە خوارێ دەست نیشان بکەین، بەڵام دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە ئەم سورەتە بەسێ قۆناغ هاتۆتە خوارێ... قۆناغی یەکەم پێش غەزای تەبووک مانگی رەجەبی ساڵی نۆیەمی کۆچی بوو، قۆناغی دووەم لەکاتی خۆئامادە کردن بۆ ئەم جەنگەو پاشان لەناوەراستی شەڕەکە دا بووە، قۆناغی سێیەم پاش گەڕانەوە لەغەزاکە بووە..

پێشینەی سورەتەکەش لەئایەتی یەکەمەوە تا کۆتایی ئایەتی (٢٨)ی، ئەوە لەئاخرو ئۆخری ساڵی نۆیەم دا پێش وەرزی حەجکردن لەمانگی ذیلقەعیدە یان ذیلحیجە دا هاتوونە خوارێ[1]

سەرەتای ئەم سورەتە لەدوای رزگار کردنی مەککە هاتە خوارێ، پێغەمبەر ﷺ عەلی کوڕی ئەبو تالیبی نارد بۆ ئەوەی لەوەرزی حەج دا بەسەر موسوڵمانان دا بیخوێنێتەوە[2] رابەرو پێشەوای حەج لەو ساڵە دا حەزرەتی ئەبو بەکر بووﷺ.

ئایەتەکانی ئەم سورەتە (١٢٩) ئایەتن بەوشەی ﴿بَرَاءَةٌ مِنَ اللَّهِ﴾ دەستی پێ کراوە بۆیە ناونراوە (**براءة**) ئەمجار دوا بەدوای ئەوە باسی (**اشهر الحرام**)و پەیمانی موشریکەکانو پێویستی پابەند بوون بەو پەیامانەوە دەکا بەمەرجێ پەیمان لەگەڵ بەستراوان هەڵینەوەشێننەوە، کەسێک پەیمان بشکێنێ پێویستە شەڕی لەگەڵ بکرێ.

ئەمجار ئەوە روون دەکاتەوە: کە کاکڵەی نزیکبوونەوە لەخودا بریتی یە لەبڕوا بوون بەو زاتە، ئەوەشی تێدایە کە ئیمانی هیچ کەسێک تەواو نابێ تا خوداو پێغەمبەری خودای لەهەموو شتێک خۆشتر نەوێن، پەروەردگار ئەوەشی راگەیاند: کە بەخۆنازینو پشت بەستن بەهێزو توانا سەرکەوتن دوا دەخا، ئاماژەشی بەحاڵی موسوڵمانان کرد لەغەزای حونەین دا، هەر لەم سورەتە دا چوونە ناو ماڵی (کابە) لەموشریکەکان قەدەغە کرا چونکە پیسن.

هەر لەم سورەتە دا پەروەردگار جەختی لەسەر جەنگان لەگەڵ یەهوودو نەصارا کردو لەسەر موسوڵمانانی بەپێویست دانا کە جیهادیان لەگەڵدا بکەن هەتا بەزەلیلی سەرانە دەدەنو ملیان بۆ یاسای ئیسلام شۆڕ دەکەن، هەر لەم سورەتە دا ئەو مانگانەی شەڕیان تێدا یاساغە دیاری کراون. فەرمانیشی تێدایە بۆ موسوڵمانان کە ئامادەباشی جەنگان بن دژی کافرانو بەبێ

---

[1] ( ) في ظلال القران ج٣/٨١-٨٢

[2] التفسير القتطف (ص٣١٦) . تەفسیری مەنار ج١٠/١٤٧ دەڵێ بۆ ئەوەی بەسەر موشریکەکانی دا بخوێنێتەوە.

دواکەوتن بەپیر بانگەوازی چون بۆ غەزا بچن، ئەمجار ئاماژە بەئەوانـە دەکـا کە لەچون بۆ غەزا دواکەوتوونو خۆیان دوا خست، هـەروا ئەوانـەی کـە لەبـەر کـەم ئـەندامیو عـەوەق نـەیانتوانیوە ئامـادەی جـەنگ بـن. هـەروەها باسـی چۆنیەتی ئەو دوو رووانە دەکا کە هەرکاتێ بانگەوازی بکرایە بۆ غەزا، ئـەوان دەبوونە کۆسپو تەگەرەو دەیانەویست موسـوڵمانان سـارد بکەنـەوە. ئـەمجار پەروەردگار باسی دووڕووەکـانو هەڵوێستیان بەرامبـەر موسـوڵمانان لەشـەڕو ئاشتی دا، دەکا.

هەر لەم سـورەتەدا فـەرمانی ئاشـکراو روون دەربـارەی سزای دووڕوویـی دیاری کراوە کە بریتییە لەوەی بەهیچ شێوەیەک پێغەمبەرﷺ نوێژیان لەسـەر نەکاو وەکوو موسوڵمانان مامەڵەیان لەگەڵ نەکا.

ئەمجار باسی ئەو بیانوانـە دەکـا کـە دەبنـە عـوزری رەوا بـۆ دواکـەوتن لەغەزا، هەروەها حاڵو چۆنیەتی ئەو عەرەبانەی دەوروبەری مەدینە دەکـا کـە هاتوونە ژێر سایەی ئیسلامەوە، یان گەردنکەچی خۆیـان بـۆ حوکمـی ئیسـلام راگەیاند،..

ئەمجار باسی مزگەوتی (ضرار) دەکا، ئەو مزگەوتەی کـە دووڕووەکـان بنیاتیان نابوو بۆ ئەوەی موسوڵمانان روونەکەنە ئەو مزگەوتـەی پێغەمبـەرﷺ بنیاتی نابوو، ئەمجار باسی ئەو موسوڵمانانە دەکا کە لەئیمانو بیرو باوەڕیان دا راستگۆو موخلیصن، هەروا باسی تۆبە کردنی ئەوانە دەکا: کە لـەچون بـۆ غـەزا دواکـەوتبونو خـودا تۆبەکـەی لێ وەرگرتـن، ئـەمجار بەگشـتی باسـی موسوڵمانان دەکا کە چۆن پێشوازی هاتنە خوارەوەی قورئان دەکـەن. کۆتـایی سـورەتەکەش بـەوە دێنـێ کـە پـەروەردگار حـەزرەتی موحەممـەدی بـۆ پێغەمبەرایـەتی هـەڵبژاردوەو پێغەمبـەر ئـادەمیزادێکی دڵسـۆزو بـەرەحمو بەزەیی‌یە، هەرگیز نایەوێ شوێنکەوتوانی ئەزیەت بدا، پێویسـتە موسـوڵمانان بەدڵو گیان شوێنی بکەون. خۆ ئەگەر شوێنیشی نەکەون، ئەوە خـودای بەسـەو حەوێجەی بەکەسی تر نیە..

بەکورتی ئەم سورەتە سورەتێکی حاسیمو یەکلاکەرەوە بوو بۆ هەڵوێستی موسـوڵمانان لەگـەڵ ناموسـوڵمانان دا، بـەڵکو خەتـەرترین سـوورەت بـوو کـە

سوپای ئیمانی کۆکردەوەو ئامادەی کرد بۆ جەنگی یەکالاکەرەوەو کۆتایی لەنێوان موسوڵمانانو ناموسوڵمانان دا، ئەوەبوو: لەناوەوە ریشەکێشی دووڕوەکانی کردو فرتو فێڵی جولەکەکانی لەناو برد، لەدەرەوەی حکوومەتی ئیسلامیش دا بەرەنگاری سوپای ملهوڕی رۆم بوونەوەو لەجەنگی تەبووک دا زەندەقی بردنو هەموو جمو جۆڵێکی گومان لێکراوی رۆمەکانی سەرکوت کرد، تەماعی لەناوبردنی ئیسلامو موسوڵمانانیان لەدڵ دەرهاویشتن!

ئەم یەکالاکردنەوەو ئەنجامدانی ئەو نەخشە کێشراوە خوداکردە، کاریگەریەکی گرنگی هەبوو لەناوەوەو دەرەوەی حکوومەتی ئیسلامی دا ئارامی بەولات بەخشیو دەزگای دەوڵەتی ئیسلامی چەسپاند، تەنانەت دوای لەدونیا دەرچوونی پێغەمبەریشﷺ سامو هەیبەتو شکۆمەندی ئەو حکوومەتە هەر بەردەوام بوو!

تیشکێک بۆ سەر پەیمانی ئاشتی حودەیبییە

پێغەمبەرﷺ ساڵی شەشەمی کۆچی پەیمانی ئاشتینامەی حودەیبییەی لەگەڵ موشریکەکان دا بەستو شەڕیان وەستاند، لەسەر بەرقەراربوونی ئاشتیو ئارامی بۆ ماوەی (دە) ساڵ لەسەر چەند مەرجێک پەیمانو بەڵگەنامەی مۆر کرد، پاشان قورەیشییە موشریکەکان بەکۆمەکی هۆزی بەنی بەکری هاوپەیمانو سوێند خۆریان، پەیماننامەکەیان هەڵوەشاندەوە، هاتن یارمەتی هۆزی بەنی بەکریان دا دژی هۆزی خوزاعە کە هاوپەیمانی پێغەمبەر بوون، ئیتر عەمری کوڕی سالمی خوزاعی بەسەرۆکایەتی وەفدێک هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ داوای یارمەتیو کۆمەکی لێ کرد، پێغەمبەرﷺ کۆمەکی پێ کردو فەرمووی: (نُصِرْتَ يَاعَمْرُو بنُ سَالِمٍ، لانُصِرْتَ إنْ لَمْ أَنْصُرْ بَنِي كَعْبٍ) ئەی عەمری کوڕی سالم کۆمەگیتان پێ دەکەم، یارمەتدراو نەبم کە یارمەتی هۆزی بەنی کەعب نەدەم. ئیتر سەر لەنوێ حاڵەتی شەڕ لەنێوان قورەیشو موسوڵمانان پەیدا بوەوە.

ئیتر پێغەمبەرﷺ فەرمانی بەموسوڵمانان کرد: کە خۆ ئامادە بکەن بۆ جەنگ، سوپای موسوڵمانانی بەرەو مەککە بردو ساڵی هەشتەمی کۆچی شاری مەککەی ئازاد کرد.

کاتێکێ هەواڵی ئازاد کردنی مەککە گەیشتە خەڵکەکەی هۆزی هەوازین، مالیکی کوڕی عەوفی (**النصري**) سەرەکێ هۆزیان، خەڵکەکەی کۆکردەوە بۆ شەڕکردن دژی موسوڵمانانو ئەوە بوو: لەمانگی شەووالی ساڵی هشتەمی کۆچی غەزای حونەین بەرپابوو، پاشان پێغەمبەرﷺ بیست: ئەوەندە رۆژە دەوری شاری طائیفی دا، شەڕێکی دژواری لەگەڵ کردنو زۆری تیرو مەنجەنیق پێوەنان. پاشان لەمانگی رەجەبی ساڵی نۆیەمی کۆچی پێغەمبەرﷺ چوو بۆ غەزای تەبووکێ کە دوا غەزای پێغەمبەرﷺ بوو، لەوێ دا زوربەی سورەتی بەرائە هاتە خوارێ.

جا کە پێغەمبەرﷺ لەغەزای تەبووکێ گەڕایەوە، خەیاڵی حەجکردنی بوو، بەڵام چونکە ئەو ساڵە موشریکەکان لەسەر دابو نەریتی خۆیان ئامادەی حەج دەبوونو بەرووتی تەوافیان دەکرد، پێغەمبەرﷺ پێی ناخۆش بوو تێکەڵاوییان بکا، ئیتر حەزرەتی ئەبو بەکری کردە فەرماندەی حەجو ئەو ساڵە ئەوی نارد بۆ ئەوەی شێوەی ئەنجامدانی کاروباری حەج فێری خەڵکەکە بکاو بەموشریکەکانیش رابەگەیەنێ کە ئیتر ساڵێکی تر نابێ ئامادەی حەج ببنو بانگەوازی ﴿براءة من ا لله ورسوله﴾ بەناو خەڵکێ دا هەڵدەن...

هەر کە حەزرەتی ئەبو بەکر بەڕێ کەوت بەشوێن ئەودا حەزرەتی عەلی نارد بۆ ئەوەی ببێتە راگەیەنەرو لەباتی پێغەمبەرﷺ لەکۆڕو کۆبوونەکان دا پێشەتای سورەتی (**براءة**) بۆ خەڵکەکە بخوێنێتەوە.

ئیتر حەزرەتی عەلی سواری وشتری (**العضباء**) بوو کە حوشتری پێغەمبەرﷺ بوو. لەذیلحولەیفە دا گەیشتە حەزرەتی ئەبو بەکر. ئەبو بەکر لەکاروباری حەج دا پێشەوایەتی کرد، لەرۆژی جەژنی قوربانی ساڵی نۆیەم لەمینا دا حەزرەتی (عەلی)یش پێشەتای سورەتی بەرائەی بەسەر خەڵکەکە دا خوێندەوە..

ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ ساڵی نۆیەمی کۆچی عەلی نارد، ئیزنی دا کە رۆژی جەژنی قوربان لەمینا دا سەرەتای سورەتی (**براءة**) بەسەر خەڵکێ دا بخوێنێتەوە، هەروەها ساڵێکی تر نابێ

موشریکەکان حەج بکەن، نابێ ئیتر کەس بەرووتی بەدەوری کابە دا بسوورێتەوە.

ئەحمەدو تیرمیذیو نەسائی لەزەیدی کوڕی یوثەیغ (پیاوێکی هەمەدانی بوو) دەڵێ پرسیاریان لەعەلی کرد، ئەو ساڵە بە چ کارێک رەوانەکرایو بۆچی لەدوا ئەبو بەکردا رۆیشتی؟؟ مەبەستی ئەو رۆژە بوو کە پێغەمبەرﷺ لەگەڵ ئەبو بەکردا ناردی بۆ حەج. لەوەلام دا حەزرەتی عەلی وتی: (بۆ راگەیاندنی چوار شت: کەسێک موسوڵمان نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە، لەمە بەولاوە کەس بەروتو قووتی طەوافی کەعبە نەکا، هەرکەسێک لەگەڵ پێغەمبەر دا عەهدو پەیمانی هەبوو پەیمانەکەی تا کاتی دیاریکراوە، لەدوای ئەمساڵ ئیتر موشریکەکان حەجی کەعبە ناکەن...)

برێ لەشیعە ئەم مەسەلەیان گەورە کردوەو کردویانە بەزێدە رێزوفەضل بۆ عەلی بەسەر ئەبو بەکرداو زۆر ریوایەتی بێ بناغەو پڕو پاگەندە تامێزیان پێوە ناوەو دەیکەنە بەڵگە کە حەزرەتی عەلی لەحەزرەتی ئەبو بەکر رێزدار ترەو ئەو لەئەبو بەکر شیاو ترە بۆ ئەوەی دوای کۆچی پێغەمبەرﷺ ببێتە جێ نشین. پێیان وایە: پێغەمبەرﷺ حەزرەتی ئەبو بەکری کەنارگیر کردوە لەگەیاندنی سورەتی (**براءة**) بەخەڵکەکەو بەفەرمانی جوبرائیل عەلی داناوە.

خاوەنی تەفسیری مەنار رەدی ئەم شوبهەو بۆچوونە هەڵانەی شیعەی بەشێوەیەکی زانستانە داوەتەوەو بۆڕی داون لەبەر دورو درێژی بەپێویستم نەزانی رایگوێزی ئێرەی بکەم. کەسێک مەبەستیەتی با بگەڕێتەوە بۆ تەفسیری ناوبراو ج١٠/١٦١-١٦٤ لەوێ بیخوێنێتەوە.

سورەتی (براءة) **بۆچی لەسەرەتاوە** (بسم الله الرحمن الرحیم)**ی بۆ نەنووسراوە؟؟**

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پرسیارم لەحەزرەتی عەلی کردﷺ وتم: بۆچی لەسەرەتای (**براءة**) دا (بسم الله الرحمن الرحیم) نەنووسراوە؟

وتی: چونکە (بسم الله الرحمن الرحیم) بۆ ئارامیو ئاسایشە، سورەتی (براءة) هاتۆتە خوارێ بۆ ئیعلانکردنی شەڕو کۆتایی هێنانی پەیمانی ئاگر بەستو ئارامیو ئاساییشی تێدا نیە.

سوفیانی کوڕی عویەینە دەڵێ بۆیە لەسەرەتای ئەم سورەتە دا (بسم الله الرحمن الرحیم) نەنووسراوە، چونکە بیسمیلا رەحمەتو بەزەیی تێدایە، ئارامیو ئەمینی دەگەیەنێ، ئەم سورەتە بۆ لێدانی دووڕووەکان بەشمشێر هاتۆتە خوارێ ئاسایشو ئارامی بۆ دووڕووەکان نەهێشت.

ئیمامی قورطبی دەڵێ: قسەی راستو وێ چوو ئەوەیە: کە بۆیە بیسمیلا نەنووسراوە، چونکە جوبرائیل بۆ ئەم سورەتە بیسمیلای نەهێناوە، هاوەڵانی پێغەمبەریش لەناو موصحەفی ئیمام دا نەیان نووسییەوەو چاویان لەشێوە نووسینەوەی ئیمامی عوسمان کرد.

موناسەبەو پەیوەندی سورەتی (براءة) بەسوورەتی (الأنفال) وە

لێکچوونو پەیوەندییەکی تەواو هەیە لەنێوان سوورەتی **(الأنفال)**و سوورەتی **(براءة)**. لەبارەی دانانی بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە، لەبارەی چۆنیەتی سیاسەتی دەرەوەو ناوخۆی عالەمی ئیسلامییەوە، سوورەتی **(براءة)** وەکوو تەواوکەرو شیکەرەوەی سورەتی ئەنفال وایە. ئەمیش وەکوو سوورەتی ئەنفال ئەحکامی کاتی شەڕو کاتی ئاشتیو چۆنیەتی هەڵسوکەوتی موسوڵمانانو کافرو دووڕووەکانی لەخۆگرتووە، یاسای پەیمان بەستنو پەیمان مۆرکردنی تێدایە.

بەڵام ئەوەندە هەیە لەسوورەتی ئەنفال دا باسی پابەند بوون بەپەیمانو بەڵێنو ئاشتینامەی نێوان موسوڵمانانو ناموسوڵمانان کراوەو بەپیرۆز دانراوە، بەڵام لەسوورەتی **(براءة)** دا کۆتایی هێنان بەو پەیمانو ئاشتینامانە هێنراوە. لەهەردوو سورەتەکان دا باسی قەدەغە کردنی موشریکەکان لەکابە کراوەو جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە نەهێڵدرێ توخن ماڵی خودا بکەون.

لەهەردوکیان دا هەڵنانی موسوڵمانان هەیە بۆ ماڵبەخشین لەرێگەی خودادا، هەروا بەدورو درێژی باسی جەنگان لەگەڵ موشریکو خاوەن نامەکان کراوە حاڵو چۆنیەتی دووڕووەکانیش رون کراوەتەوە!

وێڕای ئەوەی کە لێکچوونی بنەڕەتی لەنێوان هەردوو سورەتەکە دا هەیەو پێیان دەگوترێ: هاوجووتو هەردووکیان دەربارەی جەنگ هاتوونە خوارێ! وەلێ قسەی راست ئەوەیە: کە هەریەکەیان بۆ خۆی سوورەتێکی سەربەخۆیەو (براءة) بەشێک نیە لەسوورەتی ئەنفال. چونکە سوورەتی (براءة) وەکوو ئاماژەمان پێ کرد ئەو حەمکە ناوەی هەنو لەسوورەتی ئەنفال جیا کراوەتەوەو بەم شێوە سوورەتو ئایەتەکانی رێک خراون، موسوڵمانان چین لەدوای چین ئەم لێک جیاکردنەوەو ناوان خستنە نێوان سوورەتی ئەنفالو (براءة)یان بەیەکتری سپاردوە، هەر لەسەردەمی حەزرەتی عوسمانەوە هەتاکو ئێستا ئاوا چەسپاوە.

ئیمامی عوسمانﷺ فەرموویەتی: پێغەمبەرﷺ گیانی پاکی ئەسپارد، ئەوەی بۆ روون نەکردینەوە: کە سورەتی (براءة) بەشێک بێ لەسوورەتی ئەنفال. ئەم قسەیەی ئیمامی عوسمان بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە هەموو سورەتەکانی قورئان بەرێنومایی پێغەمبەرﷺ رێک خراون. (براءة) کە بەتەنیا وەپاڵ سورەتی ئەنفال دراوە بەرێنمویی پێغەمبەرﷺ نەبوە. بەڵکوو پێش ئەوەی ئەم مەسەلەیە روون بکاتەوە لەدونیا دەرچووە. لەسەردەمی پێغەمبەر دا بەم سوورەتە دەگوترا هاوجووت (قرينتان) لەبەر ئەمە دەبێ بخزێنە پاڵ یەکتری، چونکە پێغەمبەرﷺ هێشتا لەژیان دا بووە کە ئەم نازناوەیان بۆ بەکار هاتووە.

تیرمیذی لەئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: بەحەزرەتی عوسمانی کوڕی عەففانم گوت: ئەرێ ئەوە چی پاڵی بەئێوەوەنا، سوورەتی ئەنفال کە (میئین) نیە؛ ئایەتەکانی ناگەنە سەد ئایەتو سوورەتی (براءة) کە میئینە ئایەتەکانی لەسەد ئایەت زیاترن، خستووتاننە پاڵ یەکترەوەو بیسمیلاتان لەناواندا نەنووسیونو لەپێڕی سوورەتە درێژەکان دا داتان ناون؟ چ هۆکارێک هەیە بۆ ئەم کارەتان؟ ئیمامی عوسمان فەرمووی:

پێغەمبەرﷺ رۆژ لەدوای رۆژ قورئانی بۆ دەهاتە خوارێ، جا کە شتێکی بۆ سەر نازڵ دەبوو بانگی هەندێ لەوانەی دەکرد: کە قورئانیان دەنووسییەوە؛ دەیفەرموو: ئەم ئایەتە بخەنە فلاَنە سوورەتەوەو لەفلاَن جێگا دا داینێن. سوورەتی ئەنفال لەو سوورەتانە بوو: کە لەسەرەتای سەردەمی مەدینە دا هاتۆتە خوارێ، سوورەت (براءة)ش لەو سوورەتانەیە کە دوا دوای هاتنە خوارەوەی قورئان دا هاتۆتە خوارێ، ناوەرۆکی هەردوو سوورەتەکە لەیەکتر دەچن، ترسام: کە (براءة) بەشێک بێ لەئەنفال، پێغەمبەرﷺ لەدونیا دەرچووە، ئەوەی بۆ روون نەکردینەوە کە ئایا یەک سوورەتن یان دوو سوورەتن، لەبەر ئەوە خستمنە پەنا یەکتریەوەو لەنێوانیان دا (بسم الله الرحمن الرحيم)م نەنووسیو بەتاقمی سوورەتە درێژەکان حلێبم کردن.

هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی موشریکەکانو راگەیاندنی شەڕ دژیان

بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١﴾ فَسِيحُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى ٱللَّهِ ۙ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُخْزِى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢﴾ وَأَذَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلنَّاسِ يَوْمَ ٱلْحَجِّ ٱلْأَكْبَرِ أَنَّ ٱللَّهَ بَرِىٓءٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۙ وَرَسُولُهُۥ ۚ فَإِن تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى ٱللَّهِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣﴾

إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْـًٔا وَلَمْ يُظَٰهِرُوا۟ عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّوٓا۟ إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَىٰ مُدَّتِهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ 

وەکوو ئاماژەی پـێ کـرا، پـەیمانێکی گشـتیو هەمـەجۆر لـەنێوان پێغەمبەردا ﷺ لەلایەکەوەو موشریکەکانی مەککەو هی تریش مۆرکرابوو؛ کە هیچ لایەکیان کەس لەمەککە نەگەڕێنێتەوە، کەس لەمانگـەکانی (حەرام) دا گێچەڵ بەکەس نەکا، هەر ئەم جۆرە عـەهدو پەیمانـە لـەنێوان پێغەمبـەر ﷺ و هەندێ خێڵە عەرەبی تر بـۆ ماوەیـەکی دیـاریکراو بەسترابوو، زوربـەی زۆری موشریکەکان پابەندی پـەیمانی خۆیـان نـەبوون، پەیمانەکـەیان شـکاند، ئیـتر سورەتی (براءة) نازڵ بوو.

وەکوو زانیشمان ئایەتە پێشـینەکانی سوورەتی (براءة) ساڵی نۆیـەمی کۆچی دەربارەی موشریکەکانی مـەککە نازڵ بوون، ئەمـەش پـاش ئـەوەی کـە پێغەمبەر ﷺ ساڵی شەشـەمی کۆچـی پـەیمانی ئاشـتی لەگـەڵ دا بەسـتبوون. هـەموویان پـەیمانی خۆیـان هەڵوەشاندەوە جگـە لـەخێڵی ضـەمرەو خێڵـی کەنانە..

ئیـتر پـەروەردگار فـەرمانی بەموسـوڵمانان کـرد: کـە پابـەندی پـەیمانی بەستراو لەگەڵ موشریکەکان نەبن‌و مۆڵـەتی چـوار مانگیـان بدەنـێ، کـە ئـەو ماوە تێپەڕی کرد شەڕیان لەگەڵ بکەن.

مەبەست بەپەیمانەکان ئەو پەیمانـەن کـە کـاتو سـنووری دیاریکراویـان نیە، جا کەسێک پـەیمانێکی دیـاریکراوی هـەبوو ماوەکـەی کـەمتر لـە (٤) مانگ بوو مۆڵـەتی چـوار مـانگی دەدرێ، ئەوانـەش کـە پەیمانەکـەیان زیـاد لەچوار مانگەو ماوەکەی دیاری کراوە ئەوە ماوەکەی بۆ تەواو دەکرێ. چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿**فَأَتِمُّوا عَهْدَهُمْ إِلَىٰ مُدَّتِهِمْ**﴾براءة/٤. کولـەبی دەفەرموێ: مـاوەی چـوار مـانگ بـۆ ئـەو کەسانە بـوو؛ کـە لـەنێوان ئـەوانو

پێغەمبەرداﷺ پەیمانی کەمتر لەچوار مانگ هەبوو بێ. ئەوانەش کە پەیمانیان زیاد لەچوار مانگ بوو بێ، ئەوە خودا فەرمانی پێ کردوون کە ماوەکە تواو بکەن.

ئێستاش دەست دەکەین بەراڤە کردنی ئایەتەکان:

﴿بَرَاءَةٌ مِنَ اللهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدْتُمْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ واتە: خوداو پێغەمبەری خودا بەرین لەموشریکەکان، ئەوانەی پەیمانتان لەگەڵ دا بەستبوونو پابەندی نەبوونو هەڵیان وەشاندۆتەوە. دەستبەرداریو رزگاریو پابەند نەبوونی خوداو پێغەمبەری خودا بگەیەندرێ بەو موشریکانەی پەیمانتان لەگەڵ بەستوون.. دەستبەردار بوونەکە پاڵ خوداو پێغەمبەر دراوە، چونکە دەستوورو شەریعەتێکی تازەیە لەخوداوە بۆ موسوڵمانانو فەرمانی بەپێغەمبەر کردوە کە جێبەجێی بکاو پێیەوە پابەند بێو پێیان رابگەیەنێ، ئاماژەی ئەوەشی تێدایە: کە دەستبەردار بوونو بەرائەتەکە شتێکی گرنگەو دەبێ زۆر گرنگی پێ بدرێ. پەیمان بەستنەکە پاڵ موسوڵمانانەکان دراوە: دەفەرموێ: ﴿عاهدتم﴾ چونکە موسوڵمانانەکانن، کە چۆنیەتی پەیمانەکە جێبەجێ دەکەن، ئەوانن تەنفیذی خاڵەکانی پەیمانەکان دەکەن، ئەگینا پێغەمبەرﷺ پەیمانەکەی بەستووە لەم روەوە کە رابەرو سەرکردەی موسوڵمانانەکانە!!

پچڕانی پەیوەندیو هەڵگرتنی بارودۆخی ئاشتەواییو نەمانی حاڵەتی ئاسایش بگەیەندرێ بەموشریکە پەیمان لەگەڵ بەستراوەکان، کە دانیشتوانی مەککەو هۆزی خوزاعەو هۆزی مودلەجو هەموو ئەوانەی کە پەیمانیان لەگەڵ بەستراوە، واتە: خوداو پێغەمبەری خودا دەستبەرداری ئەو پەیمانانە بوون کە لەگەڵ موشریکەکان بەستراوە. پەیمانەکانیان بەسەردا دەدرێتەوە، چونکە جگە لەهۆزی بەنوضەمرەو هۆزی کەنانە ئەوانی دی پەیمانەکانیان هەڵوەشاندۆتەوە: ﴿فَسِيحُوا فِي الْأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ﴾ ئەی موسوڵمانینە! بەموشریکەکان بڵێن: ئێوە لەیەکەم رۆژی ئیعلانی بەرائەتەوە بۆ ماوەی چوار مانگ دڵنیاو بێ خەم بن، بۆ کوێ دەچن بچنو چی دەکەن بیکەن، کەس چی

بەسەرتانەوە نیەو لەهیچ مەترسن! دوای چوار مانگەکە ئیتر پەیمان هەڵوەشاتەوەو ئاشتی نەماوە.

ئەو ماوەیەی بۆیە بۆ دیاری کردن تا بیرێک لەداهاتووی خۆیان بکەنەوە، یان ئیمانهێنان هەڵبژێرن، یان خۆیان ئامادە بکەن بۆ شەڕو ماوەی خۆ ئامادەکردنیان بۆ شەڕ هەبێ ئەگەر سوور بوون لەسەر مانەوەیان بەکافری. ئەمەش ئەوپەڕی بێ باکیو تەساموحی ئایینی ئیسلام دەگەیەنێو نیشانەی ئەوەیە: کە ئیسلام ئایینێکی زۆر گونجاوو لەخۆڕادیوە، هەروەها بۆ ئەوەی موسوڵمانان تۆمەتبار نەکرێن بەوە: کە بەغافڵگیریو لەنکاو شەڕ لەگەڵ دوژمنانیان بریا دەکەن.

ئیمامی سیوطی دەڵێ: چوار مانگەکان (شەووالو ذولقەعیدەو ذولحیجەو موحەررەم)ن چونکە ئیمامی زوهری گوتویەتی سوورەتی **(براءة)** لەمانگی شەووال دا نازڵ بووە.

زومەخشەریو رازیو قورطوبیو ئیبنو کەثیر دەڵێن: چوار مانگەکان مانگە یاساغکراوەکانن، کە بریتین: لەبیست رۆژی مانگی ذولحیجەو هەموو مانگی موحەررەمو مانگی صەفەرو مانگی رەبیعولئەوەلو (دە) رۆژی مانگی رەبیعولئاخرە. جا بەو پێیەی کە ئیمامی عەلی پێشەتای سوورەتی **(براءة)**ی لەرۆژی جەژنی قوربان دا لەمینا بەسەر خەڵکەکە دا خوێندەوە، ئەم رایەی دووەم راسترو وێچوو ترە، لەو رۆژەوە کە رۆژی دەیەمی ذولحیجە بووە ماوەکە دەست پێ دەکا.

حیکمەتی ئەوە کە پێغەمبەرﷺ خوێندنەوەی سوورەتی **(براءة)**ی بەسەر موسوڵمانەکان دا بەئیمامی عەلی سپاردو ئەوی نارد ئەو بەرائەتە رابگەیەنێ، چونکە بەراءەتەکە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانانەی لەخۆ گرتووە: کە پێغەمبەرﷺ لەگەڵ موشریکەکان دا بەستبوونی، دابو نەرێتی عەرەبەکانیش وا بوو: کە هەڵوەشاندنەوەی پەیمان لەلایەن ئەو کەسەوە دەبێ کە پەیمانەکەی بەستووە، دەبێ ئەو کەسە هەڵیوەشێنێتەوە کە پەیمانەکەی مۆر کردوە، یان کەسێک بێ لەبنەماڵەو خزمی پەیمان بەستووەکە، جا پێغەمبەرﷺ ویستی کە لەم بارەوە قسەی کافرەکان ببڕێو ئەم رێگەیەشیان

لیّ بگریّ، بۆیە عەلی کوڕی ئەبو طالیبی نارد (کە ئامۆزای بوو) ئەو پەیمانەکان هەڵوەشێنێتەوەو بەرائەتەکە رابگەیەنێو بۆ ئەوەی کەس قسەی نەمێنیّ!

ئایەتەکە ئەوەی لەخۆگرتووە: کە دروستە موسوڵمانان پەیمانی نێوان خۆیانو موشریکەکان هەڵوەشێننەوە، ئەمەش لەدوو حاڵەت دا:

یەکەم: ماوەی پەیمانەکە تەواو بیّ، ئەو کاتەی ماوەی پەیمان کۆتایی هات موسوڵمانان حاڵەتی جەنگ رادەگەیەنن.

دووەم: لەحاڵەتێک دا کە کافرەکان پەیمانەکە بشکێنن، یان ترسی ئەوە هەبیّ خیانەت لەپەیمانەکە بکەن. ئەوە لەم دوو حاڵەتە دا پەیمانەکەیان بەسەردا دەدەینەوەو دەتوانین، حاڵەتی ئاشتیو ئارامی کۆتا پیّ بهێنینو حاڵەتی شەڕ جار بدەین.

کە دەفەرمویّ: ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللَّهِ﴾ واتە: باش بزانـنو دڵنیابن کە ئێوە لەهەرشوێنێک بن لەچنگی سزای خودا رزگارتان نابیّ، ناتوانن خودا داماو بکەن، ئەگەر لەسەر حاڵەتی موشریکی خۆتان بمیننەوە نەهەڵاتنو نەخۆ قایم کردن رزگارتان ناکەن، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکیش مۆڵەتتان بدا ئەوە پاشگوێتان ناخا.

﴿وَأَنَّ اللَّهَ مُخْزِي الْكَافِرِينَ﴾ هەروەها باش بزانن: کە پەروەردگار موشریکو کافرەکان ریسوا دەکا، لەدونیادا بەتێشکانو کوشتنو لەقیامەت دا بەسزای دۆزەخ. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەربارەی موشریکەکانی مەککەو هاوێنەکانیان دەفەرمویّ: ﴿كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ، فَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ، فَأَذَاقَهُمُ اللَّهُ الْخِزْيَ فِي الدُّنْيَا، وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾الزمر/٢٥-٢٦، بەڵیّ ئەم بەرائەتە، جاڕدانێکی گرنگو کاریگەرو گشتی بوو، راگەیاندنێکی یەکالاکەرەوە بوو بەو ئوسلوبە بەرزە راگەیەندرا، خاڵە سەرەکییەکانی نێوان موسوڵمانانو موشریکەکانی لەو رۆژگارە دا لەخۆ گرتووە، چونکە پەیمانی ئاماژە بۆ کراو لەنێوان پێغەمبەرو موشریکەکانی نیوە دورگەی عەرەب دا بەسترابوو، جاڕدانی بەرائەتی خوداو پێغەمبەری خودا لەو پەیمانە، هەڵوێستی هەموو موسوڵمانێک دیاری دەکاو

کاریگەرییەکی تەواو لەدڵی موسوڵمانان دا پەیدا دەکاو هیچ دوو دڵیو ئەم لاو ئەولا ناهێڵێتەوە.

ئەمجار دوای ئەم جاڕدانە گشتییە، شیکردنەوو رونکردنەوە دەهێنێو دەفەرموێ: ﴿فَسِيحُوا فِي الْأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ.....الآية﴾ بۆ ماوەی چوار مانگ مۆڵەتتان بێ، گەشتو گوزارو هاتوچۆ بکەن، بازرگانی خۆتان ئەنجام بدەن، کاڵای خۆتان بێننو بەرن، دەفتەرو حیساباتی خۆتان تاوو توێ بکەن، کاروباری خۆتان رەدام بێنن، هیچ ترستان نەبێ، کەس چی بەسەرتانەوە نەبێ، بەئارامیو دڵنیایی ماوەی دیاریکراو بەسەر بەرن، تەنانەت ئەوانەی: کە پەیمانیشیان شکاندو پێیان وابوو: پێغەمبەرو موسوڵمانەکان لەغەزای تەبووک ناگەڕێنەوەو رۆمەکان بەدیل دەیانگرن، هەروەکوو ترسنووکو دووڕووەکانی ناو شاری مەدینەش وایان گومان بردبوو.

بەڵێ ئەم جاڕدانە لەکاتێک دا بوو ئادەمیزاد یاساو قانوونی نەدەزانی، کەس گوێی نەدەدایە وادەو بەڵێن، هەرکەسێ هەلی بۆ هەڵبکەوتایەو فرسەتی بێنایە دەستی خۆی دەوەشاند، ئالەو کاتەداو لەو بارودۆخە دا ئیسلام ئەم جاڕە دەداو ئەم بەرانەتە رادەگەیەنێ، ئەم دابو نەرێتە دێنێتە گۆڕێ، چونکە ئیسلام مەنهەجی پەروەردگارە، هەر لەسەرەتاوە بێ عەیبو کەمو کورییە، پێویست ناکا زەمانەو رۆژگار گەشەی پێ بکا، بەڵکو ئیسلام بۆ خۆی گەشە بەئادەمیزاد دەکاو پێشی دەخاو فێری شارەستانی دەکا بەڵام لەچوار چێوەو سنووری شەریعەتو یاسای خۆی دا

جا لەگەڵ ئەو مۆڵەتەی دەیدا بەموشریکەکان، راستییەکی تریان دەخاتە بەرچاو کە دڵیان وەلەرز دێنێو لەناخەوە دەیانهەژێنێ، سەرەنجیان رادەکێشێ بۆ راستیەکی تر بۆ ئەوەی چاوو دڵیان بکەنەوەو وەهۆش خۆ بێنەوەو بزانن: کە ئەوان بەگەشتو گوزاری ماوەی مۆڵەت پێدراویان ناتوانن لەچنگی قاری خودا دەربچنو رزگاریان بێ، لەو ئاکامو سەرەنجامەی خودا بۆی داناونو بڕیاری داوە قوتاریان نابێو بۆی دەرناچن ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللهِ، وَأَنَّ اللهَ مُخْزِي الْكَافِرِينَ﴾ قور بەسەریان بۆ کوێ دەردەچنو بۆ لای کێ هەڵدێن؟ چۆن دەتوانن خودا دەستەپاچە بکەنو چنگی قارو غەزەبی

نەیانگاتێ؟ ئەوان هەموویان لەژێر چنگی دەسەڵاتی یەزدان دان، بەڵکوو هەموو زەوی، هەموو بوونەوەر لەدەستی قودرەتی خودا دایە، ئەویش بڕیاری داوەو مەزندەی کردوە کە کافران ریسوا بکاو کەسیش ناتوانێ لەبەردەم بڕیارو ویستی خودادا ببێتە لەمپەرو کۆسپو تەگەرە. کێ دەتوانێ قەضاو قەدەری خودا رەت بکاتەوە؟!

دوای ئەوە، ئەو وادەیە دەستنیشان دەکا: کە جاڕدانو راگەیاندنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێو بەموشریکەکان رادەگەیەنێو ماوەکە دیاری دەکرێ، دەترسێندرێنو ئاگادار دەکرێنەوە.

دوای ئەوەی پەروەردگار ئیعلانی بەرائەتی خۆی لەموشریکەکان کرد، ئەمجار فەرمانی کرد بەراگەیاندنی ئەم بەرائەتە بۆ هەموو ئادەمیزادەکان بەگشتیو دەفەرموێ: ﴿وَأَذَانٌ مِنَ اللهِ وَرَسُولِهِ إِلَى النَّاسِ يَوْمَ الْحَجِّ الْأَكْبَرِ: أَنَّ اللهَ بَرِيءٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ﴾ ئەمە جاڕدانو راگەیاندنە لەخوداو پێغەمبەری خوداوە بەبەرائەتو دەستبەردار بوونیان لەپەیمانو بەڵێنی موشریکەکان، بۆ ئەوەی بگاتە هەموو ئادەمیزادان بەگشتی لەرۆژی حەجی گەورەدا: کە رۆژی جەژنی قوربانە؛ ئەو رۆژەی کە ئەرکەکانی حەجی تێدا تەواو دەکرێ، گەورەترین رۆژی ئەنجامدانی کارباری حەجە، ئەو رۆژەیە کە حاجیەکان لەمینا دا کۆدەبنەوە بۆ تەواو کردنی کارەکانی حەج.[٣] کەوابێ

[٣] بەگوێرەی ریوایەتێکی ئیبنو عەبباسو بەمەزندەی ریوایەتی ئیبنو مەسعوودو ئیبنو ئەبی ئەوفاو موغیرەی کوڕی شوعبەو بەگوێرەی رێبازی ئیمامی مالیك رۆژی حەجی گەورە رۆژی جەژنی قوربانە، چونکە لەرۆژی جەژنی قوربان دا هەموو کاروباری حەج تەواو دەبن: راوەستانی عەرەفە لەشەوەکەیدا بەرەمیو سەربڕین قوربانیو ئیحرام شکاندنو طەوافی کەعبە لەبەیانییەکەی دا ئەنجام دەدرێن.
بەرای عومەرو عوسمانو ریوایەتێکی ئیبنو عەبباسو رای طاووسو موجاهیدو بەگوێرەی مەزهەبی ئەبو حەنیفەو مەزهەبی شافعی رۆژی حەجی گەورە رۆژی عەرەفەیە، چونکە مەخرەمە فەرموودەیەك ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (یوم الحج الأکبر یوم عرفة) رۆژی

جارِ دانو بەرائەتەکە دووبارە کردنەوەیان تێدا نیە، چونکە بەرائەتی یەکەم تایبەتە بەپەیمان لەگەڵ بەستراوەکانو پەیمان شکێنەکان، راگەیاندنی بەرائەت لەجاری دووەم دا گشتییەو بۆ هەموو ئادەمیزادانە بەپەیمان لەگەڵ بەسراوو پەیمان لەگەڵ نەبەستراویانەوە، ئەوانەی پەیمانیان شکاندوەو ئەوانەی پابەندی بوون.

جا لەگەڵ راگەیاندنی بەرائەتو جارِدانو بانگ هەڵدانەدا، هەڵنان بۆ هیدایەتو ترساندن لەگومرِایی دەخاتە رِوو دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ﴾ بەو کافرو موشریکانە بڵێن: ئەگەر تۆبە بکەنو واز لەهاوەڵدانان بۆ خودا بێنن، ئەوە بۆ ئێوە باشترو بەسوود ترە، لەدونیاو قیامەت دا سوودمەند دەبن، ﴿وَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ﴾ ئەگەر تۆبە نەکەنو نەگەرِێنەوە بۆ لای خودا، پشت لەئیمانهێنان هەڵکەن، رو لەئایینی ئیسلام وەرگێرِن، لەسەر کوفرو بێدینی خۆتان بەردەوام بن، ئەوە ﴿فَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللَّهِ﴾ باش بزانن ئێوە خودا دەستەوەسان ناکەن، سزاو عوزابی بۆ ئێوە دێو لەچنگی قارو غەزەبی رزگارتان نابێ، چونکە ئەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێک دا باڵایە، هیچی لێ یاخی نابێ، عەزابو سزای سامناکی بەسەر ئێوە دا دەداو ناتوانن هیچی بەرامبەر بکەن، وادەو بەڵێنی خۆی بۆ پێغەمبەرانی بەوە کە بەسەر ناحەزانیان دا سەریان دەخا دێنێتە جێو کۆمەکیتان پێ دەکا.

﴿وَبَشِّرِ الَّذِينَ كَفَرُوا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ ئەی پێغەمبەر! موژدە بەو کەسانە بدە کە ئینکاری پێغەمبەرایەتیەکەت دەکەنو بروا بەخوداو بەفریشتەی خودا ناهێنن بەسزایەکی بەئێشو کوشندە لەقیامەت دا، هەڵبەتە بەکارهێنانی موژدە لەشوێنی هەرِشەو ترساندن ئوسلوبێکی گاڵتە ئامێزو لاقرتێ پێکردنە بۆ زێدە سوکایەتی پێکردن بەو مۆشریکە ملهورِانە. ئەم تەرغیبو تەرهیبە لەم شوێنە دا ئاماژەیان تێدایە بۆ چۆنیەتی سروشتی مەنهەجی ئیسلامی، ئەوە دەگەیەنێ کە رێبازی ئیسلام پێش هەموو شتێک رێبازی هیدایەتو رزگار کردنە، ئەوەتا مۆڵەتی موشریکەکان دەدا نەک لەبەر

حەجی مەزن رۆژی عارەفەیە.

ئەوە نایەوێ غافڵگیرییان بکاو لەنکاو پەلاماریان بدا، بەڵکو مۆڵەتیان دەدا بۆ تێفکرینو ورد بوونەوە لەداهاتووی خۆیان، بۆ ئەوەی ڕێگای گونجاوو لەبار هەڵبژێرین؛ هەڵیان دەنێ بۆ تۆبە کردن لەشیرکو بێدینی، بۆ گەڕانەوە بۆ لای خودا، لەپشت هەڵکردنو رو وەرگێڕان لەئایین دەیانترسێنێ، هەڕەشەیان لێ دەکا بەسزای بەئێشو سامناک لەقیامەت دا، ئەمەش زیاد لەریسواکردنیان لەدونیا دا! بۆ ئەوەی دڵیان وەلەرز بێنێو هەستو هۆشیان راتڵەقێنێ، بەڵکو ئەو تەپو تۆزەی سروشتی داپۆشیون بتەکێندرێو نیگا ببیسنو بەپیریەوە بێن..

ئەمجار پەروەردگار تاقمێک جیا دەکاو لەوانەیان هەڵدەهاوێرێ: کە مۆڵەتی چوار مانگەکە دەیانگرێتەوە، ئەو تاقمەش کەسانێکن کە پەیمانەکەیان سنووردارو دیاری کراوەو دەفەرموێ: ﴿إِلَّا الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْئًا وَلَمْ يُظَاهِرُوا عَلَيْكُمْ﴾ واتە: هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی پەیمان هەموو موشریکەکان دەگرێتەوە جگە لەوانەی پەیمانتان لەگەڵ بەستوونو پابەندی پەیمانەکە بوونو هیچ خاڵێکی پەیمانەکەیان پێشێل نەکردوە، یارمەتی هیچ دوژمنێکیان دژی موسوڵمانان نەداوە، وەکوو خێڵی بەنو ضەمرەو خێڵی بەنو کینانە، کە پابەندی پەیمانەکەی خۆیان بوون. ئەوانە ﴿فَأَتِمُّوا إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَىٰ مُدَّتِهِمْ﴾ پابەندی پەیمانەکەیان بنو تاکاتی دیاریکراوو تەواو بوونی پەیمانەکەیان لەگەڵیان دا هەڵکەن، بەمەرجێ ئەو پەیمان لەگەڵ بەسراوانە پەیمانەکەیان نەشکێنن، نەچن کۆمەکی دوژمنی موسوڵمانان بکەن، ئەوانە وەفا بەعەهدو ذیممەیان دەکرێ، ئەمجار پەروەردگار جەختی لەسەر پێویستی وەفا بەپەیمان کردەوە، فەرمووی: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾ بێگومان پەروەردگار ئەوانەی خۆش دەوێن کە وەفا بەعەهدو پەیمانی خۆیان دەکەن.

ئیبنولقەییمی جەوزی دەڵێ: ئەوانەی خودا ئیستثنای کردنو فەرمانی کرد بەموسوڵمانان کە وەفا بەپەیمانەکەیان بکەن تا ماوەکەیان تەواو دەبێ، پێش تەواو بوونی ماوەی پەیمانەکەیان موسوڵمان بوون، بەڵکو ئەوانەی

پەیمانەکەشیان هەڵوەشاندبووەوەو خەڵکانی تریش لەوانەی کە مۆڵـەتی چوار مانگ دران لەجیاتی ئەوەی ئەو ماوەیە گەشتو گوزار بکەن هاتنە ژێر ئـاڵای ئیسلامەوەو موسوڵمان بوون.

بێگومـان پـەروەردگار -کـە بەدەستی قودرەتــی خـۆی نەخشــەی ئـەم بانگەوازییەی کێشابوو- دەیزانــی کـە کـاتی وشاندنی ئـەم گـورزە کاریگـەرە هاتووە کە ئاڕاستەی بن چنگــی کۆمــەڵی موشریکەکان بکرێ، دەیزانـی کـە بارودۆخ لەبارەو زەمینە خۆشەو سازە بۆ جاڕدانی ئەم هەواڵە گرنگە، دەیزانــی کـە بـەگوێرەی واقیعـی کـارو رواڵـەتی رۆژگــارو بــەگوێرەی قــەزاو قــەدەری شێردراوەی خـودا کـاتی راگـەیاندنی ئـەم هەواڵـە یـەکالا کـەرەوە بـێ باکانـە هاتووە، وەختی ئەوە هاتووە پێگایەکی ئەمینو خـاوێنو تۆکمـە بـۆ دەوڵـەتی ئیسلام دابمەزرێنێو ئێوە دوورگەی عەرەب لەناموسوڵمانان خاوێن بکرێتەوەو بکرێتە ناوەندی پەلهاویشتنو جمو جۆڵی سـوپای ئیسـلامو لـەوێوە مـەفرەزەو لەشکرو سوپاکان بەم لاو بەو لادا بنێردرێنو ئاراستە بکرێن.

پێویستبوونی شەڕکردن دژی موشریکەکانی عەرەب لەهەرکوێیەک بن

فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّوا۟ سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥﴾

ئەم ئایەتــە لـەو پۆیـی ئایــەتی پێشــووە، لــەوە پێـش پـەروەردگار جـاڕی بەرائەتی خۆیو پێغەمبەرەکەی لەپــەیمانی موشـریکەکان راگـەیاند، مۆڵـەتی چـوار مـانگی پێـدان، ئـەمجار لـێرەدا باسـی ئـەوە دەکـا: کـە چ پێویسـتە موسوڵمانان بیکەن دوای تەواو بوونی ماوەی مۆڵەتەکـە. دەفـەرموێ: ﴿فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ﴾ ئەم ئایەتە بەئایەتی شمشێر بەناوبانگـە، واتـە: هـەر کاتێ مانگە رێزدارەکان تەواو بوون، ئەو مانگانەی شەڕیان تێدا یاساغ کراوە

بەڕێ بوون، کە بەلای زوربەی موفەسیرەکانەوە لەڕۆژی جەژنی قوربانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە رۆژی دەیەمی رەبیعولئاخیر، ئەوە چی بەرژەوەندی تێدایە لەم شتانەی دوایی ئەوەیان لەگەل دا بکەن:

١- ﴿فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ﴾ موشریکو کافرەکان بکوژن لەهەر شوێنێک بەردەستتان کەوتن: لەناو بەستی کەعبە دابن یان لەدەرەوەی حەرەم بن، چۆنتان فرسەت لێ هێنان بەسەریانەوە مەچنو کۆیان لێ مەکەن.

٢- ﴿وَخُذُوهُمْ﴾ یان ئەگەر ویستان بەدیل بیانگرن بۆ ئەوەی دوایی یان بیانکوژن یان بەفیدیە بەرەلایان بکەن، یان بەمنەتو پیاوەتی مەرەخەسیان بکەن.

٣- ﴿وَاحْصُرُوهُمْ﴾ یان لەناو قەلاو باڵەخانەی خۆیان دا دەورەیان بگرنو تا موسوڵمان نەبن مەهێڵن دەرچن، هەتا گەردنکەچو سەر شۆڕ نەبنو چییان پێ دەڵێن ئەنجامی نەدەن گەمارۆ دانەکەیان لەسەر هەڵمەگرن، مەگەر ئیزنیان بدەن بەئامانو زامان بێنە ژێر سایەی ئێوەوە.

٤- ﴿وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ﴾ یان لەهەموو سەنگەرو بەندەنێک بۆیان دانیشنو چاودێرییان بکەنو بیانخەنە ژێر چاوەدێریو موراقەبەوە، هەتا ناچاریان دەکەن ئیمان بهێنن، هەتا دڵو دەروونیان پڕ بکەن لەترسو لەرزو زەندەقیان بچێو نەوێرن بەربەرەکانیتان بکەن.

ئایەتەکە بەروونی فەرمان دەکا بەموسوڵمانان:کە لەپاش تێپەڕبوونی چوار مانگ دەست لەموشریکەکان نەپارێزن،لەهەر شوێنێک بەرپەلیان کەوتن بەقوتاریان نەدەن، یان بەدیلیان بگرن، یان دەوریان بگرنو نەهێڵن کەسیان دەرچێ، جگە لەوانەی کە فەرمان بەموسوڵمانەکان کراوە کە تا تەواو بوونی ماوەی پەیمانەکەیان هیچیان لەگەل نەکەن.

چونکە ئەو موشریکانە ئاگادار کراونەوە، ترسێندراون، هەڕەشەیان لێ کراوە، بۆ کاتێکی دیاریکراویش مۆڵەتیان دراوە، کەوابێ ئەوان بەغەدرو خیانەت ناکوژرێن، بەغافڵگیری پەلامار نادرێن. پەیمانیان بەئاشکرا بۆ فڕێ

دراوەتەوەو هەڵوەشێندراوەتەوەو پێش وەخت دەزانن چی چاوەڕوانیان دەکا! بەڵام ئەمە هەڵمەتی قەلاچۆ کردنو لەناو بردن نەبوو بەڵکوو هەڵمەتی ترساندنو هەڵنان بوو بۆ موسوڵمان بوون. ﴿فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ﴾ ئەگەر تۆبەیان لەکوفرو هاوەڵدانان کردو هاتنە ژێر ئالای ئیسلامەوەو موسوڵمانبوونی خۆیان راگەیاندو ئەرکەکانی ئیسلامیان جێبەجێ کردن؛ نوێژەکانیان بەرێکو پێکی ئەنجامدانو زەکاتی ماڵو سامانی خۆیان دەرکرد، ئەوە رێگەیان بۆ ئاچووغ بکەنو وازیان لێ بێنن با ئیتر کارو باری خۆیان ئەنجام بدەن ﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ بزانن، کە خودا لێخۆشبوو لێبوردوە بۆ ئەو کەسانەی داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەن، بەرەحمو بەزەییە بەوانەی تۆبە دەکەنو دەگەڕێنەوە بۆ لای.

خوێنەری هێژا! سەیری مەنهەجی ئیسلام بکە، چەند مەنهەجێکی ئاشتیخوازو پیرۆزە، بیستو دوو ساڵ تێپەڕیوە، پێغەمبەرﷺ بانگەوازییان دەکاو هەوڵیان لەگەڵ دەدا، بیستو دوو ساڵە ئەو موشریکو کافرە ملهوڕانە ئەزیەتی موسوڵمانان دەدەنو بەرەنگاریی خۆیانو ئاینیان دەکەن، بەهەموو جۆرێک هەوڵی لەناوبردنو قەلاچۆ کردنیان دەدەن، کەچی سەیری سەماحەتی ئیسلامو هەڵگرانی بکە، پاش ئەو مێژووە دوورو درێژە، لەگەڵ ئەو هەموو ئەزیەتدانو تەنگ پێ هەڵچنینو دوژمنایەتیکردنەیان بۆ ئایینو رێرەوانی، پەروەردگار فەرمان بەپێغەمبەرو موسوڵمانان دەکا کە باوەشیان بۆ بکەنەوە، فەرمان دەکا بەو موسوڵمانانەی کە ئەزیەتدراون، دەربەدەر کراون شەڕیان لەگەڵ کراوە، ماڵو سامانیان داگیر کراوە؛ فەرمانیان پێ دەکا: کە واز لەموشریکەکان بێنن بەمەرجێک بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو تۆبە بکەن، موسوڵمان بنو پابەندی شەعائیرەکان بنو گەردنکەچی خۆیان بۆ ئایین رابگەیەننو ئەرکەکانی ئەنجام بدەن! چونکە خودا تۆبەی تۆبەکار رەت ناکاتەوە، چەندێک تاوانی گەورەی کردبنو دوژمنێکی سەرسەخت بوو بێ کە تۆبەی کرد تۆبەی وەردەگیرێو دەبێتە ئەندامێکی کۆمەڵی موسوڵمانان!

تێبینی:

ئایەتەکە ئەم حوکمانی لێ وەردەگیرێن:

١- شەڕکردن لەدژی عەرەبە موشریکەکان هەتا ئیمان دێنن، چونکە ئەوان سەرانەیان لێ وەرناگیرێ: یان دەبێ بکوژرێن یان موسوڵمان بن.

٢- نوێژکردنو زەکاتدان نیشانەی موسوڵمانبوونە، هەر کەسێ پابەندیان بوو خوێنو ماڵی پارێزراوەو مافی موسوڵمانانی دەدرێتێ مەگەر تاوانێکی تر بکا کە شیاوی تۆڵە لێ ستاندن بێ؛ بەم جۆرە بەنارەوا ئادەمیزادێکی بێ تاوان بکوژرێ، یان ژنی هێنا بێو زینا بکا، یان دوای موسوڵمانبوون هەڵبگەڕێتەوە: بوخاریو موسلیمو هی تریش فەرموودەیەکیان گێڕاوەتەوە لەئیبنو مەسعوودو هی تریشەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (**لایَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ اِلاَّ بِاِحْدَی ثَلاَثٍ: کُفْرٌ بَعْدَ اِیمَانٍ، أَوْ زِنیً بَعْدَ اِحْصَانٍ، أَوْ قَتْلُ نَفْسٍ بِغَیْرِ نَفْسٍ.**)

شەیخان: موسلیمو بوخاری فەرموودەیەکیان لەئیبنو عومەرەوە لەپێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی -فەرموودەکەش موتەواتیرە- (**أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّی یَشْهَدُوا اَنْ لَا اِلَهَ اِلاّ اللَّهَ، وَاَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ، وَیُقِیمُوا الصَّلاَةَ، وَیُؤْتُوا الزَکَاةَ، فَاِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ، عَصِمُوا مِنِّيَ دِمَاءَهُمْ وَاَمْوَالَهُمْ اِلاَّ بِحَقِّ الاِسْلَامِ، وَحِسَابُهُمْ عَلَی اللَّهِ.**) مەبەستیش بەوشەی (الناس) لێرەدا بەکۆڕای زانایان عەرەبە موشریکەکانن.

بەمەرج گرتنی ئەم سێ شتە: (شایەتومان، نوێژ کردن، زەکاتدان) لەم ڕەوەوەیە: کەوتنی شایەتومان بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە ئەو کەسە وازی لەبەندایەتیکردنی غەیری خودا هێناوەو بەگوێرەی ئامۆژگاری پێغەمبەرﷺ هەڵسو کەوت دەکا. ئەنجامدانی نوێژ ڕۆژی پێنج جار نیشانەی ئەوەیە: کە چووەتە ریزی موسوڵمانانەوەو بۆتە ئەندامێکی ئەوان، زەکاتدانیشی نیشانەی ئەوەیە: کە ڕێزی یاسای ئیسلام دەگرێو پابەندی قانوونی ئابووریو کۆمەلایەتی ئیسلامە.

٣- ئیمامی شافیعی لەم ئایەتە ئەوەی وەرگرتووە: کە کەسێک نوێژ نەکا دەکوژرێ؛ چونکە خودا لەهەموو حاڵێک دا خوێنی کافرەکانی بەحەلاڵ داناوە، پاشان بەوەدی هاتنی سێ مەرج (تۆبە-نوێژ- زەکاتدان) خوێنەکەیانی حەرام کردوە، هەرکاتێ ئەم مەرجە نەهاتنە دی پێویستە بچینەوە سەر ئەو حاڵەتە کە خوێنەکەیان حەلاڵە. جەصصاص کە خۆی حەنەفی مەزهەبە، دەڵێ: مەبەست بە ﴿وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ﴾ بڕوا بەپێویستبوونیانە نەک کردنیان!

٤- حەزرەتی ئەبو بەکر ﷺ دەربارەی ئەوانەی زەکاتیان نەداو هەڵگەڕانەوە، فەرمووی: (لا أفرق بين ما جمع الله) ئەمن جوداوازی ناخەمە نێوان ئەو دووشتەی خودا کۆی کردوونەوە، ئەمجار وتی: (لأقاتلن من فرق بين الصلاة والزكاة؛ فان الزكاة حق المال) سوێند بێ شەڕ لەگەڵ هەر کەسێک دەکەم جوداوازی بخاتە نێوان نوێژو زەکات، چونکە زەکات مافێکە لەسەر ماڵو دارایی.. چا دوایی ئیبنو عەبباس دەیفەرموو: خودا ڕەحم بەئەبو بەکر بکا چەند لەشەرع تێگەییشتووبو!

زانایان کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە کەسێک واز لەنوێژو ڕۆژوو زەکاتو فەرزەکانی تر بێنێو پێی وا بێ واجب نین پێی کافر دەبێ. کەسێک واز لەئەنجامدانی سوننەت بێنێو نەیکا بەبێ بایەخیان بزانێ پێی فاسق دەبێ.

کەسێک لەبەر تەمبەڵی نوێژ نەکا، واتە بڕوای وا بێ کە فەرزە بەلام تەمبەڵ بێ نەتوانێ بیانکا. مالیکو شافیعی پێیان وایە: کەسێک بڕوای بەخودا بێو پێغەمبەران بەڕاست بزانێز نوێژ نەکا دەبێ بکوژرێ.

ئەبو حەنیفە دەڵێ: بەند دەکرێ، لێی دەدرێ، ناکوژرێ، چونکە بەخودا ناسینەکەی لەپێڕی موشریکان دەرچووە، لەسەر نوێژ کردنو زەکات نەدانی بەند دەکرێو لێی دەدرێ. کەسێک نوێژ بکاو زەکات نەدا، دەبێ بەند بکرێ.

٦- کە دەفەرموێ: ﴿فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ﴾ فەرمانەکە گشتییەو هەموو موشریکو کافرێک دەگرێتەوە. بەلام فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ئەم حوکمە گشتییەی تایبەت کردوە، ئافرەتو منداڵو ڕەبەنەدێرنشینەکانی لەم حوکمە چەرت کردوە، کەوابوو مەبەست بەئایەتەکە: ئەو موشریکانە بکوژن کە

شەڕتان لەدژ دەکەن، موشریکانی عەرەب یان دەبێ موسوڵمان بن یان دەکوژرێن. خاوەن نامەکان سەرپشک دەکرێن لەنێوان سێ شت دا، یان موسوڵمانبوون، یان سەرانە دان، یان کوشتن.

حەدیثەکەی بورەیدە: کە موسلیم ریوایەتی کردوە، دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: کە تووشی موشریکەکان بوون، بانگەوازییان بکەن بۆ موسوڵمان بوون، ئەگەر موسوڵمان نەبوون داوای سەرانەیان لێ بکەن، ئەگەر دایان لێیان وەربگرن‌و وازیان لێ بێنن..) ئەم فەرموودە هەرچەندە گشتییەو هەموو موشریکان دەگێریتەوە بەلام لەروانگەی ئەم ئایەتەی ئێرەوە عەرەبە موشریکەکان لەم حوکمە وەدەرنراون.

پەنا دان رەوایە

وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُۥ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ ﴿٦﴾

لەئایەتی پێشوو دا پەروەردگار پاش مۆڵەتی چوار مانگەکە، جەنگانو شەڕکردنی دژی موشریکەکان بەواجب دانا، وەکوو راڤە کراو شیکرایەوە. ئەمجار لێرەدا ئەوە روون دەکاتەوە کە تەنگ پێ هەڵچنین‌و زۆر لێکردن لێیان بۆ ئەوەی یان موسوڵمان بن یان بکوژرێن، ئەوە ناگەیەنێ کە زەمینە خۆش نەکرێ بۆ موشریکەکان‌و نەهێڵدرێ گوێیان لەقورئان‌و بەڵگەکانی ئیمان ببێ. بەڵکو ئەگەر یەکێک لەموشریکەکان داوای بەڵگەو نیشانەی کرد، یان هات گوێ لەقورئان بێ، ئەوە پێویستە رێگای پێ بدرێ‌و هۆکاری بۆ برەخسێندرێ، نابێ بکوژرێ، پاش گوێگرتن‌و بەڵگە بیستن دەبێ بگەیەندرێتەوە شوێنی خۆی‌و لەکاتی هاتن بۆ ولاتی موسوڵمانان‌و لەکاتی مانەوەی‌و لەکاتی گەڕانەوەی دا نابێ هیچ ترس‌و بیمێکی هەبێ.

جا هەرچەند ئایەتی پێشوو؛ کە بەئایەتی شمشێر بەناوبانگە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر موشریکە عەرەبەکان‌و ئایەتێکی یەکالا کەرەوە بوو:

بەڵام ئاشکراو نمایانــە کـە ئیسـلام ئایینی هیدایەتـە، نـەک ئـایینی قـەڵاچۆ کردن، چونکە ئیسلام سوورە لەسەر بڵاوکردنەوەی بانگـەوازی خـۆی لەرێگـەی هۆکاری ئاشــتی‌یەوەو بـەهۆی بەڵگـەو نیشانەو قەناعـەتی دەروونی‌یـەوە. بـۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە مەبەستی لەجیهاد خوێنڕشتن نیـە، بـەڵکو ئـەوەی لای ئیسلام گرنگە ئەوەیە ئیمـان بچێتـە نـاو دڵانـەوە، خـەڵکی واز لەسـەرپێچی‌و یاخی بوون بێنــن، ئـایین قبـووڵ بکـەن‌و دان بـەتاکی‌و تـەنهایی خـودادا بنێـن. سەرباری ئەمانە هەموو، بۆ رێزنان لەهۆکارەکانی دانانی جیهـادو بـۆ جـەخت کردنـەوەی سـوور بوونـی ئیسـلام لەسەر ئاشــتی‌و ئاشـتەوایی، پـەروەردگار رێنمویی موسوڵمانان دەکا: کە پێویستە هەر موشـریکێک داوای حەوانـەوەی کردو ویستی لـەناو موسوڵمانان دا ماوەیـەک بمێنێتـەوە، دەبـێ پـەنای پـێ بدرێ‌و بحەوێندرێتەوە، ئەوەتا قورئان دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ﴾ ئەگەر کابرایەک لەموشـریکەکان پـاش هەڵوەشاندنەوەی پەیمان‌و تێپەڕبوونی چوار مانگەکە هاتە لای ئێوەو پەنای بۆ هێنـان ویستی گوێی لەئایەتەکانی قورئان بێ، لەپوختەی ئیسلام حاڵی ببـێ، بەڵگـەو دەلیـل ببیستێ، ئەوە پەنای بدە، پارێزگاری بکە، هۆکاری بیستنی قورئانی بۆ ئاسان بکە، با بەدڵ گوێی لەقورئان بێ، نەسیحەت‌و ئامۆژگاری ببیستێ. ﴿ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ﴾ هەرکاتێ ویستی بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، پێویسـتە پارێزگـاری بـۆ دابین بکرێ تا دەگاتەوە وڵاتی خـۆی، پاشـان ئەگـەر ویسـتت شـەڕیان لەگـەڵ بکەی بەبێ غەدرو خیانەت دەتوانی شەڕیان لەگەڵ بکەی.

حوکمی ئەم ئایەتە بەردەوام‌و چەسپاوەو نەسڕاوەتەوە. حەسەن دەفەرموێ: ئەم ئایەتە موحکەمەو حوکمەکەی تا رۆژی قیامەت بەردەوامە..

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێ: پیاوێکی موشریک هاتە خزمەت ئیمـامی عـەلی‌ﷺ وتـی: ئەگـەر یـەکێک لەئێمـە پـاش تـەوا بوونـی مـاوەی مۆڵـەت کەراگەیـەنراوە، بێتـە لای موحەمـمەد بـۆ ئـەوەی گوێـی لـەقورئان بـێ، یـان کارێکی تری هەبێ، ئایا دەکوژرێ؟

عەلی فەرمووی: نا، چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ﴾ ئیمامی سوودیو ضەحاكٚ دەفەرموون: ئەم ئایەتە حوکمەکەی سڕاوەتەوە بەئایەتی ﴿فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ﴾ نەسخ بووەتەوە. ئیمامی قورطوبی ڕەدیان دەداتەوە دەفەرموێ: رای پەسند ئەوەیە.ئایەتەکە موحکەمەو حوکمەکەی بەردەوامە، فەرمایشتەکەی ئیمامی عەلی لەریوایەتەکەی سەعیدی کوڕی جوبەیردا باشترین بەڵگەیە.

ئەمجار فەرمووی: ﴿ذَلِكَ﴾ ئەو تەسامحو لێبوردەییو ئاشتیخوازی‌یەی ئیسلام کە لەپەنادانو حەوانەوەی ئەو موشریکانە دا خۆی دەنوێنیو لەپارێزگاری‌وگەڕاندنەوەیان بۆ وەڵاتی خۆیان دا ڕەنگٚ دەداتەوە ﴿بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەهۆی ئەوەوەیە: کە ئەو موشریکانە تاقمو گرۆهێکی نەفامو تێنەگەییشتوون، ئاگایان لەحەقیقەتی ئیسلام نیەو، نازانن پوختەو کاکڵەی ئەو ئایینە چیەو چی نیە، ئادەمیزادیش دژایەتی ئەو شتە دەکا:کە نایزانێ، کەوابوو پێویستە ئەمانیان بدرێ بۆ ئەوەی کەلامی خودا ببیسنو لەحەق حاڵی بن.

هەر لەم ڕوانگەوە بوو: کە پێغەمبەرﷺ دڵنیایی دەدا بەهەر کافرێكٚ بهاتایە بۆ فێربوونو تێگەیشتن، یان ڕاسپاردەو نامەی بهێنایە، وەکوو ڕۆژی حودەیبییە کۆمەڵێكٚ لەفروستادەکانی قورەیش هاتنە خزمەتی عورووەی کوڕی مەسعوودو میکرەزی کوڕی حەفصو سوهەیلی کوڕی عەمرو هی تریشیان تێدا بوون، ئەمانە یەکە یەکە لەنێوان پێغەمبەرو موشریکەکان دا هاتوچۆیان دەکرد بۆ صوڵحو ڕێكٚ کەوتن، ئیتر ئەمانە ئەوەندە ڕەوشتی بەرزو جوانیان لەپێغەمبەرﷺ بینی سەریان سوڕما، بەجۆرێكٚ کە ئەو ڕەوشتو هەڵسو کەوتە جوانانەیان لەهیچ پاشاو مەلیکو سەرکردەیەكٚ نەبینیوو، ئەمانە کە دەگەڕانەوە بۆ ناو هۆزەکانیان باسی ئەو ئەخلاقو ڕەوشتانەیان دەکرد کە لەپێغەمبەریان دەبینی! ئەمەش گەورەترین هۆکاربوون بۆ موسوڵمانبوونی زوریەیان.

تەنانـەت کـە دوو فروسـتادەی موسـەیلیمەی درۆزن هاتنـە خزمـەت پێغەمبەرﷺ لیٚ پرسین ئایا ئێوە شایەدی دەدەن کە موسەیلیمە پێغەمبـەری خودایـە؟ وتیـان: بـەڵێ، پێغەمبـەرﷺ فـەرمووی: (وَاللّٰهِ لَوْلاَ أَنَّ الرُّسُلَ لاَ تُقْتَلُ، لَضَرَبْتُ أَعْنَاقَكُمَا) سـوێندم بـەخودا ئەگـەر لەبـەر ئـەوە نەبوایـە کـە فروستادە نـاکوژرێن، لـەملم دەدان. ئـەم فەرموودەیـە ئەحمـەدو ئـــەبو داوود لەنەعیمی کوڕی مەسعوودەوە ریوایەتیان کردوە.

ئەم ریوایەتەو وێنەکانی بەئاشکرا ئـەوە دەگەیـەنن: کـە ئیسـلام دەیـەوێ هەموو ئادەمیزادێک رێگەی هیدایەت بگرێو گەڕانـەوەی بـۆ لای خـودا بـێ، ئەو موشریکانەی داوای پەناو شوێنی حەوانەوە دەکەنو دەیانەوێ بۆ ماوەیەک لـەولاتی موسـوڵمانان دا بمێننـەوە پیویسـتە پـەنایان بـدرێو پارێزگاریشـیان بکرێ، چونکە لەم حاڵەتـە دا ترسـی ئـەوەیان لیٚ نـاکرێ زیـان بەموسـوڵمانان بگەیـەنن. کـەوابوو چ خراپەیـەکی تێـدا نیـە کـە هـەلێکیان بـۆ بڕەخسـێندرێ گوێیـان لـەقورئان بـێو فـێری ئـایین بـبن، بـەڵکو دڵو دەروونیـان نـەرم بـێو بەویستی خۆیان موسوڵمان ببن. بێگومان ئایینی ئیسلام مەنهەجی هیدایەتو بەختەوەرییە، مەنهەجی ریشەکێش کردنو لەناوبردن نیە.

ئەوانەی باسی جیهاد دەکەن لەئیسلام داو وای دەخەنەڕو کە بەزۆرە ملـێ دەیەوێ خۆی بسەپێنێو خەڵکی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە! ئەوانەش کـە ئـەم تاوانبار کردنەیان بەدڵ نیە، هەوڵ دەدەن داکۆکی لەئایین بکەن دەڵێن: ئیسلام کە پەنا بۆ جـەنگ دەبـاو شـەڕ رادەگەیـەنێ تـەنیا بـۆ بـەرگریکردن لـەولاتو سنووری خۆی پەنا بۆ شەڕ دەبا! ئەمانە هەردوو لایان لەئایین حـاڵی نـەبوونو پێویسـتە وردتـرو رونـتر بـیر بکەنـەوەو لەتەوجیهاتـەکانی قورئـان تێبفکـرنو گوێچکـەو دڵـی خۆیـانی بـۆ بکەنـەوە! بێگومـان ئـایینی ئیسـلام جـاڕدانو راگەیاندنـە بـۆ ئەوانـەی لـەئایین حـاڵی نـەبوونو نـازانن چیـەو چۆنـە، پـەناو حەشارگەیە بۆ کەسانێک پەنای بۆ بەرن، تەنانـەت بـۆ ئەوانـەش کـە دوژمنـی سەرسەختی ئـەو ئایینـە بـوونو لـیٚی چوونـە سـەنگەرەوەو لـەدژی شمشـێریان لەکالان کێشاوەو بەرامبەری وەستاونو هەوڵی لەناوچوونو ریشەکێش کردنیـان داوە!

ئیسلام کە فەرمان بەموسوڵمانان دەکا بەشمێر جیهاد بکەن، بۆ ئەوەی ئەو کۆسپو تەگەرە مادیو مەعنەویانە وردو خاش بکا کە دەبنە لەمپەڕ لەنێوان ئادەمیزادەکانو بیستنی کەلامی خودادا، دەبنە پەردەو بەربەست لەنێوان ئەوانو زانیاری بەو پەیامەی خودا ناردویەتیە خوارێ، لەنێوان ئەوان روناکی هیدایەت، لەنێوان ئەوانو رزگاربوونیان لەبەندایەتی کردن بۆ بەندەیەکی وەکوو خۆیان؛ جیهاد بەشمشێر بەرەوا دەزانێ بۆ رزگار کردنیئادەمیزادەکان لەکۆیلایەتیو بەندایەتی کردنو رەها کردنیان بۆ ژێر سایەی خوداپەرستی. جا هەر کاتێ ئەم کۆسپو بەربەستانەی تێکشاندنو رایماڵین، ئیتر ئادەمیزادەکان بەدڵنیاییو ئازادییەوە، با لەسەر بیرو باوەڕی خۆشیان بن لەسایەی دا دەحەسێنەوە، فێری ئایینیان دەکا نایانترسێنێ، پەنایان دەدا نایانکوژێ، پەنایان دەدا بۆ ئەوەی گوێیان لەکەلامی خودا بێ فێری تەعلیماتی ئایین بن، جا ئەوانە موسوڵمان بن یان بەکافری بمێننەوە، کە ماوەی پەنادانەکە تەواو بوو بەرێکو پێکی، لەژێر پارێزگاری پارێزەرانی موسوڵمانان دا دەگەڕێندرێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوونو بەشوێنی دڵنیابوونی خۆیانی دەزانن.

ئەمڕۆ لەسەر زەوی دا چەندەها نیظامو یاساو دابو نەرێتی دانراوی ئادەمیزاد هەن، بەسەدان پارتو گرۆهو رێکخراوو حکوومەتو فەرمانڕەوا هەن، کێ دەتوانێ لەژێر سایەی یەکێک لەم خۆسەپێنەرانە دا بحەوێتەوەو دژیشی بێ؟ تۆ کە دژی رژێمێک بیو لەبەردەستیشیا بی کوا لەژیانی خۆتو ماڵو منداڵو خزمو کەسو کارت ئەمێنی؟ کوا ماڵو ناموسو موقەدەساتت پارێزراوە؟ دەی بۆ خۆت وردبەرەوە فێربەو ژیر بە، بڕوانە، ئەمجار بەراوردێکی بەویژدانانە بکە لەنێوان یاسای ئیسلامو هەریاسایەکی تری دانراوی ئادەمیزاد کە بەپێشکەوتوو مرۆڤ دۆست حلێب دەکرێ بۆ خۆت حوکم دەو بڕیار دەرکە بەلام بەویژدانانە!!!

هۆکارەکانی دەستبەردار بوون لەپەیمانی موشریکەکانو شەڕ کردنیان لەژیان

كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ رَسُولِهِۦٓ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَـٰهَدتُّمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۖ فَمَا ٱسْتَقَـٰمُوا۟ لَكُمْ فَٱسْتَقِيمُوا۟ لَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٧﴾ كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا۟ عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا۟ فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ يُرْضُونَكُم بِأَفْوَٰهِهِمْ وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ وَأَكْثَرُهُمْ فَـٰسِقُونَ ﴿٨﴾ ٱشْتَرَوْا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِهِۦٓ ۚ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩﴾ لَا يَرْقُبُونَ فِى مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُعْتَدُونَ ﴿١٠﴾

پاش باسکردنی دەسبەردار بوونی خوداو پێغەمبەری خودا لەپەیمانی موشریکەکانو ئیعلانی شەڕی کرد دژیان، ئەمجار هۆی ئەو بەرائەتو دەستبەربوونە روون دەکاتەوە، هۆی مۆڵەتی چوار مانگ بۆ هەندێکیانو تەواو بوونی ماوەی پەیمان بۆ برێکیانو ئەمجار شەڕ کردن لەگەڵیان بەهەموو جۆرێک، دەست نیشان دەکاو دەفەرموێ: ﴿كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِنْدَ اللهِ وَعِنْدَ رَسُولِهِ﴾؟ چۆن پەیمانی رێزلێ گیراو لای خوداو پێغەمبەری خودا دەبێ بۆ ئەو موشریکانەی پەیمانیان پێشێل کردوە؟ ئەم رستە پرسیار ئامێزە مانای ئینکارو پێ رازی نەبوونی خودای لەخۆگرتووە، واتە: بەعەهدو پەیمانی ئەو کافرو موشریکانە بڕوا مەکەنو بایەخیان پێ مەدەن،ئەوانە شیاوی ئەوە نین پەیمانیان لەگەڵ دا ببەستریٚو پەرەی پێ بدرێ، ئەوانە لەراستی دا دوژمنن دڵرەشن، نیازی غەدرو خیانەتیان هەیە، هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن، بڕوایان بەخوداو پێغەمبەری خودا نیەو محاڵە ئەوانە خاوەنی وادەو بەڵێنی خۆیان بنو بەتەما پیاوەتیو پەیماندروستی ئەوان مەبن.

ئەمجار هەندێک هۆزو خێڵی عەرەبی لەو حوکمە وەلانا‌و فەرمووی: ﴿إِلَّا الَّذِينَ عَاهَدتُّمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ واتە: جگە لەو خێڵە عەرەبانەی کە لەلای کەعبە واتە: لەناخی حەرەم دا پەیمانتان لەگەڵ بەستوون‌و پابەندی پەیمانی بەڵێنی خۆیان بوون ئەوانە حوکمەکەیان بەم جۆرەیە: ﴿فَمَا اسْتَقَامُوا لَكُمْ فَاسْتَقِيمُوا لَهُمْ﴾ هەتا ئەوان پابەندی وادەو پەیمانی خۆیان بن، ئێوەش پابەندی پەیمانەکە ببن‌و پەیمانشکێنی مەکەن، ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾ بێگومان پەروەردگار هەموو ئەو موسوڵمانانەی خۆش دەوێن کە وەفا بەپەیمان‌و بەڵێنی خۆیان دەکەن‌و گەردنکەچی فەرمانی خودان، خۆیان لەغەدرو خیانەتکاری دەپارێزن.

﴿كَيْفَ﴾ چۆن عەهدو پەیمان بۆ ئەو موشریکە پەیمانشکێنانە دەبێ؛ کەی ئەوان شیاوی ئەوەن کە پەیمانی رێزدارو وەفا پێکراویان لای خوداو پێغەمبەر هەبێ؟ وەلحال خودا بۆ خۆی دەزانێ‌و ئاگادارە کە ئەوانە هەمیشە بۆ ئێوە لەکەمین دان‌و ﴿وَإِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً﴾ ئەگەر فرسەتیان دەسکەوێ‌و بەسەرتان دا زاڵ ببن‌و بزانن کە دەتانوێرنێ، ئەوە بێگومان هیچ موراعاتی سوێندو پەیمان‌و خزمایەتی‌و سوێند خۆری ناکەن!!

ئەمە هەڵنانی موسوڵمانانە بۆ ئەوەی سووربن لەسەر دوژمنایەتیکردنیان‌و دەستبەرداربوون لەپەیمان‌و بەڵێنیان‌و جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوە کە ئەوان شیاوی ئەوە نین ئێوە درێژە بەپەیمان بەستن لەگەڵیان بدەن، چونکە ئەوان هاوەڵ دادەنێن بۆ خوداو بڕوایان بەپەیامی پێغەمبەر نیە، ئەگەر دەسەڵاتیان بەسەر موسوڵمانان دا هەبێ، هەموانیان قەڵاچۆ دەکەن‌و هیچ شتێکیان لەبەر چاو نیە.

بڕێ لەدیاردەی دڵ پیسی‌و کینە لەدڵییان ئەوەیە ﴿يُرْضُونَكُم بِأَفْوَاهِهِمْ﴾ فێڵبازو دووڕوون بەزوبان قسەی شیرین دەڵێن: دڵیان پڕە لەکینەو دوژمنایەتی‌و حەسوودی. ئەوانە بەدەم قسەی خۆش‌و دۆستانەتان بۆ دەکەن ﴿وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ﴾ دڵیان بەو قسانەی خۆیان دەیانکەن رازی نیە!! ﴿وَأَكْثَرُهُمْ فَاسِقُونَ﴾ زوربەیان لەرێبازی حەق لایان داوەو پەیمانشکێنن.

وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿یقولون بألسنتهم مالیس في قلوبهم﴾الفتح/١١.

ئەمجار پەروەردگار دوو هۆکاری تر بۆ دەستبەرداربوونی خوداو پێغەمبەر لەپەیمانی موشریکەکان دەست نیشان دەکاو دەفەرموێ:

١- ﴿اشْتَرَوْاْ بِآيَاتِ اللهِ ثَمَنًا قَلِيلاً فَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِهِ﴾ ئەوانە لەجیاتی پابەند بوون بەئایەتی خوداو پەیڕەو کردنی پەیامی ئیسلامو شوێنکەوتنی پێغەمبەرﷺ کە دەبنە هۆی شارەزابوون بۆ حەقو خێرو بەختەوەری هەردوو دونیا. ئەوانە لەجیاتی هەڵبژاردنی ڕێبازی ئیسلامو خوداپەرستی، شوێنکەوتنی هەواو هەوەسی خۆیان هەڵبژاردووە، خۆیان بەدونیاوە هەڵەوگیر کردوە، خەریکی دونیا خواردنن بەشێوەیەکی ناڕەوا، ئیتر سەرباری خۆیان خەڵکی تریش لەڕێگا لادەدەنو ناهێڵن بچنە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە، بۆ خۆیان موسوڵمان نابنو ناهێڵن خەڵکانی تریش موسوڵمان بن، ﴿إِنَّهُمْ سَاءَ مَاكَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بێگومان ئەو کارەی ئەوان دەیکەن زۆر خراپە خراپکردارێکە کرداری ئەوان. ئەوەی ئەوان بۆ خۆیانیان هەڵبژاردووەو پێی ڕازی بوون تا بڵێی شتێکی ناشرینو قێزەونە.

٢- ﴿لاَيَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلاًّ وَلاَ ذِمَّةً﴾ ئەوانە لە بەر ئەوەی کافرو خودا نەناسن دەربارەی هیچ موسوڵمانێک کە دەسەڵاتیان بە سەریدا بشکێ، موراعاتی هیچ سوێندو پەیمانو خزمایەتیەک ناکەن ﴿وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُعْتَدُونَ﴾ ئەوانە دەستدرێژیکەرنو ئەو پەڕی ستەمکاریو شەڕخوازییان پەیڕەو کردوە جگە لە شمشێر لە هیچی تر حاڵی نابن، ئەوانە بە زۆر نەبێ چارەیان ناکرێ، ئەوانە هەرگیز پابەندی پەیمانو بەڵێنیان نابن، زمانی حیوارو وتو وێژنازانن بەکوردی وەکوو ماری شێخ هۆمەر وان دەبێ بە دار شەرعیان بکرێ! ئەوەتا قورئان دوو ڕەوشتی وە پاڵ داون، یەکەم فەرمووی: ﴿وَأَكْثَرُهُمْ فَاسِقُونَ﴾ دووەم فەرمووی: ﴿هُمُ الْمُعْتَدُونَ﴾. دەی باشە کەسانێک ئەو ڕەوشتانەیان هەبن چۆن ڕێزی پەیمانو بەڵێن دەگرن؟؟

تێبینی:

باوا نەزاندرێ کەرەستەی ﴿لَا يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً﴾ لە ئایەتی دەیەمدا دوو بارە بوونەوەی رستەی ﴿لا يرقبون فى مؤمن الا ولا ذمّة﴾ ی ئایەتی هەشتەمە چونکە لە جاری یەکەم واتە لە ئایەتی هەشتەمدا مەبەست موشریکەکانە. لە ئایەتی دەیەمدا مەبەست جولەکەکانە، چونکە دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿اشْتَرَوْا بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ ئەمەش بۆ جولەکەکان گونجاوە، ئەگەر لە جاری دووەمیشدا هەر مەبەست موشریکەکان بێ ئەو کاتە دەبوو بە تیکرارو دووبارە بوونەوە.

سەرەنجامی موشریکەکان یان تۆبەکردنو موسوڵمانبوونە یان شەڕو کوشتنە

فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَإِخْوَٰنُكُمْ فِى ٱلدِّينِ ۗ وَنُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَـٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿١١﴾ وَإِن نَّكَثُوٓا۟ أَيْمَـٰنَهُم مِّنۢ بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُوا۟ فِى دِينِكُمْ فَقَـٰتِلُوٓا۟ أَئِمَّةَ ٱلْكُفْرِ ۙ إِنَّهُمْ لَآ أَيْمَـٰنَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ ﴿١٢﴾

لەوەپێش پەروەردگار حاڵو چۆنیەتی موشریکەکانی دیاری کرد بەوە کە دەربارەی موسوڵمانان هیچ سوێندو پەیمانیان لەبەر چاو نیە، پەیمانشکێنن، دڵڕەشو خائینو سنوور شکێنن، ئەمجار پاش سەلماندنی دوژمنایەتییان بۆ ئیسلام ئەوە رادەگەیەنێ کە ئەوان دوو رێگایان لەپێشە یان تۆبە کردنو موسوڵمانبوون یان شەڕ کردن لەدژیانو کوشتنیان؛ واتە: لەم ئایەتانەدا رێنموویی موسوڵمانان دەکا کە چۆن هەڵسو کەوت بکەن لەگەڵ موشریکەکان دا پاش ئەوەی ئیعلانی دوژمنایەتی خۆیان دژی موسوڵمانان راگەیاند دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ﴾ ئەگەر تۆبەیەکی راستو دروستیان کردو وازیان لەکوفرو پەیمانشکێنیو هەڵخەڵەتاندنو

گومڕاکردنی کەسانی دیکە هێنا، لەهاوەڵدانان بۆ خوداو پەشێمان بوونەوە، بروایان بەتاکو تەنیایی خودا هێنا، نوێژەکانیان بەرێکو پێکی ئەنجام دان، زەکاتی ماڵو سامانی خۆیان دەرکرد کە دەبێتە نیشانەی تەکافولی کۆمەلایەتی لەناو موسوڵمانان دا، ئەگەر ئەمانەیان بەرێکو پێکی ئەنجام دان، ئەوە ئەو کاتە، ﴿فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ﴾ ئەوان برای ئاینیتانن، چی مافێک بۆ ئێوە هەبێ بۆ وانیش هەیە. چ ئەرکێک لەسەر ئێوە بێ لەسەر ئەوانیش دەبێ. کە دەفەرموێ: ﴿فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ﴾ بەڵگەیەکی بەهێزە کە برایەتی ئایینی زۆر لەبرایەتی رەگەز پیرۆزترو کاریگەرترە، دیارە ئەم هاوەڵناوەیان بەهۆی ئەو سێ شتەوە وەدەست هێناوە، کە لەپێشەوە باسکرانو بریتی بوون لەتۆبە کردن لەکوفرو پەیمانشکێنیو گەڕانەوە بۆ لای خودا؛ نوێژ کردنو زەکات دان.

﴿وَنُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ ئێمە بەڵگەو نیشانە دەخەینە رو، شییان دەکەینەوە بۆ سەلماندنی بوونی تاکو تەنیایی خۆمان بۆ گرۆهو تاقمو کەسانێک داناو زانابن، لەبەڵگەو نیشانە تێبگەنو وردبنەوە...

ئەم رستەیە تێهەڵکێشو تێخزێندراوە بەمەبەستی هەڵنانی موسوڵمانان کە جوان لەحوکمە شیکراوەکان ورد ببنەوە، پاش ئەحکامی پەیمانو پەیمان لەگەڵ بەسراوان بزانن‌و پارێزگاری بکەن.

﴿وَإِنْ نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ مِنْ بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُوا فِي دِينِكُمْ﴾ ئەگەر پەیمانی خۆیان هەڵوەشاندەوەو پابەندی وادەو بەڵێنی خۆیان نەبوون، تانەیان لەئایینەکەتان دا، رەخنەیان لەقورئانو پێغەمبەر گرت، گاڵتەو لاقرتێیان بەموسوڵمانان کرد، وەکوو ئەوەی شاعیرەکانیان دەیانکردو بەشیعر هەجوی پێغەمبەرو موسوڵمانانیان دەکرد، سەرۆکەکانیان تانەو تەشەریان لەپێغەمبەرو قورئان دەدا، ئەوە مانای ئەوەیە: ئەوانە پێشەواو رابەری کوفرنو سەرۆکو فەرماندەی موشریکانن ﴿فَقَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ﴾ شەڕێکی دژوار دژی سەرانی کوفر ئەنجام بدەن، بەهەموو جۆرێک دژیان بجەنگن ﴿إِنَّهُمْ لَا أَيْمَانَ لَهُمْ﴾ ئەوانە پەیمانو سوێندیان بێ بایەخە، وادەو بەڵێنیان نیە، واتە: چونکە ئەوانە

وەفایان بەعەهدو پەیمانی خۆیان نەکردوە، وەکوو ئەوە وایە: کە هەر پەیمانیان نەبێ!! بۆیە ئاوا (نەفی) پەیمانی لیٚ کردن..! شەڕیان لەگەڵ بکەن ﴿لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ﴾ بۆ ئەوەی واز لەکوفرو بێدینی خۆیان بێنن، چیدیکە ئەزیەتی موسوڵمانان نەدەن.

ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوە: کە هەر کاتێ (ذمىي) پەناپێدراو تانەو تەشەری لەئیسلام دان، دەبێتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکەی. هەروەها ئەوەش دەگەیەنێ کە جەنگان دژی کوفر نابێ لەبەرژەوەندی دونیایی بێ، بۆ مەبەستی دەستکەوتو خۆ رانواندنو حەزی داگیر کردنو تۆڵەستاندنەوە بێ! بەڵکو دەبێ بۆ رەخساندنی هەلو مەرجی جێگیر کردنی ئیسلام بێ، بۆ زەمینە خۆشکردنی بانگەوازی ئیسلامی بێ.

بێگومان ئەم دەقانە بۆ چارەسەری رەنگدانەوەی ئەو واقیعە بوو کە لەنیوە دوورگەی عەرەبی دا باوبوو، بۆ چارەسەری حاڵەتی نێوان موعەسکەری ئیسلامیو موعەسکەری موشریکەکان بوو، هیچ گومانی تێدا نیە کە حوکمی ئەم ئایەتانە دەربارەی ئەو واقیعانەیەو مەبەست بەموشریکەکان عەرەبە موشریکەکانی نیوە دورگەی عەرەبین. بەڵام لەراستی دا ئەمە هەڵوێستێکی هەمیشەییو گشتی موشریکەکانو خاوەن نامەکان بووە بەرامبەر ئیسلام، جا جارێ هەڵوێستی خاوەن نامەکان واز لیٚ بێنین بۆ شوێنی خۆیو لەوێدا تیشکێ دەخەینە سەری. هەڵوێستی موشریکەکان بەدرێژایی رۆژگار هەڵوێستی دوژمنکارییو ملهوڕی بووە بەرامبەر خودا پەرستان.

جا کە ئێمە پێمان وا بێ: کە ئیسلام بەپێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد دەستی پێ نەکردوە بەڵکوو دوا قۆناغی ئیسلامەو بەو پێغەمبەرایەتییە کۆتایی بەو ئایینە هێنراوەو هەڵوێستی موشریکەکان بەرامبەر هەموو پێغەمبەرێکو هەموو پێغەمبەرایەتیەکێ لەمێژوو دا، رەنگدانەوەی هەڵوێستی شیرکێ بووە بەرامبەر ئایینی خودا، ئەوە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئیسلامو کوفر فراوانتر دەبێ، هەر لەبەرە بەیانی مێژووە دەبێتە شەڕی نێوان حەقو بەتاڵ، شەڕی نێوان کوفرو خوداپەرستی...!

سەیر بکەو بڕوانە موشریکەکانی مێژوو چ هەڵوێستێکیان نواند بەرامبەر حەزرەتی نووح، حەزرەتی هوود، حەزرەتی صالح، حەزرەتی ئیبراهیمو شوعەیبو موساو عیسا ؟! (علیهم السلام)، بێگومان مێژوو شایەدە ئەو موشریکانە هیچ پیاوەتیو وادەو پەیمانێکیان بەرچاو نەگرتوون، هەر کە هەلیان بۆ هەڵکەوتووە زۆر بێ ڕەحمانە دەستیان لەخوداپەرستان وەشاندوە!!

بڕوانە تەتەرە موشریکەکان چیان بەسەر عالەمی ئیسلامی هێنا لەکاتی هێرشی قەلاچۆکاری مەغۆلو تەتار، هەروا بەو جۆرەو لەهەموو سەردەمو رۆژگارو ناوچەو ولاتێک دا، بزانە موشریکو خودانەناس چییان بەسەر موسوڵمانان هێناوە؛ چۆن لەهەموو لایەکەوە گەمارۆیان داونو پەلاماریان دەدەنو هەوڵی قەلاچۆ کردنو لەناوبردنیان دەدەن؟! سوبحانەڵلا هەر دەڵێی ئەم دەقە قورئانیە، ئەمڕۆ هاتۆتە خوارێ، بەڵکوو دەڵێی هەموو رۆژێک هاتنە خوارەوەکەی دووبارە بۆتەوە، چونکە ئاوێنەی بالا نومایە بۆ هەموو کاتو سەردەمێک، بۆ هەموو کونو قوژبنێکی عالەمی ئیسلامیو هەڵوێستی کافران بەرامبەر موسوڵمانان.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، روداوەکانی عالەمی ئیسلامی بخوێنینەوە، مرۆڤایەتیمان پێش چاو دەکەوێ، چونکە بەدەست خۆت نیە تفو لەعنەتی ئەو مێژووە تاریکو رەشە دەکەی!! ئەوەتا کاتێک بتپەرستە تەتارەکان هێرشیان هێنایە سەر عالەمی ئیسلامیو بەرەو بەغدا راجمین، هەرچی هاتە سەر رێگەیان لەشارو گوندو کۆمەڵگا خاپوریان کرد، دانیشتوانیان قەلاچۆ کردن، کاتێکیش گەیشتنە بەغداو ساڵی ٦٥٦هـ دەستیان بەسەردا گرت، ئەو هەموو کارەساتە خوێناوییەیان تێدا ئەنجام دا کە گێڕانەوەی هەندێکی مووی خوێنەرو بیسەر گرژ دەکاو موچورکە بەجەستەدا دەهێنێ! گێڕانەوەی هەموویشی لەتوانای ئادەمیزاددا نیە.

ئەوەبوو: ئەو خودا نەناسانە گەمارۆی بەغدایان دا هەرچی بەردەستیان کەوت لەژنو پیاوو منداڵو پیرو جوان کوشت بڕیان کردنو بێ رەحمانە شمشێریان لێ وەکار خستنو لەناویان بردن! خەڵکێکی زۆر لەترسان خۆیان خستە ناو بیرو زێرابو قامیشەلانو پەنا پاسارەوە، چەند رۆژێک بەبرسیو

تینوەتیو ترسو لەرزەوە خۆیان حەشاردا، لەلایەکی ترەوە چەندان تاقمو گرۆهو کۆمەڵ خۆیان دەخزاندە باڵەخانەو تەویلەو ژێرخانو خانووی قایمو پتەوەوە دەرگایان لەسەر خۆیان گاڵ دەدا، تەتەرە خوانەناسەکان دەرگایان دەشکاندو ئاگریان بەردەدایە ئەو ماڵو خانانەی کە ئەو خەڵکە خۆیان تێدا حەشار دابوو، هەڵمەتیان بۆ دەبردنو ئەوانیش هەڵدەهاتنە سەربانو هەوڵی خۆدەربازکردنی گیانی خۆیان دەدا، بەڵام دەورەیان دەگیراو لەسەربانەکان دەیانکوشتنو خوێنیان بەچۆڕاوگە دەهاتە خوارێ بۆ کۆڵانەکانو لافاوی خوێن هەڵدەستا، هەروا خەڵکیان لەناو مزگەوتو خانەقاو خوێندنگاکان دا ئابڵوقە دەداو بەو پەڕی بێ رەحمیو دڕندانە دەیانکوشتنو جەستەی بێ گیانیان لەگۆڕی دەکەوت، کەس رزگاری نەدەبوو لەچنگیان، جگە لەجولەکەو مەسیحی‌یەکانو ئەو کەسانەی پەنایان بەوان بردبوو، یان خۆیان خستبوە ماڵی ئیبنولعەلقەمی رافیضی‌یەوە، کۆمەڵێکیش لەبازرگانەکان بەپارەیەکی زۆر ئەمانیان وەرگرتبوو خۆیانو ماڵو منداڵیان پارێزراو بوون. شاری بەغدا کە لەوە پێش پایتەختی عالەمی ئیسلامی بوو، نمونەی ژیارو شارەستانی بوو، مەڵبەندی رۆشنبیریو زانستو زانیاری بوو، بووە کاولە ئاشو وێرانە شارو ئاداری بەسەر پاداریەوە نەماو تاکە تاکە نەبێ کەسی تێدا نەدەبینرا، ئەویش لەژێر باڵی رەشی ترسو تۆقاندنو برسیایەتیو نائارامی دا!!

مێژوو نووسان دەربارەی کوژراوانی ئەو رووداوە رای جیا جیایان هەیە: هەندێک دەڵێن: هەشت صەد هەزار کەس کوژراوە، هەندێ دەڵێن: ژمارەی کوژراو گەیوەتە یەک ملیون، هەندێکیش دەڵێن: ژمارەی کوژراو دوو ملیون کەس بووە.

ئەو خودانەناسانە لەکۆتایی مانگی موحەرەمی ساڵی (٦٥٦هـ) چوونە ناو بەغداوە بۆ ماوەی چل رۆژ قەتڵو عامی ئەو خەڵکە موسوڵمانە بێ دەسەلاتانەیان کرد.. خەلیفە موستەعصیم رۆژی چوار شەممەی چواردەی مانگی صەفەر کوژرا، تەمەنی ئەو کاتە (٤٦) ساڵو (٤) مانگ بوو، ماوەی خەلافەتی (١٥) ساڵو هەشت مانگو چەند رۆژێک بوو. هەر لەگەڵ کوژرانی خۆی دا ئەبولعەباسی کوڕی کە ناوی ئەحمەد بوو، تەمەنی گەیشتبوە (٢٥)

ساڵ کوژرا، پاشان کوڕی ناوەنجی کە ناوی ئەبولفەضل (عبدالرحمن) بوو تەمەنی (٢٣) ساڵ بوو کوژرا، کوڕە پچکۆلەی کە ناوی (موبارەکـ) بوو لەگەڵ سێ خوشکی دا فاطمەو خەدیجەو مەریەم بەدیلی گیران!!

مامۆستای (دار الخلافة) شێخ محی الدین یوسف کوڕی شێخ ئەبولفەرەج ئیبنولجەوزی کە زۆر دژی ئیبنولعەلقەمیو وەزیربوو کوژرا، هەرسێ کوڕەکانیشی (عبدا لله، عبدالرحمن، عبدالکریم) لەگەڵ پیاو ماقوڵو بەرپرسانی داموو دەزگای خەلافەت کوژران کۆمەڵێکی زۆر لەپێشەوایانی ئەهلی سوننە، یەکـ بەدوای یەکـ دا کوژران، پیاوی وا هەبوو: لەبنەماڵەی عەباسیان بانگـ دەکرایە دەرەوە بەخۆیو ماڵو منداڵیەوە دەبرا بۆ گۆڕستانی (الخلال)و لەوێ وەکوو مەڕو بزن سەردەبڕانو هەندێ کچو کەنیزەکی جوانیشیان لێ هەڵدەبژاردن بۆخۆیان دەبردن!

هەر لەو روداوانەدا مامۆستای پایە بەرز کە مامۆستاو راوێژکاری خەلیفە بوو شێخ صدرالدین علی کە بەئیبنو (النیار) ناوبانگی دەرکردبوو، کوژرا، زۆری تر لەخەتیبو پێش نوێژ خوێنانو قورئان خوێنو قوتابیو مامۆستا کوژران، مزگەوتەکانو خوێندنگاکان لەخوێندن تیان دا وەستان، بۆ ماوەی چەند مانگێکـ جومعەو جەماعەت نەکران. کتێبخانەکانیان سوتێندرانو تەفروتونا کران یان دەم ئاوی دیجلە دران. کە ماوەی دیاریکراو تەواو بوو، چل شەو بەسەر ئەو کوشتنو بڕینەدا تێپەڕی، بەغداد بەتەواوی تێکـ روخابوو، تاق تاق ئەبوایە کەس نەمابوو، کوژراو لەسەر جادەو کۆلان سواریەکـ کرابوونو وەکوو لێرەوار بەسەریەکـ دا کەڵەکە بوویوون، بارانیان لێ باری بوو شێوەو روخساریان بەتەواوی گۆڕابوو، بۆگەنیان کردبوو، ئاوو هەوای بەغدایان گۆڕی بوو، بوو بەهۆی کەوتنەوەی تاعوونێکی کوشندەو کاری لەئاوو هەوای وڵاتی شامیش کرد، خەڵکێکی زۆر بەهۆی ئەو تاعوونو کولێرەوە لەناو چوون، گرانیو داهاتو بوو بەقاتو قڕی سەرباری ئەو کوشتنو بڕینە تاعوونو کولێرەو برسیایەتیو چەند نەخۆشی تری کوشندە پەیدا بوو!!

ئەمجار پاش تێپەڕ بوونی ئەو چل رۆژو شەوە بەدوشوومە، بانگی ئاشتیو عەفوو لێبوردن هەڵدرا، جاڕی ئەمنو ئاسایش بەگوێچکەی خەڵکی دا

درا! ئەوانەی خۆیان شاردبوەو بەزیندو مابوونەوە لەکونو کەلەبەرو ژێر زەمینو زێراب هاتنە دەرێ، هەموویان دەتگوت: مردووی گۆڕستانن و هاتوونەوە، زۆر کەس خزمو کەسو کاری یەکتریان نەدەناسیەوە، باوکێ منداڵی جگەرگۆشەی خۆی لێ نەبان بوو، برا برای خۆی لێ گۆڕابوو، ئەوانیش تاعون پێیان گەییشتوو تێکیەوە پێچانو چونە ریزی کوژراوانو مردوانی پێشوو!

خوێنەری هێژا! ئەمە وێنەیەکی واقیعی مێژووە، چۆنیەتی هەڵسو کەوتی موشریکەکانمان نیشان دەدا کاتێک بەسەر موسوڵمانەکان دا زاڵ بوون، ئەوە بوو: هیچ پەیمانو پیاوەتیو مرۆڤایەتیان لەبەرچاو نەگرتو بەو شێوە دڕندەیی‌و بێ رەحمییە لەگەڵ موسوڵمانان دا جولانەوە!! تایا ئەم روداوە مێژوویی‌و کۆنە، تاقانەی مێژوو بووەو تایبەتی تەتەرە بتپەرستەکان بووە؟ ئیتر دووبارە نەبۆتەوە؟!

نەخەیر! ئەو روداوو قەتڵو عامەی دانیشتوانی بەغدا، تاقە روداوی مێژوو نیە. نمونەی ئەو کۆکوژییە، زۆر جاری تر دووبارەو سێ بارە بۆتەوە، ئەوەی بتپەرستو گاپەرستە هیندییەکان لەکاتی جیابوونەوەی پاکستان لەهیندستان دژی موسوڵمانان ئەنجامیان دا چی کەمتر نەبوو لەکۆکوژییە سامناکەکەی تەتەرو مەغۆلەکان! بەڵێ هەشت ملیون موسوڵمان لەهیندستان لەترسی گیانی خۆیان لەوانەی بەچاوی خۆیان چەند پەلاماری بێ رەحمانەی گاپەرستەکانیان بینیبوو، ویستیان گیانی خۆیان رزگار بکەنو بڕیاری کۆچکردنیان دا، لەو هەشت ملیون موسوڵمانە تەنها سێ ملیونیان گەیشتنە پاکستان پێنج ملیونەکەی تریان لەرێگا دا لەناوبران، چەتەو عەصابە هیندییەکان کە هەموویان سەر بەکاربەدەستە گاورەکانی حکوومەتی هیندوستان بوون لەرێگەو باندا کەوکوژی بۆیان دادەنیشتنو وەکوو کارو بەرخ سەریان دەبڕینو لاشەکانیان بەجێ دەهێشتنو دەبوونە خۆراکی درندەو جرو جانەوەر، ئەمەش پاش ئەوەی کە بەکوژراوی ئەتکیشیان دەکردن!

روداوی سامناکترو خوێناوی تر ئەوەبوو کە تووشی سەرنشینەکانی شەمەندەفەر بوو! ئەوەبوو: رێککەوتننامە مۆرکرا لەسەر ئەوە هەر موچەخۆرێکی موسوڵمان دەیەوێ لەفەرمانگەکانی هیندستانەوە کۆچ بکا بۆ

پاکستان ئازادە پەنجا هەزار موچەخۆر کۆبوونەوەو بەشەمەندەفەر ویستیان لەهیندستانەوە بێنە پاکستان، لەرێگا چەتەو رێگرە هیندییەکان ئەو شەمەندەفەرەیان لەتونێلێکدا کە ناوی (ممر خیبر) بوو حەوق کردو دەستیان کرد بەکوشتنو برینیان کاتێک شەمەندەفەر لەو سەرەوە دەرچوو سەرنشینەکانی بوبوونە گۆشتی هەنجنراوو هەرپەنجا هەزارەکەگیانیان سپاردبوو! فەرمودەی پەروەردگار زۆر راستو دروستە کە دەفەرموێ: ﴿كَيْفَ وَإِنْ يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً﴾.

بەڵێ تا ئێستاش ئەم جۆرە کۆکوژیو مرۆڤ لەناو بردنە بەردەوامەو لێرەو لەوێ دووبارە دەبنەوە.

دەزانی بەچکە تەترە شیوعییەکانی چینو روسیا چییان بەسەر موسوڵمانانی ئەو وڵاتانە هێناوە؟ بەڵێ ئەو ئاشتیخوازە مرۆڤ دۆستانە لەماوەی چارەکە سەدەیەک دا بیستو شەش ملیون موسوڵمانیان لەناوبرد!! واتە لەهەر ساڵێک دا زیاد لەیەک ملیون زیاتریان کوشتو برکردوە؟! هەروا پەلاماردانو عەمەلیاتی قەلاچۆکردنی موسوڵمانان درێژەی هەیەو پەرەی پێ دەدرێ!!

ئەمە جگە لەو هۆکارانەی دەیانگرنەبەر بۆ ئەزیەتدانی موسوڵمانانو سوکایەتی پێ کردنو ئەمجار لەناوبردنیان کە بەراستی پێست گرژ دەکاو موچرکە دەخاتە ناو جەستەوە، ئەوەتا بۆ نمونە لەشەستەکانی ئەم چەرخەدا لەوڵاتی چین لەهەرێمی تورکستانی موسوڵمانی دا کاری وا نامرۆڤانە ئەنجام دەراوە رووی تەترە موشریکەکان سپی دەکاتەوە. ئەوە بوو رابەرێکی موسوڵمانیان هێنا، لەسەر رێگەیەکی گشتی دا چاڵێکیان بۆ هەڵکەندو خستیانە ناوی، ئەمجار بەزۆرو بۆ زێدە ئازاردانی موسوڵمانان زەختیان لێ کردن کە هەر کەسە پیسایی خۆی بینی لەناو چاڵەکە دا بەسەری ئەو رابەرە موسوڵمانەی دا بکا، سێ رۆژ ئەم عەمەلییەتە مرۆڤانەیە!؟ بەردەوام بوو، تا کابرای رابەرو پێشەوای موسوڵمانان لەناو چاڵەکەدا گیانی ئەسپارد!!

هەمان هەڵسو کەوتی ئەو خودا نەناسانە یوغوسلافیای شیوعی دەرحەق بەموسوڵمانانی ئەو وڵاتە کردیان ئەمانیش لەوەتای شیوعی کەوتۆتە وەڵاتی

یەغسلافیاوە لەدووای جەنگی دووەمی جیهانی، بەمەلایین لەموسوڵمانانیان قەلاچۆ کردوەو بەوپەڕی دڕەندەیی‌و بێ بەزەییانە لەناویان بردوون، هەتا ئێستاش عەمەلیاتی قەلاچۆکردنو سزادانو چەساندنەوە بەردەوامە، کە هەر نموونەی سامناکی ئەوەبوو کە هاتن موسوڵمانانیان گرتن بەپیاوو ژنو گەورەو پچکۆلەوە خستیاننە ناو مەکینەی گۆشت هەنجنەوە (ئەو مەکینەی گۆشتی بەلوبیف دروست دەکا) لەماوەیەکی قیاسی دا دەبوونە هەویرێکی گۆشتو خوێنو ئێسقان.

ئەوەی لەیوغسلافیای شیوعی دا دژی موسوڵمانان ئەنجام دەدرێ ئێستا لەهەموو ولاتانی شیوعی دا پەیڕەو دەکرێ! بەراستی قورئان راستە کە دەفەرموێ: ﴿كَيْفَ وَإِنْ يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً﴾.[4]

ئەوەی بەسەر گەلی کوردی موسوڵمانیش هات لەم جۆرە قەتلو عامە دڕوندانەیە چی کەمتر نەبوو لەو روداوە خوێناویانەی باسمان کردن، خاوەنی توحفەی موظەفەرییە لەج١/١٤٧ دا لەباسی ئەو کوشتو کوشتارەی لەولاتی موکریان دا کراوە دەڵێ: ((یەکێک لەکارەساتە دڵتەزێنەکانی مێژووی کوردستان پاش موکری قڕانەکەی شاعەبباسی سەفەوی، کارەساتی قەتلو عام کردنی عەشیرەتی مەنگورە لەمەراغە، کە بەداخەوە مێژوو نووسانی خۆمانو بێگانە شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەنووسیوە.

کارەساتی کیمابارانی هەڵەبجەی شەهید کە لە ٣/١٧ ساڵی ١٩٨٨ دا ئەنجام دراو زیاد لەپانزە هەزار کوردی موسوڵمانی بریندارو کوژراو لێ کەوتەوە، هەروا عەمەلیاتی ئەنفالی گەرمیانو بادینان کە زیاد لە ١٨٢ هەزار کوردی موسوڵمانی تێدا بێ سەرو شوێن کراو بەئەوپەڕی دڕوندەیی‌و نامرۆڤانە ئەو حەمکە ژنو پیاوو منداڵو گەنجو پیرە، لەناوبرانو کەسوکاریان نازانن گۆڕەکانیشیان لەکوێیە، لەپێش ئەو دوو کارەساتە دڵتەزێنانەش دا هەشت هەزار پیاوی بارزانی لەدەوروبەری هەولێر لەناو ماڵو خێزانی خۆیان دەرهێنرانو بەرەو توونی مەرگ راپێچ کرانو تا ئێستاش کەس نازانێ لەکوێو

[4] بۆ ئەم نووسینە سەیری (في ظلال القرآن ج٤/١٥٠-١٥٤) بکە.

چـۆن قـەڵاچۆکران!!؟ ئـەوەی لـەدوا سـاڵەکانی (١٩٩١ی ز)وە لەبۆسـنەو هەرزەگۆڤینەو ئەلبانیاو زوربەی ولاتی یەغسلافیای کۆن دژی موسوڵمانانی ئەو ناوچانە ئەنجام درا موچورکە بەپێستی مرۆڤ دا دێنێو مرۆڤایەتی تێیدا شەرمەزارەو پەڵەیەکی رەشە بەناوچاوانی مێژووەوە، ئەوەی سرپەکانی سرپوستان بەسەر موسوڵمانانی ئەو ولاتەیان هێنا نایەتە گوفتارو قەڵەم تێیدا کۆڵو زمان دەربارەی لاڵە. لەپێش چاوی هەموو جیهان ئاوا بەدڕندەیی ئەو هەموو موسوڵمانە قەلاچۆ کران!! بەراستی ئەو وشە زەرقو بەرەق ئامێزانەو ئەو شیعارە زلو زەبەلاحانەی کە جیهانی کوفر وەکوو دەرزی مۆرفین لەجەستەی کۆمەڵی ئادەمیزادی دەداو خەڵکی ساویلکەی پێ دەخەڵەتێنن هەر قسەیەو قسەش کورد وتەنی ناچێتە ناو گیرفانەوە. ئازادیو دیموکراتیو مافی مرۆڤو یەکسانی....هتد وەکوو باڵندەی عەنقا وەهانو ئیسمی بێ موسەمان.

هەڵنانی موسوڵمانان بۆ جەنگان دژی موشریکە پەیمانشکێنەکان

أَلَا تُقَٰتِلُونَ قَوۡمٗا نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ وَهَمُّواْ بِإِخۡرَاجِ ٱلرَّسُولِ وَهُم بَدَءُوكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٍۚ أَتَخۡشَوۡنَهُمۡۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَوۡهُ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٣﴾ قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٤﴾ وَيُذۡهِبۡ غَيۡظَ قُلُوبِهِمۡۗ وَيَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٥﴾

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی ژمارە (١٤) ئەبو ششەیخ: ئیبنو حەییانی ئەلئەنصاری لەقەتادەوە ریوایەتی کردوە: دەڵێ: بۆیگێڕاینەوە کە ئەم ئایەتە دەربارەی هۆزی خوزاعە هاتۆتە خوارێ کاتێک کە لەمەککە

چون بەگژ هۆزی بەنی بەکرداو شەڕیان لەگەڵ کردن. هەر ئەبو ششەیخ لەعیکریمە ریوایەت دەکا دەڵێ: ئەم ئایەتە لەشانی خوزاعە دا هاتۆتە خوارێ. لەئیمامی (السدی)یشەوە ریوایەت دەکا: دەڵێ: ﴿وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ﴾ ئەو قەومە موسوڵمانە مەبەست هۆزی خوزاعەیە کە هاوپەیمانی پێغەمبەرﷺ بوون، تا دڵیان تەسکینی بێ لەهۆزی بەنی بەکر.

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە ئەوەیە: کە لەپێشەوە فەرمووی: ﴿قَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ﴾. ئەمجار بەشوێن ئەو فەرمانە دا ئەو هۆیانە باس دەکا کە دەبنە هۆکاری شەڕەکە. کە بریتیە: لە پەیمانشکێنیو دەستدرێژیکردنیانە بۆ سەر موسوڵمانانو جاڕدانی شەڕ دژی خوداپەرستانو هەوڵدان بۆ دەرکردنی پێغەمبەر لەوڵاتی خۆی. مەبەستی شەڕ کردن دژی موشریکەکان بۆ ئەوەیە: کە نیوە دوورگەی عەرەبی لەموشریکو بتپەرستەکان خاوێن بکرێتەوە... دەفەرموێ: ﴿أَلَا تُقَاتِلُونَ قَوْمًا نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ﴾ ئەری موسوڵمانینە! ئەوە بۆچی بەپەلە خۆتان کۆناکەنەوەو دەست ناکەن بەشەڕ دژی ئەو نەتەوەو هۆزو خێڵانەی کە موشریکو خودانەناسن چەند جار پەیمانشکێنیان کردوە، ئەو وادەو بەڵێنانەی بەتێوەیان دابوو پابەندی نەبوون وەفایان پێ نەکردن، هەر هەلیان بۆ هەڵکەوتبێ دەستی خۆیان وەشاندوە. ئەمە هەڵنانی موسوڵمانانە بۆ جەنگان دژی موشریکە پەیمانشکێنەکان، ئەوەش لەبەر سێ هۆی سەرەکی.

١- ﴿نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ﴾ ئەو پەیمانانەی بەسوێند جەختیان لەسەر کردبوونەوە هەڵیان وەشاندونەوە، پێشێلیان کردون. ئیبنو عەبباسو سوودیو کولەبی فەرموویانە ئەم ئایەتە دەربارەی کافرەکانی مەککە هاتۆتە خوارێ کە پاش ئاشتینامەی (حودەیبییە) پەیمانی خۆیان شکاند، یارمەتی هۆزی بەنی بەکریان دا دژی هۆزی خوزاعە کە هاوپەیمانی پێغەمبەر بوون ئەمەش ئاماژەی ئەوەی تێدایە، کە جەنگان دژی پەیمانشکێنان زۆر لەپێشترە لەجەنگان دژی کافری دی، بۆ ئەوەی ببێتە پەندو عیبرەت، کەس نەوێرێ پەیمانشکێنی بکا.

ئەم پەیمانشکێنی‌یەی موشریکەکان، وەکوو ئاماژەی بۆ کرا شکاندنی پەیمانی حودەیبییە بوو، ئەوەبوو: قورەیشییەکان یارمەتی هاوپەیمانەکانی خۆیان: کە هۆزی بەنی بەکر بوو دا لەدژی هۆزی خوزاعە کە هاوپەیمانی پێغەمبەرﷺ بوون، کە بەگوێرەی پەیمانی حودەیبییە نەدەبوو ئەوەبکەن.

٢- ﴿وَهَمُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ﴾ لەوە پێشیش هەوڵی دەرکردنی پێغەمبەریان داوە، ویستوویانە لەمەککە دەری بکەن، یان بەندی بکەنو بیخەنە شوێنێکەوە کەس نەیبینێ، یان بەدەستی کۆمەڵێک پیاوکوژ لەناوی بەرن، بەم جۆرە پیلانیان دارشت:کە لەهەر هۆزەو یەکێک تەرخان بکەن شەوێک لەنەغافڵ هەڵکوتنە سەری‌و بیکوژن بۆ ئەوە کەس نەزانێ بکوژی راستەقینە کێ‌یەو خوێنەکەی بەفیڕۆ بڕوا وەکوو لەشوێنێکی تردا ئاماژەی پێ دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ، أَوْ يَقْتُلُوكَ، أَوْ يُخْرِجُوكَ، وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ، وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ﴾الأنفال/٣٠، یان دەفەرموێ: ﴿يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَنْ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ﴾الممتحنة/١، یان دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ كَادُوا لَيَسْتَفِزُّونَكَ مِنَ الْأَرْضِ لِيُخْرِجُوكَ مِنْهَا﴾الأسراء/٧٦.

٣- ﴿وهم بدءوكم أول مرة﴾ ئەوانن: کە یەکەمجار شەڕیان هەڵگیرساند، ئەوە بوو لەجەنگی بەدردا پاش ئەوەی دڵنیا بوون کە کاروانەکە رزگاری بووە، وتیان: نەخێر ئێمە ناگەڕێینەوە هەتا موحەممەدو هاوەڵانی بنەبڕ نەکەین. هەروەها لەجەنگی ئوحودو جەنگی خەندەق‌و شوێنی تریش دا چەند جار ئەم هەڵوێستەی خۆیان دووبارە کردۆتەوە.

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار سێ هۆکاری سەرەکی باسکردن کە داخوازی ئەوەن موسوڵمانان چاو نەترسانە بەرەو گۆڕەپانی جەنگ دژی موشریکەکان بڕۆنە پێشەوە. دەفەرموێ: ﴿أَتَخْشَوْنَهُمْ﴾ ئایا ئێوە لێیان دەترسن‌و ناوێرن لەگەڵیان دا بجەنگن؟ جا خۆ ئەگەر هۆی شەڕ نەکردنتان لەگەڵیان ترسانی ئێوە بێ لێیان، ئەوە ﴿فَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَوْهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ خوا شیاوترە بۆ ئەوەی لێی بترسن، ئەگەر ئێوە بەراستی ئیمانتان

هەبێ، چونکە موسوڵمانی راستو بڕوا پتەو، لەخودا نەبێ لەکەسی تر ناترسێ. کەسێک ئیمانی ساغی هەبێ دەزانێ کە دەسەڵاتی هەموو شتێک بەویستی خودایە، جەمسەری هەموو بونەوەرو هەڵسوڕانی بەدەستی قودرەتی زاتی بێچوونە، تەنانەت ئەگەر بەگوێرەی دابو نەریتی خودا لەبوونەوەردا لەغەیری خوداش بترسێ، ئەوە نابێ تەرجیحی ترسان لەغەیری خودا بەسەر ترسان لەخودا دا بدا! بەمجۆرە ترسان لەغەیری خودا وای لێ بکا لەخودا یاخی بێو سەرپێچی فەرمانەکانی بکا، بەڵکوو دەبێ هەموو کاتێ ترسانی لەخودا لەهەموو کەسێکی تر زیاتر بێ، بەڵکو نابێ جگە لەخودا لەکەسی تر بترسێ!!

ئەگەر کەسێک پرسیار بکا بڵێ: هێنانی رستەی ﴿أَتَخْشَوْنَهُمْ؟﴾ بەشێوەی ئیستیفهامی ئینکاری لەموسوڵمانەکان، شتێکی نەگونجاوە، مەگەر بڵێین: خودا بۆ خۆی زانیویەتی کە موسوڵمانەکان دەیانەوێ شەڕ لەگەڵ کافرەکان نەکەنو لێیان دەترسن!؟ ئەمەش عەقڵ نایگرێ، بەتایبەتی لەو سەرو بەندەدا کە ئەم ئایەتانەی تێدا هاتوونە خوارێ، کە رێکەوتی سەردەمی دوای رزگار کردنی مەککە دەکا، ئەو رۆژگارەی قەڵای شیرکو کوفر بەتەواوی تێک روخێنرا بوو، خۆ موسوڵمانەکان لەکاتێک دا خۆیان بێ هێزو دوژمنانیان بەهێز بوو بەو پەڕی فیداکاریو گیانبازییەوە دژی موشریکەکان دەجەنگان، هیچ ترسو خۆپاشدانو خۆشاردنەوەیەکیان لەچوون بۆ جەنگ نەبوە، ئەدی چۆن دوای ئەوەی بەهێز بوونو مەککەیان ئازاد کردو موشریکەکان بێ هێزو پەرتەوازە بوونو شکۆمەندییان نەما، لێیان دەترسن؟!

کەوابێ دەبێ بڵێین: پەروەردگار دوای هێنانی ئەو سێ هۆکارە گرنگە هەریەکێکیان بەتەنیا دەبێتە مایەی پێویستبوونی جەنگان لەدژی موشریکەکان، روی خیطاب دەکاتە موسوڵمانەکانو پێیان دەفەرموێ: موسوڵمانینە! دوای دەستەبەر بوونی ئەم بەڵگە بەهێزانەو هاتنە دی ئەم سێ هۆکارە سەرەکییانە، هیچ شتێک نیە ئێوە لەشەڕ کردن لەگەڵیان بگێڕێتەوە جگە لەترسان لێیانو نەوێران بۆ جەنگان دژیان!! دەی ئەگەر هۆی شەڕ نەکردنتان دژیان، ترسان لێیانە، ئەوە خودا شیاو ترە بەتەو لێ ترسانەو حەق

وایە لەو بترسن! ئەگەر ئێوە بڕواتان پتەوەو دڵنیـان لەڕاسـتو دروسـتی ئـایین دەبێ هەر لەخودا بترسنو بەس! هەر ئەو شیاوی لێ ترسانو تەقوا بـۆ کردنـە، خۆ ئێوە بەچاوی خۆتان بینیتان چۆن خودا یارمەتی دان، لەچەند شەڕو جەنگ دا کۆمـەکی پـێ کـردن، لـەکاتێک دا ئێـوە بـێ هـێزو کەمدەسـت بـوون دوژمنەکانتان زۆرو بەهێز بوون.

ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە موسوڵمانی راستو بڕوا پتەو دەبـێ لەهەموو کەس ئازاترو دلێرتر بێ، نابێ جگە لەخودا لەکەسی تر بترسێ!

ئەمجار پاش ئاڕاسـتەکردنو هێنـانی ئـەم بەڵگانـە لەسـەر پێویـستبوونی شەڕکردن دژی موشریکەکانو پووچەڵکردنەوەی هەر کۆسـپو ئەگەرەیـەک کـە بۆنی ئەوەی لێ بێ لەگەڵیان نەجەنگێن، فەرمانێکی بێ پێچو پـەنا ئاڕاسـتەی موسوڵمانان دەکاو دەفەرموێ: ﴿قَاتِلُوهُمْ﴾ ئەی موسوڵمانینە! دەست بکـەن بەشەڕ دژی ئەو کافرانە، لەگەڵیان بجەنگێن، هەل لەکیس خۆتان مەدەن، ئێوە ئەگەر شەڕیان لەگەڵ بکەنو دژیان بجەنگێن ﴿يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ﴾ خـودا بەدەستی ئێوە سزایان دەدا، ﴿وَيُخْزِهِمْ﴾ ریسوایان دەکا بـەهۆی کوشـتنو بەدیل گرتنیانو تێشکاندنیان، ﴿وَيَنصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ﴾ ئێوەی خاوەن باوەڕ زاڵ دەکا بەسەر ئەو موشریکانە دا ﴿وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُّؤْمِنِينَ﴾ داخـی دڵـی خێڵو هۆزێکی موسوڵمان سارێژ دەکا؛ کە بریتی بوون لەهۆزی خوزاعە؛ کـە هاوپەیمانی پێغەمبەر بوون، زۆریان خەفەتو زوخاو لەموشریکەکانی مـەککـە خواردبوو، گەلێ ئازارو ئەشکەنجەیان لێ بینیبوون..

﴿وَيُذْهِبْ غَيْظَ قُلُوبِهِمْ﴾ موجاهید دەفەرموێ: خەمو خەفەتی دڵی ئەو موسوڵمانانە لابەرێ کـە لەموشـریکەکانەوە پێیـان گەیشـتبوو، غـەدریان لێ دەکـردن، خیانـەتیان دەرحـەق ئـەنجام دەدان، ئازاریـان دەدان، یـان کینـەو جەخاری دڵتان لابەرێ، ئەو داخو کەسەرەی ناو دڵتـان کـە بـەهۆی خراپـەکاری موشـریکەکان پـەیدا بویـوو سـارێژ بکـا، خۆشـیو گەشـە بکەوێتـە نـاو دەروونتانەوە. ئیبنو عـەبباس دەفەرموێ: ئەو قەومە چەند کەسانێکی یەمەنی بوون، هاتنە مەککەو موسوڵمان بوون، لەلایەن دانیشتوانی مەککەوە ئـازارو

ئەشکەنجەیەکی زۆر دران، خەبەریان بۆ پێغەمبەرﷺ نارد شکوای حاڵی خۆیان کرد، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: مزگێنی بێ ئەوەندەتان نەماوە رزگاربن، ئەمجار دەفەرمویّ: ﴿وَيَتُوبُ اللَّهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ﴾ ئەمە رستەیەکی سەربەخۆیەو عەطف نیە، واتە کەسانێک کە بیەوێ هیدایەتیان بداو رێنموییان بکا بۆ ئیمان هێنان، بەم رەنگە بڕێ لەدانیشتوانی مەککە تۆبە بکەنو واز لەکوفرو بێدینی بێنن، بێگومان سەرکەوتنی موسوڵمانان وا لەبڕێ موشریکو کافر دەکا کە ئیمان بهێنن، چاوی دڵیان بکرێتەوە بەتایبەتی کە دەبینن موسوڵمانان بەهۆی کۆمەکی خوداوە سەرکەوتن بەدەست دێنن، هەست دەکەن کە هێزێک جیا لەهێزی ئادەمیزاد پشتگیرییان دەکا. بەئاشکرا دیاردەی ئیمانو باوەڕ لەهەڵوێستیان دا بەدەر دەکەوێ، بێگومان ئەمە بەفیعلی روی دا؛ ئەوە بوو: کۆمەڵێک لەموشریکەکانی مەککە موسوڵمان بوونو دوایی خزمەتی ئیسلامیشیان کرد، وەکوو ئەبو سوفیان، عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل، سولەیمی کوڕی ئەبو عەمر. بەمەش موسوڵمانە تێکۆشەرەکان پاداشتی جیهادو ماندوبوونی خۆیان دەست کەوتو ئایینی ئیسلامیش بەموسوڵمانبوونی ئەمانە هێزو توانای زیادی کردو جەماوەری زۆر بوو. ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ خودا زانایەو دەزانێ چی بۆ بەرژەوەندی بەندەکانی بەسوودە، دەزانێ سەرەنجامی کارەکان بەچی دەگاو سەرەتا شاردراوەکان چییان لێ وەدی دێ. لێزانو دانایە، نەخشە بۆ ئاکامی کردارو جمو جۆڵەکانی دەکێشێو لەهەموو کردارو گوفتارێکی دا حەکیمو لێزانە، هیچ کارو کردارێکی بێهودە نیە، چی بوێ دەیکاو چ بڕیارێکی مەبەست بێ دەیدا، دادپەروەرەو هەرگیز ستەم ناکا، هەر شتێک حیکمەت داخوازی نەبێ نایکا، پاداشو سزای هەموو ئادەمیزادێک لەسەر کردەوەکانی دەداتەوە، چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپە.

بەتاقیکردنەوەو لەبۆتەدانی موسوڵمانانو پاککردنەوەیان لەبێگانەو چڵکاوخۆر

أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تُتْرَكُوا۟ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَـٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَلَمْ يَتَّخِذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلْمُؤْمِنِينَ وَلِيجَةً ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ



ئایەتەکانی پێشوو هەڵنانی موسوڵمانانیان تێدا بوو بۆ جیهادو جەنگان دژی ئەو موشریکانەی پەیمانی خۆیان شکاند، ئەم ئایەتەی تێرەش هەڵنانێکی ترە بۆ ئەوەی موسوڵمانان خۆیان لەبۆتە بدەنو موجاهیدی دڵسۆزو خائین لێک جیابکەنەوە.

بەڵێ دەبوو موسوڵمانان بەگشتی دژی هەموو موشریکەکان جیهاد بکەن، دەبوو هەموو پەیمانەکانیان بەسەردا بدەنەوە، موسوڵمانان هەموو، بەڵێ دەبێ هەموویان لەبەرامبەر موشریکو خودانەناسان دا یەکریز بوەستن، دەبوو پاکو پیس لێک هەڵهاوێرن، رازو نیاز دەربکەون، پەردەلەسەر خائینان وەلا بنرێ، ئەوانە دەربکەون کە موسوڵمانی راستاڵ نین، پەردە لەسەر بڕوبیانوویان هەڵبدرێتەوە؛ ئەو بڕوبیانوانەی برێک بەناو موسوڵمان دەیانخستنەرو بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ موشریکەکان، ئەوانە دەربکەون کە دۆستایەتی موشریکەکان دەکەن بەبیانووی خزمایەتی یان بەرژەوەندی تر. ئیتر باوی ئەوە نەما چیدی چاوپۆشی لەو جاشانە بکرێ کە دەسکیسی دوژمن بوونو نەڵقە لەگوێی موشریکەکان بوون، دەبوو جاڕی لێک جیابوونەوەو لێک دابڕان لەنێوان کوفرو ئیسلام دا هەڵبدرێ، بۆ ئەوەی نیازی شێردراوەی ناو دڵی دڵ کرمێیان دەربکەوێ. ئەوانە دەربکەون کە مەصلەحەتپەرستنو پەیوەندی خۆیان لەگەڵ کافرەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی دونیاییو مشەخۆری پەرە پێ دەدەن. جا بۆ رێگەگرتن لەم جۆرە کەسانە دەفەرموێ: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ

ان تتركوا؟﴾ واتە: ئەرێ موسوڵمانینە! ئەوە بۆچی شەڕ لەگەڵ ئەو موشریكانە ناكەن كە پەیمانیان شكاندو دەستدرێژییان كردە سەرتانو پابەندی وادەو بەڵێنی خۆیان نەبوون، بۆچی پێتان وایە ئەی موسوڵمانینە! كە ئێوە هەر ئاوا وازتان لێ بێنرێو پاشگوێ بخرێنو هیچ تاقیكردنەوەو بۆتەدانو ئەزموونێكتان لەگەڵ دا ئەنجام نەدرێ؟ دەڵێی بەتەمانین كە لەرێگەی جیهادو تێكۆشانەوە بەتاقی بكرێنەوە، كە لەراستی دا جیهادو جەنگان دژی موشریكەكان باشترین تاقیگەو بۆتەیە بۆ لێك جیاكردنەوەی راستو درۆ، بۆ دەرخستنی موسوڵمانی راستاڵو دوڕووی بەناو موسوڵمان، بەجیهاد دەردەكەوێ كێ موجاهیدو ماڵبەخشو گیان لەسەر مستە.

ئایا بەخەیاڵی خۆتان ئاوا پاشگوێ دەخرێنو فەرمانتان پێ ناكرێ بەجیهاد كردن؟؟ ﴿وَلَمَّا يَعْلَمِ اللهُ الَّذِينَ جَاهَدُوا مِنكُمْ﴾ واتە: وەلحال لەئێوە شتێكی وای نەخستۆتە ڕو كە موجاهیدی راستو دڵسۆز لەچەكداری دووڕوو دەروون نەخۆش جیا بكاتەوە، كە هێشتا خودا لەئێوە كۆمەڵێكی نەهێناوەتە سەرمەسرەحی ژیان كە جیهاد دەكەنو بەخەڵكی نەناساندون؟! هێشتا جیهادكەرو تێكۆشەری دڵسۆز لەئێوە پەیدا نەبوە،[1] ﴿وَلَمْ يَتَّخِذُوا مِن دُونِ اللهِ وَلَا رَسُولِهِ وَلَا الْمُؤْمِنِينَ وَلِيجَةً﴾ هەروەها جگە لەخوداو

[1] مامۆستا مەلا عەبدولكەریم لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: واتە: ئایا ئێوە گومانتان وایە هەروا بەرەڵا بكرێن، وە داوای جیهادو زەحمەت كێشانتان لێ نەكرێ؟ وە هێشتا ئێوە لەرێگەی خودادا كارێكی واتان نەكردبێ خودا پێی خۆش بێو جیهادێكتان نەكردبێ لەبەر بەرزكردنەوەی كەلیمەی حەق داو عیلمی خودا تەعەللوقی نەبەستبێ بەكردوەیەكی وەهاوە شیاوی تەقدیر بێ؟ بەو كەسانەوە كە ئەوەندە موخلیصنو ساغن لەخزمەتی دونیا كە غەیری خوداو پێغەمبەری خوداو موسوڵمانەكان كەسی نەكردبێ بەمەحرەمی ئەسراری خۆی بۆ ئەوە كە باسی حاڵی موسوڵمانەكانی بگەیەنێ پێیان، وە لەئەسراری ناو ئیسلام ئاگادار بن، وە بزانن كە خودا ئاگادارە لەسەر ئەوەی ئەیكەن. تەفسیری نامی ج٤/١٨.

پێغەمبەری خوداو موسوڵمانان کەسی تریان نەگرتووە بەدۆست، نەبوونە چڵکاوخۆری موشریکەکانو ناچن هەواڵو نهێنی موسوڵمانان بگەیەنن بەکافرەکان، بەڵکو ئەوان بەئاشکراو بەنهێنی بۆ خوداو پێغەمبەری خودا دەچارێن، خۆیان جیا دەکەنەوە لەو دووڕووە بەناو موسوڵمانانە: کە هەمیشە هەوڵی ئەوەیانە سیاسەتو نهێنی موسوڵمانان بزانن‌و بیگەیەننە کافرەکان ﴿وَاللهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ خودا هەموو کاتێ ئاگادارو زانایە بەکردارو گوفتارتانو سزاو پاداشتان دەداتەوە. پێویستە ئەوە بزانین کە مەبەست بە ﴿ولما يعلم الله﴾ ئەوە نیە نەفیی زانیاری خودا بکەین، نەچین وەکوو هیشامی کوڕی عەبدولحەکەم بڵێین: خودا تاشتەکە نەیەتە بازنەی بوونەوە نایزانێو وەکوو ئەو ظاهیری ئایەتەکە وەربگرین..

بەڵکوو مەبەست لەئایەتەکە نەفیی کردنی زانیارییە کە لەواقیع دا وجوودی هەیە بەڵام هێشتا نەهێنراوەتە سەر گۆڕەپانی ژیانی ئادەمیزادو خودا بۆی رانەنواندون بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە لەسەریان لەرۆژی قیامەت دا، نموونەی ئەم ئایەتە دەربارەی لەبۆتەدانی موسوڵمانان ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ: ﴿الم. أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا: آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ. وَلَقَدْ فَتَنَّا الذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ، فَلَيَعْلَمَنَّ اللهُ الذِينَ صَدَقُوا، وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ﴾العنكبوت/١-٣، هەر لەم بارەوە ئایەتێکی تر هەیە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الذِينَ آمَنُوا، لَاتَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ، لَايَأْلُونَكُمْ خَبَالاً، وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ، قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ، وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ﴾آل‌عمران/١١٨.

بەکورتیو پوختی پەروەردگار کە لەوەپێش جیهادی بۆ موسوڵمانان دانا، لێرەدا دێ حیکمەتەکەی رون دەکاتەوە: کە بریتییە لەتاقیکردنەوەی بەندەکانی، بۆ ئەوەی دەری بخا کێ بەگوێرەی فەرمانەکانی هەڵسو کەوت دەکاو کێ سەرپێچی فەرمانەکانی دەکا، ئەگینا پەروەردگار لەوەپێشو ئێستاو لەمەودواش زاناو ئاگادارە بەوەی بووە دەبێ...

ئاوەدانکردنەوەو تازەکردنەوەی مزگەوتەکان

مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُواْ مَسَـٰجِدَ ٱللَّهِ شَـٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ ۚ أُوْلَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ وَفِى ٱلنَّارِ هُمْ خَـٰلِدُونَ ﴿١٧﴾ إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَـٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ فَعَسَىٰٓ أُوْلَـٰٓئِكَ أَن يَكُونُواْ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١٨﴾

ئیبنو ئەبی حاتەم لەئیبنو عەبباسەوە دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە وای تەخریج کردوە، دەڵێ: کە رۆژی بەدر عەبباس بەدیلی گیرا، خۆی هەڵنایەوەو گوتی: جا ئەگەر ئێوە دەست پێشخەریتان کردوەو پێش ئێمە موسوڵمان بوونو کۆچتان کردوەو جیهادتان کردوە، ئەوە بێگومان ئێمەیش کەعبەمان ئاوەدان کردۆتەوە، ئاومان داوە بەحاجیان، بەماڵی خۆمان دیلمان کڕیوەتەوەو ئازادمان کردوە، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێو فەرمووی: ﴿مَاكَانَ لِلْمُشْرِكِينَ انْ يَعْمُرُوا مَسَاجِدَ ا للهِ....الآية﴾.

لەریوایەتێکی تردا هاتووە: دەڵێ: رۆژی بەدر کۆچکارانو یارمەتیدەران روویان کردە دیلی قورەیشو تانەو تەشەریان لێدان کە موشریکنو بێ باوەڕن، عەلی کوڕی ئەبو تالیب بەتوندی لۆمەی عەبباسی کرد: کە دژی پێغەمبەر جەنگاوە، صیلەی رەحمی پچڕاندوە. ئەویش وتی: ئێوە خراپەکانمان بەڕودا دەدەنەوە، باسی کارە باشەکانمان ناکەن، ئیمامی عەلی فەرمووی: جا بۆ ئێوە کاری باشتان هەیە؟ ئیتر دیلەکان دەمیان کرایەوەو ووتیان بەڵێ: ئێمە لەئێوە پاداشمان گەورەترە، ئێمە کەعبە: کە ماڵی خودایە ئاوەدانمان کردۆتەوە، پاسەوانیمان کردوە، دەرکەوانو مجەوری بووین، ئاومان داوە

بەحاجیان، دیلی هەژارمان بەپارەی خۆمان ئازاد کردوە، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە رەتدانەوەی قسەکانی عەبباسو ئەوانی تری تێدایە.

پەیوەندی ئەم ئایەتانەش بەئایەتەکانی پێشووەوە ئەوەیە: دوای ئەوەی یەزدان لەسەرەتای سورەتەکە دا بەرائەتی خۆیو پێغەمبەرەکەی راگەیاندو جۆرەها فەضیحەتو خراپەکارییەکانیانی باسکردن، کافرەکان نارەزایی خۆیان دەربڕیو وتیان: ئەم بەرائەتو دەسبەردار بوونە رەوا نیە، ئێمە شیاوی ئەم سوکایەتی پێکردنە نین، چونکە ئێمە رەوشتی جوانمان تێدانو پیاوەتیمان زۆرە، نمونەیەکێ لەرەوشتی جوانمێرانەمان ئەوەیە: کەعبەمان ئاوەدانکردۆتەوەو چاودێری دەکەین. ئیتر بەم ئایەتانە پەروەردگار رەدی دانەوە..

لەلایەکی ترەوە گونجاوبوو کە پاش بەسەردا دانەوەی پەیمانەکە بۆ کافرەکانو جارِی لێکێ دابڕانو دەستبەردار بوونیان، ئیعلانی ئەوە بکرێ کە نابێ لەکەعبەدا بتپەرستی بکرێ، مافی ئەوەیان نەدرێتێ: کە چیدی موشریکەکان چاودێری ماڵی خودا بکەنو خۆیانی پێوە هەڵبکێشن!!

دەفەرموێ: ﴿مَاكَانَ لِلْمُشْرِكِينَ اَنْ يَعْمُرُوا مَسَاجِدَ ا للهِ﴾ نابێو ناگونجێو رەوا نیە بۆ ئەوانەی بتپەرستنو هاوەڵ بۆ خودا بەرەوا دەزانن، مزگەوتەکانی خودا -کە کەعبە یەکێکیانە- ئاوەدان بکەنەوە، نابێ رێگەیان پێ بدرێ عیبادەتی پوچی خۆیانی تیدا ئەنجام بدەن، مافی ئەوەیان نیە سەروکاری کەعبە بکەنو مجێورو دەرکەوانو ئاوەدەری بن، نابێ بۆ حەجو عەمرەش بچنە ناویو تەوافی بکەن، چونکە ئەوان ﴿شَاهِدِينَ عَلَى أَنفُسِهِمْ بِالْكُفْرِ﴾ بۆ خۆیان شایەدی کافرێتی خۆیان دەدەن: بەم جۆرە بت دەپەرستن، بەروتو قوتی تەوافی کەعبە دەکەن، هەر کە سورِێکێ بەدەوری کەعبەدا دەدەن سوژدە بۆ بتەکانیان دەبەن.

ئەوان بەگوفتارو کردار موشریکو کافرن، ئەوەبوو: بەگوفتار دەیانگوت (لَبَّيْكَ لاَشَرِيكَ لَكَ، اِلاَّ شَرِيكٌ هُوَ لَكَ تَمْلِكُهُ وَمَامَلَكَ) ئەمە بەگوفتار شایەتیدانە لەسەر خۆیان بەکوفر، بەکردەوەش ئەوەبوو: بتیان دەپەرست.

لەراستی دا ئەوان بەم گوفتارو کردارانەیان دوو شتی دژ بەیەکیان لەخۆدا کۆکردبوەوە، دوو شتی لەگەڵ یەکێ نەگونجاویان خستبوە تەکێ یەکترەوە: کە عەقڵ نەیدەگرت، ئاوەدانکردنەوەی کەعبەو بڕوا نەبوون پێی!

﴿أُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ، وَفِي النَّارِ هُمْ خَالِدُونَ﴾ ئەو خودانەناسە هاوبەشپەیداکەرانە، بەهۆی شیرکێو کوفرەکەیانەوە، کردەوەکانیان پووچ کراوەتەوە، ڕۆژی قیامەت چ سوودو قازانجی لیّ نابینن، ئەوان لەناو دۆزەخ بۆ هەتا هەتایە دەمێننەوە، کردارو هەڵوێستیان هێندە ناجونمێرانەیە، تاوانەکەیان هێندە گەورەو بەسامە سزای دادوەرانە بۆیان ئەوەیە لەناو ئاگری دۆزەخ دا بمێننەوەو لیّی دەرنەچن. نموونەی ئەم ئایەتە لەبارەی سوود وەرگرتن لەکردەوە ئەم ئایەتانەن ﴿وَلَوْ اَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَاكَانُوا يَعْلَمُونَ﴾الأنعام/٨٨، یان ﴿وَقَدِمْنَا اِلَى مَاعَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ، فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَنْثُورًا﴾الفرقان/٢٣، یان ﴿وَلَقَدْ اُوحِيَ اِلَيْكَ وَ اِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ: لَئِنْ اَشْرَكْتَ لَيُحْبَطَنَّ عَمَلُكَ، وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾الزمر/٦٥، جا کە نەفیی تەهلییەتی ئاوەدانکردنەوەو سەرپەرشتیکردنی مزگەوتەکانی خودای لەموشریکەکان کردو ئەو مافەی پیّ ڕەوا نەبینن؛ لەم ئایەتەی دوایی دا ئەو مافە بۆ بەندە خوداپەرستەکان دەست نیشان دەکاو دەفەرموێ: ﴿اِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللهِ مَنْ آمَنَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ﴾ ئەوەکوو شیاوی ئاوەدانکردنەوەو سەرپەرشتیکردنی مزگەوتەکانن ئیللا کەسانێک کە بڕوایان بەتاکێو تەنهایی خودا بێ، بڕوایان بەزیندو بوونەوەو هاتنی ڕۆژی قیامەت هەبێ، کەسێک چاودێریکردنی کابەو ماڵی خودایە کە بڕوای تەواوی بەتاکێو تەنهایی خودا بێ، ئیمانی بەڕۆژی قیامەت هەبێ، ﴿وَأَقَامَ الصَّلَاةَ﴾ نوێژەکانی بەرێکێو پێکی ئەنجام بدا، ﴿وَآتَى الزَّكَاةَ﴾ زەکاتی ماڵو سامانی بەگوێرەی شەرعی خودا دەربکاو بیدا بەو کەسانەی کە شیاوی زەکات پێدانن.

﴿وَلَمْ يَخْشَ اِلاَّ اللهَ﴾ جگە لەخودا لەکەسی تر نەترسیّ، هیچ مەخلوقاتێک گیانلەبەر بێ، یان بێ گیان بێ بە خودا نەزانیّو بەندایەتی بۆ

نەکاو لیّی نەترسیّ، چونکە لە راستیدا جگە لە خودا کەس زیانو قازانجی بە دەست نیە، هەر سوودو قازانجیّکێ خودا مەیلی لیّ نەبیّ ناگا..

دەقەکە باسی بڕوا بە پێغەمبەری نەکرد چونکە بڕوا بە پێغەمبەرو پێغەمبەرایەتی دەکەوێتە چوار چێوەی ئەنجامدانی نوێژو زەکاتدانەوە، نوێژ کردنو زەکاتدان لە کەسێک وەردەگیرێ کە بڕوای بە پێغەمبەر هەبێ.
﴿فَعَسَىٰ أُولَٰئِكَ أَن يَكُونُوا مِنَ الْمُهْتَدِينَ﴾ ئەمجار ئەوانەی کە ئەو رەوشتانەیان تێدانو خاوەنی ئەو کارە پەسەندانەن ئەوانە لەپێری هیدایەتدراوەکانن، رێنموونییان وەرگرتووە، رێبازی خودایان گرتۆتە بەرو، شیاوی پاداشی باشو بەهەشتن، کردەوەکانیان بەفیڕۆ ناڕوا، هەر ئەوانە لەپێری هیدایەتدراوانن؛ نەک ئەوانەی موشریکو گومڕان، هاوەڵ بۆ خودا دادەنێنو بڕوایان بەپەیامی پێغەمبەرﷺ نیە،، سوجدە بۆ طاغووتو بتو صەنەم دەبەنو ئەمجار برێ خزمەت پێشکەشی مەسجیدولحەرام دەکەنو خۆیان بەخاوەنو سەرپەرشتیاری دەزانن!

وشەی (لعل)و (عسى)و ئەم جۆرە وشانە کە لەخوداوە صادر بوون نابێ لەسەر مانای خۆیان مانا بکرێن، چونکە (عسى) بریتییە لەگومان بردن بەپەیدابوونی شتێک کە هۆکارەکانی هاتبنە دی. دەی بۆ خودا ناگونجێ گومان بەکار بهێنرێ، چونکە هەموو شتێک لای خودا نومایانە، هیچ شتێکی لیّ نادیار نیەو حەقیقەتی هەموو شتێک بەئەوپەڕی زانینەوە دەزانێ! کەوابوو: ئەم جۆرە وشانە لەلایەن خوداوە بۆ شتی قەتعی بەکار دەهێندرێن گومانو دوودڵیو هیوایان تێدا نیە!

دەی بۆ پەروەردگار وشەی (عسى)ی بەکار هێنا؟ لەوەڵام دا دەڵێین: بۆ ئەوەی ئاماژەی ئەوەی تێدا بێ کە کافرەکان هیوا بڕاو بن لەسوود ببینین لەکردەوەکانیان، بەهیوای ئەوە نەبن رۆژی قیامەت سوود لەکردەوەکانیان ببینن، چونکە لەکاتێک دا پاداشی موسوڵمانان لەسەر کردەوەکانیان لەبابی خۆفو رەجادا بێ، دەبێ کافرەکان بەچ عەقڵو هۆشێکەوە بەتەما ئەوەبن: کە سوود لەکردەوەکانیان ببینن، چۆن خۆیان بەهیدایەتدراو دەزاننو دڵنیان لەوەی کە رۆژی قیامەت بەمراد دەگەن!

پێغەمبەرﷺ لەچەند فەرموودەیەک دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ سەرپەرشتیکارانی مزگەوتو ئاوەندانکەرەوانی ماڵی خودا ئەو کەسانەبن کە ئەو پێنج رەوشتانەیان تێدابن کە ئایەتەکە باسی کردن. ئەوەتا: شەیخانو تیرمیذی فەرموودیەک لەئیمامی عوسمانەوە ریوایەت دەکەن دەفەرموێ: لەپێغەمبەرمﷺ ژنەوت دەیفەرموو: (مَنْ بَنَى لِلهِ مَسْجِداً يَبْتَغِي بِهِ وَجْهَ اللَّهِ بَنَى اللَّهُ لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَةِ) کەسێک لەبەر خاتری خودا مزگەوتێک دروست بکا، بەم کارەی مەبەستی رەزامەندی خودا بێ، پەروەردگار لەبەهەشت دا خانوێکی بۆ بنیات دەنێ.

هەروەها ئیمامی ئەحمەد لەئبنو عەبباسەوە فەرموودەیەک بەمەرفووعی ریوایەت دەکاو دەفەرموێ: (مَنْ بَنَى لِلهِ مَسْجِداً وَلَوْ كَمِفْحَصِ قَطَاةٍ لِبَيْضِهَا، بَنَى اللَّهُ لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ) کەسێک لەبەر رەزامەندی خودا مزگەوتێک بنیات بنێ، دەستی لەبنیات نانی ماڵی خودادا هەبێ بابە ئەندازەی شوێنی هێلکەی مراویەکیش بێ، خودا لەبەهەشت دا خانوێکی بۆ بنیات دەنێ. فەرموودەیەکی تر هەیە، حاریثی کوڕی ئەبو ئوسامەو ئەبو ششەیخ بەسەنەدێکی لاواز لەئەنەسەوە ریوایەتیان کردوە. دەفەرموێ: (مَنْ أَسْرَجَ فِي مَسْجِدٍ سِرَاجًا، لَمْ تَزَلِ الْمَلَائِكَةُ وَحَمَلَةُ الْعَرْشِ تَسْتَغْفِرُونَ لَهُ، مَادَامَ فِي الْمَسْجِدِ ضَوْءٌ مِنْ ذَلِكَ السِّرَاجِ) کەسێک چرایەک لەمزگەوتێک هەڵبکا، روناکاییەک بخاتە مزگەوتێکەوە تا روناکایی ئەو چرایە لەو مزگەوتە دا هەبێ فریشتەو هەڵگرانی عەرش داوای لێخۆشبوون بۆ ئەو کابرایە دەکەن..!! ئەمە لەبارەی ئاوەدانکردنەوەی ماددییەوە. لەبارەی ئاوەدانکردنەوەی مەعنەویشەوە فەرموودەی پێغەمبەرﷺ زۆرو زەبەندەن: ئەوەتا: شەیخانو هی تریش لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەتیان کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (اِنَّمَا عُمَارُ الْمَسَاجِدِ هُمْ أَهْلُ اللَّهِ) هەر خوداپەرستانو خۆشەویستانی خودا مزگەوتەکان بەخوداناسی تێیان دا ئاوەدان دەکەنەوە.

ئیمامی ئەحمەدو ئیرمیذیو ئیبنوماجەو حاکمو ئیبنو مەردەویهی لەئەبو سەعیدی خودرییەوە ریوایەت دەکەن کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی (اذَا رَأَيْتُمُ الرَّجُلَ يَعْتَادُ ٱلْمَسَاجِدَ، فَاشْهدُوا لَهُ بِالْايمَانِ) هەرکاتێ دیتان پیاو خوی بەمزگەوتەوە گرتووەو هاموو شۆی مزگەوت دەکا، ئەوە شایەتی بۆ بدەن کە خاوەنی بڕوایەو ئیمانداره. ئەمجار ئایەتی ﴿انما يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللهِ مَنْ آمَنَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْاَخِرِ﴾ی خوێندەوە...

طەبەرانی لەموعجەمولکەبیردا لەئیبنو مەسعوودەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پەروەردگار دەفەرموێ: (انَّ بُيُوتِي فِي ٱلْاَرْضِ ٱلْمَسَاجِدُ، وَانَّ زُوَّارِي فِيهَا عُمَّارُهَا، فَطُوبَى لِعَبْدٍ تَطَهَّرَ فِي بَيْتِهِ، ثُمَّ زَارَنِي فِي بَيْتِي، فَحَقٌّ عَلَى ٱلْمَزُورِ انْ يُكْرِمَ زَائِرَهُ) ئەم حەدیثە هەرچەند زەعیفە، بەڵام وەکوو گوتراوە: حەدیثی زەعیف لەفەضائیلی ئەعمال دا کاری پێ دەکرێ.

هەر طەبەرانی لەموعجەمولکەبیر دا فەرموودەیەکی تری زەعیف لەئیبنو مەسعوودەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: (لەئاخرزەمان دا کۆمەڵێک لەئومەتی من دێنە ناو مزگەوتەکانو بەدەورە تێیان دا دادەنیشن، باسو گوفتوگۆیان هەرباسی دونیایە، باسی خۆشەویستی دونیایە، لەتەکیان دامەنیشن، خودا ئیشی بەوان نیەو کردەوەکانی ئەوانی ناوێ). لەریوایەتێکی تردا هاتووە: ئاخاوتن لەمزگەوت دا چاکە دەخواو لەناوی‌دەبا وەکوو چۆن ئاژەڵ پۆشو پەلاش دەخوا.

پێویستە ئاماژە بەئەوەش بکەین کە دروستە کافرو خوانەناس بەکار بهێندرێن بۆ دروستکردنی مزگەوت، دروستەکاری بیناکردنو نەقاریو سپیکاریو دامەزراندنی ئامێری کارەباییو ئەم جۆرە شتانە بەوان ئەنجام بدرێ.

ئەوەی کە دروست نیە بەکافر بسپێردرێ ئەو شتانەن کە پەیوەندییان بەسەرپەرشتی کردنو هەڵسوڕانی کاروباری ئیداریو ئایینی مزگەوتە. رایەکی زەعیفیش هەیە دەڵێ: کافر بەهیچ جۆرێو بەهەرمەبەستێک بێ نابی توخنی مزگەوت بکەوێ!؟.

گەورەیی ئیمان بەخوداو بەرۆژی قیامەتو گەورەیی جیهاد لەپێناو ئایینی خودادا

﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ ٱلْحَآجِّ وَعِمَارَةَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ كَمَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَجَٰهَدَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾ يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَٰنٍ وَجَنَّٰتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴿٢١﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٢﴾

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (١٩) وەکوو موسلیمو ئیبنو حیبانو ئەبو داود لەنوعمانی کوڕی بەشیرەوە ریوایەتیان کردوە؛ ئەوەیە: نوعمان دەڵێ: من لەگەڵ چەند هاوەڵێک لای مینبەری پێغەمبەرﷺ وەستابووین، پیاوێکیان وتی: ئیتر من پاش ئەوەی ئیمانم هێناوە جگە لەئاودان بەحاجییان هیچ کارێکی تر ناکەم، یەکێکی تریان وتی: بەڵکوو ئاوەدانکردنەوە کەعبە خێر ترە، یەکێکی تریان وتی: نەخەیر، بەڵکو جیهاد لەپێناو ئایینی خودادا لەو کارانە خێرترە کە ئێوە ناوتان هێنان، حەزرەتی عومەر لێیان تووڕە بوو، فەرمووی: لای مینبەری پێغەمبەرﷺ دەنگتان بەرز مەکەنەوە، ئەو رۆژە رۆژی هەینی بوو. جا وتی: کە نوێژی جومعەم کرد دەچمە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئەم کێشەیەی ئێوە پرسیاری لێ دەکەم. ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ﴾ تا دەگاتە ﴿وَاللهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ی ناردە خوارێ.

فەریابی لەئیبنو سیرینەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: عەلی کوڕی ئەبو طالیب هاتە مەککە بەعەبباسی گوت: ئەی مامی خۆم! ئەرێ بۆچی کۆچ ناکەی؟ بۆ پەیوەندی بەپێغەمبەرەوە ناکەی؟ عەبباس وتی: من کەعبە ئاوەدان دەکەمەوە، پارێزگاری ماڵی خودا دەکەم، مجێوری کەعبە دەکەم. ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ﴾ی نارده خوارێ.

عەبدورەززاق لەشەعبییەوە، ئیبنو جەریری طەبەری لەکەعبی قورەظییەوە ریوایەتیان کردوە: دەڵێن: طەلحەی کوڕی شەیبەو عەبباسو عەلی کوڕی ئەبو طالیب هەریەکەیان خۆی هەڵدەنایەوەو باسی شکۆمەندی خۆی دەکرد، طەلحە وتی: من خاوەنی کەعبەمو کلیل بەدەستی ئەم خانوە رێزدارەم، عەبباس وتی: من ئاودێری حاجیانمو ئەو ئەرکە پیرۆزەم لەئەستۆدایە. عەلی وتی: من لەپێش هەموو کەس دا نوێژم بەرەو قیبلە کردوەو من جیهادم کردوە. ئیتر پەروەردگار ئایەتی: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ﴾ نارده خوارێ. ئەم ئایەتە پەیوەندی بەئایەتەکانی پێشوەوە هەیە، لەم روەوە تەواوکەرو شیکەرەوەیە بۆ ئایەتی پێشوو: ئەوەتا لەئایەتی پێشوودا ئەوەی روون کردەوە: کە ئاوەدانکردنەوەی کەعبە پەسندە ئەگەر خاوەن باوەڕ بیکا، ئەو ئەرکە ئەرکی موسوڵمانانە، نەک هی موشریکان. ئەمجار لەم ئایەتە دا ئەوە روون دەکاتەوە: کە ئیمانو جیهاد زۆر باشترن لەو کردەوانەی کە موشریکەکان خۆیان پێوە هەڵدەناو شانازییان پێوە دەکرد، کە بریتی بوون لەئاوەدان کردنەوەی کەعبەو ئاودان بەحاجییان.

دەفەرموێ: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ ئایەتەکە، یان خیطابە لەگەڵ موسوڵمانان، یان خیطابە لەگەڵ موشریکەکان؛ بەگوێرەی ریوایەتی نوعمانی کوڕی بەشیر خیطابەکە رو لەموسوڵمانەکان دەکا. بەگوێرەی سیباقی ئایەتەکەش خیطابەکە بۆ موشریکەکانە... ئەوەی کە مەبەستە ئەوەیە: ئایەتەکە رەنگدانەوەی خۆهەڵنانەوەی دوو لایەنە: لایەنی موسوڵمانانو لایەنی کافرەکان. چونکە وەکوو لەوەپێش لەهۆکاری هاتنە خوارەوەی

ئایەتەکان دا باسمان کرد؛ عەبباس کە ئەوسا کافربوو خۆی هەڵدەنایەوەو شکۆمەندییەکانی خۆی باس دەکردن کە ئاوەدانکردنەوەی کەعبەو ئاو دابەشکردن بوو بەسەر حاجیان دا.. وەکوو نەحوی دەڵێن: (کەلام لەحەذفی موضافە) (السقاية) موضافو ئیلەیهییە، موضافەکەی حەذف کراوە کە وشەی (أهل)ە. واتە: ئایا ئێوە ئەوانەی ئاو دابەش دەکەن بەسەر حاجیان داو کەعبە ئاوەدان دەکەنەوە وەکوو ئەوانەیان حلێب دەکەن کە بڕوایان بەخودا هێناوە، بڕوایان بەهاتنی ڕۆژی قیامەت هەیەو لەپێناو ئایینی خودادا جیهادو تێکۆشان دەکەن؟ ئایا ئەم دوو تاقمە لەفەضلو ڕێزدا چون یەکن؟ بێگومان ئاودان بەحاجیانو ئاوەدانکردنەوەی کەعبە هەرچەندە کاری پەسەندن بەڵام خاوەنی ئەم ئیشانە لەپلەو پایەو بەرزی دا لای خودا ناچنە ریزی ئەهلی ئیمانەوە.

بەکورتی نابێ ئەو موشریکانەی ئاو بەسەر حاجیان دا دابەش دەکەن بیانبەنە ریزی موسوڵمانانی یەکتاپەرستو خاوەن بڕوا بەهاتنی ڕۆژی قیامەتو موجاهیدو تێکۆشەر لەپێناو ئایین دا، ئەو دوو تاقمە یەکسان نین. چونکە ﴿لَا يَسْتَوُونَ عِندَ اللَّهِ﴾ ئەوانە لای خودا وەکوو یەک نینو لەیەک ئاست دا نین. نە لەڕەوشتو نە لەکردەوەدا نە لەدونیاو نە لەقیامەت دا هاوتا نین. ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ پەروەردگار گەلو نەتەوەیەک هیدایەت نادا: کە بەردەوام بن لەسەر ستەم کردن لەخۆیان بەم جۆرە درێژە بەکوفری خۆیان بدەنو ستەم لەغەیری خۆشیان دەکەن.

ئایەتەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە نابێ بەهیچ جۆرێک موشریکو کردەوە پووچەڵەکانیان بخرێنە تای تەرازوی موسوڵمانانو کردارە پەسندەکانیان. تەنانەت بەیەکسانی تەماشا کردنیان ستەمەو بەستەم حلێب دەکرێ.

ئیمان بەخوداو بەرۆژی قیامەتو جیهادو تێکۆشان بەگیانو ماڵ لەپێناو ئایین دا زۆر باشترو گەورەترە لەئاودان بەحاجیانو مجێوری کردنی کابە! بەڵکو جوداوازی ئەم دوو جۆرە کردارە هەر نایەتە ژمارو بەرامبەری ناکرێن!! ئەمجار پەروەردگار پلەو پایەی نێوان موسوڵمانانیش دیاری دەکاو

دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەوانەی بڕوای تەواویان بەتاکو تەنهایی خودا هەیە ﴿وَهَاجَرُوا﴾ لەبەر خاتری ڕەزامەندیی خودا لەوڵاتی کوفرەوە کۆچیان کردوە بۆ وڵاتی ئیمانو ئیسلام ﴿وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ﴾ لەپێناو ئایینی خودادا جیهادیان کردوەو تێکۆشاون، گیانو ماڵی خۆیان بەخت کردوە، تاڵو سوێرییان چەشتووە، جۆرەها تەنگو چەڵەمەو دەردی سەرییان توش هاتووە، بێگومان ئەوانە ﴿أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ اللَّهِ﴾ پلەو پایەیان زۆر گەورەترە لەو موشریکانەی ئەرکی ئاو دابەشکردنیان لەئەستۆ گرتووە، مجێوریی کەعبە دەکەنو ڕوخاوی چاك دەکەنەوە جوداوازی نێوانیان عاسمانو ڕێسمانە. ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ﴾ ئەوانە، هەر ئەوانە بەمراز دەگەنو بەبەختەوەر حلێب دەکرێن. هەر ئەو موسوڵمانە کۆچکارە تێکۆشەرانە بەفەضلو کەرەمی خودا بەختەوەر دەبنو بەمراز دەگەنو پاداشی کردەوەی باشیان وەردەگرنەوە. ئەم بەختەوەریو بەمراز گەییشتنە ئەوەیە: کە ﴿يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَانٍ وَجَنَّاتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ﴾ پەروەردگاریان مزگێنی بەختەوەرییان دەداتێ بەوەی کە لەرەحمەتی خۆی دەبارێنێ بەسەریان دا، هەموانیان دەخاتە ژێر ئەو ڕەحمەتە بێ پایانەوە، سەرباری ئەوە ڕەزامەندیی خۆی دەکاتە سێبەری کامەرانیو دایاندەپۆشێ، ئەمەش گەورەترینو نایابترین خەڵاتە بۆیان، لەرۆژی قیامەت دا دەیانخاتە نێو باغو باغاتی بەهەشتی جوانو ڕازاوەی کە بۆ ئەوانی تەرخان کردوە، لەو بەهەشتە دا نازو نیعمەتی بەردەوامو نەبڕاوە هەیەو پەکیان لەهیچ ناکەوێو چییان بوێ بۆیان دابین کراوەو ئامادەیە، بۆ هەتا هەتایەو بێ بڕانەوەو کۆتایی هاتن لەم نازو نیعمەتەدا دەگوزەرێنن! وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا، وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ، وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ أَكْبَرُ، ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾التوبة/٧٢.

هەردوو پیری فەرموودە موسلیمو بوخاری، هەروەها تیرمیذیو نەسائی لەئەبو سەعیدی خودرییەوە فەرموودەیەك دەگێڕنەوە کە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ

فەرمووی: پەروەردگار روی رەحمەتی دەکاتە بەهەشتییەکانو پێیان دەفەرموێ: ئەی دانیشتوانی بەهەشت! هەموویان بەبەڵێ بەڵێ وەلام دەدەنەوە، ئەمجار دەفەرموێ: ئایا رازین بەپاداشتی خۆتان؟ هەموویان بەیەکدەم دەڵێن: خودایە! بۆ رازی نین؟ لەچیمان کەمە؟ شتێکت پێ بەخشیوین نەدراوە بەکەس! ئەمجار پەروەردگار دەفەرموێ: ئەمن شتێکتان پێ دەبەخشم زۆر لەو نازو نیعمەتەی پێتان دراوە گەورەتر بێ، هەموویان دەڵێن: پەروەردگارا! دەبێ چ شتێک لەم نازو نیعمەتە گەورەتر بێ؟ دەفەرموێ: رەزامەندی خۆمتان بەسەردا دەدەمو ئیتر لەئێستا بەولاوە قەت لێتان ناڕازی نابم.

ئایەتەکە بەئاشکرا ئەوە دەسەلمێنێ کە جیهادو تێکۆشان وێڕای ئیمانی پتەو لەلای خودا لەهەموو کردەوەیەک گەورەترەو هیچ کردارو گوفتارێک نایگاتێ، چونکە جیهاد بریتییە لەگیانو ماڵبەخت کردن لەپێناو بەرز کردنەوەی وشەی (لا اله الا الله)و بلاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام!

پێویستە ئەوەش بزانین کە وشەی (أعظم) لەئایەتەکە دا کە لەسەر شێوەی (**اسم التفضيل**) هاتووە مانای زێدەیی ناگەیەنێ، چونکە ئایەتەکە مانای ئەوە نیە کە کافرەکان پلەو پایەکیان هەیە لەخوار پلەو پایەی موسوڵمانە موجاهیدەکانەوەیە. بەڵکو پلەو پایەی موسوڵمانەکان رەهاو موطلەقە، کافرەکان کردەوەکانیان پووچو بێ سوودە، ئەوان لەدۆزەخ داو ئەوان لەبەهەشت دا، کەوابێ هیچ موفاضەلەو زێدەیەک لەنێوان کافرەکانو موسوڵمانەکان دا نیە چونکە ئەوان لەو پەڕی بەدبەختیو چارە رەشی دان ئەمان لەوپەڕی خۆشیو کامەرانی دان.

وازهێنان لەدۆستایەتیکردنی باوکو براو خاوو خێزانی کافرو هەڵبژاردنی ئیمانو جیهاد بەسەر هەشت شت دا

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَابَآءَكُمۡ وَإِخۡوَٰنَكُمۡ أَوۡلِيَآءَ إِنِ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡكُفۡرَ عَلَى ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی ژمارە (٢٣). لەم بارەوە کولەبی دەڵێ: کاتێک پێغەمبەر فەرمانی پێ کرا بەکۆچ لەمەککەوە بۆ مەدینە پیاوی، وا هەبوو: بەباوکو براو خێزانی خۆی رادەگەیاند: کە فەرمانی کۆچکردنیان پێ کراوەو دەبێ مەککە بەجێ بێڵن، جا هی وایان تێدا بوو بەبێ چەندو چوون ملی رێگای دەگرتە بەرو کۆچی دەکرد، هی واشیان هەبوو: بەماڵو منداڵو خزمو کەسوکاری رادەگەیاندن ئیتر خێزانی، کوڕی، کچی، خزمو کەسوکاری داوێنیان دەگرتو پێیان دەگوت: بۆخاتری خودا! چۆن ئێمە بەجێ دێڵی؟ دڵت دێ واز لەماڵو منداڵت بێنی؟ بۆ کێیان جێ دێڵیو بەکێیان دەسپێری؟ ئیتر ئەویش دڵی نەرم دەبوو: وازی لەکۆچ دەهێناو لەگەڵیان دەمایەوە. ئەم ئایەتە هاتە خوارێ سەرکۆنەی ئەو جۆرە کەسانە دەکاو دەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَاتَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَأَبْنَاءَكُمْ...الآية﴾

دەربارەی ئەوانەش کە لەمەککە مابوونەوەو کۆچیان نەکردبوو ئایەتی ﴿قُلْ: إِنْ كَانَ آبَاءُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ﴾ تا دەگاتە ﴿فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللهُ بِأَمْرِهِ﴾ کە مەبەست رزگار کردنی مەککەیە. هاتە خوارێ.

فەریابی لەئیبنو سیرینەوە ئەویش لەعەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە ریوایەت دەکا: دەفەرموێ: بەچەند کەسێکم وت: ئەرێ بۆ کۆچ ناکەن؟ بۆچی پەیوەندی بەپێغەمبەرەوەﷺ ناکەن؟؟ لەوەڵام دا وتیان: لەگەڵ کەسوکارمان دەمێنینەوە، لەناو هۆزو ماڵی خۆمان دا دادەنیشین، ئیتر ئایەتی ﴿قُلْ: إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ....الآية﴾ هاتە خوارێ.

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە ئەوەیە: کە سیباقی ئایەتەکە بەردەوامە لەروتکردنەوەی هەستی موسوڵمانەکان لەهەموو جۆرە پەیوەندییەکێ جگە لەپەیوەندی لەگەڵ خودا، هەموو پەیوەندییەکێ لەدڵی کۆمەڵی موسوڵمانان دادەڕنێو مشتو ماڵی دەکا بۆ پەیوەندی کردن بەخوداو بەدینی خوداوە. بانگەوازی ئادەمیزاد دەکا کە واز لەهەرچی پەیوەندیو پەرژەوەندی خزمایەتیو لەززەتو خۆشی هەیە بهێنن، هەموو ئەمانە وەلا بنرێو لەشوێنی دا پەیوەندی لەگەڵ خوداو ئایینی خودا دا ببەسترێ. هەموو خۆشیو بەرژەوەندیو پەیوەندیو خزمایەتی بخاتە لایەکی ترازووەوە، خۆشەویستی خوداو پێغەمبەری خوداو جیهاد لەپێناو ئایین دا بخاتە لایەکی ترەوە، ئەمجار موسوڵمانان سەرپشکێ بکا، لایەکیان هەڵبژێرن!

بەکورتی ئایینی ئیسلام هاتووە مەفهوومەکان بگۆڕێ، هاتووە ئەو راستییە بچەسپێنێ کە پەیوەندی ئایین بەهێزترو لەپێشترو بەرزترە لەپەیوەندی رەگەزو زمانو خزمایەتی، هاتوە جەخت لەسەر ئەو راستییە بکا: کە بەرووبوومی جیهاد کاتێکێ دەستەبەر دەبێ، کە واز لەخۆشەویستیو دۆستایەتی موشریکەکان بێنێ، بەندایەتیکردن بۆ خوداو شوێنکەوتنی پێغەمبەرﷺ بەسەر هەموو شتێکی ژیان دا هەڵبژێرێو لەناخەوە ئاوێتەیان بێ!! بۆیە بەو جۆرەو بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە رووی خیطاب دەکاتە موسوڵمانانو دەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَاتَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ

واخوانکم أولیاء﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان بەتاکو تەنهایی خـودا هەیـەو ئیمانتان بەپێغەمبەر هێناوە، نـەچن بـاوکو بـراو خزمـی موشـریکتان بکەنـە لێپرسراوی خۆتانو پابەندی فەرمانو ئامۆژگارییان ببنو لەشـەڕدا یارمـەتییان بدەن، بۆ خاتری ئەوان کۆمەگی بەکافرەکان بکەن، بەسەر نهێنی موسـوڵمانان دا ئاگاداریـان بکـەن، نـابێ لـەخزمو کـەسوکارو بنەماڵـەو خـاوو خێزانتـان کەسانێک کە کافرو خودا نەناسـن بیانکەنـە دۆسـتو سەرپەرشتیاری خۆتـانو بـەرژەوەندی ئـەوان پێـش بـەرژەوەندی موسـوڵمانان بخـەن. ﴿ إِنِ اسْـتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ﴾ ئەگەر ئەوان کوفریان هەڵبژاردو شیرکیان بە باشتر زانی لە ئیسلامو لە سەر کوفرو بێدینی خۆیان بەردەوام بوون. ﴿ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّـالِمُونَ﴾ کەسێک لـە ئێـوە کۆمـەگی لـە کـافران داوا بکاو پشتیان بێ ببەستێ، ئەوە ئەوانە لـەو گرۆهانـەن کـە لـە ڕێبـازی راسـت لایـان داوە.

ئیبنو عـەبباس دەفەرموێ: ئەوانـە موشـریکن وەکـوو ئـەوان، چونکـە بـە موشریکەکان رازی بوون، رازی بوون بە کوفر؛ کوفرە وەکـو چۆن رازیـی بـوون بەفیسق؛ فیسقە...!

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّـهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ، وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ، وَ ظَاهَرُوا عَلَـــى إِخْرَاجِكُـــمْ أَنْ تَوَلَّوْهُـــمْ، وَمَـــنْ يَتَوَلَّهُـــمْ فَـــأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾الممتحنة/٩.

ئـەمجار پـەروەردگار ڕوی خیطـابی دەکاتـە پێغەمبـەرو دەفـەرموێ: ﴿قل﴾ ئەی موحەمـەد! پێیـان بڵـێ: ﴿ إِنْ كَـانَ آبَاؤُكُمْ﴾ ئەگـەر بـاوکو باپیرتان ﴿وَأَبْنَاؤُكُمْ﴾ کوڕو کچو نەتەوەتان ﴿ وَإِخْوَانُكُـمْ﴾ بـراو ئـامۆزاو مامو خاڵتان ﴿وازواجکم﴾ خێزانو هاوسەرتان ﴿ وَأَمْـوَالٌ اقْـتَرَفْتُمُوهَـا﴾ مـاڵو سامانێک کـە کۆتـان کردۆتـەوە ﴿ وَ تِجَـارَةٌ تَخْشَـوْنَ كَسَـادَهَا﴾ بازرگانیو مامەڵەکردنتان کە ترسـی بـازاڕ وەسـتانو نـرخ شـکانی کاڵاکانتـان هەیـە، ﴿وَمَسَـاكِنُ تَرْضَوْنَهَـا﴾ خـانوو باڵەخانـەکانتان کـە تێیـان دا

دەحەوێنەوەو ئیستراحەتیان تێدا دەکەن. پێیان بڵێ ئەگەر ئەم هەشت شتانەتان ﴿أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ﴾ لەخوداو پێغەمبەری خوداو جیهاد لەپێناو ئایین دا خۆشتر دەوێ، بەجۆرێک ئەو خۆشەویستییە ببێتە کۆسپو تەگەرە لەبەردەم یارمەتیدانی پێغەمبەر، ئەوە ﴿فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ﴾ چاوەڕوان بن تا ئەوکاتەی خودا بڕیاری خۆی دەربارەی ئێوە دەردەکاو سزای بێ ئامانی خۆی دەنێرێ بۆتانو ئەوکاتە رزگارتان نابێ، ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ خودا هەرگیز هیدایەتی گەلو گرۆی سنوور بەزێن ناداو، هەر کە کاتی سزادانتان هات بەفریاتان نادا.

ئەم دەستبەردار بوونو دابڕانە لەکوفرو گرۆهی موشریکان، هەر ئەرکی تاک تاکەی کۆمەڵ نیەو بەس! بەڵکوو ئەرکی هەرە لەپێشی کۆمەڵی موسوڵمانانیشە، ئەرکی دەوڵەتی ئیسلامیشە، دروست نیەو نابێ هیچ ئیعتیبارێک بۆ هیچ جۆرە پەیوەندیو بەرژەوەندییەک بکرێ لەسەر حیسابی بنەماکانی عەقیدەو داخوازییەکانی بیروباوەڕو پێویستیاتی جیهاد!! دەبێ هەموو پەیوەندیو بەرژەوەندییەک لەچوار چێوەی ئیسلام دا حیسابی بۆ بکرێو بەپێوەری ئەو بپێورێ! هەموو شتێک دەبێ لەروانگەی ئیسلامەوە سەیری بکرێو بەتەرازووی ئەو بکێشرێ!

تێبینی:

ئایەتەکە کە دەفەرموێ: ﴿لَا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ.....﴾ وا پێ دەچێ خیطاب بێ بۆ هەموو موسوڵمانان، حوکمەکەشی بەردەوامە تا رۆژی قیامەتو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ موسوڵمانو کافر لێک جیابنو نابێ موسوڵمانان گوێ بیسی فەرمانی کافران بن.

کە لەئایەتەکەی تردا دەفەرموێ: ﴿قُلْ: إِنْ كَانَ آبَاءُكُمْ.....﴾ جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە خۆشویستنی خوداو پێغەمبەرﷺ شتێکی پێویستەو کۆڕای موسوڵمانانی لەسەر چەسپاوە، خۆشەویستنی خوداو پێغەمبەر بریتییە لەفەرمانبەرداری فەرمانەکانیانو شوێنکەوتنی پەیامی ئیسلام. چونکە

لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿قُلْ: اِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ، فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ﴾آل‌عمران/٣١.

پێغەمبەرﷺ لەفەرموودەیەکدا فەرموویەتی: (لايَطْعَمُ أَحَدُكُمْ طَعْمَ الإيمانِ حَتَى يُحِبَّ فِي اللّهِ، وَيُبْغِضَ فِي اللّهِ، حَتَى يُحِبَّ فِي اللّهِ اَبْعَدَ النَّاسِ، وَيُبْغِضَ فِي اللّهِ أقْرَبَ النَّاسِ اِلَيْهِ) واتە: هیچ کەس لەئێوە تامی ئیمان ناکا هەتا وای لێ نەیە تەنها لەبەرخاتری خودا خەڵکی خۆش بوێ، لەبەر خاتری خودا خەڵکی ناخۆش بوێ. دوورترین تادەمیزادی لەبەر خودا خۆش بوێ، نزیکترین خزمی خۆی لەبەر خاتری خودا بدزێ..

پەروەردگار لەچەند هەل‌و مەرجێک داو لەچەندان شوێن دا کۆمەگی بەموسوڵمانان کردووە

لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَعَذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ ﴿٢٦﴾ ثُمَّ يَتُوبُ اللَّهُ مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٧﴾

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی ﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ....﴾ بەیهەقی لە(الدلائل) دا ریوایەتی کردوە دەڵێ: رۆژی حونەین پیاوێک وتی: ئەمڕۆ لەبەر کەمی تێناشکێین، ژمارەی جەنگاوەرانی موسوڵمان (١٢) دوازدە هەزار بوو. پێغەمبەرﷺ ئەم بەخۆنازینەی پێ ناخۆشبوو، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ. ﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ اِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ....الآية﴾.

لەرووی پەیوەندی نێوان ئەم ئایەتەو ئایەتی پێشوو دەگوترێ: لەئایەتی پێشوو دا پەروەردگار باسی ئەوەی فەرموو: کە پێویستە موسوڵمانان لەپێناو بەرژەوەندی ئایین دا دەستبەرداری باوکو براو خزمو کەسوکاری موشریکیان ببن، لەهەمان کات دا خودا بۆخۆی دەیزانێ کە ئەم کارە لەسەر شانی موسوڵمانان گرانە، ئەمجار لێرەدا ئەوەیان بۆ روون دەکاتەوە: کە هەرکەسێک لەپێناو ئایین دا واز لەبەرژەوەندی دونیایی بێنێ، خودا وێرای بەهرەمەندی قیامەت مەبەستی دونیاشی بۆ فەراهەم دێنێ، بۆ ئەمەش نموونەیەکیان بۆ دێنێتەوە: کە رۆژی حونەین جەنگاوەرانی موسوڵمانان زۆر بوون، بەهێزو تەیار بوون، کەچی کە بەزۆریو تەیاری خۆیان نازین تێشکان، پاشان لەکاتی تێشکانو هەڵهاتن دا کە لەخودا پاڕانەوەو هانایان بۆ پەروەردگار برد، خودا بەهێزی کردنو گڕوتینی پێدان بەجۆرێک توانییان سوپای کوفر بشکێنن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئادەمیزاد هەرکاتێ پشتی لەئایین کردو روی کردە دونیا، دینو دونیای لەدەست دەچن.هەرکاتێ بەندایەتی تەواوی بۆ خودا ئەنجام دا، لایەنی ئایینی هەڵبژارد؛ خودا شکۆمەندیی هەردوو جیهانی پێ دەبەخشێو بەجوانترین شێوە بەختەوەری دونیاو قیامەتی دەکا. ئەمەش وەکوو دڵدانەوەیەک وا بوو بۆ ئەوانەی لەپێناو ئایین‌دا دەستبەرداری خزمو کەسوکاری موشریکیان بوون، لەهەمان کات دا تێگەیاندنی موسوڵمانانە بۆ ئەوەی هەمیشە ئەوەیان لەیادبێ کە کۆمەگی پەروەردگار بەهێزی مەعنەوی دەبێ، نەک بەزۆری ژمارە.

موجاهید لەم بارەوە دەفەرموێ: ئەم ئایەتە یەکەم ئایەتێکە لەسوورەتی (براءة) هاتۆتە خوارێ، پەروەردگار لەم ئایەتە دا فەضڵو رەحمەتی خۆی بەسەر موسوڵمانان دا یاددەخاتەوە، چاکەو یارمەتیدانی هەمە جۆرو هەمیشەیی خۆی بۆ موسوڵمانان باس دەکا، چەند جار کۆمەگی پێ کردونو لەجەنگ دا زاڵی کردون بەسەر دوژمنان دا، ئەوەیان یاد دەخاتەوە: کە ئەو شکۆمەندیو سەروەرییانەی بەدەستیان هێناون هەموویان یارمەتی خودایی بووە نەک بەهۆی زۆری ژمارەو پرچەکی خۆیان بووە. سەرنجی موسوڵمانان بۆ ئەوە رادەکێشێ کە یارمەتی لەخوداوەیە، ژمارەی زۆرو کەم چ رۆڵێکی نیە،

ئەوەتا ڕۆژی جەنگی حونەین موسوڵمانان ئەوەندە ژمارەو ئەسبابی شەڕیان کۆک بوو بۆ خۆیان بەخۆیان دەنازین خۆیان لەخۆ گۆڕا بوو، کەچی زۆری ژمارەو چەکسازیو تەیارییان دادی نەدانو تێشکانو هەڵاتن، کەمێکیان نەبێ هەموویان هەڵهاتنو دەوری پێغەمبەریان چۆڵ کرد، ئەمجار پەروەردگار سەرلەنوێ یارمەتی خۆی بۆ ناردنو پێغەمبەرو موسوڵمانانی سەرخستن، بۆ ئەوە تێیان بگەیەنێ کە یارمەتی هەر لەلایەن خوداوە دێ، بەکۆمەگی زاتی بێچوونی دەبێ، کەمو زۆری سوپا چ ڕۆڵێکی نیە ﴿فَكَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللهِ. وَاللهُ مَعَ الصَّابِرِينَ.﴾.

پێداچوونەوەیەک بەجەنگی حونەین دا:

مامۆستا سەیید لێرەدە دەفەرموێ: پەروەردگار لەچەند شوێنێک دا کۆمەگی بەموسوڵمانان کردبوو؛ هێشتا سێبەرو تارمایی ئەو یارمەتیدانە لەبیرەوەرییان دا مابوو، بۆیە هەر پێویستی بەئاماژە پێکردنێکی سەرپێی هەبوو، بەڵام جەنگی حونەین ئەوەبوو دوای ڕزگار کردنی مەککە لەمانگی شەووالی ساڵی هەشتەمی کۆچی دا ڕوی دا. ئەوە بوو دوای تەواو بوونی ئازاد کردنی مەککە، کاروباری شار ئاسایی بووەوە، زوربەی دانیشتوانی ئیمانیان هێنا، پێغەمبەر ﷺ هەموویانی عەفوو کرد، تا لەم سەروبەندەدا هەواڵ بەپێغەمبەر گەییشت: کە هۆزی هەوازین خۆیان کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ موسوڵمانان بکەن، سەرۆکەکەیان مالیکی کوڕی عەوفی (النضری)و هۆزی ثەقیف تێکڕا لەتەکیا، خێڵی بەنو جەشەمو بەنو سەعدی بەنی بەکرو خێڵی ئەوزاع لەبونو هیلال، چەند کەسێک لەبەرەی عەمری کوڕی عامرو عەوفی کوڕی عامر- ئەمانە هەموویان کۆبونەوەو پەیمانیان بەستووەو منداڵو ژنیشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، مەڕو بزنو ڕەشەوڵاخو حوشترەکانیشیان هێناوە. پێغەمبەر ﷺ هەر بەو سوپایەی کە بۆ ڕزگار کردنی مەککە هێنابووی: کە لەدەهەزار کەس پێک هاتبوو لەموهاجیدو ئەنصارو خێڵە عەرەبەکانی تر، ئەوانەی دانیشتووی مەککە بونو موسوڵمان بوون پێغەمبەر عەفووی کردن ئەوانیشی ڕەگەڵ کەوتن کە دووهەزار کەس بوون. پێغەمبەر ﷺ ئەم سوپا دوانزە هەزار جەنگاوەرەی بەرەو دوژمن برد،

لەدۆڵێکی نێوان مەککەو طائیف کە ناوی حونەین بوو روبەڕوی یەکتر بوونەوەو لەو دۆڵەدا جەنگەکە بەرپابوو، لەبەرەبەیان دا شەڕ دامەزرا، موسوڵمانەکان دابەزینە ناو شیوەکەوە، جەنگاوەرانی هەوازین بۆسەیان بۆ موسوڵمانەکان دانابوو، کە موسوڵمانەکان روویان لەشیوەکە کرد کاتێکیان زانی شەرکەرە هەوازینەکان لێیان راسانو شمشێریان لێ راستو چەپ کردنو بەر رێژنەی گوللەو تیرە بارانیان کردنو بەفەرمانی مەلیکەکەیان بەیەک گوڕ هەڵمەتیان بۆ بردنو هێرشیان کردە سەریان، هەر زوو لەشکری موسوڵمانەکان شکاو هەڵهاتن، پێغەمبەرﷺ خۆی گرتو مایەوە، تەشریفی ئەو رۆژە سواری هێسترە بەڵەکەکەی بوو، هەڵمەتی دەبردە سەر دوژمن عەبباس ئاوزەنگی لای راستی گرتبوو ئەبو سوفیانی کوڕی ئەلحاریثی کوڕی عبدولموطەلیب ئاوزەنگی لای چەپی گرتبوو خۆیان پێوە هەڵواسیبوو بۆ ئەوەی زۆر بەگورجی نەڕوا، پێغەمبەرﷺ ئاوزەنگی لێ دەداو موسوڵمانانی بانگ دەکردو دەیفەرموو (إِلَيَّ عِبَادَ اللَّهِ، إِلَيَّ أَنَا رَسُولُ اللَّهِ) ئەی بەندەکانی خودا وەرن بۆ لای من دوم کەون، وەرن بۆ لای من من پێغەمبەرم. هەر لەو حاڵە دا دەیفەرموو:(أَنَا النَّبِيُّ لَا كَذِب، أَنَا ابْنُ عَبْدُ الْمُطَّلِبُ) ئەمن پێغەمبەرم دروی تێدا نیە، من لەنەوەی عەبدومطەلیبم. نزیکەی (١٠٠) کەس لەهاوەڵانی لەخزمەتیدا مابوونەوەو هەڵنەهاتبوون. هەندێک دەڵێن: هەشتا کەس بوون، لەمانە حەزرەتی ئەبو بەکرو عومەر، ئیمامی عەبباسو عەلیو ئەلفەضل ئیبنو عەبباس، ئەبوسوفیانی کوڕی ئەلحاریثو ئەیمەنی کوڕی ئوسامەی کوڕی زەیدو هی تریش بوون. خودا لەهەموویان رازی بێ، ئەمجار پێغەمبەرﷺ فەرمانی بەعەبباسی مامی کرد: کە دەنگی بەرزو گەورە بوو بەهەموو هێزی خۆی بانگی هاوەڵانی دەکردو دەیفەرموو (يَا أَصْحَابَ الشَّجَرَةِ) مەبەستی ئەوانە بوو: کە لەژێر درەختەکە دا بەیعەتیان بەپێغەمبەر کردو پەیمانیان دایە کە لەشەڕدا خۆگر بنو هەڵنەیەن، جاری وا بوو بانگی دەکردن (يَا أَصْحَابَ السَّمُرَةِ) جاری واش دەبوو دەیگوت: (ياأصحاب البقرة) ئیتر هاوەڵان لەم لاو لەولا وەلامیان داوە (يالبيك، يالبيك) بەڵێ

بەڵێ لەخزمەتداین‌و وا هاتین، خەڵکەکە بۆلای پێغەمبەرﷺ گەڕانەوە، تەنانەت پیاوی وایان هەبوو ئەگەر وشترەکەی بەدەستەوە نەهاتایە ملی ڕێگای نەگرتایە، زرێیەکەی لەبەر دەکردو دادەبەزی‌و بەپێیان‌و بەهەڵەداوان‌و راکردن دەهات بۆ لای پێغەمبەر وشتری بەرەڵا دەکرد. کە کۆمەڵێک لەم هاوەڵانە ئاوا لەدەوری پێغەمبەرﷺ کۆبوونەوە فەرمانی پێکردن لە هێرشێکی لەنکاو کتوپڕ بەرنەسەر دوژمن‌و بەیەک گوڕ پەلاماریان بدەن... کە هاوەڵان بەفەرمانی پێغەمبەر هێرشیان بردو هەڵیان کوتایە سەریان موشریکەکان دەسبەجێ شکان‌و قوچاندیان، موسوڵمانان بەدوویانەوە لێیان دەکوشتن، بەدیلیان دەگرتن، هەی بگرەو بەردە بوو، هێشتا هەموو هاوەڵانی هەڵهاتوو نەگەڕابوونەوە بۆ لای پێغەمبەرﷺ کە ئەم تاقمە موسوڵمانە هێرشبەرانە کۆمەڵێکی زۆریان لەموشریکەکان بەدیل گرتبوو هێنابوویانە خزمەت پێغەمبەرﷺ.

ئەمە یەکەم جەنگ بوو کە موسوڵمانان دوزادەهەزار جەنگاوەریان بۆ کۆببێتەوە، بەجۆرێک کە سەریان لەزۆری خۆیان سوور بمێنێ‌و بەخەیاڵی خۆیان تێشکان نابینن، بێ ئاگابوون لەهۆکاری سەرکەوتنی لەوەپێشیان. ئاوە بوو لەسەرەتادا خودا تاڵاوی تێشکان‌و هەڵهاتنی پێ چەشتن، پاشان بەو بەرە کەمەی هاوەڵان کە لەخزمەت پێغەمبەرﷺ مابوونەوەو خۆیان راگرتبوو سەرکەوتنی پێ بەخشین.

جا بۆ رانواندنی ئەم روداوەو چەسپاندنی لەمێژوو دا بۆ پەندو عیبرەت لێ وەرگرتن پەروەردگار روی خیطاب دەکاتە موسوڵمانان‌و دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ﴾ ئەی موسوڵمانینە! بێگومان پەروەردگار لەزۆر شەڕو جەنگ دا ئێوەی سەرخستووە بەسەر دوژمنەکانتان دا، لەزۆر شوێن‌و شەڕگەی وەکوو بەدرو حودەیبییەو مەککەو شەڕی بەنوقوریظەو بەنو نەضیر دا خودا یارمەتی ئێوەی داوە، بەهۆی بەهێزی بیروباوەڕتان‌و صەبرو خۆراگریتان.. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ﴾آل‌عمران/١٢٣. چونکە پشتتان بەخودا بەستبوو بڕواتان وا بوو: یارمەتی هەر لەخوداوەیە. کە دەفەرموێ: ﴿فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ﴾

مەبەستی ئەو غەزایانەیە کە پێغەمبەرﷺ ئەنجامی دان دەڵێن: ژمارەیان گەیشتۆتە هەشتا شەڕگە، جا یان سەرکەوتنی تەواو لەهەموو روێکەوە کە زوربەیان وا بوون، یان سەرکەوتن لەبارەی پەروەردەو راهێنان وەکوو لەجەنگی ئوحوود دا کە هەرچەند لەروی سەربازییەوە تێشکان بەلام لەروی پەروەردەییەوە دەرسێکی بەسوود فێر بوون.

هەندێکی تر پێیان وایە: شوێنو شەڕگەکان کەمتر لەهەشتا شوێن بوون، ئەبو یەعلا لەجابیرەوە ریوایەتی کردوە دەفەرموێ: ژمارەی غەزاکانی پێغەمبەرﷺ بیستو یەک غەزا بووە، تەشریفی خۆی لەهەشتیان دا ئامادە بووەو شەڕی کردوە کە ئەمانەن ((بەدر، ئوحوود، ئەحزاب، موصطەلەق، خەیبەر، مەککە، حونەین، طائیف)) مەفرەزەو دەستە جیهاد کارەکانی کە ناردوونی سی مەفرەزە بوون.

﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ﴾ لەرۆژی حونەینیش دا هەر کۆمەگی پێ کردنو یارمەتیدان. لەکاتێک دا زۆریو تەیاریتان سەرسوڕمانی بەسەر هێنانو هەڵیخەڵەتاندنو لەخۆتان بایی بوون وتتان ئەمڕۆ تێ ناشکێین، ئیتر پەروەردگار لەسەرەتاوە خۆتانی بەخۆتان سپارد، ﴿فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا﴾ زۆریتان چ سوودێکی پێ نەگەیاندن، دوژمن بەسەرتان دا زاڵ بوو، ﴿وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ﴾ لەترسانو لەپەشۆکاویتان (کونە مشکتان لیّ بوونە قەیصەری) سەر زەوی پانو پۆڕتان لیّ وەتەنگ هاتبوو، رێگای دەستکردنەوەو شەڕکردن یان خۆقوتار کردنی بەشەرفانەتان نەدۆزییەوە، رێگا چارەتان نەما جگە لەهەلاتن ﴿ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ﴾ ئیتر بەتێشکاوی هەلاتنو قوچاندتانو پێغەمبەرتان لەگۆڕەپانی شەڕدا لەگەڵ کۆمەڵێکی کەم لەهاوەڵان دا بەجێ هێشت. ﴿ثُمَّ أَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەمجار عینایەو کۆمەگی خودا فریاتان کەوت، دڵ ئارامیو خۆگری بەسەر پێغەمبەرو ئەو هاوەڵانەی لەخزمەتیان مابوونەوە باراند، دڵی پڕکردن لەهیواو ئاواتی سەرکەوتن، ئەو غەمو پەژارەی کە تووشی پێغەمبەر بوو بەهۆی تێشکانو هەلاتنی زوربەی موسوڵمانەکانەوە لاچوو نەما، هەلاتنی

ئەوان زێدە ورەبەرزیو ئازایەتی بەپێغەمبەر بەخشیو زیاتر سوور بوو لەسەر هێرش بردنو پەلاماردانی دوژمن! ئەو موسوڵمانە کەمانەی لەخزمەتیدا مابوونەوە ئاپورەیان دابوو، تەشریفی بەسواری هێستره بەڵەکەکەیەوە هەڵمەتی دەبردو ئاوزەنگی لێ دەدا بەرەو ناوجەرگەی دوژمن، بەمەش ترسو بیمی لەدڵی هاوەڵانی دەرهاویشتو ورە بەرزیو ئازایەتی بۆ گێڕانەوە بەتایبەتی کە هاواری لەموسوڵمانان دەکردو بۆلای خۆی بانگ دەکردنەوە، عەبباسی مامیشی بەدەنگی بەرز بەفەرمانی پێغەمبەرﷺ بانگی دەکردنو ورەی بەرز دەکردنەوە. وێڕای ئەم دڵ ئارامیو صەبرو خۆگرییەی: کە خودا بەسەری دا باراند. ﴿وَأَنْزَلَ جُنُوداً لَمْ تَرَوْهَا﴾ بۆ بەهێز کردنی دڵی موسوڵمانەکان فریشتەی ناردنە خوارێ بۆ کۆمەگی پێکردنیان کە ئێوە بەچاو نەتان بینین، بەڵکو ئاسەوارەکەیان لەدڵی خۆتان دا بینیو هەستتان پێ کرد، کە بریتی بوو لەورە بەرزیو بەخۆدا چوونەوەو سەرلەنوێ هەڵمەت بردنو پەلامار دانی دوژمنو شکاندنیو لێ کوشتنو بەدیل گرتنی زۆر لێیان.

﴿وَعَذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ سزای ئەوانەی دا کە کافر بوون بەکوشتنو بەدیل گرتنو تێشکانو راونانو ریسوا بوونیان ﴿وَذَلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ﴾ تا ئەوەیە: سزای ئەوانەی کافرن لەدونیا دا، هەتا ئەوان کوفر بەسەر ئیسلام دا هەڵبژێرنو دژایەتی موسوڵمانان بکەنو شەڕیان لەدژ بکەن ئەوە حاڵیان دەبێ.

﴿ثُمَّ يَتُوبُ اللهُ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَاللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ ئەمجار خودا پاش ئەو سزادانەی موشریکەکان لەدونیادا، ئەگەر مەیلی لێ بێ تۆبەی ئەوانە قبووڵ دەکا کە تۆبە دەکەنو واز لەکوفرو بێدینی دەهێنن، هیدایەتیان دەدا بۆ موسوڵمان بوونو لەتاوانی لەوە پێشیان خۆش دەبێ ئەگەر بەراستیو لەناخەوە تۆبەیان کردبێ، خودا لێخۆشبوو لێبوردەیە بۆ ئەو کەسانەی تۆبە دەکەنو کردەوەی باش ئەنجام دەدەن.

لێخۆشبوونی زۆرەو رەحمەتی بەرفراوانە بەشی هەموو شتێک دەکا، ئەوە بوو لەباقی ماندەی هۆزی هەوازین خۆش بوو، موسوڵمان بوونو بەئیمانداری شوێن پێغەمبەرﷺ کەوتن، دوای بیست رۆژێک لەروودانی شەڕەکە لەنزیک

مەککە لەشوێنێک کە پێی دەڵێن: (الجعرانة) بەخزمەت پێغەمبەر گەییشتنو عەرزیان کرد کە ماڵو منداڵیان بەدیل گیراوەو بیاندەنەوە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: یان ژنو منداڵەکانتان دەدرێتەوە یان ماڵو سامانەکەتان، لایەکیان هەڵبژێرن، ئەوانیش ژنو منداڵەکانیان هەڵبژارد کە نزیکەی شەش هەزار دیل بوون لەئافرەتو منداڵ هەمووی پێ دانەوەو عەفووی کردن، ماڵو سامانەکەشی بەسەر جەنگاوەران دا دابەش کرد. هەندێک لەدانیشتوانی مەککە کە عەفوو کرابونو موسوڵمان بوبوون بۆ ئەوەی دڵیان دابمەزرێ یەکەی (١٠٠) سەد وشتری بەزێدە بەش دانێ، یەکێ لەوانەی وشتری درایە، مالیکی کوڕی عەوفی (النضري) بوو وەکوو پێشووش کردیەوە بەسەرۆکی هۆزی (هەوازین).

ئیمامی بوخاری لەمیسوەری کوڕی مەخرەمەوە ریوایەت دەکا، کە چەند کەسێک لەهۆزی هەوازین هاتنە خزمەت پێغەمبەرو ئیمانیان پێ هیناو بەیعەتیان پێ کرد، وتیان ئەی پێغەمبەری خودا! ئەتۆ باشترین ئادەمیزادی، چاکترین کەسی، ژنو منداڵمان هەموویان گیراون، ماڵو ماڵاتمان هەمووی دەستی بەسەرا گیراوە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (إِنَّ عِنْدِي مَنْ تَرَوْنَ، اَنَّ خَيْرَ الْقَوْلِ أَصْدَقُهُ، اِخْتَارُوا اِمَّا ذُرَارِيكُمْ وَنِسَاءَكُمْ، وَاِمَّا أَمْوَالَكُمْ) ئەوەی لای منە ئەوەیە: بێگومان باشترین قسە ئەوەیە راست بێ (خودا راستەو راستی لێ خۆش دێ) ئێوە سەرپشک بن، یان ژنو منداڵەکانتان دەدەینەوە، یان ماڵو سامانەکەتان. وتیان: ئێمە هیچ شتێک بەخێزانو منداڵەکانمان ناگۆڕینەوە، کەوابێ ژنو منداڵەکانمان پێ بدەنەوە. ئەمجار پێغەمبەرﷺ هەستاو بەموسوڵمانەکانی فەرموو: (هَؤُلاَءِ جَاؤُونَا مُسْلِمِينَ، وَاَنَا خَيَّرْنَاهُمْ بَيْنَ الذُرَارِي وَالْأَمْوَالِ فَلَمْ يَعْدِلُوا بِالاَحْسَابِ شَيْئاً، فَمَنْ كَانَ بِيَدِهِ شَيْءٌ، وَطَابَتْ بِهِ نَفْسُهُ اَنْ يَرُدَّهُ فَشَأْنُهُ، وَمَنْ لاَ فَلْيُعْطِنَا، وَلْيَكُنْ قَرْضاً عَلَيْنَا حَتَّى نُصِيبَ شَيْئاً فَنُعْطِيَهُ مَكَانَهُ) ئەوانە هاتوونە لامانو موسوڵمان بوون داوای ماڵو منداڵو خێزانەکانیان دەکەنەوە، ئێمەش سەرپشکمان کردوون لەنێوان ژنو منداڵو ماڵو سامانەکەیان، ئەوانیش ژنو منداڵەکانیان

هەڵبژاردوە، ژنو منداڵەکانیان بۆ دەگەڕێنینەوە، دەربارەی ماڵەکەیان کەسێ شتێکی لایەو بەدڵ پێی خۆشە بابیانداتەوە، کەسێکیش پێی ناخۆشە بابەقەرزبماندات تا دەسکەوتی ترمان دەبێ ئەو کاتە لەشوێنی ماڵی ئەمان ماڵی تریان دەدەینێ. هەموویاتن وتیان: رازین. ئەمجار پێغەمبەرﷺ فەرمووی (**لَا نَدْرِي لَعَلَّ فِيكُمْ مَنْ لَايَرْضَى، فَمُرُّوا عُرَفَاءَكُمْ، فَلْيَرْفَعُوا ذَلِكَ إِلَيْنَا**) نازانین لەوانەیە تێتان دا هەبێ بەدڵ رازی نەبێ، کەوابێ بچن بۆ لای سەرپەلو سەردەستەکانتان، با ئەوان ئەوەمان بۆ باس بکەن. ئیتر سەرپەلو ئامیر مەفرەزەکانیان هاتنو رەزامەندیی خۆیان نیشان دا. ئیتر هەندێکیان بەدڵ ماڵەکەیان بۆ گێڕانەوە، هەندێکیشیان بەقەرز دایاننەوە بەم نیازە دوایی پێغەمبەرﷺ لەباتی ئەوە ماڵی تریان بداتێ.

یەکێ لەئافرەتە گیراوەکان (شەیماء) کچی حەلیمەی سەعدییە بوو: کە خوشکی شیری پێغەمبەرﷺ بوو کچی ئەلحاریثی کوڕی عەبدولعوزا لەهۆزی بەنو سەعدی بەنو بەکر بوو، پێغەمبەرﷺ زۆر رێزی لێ گرتو خەڵاتی کردو چاکەی زۆری لەگەڵ کرد. بەدڵخۆشیو بەموسوڵمانی گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی.

ئیمامی موسلیم لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا، دەفەرموێ: رۆژی ئەوطاس پێغەمبەرﷺ ئافرەتێکی بینی دەهاتو دەچوو هاواری دەکردو عەرز لەخۆی نەدەگرت، پێغەمبەرﷺ پرسیاری لێ کرد، عەرزی کرا کوڕێکی دیارنیە پاشان پێغەمبەرﷺ ئافرەتەکەی بینییەوە کوڕەکەی دۆزی بوەوە، خێرا ماچی دەکردو بەخۆیەوە دەگوشی. پێغەمبەر بانگی ئافرەتەکەی کردو بەهاوەڵانی فەرموو: پێتان وایە ئەم ئافرەتە ئەم جگەر گۆشەیەی خۆی بخاتە ناو ئاگرەوە؟ هاوەڵان عەرزیان کرد نەخەیر. پێغەمبەرﷺ فەرموی: بۆ؟ وتیان: لەبەر رەحمو شەفەقەتی بۆی. پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (**اللـه أرحـم منها**) خودا زۆر بەرەحم ترە بۆ ئێوە لەم ئافرەتە بۆ کوڕەکەی.

یاساغکردنی مەسجیدولحەرام لەموشریکەکان

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُواْ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَـٰذَا ۚ وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً فَسَوْفَ يُغْنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦٓ إِن شَآءَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٨﴾

هۆی هاتنە خوارەوەی رستەی ﴿وَاِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً﴾ لەم ئایەتـەدا وەکـوو ئیبنـو ئـەبی حاتـەم لـەئیبنو عەبباسـەوە گێڕاویەتـەوە ئەوەیـە: دەڵـێ: موشریکەکان کە دەهاتن بۆ طەوافی ماڵی خوا خواردەمەنییان لەگـەڵ خۆیـان دەهێنا بازرگانییان پێـوە دەکـرد، کـە نزیکبوونـەوە لەکەعبـەیان لێ قەدەغـە کرا، موسوڵمانەکان وتیان: ئەدی ئێمە لەکوێوەو چۆن خواردەمەنیمان بـۆ بـێ؟ ئیتر پـەروەردگار ئایـەتی ﴿وَاِنْ خِفْتُمْ عَيْلَـةً فَسَـوْفَ يُغْنِيكُـمُ اللهُ مِـنْ فَضْلِهِ﴾ ناردە خوارێ.

ئیبنـو جـەریری طەبـەریو ئـەبو ششـەیخ؛ ئیبنـو حـەییانی ئەلئـەنصاری لەسەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ریوایەت دەکـاو دەفـەرموێ: کـە رسـتەی ﴿اِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ﴾ نازڵ بوو، موسوڵمانەکان تینیان بۆ هات وتیـان ئیتر کـێ خواردەمەنیو کالامان بـۆ بێنـێ؟ ئـەمجار خـودا ﴿وَاِنْ خِفْتُمْ عَيْلَـةً....﴾ ناردە خوارێ.

جـا وەکـوو لەسـەرەتای ئـەم سورەتەدا ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کـرد، کـە پێغەمبەرﷺساڵی نۆیەمی کۆچی حەزرەتی عـەلی نـارد: پێشـەتای سورەتی (براءة) بەسـەر موشـریکەکانی مەککـە دا بخوێنێتـەوە، پەیماننامەکـەیان بەسەردا بداتەوە.. پێیان رابگەیەنێ کە خوداو پێغەمبەری خودا دەسـتبەرداری موشریکەکان بوونو لێیان بەرین. کەسانێک وتیان: ئەی دانیشـتوانی مەککـە! لەوە بەولاوە دەزانن چیتان بەسەردێ! چۆن تووشی قاتو قـڕیو گرانـی دەبـن؟ چونکە ئیتر هیچتان بۆ نایەو کاروانو بازرگانیتان لێ قەدەغـە دەکـرێ؟ ئیـتر ئەم ئایەتە بۆ لابردنی ئەو شوبهەو بۆچوونە هەڵەیە هاتە خوارێ.

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان بەخوداو بەپێغەمبەری خودا هێناوە: بزانن: کە موشریکەکان -بەهۆی هاوەڵدانانیانە بۆ خودا- دڵو دەرونیان پیس بووە، ئەوان لەبارەی بیرو باوەڕەوە گومڕان، عەقیدەیان فاسیدە، لەدەروون پیسی دا رۆچوون، ئەوانە پیسن جا یان لەبەر پیسی دڵ و دەروونیانو عیبادەتکردنیان بۆ بتو صەنەم، یان لەبەر ئەوە هاوەڵ بۆ خودا دەدانێنو هاوەڵدانانیش وەکوو پیسی وایەو پێویستە خۆی لێ بپارێزرێ. یان لەبەر ئەوە چونکە خۆیان پاک ناکەنەوە غوسڵ ناکەن، خۆ لەپیسو پۆخەڵی حیسسی ناپارێزن، جا کە ئەوانە بەو شێوەیە پیس بن ﴿فَلَا يَقْرَبُوا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَٰذَا﴾ مەهێڵن نزیک بەمەسجیدولحەرام بکەونەوە، لەدوای ئەم ساڵەوە (ساڵی نۆیەمی کۆچی) رێگایان مەدەن بچنە ناو ماڵی خوداوە، ئیتر ئەو شوێنە پیرۆزە لەو کافرو خودا نەناسانە یاساغەو لێیان قەدەغەیە.

مەبەست بەموشریک: بتپەرستە، برێکیش پێیان وایە : موشریک بەهەموو کافرێک دەوترێ: چونکە خودا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾النساء/٤٨.

مەبەست بەپیسی ئێرە کە دەفەرموێ: (نجس) پیسی مەعنەوییە واتە: بیرو باوەڕیان پیسە.

زومەخشەری لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتی کردووە کە پیسی موشریک پیسی ماددییە' وەکوو سەگو بەراز پیسن!؟ بەڵگەش ظاهیری ئایەتەکەیە، ئیمامی هادی کە یەکێکە لەپێشەوایانی زەیدیو برێ عولەمای ظاهیریش پێیان وایە: پیسیی موشریک پیسی ماددییە .. ئیبنو جەریر لەحەسەنەوە ریوایەتی کردوە دەڵێ: کەسێک تۆقەی لەگەڵ موشریک کرد دەبێ دەستنوێژ بگرێتەوە.

مەبەست بەمەسجیدولحەرام: بەلای شافیعیو عەطاوە هەموو خاکی حەرەم دەگرێتەوە. بەلای مالیکی‌یەکانەوە تەنها خودی کەعبە دەگرێتەوە.

حەنەفییەکان دەڵێن: مەبەست لەنەهی ئایەتەکە یاساغکردنی موشریکەکان نیە لەچوونە ناو ماڵی خودا، بەڵکو مەبەست یاساغکردنیانە

لەئەنجامدانی حەجو عومرە وەکوو لەسەردەمی پێشوو نەفامی دا ئەنجامیان دەدان، کە دەفەرموێ: ﴿بَعْدَ عَامِهِمْ هَٰذَا﴾ مەبەستی ئەوەیە: کە لەم ساڵ بەو لاوە نابێ حەجو عومرە بکەن، چونکە عەلی کاتێ سورەتی (براءة)ی بەسەر خەڵکەکەدا خوێندەوە ئەمجار وتی: ئیتر لەم ساڵە بەولاوە نابێ هیچ موشریکێک حەجو عومرە بکا، هەروەها کە دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە ترسان لەقاتو قڕی، نەهاتنی موشریکەکانە لەکاتی حەجو عومرەدا، چونکە لەحەجو عومرە مەنع دەکرێن. هەروەها چونکە کۆڕای زانایانی موسوڵمان هەیە لەسەر رێگەگرتن لەموشریکەکانو نابێ بهێڵن هیچ کاروبارێکی حەج ئەنجام بدەن.

ئەمجار پەروەردگار ئارامی دەخاتە نێو دڵی موسوڵمانانەوەو دڵنیایان دەکا: لەوە کە قەدەغەکردنی موشریکەکان لەمەسجیدولحەرام نابێتە هۆی قاتو قڕیو کەمبوونەوەی کالاو دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً فَسَوْفَ يُغْنِيكُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ إِنْ شَاءَ﴾ ئەگەر ترسی هەژاریتان هەیە، ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! بەهۆی نەهێنانی بژێوو کالای بازرگانی کە لەوەپێش موشریکەکان دەیانهێناو لەم ساڵەوە مەنع کرانو ناهێڵدرێ نزیک ئەو بەستە بکەونەوە، ئەوە دڵنیابن خودا بەفەضلو گەورەیی لەلایەکی ترەوە ئەو کەلێنەتان بۆ پڕ دەکاتەوە، هۆکاری ژیانتان باشتر بۆ دابین دەکاو کارو کاسبیتان زۆر دەبێو پەکتان ناکەوێ.

﴿إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ بێگومان پەروەردگار زاناو ئاگادارە بەحاڵو چۆنیەتی ئێوە؛ هی ئێستاو هی داهاتووشتان، دەزانێ چۆن هەژار دەکەونو بەچی دەوڵەمەند دەبن! حەکیمو دانایە لەو شەریعەتو یاسایەی بۆتان دادەنێ، لەو فەرمانو نەهییانەی ئاڕاستەتان دەکا، کە فەرمانتان پێ دەکا بەجەنگان دژی موشریکەکان پاش تەواو بوونی پەیمانو ئاگربەست، یان کە جڵەوگیریتان لێ دەکا لەنزیکبوونەوەی موشریکەکان لەمەسجیدولحەرام دوای ساڵی نۆیەمی کۆچی، بێ حیکمەت نیەو بەرژەوەندی دونیاو ئایینی ئێوەی تێدایە. هەروەها پەروەردگار حەکیمو دانایە لەهەرچی کە دەیداو هەرچی دەیگرێتەوە،

هیچ کارێکی بێ هوودە نیە، چونکە پەروەردگار کەماڵی رەهای هەیە لەکردارو گوفتاریدا، دادپەروەرو بێ نەظیرو بێ هاوتایە لەدروست کردنو بەدیهێنانو بەڕێوەبردن دا.

ئەمە هەواڵدانە لەنهێنی داهاتوو، هەواڵی غەیبی بوو هاتە دی، خودا وادەی خۆی هێنایە دی، دانیشتوانی یەمەنو ئەهلی جیدەو جەرەشو شوێنی تر موسوڵمان بوون، خواردەمەنیو بژێوییان دەهێنا بۆ مەککە، موشریکەکان خۆشیان موسوڵمان بوون، کەس نەمایەوە موشریک بێو رێگای مەسجیدولحەرامی لێ بگیرێ. لەهەرچوار لاوە خێرو خێراتیان بۆ دەهات، دەستکەوتی جەنگیان بۆ دەهاتەوە، سەرانەیان لەئەهلی ذیمە وەردەگرتو بەتەواوی هەرزانیو فەرەحی کەوتە ولاتەوە!!

تێبینی:

دانیشتنی موشریکو کافر لەولاتی ئیسلام دا سێ جۆرە:

١- بەستی مەککە **(الحرم المكي)** بەپێی رایەکی شافیعیو رێبازی حەنبەلییەکان نابێ کافر بچێتە بەستی مەککەوە، تەنانەت ئەگەر تەتەرو راسپاردەش بێ، ناهێڵدرێ پێی تێخا، بەڵکو دەبێ ئیمام یان جێگری ئیمام بچێتە دەری حەرەمو نامەکەی لێ ببیسترێ. مالیکییەکان دەڵێن: دروستە ناموسوڵمان بچێتە بەستی مەککەوە بەوادەو پەیمانو بۆ ماوەی سێ رۆژ بەڵام نابێ بچێتە ناو مەسیجدولحەرامەوە، ئیمام بۆی هەیە ماوەی مانەوەکە زیادو کەم بکا. ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: ناموسوڵمانان دەتوانن بچنە ناو حەرەمەوە بۆ ماوەی سێ شەوو سێ رۆژ بەڵام بەمەرجێک ئیمام یان جێگری ئیزنی بدەن.

٢- ناخی حیجاز کە لەباری درێژییەوە نێوان عەدەنو سنووری عێراقە، لەباری پانیشەوە نێوان جیدەو کەنار دەریا تا سنووری شام. ناموسوڵمان بەئیزنو رەزای ئیمام دەتوانێ بۆ ماوەی سێ رۆژ بچێتە ناو ناخی حیجازەوە. ئیمامی موسلیم لەئیبنو عومەرەوە ریوایەت دەکا: دەفەرموێ: لەپێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو: **(لأخرجن اليهود والنصارى من جزيرة العرب، لا**

أترك فيها الأ مسلما) لەریوایەتێکی تری موسلیم دا: (أخرجوا المشركين من جزيرة العرب) بەرای شافیعیو حەنبەلییەکان دوورگەی عەرەب مەبەست خاکی حیجازە بەتایبەتی.چونکە فەرموودەیەک هەیە ئەحمەد ریوایەتی کردوە دەفەرموێ: (أخرجوا اليهود من الحجاز) حەزرەتی عومەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە جولەکەو گاورەکانی تەنها لەحیجاز وەدەرنا نەک لەدورگەی عەرەب، لەولاتی یەمەن نیشتەجێی کردن هەرچەندە یەمەن بەشێکە لەدورگەی عەرەب.

بەلای مالیکییەکانەوە دروستە بهێلدرێ ناموسولمان لەدورگەی عەرەب دا نیشتەجێ ببێ، کە بریتییە لەخاکی حیجازو یەمەن. چونکە ئەو فەرموودەیەی کە ئیبنو عومەر ریوایەتی کردو لەمەو پێش نووسیمان بەگشتی پالپشتی ئەم رایە دەکا، هەروەها ئەو حەدیثەی عائیشە کە ئەحمەد ریوایەتی کردوە ئەوە دەگەیەنێ. کە دەفەرموێ: (لا يترك بجزيرة العرب دينان) هەروەها ئەو حەدیثەی کە ئیمام مالیک لەموەطەئدا لەزوهرییەوە بەمورسەلی ریوایەتی کردوە: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (لايجتمع دينان في جزيرة العرب).

٣- ولاتی موسولمانان بەگشتی، ناموسولمان دەتوانێ تێیدا بمێنێتەوە بەئەمانو زەمان. بەلام نابێ بچێتە ناو مزگەوتەوە بەبێ رێگە پێدانی موسولمان، دروستە بۆ ناموسولمان بچێتە ناو مزگەوتەکانەوە، تێیان دا بمێنێتەوە با لەش پیسیش بێ، چونکە لەسەردەمی پێغەمبەرﷺ ناموسولمان دەهاتنە ناو مزگەوتەکەیەوە، ئاشکراشە لەو کافرانە دا هەبووە لەشی پیس بووە.

جەنگان دژی خاوەن نامەکان

قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ﴿٢٩﴾

ئیبنولمونذر لەزوهرییەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: دەربارەی کافرەکانی قورەیش ئایەتی ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَى لَاتَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلّهِ﴾ هاتۆتە خوارێ. دەربارەی خاوەن نامەکانیش ئایەتی ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لَايُؤْمِنُونَ بِا للهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الآخِرِ....﴾ هاتۆتە خوارێ یەکەم کەس کە سەرانەیان دا دانیشتوانی نەجران بوون، پێش لەدونیا دەرچوونی پێغەمبەر سەرانەی خۆیان تەسلیم کرد. ئیبنو ئەبی شەیبەو ئەبوششەیخ؛ ئەبو حەییانی ئەلئەنصاری لەحەسەنی بەصرییەوە ریوایەت دەکا: دەڵێ پێغەمبەرﷺ لەپێناو ئایین دا شەڕی دژی دانیشتوانی نیوە دورگەی عەرەب کردو جگە لەموسوڵمان بوون هیچی کەی لێ قبوڵ نەکردن، بەراستی جەنگان دژی موشریکەکانی نیوە دورگەی عەرەب گەورەترین جیهاد بوو، دوا ئەوە ئەو جیهادە بوو کە بەپێی ئایەتی ﴿وَقَاتِلُوا الَّذِينَ لَايُؤْمِنُونَ بِا للهِ....الآية﴾ دژی خاوەن نامەکان ئەنجام درا.

موناسەبەی ئەم ئایەتە بەئایەتەکانی پێشووەوە ئەوەیە:

دوای ئەوەی پەروەردگار حوکمو بڕیاری خۆی دەربارەی موشریکەکان ڕاگەیاندو بەرائەتی خۆیو پێغەمبەری خۆی جاڕدا، فەرمانی کرد بەجەنگان دژیانو قەدەغە کردنی مەسجیدولحەرام لێیان، ئەمجار بڕیارو حوکمی خۆی دەربارەی خاوەن نامەکان رادەگەیەنێو فەرمان دەکا بەموسوڵمانان کە دژیان بجەنگێن تا ناچار دەبن سەرانە بدەن، ئەمەش وەکوو ڕێخۆشکەرە وایە بۆ غەزای تەبووک کە دژی (رۆمەکان) نەصرانییەکان ئەنجام درا.

کە حەزرەتی موحەممەد کرا بەپێغەمبەرو رەوانەکرا جولەکەو مەسیحییەکان ئیمانیان پێ نەهێنا، بیرو باوەڕی خۆشیان نەسخ کرابووەوە بەکەڵکی هیچ نەدەهات، نەشەریعەتیان پەسندبوو نەئایین، بەڵکو شوێن هەواو هەوەسی خۆیان کەوتبوون چونکە ئەوان ئەگەر بڕوایان بەناوەرۆکی ئایین هەبوایە، ئەو بڕوایەیان پاڵی پێوەدەنان بۆ ئەوەی ئیمان بەپێغەمبەرﷺ بێننو پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد بەراست بزانن. لەم رووەوە کە هەموو پێغەمبەرەکانی پێشوو مژدەیان بەهاتنی دا بوو، فەرمانیان کردبوو: کە هەرکاتێ ئەو پێغەمبەرە پەیدا بوو پێویستە بڕوای پێ بکەن، چونکە بەهاتنی پێغەمبەری ئیسلام ئایینەکانی تر پووچ دەبنەوەو، ئیتر باویان نامێنێ. لەم رووەوە کە ئیسلام لەخوداوە هاتووەو بوەتە سەرخەتمی هەموو دیانەتەکان، ئیتر بڕوا بەهەندێ پێغەمبەرو بڕوا نەبوون بەهەندێکی تریان، بێ سوودو بێ بایەخە، چ حیسابێکی بۆ ناکرێ، ئەوان هەتا ئیمان بەحەزرەتی موحەممەد نەهێنن: کە سەرخەتمی پێغەمبەرانە بەکافر حلێب دەکرێنو خوداپەرستیو ئەرکەکانی ئایینیان لیّ وەرناگیرێ! بۆیە پەروەردگار خیطاب ئاراستەی موسوڵمانان دەکاو فەرمانیان پێ دەکا کە شەڕ دژی خاوەن نامەکان رابگەیەننو دژیان بجەنگێن بەمەرجێ ئەو چوار رەوشتە ناشرینەیان تێدابن: کە ئایەتەکە دەست نیشانی کردون: کە دەفەرموێ:

١- ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ ئەی موسوڵمانینە! شەڕ بکەن دژی ئەو جولەکەو نەصرانییانەی ئیمانیان بەخودا نیە، بێگومان ئەوان بەراستی بڕوایان بەخودا نیە، چونکە زوربەی جولەکە پێیان وایە: خودا جەستەی هەیەو لەشتی مادی تر دەچێ، ئەوان بڕوایان بەهەبوونی خوداو تاکو تەنهایی نیە، نەصرانییەکان بڕوایان وایە: سێ خودا هەن، لەسەرەتاوە سێ خودا بڕیار دەدەن، ئەمجار دەیانکەنەوە بەیەک، بەمجۆرە دەڵێن: باوک هەیە، کوڕ هەیە، روحولقودس هەیە. ئەم سێیانە بەخودا حلێب دەکەن، پاشان دەڵێن: باوک لەعیسا دا تواوەتەوە ئیتر عیسا بوەتە خودای تاکو تەنیا، دەی خۆ خودا پاکو پیرۆزو بەرزە لەوەی لەناو جەستەی تردا بتوێتەوە یان لەگەڵ جەستەی تر ببێتە یەک. هەروا خودا بەرزو پیرۆزە لەوەی کوڕی هەبێ یان

هاوەڵی هەبێ. جا کە ئەوان بڕوایان ئاوا بەخودا بێ و ئاوا خودا بناسن مانای وایە بەحەقیقەتو راستی خوداناس نین.

وێرای ئەوەش جولەکە دەڵێن: عوزەیر کوڕی خودایە، هەردولا جولەکەو نەصرانی مالمو قەشەکانیان کردوە بەئەربابو یاسادانەر، شەریعەتی خودایان فەرامۆش کردوە، مالمو قەشەکانیان جۆری عیبادەتو حەلالو حەرامیان بۆ دیار دەکەن، ئەوانیش پابەندی فەرمانەکانیان دەبنو وەکوو فەرمانی خودا سەیری فەرمانی مالمو کەشیشەکانیان دەکەن، کەوابوو بەخودایان دەزانن.

٢- ﴿وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ﴾ بەراستی بڕوایان بەرۆژی قیامەتو زیندوبوونەوەی نادەمیزادو زیندەوەرانی تر نیە. ئەوان پێیان وایە کە تەنها گیانەکان زیندو دەکرێنەوە نەک جەستەکان، وەکوو فریشتەیان لێ دێ جەستەیان نابێ، پێیان وایە: ئەهلی بەهەشت خواردنو خواردنەوەیان نابێ، هیچ لەززەتو خۆشی مادی لەقیامەت دا نیە، پێیان وایە نازو نیعمەتی بەهەشتو سزای ئاگر بریتین لەچەند مانایەکی گیانی وەکوو کەیف خۆشیو دڵتەنگیو بەس! ئەوان بڕوایان بەژیانێکی پێک هاتوو لەماددەو گیان لەقیامەت دا نیە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی هەواڵی قورانی پیرۆزە، کەسێک بڕوای بەزیندوبونەوەی جەستەییو گیانی بەیەکەوە نەبێ، مانای وایە بڕوای بەقورئان نیەو ئینکاری قورئان دەکا.

٣- ﴿وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ﴾ ئەو شتانەی قورئانو فەرموودەی پێغەمبەر حەرامیان کردوون ئەوان بەحەرامی نازانن، تەنانەت ئەو شتانەی تەوراتو ئینجیلی دەستکاری نەکراو حەرامیان کردون ئەوان بەحەرامی نازانن، بۆ خۆیانشەریعەتو یاسایەکیان بۆ خۆیان داهێناوە پێچەوانەی ئایینە ئەصڵیەکەی خۆیانە کە نەسخ بۆتەوە بەئایینی ئیسلام. ئەوەتا: جوولەکە خواردنی ماڵی خەڵک بەناڕەوا لەرێگەی رێباوو بەرتیلو دەسبڕینی خەڵک....هتد بەرەوا دەزانن، نەصرانییەکانیش ئەو شتانەی لەتەورات دا لێیان یاساغ کراوە: وەکوو پیوو عەرەق.......هتد بەحەلالی دەزانن.

٤- ﴿وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ﴾ ئەوان بڕوایان بەئایینی حەق کە ئایینی ئیسلامە نیەو پابەندی فەرمانو جڵەو گیریو نامۆژگارییەکانی نابن. بەڵکوو بەگوێرەی ئەو پەیڕەوو پرۆگرامەی پیاوە ئایینەکانیان بەهەواو هەوەسی خۆیان بۆیان داناون هەڵسو کەوت دەکەن.

تەوراتو ئینجیلیان دەستکاری کردوون، بنەما سەرەکییەکانی ئایینەکانیان کە لەگەڵ ئایینی ئیسلام دا یەکٔ دەگرنەوەو بەنیگا بۆ حەزرەتی موساو حەزرەتی عیسا نێردراون گۆڕانیان بەسەردا هێناونو وەکوو خۆیان نەماونو لەکاریان خستوون!! جا کەوا بێو ئەمە رەوشتو هەڵسو کەوتی ئەو خاوەن نامانە بێ، ئێوە ئەی موسوڵمانینە! شەڕ بکەنو بجەنگن دژی ئەوانەی کە ئەو چوار رەوشتەیان تێدان لەخاوەن نامەکان، ئەوانە لەموشریکەکان جوداوازنو حوکمیان جیایە، موشریکەکان دوو رێگەیان لەبەردەم دایە: یان دەبێ موسوڵمان بن یان دەکوژرێن، بەڵام خاوەن نامەکان سێ رێگەیان لەبەردەم دایە، موسوڵمانبوون، سەرانە دان، شەڕ لەگەڵ کردن تا دەکوژرێن.

ئەی موسوڵمانینە! بجەنگێنو شەڕ لەگەڵ خاوەن نامەکان بکەن ﴿حَتَّىٰ يُعْطُوا۟ ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَـٰغِرُونَ﴾ تا ناچار دەبن: یان موسوڵمان بن، یان سەرانە دەدەن بەشێوەیەکی وا: کە بەتەواوی گەردنکەچیو پابەندبوونیان بەئەحکامی ئیسلام پێوە دیار بێ بەبێ سەرپێچیو منجە منج کردن، سەرانەی خۆیان لەکاتی دیاریکراودا تەسلیم بکەن.

سەرانە سەرچاوەیەکی گرنگە لەبودجەی حکوومەتی ئیسلامی دا، ئەندازەی ئەم سەرانە بۆ نێرینەیەکی باڵغی جەستە ساغو عەقڵ تەواوی جولەکەو مەسیحیو ئەوانەی لەحوکمی ئەوان دان لە(٤٨) دیرهەمەوە تا (١٢) دوازدە دیرهەم بووە، بەمەرجێ ئەو کابرایە ماڵی هەبێو دارایی ئەو سەرانە دانەی هەبێ، ژنو منداڵو پیرەمێرد سەرانەیان لەسەر نیە، کوێرو کەم ئەندامو پەککەوتە سەرانە نادەن مەگەر دەوڵەمەند بن. فەقیرو هەژارو کۆیلە سەرانەیان لێ ناسێندرێ، دێرنشینو رەبەنەکانیان ئەگەر لەخەڵکٔ دابڕا بوون، بۆ خۆیان گۆشەگیر بوون سەرانەیان لەسەر نیە.

بناغەی سەرانە دانان لەسەر ئەو خاوەن نامانە ئەوەیە: کە ئەوان بەپێی پەیمانو موعاهەدە دەبنە خاوەن ذيمەو پێویستە حکومەتی ئیسلامی پارێزگارییان لێ بکا. خاوەن نامەکانو ئەوانەی لەحوکمی ئەوان دان نابرێن بۆ جەنگو سەربازی ناکەنو تەنانەت داکۆکی لەخۆشیان ناکەن، دەبێ موسوڵمانان پارێزگارییان بکەن، دەی کەوابێ جێی خۆیەتی کە باجی ئەو پارێزگارییە بدەنو لەباتی ئەوەی کە سوود لەدەوڵەتی ئیسلامی دەبینن مەرافیقی گشتی بۆیان ئاوەلایەو ئیستیفادە لەرێگەو بانو پردو خەستەخانەو پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆو ئەو جۆرە شتانە دەکەن ئەندازەیەک ماڵی تایبەتی خۆیان بدەن بەحکوومەتی موسوڵمانان. ئەوەتا موسوڵمان پێنجیەکی دەستکەوتی لێ وەردەگیرێ، زەکاتو سەرفیترەو قەرەبووی تاوان (**کفارات**)ی لێ وەردەگیرێ، دەی حەق وایە لەناموسوڵمانیش ئەندازەیەک ماڵ وەربگیرێو بخرێتە سەر بودجەی حکومەت، لەدواییش دا ئەم پارەیە لەبواری پرۆژەی گشتیو بەرژەوەندی گشتی دا خەرج دەکرێتەوە، بەسەر فەقیرو هەژاری ئەهلی ذیممە دا دابەش دەبێتەوە، ئەم جیزیە لێ وەرگرتنە نابێ بەمەبەستی چەوساندنەوەو زەلیل کردنی ئەو خاوەن نامانە بسێنرێ، چونکە ئەوە لەگەڵ دادپەروەری ئیسلام دا رێک ناکەوێ بەڵکو ئەو سەرانە کە وەردەگیرێ بارتەقای ئەو پارێزگاریو دابینکردنی ئارامیو دابینکردنی بودجەی پرۆژە گشتیەکانە کە خۆشیان سوودی لێ دەبینینو بەشێکی بۆ ئەوان بەکار دەهێنرێ. وشەی (**صاغرون**) وەکوو بڕێ لەزانایانی شافیعیو ئیبنو قەییمی جەوزی فەرموویان: بەمانا پابەندبوونە بەناوەرۆکی پەیماننامەکەو زەلیلیو سوکایەتی پێکردنی تێدا نیە. ئەمانە پێیان دەگوترێ ئەهلی کیتاب (خاوەن نامە) چونکە لەراستی دا نامەی ئاسمانییان هەبوە نیمچە بڕوایەکیان بەخوداو بەزیندوبوونەوەو حیسابو لێکۆڵینەوەی رۆژی قیامەت هەیە، جۆرە بڕوایەکیان بەپێغەمبەرانو شەریعەتو ئایین هەیە.

پێیان دەگوترێ ئەهلی ذیممە، واتە: خاوەن وادەو بەڵێنو بەپێی ئەو عەهدو پەیمانە پێویستە موسوڵمانان مامەڵەیان لەگەڵ دا بکەنو

بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بەگوێرەی پەیمانی خوداو پێغەمبەر هەڵسو کەوتیان لەگەڵ دا بکەن.

پێیان دەگوترێ (**معاهدون**) پەیمان لەگەڵ بەسراو، چونکە ئەوان لەولاتی ئیسلام بەگوێرەی پەیمانێک کە بەستراوە لەنێوان ئەوانو موسوڵمانان دا نیشتەجێ بوون، ئەرکی سەرشانی موسوڵمانانو ئەوانیشە: کە پابەندی خاڵەکانی پەیمانەکە ببنو بەهەردو لایان رێزی پەیماننامەکە بگرنو سنوور شکێنی نەکەن. نابێ بەهیچ جۆرێک موسوڵمانان ستەمیان لێ بکەن، نابێ داوای ئەنجامدانی ئەرکێکیان لێ بکەن کە لەتوانایان دا نەبێ!

ئەوەشمان لەبیر نەچێ سەرانە (جیزیە) شتێک نیە ئیسلام دایهێنابێ، بەڵکوو پێش ئیسلام لەناو فارسەکان دا باو بووە، یەکەم کەس کە سەرانەی داهێنا کیسرا نەوشیروان بووە، کاتێک ولاتی فارس کەوتە ژێر دەستی موسوڵمانان حەزرەتی عومەر کاری پێ کردو بەو شێوە جیزیەی لێ وەرگرتن. قورئانی پیرۆز ئەندازەی سەرانەی دیاری نەکردوە، لەمەوە فوقەهای موسوڵمانان کەوتوونە راجیاییەوە!

شافیعی دەفەرموێ: ساڵی یەک دینار لەدەوڵەمەندو هەژاریان وەردەگیرێ بەمەرجێ ئازادو باڵغ بن. بەڵگەشی ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبو داوودو هی تریش لەمەعاذیان ریوایەت کردوە: کە پێغەمبەرﷺ کاتێک مەعاذی نارد بۆ یەمەن فەرمانی پێ کرد کە لەهەموو نێرینەیەکی باڵغیان دینارێک سەرانە وەربگرێ! شافیعی بۆ سەلماندنی ئەم رایەی خۆی دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ رونکەرەوەو شیکەرەوەی قورئانەو ئەو دەزانێ مەبەستی پەروەردگار لەئەندازەی جیزیە چەندە، دەی ئەوەتا کە مەعاذی نارد ئەندازەکەی بۆ دیاری کرد...

ئەگەر لەپەیمانەکە دا صوڵحیان لەگەڵ بکرێ لەسەر زیاد لەدینارێک دروستە، کاتی وەرگرتنی سەرانە کۆتایی ساڵە.

مالیکییەکان دەفەرموون: ئەندازەی سەرانە لە سەر دەوڵەمەندو هەژاریان چوار دیناری زێرە لە سەر ئەوانەی زێڕیان هەیەو چل دیر هەمە لە سەر ئەوانەی زیویان هەیە. لە سەرەتای ساڵیشدا لێیان وەردەگیرێ.

مەجوس(ئاگر پەرست) لە بارەی جیزەیەوە وەکو خاوەن نامەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ئیبنولمونذیر دەڵێ: ئەمە رای زانایانی ئیسلامەو ج خیلافێک لەم بارەوە نازانم.

ئیمام مالیک لە مووەطەئدا ریوایەتی کردوە دەفەرموێ: عومەری کوڕی خەتتابﷺ باسی قەومی مەجوسی کرد، دوایی فەرموی نازانم چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دا بکەم؟ عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف هەستا، وتی: شایەتی دەدەم من لەپێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: **(سنوابهم سنة أهل الكتاب)** وەکوو خاوەن نامەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن. ئیبنو عەبدولبەر دەڵێ: مەبەستی پێغەمبەرﷺ لەبارەی جیزیەوە بووە بەس! ئەم رایە بەڵگەیەکی بەهێزە کە مەجووس خاوەن نامە نین.

شافیعیو جەماوەری زانایان دەفەرموون: سەرانە تەنها لەخاوەن نامەکان وەردەگیرێ بەتایبەتیو بەس جا عەرەب بن یا عەجەم بن، چونکە ئایەتەکە هەر باسی خاوەن نامەکانی کردوە، ئیتر حوکمەکە هەر رو لەئەوان دەکاو هی تر ناگرێتەوە. چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿**فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ**﴾**التوبة/٥**، نەیفەرموو: ﴿**حَتَّى يُعْطُوا الجِزْيَةَ**﴾ وەکوو دەرحەق بەخاوەن نامەکان فەرمووی. کەوابوو سەرانە لەبتپەرستی عەرەب وەرناگیرێ.

ئیمامی ئەوزاعیو مالیکییەکان دەفەرموون: سەرانە لەبتپەرستو ئاگرپەرستو کافرو بەدرۆخەرەوەی پێغەمبەر وەردەگیرێ؛ جا عەرەب بن یان عەجەم بن، هۆزی تەغلەبی بن یان هۆزی قورەیشی، هەر کەسێک بن جگە لەهەڵگەڕاوە لەئایین **(مرتد عن الدين)**.

سەرانە وەردەگیرێ لەپیاوانی شەڕکەریان، چونکە خودا دەفەرموێ: ﴿**فَاقْتُلُوا الَّذِينَ**﴾ تا دەگاتە ﴿**حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ**﴾ ئەم ئایەتە ئەوە دەخوازێ: کە سەرانە لەسەر کەسێک بێ کە شەڕی پێ بکرێ، زانایانی ئیسلام کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە کە سەرانە لەپیاوانی شەڕکەری باڵغو ئازاد= وەردەگیرێ.

جا ئەگەر سەرانەیان دا ئیتر هیچ شتێکی تر لەبەروبوومو بازرگانیو داهاتیان لێ وەرناگیرێ، مەگەر بازرگانی لەولاتێک دا بکەن کە جودا بێ لەو ولاتەی صولْحیان لەسەر کردوەو لەپەیمانەکەیان دا دەست نیشان کراوە. ئەو کاتە پاش فرۆشتنی کالاکانیانو وەرگرتنی پارەو پولْەکەیان ئەوە دەیەکیان لێ وەردەگیرێ، ئەگەر خۆراکو گەنمو رۆنو ئەم جۆرە شتانەیان دەگواستەوە بۆ مەککەو مەدینە بەتایبەتی ئەوە نیوەی دەیەکیان لێ وەردەگیرێ!

هەرکەسێک لەوانە موسولْمان ببێ بەکۆرای زانایانی شەرع سەرانەی لەسەر لادەچێ، چونکە ئەحمەدو ئەبو داودو بەیهەقیو دارەقوطنی لەئیبنو عەبباس ریوایەتیان کردووە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: **(لیس علی مسلم جزیة)** لەریوایەتێکی طەبەرانی لەئیبنو عومەرەوە هاتووە **(من أسلم فلا جزیة علیه)** جا وەکوو سەرانە بەموسولْمان بوون لادەچێ بەمردنیش لادەچێ، چونکە وەکوو ئاماژەمان پێ کرد، سەرانە لەجیاتی پارێزگاریو نیشتەجێ بوونیان لەولاتی ئیسلام دا وەردەگیرێ...

بیرو باوەڕی خاوەن نامەکان

وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ۖ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ ۖ يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٣٠﴾ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓا۟ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓا۟ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾ يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٣٢﴾

هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ ﴿٣٣﴾

دەربارەی هۆکاری نازلبوونی ئایەتی ژمارە (٣٠) ئیبنو ئەبو حاتەم لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکاو دەفەرموێ: سەلامی کوڕی میشکەمو نوعمانی کوڕی ئەوفاو شاسی کوڕی قەیسو مالیکی کوڕی صەیف، بەپێغەمبەریان گوت: ئێمە چۆن شوێنت بکەوین لەکاتێک دا تۆ وازت لەقیبلەی ئێمە هیناوە؟! هەروەها تۆ پێت وانیە عوزەیر کوڕی خودا بێ، ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿وَقَالَتِ اليَهُودُ عزيـر ابن ا الله........الآيـة﴾ ناردە خوارێ!

ئیبنو ئیسحاقو ئیبنو جەریرو ئیبنو مەردەوەیهی لەئیبنو عەبباسەوە هەمان ریوایەتیان کردوە.

جاوەکوو زاندرا پەروەردگار لەئایەتەکانی پێشوودا باسی ئەوەی فەرموو: کە جولەکەو نەصرانی بڕوایان بەخودا نیە، ئەمجار لەم ئایەتەی ئێرە دا ئەوە روون دەکاتەوە: کە ئەوان کوڕ بۆ خودا دادەنێن، ئەمەش هاوەڵدانانە بۆ خودا؛ کەسێک بەلایەوە دروست بێ خودا منداڵی هەبێ، ئەوە مانای ئەوەیە: کە ئینکاری خودا دەکا. هەروەها ئەوە رون دەکاتەوە: کە ئەو خاوەن نامانە زاناو مالمو قەشەکانیان بەیاسا دانەر دەزانن، جگە لەخودا حەرامو حەلاڵیان بۆ دەست نیشان دەکەنو هەمیشە هەوڵ دەدەن ئایینی ئیسلام قەلاچۆ بکەن.

﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ ا للهِ﴾ بڕێ لەجوولەکەکان دەیانگوت عوزەیر کوڕی خودایە عوزەیر کاهینێکی یەهوودی بوو دەورو بەری ساڵی (٤٥٧ پێش زایین) لەولاتی بابل نیشتەجێ بوبوو، لەنەوەی حەزرەتی هاروون بوو، نووسەرێکی بەناوبانگ بوو، هەموو پارچەکانی تەوراتی کۆکردەوە، لەجیاتی عیبرانی کۆن پیتی کلدانی بەکار هێنا، ئەسفاری (الأيام، عزرا، نحميا)ی دانا سەردەمی ئەو بەبەهاری ئایینی جولەکە حلێب دەکرێ، شیاوی ئەوەیە: بەبلاوکەرەوەو دامەزرێنەری شەریعەتی یەهوودی بناسرێ، پاش ئەوەی

شەریعەتی تەورات خەریکێ بوو لەناو بچێ ئەو زیندوی کردوە، بۆیە جولەکە رێزی لێ دەنێنو تەقدیسی دەکەن، تەنانەت بری یەهوود نازناوی (کوری خودا)یان داوەتێ لپاش مردنی حەزرەتی موسا (عليه السلام) بەنزیکەی هەزار ساڵ کاتێ کەجولەکەکان جاری دووەم لەبابل دەرچوونو گەرانەوە بۆ ئورشەلیم، عوزەیریش ساڵی (٤٥٦)ی پێش زایین بابلی بەجێ هێشتو گەرایەوە بۆ ئورشەلیم.

ئەوەی لای مێژوو نوسان چەسپاوە، تەنانەت لای جوولەکەکان خۆشیان ئەوەیە: ئەو تەوراتەی حەزرەتی موسا نووسیویەتیەوە خستویەتیە ناو تابوتەوە، لەکاتی زاڵبوونی عەمالیقەکان بەسەر نەتەوەی ئیسرائیل دا، یان زاڵبوونی بەختونەصر پێش سەردەمی حەزرەتی سولەیمان (عليه السلام) ئەو نوسخەیەی تەورات فەوتاوە، چونکە حەزرەتی سولەیمان کە تابووتەکەی کردەوە جگە لەو دوو لەوحانەی کە (٥) ئامۆژگارییەکەیان تێدا نووسرابوونەوە، هیچی تری تێدا نەبینی، وەکوو لەسفرەی (**الملوك الاول**) دا هاتووە.

ئیتر عوزەیر نووسینەوەی تەوراتی بەپیتی کلدانیو هەندێ پیتی عیبری ئەنجام دا. هەندێ رەخنەگر پێیان وایە: چیرۆکی عوزەیر دەربارەی نووسینەوەی تەورات دەسهەڵبەستەو بێ بناغەیە.

﴿وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ﴾ نەصرانیش وازیان لەیەکتاپەرستی هێناو (وتیان)و دەڵێن: مەسیح کوری خودایە، بێگومان پێشینەکانی نەصرانی مەبەستیان بەکورییەتی عیسا بۆ خودا حەقیقەت نەبوو، بەڵکوو بەمەجازو مەبەستیان خۆشەویستو رێزداری لای خودا بوو، دوایی بەهۆی تێپەربوونی رۆژگارێکی زۆرو بەهۆی فەوتانی ئینجیلە ئەصلەکەو کاریگەری هیندییە بتپەرستەکان لەسەریان وایان لێ هات عیسا بەکوری حەقیقی خودا بزانن‌و پێیان وابوو عیسا بۆ خۆی خودایەو روحولقودسە، واتە: (عیسا)= کور (الله)=باوک، روحولقودس ئەم سێیە ئاوێتەی یەکتر بونو بوون بەیەک تاکە فەردی حەقیقی. ئەمە تەعلیماتی کەنیسەبوو بەسێ سەدە دوای مەسیحو قوتابیەکانی دایانهێناو بلاویان

کردەوە، بێگومان کۆمەڵێکی زۆر لەمەسیحییەکان کە خۆیان بە (موحدین) یان عەقڵکار حلێب دەکرد دژی ئەم بیرو باوەڕە بوونو ڕەدیان کردەوەو ئێستاش هەیانە بڕوای بەو ئالووثە پیرۆز نیە، بەڵام کەنیشتەکانی کاثولیکو ئەرثوذکسو بڕۆتستانتەکان بەمەسیحییان نازانن بڕوایان پێ ناکەنو بەدەرچوو هەڵگەڕاوە لەئایین حلێبیان دەکەن.

جا چونکە هەردوو لا لەجوولەکەو لەنەصرانی‌یەکان پشتیان بەسەرچاوەی راستو دروست نەبەستووە، لەو بارەوە بنەمایەکی راستیان لەئایینەکەیان دا نیە، ئەوەی لەتەوراتو ئینجیل دا نووسراوە تەزویرو دەستهەڵبەستەو پیاوە ئایینەکانیان نووسیویانە، بۆیە پەروەردگار بەدرۆیان دەخاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ قَوْلُهُمْ بِأَفْوَاهِهِمْ﴾ ئەوەی دەیڵێن: لەبارەی عوزەیرو عیساوە، قسەیەکی دەمهەڵبەستی خۆیانەو چ بەڵگەیەکی زانستیو سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراویان بەدەستەوە نیە، جگە لەفڕو فیشاڵی خۆیانو درۆو دەلەسەو هەڵبەستراوی ماڵەو قەشەکانیان، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَيُنْذِرَ الَّذِينَ قَالُوا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا، مَالَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ وَلَا لِآبَائِهِمْ، كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ، إِنْ يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا﴾الكهف/٥.

جوولەکەو مەسیحییەکان لەم قسە بێ بناغانەیان داو بەم کوفرە ئاشکراو بیرو باوەڕەیان ﴿يضاهئون قول الذين كفروا من قبل﴾ دەشوبهێنە قسەو کوفرو بیرو باوەڕی موشریکو کافرەکانی پێش خۆیان کە بیتپەرستو بەرهەمیەکانو بوذیەکانی هیندو چینو یابان ونەتەوە کۆنەکانی میصرو ئێرانو یۆنانو رۆمان بوون، کەوابێ جولەکەو مەسیحی بیرو باوەڕی ئەو موشریکو کافرە کۆنینانەیە کاوێژی دەکەنەوەو بەناوی تەوراتو ئینجیلەوە بڵاوی دەکەنەوە. هەروەکوو موشریکەکانی عەرەب هەندێکیان بڕوایان وا بوو:کە فریشتە کچی خودان. ﴿قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ دەک نەفرینی خودایان لێ بێ، خودا ئەم کافرو موشریکانە بخاتە بەر نەفرینی خۆیو لەناویان بەرێ، سەیرو سەمەرەیە ئەوانە چۆن لەڕێبازی حەق لایان داوە، چۆنو بەچ عەقڵێک لەو حەقە ئاشکراو نومایانە لایان داوەو کەوتوونە ناو زلکاوی گومڕاییو کوفرەوە؟؟

مەسیحو عوزیر دو بەندەی خوداو خودا دروستی کردون، قەتیش دروستکراو ناکرێ بەدروستکەرو بەدیهێنەر، نابێ مەخلووق بەخالق حلێب بکرێ! عیساو عوزەیر وەکوو هەموو ئادەمیزادێکی تر خواردنو خواردنەوەیان هەیە، ماندوبوون حەسانەوەیان هەیەچۆن بەکەڵکی خودایەتی دێن؟!

پەروەردگار لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿مَا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ، وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ، كَانَا يَأْكُلاَنِ الطَّعَامَ﴾المائدة/٧٥، هەر لەبارەی عیساوە دەفەرموێ: ﴿إِنْ هُوَ إِلاَّ عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ، وَجَعَلْنَاهُ مَثَلاً لِبَنِي إِسْرَائِيلَ﴾الزخرف/٥٩ یان دەفەرموێ: ﴿لَنْ يَسْتَنْكِفَ الْمَسِيحُ أَنْ يَكُونَ عَبْداً لِلَّهِ﴾النساء/١٧٢.

ئەمجار وەجهەشەبەهی نێوان جولەکەو مەسیحی لەگەڵ کافرو موشریکەکانی پێشوو دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ﴾ جولەکەو مەسیحیەکان، مالەو قەشەکانیان کردبوون بەخودای خۆیان، لەجیاتی پەروەردگاری بەرزو پیرۆز، پیاوە ئایینیەکانیان شەریعەتو یاسایان بۆ دادەنانو حەڵاڵو حەرامیان بۆ دەست نیشان دەکردن ئەوانیش پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانیان دەبوون، هەروەها عیسای کوڕی مەریەمیشیان بەخودا دەزانی.

جولەکەکان یاساو شەریعەتی دەسهەڵبەستی پیاوە ئایینیەکانی خۆیان پاڵ تەورات دا بوو، مەسیحیەکانیش ئەحکامی تەوراتیان گۆڕیو شەریعەتی دەستهەڵبەستی خۆیان لەبواری عیبادەتو مامەڵەکردن دا خستە کارو گۆڕانکاریان لەحوکمەکانی تەورات دا کردو بەئارەزۆی خۆیان حەرامو حەڵاڵیان بۆ دەست نیشانکردن؛ رەشە خەڵکەکەش شوێنیان کەوتن.

ئەوەی زیاتر ئەمە رون دەکاتەوە چیرۆکی موسوڵمانبوونی عەدی کوڕی حاتەمی طائیە. ئیمامی ئەحمەدو تیرمیذیو ئیبنو جەریری طەبەری لەعەدی کوڕی حاتەمەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: کە عەدی بانگەوازی ئیسلامی پێ گەیی هەڵهات بۆ وڵاتی شام -لەسەردەمی جاهیلی دا بوبووە مەسیحی- خوشکەکەیو کۆمەڵێک لەخزمو کەسوکاری بەدیلی کەوتنە دەست

موسوڵمانەکان. پێغەمبەرﷺ بەپیاوەتی خوشکەکەی ئازاد کردو گەڕایەوە بۆ لای عەدی برای، هەڵینا بۆ موسوڵمانبوونو چوون بۆ خزمەت پێغەمبەرﷺ پاش ماوەیەك عەدی هات بۆ مەدینە، هاتنەکەی بوو بەجێگای قسەو باسی خەڵك چونکە عەدی سەرۆکی هۆزی (طي) بوو کوڕی حاتەم بوو، ناوبانگی باوکی بەدونیا دا بڵاوبوبووەوە، کە چووە خزمەت پێغەمبەرﷺ عەدی صەلیبێکی لەمل دابوو، پێغەمبەرﷺ لەو کاتەدا ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللهِ﴾ عەدی دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! کوا؟ خۆ خاوەن نامەکان پیاوە ئاینیەکانی خۆیان بەخودا نازاننو نایانپەرستن، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بەڵێ: ئەوان حەڵاڵیان لێ حەرام دەکەنو حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەکەنو رەشەخەڵکەکەش شوێنیان کەوتوونو پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانیان بوون، دەی ئەوە عیبادەت بۆ کردنو بەخودا زانینیانە.

ئەمجار پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەی عەدی! چی دەڵێی؟ ئایا ئەگەر بڵێی (الله أكبر) هیچ زیانت پێ دەگا؟ ئایا هیچ شتێك هەیە لەخودا گەورە تر بێ؟ چ شتێك زیانت پێ دەگەیەنێ؟ ئایا ئەگەر بگوترێ (لا اله الا الله) زیانت پێ دەگا؟ ئایا جگە لەخودا خودای تر هەن؟

ئەمجار پێغەمبەرﷺ بانگەوازی عەدی کرد بۆ موسوڵمان بوون، ئەویش ئیمانی هێنا. جا عەدی دەڵێ: کە ئیمانم هێنا، دیتم پێغەمبەرﷺ لەخۆشییا دەمو چاوی دەگەشایەوە. ئەمجار فەرمووی: جوولەکە غەزەبی خودایان لەسەرە (مغضوب عليهم) ئەوانن. مەسیحی گومڕابوونو ڕێگایان لێ تێك چووە، ئەوان (ضالون)ن. خۆ ئەو جوولەکەو نەصرانییانە کەوا غەزەب لێ گیراوو گومڕانو وازیان لەئایینی حەقو ڕاست هێناوە بۆ خۆیان وایان لەخۆیان کردوە. ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا إِلَهاً وَاحِداً﴾ ئەوان لەسەر زمانی موساو عیسا فەرمانیان پێ نەکراوە کە جگە لەخودا خودایەکی تر بپەرستن، ئەوەی فەرمانیان پێ کراوە بریتی بووە لەوە کە تەنها خودا بپەرستنو هاوەڵی بۆ دانەنێن. ئەو خودایە بپەرستن کە ئەحکامی ئایینی بۆ داناون، ئەو خودایە

خودای ئەوانو خودای هەموو شتێکی تریشە، زاناو دانایە، بێ هاوەڵو بێ منداڵو تاکو تەنهایە، هەر شتێکی حەرام کرد حەرامەو بەکەس حەڵاڵ ناکرێ، هەرشتێکی ئەو حەڵاڵی بکا، حەڵاڵەو بەکەس حەرام ناکرێ. هەر شەریعەتو یاسایەک دابنێ شوێنکەوتنی واجبو فەرزە، هەر فەرمانێکی فەرموو دەبێ جێبەجێ بکرێ، زاتی پاکی بەگوێرەی شەرعو عەقڵ شیاوی پەرستشە ﴿لَا اِلٰهَ اِلَّا هُوَ﴾ بەپێی شەریعەتو عەقڵی سەلیم جگە لەپەروەردگار خودای ترنیین، هیچ خودانین جگە لەزاتی پاکی ﴿سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ پەروەردگار پاکو بەرزو پیرۆزە لەهاوەڵو ژنو منداڵ یارمەتدەرو شەریک، هەر خۆی شیاوی پەرستنە، بێ وێنەو بێ نەظیرە لەزاتو لەصیفات دا. لەئولوهییەتو لەربووبییەت دا تاکو تەنهاو فەردی موطلەقە.

﴿يُرِيدُونَ اَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللّٰهِ بِاَفْوَاهِهِمْ﴾ ئەو کافرو موشریکانە دەیانەوێ بەو بیرو بۆچوونە شێواوو پوچەی خۆیان نوری ئیسلام بکوژێننەوە، هەوڵ دەدەن ئەو ئایینەی پێغەمبەری ئێمە؛ موحەممەد هێناویەتی لەناوی بەرن، بڵێسەی حەقو چرای هیدایەت بکوژێننەوە، بۆ ئەوەی هەموو ئادەمیزاد گومراببن. ﴿وَيَاْبَى اللّٰهُ اِلَّا اَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ﴾ پەروەردگاریش هەرگیز ناهێڵێ مرادیان بێتەجێو هەر دەیەوێ روناکایی ئایینی خۆی تەواو درەخشان بکاو بەدونیادا بڵاوبێتەوە. هەرچەندە کافرەکان پێشیان ناخۆش بێو بەزیاد بوونو بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام تەنگەتاو ببن، خودا هەر ئایینی خۆی سەردەخاو یارمەتی پێغەمبەری خۆی دەدا.

جولەکەکان لەسەرەتای ئیسلام دا لەهەموو کەس زیاتر دژی ئیسلام بوون، ئەوان لەدژایەتیکردنی پێغەمبەرو موسوڵمانان دا وەکوو موشریکەکانی عەرەب وا بوون..

جا کە نەیانتوانی بەپاڵپشتی موشریکەکان نووری ئیسلام بکوژێننەوە، ئەمجار هەوڵیان دا لەرێگەی دووبەرەکی دروستکردنو فیتنە نانەوە نووری ئیسلام خەفە بکەن، وەکوو ئەو فیتنەو ئاشووبەی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء بەرپای کرد، بناغەی لایەنگریو شیعەگەری بۆ ئیمام عەلی داهێنا، زێدە

ڕەوی‌و غولوی تێدا بەکار هێنا، دووبەرەکی خستە ناو موسوڵمانانەوە، ئەمجار ئاگری فیتنەیی نێوان ئیمامی عەلی‌و معاوییەی خۆش کرد، بەو ئاگرە شوومە دەیانهەزار شۆڕە سواری موسوڵمانان لەناوچوون، کارگەیشتە ئەوەی لەسەرتاپای عالەمی ئیسلامی دا دووبەرەکی پەیدا ببێ‌و ئەو هەموو ڕوداوە سامناکانەی مێژوو کە لەناو شیعەو سوننەدا ڕویان داوە بێنە کایەوە.

ڕومای مەسیحیش لەلایەن خۆیانەوە چییان بۆ کرا دژی ئیسلام تەخسیرییان نەکرد، هەر کە نووری ئیسلام ڕوناکایی بەخش کرد، ئەوان هەڵمەتی نامەردانەی خۆیان دژی موسوڵمانان دەست پێ کرد، پاشان ئەورووپای مەسیحی بەردەوام بوو لەدەستدرێژیکردن بۆ سەر وڵاتی ئیسلام‌و پەلاماردانی موسوڵمانان، ئەمجار نۆرەی شەڕی خاچپەرستەکان هاتە پێشەوە کە ئەو پەڕی دڕندەیی‌و هێرشی قەلاچۆکەریان هێنایە سەر موسوڵمانان، لەوساوەو ئێستاشی لەگەڵ دا بێ لەرێگەی سیاسەتی ئیستیعماری‌و ڕۆژهەلاتناسی‌و چەند بڕوبیانووی ژەهراوی ترەوە جۆرەها پیلانی دووبەرکی نانەوەو دروستکردنی شەڕو جەنگی خوێناوی لەناو موسوڵماناندا، هەوڵی کوژاندنەوەی چرای درەخشانی ئیسلامیانەو بەبێ ماندو بوون لەو بوارەدا پیلان‌و نەخشەی خۆیان ئەنجام دەدەن، هەرچی هێزو توانای هەیانە خستویانەتە گەڕ بۆ ئەم مەبەستەو ساتە وەختێک فەرامۆشی ناکەن‌و بەگیان‌و بەماڵ لەپێناوی دا تێدەکۆشن!!

با جارێکی تریش بەمێژوو دا بگەڕێینەوە دواوە بزانین جولەکەو مەسیحی چییان بەسەر موسوڵمانان هێناوە. لەم بارەوە مامۆستا سەیید قوطب دەفەرموێ: لەپێش هاتنی ئیسلام دا شەڕو دوژمنایەتی نێوان ڕۆم‌و فارس چەند سەدەیەک بوو بەردەوام بوو، هەمیشە نێوانی ئەم دوو ئیمپڕاتۆریەتە جەنگ‌و کوشتار بوو، جۆگەی خوێنی لێ دەڕۆیشت‌و ئاگری شەڕو فیتنەیی نێوانیان نەدەکوژایەوە. کە تاییني ئیسلام لەنیوە دوورگەی عەرەب دا سەری هەڵدا کەنیشتە هەستی بەخەتەری ئەم تاپینە حەقە کرد، زانی زەرەری بۆ پەڕەکانی دەبێ، دیارە فارسەکانیش هەمان ترسیان لێ نیشت، ئەوەبوو: فارس‌و ڕۆم دوژمنایەتی‌و کێشەو شەڕو هەرای خوێناوی کۆن‌و

تازەی خۆیان لەبیر خۆبردەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەرەنگاری ئایینی تازە بکەنو نەهێڵن ئیسلام پەل بهاوێ.

ئەوەبوو: رۆمەکان لەگەڵ غەساسینە ئاڵقە لەگوێکانیان لەشیمالەوە خۆیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی پەلاماری موسوڵمانەکان بدەن، ئەمەش دوای ئەوەی: کە رۆمەکان پیاوی راسپاردەو نێردراوی پێغەمبەریان بەنامەردانە شەهید کرد کە ناوی (الحارث)ی کوڕی عومەیری ئوزدی بوو. موسوڵمانان ئەمانو پارێزگارییان بۆ راسپاردەی رۆمەکان دابین دەکرد ئەگەر پیاوێکیان بەراسپاردەیی بهاتایە، نامەی بهێنایە یان کارێکی لەم جۆرەی ببوایە بەئەمانو زامان دەگەڕایەوە. بەلام رۆمەکان غەدریان کردو بەناحەق راسپاردەی پێغەمبەریان شەهید کرد، ئەمە وای لەپێغەمبەرﷺ کرد: سوپایەکی سێ هەزار کەسی بەسەر کردایەتی سێ فەرماندە شەهیدەکان (زەیدی کوڕی حاریثە، جەعفەری کوڕی ئەبو طالب، عەبدوڵلای کوڕی رەواحە) ئاڕاستە کردنو لەمانگی جیمادی یەکەمی ساڵی هەشتەمی کۆچی غەزای مۆتەی لێ پەیدابوو. ئەوە بوو ئەو جەنگە نابەرامبەریە سامناکە بەرپابوو. ریوایەتی مێژوویی هەیە دەڵێ ژمارەی سوپای رۆمەکان (١٠٠) سەد هەزار کەس بوو، سەد هەزار کەسی تریشیان لەئاڵقە لەگوێیو نۆکەرانیان لەشام کە لەهۆزە عەرەبە مەسیحیەکان بوون رەگەڵ کەوت سوپای موسوڵمانانیش لەسێ هەزار کەس تێپەڕی نەدەکرد. ئەمجار غەزای تەبووک روی دا کە زوربەی ئەم سورەتە لەو تەوەرەدا دەسوڕێتەوە، لەشوێنی خۆی دا بەدرێژی باسی لێوە دەکەین.

ئەمجار ئامادە کردنی سوپای ئوسامەی کوڕی زەید کە پێغەمبەرﷺ ئامادەی کردو هێشتا سوپا بەڕێ نەکەوت پێغەمبەرﷺ وەفاتی فەرموو، پاشان حەزرەتی ئەبو بەکرﷺ رەوانەی کردو بەرەو شام ناردی بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو لەشکر کێشیەی رۆمەکان کە لەو هەرێمە ئەنجامیان دابوو دەیانەویست قەلاچووی موسوڵمانانو ئایینەکەیان بکەن.

ئەمجار مەنجەڵی رقو کینەی خاچپەرستان وەکوڵ هات، هەر لەغەزای یەرمووکەوە کە موسوڵمانان تێیدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناو بەشوێن

ئەوەدا سوپای ئیسلام پەلو پۆی هاویشتو گەلێ موستەعمەرەی ئیمپراتۆری رومیان لەولاتی شامو میصرو شیمالی ئەفریقاو دورگەکانی دەریای سپی ناوەراست رزگار کردو ئیسلامیان تێدا بلاوکردەوە. ئەمجار بنکەی هەرەگرنگی ئیسلامیان لەولاتی ئەندەلووس دامەزران.

بێگومان شەری خاچپەرستەکان کە لەمێژوو دا بەم ناوە بەناوبانگە، یەکەم جەنگو دوا جەنگ نیە: کە کەنیشتە دژی ئیسلام ئەنجامی دابێ، بەلکو ئەم شەرانە زۆر پێش ئەم مێژووە بەناوی جیا جیاوە ئەنجام دراون، لەراستی شەری خاچپەرستان لەو رۆژەوە دەستی پێکرد کە رۆمانو فورس دوژمنایەتی خۆیان وەلاناو دەستیان کرد بەیارمەتیدانی یەکتری دژی موسولمانان لەخواروی نیوە دورگەی عەرەبەوە، ئەمجار لەغەزای موتەو دوایی لەغەزای یەرمووک، پاشان بەتەواوی قینو خەشمی خاچپەرستان دژی موسولمانان لەهێرشی خوێناوییاندا بۆ سەر ئەندەلوس دەرکەوت، ئەو درندەییو کۆکوژییەی دژی موسولمانانی ئەو ناوچەیە ئەنجام درا بۆوەتە لاپەرەیەکی رەشی نەفرین لێکراو لەمێژووی مرۆڤایەتی دا، خاچپەرستان لەو هێرشە وەحشیو خوێناوییەیان دا بۆ سەر ئەو بنکە ئیسلامییە گرنگەی ئەوروپا هێند بەدرندەییو نامرۆڤانە جولانەوە مێژوویان شەرمەزار کردو لەوە پێش رووداوی وا نامرۆڤانەی بەخۆوە نەبینیوە. بەملیۆن موسولمان کوژرانو تەعذیب درانو لەناو بران کە قەلەم لەنووسینو شیکردنەوەی ئەو روداوە سامناکانە کۆلەو کۆلەوارەو (بەکوردی باسی نایەتە گوفتار) ئەوەی لەرۆژهەلاتیش دا روی دا، ئەو تاوانو قەتلو عامەی خاچپەرشتان دژی موسولمانان لەو هەرێمە ئەنجامیان دا لەهی ئەندەلووس کەمتر نەبوون.

جۆستاف لۆبون کە بۆخۆی نووسەرێکی فەرەنسیو مەسیحیە دەلێ: یەکەم شت کە ریکاردۆسی ئینگلیزی ئەنجامی دا ئەوە بوو: کە لەبەردەم موعەسکەرێکی موسولمانان دا سێ هەزار موسولمانی کوشتن کە خۆیان بەدەستەوە دابوو، ئامانو زەمانو پەیمانو وەعدیان پێ درابوو: کە خوێنیان پارێزراوە ئەمجار دوا کوشتنی ئەم سێ هەزار کەسە، دەستی کرد بەکوشتنو برینو تالانکردن بەجۆرێک کە هەر لەدەست خۆیان دێو لەخۆیان دەوەشێتەوە.

نووسەرێکی تری مەسیحی کە ناوی (یۆرجا)یە دەڵێ خاچپەرستەکان بەدڕندەترین شێوە دەستیان بەهێرش بردن بۆ سەر بەیتولمەقدیس کرد، ئەمجار دەڵێ: ئەم هێرشبەرانە ئەوپەڕی دڕندەییيان بەکار هێنا، دەهاتن ورگو ریخۆڵەی خەڵکیان هەڵدەدڕین بۆ ئەوەی لەناو ریخۆڵەکانیان دا دینارو دیرهەم بدۆزنەوە!!!! کەچی صەلاحەددین کە قودسی لێ ستاندنەوە، خاچپەرستەکانی بەرەڵلا کردو ئەمانی پێدان، هەموو وادەو بەڵێنێکی کە پێی دا بوون جێ بەجێی کرد، تەنانەت مەلیکێ عادل کە برای صەلاحەددین بوو هەزار کۆیلەی بەدیل گیراوی بەرەڵلا کرد، هەموو ئەرمەنەکانی عەفوو کردن، رێگەی دا بطریکێ صەلیبو نیشانی کەنیسە هەڵبگرێ، رێگەی دا بەشا ژنو شابانوەکانیان دیدەنی مێردەکانیان بکەن!

باسی دەستدرێژی خاچپەرستەکان بۆ سەر موسوڵمانان بەکۆتا نایەو چەندی لەسەر بنووسرێ پۆشکە بژاردنە لەکایە، ئیتر لێرەدا ماوەی ئەوەمان نیە زیاتر لەسەری برۆینو باسی لێوە بکەین، کەسێکێ لەمە زیاتری گەرەکە با بگەرێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی لەم بارەوە درێژەیان پێ داوە!

ئەوەی کە لەم رۆژگارە تازەی چەرخی بیستەم لەزنجباررووی دا پێچێکی لەبەر روداوەکانی پێشوودا نەبوو، ئەوە بوو: هەرچی موسوڵمان هەبوو لەو ناوچەیە دا بنەبڕ کران، دوازدە هەزار کەسیان بەیەکەوە لێ کوژرا، چوار هەزار کەسیان مابوو لەدورگە وەدەرنرانو فرێدرانە ناو دەریاوە.

لەدوورگەی قوبروصیش ئاوو خۆراکێ لەو شوێنانە مەنع کرا: کە موسوڵمانی لێ نیشتەجێ بوون بۆ ئەوەی لەبرسانو لەتینوان گیانیان دەرچێ، ئەمە جگە لەو کوشتو برِیەی بەسەریان هێنان، ئەو دەرکردنو ماڵوێرانیو تالانو برۆیەی دژی موسوڵمانەکان ئەنجام درا لەنووسین نایەو ناخرێتە ناو روپەری کتێبەوە.

بەکوردیو بەپوختی ئەم هەویرە ئاو زۆر دەباو لەهەر ئاقارێکێ پێ داگرێ هەمان تاسو حەمامە کوردستانی خۆشمان لەم بارەوە کەمی نەدیوەو کەمتری بەسەر نەهاتووە، سەرباری دابەشکردنی وڵاتەکەی بەسەر دراوسێکانی داو دابڕینی ئەم بەشەی لەبەشەکەی تری جۆرەها شاڵاوی کۆکوژیو قەلاچۆکردنو

خاپور کردنی بەسەر هێنراوە، جۆرەها چەکی کیمیاوی بایەلۆجیو دەمارگرژیو تەنگەنەفەسی تێدا تاقی کرایەوە، سەدو هەشتاو دوهەزار کوردی موسوڵمانی گوندنشینی بێ دەسەلاتو پرو پیرەژنو زارۆکئو منداڵی بێ تاوان بەناوی ئەنفالەوە بێ سەرو شوێن کرانو کەس نازانێ چییان بەسەر هات، (لەساڵی ١٩٧٥وە بۆ ساڵی ١٩٨٨) کوردستانی رازاوەو بەهەشت ئاسا، سەرلەبەری خاپوور کرا، کانیاوو جۆگەو جۆباری تەقێندرانەوەو کوێر کرانەوە، باخو باخاتی سوتێندراو هەڵپاچو داپاچ کرا، چوار هەزارو پێنچصەد گوندو شارو شارۆچکەی ژێرو زەبەر کرا، ئەوەی بەسەر کوردستانو موسوڵمانانی کورد هات لەم ماوەیەدا هەر بەسەر کوردستانو کوردی موسوڵمان هاتووەو کەسی تر بەو دەردە نەبراوە.

بەلام وەکوو دەڵێن تەنگانە بەریان کورتەو دوای شەوە زەنگ رۆژهەلاتە، سوپاس بۆ خودا لەدوای ساڵی(١٩٩١ز)وە وا وردە وردە کوردستان ئاهی تێگەڕایەوەو گوندو شارو شارۆچکەی ئاوەدانییان بەخۆیانەوە بینیەوە. ئەگەر شەڕی نەفرین لێکراوی براکوژی نێوان حیزبە سیاسیەکانی نەبوایە، لەماوەیەکی زۆر کەم دا زوربەی برینەکانی گۆشتە وەزونیان دەهێنایەوەو سارێژ دەبوونەوە، بەلام شەڕە کورسیو شەڕە گیرفان بوو بەکۆسپێکی ترو وا زیاد لەچوار ساڵە (١٩٩٤ بۆ ١٩٩٨) کورد کورد دەکوژێ، ماڵی یەکتر تالان دەکەن بۆخۆیان دژی خۆیان لاسای داگیرکەران دەکەنەوەو لەوانیشیان تێپەڕاندوە، زۆر جۆری تەعذیبو داپلۆوسین هەیە، دوژمن روی نەدەهات ئەنجامی بدا ئەمان بەراشکاویو بەناوی کوردایەتیەوە شانیان بەرداوە (ئەڵلا بەرەکەت!!)

ئەمەی من دەیڵێم راستیەکی حاشا هەڵنەگرەو دونیا شاهیدە، هەموو کوردێکی رۆشنبیرو بەشەرەفو خاوەن ویژدان لەداخان خەریکە شەق بەرێ، بۆ خۆشیان هەستیان بەخیانەتی خۆیان کردوەو دەزانن چ کارەساتێکیان بەسەر میللەت هێناوە بەلام کێشەکە هێندە قوڵو نالەبارە نازانن چۆنی لێ رزگار بن. کورسی خۆشەویستیو پولو پارەی کوردستانیش زۆر زەبەندەو ئەوەیان بەخۆیانەوە نەدیوە، دڵیان نایە دەستی لێ بەردەن..

ئای براکوژی ئای شەڕە گیرفان لەعنەت لەوانەی کە هەڵیان گیرسان!!

ئەمجار پەروەردگار شێوەی تەواو کردنی نووری ئیسلام روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە پێغەمبەری خۆی: کە موحەممەدە، ناردویە بۆ سەر هەموو ئادەمیزاد بە هیدایەتو بەڵگەو نیشانەوە. ئاینێکی حەقی پیادا رەوانە کردوە، کە هەتا دونیا دونیایە نەسخ نابێتەوە، گۆڕانی بەسەردا نایە، هیچ ئاینێکی تر هەڵی ناوەشێنێتەوە، هەر هەواڵێکی تێدایە راستو دروستە، بیرو باوەڕی صەحیحو زانیاری بەسودی لە خۆ گرتووە، ئاینێکە هەموو کردەوەکانی کە تێیدا ئەنجام دەدرێن کردەوەی باشو بە سوودن بۆ دونیاو قیامەت..

ئەمجار پەروەردگار مەبەستی ناردنی پێغەمبەر روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ﴾ بۆ ئەوەی ئەم ئایینە بێ خەوشە: کە ئایینی ئیسلامە، بەرزی بکاتەوەو سەری بخا بەسەر هەموو ئایینەکانی تردا بەهۆی بەڵگەو بورهانی جۆراو جۆرەوە، بەهۆی ئەو زانیاریو زانستەی لەخۆی گرتووە، بیکاتە ئایینێکی بالادەستی خاوەن دەسەڵاتی ماددیو مەعنەوی. ئاشکراشە هیچ ئایینێک وەکوو ئیسلام کاریگەری گیانیو عەقڵیو ماددیو کۆمەڵایەتیو رامیاری لەسەر ئادەمیزاد نەبوەو نابێ. تاکە ئایینێکە: کە بەکەڵکی هەموو سەردەمو کاتو شوێنێک دێ.. بۆ هەموو کۆمەڵگاو نەتەوەیەک لەبارو گونجاوە..

لەموسنەدی ئەحمەددا لەعەدی کوڕی حاتەمەوە ریوایەت دەکا: دەڵێ لەپێغەمبەرم ژنەوت: دەیفەرموو: (فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَيُتِمَنَّ اللهُ هَـذَا الدِّينَ حَتَّى تَخْرُجَ الظَّعِينَةُ مِنَ الْحِيرَةِ، حَتَّى تَطُوفَ بِالْبَيْتِ مِنْ غَيْرِ جِوَارِ أَحَدٍ، وَلَتَفْتَحَنَّ كُنُوزَ كِسْرى بنِ هُرْمُزَ قُلْتُ: كِسرى بنَ هُرْمُزَ؟ قَالَ: نَعَمْ كِسْرَى بنَ هُرْمُزَ، وَلَيُبْذَلَنَّ الْمَالُ حَتَّى لاَ يَقْبَلُهُ أَحَدٌ)

شێوەو چۆنیەتی مامەڵە کردنی ماڵو قەشەکان لەگەڵ خەڵک دا

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡأَحۡبَارِ وَٱلرُّهۡبَانِ لَيَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡبَٰطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۗ وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ٣٤ يَوۡمَ يُحۡمَىٰ عَلَيۡهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكۡوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمۡ وَجُنُوبُهُمۡ وَظُهُورُهُمۡۖ هَٰذَا مَا كَنَزۡتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡنِزُونَ ٣٥﴾

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيراً...﴾ وەکوو ئیمامی واحیدی دەڵێ: لەشانی زانایانو خوێندەوارنی خاوەن نامەکان هاتۆتە خوارێ کە بەرتیلو باجیان لەرەشە خەڵکەکە وەردەگرتو دەیانچەوساندنەوە.

دەربارەی ئایەتی ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ....﴾ ئیمامی بوخاری لەزەیدی کوڕی وەهەب، دەگێڕێتەوە: کە دەڵێ بەلای (رەبذە)دا تێپەڕیم (شوێنێکە لەنزیکێ مەدینە) لەنکاو چاوم بەئەبو زەڕ کەوت، وتم: چی تۆی هێناوەتە ئێرە؟ وتی: لەشام بووم، لەگەڵ معاوییە دا دەربارەی ئایەتی ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ...﴾ بوو بەکێشەمان معاوییە وتی: لەشانی خاوەن نامەکان دا هاتۆتە خوارێ، منیش وتم دەربارەی ئێمەو ئەوان هاتۆتە خوارێ، قسەمان لێکێ هەڵبەزینەوەو نامەی لێ نووسیوم بۆ لای خەلیفەی موسوڵمانان؛ عوسمانی کوڕی عەففانو شکاتی لێ کردوم، خەلیفەش لەدوی ناردم بێمە مەدینە بۆ خزمەتی، هاتم، خەڵکم لێ کۆبوەوە، وەکوو ئەوە لەوەپێش نەیان بینیبێتم، کە هاتم روداوەکەم بۆ عوسمان گێڕاوە، ئەویش

فەرمووی: ئارەزۆت لیٖرە واز لەشام بێنەو وەرە نزیکٔ مەدینە، ئەوە ئەو فەرمانی پیٖ کردوم لێرە دەوام بکەم، ئەمن پابەندی فەرمانم، تەنانەت ئەگەر کۆیلەیەکی قولەرەشیش فەرمانڕەوا بیٖو فەرمانم پیٖ بکا؛ من گەردنکەچی دەبم لەقسەی دەرناچم!!

جا کە لەوەپێش پەروەردگار وەصفی سەرۆکو مالو قەشەکانی کرد بەوە: کە لوتبەرزو خۆبەزلزانو لافی خودایەتی لیٖ دەدەن، مافی یاسادانان (کە بەس هی خودایە) دەیدەن بەخۆیانو شت حەلالو حەرام دەکەن. ئەمجار لەم ئایەتانە دا بەوە وەصفیان دەکا کە چاو چنووکو بەهەلپەن بۆ کۆکردنەوەی مالو سامان لەرەشە خەلکەکە، ئەوان بەتەماعو سوورن لەسەر وەرگرتنی مالی خەلکٔ بەناڕەواو بەشێوەی دەسبڕینو هەلخەلەتاندنیان، کە بەرەنگاری ئایینی ئیسلامیش دەکەن، ترسی لەدەستدانی بەرژەوەندییە ماددیەکانیان هەیەو دەترسن دونیا خۆرییان بۆ نەکریٖ، ئەوان ئایین دەکەنە پرد بۆ گەیشتن بەدونیا. تا بلیٖی بەخیلو چاو چنۆکن، حەزیان لەکۆکردنەوەی مالو نەقدینەیە لەقاسەکانیان دا هەلی بگرنو زەکاتی لیٖ دەرنەکەن.

ئەم ئایەتە رونکردنەوەو شیکردنەوەی هەلسوکەوتی مالمەکانی جولەکەو رەبەنەکانی مەسیحی لەخۆگرتووە، پەردە لەسەر تاوانو کردارە خراپەکانیان هەلدەداتەوە بۆ ئەوەی خاوەن نامەکان خۆیان هەلەو تاوانی ئەحبارو روهبانەکانیان بۆ دەربکەویٖ، هەروەها بۆ ئەوەی موسولمانان هۆی سوور بونی ئەم مالمو قەشانە لەسەر کوفرو بێدینی بزانن، لەهەمان کات دا ئایەتەکان هەڕەشەو ترس بەرنانی موسولمانانە: کە نەچن لەکردارو گوفتاردا چاو لەمالمو قەشەکانیان بکەنو دەفەرمویٖ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيراً مِنَ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان بەتاکو تەنهایی خوداو بەپێغەمبەرایەتی موحەممەد هەیە، دلنیابنو باش بزانن: کە زۆر لەمالمو قەشەکانی خاوەن نامەکان بەناحەقو ناڕەوا مالو سامانی خەلکٔ دەخۆن، هیچ رێبازێکی شەرعیو ئایینیان بەدەستەوە نیە، بەلکوو بەهەوانتەو بەئارەزۆبازی خۆیان ئەو خەلکە دەسخەڕۆ دەکەنو هەلیان دەخەلەتێننو دەستیان دەبڕن. ئایەتەکە ئەو دەسخەڕۆ کردنو مال خواردنەی

پاڵ زوربەیانی‌دا، بۆ هەموانی نەچەسپاند، چونکە کەمینەیەکیان خۆیان لەو کارە ناشرینە دەپاراست.

نمونەی ماڵ خواردنیان بەناڕەواو بەهەوانتە زۆرو هەمە جۆر بوو، وەکوو: بەرتیل وەرگرتن لەبواری ئەنجامدانی بڕیاری یاسایی‌و شەرعی. سوود خواردن کە لێیان حەرام کرابوو، وەرگرتنی دیاری‌و فۆتۆو ماڵو سامانی ئەو مەوقوفانەی تایبەت کرابوون بەئارامگای پێغەمبەرانو پیاوچاکانی پێشوویان، هەروەها لەسەدەکانی ناوەڕاست دا ئەرثوذکسەکانو کاثۆلیکەکانیان چەکی غوفرانیان دەدا بەخەڵکو بەپارە پێیان دەفرۆشتن، یان لەباتی دوعاو پاڕانەوە لەپەروەردگار بۆ تاوانباران پارەو پوولیان وەردەگرت. یان بەپارە فتوای جۆراو جۆریان دەردەکرد، حەرامیان حەلاڵ دەکردو، حەلاڵیان حەرام دەکرد، ئەمەش بۆ ڕازیکردنی ساماندارو پاشاو سەرۆکو حاکمەکانیان، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەرحەق بەجولەکەکان دەفەرموێ: ﴿**قُلْ: مَنْ أَنْزَلَ ٱلْكِتَابَ ٱلَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَى نوراً وهدىً لِلنَّاسِ، تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ، تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيراً، وَعَلمتُمْ مَالَمْ تَعْلَمُوا أَنْتُمْ وَلَا آبَاؤُكُمْ قُلِ: ٱللَّهُ**﴾**الأنعام/٩١.**

نموونەیەکی تر لەبەرەوازانینی ماڵخواردنی خەڵک بەناڕەوا، ئەوەیە: جوولەکە بەلایانەوە ڕەوایە، ماڵ لەغەیری خۆیان وەدەست بێنن تەنانەت ئەگەر بەرێگای خیانەت دزیش بێ وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وَمِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَابِ مَنْ إِنْ تَأْمَنْهُ بِقِنْطَارٍ يُؤَدِهِ إِلَيْكَ، وَمِنْهُمْ مَنْ إِنْ تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَا يُؤَدِهِ إِلَيْكَ إِلَّا مَادُمْتَ عَلَيْهِ قَائِماً، ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا: لَيْسَ عَلَيْنَا فِي ٱلأُمِيِينَ سَبِيلٌ، وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ، وَهُمْ يَعْلَمُونَ**﴾**آل‌عمران/٧٥.**

ئەمجار پەروەردگار جۆرێکی تر لەخراپەکاری سەرانی جولەکەو مەسیحی دیاری دەکا، ئەویش بریتییە لەوەی کە ﴿**وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ**﴾ خەڵکی لەرێبازی خودا لادەدەنو ناهێڵن کەسانی دیکە موسوڵمان ببن، واتە: ئەوانە وێڕای خواردنی ماڵو سامانی بۆرە پیاوو مسکێنەکان، ناشیان هێڵن موسوڵمان بنو مەنعیان دەکەن لەرێبازی حەقو ڕاست، جا یان پەیامی ئیسلام ڕەتدەکەنەوەو بەدرۆی دەزانن، یان شکو گومان دەخەنە ناو بنەماو

حوكمەكانی ئایینەوە لەبواری عەقیدەو عیبادەتو مامەڵەو ئەحكامەكانی تری شەرعو بیرو باوەڕ دا تاڵو گۆڕ دەكەن، یان تانەو تەشەر لەخودی پێغەمبەر دەدەنو قورئان بەدرۆ دەزانن.

بەكورتی ئەوەی خەڵك هەوڵی بۆ دەدەن لەدونیا دا ماڵو سامانو پلەو پایەی دونیایی یە، مالەو قەشەكان لەهەموو كەس زیاتر هەڵپەی بۆ دەكەنو سوورن لەسەر وەدەست هێنانی. ئەوەتا بەناڕەوا ماڵی خەڵك دەخۆن، مەنعی خەڵك دەكەن لەناسینی خودا، ناهێڵن تادەمیزادەكان بەراستی خودا ناسی بكەن، عیبادەتو بەندایەتی بۆ ئەنجام بدەن، بەتەواوی لێ بڕاون كە خەڵكی لەشوێنكەوتنی پێغەمبەر بگێڕنەوە. بۆ ئەوەی شوێنو پلەو پایەی خۆیان لەدەست نەدەن، مەكسەبە ماددییەكانیان لەكیس نەچن.

ناشرین ترین هەڵوێستیانو گەورەترین تاوانیان ئەوەیە: كە تانەو تەشەر ئاراستەی خودی پێغەمبەر خۆیو قورئانی پیرۆز دەكەن، هەروا لەقوتابخانەكان دا بیرو باوەڕی گەنجو لاوەكانمان تێك دەدەن.! سەرباری ئەو هەموو رەوشتە ناشیرینانەیان بەخیلو چاوچنووكو پیسكەو رەزیلیشن، حەقی خودا لەماڵو سامانی خۆیان دەرناكەن، دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ﴾ ئەوانەی ماڵو سامان كۆدەكەنەوە، پارەو پولو زێڕو زیو سەفتە دەكەنو دەیخەنە قاسەو گەنجینەوە ﴿وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ زەكاتی شەرعی دەرناكەن، لەپێناو ئایین دا ماڵ نابەخشن بۆ بەرژەوەندی گشتیو تایبەتی موسوڵمانان، یارمەتی لێقەوماوان نادەن، جا ئەوانەی كە ئەمە هەڵوێستو رەوشتیانە خاوەن نامەو مالەو قەشە بن، یان مەلاو حاجیو موسوڵمان بن، ئەوە ﴿فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ مژدەیان بدەرێ بەسزای كوشندەو بەئێش لەناو ئاگری دۆزەخ دا. ئەم هەڕەشەیە وەكوو رو دەكاتە خاوەن نامەكانو ئاراستەی مالەو قەشەكان كراوە، لەهەمان كات دا موسوڵمانانیش دەگرێتەوە. واتە: هەر كەسێك زێڕو زیو كۆیكاتەوەو سەریەكی بنێو زەكاتی شەرعیو مافی هەژارانی لێ نەدا بەئاگری دۆزەخ سزا دەدرێو تۆڵەی لێ دەستێندرێ. هەر ماڵو سامانێك زەكاتی شەرعی لێ دەربكرێ،

خاوەنەکەی بەماڵ خەزنکەر حلێب ناکرێ، مالیکو شافیعی لەئیبنو عومەرەوە ریوایەت دەکەن کە فەرموویەتی هەرماڵێک زەکاتی لیّ بدرێ بەخەزنکردن حسێب ناکرێ بالەژێر حەوت تەبەقەی زەویشەوە بێ، هەر ماڵێکیش زەکاتی لیّ نەدرێ ئەوە خزنکردنە با ماڵەکە ئاشکراوە بەدەرەوەش بێ، هەروەها ئیبنو عەدیو خەطیب لەجابیرەوە ریوایەت دەکەن دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (أي مال أديت زكاته فليس بكنز).

ئیبنو ئەبی شەیبەو ئەبو داودو حاکم لەئیبنو عەباسەوە ریوایەت دەکەن، دەڵێ: کە ئایەتی ﴿وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ﴾ هاتە خوارێ، هاوەڵان لەسەرشانیان گران بوو، وتیان: کێ لەئێمە دەتوانێ کە ماڵو سامان بۆ منداڵەکانی پاشەکەوت نەکا؟ حەزرەتی عومەرﷺ فەرمووی: پەلەمەکەن ئێستا بۆتان شی دەکەمەوە. ئیتر بەرەو ماڵی پێغەمبەرﷺ کەوتە رێ، ئەویان شوێنی کەوت، عومەر هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! مانای ئەم ئایەتە زۆر قورسە لەسەرشانی هاوەڵان، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: خودا بۆیە زەکاتی داناوە بۆ ئەوەی ئەو ماڵەی دەمێنێتەوە پاکی بکاتەوە، میراتیشی لەو ماڵە دا داناوە کە لەدواتان بەجێ دەمێنێ، ئیتر حەزرەتی عومەر لەخۆشیان (ئەڵلاهو ئەکبەری کرد) ئەمجار پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەرێ پێتان نەڵێم چ شتێک باشترین پەزمەندەیە؟ باشترین شت کە پیاو بیخاتە گەنجینەی خۆیەوە ئافرەتی صالیحەیە، کە پیاو سەیری بکا دڵی خۆش بکا، کە فەرمانی پێ بکا بەقسەی بکا، ئەگەر لەماڵ نەبوو ناموسی بپارێزێ.

ئەمجار پەروەردگار جۆری سزای سامناکی ئەو سامان خەرنکەرو زەکات نەدەرانە شی دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿يَوۡمَ يُحۡمَىٰ عَلَيۡهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ﴾ ئەی موحەممەد! هەواڵیان بدەرێ بەسزایەکی بەئێشی سامناک کە تووشیان دەبێ لەو رۆژە دا کە ئەو زەکات نەدەرە سوور دەکرێتەوە لەناو ئاگری دۆزەخ دا لەسەر ئەو ماڵو سامانەی کۆی کردۆتەوەو زەکاتی لیّ نەداوە، واتە: ماڵو سامانەکەی دادەنرێو ئاگری گەرمی لەسەر دەکرێتەوە ئەویش وەکوو ئاگرەکەی لیّ دێ.

چۆنییەتی ئەم سوور کردنەوەو، گێڕانی ماڵو سامانەکە بەئاگر، کاروبارێکی قیامەتیەو نهێنیو غەیبە، ئێمە چۆنیەتیو دیاردەکانی نازانین، وا باشە حەواڵەی عیلمی خودای بکەین.

موسلیم لەئەبو هورەیرەوە فەرموودەیەکی بەمەرفووعی ریوایەت کردوە دەفەرموێ: (هەر پیاوێک زەکاتی ماڵو سامانی نەدا، رۆژی قیامەت ئەو ماڵو سامانەی بۆ دەکرێ بەپلێتی ئاگرینو لاتەنیشتو چاوو پشتی پێ داخ دەکرێ). هەر لەئەبو هورەیرەوە فەرموودەیەکی تری گێڕاوەتەوە دەفەرموێ: (کەسێک خودا ماڵو سامانێکی بداتێو زەکاتی لێ نەدا ماڵو سامانەکەی بۆ دەکرێتە نێرە مارێکی کەچەڵ دوو خاڵی رەشی بەپشت دوو چاویەوەیە، رۆژی قیامەت خۆی تێ باهەڵدەدا، هەردوو بناگوێی دەگرێو دەڵێ من ماڵو سامانەکەی تۆم، من گەنجو خەزینەکەتم، ئەمجار ئایەتی ﴿سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾آل‌عمران/ ١٨٠[خوێندەوە]) ماڵو سامانەکەیان بۆ دەکرێتە پلێتی ئاگرو ﴿فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ﴾ روخسارو لاتەنیشتو پشتیان بەو پلێتە ئاگرینانە داخ دەکرێ. کە بەتایبەتی باسی ئەو ئەندامانەی جەستە دەکا: چونکە ئەوان لەدونیادا بەروخسار پێشوازی لەخەڵک دەکەنو نیشانەی کەیف خۆشی‌یەکەیان بەدەمو چاوەوە دیارە، بەروخسار خۆیان گرژ دەکەن کە داوای هەژاران رەتدەکەنەوەو ناتومێدیان دەکەن، کە لەناو نازو نیعمەت دا دەتلێنەوە بەسەر تەنیشتو پشتیان دا تەپاتل دەدەن، لەلایەکی ترەوە داخکردنی دەمو چاو باشتر دیارەو نەنگی ترە، بۆ پشتو لاتەنیشت قەبرغەیان بەئازارترە، ئەمجار لەلایەن فریشتانەوە کە بەرپرسن لەداخکردنیان پێیان دەگوترێ: ﴿هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ﴾ ئەمە ئەو ماڵو سامانەتانە کە بەخەیاڵی خۆتان بۆ سودو قازانجی خۆتان کۆتان کردبووە، ئەوا بوو بەهۆی زیانو سزادانتان. یان دەتوانین بڵێین: ئەو ئامێری داخکردنەتان کە پێی داخ دەکرێن ئەو ماڵو سامانیە کۆتان کردبووەوە بۆ خۆشیو رابواردن!!

بێگومان ئاگری دۆزەخ زۆر لەئاگری دونیا گەرمترە داخکردنەکەش لەداخکردنی دونیا بەئێش ترە، ئەو داخانە بەهەر شوێنێک دابنرێن لەو

دیـوەوە دەرچـێ!! بەراستی قورئـان وێنـەی داخکردنەکـەی سـەرنج راکێـش کێشـاوە، ئەوپـەڕی تـرسو سامناکی تێدا کۆکردۆتـەوە، دەبوایـە بـەبیر لێ کردنەوەو لێ وردبوونەوە چاو بەملۆق بوەستایەو مووی لـەش گـرژ بوونایـەو پێست هەڵقرچایەو خەو لـەچاوان بزڕایـە! (دەی خودایـە بـۆ خـاتری رەحمـەتی بەرفراوانت دڵمان وا لێ بکەی زەکاتی مـاڵو سامانمان دەربکـەین، خودایـە! لەو سزا سـامناکە بمانپـارێزەو لەهـەموو سزایەکی ئـەو رۆژەو ئـاگری دۆزەخ پەنامان بدە... ئامین)

پێویستە سەرنجێکی ورد لەو خاوەن نامانە بدەین بزانـین چییـان بەسـەر هات، بۆچیو چۆن لـەئایینی حـەق لایـان داو گۆڕانکارییـان تێـدا کـرد، بـەڵێ پێویستە باشباش ئەو خاوەن نامانە بناسـینو رەوشـتو ئاکاریـان بەتـەرازووی ئایین کێشانە بکەین، ناسینی ئەمان زۆر لەناسینی بتپەرسـتو موشریکەکان لـەپێش تـرە، چونکـە خـاوەن نامـەکان لافـی ئیمـانداری لێ دەدەنو بـەناوی ئایینەوە قسە دەکەن. ئەگەر بەباشـی دەرنـەخرێنو بەجەماوەر نەناسرێن، زۆر کەسیان پێ هەڵدەخەڵـەتێ، بـەخاوەن بـڕواو ئـایین حلێـب بکرێـن، هەرچـەندە لەراستی دا ئەمانیش هاوبەش پەیداکەرنو هاوەڵ بـۆ خـودا دادەنێـن، هەیانـە دەڵێ عیسا کوڕی خودایە، هەیانە دەڵێ عوزەیر کوڕی خودایە!

هەروەکوو چۆن زۆر کەسی بەتەسکەرە موسوڵمان لافی موسوڵمانێتی لێ دەدەن، بـەناوی ئیسـلامەوە قسـە دەکـەن، بـەڵام لەراسـتی دا ئـەم جـۆرە موسوڵمانانەش وەکوو جولەکـەو مەسیحی‌یەکان لایـانداوە، ئـەمانیش فڕیـان بەسـەر ئیسـلامەوە نـەماوە، زۆر کـەس هەیـە خۆی بەموسـوڵمانی خـالص دادەنێ، بەرواڵەت ئەرکەکانی ئیسلامەتی وەکوو نوێژو رۆژوو حەج جێ بـەجێ دەکا، بەڵام وەعیی ئیسـلامی نیـە، ئـایینو سیاسـەت لێـک جیـا دەکاتـەوە، موسوڵمانیەتی بەشتێکی شەخصی دەزانێو بەس! خـۆ بەموسـوڵمان دەزانـێو لەحیزبێکی دژ بەئیسلام دا کـادرو تێکۆشـەرە، بـیرو بـاوەڕێکی تـری گرتۆتـە ئەستۆی خۆیو بەیاساو قانوونێک رازییە کە دوژمنانی خودا دایانناوە!رازییە! واز لەشەریعەت بێنـێو حوکـم بـەقانوونی فەرەنسـی بکـا، بێدینـان دەیانـەوێ بزوتنەوەیـەکی ئیسـلامی لەناوبـەرنو بەهـەموو جۆرێـک سـوکایەتی

بەموسوڵمانانو قورئان بکەن، گاڵتە بەبیرو باوەڕی خوداپەرستان بکەن، ئەم خۆ بەموسوڵمان زانانە چەپڵەیان بۆ لێ دەدەنو بگرە یارمەتییان دەدەن، کە هیچکە نەبێ بێ دەنگ دەبن!!

بەڵێ: ئەگەر موسوڵمانان ئاوا بێ دەنگ نەبونایە بەرامبەر ئەوانەی قەلاچۆی موسوڵمانان دەکەن، ئەگەر وەعیی ئیسلامی لەدەرونیان دا بخرۆشایەو چاویان لەپێغەمبەرو هاوەڵانی بکردایە کاریان بەم حاڵە نەدەگەییو ئاوا بەراشکاوی نۆکەرانی ماسوونیو صەهیونی جیهانی بەهەموو جۆرێکو لەهەموو ئاقارێک پەلاماری موسوڵمانانیان نەدەداو هەوڵی ریشەکێش کردنیان نەدەدان.

خەلافەتی عوسمانی کە بەناوی ئیسلامەوە حوکمی دەکرد لەئاخرونۆخری دا بەهۆی بێ وەعیی موسوڵمانانەوە وا گەندەڵ بوو، هێند ناموسوڵمان بەناوی موسوڵمانەوە تێیدا بوونە کاربەدەست: ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورە بەهێزەی کە لەوەپێش دونیای هێنابوە عامێلکە، کۆمەڵێکی بەناو موسوڵمانی ناموسوڵمان روخاندیان! ئەتاتورکی کافر لەسەر کەلاکی بێ گیانی خەلافەتی عوسمانیو ئیسلامی رژێمی کوفر ئاسای خۆی دامەزراند، کەچی لەبەر بێ ئاگاییو نەبوونی وەعیی ئیسلامی خەڵکەکە هەستیان بەخەتەری ئەم رژێمە عیلمانیە نەکرد، بەڵکوو دڵیان پێی خۆش بوو، تەنانەت پیاوی ئاییني وا هەبوو زۆر بەراشکاویو شانازییەوە چوونە نێو حیزبی (ئیتحادو تورەقییەوە)! لەریزی ئەو حیزبە شوومە دا کادرو تێکۆشەر بوون!!

تێبینی:

ئایەتەکە گەلێ حوکمی لێ وەردەگیرێن: یەکێ لەو حوکمانە زەکاتی ماڵی نەقدینەیە (**زێڕو زیو**) بەمەرجێ چوار شت دەستەبەر بن تێیدا.

یەکەم: خاوەنەکە کۆیلە نەبێ، دەبێ ئازاد بێ، چونکە کۆیلە ئەهلیەتی ملکایەتی ناقیصە.

دووەم: دەبێ موسوڵمان بێ، چونکە زەکات بۆ پاکبوونەوەی ماڵو سامانە کافر ئەهلیەتی ئەوەی نیە.

سێیەم: دەبێ ساڵی بەسەردا هاتبێتەوە، چونکە پێغەمبەرﷺ لەفەرموودەیەکێ دا کە درەقوطنی لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەتی دەکا فەرموویەتی: (لَيْسَ فِي الْمَالِ زَكَاةٌ حَتَى يَحُولَ عَلَيْهِ الْحَوْلُ) تا ساڵ بەسەر ماڵو سامان دا وەرنەسوڕێتەوە زەکاتی تێناکەوێ.

چوارەم: دەبێ ماڵەکە بگاتە ئەندازەی (نیصاب) ئەو ئەندازەیەی شەرع دایناوە، ئەگەر زێڕ بوو دەبێ بگاتە بیست دیناری ئاڵتون واتە: بیست مثقاڵ ئاڵتون بێ.

ئەگەر زیوبوو دەبێ دووسەد دیرهەم بێ، یان بەهەردوکیان نیصابیان تەواو دەکرد، بەڵگە لەسەر ئەوە کە دەبێ ماڵەکە بگاتە حەد (نیصاب) ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرەکە کە ئەبو داوود لەئیمامی عەلیەوە ریوایەتی کردوە کە فەرموویەتی لەکەمتر لەدووسەد دیرهەم زیو زەکات ناکەوێ، لەکەمتر لەبیست دینار زێڕ زەکات ناکەوێ.

پێکهاتەی ساڵ لەبڕیارو ئەندازەکێشی خودادا، شەڕکردن لەگەڵ هەموو موشریکەکانو حەرامکردنی زیادکردنی مانگ

إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِى كِتَـٰبِ ٱللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ مِنْهَآ أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ ۚ فَلَا تَظْلِمُوا۟ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ ۚ وَقَـٰتِلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَـٰتِلُونَكُمْ كَآفَّةً ۚ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٣٦﴾ إِنَّمَا ٱلنَّسِىٓءُ زِيَادَةٌ فِى ٱلْكُفْرِ ۖ يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُحِلُّونَهُۥ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامًا لِّيُوَاطِـُٔوا۟ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ فَيُحِلُّوا۟ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ ۚ زُيِّنَ لَهُمْ سُوٓءُ أَعْمَـٰلِهِمْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٣٧﴾

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی ژمارە (٣٧) وەکوو ئیبنوو جەریری طەبەری لەئەبو مالیکەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: کافرەکان وا دەبوو سێزدە

مانگیان بەساڵێک حسێب دەکرد، مانگی موحەررەمیان دەکردە مانگی صەفەرو شتی قەدەغەکراویان تێدا حەڵاڵ دەکرد، ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ﴾ نارده خوارێ.

ئەم ئایەتانەی ئێرە وەرگەڕانەوەیە بۆ سەر موشریکەکانو سەرلەنوێ ژماردنی کارە خراپو تاوانەکانیانە. وەکوو ئەوەی کە جولەکەو مەسیحی‌یەکان دەهاتن حوکمو شەریعەتی خودایان دەگۆڕی، ئیتر شوێنەکە گونجاو بوو کە باسی حوکمی شەڕکردن لەگەڵیانو چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیان دا بکرێ. ئەمجار بگەڕێتەوە سەر ئەحکامی موشریکەکان، ئیتر لێکچوونو هەم ئاهەنگی نێوان موشریکەکانو جولەکەو مەسیحی‌یەکان ئاراستە دەکا دەربارەی هۆکاری جەنگان دژیانو دەفەرموێ: ﴿إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْراً فِي كِتَابِ اللهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ﴾ بێگومان هەر لەو رۆژەوە کە خودا ئاسمانەکانو زەوی دروست کردون، پێکهاتەی ساڵو ژمارەی مانگەکانی چوار وەرزی ساڵ لەبڕیارو ئەندازەکێشیو زانیاری پەروەردگار دا کە فەرمانی کردوە بەکار پێکردن پێیان لەیاسای هاتوچۆی مانگ دا چەسپاندویەتی، دوازدە مانگی بێ زیادو کەمن، بەو جۆرەی کە ئەمڕۆ ئولفەتمان پێوە گرتووە. مەبەست بەمانگەکان ئەو ماوەیەیە کە لەروانگەی بینینی مانگەوە هەموو کۆتایی بیستو نۆ رۆژ یان سی رۆژ دەستەبەر دەبێ. ﴿مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ﴾ چوار مانگ لەم دوازدە مانگە مانگی رێزدارو تایبەتینو شەڕو ئاژاوەیان تێدا قەدەغە کراوە، سێ مانگیان بەریز بەشوێن یەکەوەن (ذولقعدة، ذولحجة، المحرم)ن مانگێکیان بەتاکەوەیە ئەویش مانگی رەجەبە. ﴿ذلك الدين القيم﴾ ئەوەی باسکرا، هەر ئەوەیە ئایینی راستو دروستو ئایینی ئیبراهیمو ئیسماعیلیش بەو شێوە هاتووە. کەوابێ ﴿فَلَا تَظْلِمُوا فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ﴾ لەو چوار مانگە دا ستەم لەخۆتان مەکەن، ئەچن رێزی ئەم مانگە رێزدارانە بشکێنن، شتی قەدەغە کراویان تێدا ئەنجام مەدەن. خودا بۆ خۆی کەونی بەدیهێناوەو خۆیشی یاسای هەڵسوڕانو بەردەوامبوونی لەسەر ئەو شێوە هەڵسوڕانە دارشتوە.

بەراستی ئەم دەقە قورئانییە ئەندازەی ڕۆژگار پێوانە دەکا، ئەندازەی هەڵسوڕانو سروشتی بونەوەر دەست نیشان دەکا. کە خودا لەسەر ئەو سروشتە بوونەوەری پێکێ هێناوەو دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئاسمانەکانو زەوی. ئاماژە بەوە دەکا کە هەڵسوڕانی بوونەوەر هەڵسوڕانێکی نەگۆڕاوەو پاشو پێش ناکا، هەموو ساڵێک ئەم دەورە زەمەنییە دووبارە دەبێتەوە، ئەم دەورە زەمەنییە کە پێی دەگوترێ: ساڵ دابەش بووە بەسەر دوازدە مانگ دا، هیچ ساڵێک لەساڵێکی تر زیادو کەمتر نیە، ئەمە لەیاسای خودادا چەسپاوەو پەروەردگار نیظامی بوونەوەری ئاوا داناوەو هیچ زیادو کەمی بەسەر دانایە چونکە بەگوێرەی یاسایەکی نەگۆڕ هاتۆتە کایەوە، ئەو یاسا کەونییەی کە خودا لەو ڕۆژەوە بونەوەری بەدیهێناوەو ڕێکی خستووە ئەم شێوەی بۆ دیاری کردوە.

ئەمجار پەروەردگار حوکمی شەڕ کردن لەدژی موشریکەکان بەشێوەیەکی گشتی دەست نیشان دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَقَاتِلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً﴾ بەکۆمەڵو بەتێکڕا شەڕ بکەن دژی موشریکەکان، وەکوو چۆن ئەوان بەکۆمەڵو هەم ئاهەنگی شەڕتان لەگەڵ دەکەن، ئێوە دژی هەموانیان بجەنگنو کەسیان لێ مەبوێرن، دەس لەهیچ خێڵو تاقمێکیان مەپارێزن، وەکوو چۆن ئەوان دژی هەموانتان شەڕ دەکەنو کەستان لێ نابورێرن، لەراستی دا جەنگەکە لەنێوان موشریکانو خواپەرستانە، لەنێوان کوفرو ئیمان دایە، شەڕی هیدایەتە دژی گومڕایی، شەڕی دوو موعەسکەری لێک جیاوازن، ئاگونجێ بەئاشتی هەڵکەنو ئاشتی بکەوێتە نێوانیان، چونکە کێشەکەیان کێشەی سەرسەرەکیو جوزئی نیە، نیزاعیان لەسەر بەرژەوەندییەکی دونیایی یان سنوورێکی خاکو ئاو نیە، شەڕی رامیاریو رەگەزایەتیو نیشتمانی نیە، بەڵکوو شەڕی بیروباوەڕە، شەڕی پەیڕەوو پرۆگرامێکە کە لەو بیرو باوەڕە سەرچاوە دەگرێ، شەڕی ئایینە دژی دژ بەئایینان، ڕێککەوتننامەو وتووێژو دانوسان چاری ناکا، هیچ چارێک نیە جگە لەجیهادو تێکۆشان؛ جیهادی تەواوو سەرتاسەری، شەڕی مانو نەمان، ئەمە دابو نەریتی خودایە، کە گۆڕانی بەسەردانایە، قانوونێکی ئەوتۆیە

ئاسمانو زەوی لەسەر دامەزراون، بیرو باوەڕو ئایین لەو قانوونە خوداییە سەرچاوەیان گرتووە. ئەمجار موسوڵمانان دڵنیا دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ بزانن یارمەتی خودا بۆ ئەوانەیە: کە خۆ لەسنوو بەزێنێ دەپارێزن، خۆیان دەپارێزن لەوەی کە حەرام حەڵاڵ بکەن یان حەڵاڵ حەرام بکەن، یان قانوونی خودا تەحریف بکەن، هەرگیز لەجیهاد کردن پاڵ نادەنەوە، ترسان لەجەنگان دژی موشریکەکان نیە، سەرکەوتن بۆ ئەوانە، چونکە خودایان لەگەڵە، کەسێکیش خودای لەگەڵ بێ هەر ئەو سەرکەوتووە!!

ئەمجار پەروەردگار هۆکاری ئەم شەڕکردنە دژی موشریکان رون دەکاتەوە، دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِ﴾ بێگومان دواخستنی ڕێزو حورمەتی مانگێکی ڕێزدار بۆ مانگێکی تر کە ئەو ڕێزەی نەبێ، هەڵگێڕانەوەی حەرامو حەڵاڵەو زیاد کردنی کوفرو بێدینی ترەو دەیخەنە پاڵ کوفرو شیرکی پێشوویان کە بتپەرستیە، گۆڕانکارییە لەئایینی ئیبراهیمو بیرو بۆچوونێکی خراپە، چونکە کافرو بێدین هەرکاتێ تاوانێک زیاد بکا مانای وایە کوفر زیاد دەکا.

رونکردنەوەی ئەم مەوزوعە بەم جۆرەیە؛ عەرەبەکان قەدەغەبوونی شەڕ لەمانگەکانی (اشهر الحرم) دا بەمیرات لەحەزرەتی ئیبراهیمو ئیسماعیل بۆ مابووەوە، پارێزگاری ئەم یاساو دابو نەریتەیان تێک نەدابوو، بۆ ئەوەی هەموو ساڵێ بتوانن حەج بکەن، جا کە ڕۆژگارێکی زۆر بەسەر ئەم دابو نەریتە دا تێپەڕی، گۆڕانکارییان لەمەناسیکو مانگە قەدەغە کراوو ڕێزدارەکان دا کرد، بەتایبەتی لەمانگی موحەڕڕەم دا، چونکە بەلایانەوە ناخۆش بوو لەسەر شانیان گران بوو، سێ مانگ لەسەریەک واز لەشەڕ کردنو پەلاماردان بێنن، لەبەر ئەوە هاتن مانگی موحەڕڕەمیان کرد بەمانگێکی ئاساییو ڕێزدارییان لێ ساندەوەو ڕێزو قەدرەکەیان دا بەمانگی صەفەر بۆ ئەوەی (اشهر الحرام) لەچوار مانگەکە کەم نەکەن، ئەم کارەشیان پێچەوانەی دەقی قورئانو حیکمەتی دانانی یاسای (اشهر الحرام) بوو.

ئەم موشریکانە کـە ئـەم گۆڕانکارییانـە لەمانگـە ڕێزدارەکـان دا دەکـەن ﴿يُضَلُّ به الذين كفروا﴾ ئەوانەی کافرن زیـاد لەکوفرەکـەیان پـێی گومـڕا دەبن. واتـە: زیـاد لـەکوفری پێشوویان گومـڕاش دەبـن. ئەمـە ئەگـەر وشـەی (يُضَلّ) بەشێوەی (مبـني للمجهول) بخوێندرێتـەوە. ئەگـەر بەشـێوەی (مبني للمعلوم) بخوێندرێتەوە ماناکەی بەم جۆرە دەبێ، خودا ئەو کافرانـە گومڕا دەکا، بەم جۆرە ﴿يُحِلُّونَهُ عَاماً وَيُحَرِّمُونَهُ عَامـاً﴾ مـانگێکی تایبـەتی ساڵێک دەیکەنە مانگی ڕێزدارو ساڵێکی تر نایکەنە ڕێزدار.

﴿لِيُوَاطِئُوا عِدَّةَ مَـا حَـرَّمَ اللهُ﴾ بـۆ ئـەوەی ژمـارەی مانگـە شـەڕتێدا قەدەغە کراوەکـان لـەژمارە دا کـەم نەکـەن واتـە: لەسـاڵێک دا چـوار مـانگ شەڕیان تێدا قەدەغەبێ.

﴿فَيُحِلُّوا مَا حَرَّمَ اللهُ﴾ ئـەم شێوە گۆڕانکـاریو گواستنەوەی ڕێـز لـەم مانگ بۆ ئەو مانگ لەگەڵ هێشتنەوەی ژمارەی مانگە ڕێزدارەکان، بـۆ ئـەوە وا دەکەن ئەو شتانەی خودا حەرامی کردوە ئەوان حەڵاڵی بکەن.

﴿زُيِّنَ لَهُـمْ سُوءُ أَعْمَـالِهِمْ﴾ کـردەوە خراپـەکانیان لـەپێش چـاو جـوان کراوە، شەیتان لەخشتەی بردونو کـردەوەی خراپیـان لـەلا جـوان بـووە، پێیـان وایە: بیرو باوەڕی پووچو بەتاڵیان ئایینی راستو دروستە.

﴿وَاللهُ لاَيَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ﴾ پـەروەردگار گـەلو نەتـەوەی کـافرو گومڕا هیدایەت ناداو شـارەزایان ناکـا بـۆ ڕێبـازی ڕاست. ئەوانـەی بۆخۆیـان ڕێبازی گومڕایـی هـەڵدەبژێرن، خـودا هیدایـەتیان نـادا بـۆ ڕێگـای حیکمـەت ئامێزو خێرو چاکەو پابەند بوون بەئەحکامی شەرعی خوداوە، بەڵکو ریسوایان دەکاو رەحمیان پێ ناکا، چونکە بەگوێرەی دەقی قورئـان شـارەزایی کـردن بـۆ ڕێبـازی خۆشـبەختی دونیـاو قیامـەت رەنگدانـەوەی بـیرو بـاوەڕی راسـتو کردەوەی چاکو پەسـندە ئـەوەتا لەئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُمْ بِإِيمَانِهِمْ﴾يونس/٩.

ئەو کافرانە بەئارەزۆی خۆیان ئـەحکامی خودایـان دەگـۆڕی، ئـەو شـتەی خودا لـێی حەرام کردبوون حەڵاڵیان دەکرد، شتێک کە خـودا حـەڵاڵی کردبـوو

ئەوان حەرامیان دەکرد، بەم جۆرە دەهاتن تەلاعوبیان لەمانگەکانی ساڵ دا دەکرد، هەوڵیان دەدا ساڵی مانگی (**السنة القمرية**) وا لیٚ بکەن یەکسان بیٚ لەگەڵ ساڵی خۆریی دا دەهاتن ئاڵو گۆڕیان لەمانگەکان دا دەکرد، ڕێزو حورمەتی مانگەکانی مەشهوور بە (**أشهر الحرام**) دەگواستەوە، بەم جۆرە مانگی (**ذولقعدة**) یان دەبرد شوێنی (**ذولحجة**)و (**ذولحجة**)یان دەبردە شوێنی (**محرم**)و (**محرم**)یان دەبردە جێگەی (**صفر**)و مانگی (**رجب**)یان دەخستە شوێنی (**شعبان**) بۆ نموونە مانگی (**محرم**) کە شەڕی تێدا قەدەغەبوو ئەوان ئەم قەدەغە بوونەیان دەدا بەمانگی (**صفر**)و لەخودی مانگی (**محرم**)دا شەڕیان تێدا حەلاڵ دەکرد، بەگوێرەی قازانجو بەرژەوەندی خۆیان، بەرواڵەت پابەندی چوار مانگە قەدەغەکراوەکان دەبوون، بەناو پێیان دەگوتن: حەرامو لەراستی دا لەو چوار مانگە خاوەن ڕێزو حورمەتە نەبوون کە خودا داینابوون!! دەی بابزانین ساڵی خۆری چیەو ساڵی مانگی چیە؟!

هەر لەو کاتەوە خودا ئاسمانەکانو زەویو خۆرو مانگو ئەستێرەو شەوو ڕۆژی داناوە، بەهۆی هاتوچۆی مانگو خۆرەوە. ساڵی مانگیو ساڵی خۆری داناوە، بەم جۆرە ساڵی مانگی وا داناوە دوازدە جار مانگ تازە ببێتەوەو خولی خۆی تەواو بکا، ساڵی خۆریش وا داناوە کە لەهەر خاڵێکەوە خۆر هەڵبیٚ بڕواو بێتەوە بۆ ئەو خاڵەی کە سەرەتا لیٚی هەڵهاتووە، ئیتر بەگوێرەی ئەم یاسایە ساڵی مانگی بریتییە لەسێ سەدو پەنجاو پێنج ڕۆژ، ساڵی خۆری بریتییە لەسێ سەدو شەصتو پێنج ڕۆژو چواریەکی ڕۆژێک.

جا لەبەر ئەوەی کە مانگ زوزو تازە دەبێتەوەو شێوە گۆڕانەکەی لەبەرچاوە، هەموو کەس خوێندەوارو نەخوێندەوار دەتوانیٚ حیسابی خۆی پیٚ بکا. بۆیە حیسابی مامەڵەو ڕێو ڕەسمی ئایین بەگوێرەی ساڵی مانگی ڕێک خراوە، بەتایبەتی کە لەئایینی حەزرەتی ئیبراهیمو حەزرەتی ئیسماعیل دا زۆر بایەخ بەمانگەکانی (**أشهر الحرام**) دراوە لەهەر دوازدە مانگ دا چوار مانگیان بەمانگی ڕێزو قەدر داناوە، شەڕو ئاشوبیان تێدا حەرام کردوون. ئەو چوار مانگە سێیانیان بەسەریەکەوەن (**ذوالقعدة، ذوالحجة، محرم**) مانگێکیشیان بەتەنیایە، کە مانگی (**رجب**)ە.

جا چونکە مانگی (**ذوالحجة**)و رەفیقەکانی بەگوێرەی حیسابی ساڵی مانگی دەگۆڕێن، جاری وا دەبێ دەکەونە بەهارو جاری وا دەبێ دەکەونە زستان یان هاوین یان پایزەوە، بەم جۆرە کاتەکانی حەجکردن دەگۆڕان بەرژەوەندی عەرەبەکان لەبازرگانیو عیبادەتکردن دا بەئارەزۆی ئەوان نەدەبوو، ساڵ وا دەبوو حەج دەکەوتە وەرزێکەوە بۆ بازرگانی ئەوان زیانی دەبوو نەگونجاو بوو.. هاتن دەستدرێژییان کردە سەر ئەم یاسا خوداییەی کە لەئایینی ئیبراهیم دا دامەزرابوو گۆڕییان، رێو رەسمی مانگە شەڕ تێدا قەدەغە کراوەکانیان خستە سەر حیسابی ساڵی خۆریی(**السنة الشمسية**).
جا لەبەر ئەوە کە ساڵی خۆریی وەکوو ئاماژەمان پێ کرد دە رۆژو چواریەکی رۆژێکی لەساڵی مانگی زیاترە، هەر بەسێ ساڵ جارێک مانگێکیان زیاد دەکردو ساڵی مانگییان دەکردە سێزدە مانگ. بۆ ئەوەی کاتی حەج لەوەرزێکدا بێ لەگەڵ بەرژەوەندی بازرگانییان دا بگونجێ. پەروەردگار ئەم جۆرە گۆڕانکاریو دەست لێدانەی ساڵو مانگەکانی ساڵی بە (**نسيء**) ناو بردووە.

موجاهید ﷺ دەڵێ: عەرەبەکان باویان وابوو: پیاوێکی هۆزی کەنانە هەموو ساڵێ لەمەوسیمی حەج دا بەسواری گوێدرێژێ دەهات دەیگوت: خەڵکینە! من رەخنە ناگرمو نائومێدیش نیم، هەرچی دەیڵێم: رەتبوونەوەی نیە، ئێمە ئەمساڵ بڕیارمان دا مانگی موحەرەم مانگی قەدەغە کراو بێ. مانگی صەفەرمان دواخست، ساڵی داهاتوو دەهات دەیگوت: ئەمساڵ مانگی صەفەرمان قەدەغە کردو مانگی (**محرم**)مان دواخست. ئەمەیان بۆیە دەکرد ﴿لِيُوَاطِئُوا عِدَّةَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ﴾ بۆ ئەوەی لەگەڵ ژمارەی ئەو مانگانەی خودا قەدەغەی کردبوون یەک بگرنەوە.

عەبدوررەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێ: ئەو پیاوەی هەموو ساڵێ دەهات ناوی (**القلمس**) بوو لەرۆژگاری پێش ئیسلام دەژیا. دابو نەرێتی کافرەکان وابوو: لەمانگەکانی (**أشهر الحرام**) دا پەلاماری یەکتریان نەدەدا، پیاو هەبوو باوە کوشتەی خۆی بەردەست دەکەوت دەستی بۆ نەدەبرد گوێی نەدەدایە.

هەڵنانی موسوڵمانان بۆ جیهادو هەڕەشەکردن لەوازهێنان لێی موعجیزەی ئەشکەوتی حیرا

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلْتُمْ إِلَى ٱلْأَرْضِ ۚ أَرَضِيتُم بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا مِنَ ٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ فَمَا مَتَـٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْـًٔا ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَـٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلسُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِىَ ٱلْعُلْيَا ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٠﴾

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (٣٨) ئیبنوجەریر لەموجاهیدەوە دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێ: کاتێک فەرمان بەموسوڵمانان کرا کە بچن بۆ غەزای تەبوک وەرزەکە هاوین بوو، میوەجات پێگەیشتبوو، سێبەر خۆش بوون، موسوڵمانان ئەم چون بۆ غەزایەیان لەسەرشان گران بوو، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ.

دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (٣٩) ئیبنو ئەبی حاتەم لەنەجدەی کوڕی نوفەیع دەگێڕێتەوە دەڵێ: دەربارەی ئەم ئایەتە پرسیارم لەئیبنو عەبباس کرد، ئەویش فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ هەندێ لەخێڵە عەرەبەکانی هەڵدان بۆ غەزا، ئەوانیش لەسەرشانیان قورس بوو تۆزێک قنگ گرانییان

کرد، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ ﴿إِلَّا تَنفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ ماوەیەک بارانی لێ گرتنەوە، ئەوە سزای ئەو قنگ گرانیەیان بوو.

بەکورتیو پوختی خیلاف لەناو زانایەن دا نیە لەوە دا کە ئەم ئایەتانە بۆ سەر کۆنەکردنی ئەوانە هاتونە خوارێ کە لەچون بۆ غەزای تەبووک ساڵی نۆیەمی کۆچی لەخزمەت پێغەمبەر داﷺ دواکەوتنو ئامادەی ئەم غەزایە نەبوون.

راڤەکەرانی قورئان دەڵێن: هۆی ئەم خۆپاشدانو قنگ گرانیەی خەڵکەکە لەچون بۆ غەزای تەبووکو شەڕکردن لەگەڵ رۆمەکان چەند شتێک بوو:

١- کاتەکە هاوین بوو، قاتو قڕی بوو.

٢- دووری ئەو شوێنەی بۆی دەچوون لەمەدینە، هەروەها دابین نەکردنی زوربەی پێویستی‌یەکانی کە بەخەیاڵی خۆیان پێویست بوون.

٣- میوە پێگەییشتبوو لەمەدینەو دەوروبەری.

٤- گەرمای بەتین لەو کاتەدا.

٥- ترسان لەسوپای رۆم.

لەوەپێش پەروەردگار هۆکاری شەڕکردنی موسوڵمانان دژی موشریکی جولەکەو مەسیحی باس فەرموو: سوودو قازانجی شەڕ لەگەڵ کردنیانی دیاری کردو فەرمووی: ﴿يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنصُرْكُمْ عَلَيْهِ﴾.... ئەمجار لێرەدا باسی ئەو هۆکارانە دەکا کە شەڕکردن لەگەڵ رۆمەکان لەغەزای تەبووک دا بەپێویست دادەنێن!.

تەبووک شوێنێکە کەوتۆتە نێوە رێگای رێگای نێوان مەدینەو دیمەشق، تەبووک (٦٩٠) کیلومەتر لەمەدینە دوورەو (٦٩٣) کیلومەتریش لەدیمەشق دوورە.

ئەم غەزایە لەمانگی رەجەبی ساڵی نۆیەمی کۆچی پاش گەڕانەوەی پێغەمبەرﷺ لەغەزای حونەینو طائیف روی دا.

ئەم ئایەتانەش ئەو کاتە هاتنە خوارێ کە پێغەمبەرﷺ بانگەوازی خەڵکی کرد بۆ خۆئامادەکردن بۆ غەزای تەبووک، وەکوو ئاماژەمان پێ کرد،

ئەو کاتەش موسوڵمانان لەقاتو قڕیو تەنگو چەڵەمەو گەرمای بەتین دا بوون، ئازوخەو تفاقو دانەوێڵە نەبوو، کاتی ئەوە بوو خەڵکێ دابنیشێو چاوەڕوانی پێگەیشتنی میوە بکا، خورماگەنان بوو، نزیکی ئەوە هاتبوو خورما بچنو میوە بڕنن، بۆیە موسوڵمانان ئەم چوون بۆ غەزایەیان لەسەر شان گران بوو، ئیتر پەروەردگار ئەوە رون دەکاتەوە :کە نابێ خۆشبەختی دونیاو قیامەتو خێرو بێری نەبڕاوە، بۆ خۆشی دونیا فەرامۆش بکەن، کەسێک ئەوە بکا نەفامو نەزانە.

سورەتی تەوبە لێرە بەولاوە تا ئاخری سورەتەکە جگە لەدوو ئایەتی کۆتایی دەربارەی غەزای تەبووک دەدوێ، باسی ئەو رووداوانە دەکا کە هاوکات لەگەڵ رۆژانی بەرپابوونی غەزاکە هاتنە کایەوە، پەردە لەسەر دووڕووەکانو بڕوا لاوازەکان لادەدەن، دڵو دەروونی موسوڵمانان پاڵفتە دەکەن، لەهۆکاری دووبەرەکیو دژایەتی.. دووریان دەخەنەوە. ناو بەناویش بڕێ ئەحکامو پەندو ئامۆژگاری تێهەڵکێش دەکا، ئەمەش شێوازێکی تایبەتی قورئانە!!

جاوەکوو مێژوو نووسانو شارەزایانی سیرە نووسیویانە هۆی بەرپابوونی ئەم جەنگە دژوارە ئەوەبوو رۆمەکانو هۆزە عەرەبە مەسیحییەکانو هی تریش خۆیان کۆکردبوەوەو سوپایەکی گەورەیان بەفەرماندەی (قوباز) پێکەوەنابوو بۆ ئەوەی هێرش بێننە سەر مەدینە، ژمارەی سەربازە ئامادە کراوەکان چل هەزار نەفەربوون.

پێغەمبەرﷺ خەڵکی هەڵنا بۆ ئامادەباشی بەماڵو بەگیانو چوونە دەرەوە بۆ شەڕ کردن لەگەڵیان. لەو سەروبەندەدا حەزرەتی عوسمان کاروانێکی ئامادە کردبوو بینێرێ بۆ شام بۆ بازرگانیکردن، لەو کاتەدا هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەوە دووسەد وشترە بەهەموو بارو بارگەنەوە ئەوەش دووسەد ئۆقیە زیو سەرفیان بکە بۆ رێکخستنی ئەم سوپایە. پێغەمبەرﷺ فەرمووی: **(ماضر عثمان مافعل بعد اليوم)** لەم رۆ بەولاوە هیچ شتێک زیان بەعوسمان ناگەیەنێ.

جاکە پێغەمبەرﷺ بەلەشکرێکی سێ هەزار کەسییەوە گەییشتە تەبووک، پێش گەییشتنی رۆمەکان پێیان زانینو زانیان کە سوپای ئیسلام

زۆرو بەدەسەلاتە، لەوەپێشیش لەغەزای مۆتەدا بەچەترسێن کرابوون. لەبەر ئەوە وایان بەباش زانیبوو کە بلاوەی لی بکەنو لەناو ولاتەکەی خۆیان دا خۆ بشارنەوە نەوەکێ بەدەست سوپای ئیسلام لەناو بچن. پێغەمبەریش کەوای زانی نەیویست بچێتە ناو ولاتەکەیانەوەو بۆیان بگەرێ، بەڵکو بیست رۆژ لەتەبوک دا بەو لەشکرە زۆرەوە مایەوە، نوێژی کورت کراوەیان تێدا کرد، پاشان گەرایەوە بۆ مەدینە. جا هەرچەندە سوپای ئیسلام لەم غەزایەدا توشی جەنگ نەبوو، بەلام کاریگەرییکی مەعنەوی گەورەی لەسەر عەرەبو رۆمەکان هەبوو، چی لەکاریگەریی فەتحی مەککە کەمتر نەبوو، لەلایەکەوە روبەرو بوونەوە بوو لەگەل گەورەترین هێزی ئەو رۆژگارە ترسێکی گەورەشی خستە دلی دوژمنانی ئیسلامەوە، پاش ئەوەی کە عەرەبەکان دەترسان رۆمەکان لەمالی خۆیان دا قەلاچۆیان بکەن. بەچاوی خۆیان دیتییان سوپای ئیسلام چۆن رۆمەکانی جوجکێ ترسێن کردن.

بێگومان هەر ئەم غەزایەش بوو کە رێی بۆ موسولمانان خۆش کرد: کە لەوەدوا لەسەردەمی خەلیفەی یەکەم ئەبو بەکرو خەلیفەی دووەم عومەردا ﷺ ولاتی شام رزگار بکەن.

دەی با ئەمجار بچینە سەر مەبەستو دەست بکەین بەتەفسیری ئایەتەکانو دەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَالَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمْ: انْفِرُوا فِي سَبِيلِ اللهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الأَرْضِ؟﴾ ئەی ئەو کەسانەی برواتان بەخوداو پێغەمبەری خودا هێناوە، ئەوە چیتانە؟ بۆ کە پێتان دەگوترێ: بەگشتی خۆتان ئامادە بکەنو برۆن بۆ شەر دژی رۆمەکان کە خۆیان ئامادە کردوە بۆ پەلاماردانی شاری مەدینەو ولاتی موسولمانانو لەناوبردنتان کەچی ئێوە بەزەوییەوە نووساونو جولەتان نیەو هیچ دیاردەیەکی بەپیرەوە چوونی بانگەوازییەکەی پێغەمبەرتان پێوە دیار نیە، تەمبەڵو تەوەزەل پالتان لی داوەتەوە، چاوتان لەرابواردنو میوە خواردنو لەسێبەر دانیشتنە؟؟ چ شتێک بوەتە کۆسپو تەگەرە لەبەردەمتان دا بەو جۆرە قەلبتان داهێزاوەو سەری خۆتان کز کردوە (شانتان کردوە کۆمەو لەخۆتان گرتووە لۆمە) وا وەگری

پاڵدانەوە بوون تەنانەت بەنوێڵیش راست نابنەوە؟! چیە؟ بۆ ئەوەندە جەستەی خۆتان خۆش دەوێ، بۆ ئەوەندە خۆپەرستو بێ هەستو دونیا خۆشەویستن؟

بێگومان راپەرینو راسان بۆ جیهاد لەرێگەی خودادا خۆرزگار کردنە لەکۆتو زنجیری زەویو خۆپارێزییە لەتەمبەڵیو گۆشتو خوێن پەرستی، ئەنجامدانی مانای بەرزییە لەئادەمیزاددا، چاوەڕوانکردنی هەمیشە زیندوییو خۆرزگارکردنە لەفەوتان!! ﴿أَرَضِيتُم بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الْآخِرَةِ﴾ ئایا ئێوە رازی دەبن بەرابواردنی ژیانی دونیا لەجیاتی خۆشبەختی ژیانی قیامەتو لەززەتو خۆشیەکانی؟؟ ئەگەر ئەوە بکەنو بەوە رازی بن ئەوە مانای وایە وازتان لەخێرو خۆشی نەبڕاوە هێناوە لەپێناو وەدەست هێنانی شتێکی کەمو پڕوپووچ ﴿فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ﴾ ئەو ژیانەی دونیاتان کە زۆریەی غەمو خەفەتە، ئەگەر بەرامبەری بەخۆشیو لەززەتی ژیانی نەبڕاوەی قیامەت بکرێ جگە لەشتێکی کەمو بێ نرخ هیچی ترنیەو ناشێ بکرێ بەبارەهای ئەو ژیانە خۆشەی قیامەت.

هەرخاوەن بڕوایەک خۆیپارێزێ لەچون بۆ جیهادو تێکۆشان لەپێناو ئایینی خودادا نیشانەی ئەوەیە: بیرو باوەڕی ساغ نیە، ئیمانی سستەو داینەمۆی باوەڕی لەکار کەوتووە، یان خەلەلی تێدایە. بۆیە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: (مَنْ مَاتَ وَلَمْ يَغْزُ وَلَمْ يُحَدِّثْ نَفْسَهُ بِغَزْوٍ، مَاتَ عَلَى شُعْبَةٍ مِنْ شُعَبِ النِّفَاقِ).

نیفاق واتە: دووڕوویی، دووڕوویش رەنگدانەوەی خەلەلێکی بیرو باوەڕەو نیشانەی ناکاملیو ناساغی ئیمانە، وا لەخاوەنەکەی دەکا: لەترسی مردن، یان هەژاری خۆ لەجیهاد بدزێتەوە، بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەجەل بەدەست خودایەو رزقو رۆژیی لای خودایە، ژیانی دونیا لەچاو ژیانی قیامەتو خۆشیو لەززەتی نەبڕاوەی دا شتێکی زۆر کەمو بێ نرخە، نابێ ئەو بەهرەو خۆشییە نەبڕاوە بەهۆی ئەو ژیانە کەمەی دونیاوە لەکیس خۆی بدا. ئەمجار هەڕەشە لەوانە دەکا: کە خۆ لەجیهاد دەدزنەوەو خیطابیان ئاراستە دەکاو دەفەرموێ: ﴿إِلَّا تَنفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ﴾ ئەگەر لەگەڵ

پێغەمبەر دەرنەچن بۆ جیهادو بەپیر بانگەوازییەکەیەوە نەچن ئەوە خودا لەدونیا دا سزای بەئێشتان پێ دەگەیەنێ وەکوو ئەوە گرتن‌و قاتو قڕی بخاتە ناوتانەوە، دوژمن بەسەرتان دا زاڵ ببێ، بەهیلاکتان بەرێ، لەپاش فەوتاندنی ئێوە، لەباتی ئێوە کۆمەڵێکی راستاڵ دێنێتە پێشەوە گەلو نەتەوەیەکی تر بێنێتە شوێنی ئێوە بۆ ئەوەی یارمەتی پێغەمبەری خودا بدەن‌و پابەندی فەرمان‌و جڵەوگیری ئایینەکەی بن. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمـاً غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَايَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ﴾محمد/٢٨.

خیطابی ئایەتەکە هەرچەندە بۆ کۆمەڵێکی تایبەتییەو لەمەوقیفێکی تایبەتی دایە، بەڵام لەراستی دا مەعناکەی گشتی‌و بەرفراوانە، هەموو خاوەن بیرو باوەڕێکی خودا پەرست دەگرێتەوە. ئەو سزایەی لەئایەتەکەدا هەڕەشەی پێ دەکرێ تەنها سزای قیامەتی نیە بەس! بەڵکو سزای دونیاییشە، سزای زەلیلی‌و ژێر دەستەیی‌یە کە تووشی ئەوانە دەبێ خۆ لەجیهاد دەشارنەوە، سزای زاڵبوونی دوژمنە بەسەریان دا، بێبەشبوونیانە لەخێرو بێری وڵاتو داگیرکردنیەتی لەلایەن دوژمنانەوە، سەرەڕای ئەوەش ماڵو گیانیان زۆر زیاتر لەکیس دەچێ لەوەی کە لەجیهادو تێکۆشان لەپێناو ئایین دا لەکیسیان دەچو، کەرامەتو پیاوەتییان زۆر زیاتر دەفەوتێ لەوەی کە لەجیهاد دا دەوفەوتا! هەر گەلو نەتەوەیەک واز لەجیهاد بێنێ خودا مۆری زەلیلی‌و ژێر دەستەیی لەناوچاوانیان دەداو زەلیل‌و دەسەپاچەی دوژمن دەبن. ئەگەر جیهاد بکەن زۆر لەوەیان کەمتر لەکیس دەچێ.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا داوای لەهۆزێکی عەرەب کرد بچن بۆ غەزا ئەوانیش قونگ گرانییان نیشان دا، ئیتر خودا بارانی لێ گرتنەوە ئەوە سزاکەیان بوو.

﴿وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْئاً﴾ ئێوە ئەگەر لەجیهاد کردن خۆبدزنەوەو تەمبەڵو تەوەزەلی بنوێنن ئەوە زیان بەخودا ناگەیەنن، چونکە خودا باڵادەستە بەسەر هەموو بەندەکانی دا.

هەندێک دەڵێن: راناو (تضروه) دا بۆ پێغەمبەر دەگەڕێتەوە. واتە: ئێوە ناتوانن زیان بەپێغەمبەر بگەیەنن، چونکە وادەی داوەتێ: کە بیپارێزێ

لەدەستی چەپەڵ، وە کۆمەگی پێ بکاو بەسەر دوژمنانی دا سەری بخا، وادەو بەڵێنی خودا دێتە جێو شکو گومانی تێدا نیە، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿انك لاتخلف الميعاد﴾آل‌عمران/١٩٤، یان دەفەرموێ: ﴿ولن يخلف الله وعده﴾الحج/٤٧. هەرگیز خودا وادە بەخیلاف نیە. ﴿وا لله على كل شيء قدير﴾ پەروەردگار بەبێ ئەوەی ئێوە کۆمەگی پێ بکەن دەتوانێ بەسەر دوژمنانی دا زاڵ ببێ!!

ئەمجار پەروەردگار نموونەیەک لەئەمری واقیعو روداوێکی مێژوویی دێنێتەوە: کە بۆخۆیان دەیزانن‌و لەیادیان ماوە چۆن خودا یارمەتی پێغەمبەری خۆی دا، بەبێ هۆکاری ئەوان پێغەمبەری لەتەنگو چەڵەمە رزگار کرد، یارمەتی‌و سەرکەوتن بەدەست خودایەو کێی بوێ دەیدا بەو کەسەو دەفەرموێ: ﴿اِلاّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ا للهُ﴾ ئەگەر ئێوە یارمەتی پێغەمبەری خودا نەدەن‌و لەگەڵی دا نەچن بۆ جیهاد، ئەوە خودا کۆمەگی پێ دەکاو یارمەتدەری دەبێ، کەسێکیش خودا یارمەتدەری بێ بەسیەتی‌و حەوێجەی بەکەسی ترنیە. خودا یارمەتی دەدا وەکوو چۆن ساڵی کۆچ یارمەتی دا ﴿اِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ کاتێک کافرەکان تەنگیان پێ هەڵچنی‌و پیلانیان بۆ دادەرشتن بەکوشتن، بەبەندکردن، بەدەرکردن. وەکوو لەشوێنێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَاِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ﴾الأنفال/٣٠.

پێغەمبەرﷺ بەفەرمانی خودا کۆچی کرد لەگەڵ هاوەڵی خۆشەویستی‌دا ئەبو بەکری صدیق (ثاني اثنين) حاڵی پێغەمبەر بەم جۆرە بوو یەکێ بوو لەدوو کەس، ئەسوپای کۆچکەرانی‌لەگەڵ‌دا بووە ئەسوپای یارمەتیدەرانی لەگەڵ دا بوو، بەڵکو تەنیا دوو کەس بوون؛ خۆی‌و ئەبو بەکری هەواڵی ﴿اِذْ هُمَا فِي الْغَارِ﴾ لەو کاتەدا کە لەناو غاری حیرا دا بوون، کە ئەشکەوتێکە لەکێوی (ثەور) سەعاتە رێیی لەمەککە دوورە. ﴿اِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَتَحْزَنْ اَنَ ا للهَ مَعَنَا﴾ لەو کاتەدا کە ئەبو بەکری هاورێی چاوی بەکافرەکان کەوت کە هاتبوونە دەرگای ئەشکەوتەکە، ترسی لێ نیشت لەوە کە بیان بینن‌و بیانگرن‌و

بیانکوژن، بەپێغەمبەری وت: ئەگەر تەماشای بەرقاچی خۆیان بکەن ئێمە دەبینن. پێغەمبەرﷺ بۆ دڵدانەوەی ئەبو بەکر فەرمووی: مەترسە خودا لەگەڵمانە، یارمەتیمان دەداو دەمان پارێزێ...!

ئیمامی ئەحمەدو هەردوو پیری فەرموودە (بوخاریو موسلیم) لەئەنەسەوە ریوایەت دەکەن دەفەرموێ: حەزرەتی ئەبو بەکر بۆی گێڕامەوە: فەرمووی: لەئەشکەوتەکەدا لەگەڵ پێغەمبەر دا بووم‌ﷺ شوێنەواری موشریکەکانم بینی، عەرزم کرد ئەی پێغەمبەری خودا! ئەگەر یەکێکیان قاچ بەرز بکاتەوەو تەماشای ژێر پێی خۆی بکا دەمانبینێ، فەرمووی: (ئەی ئەبو بەکر تۆ گومانت چۆنە بەدوو کەس کە خودا سێهەمیان بێ)

لەریوایەتێک دا هاتووە دەفەرموێ: (ئەگەر یەکێکیان بڕوانێتە قاچی خۆی ئێمە لەژێر قاچیەوە دەبینێ. ﴿فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ﴾ ئەمجار پەروەردگار ئارامی خۆی ناردە خوارێ بۆ سەر دڵی پێغەمبەرﷺ یان بۆ سەر دڵی ئەبو بەکر، ئیبنو عەبباسو هی تریش دەفەرمون: مەبەست ئەبو بەکر بێ باشترە چونکە پێغەمبەرﷺ هەموو کاتێ دڵئارام بووەو ترسی نەبوە.

ئیبنولعەرەبی دەڵێ: گەڕانەوەی راناو لە(علیه) دا بۆ ئەبو بەکر وێچووترە، چونکە ترسی لێ نیشتو دەترسا پێغەمبەر بکوژن، ئیتر خودا ئارامی خۆی ناردە سەر دڵی ئەبو بەکر بەهۆی دوعای پێغەمبەرﷺ ئیتر دڵی دامەزراو ترسی لێ رەویەوەو ئارامی بۆ پەیدابوو.

ئیمامی رازی دەفەرموێ: گەڕانەوەی راناوەکە بۆ ئەبو بەکر پەسندترە، چونکە قاعیدەی نەحوییان وەهایە دەڵێن: کە بۆ ضەمیر دوو مەرجیع هەبوو دوورو نزیک بۆ نزیکەکە بگەڕێتەوە باشترە. دەی مەرجیعە نزیکەکە ئەبو بەکرە، هەروەها چونکە ترسو دڵە راوکێکە بۆ ئەبو ئەکر پەیدا بوبوو نەک بۆ پێغەمبەرﷺ ئەگەر پێغەمبەر خۆی بترسایە نەیدەتوانی دڵی ئەبو بەکر ئارام بکا.

﴿وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا﴾ کۆمەگی پێغەمبەری خۆی کرد بەسەربازو لەشکرێک کە ئێوە نەتان بینی، کە بریتی بوو لەفریشتە رۆژی جەنگی بەدرو رۆژی جەنگی ئەحزابو رۆژی جەنگی ئوحود یارمەتیان دا.

هەندێک پێیان وایە مەبەست بەیارمەتیدانی فریشتە کە لێرە دا ئاماژەی پێ کراوە یارمەتیدانی ڕۆژگاری کۆچ کردن بووە کە فریشتە پارێزگاری خۆیو ئەبو بەکری هاوەڵیان کردو چاوی کافرەکانیان لەئاستیان دا کوێر کرد. ﴿وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى﴾ پەروەردگار وای کرد دروشمی کافرانی ژێر خستو ئاواتو هومێدیان نەهاتە دیو تێشکانو زەلیلو ریسوا بوون. ﴿وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا﴾ رستەی (لا اله الا الله، محمد رسول الله)ی سەرخست، بانگەوازی ئیسلامی پێش خستو وەگەڕخست. ئەمە ئەگەر ﴿كلمة الله﴾ بە (مەنصوبی) بخوێندرێتەوە. ئەگەر ﴿كَلِمَةُ الله﴾ بەمەرفووعی بخوێندرێتەوە ئەو کاتە ماناکەی بەهێزتر دەبێ واتە: هەر دروشمی خودا، رستەی (لا الە الا الله) لەسەرەوەیەو پایەدارەو هەر ئەو سەرکەوتووە.

﴿وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ خودا عەزیزو بالا دەستە، هەر کەسێک پەنا بەئەو بەرێ پارێزراوو سەرکەوتووە، حەکیمو دانایە لەکردارو گوفتاری دا، هەموو گوفتارو کارێکی لەجێی خۆی دایەوەو هیچ شتێکی بێ حیکمەت نیە، هەرکەسێ شیاوی کۆمەگی پێکردن بێ کۆمەگی پێ دەکاو لەکاتی گونجاو دا یارمەتی دەدا، بێگومان کۆمەگی بەپێغەمبەرﷺ کرد، کۆچی سەرکەوتووی ئەنجام دا دەوڵەتی دامەزراند، کافرانی شکاندن ئیمپراتۆرەکانی فارسو ڕۆمی روخاندن، ئایینی ئیسلامی بەسەر هەموو ئایینەکانی تردا بالا دەست کرد، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾الصف/٩.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: مانای ﴿كَلِمَةُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وشەی شیرکە ﴿كَلِمَةُ الله﴾ رستەی (لا الە الا الله، محمد رسول الله)یە لەصەحیحەین دا فەرموودەیەک لەئەبو موسای ئەشعەرییەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: پرسیار لەپێغەمبەر کراﷺ لەبارەی پیاوێک لەبەر خاتری ئەوەی پێی

بگوترێ: ئازایە شەڕ دەکا، یان لەبەر خاتری خزمایەتی، یان بۆ خۆ هەڵنانەوەو ڕانواندن شەڕ دەکا، کامیان لەڕێگەی خودادا حلێب دەکرێ. پێغەمبەرﷺ فەرمووی: کەسێک بۆیە شەڕ بکا تا کەلیمەی خودا سەربکەوێ ئەوە لەڕێگەی خودا حسێب دەکرێ.

نەفیری عام بۆ جیهاد لەپێناو ئایینی خودادا

ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾

جاکە لەئایەتی پێشوودا نمونەی کۆمەگی کردنو سەرخستنی پێغەمبەریﷺ هێنایەوە، لەروانگەی ئەم نموونە واقیعە کاریگەرەوە بانگی موسوڵمانان دەکا: کە تێکڕا بەبێ جیاوازی بێ ئیشو خاوەن کار پیرو نەوجەوان بچن بۆ جیهاد، هیچ کۆسپو ئەگەرەیەک لەچوون بۆ غەزایان دوانەخاو دەفەرموێ: ﴿انْفِرُوا خِفَافاً وَثِقَالاً﴾ ئەی موسوڵمانینە! هەرکاتێ بانگی جیهاد درا، بانگ کران بۆ چوون بۆ جیهاد وەلامی بدەنەوەو بەپیر بانگەوازی جیهادەوە بڕۆن تاکتاکو کۆمەڵ کۆمەڵ، هەرکەسە بەگوێرەی حاڵو توانای خۆی. دەوڵەمەند بن یان هەژار، نەخۆش بن یاساغ، پیر بن یان جوان، ئیشتان هەبوو یان بێکار بوون ﴿وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللهِ﴾ جیهاد بکەنو بەماڵو گیان لەپێناو ئایینی خودادا تێبکۆشنو، بۆ بەرز کردنەوەی ئالای (لا اله الا الله، محمد رسول الله) ﴿ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەوە بۆ ئێوە سەر بەرزیو خێرو شکۆمەندییە، هۆی پارێزگاری ماڵو وڵاتو ناموسو سەروەریتانە. ئەگەر ئێوە لەئەهلی زانیاری راستو مەعریفەتی حەقن، جاکە ئێوە ئەوە دەزانن و هەست بەباشی ئەوە دەکەن ئەوە ڕاپەڕن بۆ جیهادو تەمبەڵی مەکەن.

ئەگەر ئێستا ئەم ئایەتە مانا بکەین دەبێ بڵێین: ئەی موسوڵمانینە! ڕاپەڕن بۆ جیهاد بۆ شەڕ بەسواری بەپیادەیی بەچەکی سوکو بەچەکی قورس

بەزرێپۆش و بەفرۆکەو ئەرزئەرزو تۆپو بەقەڵەمو بەزوبان بەشیعرو بەوتارو هەموو جۆرە چالاکییەک هەر کەسە بەگوێرەی دەسەلاتو توانای خۆی.

خۆپاشدانی دووڕووەکان لەچوون بۆ غەزای تەبووکو شێوە ئیزن وەرگرتنیان

لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا وَسَفَرًا قَاصِدًا لَّاتَّبَعُوكَ وَلَٰكِن بَعُدَتْ عَلَيْهِمُ الشُّقَّةُ ۚ وَسَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَوِ اسْتَطَعْنَا لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ يُهْلِكُونَ أَنفُسَهُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ﴿٤٢﴾ عَفَا اللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ ﴿٤٣﴾ لَا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أَن يُجَاهِدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ ﴿٤٤﴾

إِنَّمَا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَارْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ فِي رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ ﴿٤٥﴾

کە پەروەردگار فەرمانی کرد بەموسوڵمانان بۆ چوون بۆ غەزا بەشێوەیەکی گشتیو نەفیری عام، برێک لەدووڕووەکان بەبیانووی پڕوپووچەوە خۆیان پاشدا، هەندێ موسوڵمانی تریش بەبیانووی جیا جیاوە خۆیان دواخست. ئیتر لەناوەندی سەفەری پێغەمبەرو جەنگاوەرانی ئیسلام بۆ شەڕ ئەم ئایەتانە هاتنە خوارێ.

بەکورتی کە لەئایەتی پێشوودا موسوڵمانانی هەڵنان بۆ جەنگان لەپێناو ئایینی خوداداو سەرزەنشتی تەمبەڵو تەوەزەلەکانی کرد، لێرەدا گەڕایەوە سەریانو پەردەی لەروی کۆمەڵێک هەڵماڵیو ئەوەی راگەیاند: کە لەگەڵ ئەو

هەڵنانو تەماع بەرنانە بۆچوون بۆ جیهاد کەچی کۆمەڵێک خۆیان لەچوون بۆ غەزای تەبووک پاشدا، هەرچەندە زوریەی هەرەزۆری موسوڵمانان چوستو چالاکانە بەپیر بانگەوازی چوون بۆ جیهاد چوونو خۆیان ئامادە کردو لەخزمەت پێغەمبەر دا کەوتنە رێ چونکە ئەوان چاوەڕوانی یەکێ لەدوو شتە باشەکانیان دەکرد یا سەرکەوتن یان شەهید بوونو مەردانە مردن.

ئیتر ئەم ئایەتانە دەربارەی هەڵوێستی دووڕووەکان هاتوونە خوارێ؛ ئەو دووڕووانەی: کە خۆیان لەچوون بۆ غەزای تەبووک دواخست. ئەمە یەکەمجار بوو: کە ئایەتی قورئان نازڵ ببێو موسوڵمانی راستاڵو دووڕوەکان لێک جیا بکاتەوە. بۆیە یەکێک لەناوەکانی ئەم سورەتە، **(الفاضحة)**یە چونکە پەردەی لەسەر دووڕووەکان لاداو هەڵسو کەوتی دەست نیشان کردن.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: تائەم سورەتی **(براءة)**ە نەهاتبوە خوارێ پێغەمبەرﷺ مونافیقەکانی باش نەدەناسینو بەوردی شارەزای هەڵسو کەوتیان نەبوو!!

بەڵێ قورئان وێنەی خۆپیشاندانی دووڕووەکانو ئەوانەی خۆیان پاش دا بوو بەم شێوە سەرنج راکێشە دەکێشێو دەفەرموێ: ﴿لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا وَسَفَرًا قَاصِدًا لَاتَّبَعُوكَ﴾ ئەی پێغەمبەر! ئەگەر ئەوەی تۆ بانگەوازی خەڵکەکەت بۆ کرد سوودو قازانجێکی بەیدەست بوایە بەئاسانی بەدەستەوە بهاتایە، پێگەییشتنو وەدەستهێنانی ماندووبوونی زۆرو چەرمەسەری گەرەک نەبوایە، سەفەرێکی کورتو بێ ترسو بێ نارەحەتی بوایە هەموویان شوێنت دەکەوتنو بەپیر بانگەوازییەکەتەوە دەهاتن، چونکە خۆشویستنی ماددەو هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی، شتێکی سروشتییە لەئادەمیزاددا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو شتە خۆشو ئاسان بەدەستەوە بێو ئاکامو سەرەنجامی بێ ترس بێ، کورد وتەنی (خورەی لێوە نەیە) هەروەها ئەوانەی هەولی بۆ دەدەن بروایان بەرۆژی دوایی نەبێو چاوەڕوانی پاداشی قیامەت نەبن وەکوو نموونەی ئەو دووڕووانە.

﴿وَلَكِنْ بَعُدَتْ عَلَيْهِمُ الشُّقَّةُ﴾ بەلام تۆ ئەی پێغەمبەر! داوای نەفیری عامت لەوانەکرد بۆ شوێنێکی دوورو سەفەرێکی سامناکو پڕ دەردیسەریو

تاکام ترسو خۆفو گیانبازیو خۆفیداکرن، ئەتۆ داوات لیٚ کردن کە راپەڕن بۆ جیهاد لەوەرزێکی گەرمو پڕتێشو کارو کاتی کۆکردنەوەی بەروبوومو میوەجات، لەکاتێکدا تۆ داوای چوونە دەرەوەت لیٚ کردن بۆ غەزا کە سێبەر خۆشنو چوونە دەرەوە بۆ سەفەری دوور مایەی ماندووبوونو دەردی سەرییە، بۆیە کۆمەڵێک لەو مەنافیقانە لەترسانو لەتەمبەڵییان دواکەوتنو لەگەڵت نەهاتن بۆ غەزا، ئەوە نیشانەی ئەوەبوو: کە ئەوانە کۆمەڵێکی هەلپەرستو مادە پەرستو دونیا ویستن.

جا وەنەبیٚ شەرم بیانگریٚو سەری خۆیان کز بکەنو دەم درێژی نەکەن، بەڵکوو ﴿وَسَيَحْلِفُونَ بِاللهِ لَوِاسْتَطَعْنَا لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ﴾ کە لەغەزای تەبووک گەڕایەوە سوێندت بۆ دەخۆن، سوێندی بەدرۆ وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرمویٚ: ﴿يَعْتَذِرُونَ اِلَيْكُمْ اِذَا رَجَعْتُمْ اِلَيْهِمْ﴾التوبة/٩٤، یان ﴿يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا عَنْهُمْ﴾التوبة/٩٦، سوێند دەخۆن دەڵێن: ئەگەر بمانتوانیایە لەگەڵ ئێوەدا دەردەچووین بۆ غەزا، ئەگەر بیانووی وەرگیراومان نەبوایە، کۆسپو تەگەرەمان نەهاتایە پێش، ئێمەش لەگەڵ ئێوە دەهاتین بۆ غەزا، دواکەوتنمان لەبەر ناچاری بوو، ئەوانە بەم سوێند خواردنە بەدرۆیەیان ﴿يُهْلِكُونَ أَنْفُسَهُمْ﴾ خۆیان بەفتارە دەدەن، خۆیان شیاوی سزای سەختی خودا دەکەن، چونکە سوێندی بەدرۆ دەخۆن، ناوی خودا بەکەم تەماشا دەکەن، بۆیە بەدرۆ سوێندی پیٚ دەخۆنو دەیکەنە پەردەی درۆو دووڕوویییان، ئەوان دەیانەویٚ پشتگیری مەبەستە نارەواکانیان بەسوێندی درۆ بکەن، تاوان بەتاوان بەهێز بکەن. پێغەمبەرﷺ دەفەرمویٚ: (اليمينُ الفَاجِرَةُ تَدَعُ الدِيَّارَ بَلاَقِعَ) سوێندی بەدرۆ ولات وێران دەکا.

﴿وَاللهُ يَعْلَمُ اِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾ پەروەردگار دەزانیٚ کە ئەمانە لەسوێند خواردنیان بەخودا درۆ دەکەن، کە دەڵێن: ئەگەر بمانتوانیایەو کۆسپو تەگەرەمان لەپێش نەبوایە لەگەڵتان دەردەچووین، راست ناکەن، توانایان هەبوو: جەستەیان ساغو ماڵو سامانیان هەبوو، هیچ بیانوویان نەبوون. جگە لەتەمبەڵیو خۆویستی.

ئـەمجار پـەروەردگار سەرزەنشتی پێغەمبـەرﷺ دەكا كـە ئیزنی بـڕێ دووڕووی دا كە خۆ لەچوون بۆ غەزای تەبووك پاش بدەن. بەلام سەرزەنشـتەكە تا بلێی نەرمو نیانە، پێش سەرزەنشتەكە عەفووی ئاراستە كردوە ﴿عَفَا اللهُ عَنْكَ﴾ خودا لێت نەگرێ، خودا عـەفووت بكا لەسەر ئەوەی كە بـەئیجتیهادی خۆت كـاتێك داوای روخصـەتیان لیّ كـردی ئیزنت دان، ئـەوان بیانووەكـەیان درۆو دەلەسە بوو ﴿لِمَ أَذِنْتَ لَهُمْ﴾ بۆچی ئیزنت دان، بۆ ماوەیـەك چاوەڕوان نەبوویو خۆت نەگرت تـا حەقیقـەتت بـۆ دەربكـەوێ، تـاقمی راستالو تـاقمی درۆزنت بۆ دەربكەوتنایـە! بـۆ خێرا ئـیزنت دانو ماوەیـەك سـەبرت نـەگرت؟ ﴿حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ﴾ هـەتا بەتـەواوی هەلوێستت بۆ روون دەبێتەوە ئەوانەی راستگۆن ئاشكرا ببنو بزانی كـێ درۆ دەكا، ئەو كاتە كـە هـەر دوولات بـۆ دەركـەوتن ئـەمجار لەروانگـەی ئـەوەوە هەلوێستت بنواندایە، چونكە ئەگەر تۆ خۆت بگرتایەو خێرا ئـیزنت نەدانایـە، ئەوان بەبێ ئەوەی ئیزنیشیان بدەی هەرخۆیان پاش دەدا، ئەو كاتە حەقیقەتیان دەردەكـەوت، پـەردەی دووڕوویـان لەسـەر لادەدرا، سروشـتیان چۆنـە ئـاوا دەكەوتنە بەرچاوانو نـەیاندەتوانی لـەژێر پـەردەی ئـیزنی پێغەمبـەردا خۆیـان حەشاربدەن.

موجاهید دەلێ: ئەم ئایەتـە دەربـارەی كەسانێك نـازل بـووە كـە لـەناو خۆیان دا بەیەكتریان گوت: داوای روخصـەت لەپێغەمبەر بكـەن ئەگـەر ئـیزنی دان ئەوە بۆ خۆتان لیّی دانیشن، ئەگەر ئیزنیشی نەدان هەر دانیشنو مـەچن. بۆیە پەروەردگار ئەوە رادەگەیێنێ كە خاوەن بڕوا ئیزنی نـەچوون بـۆ غـەزا داوا ناكاو دەفەرموێ: ﴿لَا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أَنْ يُجَاهِدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ﴾ ئەوانەی بڕوایان بەخوداو بەرۆژی دوایی هەیـە، داوای ئیزنی نەچوون بۆ غـەزات لیّ ناكەن، هـەرگیز خۆیـان لـەچوون بـۆ غـەزا بەمالو گیان پاش نادەن. بەلكوو بـەبێ منجە منجو داوای روخصـەت كـردن بەرەو جیهاد رادەچمنو ئامادەو تەیارن، چونكە بڕوایان وایە جیهاد لەخودایان نزیك دەكاتەوەو رێبازی بەرەو بەهەشتە، چونكە جیهاد نیشانەی بیرو باوەڕی

تەواوە وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ، ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا، وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ**﴾**الحجرات/١٥**. هەرگیز موسولْمان دابو نەرێتی ئەوەی نیە دەربارەی چوون بۆ جیهاد ئیزن وەرگرێ، ج جایی خۆپاشدانو نەچوون، بەڵکو گەورە گەورەی هاوەڵان لەموهاجیرینو ئەنصار هەمیشە دەیانگوت: ئێمە دەربارەی چوون بۆ غەزا ئیزن لەپێغەمبەر وەرناگرین، چونکە پەروەردگار چەند جار لەقورئان دا ئێمەی هەڵناوە بۆ جیهاد ئیتر سوود لەروخصەت وەرگرتندا چیە. موسولْمان ئەوەیە: لەکاتی ئاشتیو فەرەحی دا خۆی ئامادە بکاو چەکو پێویستیاتی غەزا دابین بکا، هەر کە بانگ کرا بۆ غەزا بێ سێو دوو رەگەڵ موجاهیدان بەرێ بکەوێ.

موسلیمو ئیبنو ماجە فەرموودەیەکی پێغەمبەرﷺ لەئەبو هورەیرەوە دەگێرنەوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرسووی: (**من خير معاش الناس لهم رجل ممسك بعنان فرسه في سبيل الله يطير على متنة كلما سمع هيعة أو فزعاً طار على متنه يبتغى القتل والموت في مظانه**). باشترین ئیشی پیاو ئەوەیە: کە ئەسپێک ئامادە بکا بەزینکراوی لەرێگەی خودادا، حازرو ئامادە باش، هەر کە هاوارێکی گوێ لێ بوو بۆ جیهاد، سواری ئەسپی خۆی ببێ بەرەو مەیدانی شەڕ بەگورجی بەرێ بکەوێو بۆ مەیدانی مردنو کوشتن غار بدا.

﴿**وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ**﴾ خودا زانایە بەو کەسانەی کە لێی دەترسنو خۆدەپارێزن لەو شتانەی کە دەبنە هۆی نارەزایی خودا، هەوڵ دەدەن ئەو کردەوانەی خودا پێی خۆشە ئەنجامیان بدەن، بۆ رەزامەندی خودا هەمیشە ئامادەن بەماڵو بەگیان خۆیان بەخت بکەنو دژی دوژمنانی خودا بجەنگن.

ئەمە قاعیدەیەکی تۆکمەیە، ئەوانەی ئیمانیان پتەوە بەخوداو بڕوایان بەرۆژی قیامەت هەیە، چاوەڕوانی ئەوە ناکەن ئیزن بدرێن بۆ ئەنجامدانی جیهاد، هیچ خۆیان مەحتەل ناکەن لەبەپیرەوە چوونی بانگەوازی جیهاد بەماڵو بەگیان ئامادەباشو نەیارن ﴿**إِنَّمَا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ**

﴿وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ وَٱرْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ فِي رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ﴾ بەڵکوو ئەوانە، داوای ئیزنت لێ دەکەنو روخصەتی نەچوون بۆ غەزات لێ دەخوازن: کە ئیمانیان بەخوداو بەرۆژی دوایی نیە، ئەوانە ئیزنت لێ دەخوازن: کە دڵیان یەقینی تێدا نیە، خۆیان دەخافڵێنن، هەوڵی دۆزینەوەی بڕوبیانوو دەدەن بۆ ئەوەی کۆسپێک دروست بکەن ببێتە پەرژین لەنێوان ئەوانو ئەنجامدانی ئەرکی ئەو عەقیدەیەی کە خۆیان بەپەیڕەوکاری نیشان دەدەنو بەرواڵەت خۆیان بەهەڵگری ئەو بیرو باوەڕە دەزانن. ئەوان لەشکو گومانی خۆیان دا دێنو دەچن، ئەوان شکو گومانیان دەربارەی ئایین هەیە، دڵیان دانەمەزراوە، راڕاو دوو دڵن لەکارو گوفتاریان دا، لەکردەوە ئاسانەکانی خوداپەرستی وەکوو نوێژو رۆژو دا، هاوکاری موسوڵمانەکان دەکەن، هەوڵ دەدەن خۆیان لەئەرکە قورسەکان بشارنەوە، بڕو بیانووی جۆراو جۆر دەدۆزنەوە بۆ خۆرزگار کردن لەئەنجامدانیان.

تێبینی:

دەربارەی جیهاد لەئایەتی ﴿أَن يُجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ﴾ دەگوترێ: جیهاد دوو جۆرە، جیهاد بەماڵ، جیهاد بەگیان. جیهاد بەماڵیش دەبێتە دوو جۆر، ماڵبەخشین لەبواری چەکسازیو دابین کردنی پێویستیاتی مادی جەنگ. ماڵبەخشین بەسەر خودی جەنگاوەرانو ماڵو خێزانیاندا.

جیهاد بەگیان، چەند جۆرێکە: وەکوو ئەوە بەکردەوە کابرا بچێتە گۆڕەپانی جەنگەوە، ئەمە گەورەترین جۆری جیهادە. یان هەڵنانی موسوڵمانان بۆ جەنگانو فەرمان بەجەنگ. یان هەوڵدان لەشوێنی حەساسو کونو کەلەبەری دوژمن، یان فێر کردنی فرتو فێڵی شەڕو ئاگادار کردنەوەی موسوڵمانان بۆ گرتنە بەری رێبازی لەبارو گونجاو بۆ سەرکەوتن. وەکوو ئەوەی لەجەنگی بەدردا حوبابی کوڕی مونذیر عەرزی پێغەمبەری کردو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا ئەم شوێنەی لەشکریەزیت تیدا کردوە بەرای خۆتە یان بەنیگا فەرمانت پێ کراوە؟؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بەڵکوو رای خۆمەو وام بەباش

زانیوە. حوباب وتی: دەی کەوابێ من پێم وایەو وای بەباش دەزانم کە لەنزیک ئاوەکەوە لەشکربەزیی بکەین، ئاوەکە بخەینە پاش خۆمانەوەو ئەو بیرو گۆلاوانەی لەلای دوژمنەوەیە وێرانیان بکەینو پڕیان بکەینەوە. پێغەمبەرﷺ ئەم رایەی پەسند کردو حوباب چۆنی نەخشە کێشا وا لەشکربەزی کرد...

ئەمجار ئەوە ماوە بزانین: ئایا جیهاد بەگیانو بەماڵ گەورەترە یان جیهاد بەعیلم؟! لەراستی دا جیهادی عیلمو زانست جیهادی سەرەکییەو جیهاد بەگیان لقو پۆپە، هەموو کاتێکیش ئەصل لەفەرع لەپێش ترە.

جا ئەگەر نەفیری عام کرا، ئەوە جیهاد بەگیانو ماڵ لەسەر هەموو کەسێک فەرزە. ئەو کاتە خەریکبوون بەجیهاد گەورەترە لەخەریکبوون بەعیلم، چونکە ئەگەر دوژمن دەستی بەسەر موسوڵمانان دا رۆیشت زیانی دەبێو زەحمەتە ئەو زیانە پڕبکرێتەوە، بەڵام فێربوونی زانیاری هەموو کاتێ دەستەبەر دەبێ، هەروەها فێربوونی عیلم فەرزی کیفایەو لەسەر هەموو کەس پێویست نیە.. بەڵام ئەگەر نەفیرەکە گشتی نەبوو، ئەو کاتە جیهاد فەرزی کیفایەیە، وەکوو خوێندنو فێربوون وەلێ ئالەم کاتەدا خۆخەریک کردن بەخوێندنو فیربوونی عیلمەوە باشترو گەورەترە، چونکە پلەو پایەی عیلمو زانیاری لەپلەو پایەی جیهاد بەرزترە.

ئەگەر وا رێ کەوت ئەمیری سوپا فاسق بوو، لەشکرەکەشی فاسق بوون ئەو کاتەش جیهاد کردن دروستە، چونکە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ دوای لەدونیا دەرچوونی چوار جێنشینەکان لەژێر فەرماندەی سەر لەشکری فاسق دا جیهادیان کردوە، ئەوەتا ئەبو ئەییوبی ئەلئەنصاری لەژێر فەرماندەی یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان جیهادی کردوە.

بەڵگە لەسەر خۆپاشدانی دووڕووەکان بەبێ عوزری ڕەوا، زیانی چوونیان بۆ جەنگ

﴿وَلَوْ أَرَادُوا الْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً وَلَٰكِن كَرِهَ اللَّهُ انبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ ﴿٤٦﴾ لَوْ خَرَجُوا فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُوا خِلَالَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ ﴿٤٧﴾ لَقَدِ ابْتَغَوُا الْفِتْنَةَ مِن قَبْلُ وَقَلَّبُوا لَكَ الْأُمُورَ حَتَّىٰ جَاءَ الْحَقُّ وَظَهَرَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ كَارِهُونَ ﴿٤٨﴾



لەوەپێش پەروەردگار ئەوەی روون کردەوە کە روخصەت وەرگرتنی دووڕووەکان لەپێغەمبەرﷺ دەربارەی نەچوونیان بۆ جەنگی تەبووک بەبێ عوزری ڕەوا بوو، بیانووەکەیان بێ بناغەبوو، ئەمجار بەڵگە لەسەر دووڕوویيان دێنێتەوە دەفەرموێ: ئەوان ئەگەر خەیاڵی هاوبەشیکردنی غەزاکەیان هەبوایە خۆیان ئامادە دەکرد، پاشان ئەوە روون دەکاتەوە: کە نەچوونەکەیان بەرژەوەندی موسوڵمانانی تێدابوو، ئەگەر هاوبەشییان بکردایە دەبوونە خۆرکەی نێو سوپای موسوڵمانانو دووبەرەکییان دەخستە ناو ریزەکانی سوپای ئیسلامەوەو کاریان دەکردە سەر برێ موسوڵمانی بڕوا لاوازو پڕو پاگەندەکانیان دەبیسرانو قسەکانیان وەردەگرتن.

کەوابوو ئایەتەکانی پێشوو پەردە لەسەر بڕو بیانوە دووڕوویی‌یەکەیان لادەدا. ئەم ئایەتانەی ئێرەش بۆ دڵنەوایی کردنی پێغەمبەرو موسوڵمانانەو رونکردنەوەی ئەو هۆکارانەیە کە پەروەردگار کردی بەکۆسپو ئەگەرەی دەرچوونیان، نەیهێشت ئەوان هاوبەشی بکەن، هەروەها بۆ لادانی پەردەیە لەسەر دووڕوویی‌و نهێنی‌یەکانیانو بێ بناغەیی بڕوبیانوویان.

بەکورتی ئایەتەکان خراپەکارییەکانی دووڕووەکان دەردەخەنو خەتەریان لەسەر موسوڵمانان دەست نیشان دەکاو موسوڵمانان لەفرتو فێڵو پیلانەکانیان دەترسێنێ.

لەبرێ ریوایەت دا هاتووە کە ژمارەی ئەو خۆپاشدەرانە (٣٩) کەس بوون. بێگومان ئەو دووڕووانەی خۆیان پاش دا توانای دەرچوونیان هەبوو دەیانتوانی کە رستەی پێویست بۆ هاوبەشیکردنەکەیان دابین بکەن، عەبدوڵلای کوڕی ئەبی کوڕی سەلوولو (الجد)ی کوڕی قەیسیان تێدا بوون، ئەوانیش دەوڵەمەندو پیاو ماقوڵی ناو بنەماڵەی خۆیان بوون. ﴿وَلَوْ أَرَادُوا الْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً﴾ ئەگەر مەبەستیان بوایە لەگەڵ پێغەمبەرو موسوڵمانان هاوبەشی غەزاکەیان بکردایە، خۆیان بۆ ئامادە دەکرد!! چەکو تفاقو وڵاغی سواریو شتی تری پێویستیان دابین دەکردو، هەشیان بوو، دەیانتوانی، ﴿وَلَكِنْ كَرِهَ اللَّهُ انْبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ﴾ بەڵام پەروەردگار دەرچوونەکەیانی بۆ هاوبەشیکردن پێ ناخۆش بوو، چونکە زیانی بۆ موسوڵمانان تێدابوو، خودا دەیزانی مەبەستیان چیەو سروشتیان چۆنە، دووڕووییان چەندەو چەند حەزیان لەتێشکانی موسوڵمانانە، بۆیە پەروەردگار ترسو لەرزی خستە ناو دەروونیانەوەو کەوتنە بڕو بیانوو دۆزینەوە بۆ خۆدزینەوە، بەهیچ جۆرێ زاتی ئەوەیان نەکرد رەگەڵ بکەونو هاوبەشی غەزاکە بکەن ﴿وَقِيلَ اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ﴾ پێیان گوترا: دە لەگەڵ پیرەژنو پەککەوتەو منداڵو بێ دەسەڵاتەکان بۆخۆتان بمێننەوە، ئەوە شوێنی شیاوی ئێوەیەو رایەتان ناکەوێ لەریزی پیاوانی جەنگاوەردا بڕۆن بۆ غەزا، ئەوە شوێنی ترسنۆکو بێ هیمەتو دڵ راڕاو دەروون نزمو خوێڕیو حیزە پیاوانە، دە بۆخۆتان لەگەڵ ئەو پڕو پیرێژنانە بمێننەوە!! وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿رَضُوا بِأَنْ يَكُونُوا مَعَ الْخَوَالِفِ﴾التوبة/٨٧.

ئەمەش خێرو قازانجی موسوڵمانانی تێدا بوو، بەشداری نەکردنەکەیان بەرژەوەندی عەسکەری زۆری بۆ موسوڵمانان تێدا هەبوو، چونکە هاوبەشی کردنی پیاوانی ترسنۆکو ورەنزم، نەک سوودی هەیە، بەڵکو زیانی زۆریشی

هەیە، هەبوونی کەسانی خائینو ئەژنۆ شکاوو لەرزۆك لەناو سوپادا مایەی تێشکانو ژێر کەوتنە. دڵنیا بن ئەی موسوڵمانینە! ﴿لَوْ خَرَجُوا فِيكُمْ مَازَادُوكُمْ اِلاَّ خَبَالاً﴾ ئەگەر ئەوانە لەناو ئێوەدا هاوبەشییان بکردایە هیچ هێزو توانایەکیان بۆ ئێوە زیاد نەدەکرد، بەڵکو سەرباری ئەوەی کە هیچ سوودیان نەدەبوو، ئەم سێ زیانە سەرەکییەشیان بەئێوە دەگەیاند!

یەکەمیان: چەواشەیی لەراو بۆچون دا کە بەعەرەبی پێی دەگوترێ: (**خبال**) لەبنەمادا (**خبال**) نەخۆشییەکی عەقڵییە وەکوو شێتی وایە: چەواشەیی لەبیرو بۆچون داو کاردروستی لەکردەوەدا دەخوڵقێنێ.

دووەمیان: ﴿وَلأَوْ ضَعُوا خِلاَلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ﴾ دووبەرەکیو ئاشوورییان دەخستە نا ریزەکانتانەوە، دەیانەویست فیتنەییو ترسو دڵەراوکێ لەناوتان دا بڵاو بێتەوە.

سێیەمیان: ﴿وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ﴾ تاقمو گرۆهی واتان تێدایە عەقڵ سووکو سافیلکە، بڕوا لاوازو ترسنۆکو ورە نزمو عەزیمەت روخاو لەبەرامبەر جیهاد، جا ئەگەر ئێوە حاڵو چۆنیەتی ئەوانە ئاگادار نەبن، ئەو ئاگادارنەبوونەتان سەر دەکێشێ بۆ بەرپابوونی شەڕو فەساد لەنێو موسوڵمانانەدا!

کەوابوو بەشدار نەبوونەکەیان هەزار جار باشتربوو لەبەشداربونیان. ﴿وا للهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ﴾ خودا ئاگادارو زانایە بەحاڵو چۆنیەتی ستەمکاران، دەزانێ چ بوەو چ دەبێو چ نابێ، لەسەر هەموو کردارو هەڵوێستێکیان سزاو پاداشی شیاوی خۆیان دەداتەوە.

ئەمجار پەروەردگار هەڵوێستێکی ریسوا ئامێزی رابووردوویان وەبیر پێغەمبەر دەهێنێتەوە، جۆرێکی تر لەمەکرو حیلەی دووڕووەکانو دڵ پیسیان دەردەخاو دەفەرموێ: ﴿لَقَدِ ابْتَغَوُا الْفِتْنَةَ مِنْ قَبْلُ﴾ بێگومان ئەو دووڕووانە لەوەپێش لەرێگەی چوون بۆ غەزای ئوحوودا ویستیان دووبەرەکیو فیتنەیی بخەنە ناو ریزی موسوڵمانانەوە، ئەو کاتەی کە عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی

سەرۆکی دووڕووەکان لەنێوان مەدینەو ئوحوودا گەڕایەوەو سێیەکی سوپاکەی لەگەڵ دا گەڕایەوە، بەخەڵکەکەی دەگوت: پێغەمبەر شوێن قسەی منداڵو پاڵ کەوتووەو هیچی بەڕای ئێمە نەکرد، دەی کەوابێ لەپێناو چی‌دا ئێمە خۆمان بەکوشت بدەین. نزیک بوو بەنو سەلەمەو بەنوحاریثەش شوێنی بکەون بەڵام خودا پاراستنیو ئەو ریسوایی‌یەی بەسەرشان دا نەهێنان وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِذْ هَمَّتْ طَائِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا، وَاللَّهُ وَلِيُّهُمَا﴾آل‌عمران/١٢٢.

ئەو کاتەش دەرچوونی ئەو مونافیقانە لەناو ریزی موسوڵمانان دا خەتەرێکی کاریگەر بوون.

﴿وَقَلَّبُوا لَكَ الْأُمُورَ حَتَّى جَاءَ الْحَقُّ وَظَهَرَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ﴾ ئەو دووڕووانە جۆرەها فرتو فێڵیان ئەنجام دا دژی پێغەمبەرو پەیامەکەی، بیریان لەوە دەکردەوە: چۆن بەرگری پەیامی ئیسلام بکەن، لەلایەکەوە پەیوەندییان بەجوولەکەکانەوە هەبوو لەلایەکی ترەوە پەیوەندییان بەموشریکەکانەوە هەبوو، هەرچی دژایەتیەکی ئەو دوو لایەنە دژی موسوڵمانان ئەنجامیان دەدا ئەو دووڕووانە دەستیان تێ‌یدا هەبوو، هاوکارو هەم ئاهەنگییان بوون، هەتا یارمەتی خودا گەییشتو ئایینی ئیسلام سەرکەوتو شەرعو یاسای باڵا دەست بوو قەلاچۆی جولەکەکان کراو بەنو نەضیرو بەنو قورەیظە بەو دەردە چون کە پێ‌ی چون سەرچاوەی بتپەرستیو شیرک بەگرتنی مەککە لەناو چوو، ئەو دووڕووانە پێیان ناخۆش بوو.

بڕو بیانووی مونافیقەکان بۆ دواکەوتن لەغەزای تەبووکو ناپاکییان بەرامبەر موسوڵمانان

وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ٱئْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّيٓ ۚ أَلَا فِى ٱلْفِتْنَةِ سَقَطُوا۟ ۗ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٤٩﴾ إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ ۖ وَإِن تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ يَقُولُوا۟ قَدْ أَخَذْنَآ أَمْرَنَا مِن قَبْلُ وَيَتَوَلَّوا۟ وَّهُمْ فَرِحُونَ ﴿٥٠﴾ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَىٰنَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ قُلْ هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحْدَى ٱلْحُسْنَيَيْنِ ۖ وَنَحْنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمْ أَن يُصِيبَكُمُ ٱللَّهُ بِعَذَابٍ مِّنْ عِندِهِۦٓ أَوْ بِأَيْدِينَا ۖ فَتَرَبَّصُوٓا۟ إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ ﴿٥٢﴾

دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئایەتی ژمارە (٤٩) طەبەرانیو ئەبو نەعیمو ئیبنو مەردەوەیهی لەئیبنو عەبباسەوە ﷺ دەگێڕنەوە دەڵێ: کە پێغەمبەر ﷺ ویستی بچێ بۆ غەزای تەبوک بە جەددی کوڕی قەیسی فەرموو: ئەی جەددی کوڕی قیس! رات چۆنە دەربارەی جیهاد کردن لەگەڵ رۆمەکان دا؟ لەوەڵام دا وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من بابایەکی خاوەن خێزانم، هەرکاتێ ئەو ئافرەتە لامل زەردانەی رۆم ببینم خۆم پێ راناگیرێو دەکەومە هەڵەوە، ئیزنم بدەو تووشی فیتنەییم مەکە ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ: ٱئْذَن لِّي﴾ نارده خوارێ.

لەریوایەتێکی تردا کە ئەبو حاتەمو ئیبنو مەردەوەیهی لەجابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ریوایەتیان کردوە: دەڵێ: (جەد) کە لەپیاو ماقوڵانی دووڕووەکان بوو عەرزی پێغەمبەری کرد وتی: ئەی پێغەمبەری خودا رێگەم دەدەی نەیەم بۆ غەزا؟ چونکە من پیاوێکم زۆرم ئارەزۆ لەئافرەتە، دەترسم ئەگەر ئافرەتی

بەنولئەصفەر ببینم تووشی فیتنەیی ببم! پێغەمبەرﷺ کە لەو کاتەدا روی لێ وەرگێڕابوو فەرمووی: وا ئیزنم دای!

دەربارەی ئایەتی ﴿إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ.....﴾ ئیبنو ئەبی حاتەم لەجابیری کوڕی عەبدوڵلاوە، دەگێڕێتەوە، دەڵێ: ئەو کۆمەڵە دووڕووەی لەمەدینەدا مابوونەوە پڕوپاگەندەی ناخۆشو جۆراو جۆریان بڵاو دەکردەوە، دەیانگوت: موحەممەدو هاوەڵانی لەم سەفەرەیان دا تووشی دەردی سەری بوونو بەهیلاکچوون، پاش ماوەیەک هەواڵی بەدرۆ کەوتنەوەیان پێ گەیی، هەواڵ هات کە پێغەمبەرو هاوەڵانی ساغو سەلامەتن، ئیتر دووڕووەکان بەم هەواڵە زۆر نارەحەت بوون ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿وَإِنْ تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ﴾ی ناردەخوارێ. پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەئایەتەکانی پێشووەوە ئەوەیە: ئەمانیش وەکوو ئایەتەکانی رابوردو خراپەکارییەکانی دووڕووەکان دەردەخەنو جۆرێکی تر لەفرتو فێڵەکانیان ئاشکرا دەکەن، ئەوەش دەردەخەن کە مونافیقەکان پێیان ناخۆشە موسوڵمانان توشی خۆشی ببن، زۆر دڵخۆشو تەڕدەماخن کە دەبیسن موسوڵمانان تووشی زیان بوون، دەفەرموێ: ﴿وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ ائْذَنْ لِي وَلَاتَفْتِنِّي﴾ لەو کۆمەڵە مونافیقانە هی وا هەیە پێت دەڵێ: ئەی موحەممەد! روخصەتم بدە بۆ خۆم دانیشمو نەیەم بۆ غەزای تەبووک، بەهۆی چوونە دەرم لەگەڵ خۆت دا مەمخەرە گۆمی تاوانەوە، لێم گەڕێ با نەیەمو تووشی داوی ژنە رۆمییان نەبم، ئەگەر چاوم پێیان بکەوێ زۆر زەحمەتە خۆم پێ رابگیرێ. بەڵێ بەو جۆرە بڕو بیانووی پڕوپووچ دەدۆزنەوە، خۆیان بەخاوەن شەرەفو ناموس نیشان دەدەن. ئیتر پەروەردگار رەدیان دەداتەوەو بەدرۆیان دەخاتەوە، چۆنیەتیو حەقیقەتیان دەردەخاو دەفەرموێ: ﴿أَلَا فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُوا﴾ واتە: ئەوان بەم بروبیانووە بێ سەرو بەرەیان، بەم خۆهەڵکێشانو خۆ بەخاوەن شەرەف نیشاندانەیان، کەوتوونە نێو دەریای تاوانی جۆراو جۆرەوە، ئەوان کاتێ ئەم بڕو بیانوە درۆیانە دەدۆزنەوە، خۆیان لەجیهاد دوادەخەنو لەچوون بۆ غەزا خۆیان دەشارنەوە بەبیانووی ئەوەی گوایە: چاویان بەئافرەتی رۆمی نەکەوێو بەخەیاڵی خۆیان تەماشای ئافرەتی نامەحرەم نەکەن!

﴿وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ﴾ بێگومان دۆزەخ چواردەوری کافرانی داوە لەچنگی رزگاریان نابێ، تەعبیرە قورئانییەکە وێنەی دیمەنەکە وا دەکێشێ، وەکوو ئەوە بلێی فیتنە چالێک بێ فیتنە خوازان تێی دەکەون؛ لەولاشەوە دۆزەخ دەورەی داون، هەموو کونو کەلەبەرێکی لێ گرتوونو چی بکەن رزگاریان نابێ، رێگای هەلاتنیان نیە. لەهەمان کاتدا هەرەشەیەکی توندو تیژو ترسناکەو نیشانی ئەوەیە: کە ئەوان ئەهلی دۆزەخن لەبەر تاوانی زۆرو بێ شوماریان، دۆزەخ دەبێتە خانووی هەتا هەتاییان لەسزای درۆزنیو خۆپاشدانیان لەچوون بۆ غەزاو دەروون نزمییان بۆ ئەو پلەیە کە برو بیانووی ئاوا بهێننەوە......

ئایەتەکە بەکینایە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوانە تاوانیان ئەنجام داوەو دەبێ چاوەروانی سزای تاوانەکانیان بن، هەروەها کوفرو بێدینیان دەچەسپێنێ، هەرچەندە ئەوان خۆیان بەروالەت خۆیان بەموسولمان خۆپیشان دەدەن.

ئەمجار پەروەردگار لەجۆرێکی تر لەفرتو فێلی دوورووەکانو دەروون پیسییان، پێغەمبەر ئاگادار دەکاتەوە لەدژایەتیو دوژمنایەتییانو دەفەرموێ: ﴿إِنْ تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ﴾ ئەگەر ئێوەی موسولمانو خوداپەرست تووشی خۆشیو خێرو بێرێک ببن؛ لەغەزایەک دا سەرکەوتن بەدەست بێنن؛ وەکوو جەنگی بەدر، ئەوان دلتەنگ دەبنو پێیان ناخۆشە، چونکە ئەوان خێرو خۆشییان بۆ پێغەمبەرو بۆ موسولمانان ناوێ.

لەلایەکی ترەوە ﴿وَإِنْ تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ يَقُولُوا: قَدْ أَخَذْنَا أَمْرَنَا مِنْ قَبْلُ﴾ ئەگەر بەلاو ناخۆشییەکتان تووش بێ، تێشکانو هەلاتنو پاشەکشە کردنو کوشتنو بریندار بوونتان تووش ببێ وەکوو ئەوەی رۆژی جەنگی ئوحود بەسەرتان هات؛ ئەوە دەلێن: ئێمە زوو بۆخۆمان ئەوەمان دەزانیو هەرزو حیسابی ئەوەمان کردبوو خۆمان لێ پاراستو خۆمان نەخستە ناو ئەو گێژاوەوە، خۆمان لەشەرەکە پاش داو کەنارگیریمان کردو خۆمان بەفتارە نەدا، ئێمە بۆخۆمان پێش بینی ئەوەمان کردبوو ئەم تێشکانەمان لەپێش چاوبوو ﴿وَيَتَوَلَّوْا وَهُمْ فَرِحُونَ﴾ ئەمجار لەشوێنی ئەم ناخاوتنەیان هەلدەستنو بەرەو مالو مندالی خۆیان دەگەرێنەوە، کەیف خۆشو

تەڕدەماخن بەئاکامی لەبەرچاوی هەنووکەیی ئەو روداوە، دڵخۆشن بەوەی کە موسوڵمانان تووشی ئەو ناڕەحەتیو تەنگو چەڵەمەیی‌یە بوونو بۆخۆشیان رزگاریان بووە.

ئەوانە بەشێوەیەکی کوێرانەو نەفامانە سەیری روداوەکان دەکەن، پێیان وایە: هەموو بەڵاو موصیبەتێک لەهەموو حاڵێک دا شەڕو بەدبەختییە، وا گومان دەبەن کە خۆیاشدان لەچوون بۆ غەزاو دانیشتن لەماڵەوە خێرو خۆشی بۆخۆیان دەستەبەر دەکا، دڵیان بڕوای ئەوەی تێدا نیە خۆیان بەخودا بسپێرنو رازی بن بەقەزاو قەدەری پەروەردگارو دڵنیابن کە خێر لەوەدایە خودا دەیڕەخسێنێ.

موسوڵمانی راستو خوداپەرست کۆشش دەکاو هەڵمەت دەباو لەخودا نەبێ لەهیچ ناترسێ، چونکە بڕوای قایمو پتەوەو دڵنیایە کە هەرچی تووشی دەبێ لەخێرو شەڕ پابەندە بەویستو ئیرادەی خوداوە. هەمیشە خودا یارمەتیدەرو پاڵپشتی ئەوانەیە: کە خۆیان بەخودا دەسپێرن!

ئەمجار پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەری خۆی دەکا: کە وەڵامی ئەم هەڵوێستە نامرۆڤانەی مونافیقەکان بداتەوە، کە بەخێرو خۆشی موسوڵمانان دڵتەنگ دەبنو بەهاتنی بەڵاو موصیبەت بەسەریان دا دڵخۆشو تەڕدەماخن. دەفەرموێ: ﴿قُلْ: لَنْ يُصِيبَنَا إلاَّ مَاكَتَبَ اللهُ لَنَا﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! پێیان بڵێ: ئەوەی کە خودا لەلەوحولمەحفوظ دا بۆی نەنووسیبن نایەتە رێمانو تووشمان نابێ. ئێمە لەژێر چاودێری مەشیئەتو قەزاو قەدەری خودا داین. ئەو سەرپەرشتیارو یارمەتیدەرو رەنگرێژی کارو بارمانە. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ مَوْلَى الَّذِينَ آمَنُوا، وَأَنَّ الكَافِرِينَ لاَمَوْلَى لَهُمْ﴾محمد/١١، هەرچی بۆمان بڕیار دەداو داویەتی هەمووی بەرژەوەندی ئێمەی تێدایەو خێرە، خودا بۆخۆی سەرکەوتنی سەرەنجامی بۆ موسوڵمانان نووسیوە، لەئاکام دا بەڵێنی سەرکەوتنی پێ داون، هەر بەڵاو نارەحەتیەکی تووشیان دەبێ، ئەوە ئەزمونو تاقیکردنەوەو پەروەردەکردنیانە بۆ گەیشتن بەسەرکەوتنی کۆتایی، بۆ ئەوەی موسوڵمانان بەبەڵگەو چاوڕونیو هۆشیارییەوە بەو سەرکەوتنە بگەن، بەگوێرەی دابو

نەڕێتی خوداو لەڕێگەی هۆکارەکانی سەرکەوتن، بەگوێرەی هەوڵو تێکۆشان سەرکەوتنێکی گرنگ بەدەست بێنن نەک سەرکەوتنی هەرزانو هیچو پووچ. عیزەتو شکۆمەندییەک بەدەست بێنن: کە جەنگاوەرانی خاوەن ورەو دەروونی بەرز کە ئامادەباشییان تێدایە بۆ بەرەنگاریکردنی هەموو بەلایەک پارێزگاری بکەن، ﴿وَعَلَى اللهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ با موسوڵمانان تەوەکولیان هەر بەخودا بێ، پشتیان هەر بەو ببەستن، واتە: بڵێ: ئێمە هەر بەخودا پشت دەبەستینو ئەومان بەسە، نابێ موسوڵمانان جگە لەخودا پشت بەهیچ کەسی تر ببەستن، ئەمجار بڕوا بەقەزاو قەدەری خوداو پشت بەستن بەخودا نابێ ببنە لەمپەڕ بۆ دابینکردنی پێویستیاتی ژیان لەشەڕو ئاشتی دا بەگوێرەی توانا، چونکە ئەوە فەرمانی خودایە بەرونو ئاشکرا فەرمان بەموسوڵمانان دەکا: کە هەرچی لەتوانایان دا هەیە لەچەکو تفاق بۆ بەرامبەری کافران دابینی بکەن ئەی ئەوە نیە لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ.....الآية﴾

ئاشکراشە جۆری دابینکردنی پێویستیاتی جەنگ زۆرو هەمە جۆرن، خۆپاراستن لەکێشەو دووبەرەکی لەناو ریزی موسوڵمانان دا بەشێکە لەخۆسازدانو بەرامبەری کردنی دوژمن. هەوڵدان بۆ یەکیەتیو تەبایی بەشێکە لەو خۆسازدانە. هەر کەسێک فەرمانی خودا بەتەواوی جێبەجێ نەکا پشتی بەتەواوی بەخودا نەبەستووە، کەسێک پێویستساتی ژیان لەکاتی جەنگو لەکاتی ئاشتی دا دابین نەکاو هەوڵ نەدا بۆ وەدەستهێنانیان مانای وایە پشتی بەخودا وەکوو پێویست نەبەستووە.

لەلایەکی ترەوە موسوڵمان کاروباری هەموو خێرو چاکەیە، سەرکەوتن بەدەست بێنی یان شەهید ببێ. کافر هەموو ئیشێکی بەدبەختیو چارەرەشییە، راستەوخۆ سزای خودایان تووش ببێ، یان بەدەستی موسوڵمانان بکوژرێن.

ئەمجار پەروەردگار رێنموویی پێغەمبەر دەکا: کە وەلامێکی تری ئەو مونافیقانە بداتەوە کە بەوە دڵخۆش دەبن موسوڵمانان تووشی بەلاو نارەحەتی ببن، دەفەرموێ: ﴿قُلْ: هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَا إِلَّا إِحْدَى الْحُسْنَيَيْنِ﴾ ئەی

پێغەمبەری خۆشەویست! بەو دووڕووانە بڵێ: ئایا ئێوە جگە لەیەکێ لەدوو ئاکامی باش چی تر بۆ ئێمە چاوەڕوان دەکەن؟ ئایا جگە لەسەرکەوتنو ظەفەر، یان شەهید بوونو پاداشی باشی قیامەت چی تر بۆ ئێمە چاوەڕوانن؟ ئێمە ئەگەر بژێین بەسەر بەرزیو ژیانی شکۆمەندیو خوداپەرستی ژیان بەسەردەبەین، ئەگەر بمرین بەشەهیدی دەمرین، سەر بەرزو پیاوانە دەچینە دەشتی مەحشەر (هەزار وتەنی: مەردانە مردن نەکێ ژنانە ژین).

﴿وَنَحْنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمْ اَنْ يُصِيبَكُمُ اللهُ بِعَذَابٍ مِنْ عِنْدِهِ أَوْ بِأَيْدِينَا﴾

وەلحال ئێمە چاوەڕوانی یەکێ لەدوو ئاکامی خراپین کە تووشی ئێوە ببێ؛ یەکەمیان ئەوەیە: خودا لەلایەن خۆیەوە سزایەکتان بۆ دێنێ، لەئاسمانەوە گرمەو هەورەبروسکەو زریانێکتان بۆ بنێرێ، یان بوومەلەرزەو بورکانێکتان لەژێرەوە لێ هەڵسێنێو غافڵگیرتان بکاو لەناوتان بەرێ، دووەمیان ئەوەیە: کە بەدەستی ئێمە تووشی سزای کوشتنو لێدانو بریندار کردنو رفاندنو جۆرەها نارەحەتی تر ببن، ﴿فَتَرَبَّصُوا اِنَّا مَعَكُمْ مُتَرَبِّصُونَ﴾ ئێوە چاوەڕوانی ئاکامی ئێمەبنو ئێمەش چاوەڕوانی سەرەنجامو ئاکامی ئێوەین، هیچ گومانیش لەوەدا نیە هەردوکێ لامان دەگەینە سەرنجامو ئاکامی خۆمانو ناتوانین خۆمانی لێ لادەین. ئێمە دڵنیاین لەوادەی خودای خۆمانو بەڵگەی بەهێزمان بەدەستەوەیە، ئێوە هیچ رێنمویەکی چاکتان نیە، شوێن رێبازی شەیتان کەوتوونو گومرابوون ئێمە شوێن رێبازی خودا کەوتووینو هیدایەتدراوین. دڵنیا بن ئێوە لەئێمە شتێکێ نابینن کە دڵتان خۆش بکا، ئێمەش لەئێوە شتێکێ نابینین کە دڵتان ناخۆش نەکا. ئێوە چاوەڕوانی وادەو بەڵێنی شەیتان بن، ئێمە چاوەڕوانی وادەو بەڵێنی خوداین.

پووچەڵبوونەوە خێرو خێراتی مونافیقەکانو بەفیڕۆ چوونی نوێژو خوداپەرستیان

قُلْ أَنفِقُواْ طَوْعًا أَوْ كَرْهًا لَّن يُتَقَبَّلَ مِنكُمْ إِنَّكُمْ كُنتُمْ قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴿٥٣﴾ وَمَا مَنَعَهُمْ أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَٰتُهُمْ إِلَّآ أَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَبِرَسُولِهِۦ وَلَا يَأْتُونَ ٱلصَّلَوٰةَ إِلَّا وَهُمْ كُسَالَىٰ وَلَا يُنفِقُونَ إِلَّا وَهُمْ كَٰرِهُونَ ﴿٥٤﴾ فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمْ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٥٥﴾

دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئایەتی ژمارە (٥٣) ئیبنو جەریری طەبەری لەئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: جەدی کوڕی قەیس بەپێغەمبەری گوت: من کە ئافرەتی ڕۆمی ببینم ناتوانم خۆڕابگرمو تووشی فیتنە دەبمو دەکەومە داویانەوە، بۆیە نایەم بۆ غەزا بەڵام بەماڵو سامان کۆمەگی دەکەم، ئیتر ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو نازڵ بووە.....

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتانە بەئایەتەکانی پێشەوە لەم ڕووەوەیە:

لەوەپێش پەروەردگار سەرەنجامی مونافیقەکانی دیاری کرد؛ کە سزادانیان بوو لەدنیاو لەقیامەت دا. ئەمجار بەشوێن ئەوەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە: کە ئەو دووڕووانە چەندێک کاری باش ئەنجام بدەن وەکوو ماڵبەخشین لەپێناو جیهاددا لەقیامەت سوودی لێ نابینن، چونکە ئیشەکەیان بۆ ڕیبابازیو خۆهەڵنانەوەیەو بۆ داپۆشینی کردەوە ڕیسوا بەرەکانیانە.

مەبەست ئەوەیە: کە هۆکاری سزای دونیاو قیامەت بۆ ئەوان کۆبۆتەوەو هۆکاری ڕاحەتو کامەرانییان لێ تەرەبووە، لەدونیاو قیامەت خۆشی نابینن! ماڵو سامانی زۆریان هۆی ماندوییو شەکەتی دونیایانەو لەقیامەتیش دا بارگرانیو ئاگری دۆزەخە بۆیان.....

ئـەوەبوو: بـڕێ لـەو دووڕووە خوێڕییانـە خۆیـان لەغـەزای تـەبووک دەدزییەوە، پێشنیاری ئەوەیان کرد: بـڕێ لـەماڵو سامانی خۆیـان پێشـکەش بەپێغەمبەرﷺ بکەن بۆ ئەوەی ناوەراستی عەصاکە بگرن نەک ئەمسـەر یـان ئەوسەری. ئەمەش دابـو نەرێتی ئادەمیزادی دووڕووە لەهەموو ڕۆژگـارێک دا خـەتی گەرانـەوە بـۆ خۆیـان دەهێڵنـەوە. ئیـتر پـەروەردگار چـاوو راوەکـەی ڕەتکردنـەوەو بەپێغەمبـەری خـۆی فـەرموو: کـە جـاڕی ئـەوە بـدا: کـە ماڵبەخشـینەکەیان لای خـودا مـەقبووڵ نیـەو بـەفیڕۆ دەچـێ! چونکـە ئـەوان ماڵبەخشینەکەیان بۆ ریبابازیو لەترسانە، لەبیرو باوەڕەوە نیەو بۆ خودا نیـە. جا ئەو ماڵو سامانەی دەیبەخشن بەخۆشی خۆیان بـێ یـان لەترسـان بـێو بـۆ داپۆشـینی تاوانـەکانیان بـێو چـاو بەسـتەکێ بـێ، لەهـەردوو حاڵەکـە دا ماڵبەخشینەکەیان بەفیڕۆ دەچێو لای خودا خێرو ئەوابیان ناگاتێ.

﴿قُلْ أَنفِقُوا طَوْعاً أَوْ كَرْهاً لَنْ يُتَقَبَّلَ مِنكُمْ﴾ ئـەی پێغەمبـەر! بـەو دووڕووانە بڵێ: چەندێک ماڵو سامان ببەخشن لەرێگەی خوداداو بـۆ جیهـادو لەبواری کاری خێردا بەخۆشیو بەناخۆشی لێتان وەرناگیرێو هیچ پاداشتان بـۆ حیساب ناکرێ؛ چونکە ئێوە تاقمو پێرێکی کافرو بێ بڕوان، بڕواتـان بـەخوداو بەپێغەمبەری خودا نیە، شکو گومانتان هەیە دەربارەی پەیامی پێغەمبـەرو ناوەرۆکی ئایینو پێتان وا نیە ڕۆژی قیامەت پاداش لەسـەر کـردەوەی چـاکو سزا لەسەر خراپەکاری هەبێ.. ﴿إِنَّكُمْ كُنتُمْ قَوْماً فَاسِقِينَ﴾ چونکـە ئێـوە تاقمگەلێکی فاسقو لەڕێ دەرچوون، لـەخودا یـاخی بـوون بـێ بـڕواو ئیمـانن، کردەوەش کاتێک پەسندە کـە ئیمـانی لەگـەڵ بـێ؛ وەکـوو لەئایـەتێکی تـردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ﴾المائدة/٢٧.

کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّكُمْ كُنتُمْ قَوْماً فَاسِقِينَ﴾ عیللـەتو باییسـە بـۆ ڕەتکردنـەوەی ماڵبەخشـینەکەیانو وەرنـەگیرانیو قبـووڵ نـەبوونی لـەدونیاو قیامەت دا. واتە: هۆی وەرنـەگیرانی ماڵبەخشین لێیـان ئەوەیـە: کـە ئـەوان فاسقو بێ بڕوان، کافرو خودا نەناسن.

﴿وَمَا مَنَعَهُمْ أَنْ تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَاتُهُمْ إِلَّا أَنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ﴾ هیچ شتێ نیە مەنعی ئـەوەی لێ کردبـن کـە ماڵبەخشـینیان لێ

وەربگیرێو خێرو خێراتیان لای خودا پەسند بێ، بێجگە لەوەی: کە ئەوانە ئەم سێ رەوشتەیان تێدا کۆبوونەوە.

یەکەمیان: ئەوەیە: بڕوایان: بەخوداو بەپێغەمبەری خودا نیە.

دووەم: ﴿وَلاَ يَأْتُونَ الصَّلاَةَ إِلاَّ وَهُمْ كُسَالَى﴾ نوێژەکانیان ئەنجام نادەن مەگەر لەحاڵی تەمبەڵیو تەوەزەلی دا، کە نوێژەکانیان دەکەن بۆ ریبابازیو خۆپارێزییە، نەک لەبەر ئەوە دەیکەن کە بڕوایان بەواجبی نوێژ هەیە. بۆیەی ناکەن خودا پاداشیان بداتەوە، لەبەر ئەوە نوێژەکانیان ئەنجام نادەن کە فەرمانی خودایەو بەجێ هێنانی ئەرکی سەرشانیانە. بۆیە لەکاتی ئەنجامدانی نوێژەکانیان لەشگرانو جەستە قورسن دەڵێی بێگاریان پێ دەکرێ، هیچ دڵو دەروونیان بەنوێژەکە روناک نابێتەوەو جەستەیان چوستو چالاک نابێ.

سێیەم: ﴿وَلاَ يُنفِقُونَ إِلاَّ وَهُمْ كَارِهُونَ﴾ ماڵو سامانیان نابەخشن لەبەرژەوەندی جیهادو بواری خێرو چاکەی تردا مەگەر بەشێوەیەکی پیناخۆشبوونو نابەدڵو دەڵێی بەزۆر لێیان دەسێنرێ، چونکە ئەوان ئەم جۆرە ماڵبەخشینەیان بەلاوە سەرانەو جەریمەیەو موسوڵمانان سوودی لێ وەردەگرن، نەک خۆیان، چونکە خۆیان بەموسوڵمان حلێب ناکەن، کەوابێ هیچ سوودو قازانجی قیامەتی لێ ناکەن، چونکە بڕواو ئیمانی لەگەڵ دا نیە، لەدونیاش دا سوودی لێ نابینن.

بێگومان ئەمە نموونەی دووڕووە لەهەموو کاتو سەردەمێک دا، هەمیشە ترس سواری شانیان بووەو لەدڵەڕاوکێ دان، دەیانەوێ خۆیان بسازێنن، دڵو دەروونێکی پیسرو پۆخەڵ، رواڵەتێکی روتوقوت لەهێزی گیانی، شتێک دەڵێ کە بەدڵ بڕوای پێی نیە.

نوێژ دەکەن بەتەمبەڵیو جەستەگرانیو روتو خاڵی لەهەموو لایەنێکی گیانی، نوێژەکەیان وا ئەنجام نادەن کە نیشانەی ئیمانی پێوە دیار بێ، چونکە لەناخەوە هەڵنەریان تێدا نیە، بەڵکوو وا هەست دەکەن کە بەزۆر پێیان دەکرێو ناچارن، هەروەها کە ماڵو سامانی خۆیان دەبەخشن نیشانەی نارەزامەندییان پێوە دیارەو دەڵێی پێستیان دەگرویو بەرو رایان دەکێشی.

پەروەردگار هەرگیز کردەوەیەکێ وەرناگرێ کە لەعەقیدەو باوەڕەوە هەڵنەقوڵابێ، ئاوێتەی هەستو شعوور نەبووبێ، واقیعو هەڵنەر روکنی هەرە گرنگی کردەوەن. نیەتیش پێوەری راستو دروستی کردەوەیە. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: **(انما الأعمال بالنيات وانما لكل امرئ مانوى).**

لێرەدا پرسیارێکێ دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە:

لەئایەتی پێشوودا وای راگەیاند کە دووڕووەکان دوو تاقم بن: بەشێکیان ماڵیان بەخشیبێ بەئارەزۆی خۆیانو بەشێکیان بەزۆرە ملێ ماڵیان دابێ! کەچی لەم ئایەتەدا دەق ئەوەی راگەیاند کە هەر بەزۆرە ملێ ماڵیان دەبەخشن!!!

لەوەڵام دا دەڵێین: ئەوان بەتێکڕایی لەناخەوە پێیان ناخۆشە ماڵو سامانی خۆیان لەجیهادو بەرژەوەندی تری موسوڵمانان دا ببەخشن. وەلێ هەندێ لەوانە کە بێ داوالێکردن بەئارەزۆی رواڵەتکاری خۆیان، شتێکیان بەخشیبێ بۆ خۆ هەڵنانەوەو کەشخە کردن، یان شێوەی (تقية)و خۆنیشان دان بەموسوڵمانی باش، ماڵیان بەخشیوە کەوابوو ئەگەر شتێکان دابێ ئەوە لەبەر ئەوە بووە ماڵبەخشیەنەکەیان بەلاوە ئاسان تر بووە لەوەی بەشداری غەزای تەبووک بکەن، واتە بۆ خۆشاردنەوە لەو سەفەرە سەختە هاتوون پێشنیاری ئەوەیان کردوە: کە برێ ماڵو سامان بدەنو لەماڵەوە لێی دانیشن. کەوابوو لەراستی دا ئەم ماڵبەخشینەیان هەرچەندە بەرواڵەت بەویستی خۆیانە، بەلاّم لەراستی دا لەترسانەو بەزۆرە. ئەمانیش وەکوو تاقمەکەی تریان لەترسانو بەناچاری داویانە.

لەلایەکە ترەوە دەتوانین بڵێین: مەبەست بەوشەی (طوعاً) ئارەزۆو پێخۆشحاڵی نیە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە: بێ ئەوەی پێغەمبەرو موسوڵمانان یان سەرۆکەکانی خۆیان زۆریان بۆ بێننو لێیان بسێنن، ئەوان هەرچەندە پێشیان ناخۆشە ماڵی خۆیان داوە. مەبەست بەوشەی (كرها) زۆر لێکردنو ناچار کردنیانە بەماڵبەخشین.

بێگومان ئەو دووڕووانە: کە بەنابەدڵیو بۆخۆ دزینەوەو خۆشاردنەوە ماڵو سامانیان دەبەخشن، دەوڵەمەندو خاوەن کوڕو خزمو کەسو کاربوون،

پیاو ماقوولو ریش سپی بنەماڵەو خێڵی خۆیان بوون، بەڵام ئەم شتانە لای خودا بەهیچ ناچن، دەبێ لای پێغەمبەرو موسوڵمانانیش بێ بایەخ بنو بەهیچ نەچن، ئەوانە نیعمەتیان نەدراوەتێ تا پێی دڵخۆش بن، بەڵکو فیتنەو نیقمەتە خودا بۆی هێناونو، مایەی سزاو نارەحەتییانە. کەوابێ ﴿فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُمْ﴾ ئەی فروستادە! یان ئەی بیسەر! با ماڵو سامانی ئەو دووڕووانە سەرنجی ئێوە ڕانەکێشێ، منداڵو کەسو کاریان ئێوە نەخاتە حاڵەتی سەرسوڕمانەوە! با نازو نیعمەتی کە پێمان داون ئێوە سەرسام نەکا، هەموو ئەو شتانە کە بەڕاڵەت بەنیعمەت دێنە بەرچاو لەراستی دا هۆکاری بەدبەختیو چارەرەشییە بۆ ئەوان، ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ پەروەردگار دەیەوێ بەو ماڵو سامانە لەژیانی دونیایان دا سزایان بدا، ئەوەتا بەماندوبونێکی زۆرو چەرمەسەری کۆی دەکەنەوە، لەپێناو وەدەستهێنانی دا چەند تووشی گێروگرفتو دڵەڕاوکێ دەبن، پاشانیش بەخۆشیو ناخۆشی بەنابەدڵیو پێناخۆشبوونەوە دەبێ لەجیهاددا خەرجی بکەن، بەزەکاتو کۆمەگی کردنی موسوڵمانانو بەهێزکردنی دەوڵەتی ئیسلام بەشێکی لێ ببەخشنو هەروەها منداڵو کەسو کاریان وا دەبێ لەجەنگو روبەڕوبوونەوە دا گیان لەدەست دەدەنو ئەمانیش بۆیان بەپەرۆشنو چ پاداشیشیان نادرێتێ (واتە: فاسقی مەحروومن) ﴿وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَافِرُونَ﴾ بۆ ئەوەی گیانیان دەرچێ بەکافری! لەقیامەت دا سزا بدرێن بەسزای دۆزەخ، چونکە بەکافریی دەمرنو کردەوەی باشیان هەمووی پووچ کراوەتەوە. واتە: ئەم ماڵ پێدانو منداڵ پێدانو لەشساغو نیعمەتە جۆراو جۆرانەی پێیان دراوە، هەمووی لەخشتە بردنو ئیستیدراجە، بۆ زێدە گومڕا بوونیانە، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُوا إِثْمًا﴾آل‌عمران/١٧٨، یان ﴿وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ، وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ﴾طه/١٣١، یان ﴿أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِ مِن مَّالٍ وَبَنِينَ، نُسَارِعُ لَهُمْ فِي الْخَيْرَاتِ، بَل لَّا يَشْعُرُونَ﴾المؤمنون/٥٦.

بەکورتی کردەوەی چاکی کافر وەکوو بەجێهێنانی صیلەی رەحمو یارمەتیدانی لێقەوماوو ئەم جۆرە شتانە، وێ دەچێ لەژیانی دونیادا سوودی لێ ببینێ، بەلام لەقیامەت دا چ پاداشتی نادرێتەوە، ئاماژە بەو فەرموودەیەی کە موسلیم لەعائیشەوە ریوایەتی دەکا دەفەرموێ: عەرزی پێغەمبەرم کرد وتم: ئەی رەوانەکراوی خودا! ئیبنو جووعان لەسەردەمی نەزانی دا صیلەی رەحمی بەجێ دەهێنا، فەقیرو هەژاری نان دەدا، ئایا ئەو کردەوانەی سوودی پێ دەگەیەنن؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: نەخەیر سوودی پێ ناگەیەنن؛ چونکە ئەو رۆژێک لەرۆژان لەژیانی دا نەیگوتووە: (**رب اغفر لي خطيئتي يوم الدين**) واتە: چونکە برِوای بەخودا نەبوە..

لەئەنەسەوە گێردراوەتەوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: پەروەردگار ستەم لەموسوڵمان ناکا بۆ بچووکترین چاکە، لەدونیادا پاداشتی دەداتەوەو، لەقیامەتیش دا پاداشی دەداتەوە، بەلام کافر: کە لەدونیادا خواردەمەنی دەست دەکەوێ ئەوە بەبەسونگەی ئەو کردەوانەی کە لەدونیادا بۆ خودا کردوونی، کە چووە ژیانی قیامەتەوە ئیتر هیچ چاکەیەکی نیە پاداشی پێ وەربگرێ.

قسەی پوختو راست ئەوەیە: سوود بینینی کافر لەچاکەی خۆی لەدونیادا بەگوێرەی ویستو ئیرادەی خودایە، هەرکاتێ ویستی لەدونیادا پاداشی بداتەوە دەیداتەوە وەکوو دەفەرموێ: ﴿**عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاءُ لِمَنْ نُرِيدُ**﴾الأسراء/١٨.

سوێند خواردنی دووڕووەکانو هەوڵدانی هەل وەدەستهێنانیان بۆ تانەو تەشەردان لەپێغەمبەرﷺ

وَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ وَمَا هُم مِّنكُمْ وَلَٰكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُونَ ﴿٥٦﴾ لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَأً أَوْ مَغَارَاتٍ أَوْ مُدَّخَلًا لَّوَلَّوْا إِلَيْهِ وَهُمْ يَجْمَحُونَ ﴿٥٧﴾ وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ فَإِنْ أُعْطُوا مِنْهَا رَضُوا وَإِن لَّمْ يُعْطَوْا مِنْهَا إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ ﴿٥٨﴾ وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا مَا آتَاهُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ سَيُؤْتِينَا اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَرَسُولُهُ إِنَّا إِلَى اللَّهِ رَاغِبُونَ ﴿٥٩﴾

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی ژمارە (٥٨) بوخاریو نەسائی لەئەبو سەعیدی خودرییەوە دەگێڕنەوە، دەڵێ: لەکاتێک کە پێغەمبەرﷺ ماڵو سامانێکی دابەش دەکرد، ذولخوەیصیرەی تەمیمی کە (حەقوصی کوڕی زوهەیرەو ماکی خەواریجەکانە) هاتە خزمەتیو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! دادپەروەربە، عەداڵەتکاری بکارێنە! پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ماڵوێران؛ ئەگەر من عەداڵەتکاری نەکەم ئەدی کێ عەداڵەتکاری ئەنجام دەدا؟ عومەری کوڕی خەتتاب وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئیزنم بدە با لەملی بدەم، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: نا وازی لێ بێنە! بێگومان ئەمە هاوەڵو تاقمو دەستەو دائرەیەکی هەیە یەکێ لەئێوە پێی ناخۆشە نوێژیان لەگەڵ بکا، ڕۆژوویان لەگەڵ بگرێ. ئەمانە لەئایین دەردەچن، وەکوو چوون تیر لەکەوان دەردەچێ. ئایەتی ﴿وَمِنْهُمْ مَنْ يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ﴾ دەربارەی ئەوان هاتۆتە خوارێ.

ئیبنو ئەبی حاتەم لەجابیرەوە ریوایەتێکی لەم شێوە گێڕاوەتەوە. ئیبنو جەریر لەداودی کوڕی ئەبو عاصیمەوە ریوایەت دەکا: دەڵێ: ماڵو سامانێکی

زەکاتیان هێنایە خزمەت پێغەمبەرﷺ بەسەر ئەو ئەودا دابەشی کرد، تا هیچی نەمایەوە، پیاوێکی ئەنصاری چاوی لەم دابەشکردنە بوو، وتی: ئەمە دادی تێدا بەکار نەهاتووە، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ.

ریوایەتی تریش لەم بارەوە هەن بەپێویستم نەزانی راگوێزی ئێرەیان بکەم. سەرجەم ریوایەتەکان ئەوە دەگەیەنن کە ئەوانەی تانەو تەشەریان دەدا لە پێغەمبەرﷺ دووڕووەکان بوون.

پەیوەندی ئەم ئایەتە بەئایەتەکانی پێشووەوە ئەوەیە: دوای ئەوەی کە پەروەردگار ئەوەی راگەیاند: کە دووڕووەکان هەموو زیانی دونیاو قیامەتیان لەخۆ گرد کردۆتەوە، ئەمجار ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەوان لەهیچ خراپەکارییەکێ ناپرینگێنەوە، کە پەلاماری سوێندی بەدرۆ دەدەن، لەهەلو فرصەت دەگەڕێن بۆ تانەو تەشەردان لەپێغەمبەرﷺ ئەوەبوو: لەسەر زەکات وەرگرتن لەدەوڵەمەندان تانەیان لێ دەداو دەیانگوت: خزمەکانی پێش دەخاو بەزۆری زەکات بەوان دەدا دادپەروەری لەدابەشکرنەکە دا بەکار ناهێنێ.

بێگومان مونافیقەکان خۆیان خزاندۆتە ریزی موسوڵمانانەوە، نەکێ لەرووی ئیمانو باوەڕەوە، بەڵکوو لەترسانو بۆ خۆپاراستن، بۆ تەماعو دەسکەوت، ئەمجار سوێندیان دەخوارد دەیانگوت: ئێمە موسوڵمانینو بەباوەڕەوە ئیسلاممان قبووڵ کردوە، ئیتر ئەم ئایەتانە فەضحیان دەکەنو پەردەیان لەسەر لادەبەن، کراسی دووڕوویان لەبەر دادەڕنو دەفەرموێ: ﴿وَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ﴾ سوێند بەخودا دەخۆنو جەخت دەکەن: کە ئەوانە بەراستی لەپێری ئێوەنو موسوڵمانو بەدڵ ئایینی ئیسلامیان وەرگرتووە، لەکاتێکێ دا ﴿وَمَا هُم مِّنكُمْ﴾ ئەوان لەتاقمی ئێوە نین، ﴿وَلَٰكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُونَ﴾ بەڵکوو ئەوانە دەستەو تاقمێکن ترسنۆکو چاوچنووکێ، لەترسو ناچاری دا خۆیان تێکەڵ بەئێوە دەکەنو خۆ بەپێری ئێوە حلێب دەکەن. ئەوانە: کە ئەو هەموو سوێندانە دەخۆنو خۆیان لەکۆمەڵی ئێوە حسێب دەکەن ﴿لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَأً أَوْ مَغَارَاتٍ أَوْ مُدَّخَلًا﴾ ئەگەر قەلاو پەناگایەکیان چنگێ بکەوێ، یان ئەشکەوتو کونە شاخێکیان بدۆزیایەوە، یان کونو نەفەقێکیان لەزەوی دەست بکەوتایەو بیانزانیایە تێیدا ئارام دەگرنو

پارێزراو دەبن ﴿لَّوَلَّوْا۟ إِلَيْهِ﴾ خۆیان بۆ دەکوتاو پەنایان بۆ دەبردو خۆیان تێ دەخزاندو لەئێوە جیا دەبوونەوە. هەرچەندە ئەم جۆرە شوێنانە خراپترین شوێنو مەسکەنن ﴿وَهُمْ يَجْمَحُونَ﴾ ئەوانە بەراکردنو هەڵپە کردن بۆ یەکێ لەم کونو کەلەبەرانە رایان دەکردو رادەجمین، بەشێوەیەک هیچ شتێ نەدەبوو بیانگێڕێتەوە، وەکوو ولاخی چەمووشو سەرکەش غاریان بۆ لادەداو واتە: ئەو ناپاکانە هێندە لەتێکەڵی ئێوە بێزارن، هەر روناکایەکیان شک ببردایە خۆیان لەئێوە جیا دەکردەوە..... یان لەبەر ئەوەی زۆر دەترسن پەردە لەسەر ناپاکییەکەیان هەڵبدرێتەوە ئاواتە خوازن شوێنێکیان دەست بکەوێو بۆ لای بەغارو هەڵەداوان بچن، جا با ئەو شوێنە تەنگو تاریکو هەڵدێرو ناخۆشیش بێ.

ئەوان کە لەگەڵ ئێوە دەژین ناچارییەو پێیان ناخۆشە، لەخۆشەویستییان نیە. بەڵام ناچارنو ناچاریش حوکمی تایبەتی خۆی هەیە.

هەر بۆیەشە ئەو ناپاکانە هەمیشە غەمبارو دڵتەنگن کە دەبینن ئیسلامو موسوڵمانان لەپێشکەوتنو سەرکەوتن دان.

ئەمجار سیباقی سوورەتەکە بەردەوام دەبێ لەسەر دەرخستنی نیازو مەبەستو کردارو گوفتاری بەدو نالەباری مونافیقەکان، پەردە لەسەر دووڕوویی بەدڕەوشتیان لادەدا، هەرچەندە ئەوان هەوڵ بدەن خۆیان بەپیاو چاک بخەنە بەرچاوو خۆیان داپۆشن بەڵام نەیانتوانیو ناتوانن، چونکە خودا هەواڵی لێدان، هەیانبوو تانەو تەشەری لەپێغەمبەرﷺ دەدا، رەخنەی لێ دەگرت دەربارەی دابەشکردنی زەکات بەسەر خەڵک دا بەوە تاوانباریان دەکرد گوایە: دادپەروەری بەکار ناهێنێ. لەکاتێک دا پێغەمبەرﷺ لەهەموو تاوانێک مەعصووم بووە، دادپەروەریو رەوشتی پاکو بەرز هەرلای ئەو بەتەواوی هەبوە.

هەیانبوو دەیگوت: پێغەمبەر خۆش باوەڕی گوێ لەمشتەو گوێ لەهەموو قسەیەک دەگرێ، چی پێ بگوترێ باوەڕی پێ دەکا، لەکاتێک دا ئەو پێغەمبەرەﷺ یەکەم ئادەمیزادی ژیرو بەرچاورونو لێزانو لێهاتوو کار دروست بووە، تەنانەت لای دوژمنانیش چ جایی لای دۆست!

هەیانبوو قسەی ناشرینو بەدی دەربارەی پێغەمبەرﷺ بەدەم دا دەهاتو هەڵەوەڕی دەکرد، جا کە لیٚی ئاشکرا دەبوو، بەسوێندو پاکانە کردنی بەدرۆ خۆی لیٚ بەری دەکرد. هەیانبوو دەمی خۆی دەپاراست نەیدەوێرا ئەوەی لەدڵی دایە بیڵیٚ، دەترسا قورئان بێتە خوارێ ناپاکی‌یەکەی ئاشکرا بکا. ئیتر ئەم ئایەتەی دوایی ئەو هەڵوێستو نیازانەی مونافیقەکانمان بۆ روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَمِنْهُمْ مَنْ يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ﴾ هەندێ کەس لەناو ناپاکان هەیە: کە رەخنەت لیٚ دەگرێ دەربارەی دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگو زەکاتی ماڵو سامانی دەوڵەمەندان کە لێیان وەردەگرێ، تانەو تەشەرت لیٚ دەدەن، پڕوپاگەندەی ناشیرینت دەربارە بڵاو دەکەنەوە، گوایە: تۆ فەرقو جیاوازیو لایەنگیری دەکەی لەدابەشکردنی ئەو ماڵو سامانە دا کە دەکەوێتە ژێر دەستت!! ئەوانە کە ئەو پڕوپاگەندانە بڵاو دەکەنەوە لەبەر دڵسۆزییان نیە بۆ عەداڵەتکاری، نیازیان پاکێ نیەو بۆ دادو ئایین هاوار ناکەن، بەڵکوو ئەوانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان هاواریان لیٚ هەڵساوە، بۆ تەماعو چاوچنۆکی خۆیان شاتە شاتیانە. (بەکوردی شینەکەیان بۆ حسێن نیە بۆ هەریسەیە!)

﴿فَإِنْ أُعْطُوا مِنْهَا رَضُوا﴾ ئەوانە ئەگەر لەو ماڵو سامانە بەشیان بدرێ، زۆر رازینو گوێیان لەهیچ کەسێکی تر نیەو گرنگی بەحەقو عەداڵەتو ئایین نادەن چ نیازو مەبەستێکیان بەو زاراوانە نیەو باسیان ناکەن. ﴿وَإِنْ لَمْ يُعْطَوْا مِنْهَا﴾ ئەگەر لەو ماڵو سامانە بەشیان نەدرێ ﴿إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ﴾ ئیتر دەسبەجێ شێتگیر دەبنو بیٚ سیٚوودوو نارەزامەندی خۆیان نیشان دەدەن. چەند ریوایەتێک هەن دەربارەی ئەوانەی پێغەمبەرﷺ بەشی دانو ئەوانەی رەخنەیان لیٚ گرت:

هەندێک دەڵێن: ئەوانەی پێغەمبەرﷺ لەدەستکەوتی جەنگو لەزەکات بەشی دەدان ئەو تاقمە بوو: کە تازە موسوڵمان بوبوون واتە: (**مؤلفة القلوب**) بوون، بۆ ئەوە دڵیان لەسەر ئیسلام دابمەزرێ.

هەندێ دەڵێن: ئەوانەی رەخنەیان گرت (ئیبنو ذیلخووەیصیرە) سەرۆکی خەواریجەکان بوو؛ کە لەکاتێک دا پێغەمبەرﷺ دەستکەوتی جەنگی

حونەینی دابەش دەکرد وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! دادوەرانە دابەشی بکە. وەکوو لەپێشەوە ئاماژەمان پێ کرد.

هەندێکیش دەڵێن: رەخنەگرەکە (**ابو الجواظ**)ی دووڕوویوو: کە رەخنەی لەدابەشکردنی پێغەمبەر گرتو وتی: سەیری ئەم برادەرەی خۆمان ناکەن؟ زەکاتو دەستکەوت، بەسەر شوانو گاوانەکان دا دابەش دەکاو پێشی وایە: عەدالەت بەکار دەهێنێ!!

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ماڵوێران! بۆچی شوانی دەبێتە لەکەو عەیبە؟ ئەدی موسا شوان نەبوو؟ داوود شوان نەبوو؟ جا کە کابرا رۆیشت، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ترستان لەئەم کابرایەو هاوەڵانی ببێ ئەمانە دووڕوون.

بەهەرحاڵ دەقە قورئانییەکە ئەوە دەچەسپێنێ کە رەخنەو تانەو تەشەرەکە کۆمەڵێک دووڕوو ئاراستەی پێغەمبەریان کردوە، کە گوتووشیانە، لەبەر خاتری دین نەیانگوتووە، بەڵکوو بۆ بەشی خۆیان هاواریان لێ هەڵساوە، بەوە شێتگیر بوون کە بەشیان نەدراوە، ئەمەش نیشانەی دووڕوویی‌و ناکەس بەچەییانە، چونکە کەسێک بڕوای بەئیسلام هەبێ، گومانی لەرەوشت بەرزی پێغەمبەر دا نابێ، تەنانەت پێغەمبەرﷺ پێش پێغەمبەرایەتیشی بەراستگۆو ئەمین ناسراو بووە، عەدالەتکاری لایەنێکی ئەمانەتی خودایەو خراوەتە سەرشانی موسوڵمانانو ئەوانیش پابەندی بوون چ جایی پێغەمبەرەکەیان.

ئاشکراشە ئەم دەقە قورئانییانە چیرۆکی روداوو دیاردەی رابووردو دەگێڕێتەوە: کە پێش ئەم غەزایە روویان داوە، کە لێرەدا لەناوەندی باسی ئەم غەزایە (واتە: غەزای تەبووک)دا دەیخاتەروو بۆ وێنە کێشانی حاڵو چۆنیەتی هەمیشەیی دووڕووەکانە.

هەر بەم بۆنەیەوە سیباقی قورئان رێگای گونجاوو شیاو بە موسوڵمانانمان پیشان دەدا دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا مَا آتَاهُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ﴾ ئەگەر ئەوانە بەوە رازی بوونایە: کە پێغەمبەرﷺ بۆی دیاری دەکردنو دەیدانێ لەدەستکەوتو زەکات نەفسیان پێی دابمرکایەو

هەرچەندە بەشەکەیان کەمیش بوایە قنیاتیان پێ بکردایە، ﴿وَقالوُا: حَسْبُنَا ا للهُ﴾ بیانگوتایە: فەضلو نیعمەتی خوامان بەسەو رازین بەو بەشەی پێمان دراوە، ﴿سَيُؤْتِينَا ا للهُ مِنْ فَضْلِهِ وَرَسُولُهُ﴾ لەوە بەدوا خـودا رزقو رۆژیمـا دەداتـیو لەدەسـکەوتێکی تـردا بـەشمان زیـاد دەکـا، پێغەمبـەرﷺ بەشـی زیاترمان دەداتێ ﴿انا اِلَى ا للهِ رَاغِبُونَ﴾ ئێمـە ئومێدمـان وایـە: کـە خـودا لەفەضلو نیعمەتی خۆی بێ بەشمان نەکا، ئێمە حەزمان لێیە خودا بـەشمان بداو، جگە لەخودا لەکەسی تر داوای هیـچ ناکـەین. ئێمـە هـەر بۆ لای خـودا مـەیلو سۆزمان هەیـەو حـەزمان هـەر لەنیعمـەتی ئـەوە. ئەمەیە ئـەدەبو ئەخلاقو رەوشتی بەرزو شیاو بەموسوڵمان، ئەمەیە: ئەدەبی نـەفسو ئـەدەبی ئیمان رەزامـەندی بەدابەشکردنی خوداو پێغەمبەر، رەزامــەندی گەردنگـەچیو قەناعەت، نەک رەزامەندی ترسو زۆری!

ئەگـەر ئەوانـە بەدابەشـکرنی خـوداو پێغەمبـەر رازی بوونایـە قسـەو گفتوگۆو ئاخاوتنو هەڵسو کەوتیان بەو جۆرە بوایە کە گوترا، ئەوە بۆ ئـەوان دەبـوە مایـەی بەختـەوەری هـەردوو جیهـانو رەزامـەندی خودایـان بەدەسـت دەهێنا، مەبەستی قورئان لێرەدا فێرکردنو ئـەدەب دادانـی موسـوڵمانانە کـە هەمیشە بەنیعمەتی خودا رازی بن، بەدابەشکردنی دەستکەوتو زەکـات کـە پێغەمبەرﷺ ئەنجامی دەدا رازی بن، چونکە هەرچی دەیکـاو فـەرمانی پـێ دەکا دادپەروەریو عەدالەتکارییە، بەرژەوەندی موسوڵمانانی تێدایە، کـەوابێ ئەرکی سەرشانی موسوڵمانانە کە رازی بن بەبەشی خـوداو تـەماعی زیاتریـان نەبێ...

ئەو هەشت لایەنەی زەکاتیان بەسەردا بەش دەکرێ

﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلْفُقَرَآءِ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا وَٱلْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَٱلْغَٰرِمِينَ وَفِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ۖ فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦٠﴾

ئەمجار دوای روون کردنەوەی ئەم شێوە ئەدەبە بەرزە شیاوە لەئاستی خوداو پێغەمبەری خودادا، بەدڵو بەگیانو لەناخەوە، نەکێ بەسەر زارەکی، ئەوە رادەگەینێ کە ئیش بەدەست پێغەمبەر نیە، ئەو دابەشکردنە پێغەمبەر لەخۆیەوە ئەنجامی نادا، بەڵکوو فەرمانی خودایەو فەرزی خودایەو دابەشکردنی خودایە، پێغەمبەر تەنها ئەنجامی دەداو هیچی تر. ئەم زەکاتە فەرزێکی خودایی‌یەو بەفەرمانی خودا، پێغەمبەرﷺ لەدەوڵەمەندەکانی دەستێنێو بەسەر هەژارەکان دا دابەشی دەکاتەوە، ئەو کەسانەی کە زەکاتەکەیان بەسەردا دابەش دەکرێ دیاریکراونو قورئان دەستنیشانی کردونو کەس دەسەلاتی گۆڕانکاریو زیادو کەم تێدا کردنی نیەو تەنانەت پێغەمبەریش مافی ئەوەی نەدراوەتێ، ئەوەتا: قورئان بەئەداتی حەصر ئەو تاقمو گرۆهانە دەست نیشان دەکا کە زەکاتیان بەسەردا دابەش دەکرێو دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ....الآية﴾ موناسەبەو پەیوەندی ئەم ئایەتەش بەئایەتەکانی پێشووەوە ئەوەیە: کاتێک دووڕووەکان رەخنەیان لەشێوەی دابەشکرنی زەکات گرت. پەروەردگار ئەوەیان بۆ روون دەکاتەوە کە زەکاتو صەدەقە بەسەر ئەو هەشت تاقمو گرۆهەدا بەش دەکرێو بەس! کەسی تر مافی رەخنەگرتنی نیەو کەس رایەی ناکەوێ تانەو تەشەر لەدابەشکرنی پێغەمبەر بدا، ئەوان کە رەخنە بگرن هەڵەنو پێغەمبەرﷺ لەسەر حەقەو تەنفیذی فەرمانی خودای کردوە، هێنانی ئەم ئایەتە لەم شوێنەدا زۆر گونجاوو جێی خۆیەتی بۆ ئەوەی رێبازی حەقو عەداڵەتکاری لەشێوەی دابەشکردنی زەکات دا روون بکاتەوە، دەوڵەمەندەکان ستەم نەکەن، نەچن جگە لەم صنفانە بیدەن بەکەسانی تر: کە شیاوی زەکات پێدان نین. لەلایەکی ترەوە ئایەتەکە یادخەرەوەیەکی هەمیشەیی‌یە: کە ئەو هەشت صنفە شیاوی زەکات پێدانن، هەڵنانی دەوڵەمەندەکانیشە کە مافی هەژاران لەماڵی خۆیان دا دەربکەن، بەبێ منەتکردنو خۆ بەسەردا بادان، حەقی خودا لەماڵو سامانی خۆیان دا بدەن بەناتاجان.

هێنانی ئەم ئایەتە لەنێوان ئەو ئایەتانە دا کە باسی مونافیقو فرتو فێڵەکانیان دەکەن، بۆ ئاگادارکردنەوەیانە کە ئەوان شیاوی زەکات پێدان نینو نابێ بەتەمابن زەکاتیان بدرێتێو (دەستی خۆیان بن سەریان بدەن).

دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ﴾ نەوەکوو زەکات دەدرێو حەقە بیاندرێتێ ئیللا کە دەدرێ: ﴿لِلْفُقَرَاءِ﴾ بۆ فەقیرانە؛ ئەوانەی نەکاسبیان هەیە، نەماڵو سامان. ﴿وَالْمَسَاكِينِ﴾ بۆ هەژاران؛ ئەوانەی کەمێک ماڵو سامانیان هەیە بەڵام پێی بەرێوە ناچن. ﴿وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا﴾ ئەوانەی ئیشو کاری زەکات کۆکردنەوە ئەنجام دەدان. ﴿وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ﴾ ئەوانەی تازە موسوڵمانبوونو هێشتا دڵیان لەسەر ئیسلام دانەمەزراوە، ﴿وَفِي الرِّقَابِ﴾ بۆ کۆیلە ئازاد کردن؛ ئەوانەی کۆیلەن، پارەیان دەدرێتێ بۆ ئەوەی خۆیان ئازاد بکەن! ﴿وَالْغَارِمِينَ﴾ ئەوانەی قەرزدارن، بەمەرجێک پارە قەرزکردنەکەیان بۆ پرۆژەی بێدینی نەبووبێو لەقەرز کردنیش دا زێدەڕەویان نەکردبێ. ﴿وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ هەروا دەدرێ بەوانەی لەرێگەی خودادا تێدەکۆشن، جا تێکۆشانەکەیان جەنگان دژی کافران بێ، یان قوتابی ئایینی بن، یان بانگەوازی ئیسلامی بڵاو بکەنەوە.

﴿فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ﴾ ئەم زەکاتە فەرزێکە خودا پێویستی کردوە، ئەرکێکی سەرشانی دەوڵەمەندانە خودا واجبی کردوە. ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ خودا زاناو دانایە لەحوکمو بڕیاری دا، هیچ ئیشێکی بێ حیکمەت نیە.

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە وشەی **(الصدقات)** مەبەست پێی زەکاتی واجبە. ئەوەیە: یەکەم (ال) لەوشەی **(الصدقات)** دا ئەلفو لامی عەهدی ذوکرییە، ئەوەی لەوەپێشیش باس کراوە زەکاتی فەرزەو واجبە، کە لەئایەتەکەدا ئاماژەی پێ کراوەو دەفەرموێ: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ﴾.

دووەم: پەروەردگار بە(لامی تەملیک) مافی ئەو هەشت صنفانەی لەزەکات دا چەسپاندوەو کردویەتی بەمڵکی ئەوان، ئەوەی کە دەکرێ بەمڵکیان زەکاتی واجبە، چونکە لەئایەتەکەدا بەشێک بۆ ئەو کارمەندانە

دیاری کراوە کە بەسەر کۆکردنەوەو حیسابکردنی دا رادەگەن، دەی کارمەند بۆ زەکاتی زاجب دادەنرێ نەک بۆ زەکاتی مەندوبە. هەروەها چونکە زەکاتی مەندوبە دەتوانرێ بدرێ بەغەیری ئەو صنفانەش...

ئەو شتانەی زەکاتیان تێدایە چوار شتن: پارەو پوول ئاژەڵ، بەروبومی کشتو کاڵو باخ. بازرگانی.

لێرەدا لێکۆڵینەوەیەک هەیە:

١- ئیمامی شافیعی بەلایەوە پێویستە هەموو زەکاتێکی واجب؛ وەکوو زەکاتی چوار جۆرەکە (پارە، ئاژەڵ، بەروبوم، بازرگانی)و زەکاتی سەرفیترە، بدرێ بەو هەشت صنفانەی ئایەتەکە ئاماژەی پێ کردون، دەڵێ: چونکە ئایەتەکە بە (لامی تەملیک) ئەو زەکاتەی کردوە بەمافی ئەو کۆمەڵانەو بە(واوی تەشریک) بەشدارییانی چەسپاندوە، بەشکردنەکەی بدرشەی (إنما) کورت هەڵێنانەوە لەو هەشت صنفانە دا. کەوابێ ئایەتەکە دەقە لەوەدا کە زەکاتە واجبەکان ملکی ئەو هەشت پۆلانەیەو خۆیان لەناو خۆیان تێیدا هاوبەشن. هەر بەلای شافیعییەوە کەسێک زەکات یان سەرفیترەی دا دەبێ لەهەر صنفەی لەسێ کەس کەمتری نەدا، چونکە کەمترین کۆ سێ کەسە. (**أقل الجمع ثلاثة**).

٢- سێ پێشەوایاننی تر، پێیان وایە: دروستە زەکاتەکان بدرێن بەیەک صنف. هەروەها بەلای ئەبو حەنیفەو مالیکەوە دروستە بدرێ لەهەر صنفەی بەیەک کەس. چونکە ئایەتەکە تەخییری تێدایە لەنێوان صنفەکان دا. ئاماژە بەوە کە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿**وَإِنْ تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ**﴾ **لبقرة/٢٧١**. هەروەها لەپێغەمبەرەوە فەرموودەیەک هەیە: کە کۆمەڵێک لەمەعاذەوە ریوایەتی دەکەن: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (**أُمِرْتُ أَنْ آخُذَ الصَّدَقَةَ مِنْ أَغْنِيَائِكُمْ، وَأَرُدَّهَا عَلَى فُقَرَائِكُمْ**) دەی ئەوەتا لەفەرموودەکەدا تەنیا یەک صنف باس کراوە کە صنفی فەقیرانە. بەڵگەیان لەسەر ئەوە: کە دروستە لەهەر صنفەی بدرێ بەیەک کەس، ئەوەیە: دەڵێن: (ال) لەجەمعی موعەرەف دا بەمەجاز جینس دەگەیەنێ، واتە: جینسی صەدەقە بۆ جینسی فەقیر، دەی

خۆ جینسی فەقیر بەیەکێ کەڕێتە جێ، کەوابوو (ال) بەمەجاز بۆ جینس بەکار دێنین چونکە محاڵە بۆ حەقیقەت بەکاری بێنن، کوا دەتوانرێ زەکات بدرێ بەهەموو هەژرایێک، واتە: ناگونجێ کابرا هەزار دیناری زەکات هەیە بیدا بەهەموو فەقیران!!؟

ڕونکردنەوەی هەشت صنفەکان کەمێ بەدرێژی بەم جۆرەیە:

یەکەم: تاقمی فەقیران، ئەوانەی پێویستیان بەیارمەتیدانی ماڵی هەیەو دەوڵەمەندنین، بەڵکو هیچیان نیە.

دووەم: مسکێنو هەژار ئەوانەن کە هەندێ دەرامەتیان هەیە بەلام بەشیان ناکاو پێی ناژین.

زاناکانی شەرع راجیاییان هەیە دەربارەی فەقیرو مسکێن لەوەدا ئایا کامەیان حاڵی خراپترە؟

شافیعییەکانو حەنبەلییەکان، پێیان وایە: فەقیر حاڵی لەمسکێن خراپترە، ئەمان دەڵێن: فەقیر کەسێکە هیچی نەبێ، نەماڵو سامانی هەبێ، نەکارو کاسبیشی هەبێ بتوانێ ژیانی خۆی دابین بکا. بەلام مسکێن ئەو کەسەیە. مڵکو ماڵی هەبێ، کارو کاسبی هەبێ بەلام بژێوی دابین نەکا.

حەنەفییەکانو مالکییەکان بەپێچەوانەی شافیعیەکانو حەنبەلییەکانەوەنو دەڵێن: مسکێن حاڵی خراپترە. ئەم راجیاییە چ بەرومێکی ئەوتۆی لێ شین نابێ، چونکە هەر دوتاقمەکە زەکاتیان پێ دەدرێو خێرو صەدەقەیان پێ دەشێی، ئەم راجیاییە کاتێک بەروبوومی دەبێ کە کابرایەک وەصیەت بکا فلانە شتی بۆ فەقیران بێ بەشی مسکێنانی لێ نەدرێ، یان بەپێچەوانەوە، یان کابرا شتێک دابنێ بۆ فەقیرانو شتێکی تر بکاتە وەصیەت بۆ مسکێنان ئەو کاتە پێویستە شوێن ڕێبازی تاقمێک لەم زانایانە بکەوین.

بەڵگەی شافیعیەکانو حەنبەلییەکان ئەوەیە: دەڵێن: پەروەردگار لەئایەتەکەدا فەقیرەکانی پێش خستووە، چونکە ئاتاجیان زیاترە، هەروەها قورئان دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا السَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَاكِينَ...﴾الكهف/٧٩، ئەوەتا ئەمانە کەشتییان هەبوەو مسکێنیش بوون؛ هەروەها پێغەمبەر ﷺ

فەرموویەتی: (اَللَّهُمَّ اِنِّي أَعُوذُبِكَ مِنَ الفَقْرِ.....) وەکوو لەریوایەتێکی حاکم دا هاتووە کە لەئەبو سەعیدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ کە دەپاڕایەوە دەیفەرموو: (اَللَّهُمَّ أَحْيِني مِسْكِيناً، وَامِتْني مِسْكِيناً، وَاحْشُرْني فِي زُمْرَةِ المَسَاكِينَ) دەی ناگونجێ پێغەمبەر پەنابگرێ لەشتێکی خراپو دوایی داوای شتێکی خراپتر بکا.

کەوابوو مسکێن ئەو کەسەیە کە شتێکی هەبێو بەشی ژیانی نەکا. ئەوەتا: زانایانی زمانی عەرەبی: وەکوو ئیبنولئەنباری دەڵێن: مسکێن: بەکەسێک دەگوترێ شتێکی هەبێ بیخوا، فەقیر: کەسێکە هیچی نەبێ. دەڵێن: لەزمانی عەرەبی دا فەقیر کەسێکە بڕبڕەی فەقەراتی پشتی لەبەر نەبوونی بژێوی دەرهاتبن واتە: هیچ حاڵێک لەوە ناخۆشتر نەبێ.

هەروەها شەیخان (موسلیمو بوخاری) ریوایەتێک لەئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(ليس المسكين بهذا الطواف الذي يطوف على الناس فترده اللقمة واللقمتان، والتمرة والتمرتان، قالوا: فما المسكين يارسول الله؟ قال: الذي لايجد غنىً يغنيه، ولا يفطنُ له فيتصدق عليه، ولا يسأل الناس شيئا).**

بەڵگەی حەنەفییەکانو مالکییەکان لەسەر بۆچونەکەیان کە دەڵێن: مسکێن لەفەقیر حاڵی خراپترە. ئەوەیە: پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿**أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ**﴾البلد/١٦، واتە: پێستی جەستەیی بەگڵو خۆڵەوە نووسابێ. کە نیشانەی ئاتاجو نەبوونیەتی...

بڕێ لەزنایانی زمانیش وەکوو ئەصمەعیو ئیبنو سیکیت گوتوویانە: مسکێن کەسێکە هیچی نەبێ، فەقیر کەسێکە شتێکی هەبێ بەڵام بەشی بژێوی نەکا. هەروەها مسکێن ئەو کەسەیە: کە لەهەر شوێنێک بوو نیشتەجێ دەبێو شوێنی تایبەتی نەبێ ئەمەش ئەوپەڕی هەژاریو نەبوونییە.

ئەوەی ئاشکراو نومایانە زانایانی زمانیش راجیاییان هەیە. کەوابوو زانایانی شەرعیش کە لەم بارەوە راجیاییان لەناو دا پەیدا بووە، لەسەر بنەمای راجیایی زانایانی زمان سەری هەڵداوە.

بەهەر حاڵ هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کە (فقراء مساکین) دوو صنفنو زەکاتیان پێ دەشێ.

ئەبو یوسفو موحەممەد؛ هاوەڵانی ئەبو حەنیفە، دەڵێن: (فقراء)و (مساکین) یەک صنفن.

ئەم خیلافە کاتێ سوودی هەیە، کە کابرایەک شتێکی ماڵو سامانی خۆی بکاتە وەصیەت بۆ فلانو بۆ فەقیرو مسکێنان. جا ئەوانەی کە دەڵێن: یەک صنفن، فلانەکە نیوەی سێیەکەی دەکەوێو فەقیرو مسکێنەکانیش نیوەکەی تری دەبا.

لەسەر رای ئەوانەی کە دەڵێن: دوو صنفن سێیەکە ماڵی کابرا دەکرێتە سێ بەش، بۆ فلانەکەس بەشێکو بۆ فەقیرەکان بەشێکو بۆ مسکێنەکانیش بەشێک.

ئەندازەی فەقیری چەندەو کەی ئادەمیزاد بەهەژار دادەنرێ...؟

زانایانی شەرع لەسەر ئەوە کۆکن؛ کەسێک خادمو خزمەتکاری هەبێو بەڵام نەتوانێ بێ ئەو خادیمە هەڵبکان بۆی هەیە زەکات وەربگرێ، زەکاتدەر دەتوانێ زەکاتی بداتێ، جگە لەوە راجیایی هەیە:

١- ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: کەسێک بیست دیناری زێڕ یان دووسەد دیرهەمی هەبێ نابێ زەکات وەربگرێ ئەبو حەنیفە نیصابی زەکاتی داناوە بەرێژەی فەقیریو دەوڵەمەندی، چونکە وەکوو کۆمەڵێک لەمەعازەوە فەرموودەیەک ریوایەت دەکەن دەڵێ پێغەمبەر فەرمووی: (**أمرت ان آخذ الصدقة من أغنيائكم، واردها في فقرائكم**) ئەوەتا کەسێک ئەو ئەندازە ئاڵتونەی هەبێ یان ئەو مەبلەغە دیرهەمەی هەبێ بەدەوڵەمەند حلێبەو لەتاقمی فەقیران نیە، واتە دەبێ زەکات بدا نەک زەکات وەربگرێ.

٢- ئیمامی ئەحمەدو ثەوریو ئیسحاقو زانایانی تریش فەرموویانە کەسێک (٥٠) پەنجا دیرهەمی زیوی هەبێ یان بایەی ئەوەندەی زێڕ هەبێ، نابێ زەکات وەربگرێ! هەروەها زەکات پێ شیاویش -جگە لەقەرزدار- نابێ لەپەنجا دیرهەم زیو یان قیمەتەکەی بدرێتێ، بەڵام قەرزدار دەتواندرێ زیاد لەو ئەندازەیەی بدرێتێ.

بەڵگە لەسەر ئەوە: کە کەسێک پەنجا دیرهەمی هەبێ بەدەوڵەمەند حلێبە، ئەو فەرموودەیەیە: کە دارەقوطنی لەعەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە ریوایەتی کردوە، دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: **(لاتحل الصدقة لرجل له خمسون درهما)** بەڵام ئەم فەرموودەیە لاوازی لەئیسنادەکەی دا هەیە.

٣- ئەوەی کە لەمالیکەوە مەشهورو باوە ئەوەیە: کە پرسیار لەئیمامی مالیک کراوە ئایا کەسێک چل دیرهەمی هەبێ زەکاتی دەدرێتێ؟ وتی: بەڵێ دەیدرێتێ.

فەقیر بەلای مالیکییەکانەوە کەسێکە بەشی ساڵێکی تەواوی بژێوو پۆشاکو پێویستییاتی تری هەبێ.

٤- شافیعیو ئەبو ئەور فەرموویانە: کەسێک بتوانێ کاسبی بکاو وەستایەتیو دەست ڕەنگینییەکی هەبێ، جەستەو عەقڵو هۆشی تەواو بێ، بەجۆرێک بتوانێ لەرێگەی ئیشو کاری خۆیەوە خۆی بەخێو بکا، زەکاتی لێ حەرامە.. لەبەر ئەو فەرموودەیەی ئەبو داوودو تیرمیذیو دارەقوطنی لەعەبدوڵای کوڕی عومەرەوە لەپێغەمبەرەوە ریوایەتیان کردوە کە فەرموویەتی: **(لاتحل الصدقة لغني، ولا لذي مِرّة سوي)**.

ئایا زەکاتو سەرفیترە دەدرێ بەکافرو ئالو بەیتی پێغەمبەر؟

ظاهیری ئایەتەکەو هێنانی وشەکە بەو شێوە گشتییە داخوازی ئەوەیە: کە زەکات بدرێ بەهەر ئادەمیزادێکی فەقیرو هەژار جا لەئالو بەیت بن، یان خزمو کەسو کاری زەکاتدەرەکە بن. موسوڵمان بن یان کافر!!

بەڵام زانایانی شەرع پێیان وایە: زەکات تەنها دەدرێ بەموسوڵمانان، نابێ هیچی لێ بدرێ بەکافر. چونکە لەصەحیحەین دا فەرموودەیەک هەیە ئیبنو عەبباس ریوایەتی کردوە: کە پێغەمبەرﷺ کاتێ معاذی دەنارد بۆ یەمەن پێی فەرموو: **(أَعْلِمْهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ، فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ)** فێریان کە زەکاتیان لەسەرەو بەسەر هەژارەکانیان دا دابەش دەکرێتەوە. هەر لەروانگەی ئەم فەرموودەوە ئەبو حەنیفە پێی وایە: دروستە سەرفیترە بدرێ بەکافر، چونکە حەدیثەکە هەر باسی زەکاتی کردوە.

هەروەها زانایانی شەرع پێیان وایە دروست نیە: زەکات بدرێ بەو کەسانەی کە بژێویان لەسەر زەکاتدەرەکەیە؛ وەکوو دایکو باوکو مندالّو خێزان.... چونکە زەکات پێدان بۆ لابردنی ئاتاجییە، دەی کەسێکێ بژێوی دابین بکرێ، ئاتاجی نامێنێ، لەهەمان کات دا کەسێکێ زەکات بدا بەوانەی نەفەقەیان لەسەریەتی مانای وایە زەکاتەکە بەخودی خۆی دەبەخشێو سوودگەیاندنە بەخودی خۆی!

هەروەها زانایانی شەرع کۆکن لەسەر ئەوە: کە دروست نیە زەکات بەبەرەی هاشم بدرێ، چونکە فەرموودەیەکێ هەیە، موسلیم لەموطەللیبی کوڕی رەبیعە ریوایەتی کردوە: کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی **(ان هذه الصدقة انما هي أوساخ الناس، وانها لاتحل لمحمد ولا لآل محمد)** ئەم زەکاتە چڵکی خەڵکە بۆ موحەممەدو خزمو کەسو کاری موحەممەد حەلاڵ نیە.

ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: بۆ موطەللیبیەکانیش حەلاڵ نیە. لەبەر ئەو فەرموودەیەی بوخاری لەجوبەیری کوڕی موطعیم ریوایەتی کردوە؛ کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(ان بني هاشم وبني المطلب شيئ واحد، وشبك بين أصابعه...!)**

ئەو ئەندازەیەی لەزەکات دەدرێ بەفەقیرو هەژار!!

زانایانی شەرع رای جیاجیایان لەم بارەوە هەیە:

ئەبو حەنیفە، دەڵێ: نابێ لەنیصابی زەکات تێپەڕ بکا، واتە: باش نیە دووسەد دیرهەمی زیو یان قیمەتی ئەوە بدرێ بەیەکێ کەس!

ئیمامی شافیعی دەڵێ: فەقیرو هەژار ئەوەندەیان دەدرێتێ کە ئاتاجیان نەمێنێ، چونکە مەبەست لەزەکات نەهێشتنی ئاتاجییە.

ئیمامی مالیکێ پێی وایە: ئەوە پابەندە بەئیجتیهادی ئیمامەوە، ئیمامی مالیکێ لەتەکێ ئیمامی ئەحمەد دا پێیان وایە: دروستە بەشی ساڵێکیان بدرێتێ.

ئایا دروستە زەكات لەوڵاتێكەوە بگوێزرێتەوە بۆ هەژارانی وڵاتێكی تر؟

لەم بارەوە زانایانی شەرع دوو رایان هەیە:

جەماوەری زانایان پێیان وایە: دروست نیە، زەكات لەو شارەی ماڵو سامانەكەی لێیە بگوێزرێتەوە بۆ شارێكی تر، بەڵكوو هەر دەبێ بدرێ بەئاتاجانی ئەو شارە.

بەڵام مالیكییەكانو شافیعییەكانو حەنبەلییەكان بەلایانەوە دروستە زەكات بگوێزرێتەوە بۆ وڵاتێك؛ دوورییەكەی كەمتر بێ لەمەسافەی قەصر؛ كە دروستە نوێژی تێدا كورت بكرێتەوە. واتە دەبێ لە(٨٩) كیلومەتر كەمتر بێ. چونكە كەمتر لەو ئەندازە دوورییە بەوڵاتی جیا حلێب ناكرێ.

شافیعی پێی وایە: ئەگەر لەووڵاتەی ماڵو سامانەكەی لێیە ئاتاج دەست نەدەكەوتن پێویستە زەكاتەكە بگوێزرێتەوە بۆ نزیكترین وڵات: كە ئاتاجی تێدابێ. ئەگەر برێ ئاتاج لەوڵات دا هەبوونو زەكاتیان پێ درا، پاشان هەندێك لەماڵی زەكات مایەوە دەگوێزرێتەوە بۆ وڵاتێكی تری نزیك.

ئیبنولقاسمو سوحنون بەلایانەوە دروستە لەبەر پێویستی زۆر، زەكات لەم شار بۆ ئەو شارو لەم وڵات بۆ ئەو وڵات بگوێزرێتەوە، چونكە دەبێ هەموو كاتێك ئاتاج پێش نائاتاجان بخرێن، ئەگەر لەشارێك هی وا نەبوون زەكاتیان پێ بشێ، زەكاتەكە دەگوێزرێتەوە بۆ شوێنێكی تر كە هی وای لێ بێ زەكاتی پێ بشێ. بەڵگەشیان ئەو فەرموودەیەیە: كە ئەبو داوود لەسووەیدی كوڕی حەنظەلەوە ریوایەتی كردوە: كە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی (اَلْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لَايُسْلِمُهُ، وَلَا يَظْلِمُهُ) موسوڵمان برای موسوڵمانە ناهێڵێ شتێك هەبێ زیانی پێ بگەیەنێو ستەمیشی لێ ناكا.

واتە: ئەگەر لەوڵاتێك دا موسوڵمانان تووشی برسیایەتی بوون، موسوڵمانانی دەوڵەمەندی وڵاتێكی تر پاشگوێیان ناخەن بەڵكوو بەماڵی زەكاتو خێرو صەدەقەی تر بارونوویان دەكەن!

حەنەفییەكان، دەڵێن: گواستنەوەی زەكات لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر كەراهەتی تەنزیهی هەیە. مەگەر بۆیە بیگوێزێتەوە بیدا بەخزمی هەژارو

فەقیری (واتە: ئەوانەی بژێویان لەسەری نیە) یان بۆ ئەوەی دابەشی بکا بەسەر کۆمەڵێکدا کە زیاتر پێویستیان پێ‌بێ، یان صاڵحترو بەتەقواتر بن، یان سوودیان بۆ موسوڵمانان زیاتر بێ، یان لە(**دار الحرب**)ەوە بیگوزێتەوە بۆ (**دار الأسلام**) یان بیدا بەقوتابیانی خوێندگاو زانکۆکان، یان بیدا بەوانەی خەریکی خودا پەرستی‌و طاعەتکردنن، یان پێش تەواو بوونی تێوەرسووڕانەوە ساڵ بەسەر ماڵو سامانەکەدا، ئالەم حاڵانەدا گواستنەوەی زەکات کەراهەتی نیە، ئەگەر لەبەر غەیری ئەم حاڵانەش گواستیەوە هەردروستە. چونکە (**معاذ**) کە چوو بۆ یەمەن بەدانیشتوانی یەمەنی فەرموو: قوماشم بدەنێ لێتان وەردەگرم لەجیاتی زەکاتی گەنمەشامی‌و گەنمو جۆ، چونکە ئەوە بۆ ئێوە ئاسانترەو بۆ کۆچکارانی مەدینەش بەسوودترە.

ئەم فەرموودەیەی (**معاذ**) دوو شت دەگەیەنێ:

١- گواستنەوەی زەکات لەیەمەنەوە بۆ مەدینەو لەوێ پێغەمبەرﷺ دابەشی بکا بەسەر هەژاران دا، ئەوەی پشتگیری ئەم رایە دەکا ئایەتەکەیە: کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ﴾ جیاوازی نەخستۆتە نێوان فەقیری ئەم شار تا ئەو شار.

٢- وەرگرتنی بەهاو نرخ لەجیاتی زەکات. چونکە مەبەست بەزەکات نەهێشتنی ئاتاجی هەژارانە، هەرشتێک ئاتاجی‌یەکە نەهێڵێ دروستە. ئایەتەکەش دەفەرموێ: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً﴾ شتێکی لەشتێکی تر جیا نەکردۆتەوە.

جەماوەری زانایانی شەرع بەلایانەوە دروست نیە لەهیچ شتێکدا بەها بەزەکات بدرێ لەباتی شتەکە. چونکە ئەوە مافی خودایە، بەدەق بەسەر ئەو شتانەی دا بڕیوە: کە زەکاتیان تێدایە، نابێ ئەو بەسەر دابڕینە بگوێزییەوە بۆ شتێکی تر، وەکوو قوربانی، کە بڕدراوە بەسەر ئاژەڵ دا شتێکی تر ناخرێتە شوێنی ئاژەڵو بکرێتە قوربانی بەڵکوو دەبێ کار بەوە بکرێ کە دەقەکە دیاری کردوە.

ئەوەی بەلای حەنەفییەکانو شافیعییەکانو حەنبەلییەکانەوە موعتەبەرە دەربارەی زەکاتی مالو سامان ئەو شوێنەیە کە مالو سامانەکەی لێیە. بەنیسبەت سەرفیترەشەوە شوێنی رۆژوەوانەکە حلێیە.

مالیکییەکان دوو رایان هەیە:

١- دەڵێن: ئیعتیبار بەشوێنی مالو سامانەکە دەکرێ پاش تێوەر سوورانەوەی ساڵ بەسەر ماڵەکەدا لەکوێ بوو لەوێ دابەش دەکرێ.

٢- هەندێکیان دەڵێن: ئیعتبار بەشوێنی خاوەن ماڵەکەیە لەکوێ بێ لەوێ زەکاتەکە دابەش دەکا، چونکە ئەو بەرپرسیارە لەدەرکردنی زەکاتەکە، مالو سامانەکە تابیعی خاوەنەکەیەتی.

کەسێک لەمالو سامانی خۆی زەکاتی دەرکردو دای بەفەقیرێکی موسوڵمان، دوایی دەرکەوت ئەو زەکات پێدراوە کۆیلەیە، یان کافرە، یان دەوڵەمەندەو زەکاتی پێ ناشێ، بەرای ئیمامی مالیک زەکاتەکەی لەکۆڵ دەکەوێ، چونکە ئەو زەکاتدەرە ئیجتیهادی کردوە، بەبڕوای خۆی گەییشتۆتە ئەو قەناعەتە کە ئەو کابرایە زەکاتی پێ دەشێ، واتە: ئەو ئەرکی سەرشانی خۆیبەجێ هێناوە.

سێیەم صنف کە زەکاتیان دەدرێتێ کارمەندەکانی زەکاتن ئەوانەی ئیمام دەیانێرێ بۆ کۆکردنەوەی زەکاتو نووسینو ئیشو کارێک کە پەیوەندی بەزەکاتەوە هەبێ، کە قورئان بە رستەی ﴿وَٱلْعَامِلِينَ عَلَيْهَا﴾ ئاماژەی پێ کردون.

ئەمجار زانایان کەوتوونە راجیاییەوە دەربارەی ئەو ئەندازەیەی کە دەیاندرێتێ. سێ را هەیە..

١- موجاهیدو شافیعی دەڵێن: هەشت یەکیان دەدرێتێ. ئەگەر کرێکەیان لەبەشەکەیان زیاتربوو لەبەیتولمال بۆیان تەواو دەکرێ. رایەکی تریش هەیە دەڵێ لەبەشەکانی تر بۆیان تەواو دەکرێ. ئەم رایە لەگەڵ ظاهیری ئایەتەکە دا یەک دەگرێتەوە.

٢- حەنەفییەکانو مالیکییەکان دەڵێن: بەئەندازەی ئیشەکەیان بەشیان دەدرێ، چونکە ئەوان خۆیان بۆ ئەو کارە تەرخان کردوەو بەو ئیشەوە

هەڵـەوگیر بـوون، کـەوابوو کیفایـەتی خۆیـانو کیفایـەتی مـاڵو منداڵیـان لەماڵی فەقیران دابین دەکریّ.

ئەگەر پێویستی ئەمان هــەموو زەکاتەکـەی گـەرەکێ بـوو، حەنەفییـەکان هـەرنیوەیان دەدەنـیّ، لـەنیوە زیاتریـان نـادەنیّ. دەبـیّ ئــەوەی دەیـاندرێتیّ کیفایەتی مام ناوەندی بیّ.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین: کە ئەوەی دەدریّ بەکارمەندانی زەکـات کۆکردنەوە، کرێی ئیشەکانیانە، کەوابیّ ئەگەر دەوڵەمەندیش بن دەیـاندرێتیّ، تەنانەت ئەگەر لەبەرەی (هاشم)یـش بـنو ئـەولادی پێغەمبـەریش بـن بـەلای مالیکئو شافیعیـیەوە هەربەشیان دەدریّ. چونکە پێغەمبەرﷺ عـەلی کـوڕی ئـەبوطالیبی نـارد بـۆ زەکـات دابەشـــکردنو نـاردی بـــۆ یەمـــەن بـــۆ سەرپەرشتیکردنی کۆکردنەوەی زەکـات. کۆمەڵێکیشـی لەبـەنو هاشـم کـردوە بەکارمەندی زەکات کۆکردنەوە، دوای وەفاتی پێغەمبەریشﷺ جێنشینەکانی لەبەرەی هاشم کارمـــەندی زەکـات کۆکردنـەوەیان دانـاون. چونکـە کارمـــەندی زەکات کرێکارە لەسەر کـارێکی موبـاح، پێویســتە یەکسـانی بخرێتـە نێـوان هاشمیو غەیری هاشمیـیەوە وەکوو باقی بوارەکانی ئیشو کار.

ئیمـامی ئـەبو حەنیفـە: دەفـەرمویّ: کارمـەندی هـاشمی بەشـی نـادریّ، چونکە بەشەکەی بەشێکە لەزەکاتو صەدەقە، پێغەمبەریشﷺ فەرموویەتی: (اِنَّ الصَّدَقَةَ لاَتَحِلُ لآلِ مُحَمَدٍ، اِنَّمَا هِيَ أَوْسَاخُ النَّاسِ) رواه مسلم عن المطلب بن ربيعة.

کە ئایەتەکە دەفەرمویّ: ﴿وَٱلْعَـامِلِينَ عَلَيْهَـا﴾ بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە، هەر شتێکێ فەرزی کیفایە بـیّ وەکـوو (سـاعی زەکـات، نووسـەری کاروبـاری زەکات، دابەشکەر، ژمێریار، پاسەوان) دروستە بۆ ئەو کەسـانەی کـە پێیـەوە هەڵەوگیر دەبن، کرێی کارەکەیان وەربگرن، هەر لەم بابەتە پێشـنوێژی کـردن، ئەوەتا هەر چەند نوێژ فەرزی عەینە لەسەر هەموو کەسێکێ، خۆتەرخان کـردن بۆ ئیمامەت فەرزی کیفایە. وەکو قورطوبـی فەرموویـەتی: هـەر لـە رستـەی ﴿وَٱلْعَامِلِينَ عَلَيْهَا﴾ برِیّ لە فوقەها پێیان وایەو وای بـۆ چون کـە پێویسـتە ئیمام کارمـــەندی تایبـەتی بنێریّ بۆ زەکـات کۆکردنـەوە، چونکـە برِیّ لـەو

ساماندارانەی کە زەکاتیان لەسەرە لەوانەیە نەزانێ چی و چەندی لە سەر پێویستە بیدا، هی وا هەیە رەزیلو چرووکە دڵی نایە زەکات بدا.

لە صەحیحەیندا هەیە کە پێغەمبەرﷺ عومەری کوڕی خەتتابی نارد بۆ زەکات وەرگرتن.

ئەبو داوود لە باوکی رافیع؛ کە (مەولای) پێغەمبەرﷺ بوو دەگێڕێتەوە: دەڵێ: پێغەمبەرﷺ پیاوێکی بەنوو مەخزومی کردە بەرپرسیاری زەکات وەرگرتن.

ئایەتەکە کە بەدەق وشەی (**عاملین**)ی هێناوە، ئەوە دەگەیەنێ: کە زەکات وەرگرتن تایبەت بێ بەئیمامەوە، واتە: پێویستە بدرێ بەئەو، ئەگەر خاوەن ماڵ بۆخۆی بیدا بەموحتاجان زەکاتەکەی لەکۆڵ ناکەوێ ئەوەی پشتگیری ئەم رایە دەکا ئایەتی ﴿**خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً...**﴾التوبة/١٠٣یە، کە بەشێوەی فەرمان بەکار بەدەستی موسوڵمانان دەکا: کە زەکات لەماڵی موسوڵمانان وەربگرێ.

بەڵام ئایەتی ﴿**وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَعْلُومٌ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ**﴾المعارج/٢٤-٢٥، دژی ئەم رایەیەو حوکمێکی پێچەوانە دەبەخشێ..

لەراستی دا قسەی حەقو رای راست ئەوەیە: کە دروستە بۆ ئەو کەسانەی زەکاتیان لەسەرە راستەوخۆ بۆخۆیان بیدەن بەخاوەن ئاتاجان. بۆیە زانایانی ئیسلام لەم بارەوە تەفصیلاتیان داوەو فەرموویانە:

١- ئەگەر ماڵی زەکاتەکە ماڵێکی شاردراوە بوو: وەکوو پارەو پوول. ئەوە دروستە خاوەنەکەی راستەوخۆ دابەشی بکا، یان بیدا بەئیمام.

٢- ئەگەر ماڵەکە ماڵێکی بەدەرەوە بوو: وەکوو ئاژەڵو بەروبوومی کشتو کاڵو باغو داری بەردار، ئەوە بەلای جەماوەری زانایانەوە پێویستە بیدا بەئیمام، چونکە مافی داواکردن لەو ماڵەدا تایبەتە بەئەوەوە وەکوو خەراجو سەرانە.

شافیعی لەرای تازەی دا فتوای ئەوەی داوە: کە دەشێ خاوەن ماڵ بۆخۆی دابەشی بکا، چونکە ئەویش زەکاتێکە وەکوو زەکاتی پارەو پوول.

چوارەم صنف کەزەکاتیان پـێ دەشـێو دەیـاندرێتێ موئەلەفـەتولقولوبن:
ئـەم تاقمـە کەسـانێـک بـوون لەسـەرەتای بلاوبوونـەوەی ئیسـلام دا بەروالـەت موسوڵمان بوونو تـازە ئیمانیـان هێنـابوو بڕوایـان پتـەو نـەبوبوو، بەشـێکیان لـەزەکات دەدرایـە، بـۆ ئـەوەی دڵیـان بەئیسـلام خۆش ببـێو بـیرو باوەڕیـان پتەوبێ.

جۆرێکی تریش هەن بە(**مؤلفة القلوب**) حلێـب دەکرێـن کـافرنو نیـازی موسوڵمانبوونیان هەیە، ئەمانەش بەگوێرەی رێبازی ئیمامی ئەحمەد بەشـیان دەدرێ بۆ ئەوەی هەڵبندرێن بۆ زوو موسوڵمان بوون چونکە ئەوە چەسپاوە: کە پێغەمبەرﷺ بەشی (**مؤلفة القلوب**)ی موسوڵمانو موشریکی داوە.[1]

بـەگوێرەی رێبـازی حەنەفییـەکانو شـافیعییەکان، ناموسـوڵمان بـەهیچ کلۆجـێ بەشـی نـادرێ. کـە لەسـەرەتای ئیسـلامیش دا بەشـیان دەدرا، ئـەوە بارودۆخێکی تایبەت بووە، ئەو کاتە موسوڵمانەکان کەم بوونو بێ هێز بـوون، دوژمنیان بەهێز بووە، دوایی کە پەروەردگار ئـایینی ئیسـلامی بـەهێز کـردو پـەرەی پێـدا، پیویسـتی بـەوە نـەما بەشـێک لـەزەکات بـدرێ بـە(**مؤلفة القلوب**)ی ناموسوڵمان.

دوای لـەدونیا دەرچوونـی پێغەمبـەرﷺ جێنشـینەکان ئـەم لایەنـەیان پاشـگوێ خسـتو بەشـی ئـەم تاقمـەیان نـەدا تەنانـەت ئیمـامی عومـەرﷺ فەرمووی (**اِنّا لاَنُعْطي عَلَى الاِسْلاَمِ شَيْئاً، فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ، وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ**) ئێمە بەرتیل نادەین بۆ موسوڵمان بوون، هەرکەسێ حـەزی لێیـە بـا موسوڵمان بێ، ئەوی نارەزۆی لێیـە بـا لەسـەر حالـەتی کوفـرو بێدینـی خـۆی بمێنێتەوە.

بـەڵام (**مؤلفة القلوب**)ی موسـوڵمان ئەمانـە چـەند جۆرێکـن بەشـیان دەدرێ بۆ چەسپاندنی ئیسلام لەدڵیان دا.

١- ئەوانـەی بڕوایـان لاوازەو هێشـتا دڵو دەروونیـان بـەنووری ئیمـان رونـاک نەبوە، ئەمانە بەشیان دەدرێ بۆ بەهێز بوونی ئیمانیان.

---

[1] سەیری (نیل الأوطار) ج٤/١٦٦ بکە.

٢- پیاوماقوڵو ڕێزداری بنەماڵەو هۆز کە چاوەڕوان دەکرێ سەرەکێ خێڵو پیاوماقوڵی تریش چاوی لیٚ بکەن. ئەوەتا پێغەمبەرﷺ بەشی ئەبو سوفیانی کوڕی حەربو کەسانی دیکەشی دا. بەشی زیبەرقانی کوڕی بەدرو عەدی کوڕی حاتەمی دا لەبەر ئەوە پیاوماقوڵو ڕێزداری هۆزەکەیان بوون.
٣- دانیشتوانی سەر سنووری نێوان وڵاتی ئیسلامو وڵاتی کوفر، ئەمانە بەشیان دەدرێ بۆ ئەوەی باشتر پارێزگاری وڵاتی ئیسلام بکەن.
٤- ئەو کەسانەی زەکاتی ماڵو سامانی گەلو هۆزێکێ دەهێنن کە زۆر زەحمەتە کارمەندی زەکات بتوانێ بیانگاتێو زەکاتەکەیان لیٚ وەرگرێ. چونکە ئەوە چەسپاوە کە ئەبو بەکرﷺ ساڵی پاشگەزبوونەوە (**عام الردة**) کە عەدی کوڕی حاتەم زەکاتی ماڵو سامانی خۆیو هۆزەکەی هێنا بەشە زەکاتی (**مؤلفة القلوب**)ی دا بەعەدی.

ماوەتەوە ئەوە بزاندرێ: ئایا ئیستا بەشی (**مؤلفة القلوب**) ماوە یان حوکمەکەی تەواو بووە؟

زانایانی ئیسلام دوو ڕایان هەیە:

١- حەنەفییەکانو ئیمامی مالیکێ پێیان وایە: بەشی (**مؤلفة القلوب**) ئێستا بەهۆی بڵاو بوونەوەی ئیسلامو بەهێزبوونی نادرێ. کەوابێ ئەو صنفانەی ئیستا زەکاتیان پیٚ دەدرێ حەوت تاقمن، نەکێ هەشت. واتە: بەشی (**مؤلفة القلوب**) لابراوەو حوکمەکەی هەڵگیراوە، چونکە عیللەتی حوکمەکە کۆتایی هاتووە.

وەکوو چۆن ڕۆژو کە خۆر ئاوا بوو کۆتایی بەکاتی بەرۆژوو بوون دەهێندرێ.

جەماوەری زانایان -کە هەندێ فوقەهای مالیکیشیان لەگەڵدان- دەڵێن: بەشی (**مؤلفة القلوب**) ماوەو نەسڕاوەتەوە، هەر کاتێ پێویست بوو دەیاندرێتێ.

ئەوەی کە حەزرەتی عومەرو حەزرەتی عوسمان ئەم بەشەیان ڕاگرتووە دەگەرێندرێتەوە بۆ ئەوە کە لەسەردەمی ئەوان دا پیویست نەبوە. نەکێ لەبەر ئەوە بووبێ کە بەشەکەیان (سقووطی) کردبێ. چونکە ئایەتی زەکات لەدوا

دوا ئەو ئایەتانەیە: کە نازڵ بوون، هەروەها چونکە مەبەست بەبەش پێدانیان هەڵنانیانە بۆ موسوڵمان بوون، نەکێ بۆ ئەوەی کۆمەکی بەموسوڵمانان بکەن کەوابوو بەبلاوبوونەوەی ئیسلام ئەم حوکمە سقووط ناکا هەرکاتێ پیویست بوو: دەدرێ.

بەکورتیو پوختی ئەم بەشە دەکەوێتە بەر ئیجتیهادی ئیمام هەرشتێک بزانێ بەرژەوەندی موسوڵمانانی تێدایە دەیکا.

پێنجەم صنف کە زەکاتیان دەدرێتێ ئەو کۆیلانەن کە لەگەڵ خاوەنەکانیان قەباڵەی ئازاد بوونیان نووسیوە واتە: (مکاتب)ن

مکاتەب: ئەو کۆیلەیەیە کە لەگەڵ خاوەنەکەی قەباڵەی نوسیوە: کە بەندازەیەکی دیاریکراو لەماڵو سامان چەند قیسطیك بدا بەخاوەنەکەیو ئازادی بکا. جا هەرکاتێ ئەو بڕە ماڵانەی دان ئازاد دەبێ. جا ئەمانە بەشەزەکاتیان دەدرێتێ بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارانەی کە لەسەریانە بیدەن بەخاوەنەکانیان.

مەرجە دەبێ ئەو موکاتەبەی بەشەزەکاتی دەدرێتێ موسوڵمانو موحتاج بێ.

برێ لەزانایانی ئیسلام وەکوو: ئیبنو حەبیبی مالیکی فەرموویانە لەو بەشەزەکاتە بەشی دیل دەدرێ. جا چونکە ئەمڕۆ کۆیلایەتی لەجیهان دا نەماوە، زۆر جیگای خۆیەتی: کە کار بەم رایەی ئیبنو حەبیبو هاوەڵانی بکرێ.

شەشەم صنف کە زەکاتیان پێ دەدرێ. قەرزدارانن.. واتە: ئەوانەی کە قەرزداریی سواری شانیان بووە، ناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە. بەلای شافیعییەکانو حەنبەلییەکانەوە کابرای قەرزدار بۆخۆی قەرز کردبێ یان بۆ غەیری خۆی، بۆ ئیشی خێر بووبێ یان نا، هەر بەشی دەدرێ.

ئەگەر بۆخۆی قەرز کردبوو، کاتێک دەیدرێتێ کە هەژار بێ. ئەگەر بۆ بەرژەوەندی خەڵکی تری وەرگرتبوو، دەوڵەمەندیش بێ هەر دەیدرێتێ. چونکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (**لاتحل الصدقةلغني الا خمسة: الغاز في سبيل**

الله، أو لعامل عليها، أو لغارم، أو لرجل اشتراها بماله، أو لرجل له جار مسكين، فتصدق على المسكين، فأهدى المسكين اليه)[٢]

حەنەفییەکان دەڵێن: قەرزدار کەسێکە قەرز سواری شانی بووبێ، ئەگەر قەرزەکانی بداتەوە، هیچی بۆ نەمێنێتەوە، یان ئەوەی دەمێنێتەوە نەگاتە نیصابی زەکات.

مالیکییەکان دەڵێن: (غارم) کەسێکە قەرز باری گران کردبێ لەپێناو خەڵکی ترداو قەرزدار بوونەکەی لەبەر بێ عەقڵیو خراپەکاری نەبووبێ، واتە: نەدارایەک بێ نەتوانێ قەرزەکەی بداتەوە. بەکورتی هەژار بێو قەرزداربوونەکەی لەکاری خراپی وەکوو قومارو عەرەقخواردنەوە دا نەبووبێ، بەئەنقەستیش خۆی قەرز دار نەکردبێ بۆ ئەوەی زەکات وەربگرێ؛ بەم جۆرە کابرا ئەوەندەی هەبێ بەشی بکا، بەڵام زێدەرەویو زیادە مەسرەف بکا بەقەرزو قۆڵە بۆ ئەوەی زەکات وەربگرێ. ئەگەر وا بکا نایدرێتێ بەشی بەرناکەوێ، چونکە مەبەستەکەی ناشەرعییە، بەپێچەوانەوە هەژار ئەگەر لەبەر ناعیلاجی قەرز بکاو مەبەستیش زەکات وەرگرتن بێ، ئەوە لەماڵی زەکات بەگوێرەی قەرزەکە بەشی دەدرێ چونکە مەبەستەکەی پیرۆزە.

ئەگەر یەکێک قەرزی کردبوو: بۆ کاری نامەشرووع، یان مەبەستێکی ناشیرین قەرزی کردبوو، پاشان تۆبەی کرد، ئەمانە چاک وایە بەشەزەکاتیان بدرێتێ.

جەماوەری زانایان دەفەرموون: ئەگەر کەسێک مردو قەرزدار بوو: لەماڵی زەکات قەرزەکەی بۆ دەدرێتەوە، چونکە ئەمەش لەپێری قەرزدارانە (غارمین)ە. پێغەمبەرﷺ لەفەرمودەیەک دا دەفەرموێ: **(انا أولى بكل مؤمن من نفسه، من ترك مالاً فلأهله، ومن ترك ديناً او عيالاً فالىّ وعلىّ)**.[٣]

---

[٢] ئەبوداوودو ئیبنو ماجە لەسەعیدی خودرییەوە ئەم فەرمودەیەیان گێڕاوەتەوە.

[٣] **ئیمامی ئەحمەدو موسلیمو بوخاریو نەسائیو تیرمیذیو ئیبنو ماجە ئەم فەرموودەیەیان لەئەبو هورەیەرەوە، ریوایەت کردوە..**

حەوتەم صنف که زەکاتیان دەدرێتێ ئەو موسوڵمانانەن که لەپێناو ئایینی خودادا تێدەکۆشن، ئەو جەنگاوەرانەن که موچەیان لەلایەن حکوومەتی ئیسلامەوە بۆ دیاری نەکراوە، ئەوانە هەژار بن یان دەوڵەمەند بن لەماڵی زەکات دەیاندرێتێ، پێداویستی جەنگەکەیان بۆ دابین دەکرێ.

جەماوەری زانایان پێیان وایە: ﴿فِي سَبِيلِ اللهِ﴾ واتە: غەزا کردن لەپێناو ئایین دا، چونکە وشەی (السبیل) کاتێک بەموطلەقی گوترا: مەبەست غەزایە.

وەلێ ئەگەر کەسێک ئەندازەیەک موچەی دیاریکراوی لەدیوانی سوپاوە بۆ دیاری کرابوو، ئەوە بەشی نادرێ، چونکە کەسێک موچەو بژێوی لەلایەن حکوومەتەوە بۆ دابین بکرێ، لەپێری موحتاجان دەردەچێو پێویستی بەزەکات نیە.

دروست نیە کابرا بەزەکاتی ماڵی خۆی حەج بکا، یان غەزا بکا، یان بەزەکاتی ماڵو سامانی خۆی حەجی بۆ بکرێ، یان غەزای بۆ بکرێ... بەم پێیە ئەمڕۆ سوپای ئەم دەوڵەتە ئیسلامییانە زەکاتیان پێ ناشێ، چونکە سەربازو ئەفسەرنو موچەی رێکو پێکی هەمیشەییان هەیە، وەلێ دەتواندرێ لەکاتی پێویستی دا بەماڵی زەکات بەشداری دابینکردنی پێویستیاتی سوپا بکرێ، یان برێ لەماڵی زەکات بدرێ بەئەوانەی خۆبەخشنو (تطوع)یان کردوە.

ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: جەنگاوەر هەژار نەبێ لەماڵی زەکات بەشی نادرێ.

ئیمامی ئەحمەد لەراسترین ریوایەت دا کە لێیەوە گێردراوەتەوە: فەرموویەتی: حەج دەچێتە چوار چێوەی ﴿فِي سَبِيلِ اللهِ﴾وە، کەوابێ کەسێک هەژار بێو بیەوێ حەج بکا لەماڵی زەکات بەشی دەدرێ بۆ ئەوەی حەجەکەی ئەنجام بدا، بەڵگەی ئیمام ئەحمەد ئەو فەرموودەیەیە کە ئەبو داوود لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەتی کردوە: کە پیاوێک وشترەکەی تەرخان کردبوو لەرێگەی خودادا، ژنی ئەو پیاوە ویستی بچێتە حەج. پێغەمبەرﷺ پێی فەرموو: (اِرْكَبِيهَا فَإِنَّ الحَجَّ مِنْ سَبِيلِ اللهِ)

جەماوەری زانایان وەڵامی ئەم بەڵگەیەی ئیمام ئەحمەدیان داوەتەوە دەڵێن: بەڵێ راستە حەج دەچێتە چوار چێوەی (**سبيل الله**)وە وەلێ لێرەدا ئایەتەکە بەسەر جیهاددا دەبڕێو بەمانا غەزایە. ئیبنولعەرەبی دەڵێ: مـن هیچ گومانم لەوەدا نیە کە مەبەست بە(**سبيل الله**) لێرەدا غەزا کردنەو جیهاد بەشێکە لە(**سبيل الله**) بڕێ لەزانایانی حەنەفی پێیان وایە: (**سبيل الله**) هەوڵدان بۆ فێربونی زانیاری دەگرێتەوە.

ئیمامی کاشانی دەفەرموێ: (**سبيل الله**) هەموو کارێکی خێر دەگرێتەوە کەوابێ کفنو دفنی مردوو، پرد رابەستنو جادە راکێشانو قەڵا دروستکردنو مزگەوت دروستکردن دەگرێتەوە.

بەکوردیو پوختی مەبەست بە(**سبيل الله**) ئەوەیە: بەشێک لەزەکات بدرێ بەجەنگاوەرانی ئیسلام، بەلای شافیعی‌یەکانەوە ئەگەر دەوڵمەندیش بن هەربەشیان دەدرێ. بەلای حەنەفییەکانەوە ئەگەر هەژار نەبن نایاندرێتێ. بەلای ئیمامی ئەحمەدو حەسەنو ئیسحاقەوە (حەج)یش دەچێتە چوار چێوەی (**سبيل الله**)وە.

زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوەی: کە دروست نیە مالی زەکات بۆ دروستکردنی مزگەوتو سەربازخانەو رابەستنی پردو جادە راکێشانو ئاو راکێشانو ئەو جۆرە شتانە خەرج بکرێ. وەلێ لەبڕێکیانەوە ریوایەت کراوە: کە دروستە ماڵی زەکات بۆ ئەو جۆرە شتانە خەرج بکرێ.

هەشتەم صنف کە زەکاتیان پێ دەدرێ رێبوارو گەڕیدەو موسافیرن، ئەوانەی لەزێدو نیشتمانی خۆیان دوورکەوتوونەوە، یان ئەوانەی دەیانەوێ سەفەربکەن، سەفەرەکەشیان بۆ کاری خێر بێ؛ وەکوو سەفەری حەجو جیهادو سەردانی سوننەتو ناواجب. وەلێ بۆ سەفەری (موباح) وەکوو گەشتو گوزار کردنو سیاحەت، ئەوە بەلای شافیعییەکانەوە نایاندرێتێ، چونکە پێویستی پێ نیە، بەلای بڕێ لەزانایانەوە دەیاندرێتێ ئاماژە بەوە کە ئەو کەسانەی بۆ سەفەری ئاوا دەچن بۆیان هەیە نوێژ کورت بکەنەوەو رۆژوو بشکێنن کەوابێ دەشێ زەکاتیشیان پێ بدرێ.

رێبوار ئەگەر پێویستی بەماڵو پارەو پوول بوو ئەوەندەی دەدرێتێ کە بگاتەوە زێدو نیشتمانی خۆی. تەنانەت ئەگەر لەوڵاتی خۆی دەوڵەمەندیش بێ هەردەیدرێتێ. کەسێک داوای زەکاتی کردو ئیدیعای ئەوەی کرد: کە موستەحەقی زەکاتە، داوای لیٚ دەکرێ کە داواکارییەکەی بەبەڵگەوە بچەسپێنێ، بۆ نموونە کە ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە قەرزدارە دەبێ داواکارییەکەی بسەلمێنێ،

ئیبنولعەرەبیو قورطوبی لەفوقەهای مالیکییەکان دەڵێن: جگە لەقەرزداری، حاڵەتەکانی تر پێویستسان بەبەڵگە هێنانەوە نیە، بەڵکو ظاهیری دیمەنو حاڵیان شایەتە لەسەر داواکارییەکەیان.

ئیمامی رافیعی لەشافیعییەکان دەفەرموێ: وەصفی پەنامەکی وەکوو هەژاریو نەدارایی پێویست بەبەڵگەو شایەد ناکا. بەلاّم وەصفی ئاشکرا؛ وەکوو ئەوە بڵێ: کارمەندی زەکات کۆکەرەوەم، یان موکاتەبم، یان قەرزدارم پێویستە بەڵگەی هەبێ. (**مؤلفة القلوب**) داوای بەڵگەی لیٚ ناکرێ.

دروست نیەو نابێ کابرا زەکات بدا بەکەسێک کە نەفەقەو بژێوی لەسەریەتی وەکوو باوکو دایکو منداڵ، واتە: نابێ زەکاتدەر زەکاتەکەی بدا بەباوکی یان دایکی یان منداڵەکانی، وەلیٚ ئەگەر ئیمام زەکاتەکەی دا بەباوکو دایکی زەکاتدەر یان بەمنداڵەکانی ئەوە چ قەیدی نیە.

وا چاکە زەکاتدەر زەکاتی ماڵی خۆی بدا بەخزمی موحتاجی، ئیمام مالیک فەرموویەتی: باشترین شوێن کە تۆ زەکاتی ماڵو سامانی خۆی بدەیتێ ئەو خزمو کەسو کارانەتن کە بژێویان لەسەر تۆ نیە. بەڵگەش لەسەر ئەمە، فەرموودەکەی پێغەمبەرە کە بەخێزانی عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودی فەرموو: (**لك أجران، أجر الصدقة وأجر الصلة**) ئەم فەرموودەیە بوخاریو موسلیم گێڕاویانەتەوە.

ئەمجار ماوەتەوە ئەوە بزانین: ئەمانەی زەکاتیان دەدرێتێ چەندیان بدرێتێ باشە؟!

بەلای ئیمام مالیکو ئیمامی ئەحمەدەوە قەرزدار بەئەندازەی قەرزەکەی دەیدرێتێ، فەقیرو مسکین کیفایەتی خۆیانو هی مالو مندالیان دەدرێتێ بۆ ماوەی سالێک.

شافیعیەکان دەلێن: بەگوێرەی پێویستی دەیاندرێتێ. حەنبەلییەکان دەلێن: نابێ لەئەندازەی نیصابی زەکات تێپەڕ بکات.

ئەمجار پاش دەست نیشانکردنو دیاریکردنی ئەو صنفانەی زەکاتیان پێ دەشێ، دەفەرموێ: ﴿فَرِيضَةً مِنَ ا للهِ﴾ واتە: پەروەردگار ئەم بەشە زەکاتانەی داناوەو فەرزی کردون، بەهیچ جۆرێک ئێوە پێچەوانەی ئەم حوکمە یەزدانییە هەلسوکەوت مەکەنو پابەندی حوکمەکە بن.

﴿وَا للهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ خودا ئاگادارو زانایە: بەدیوی دەرەوەو ناوەوەی هەموو شتێکو، دەزانێ بەرژەوەندی ئادەمیزاد چۆنەو لەچی دایە، بەو پێیە حوکمی بۆ دیاری دەکا. شتێک ناکا بەرژەوەندی ئادەمیزادی تێدا نەبێ.

ئەوەتا: پەروەردگار زەکاتی واجب کردوە بۆ پاککردنەوەی دلو دەروون، بۆ پارێزگاری مالو سامان، بۆ سوپاسکردنی پەروەردگار لەسەر نیعمەتەکانی. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ﴾التوبة/١٠٣.

ئەزیەتدانی پێغەمبەر ﷺ لەلایەن دووڕووەکانەوەو راستکردنەوەی بۆچوونەکانیان

وَمِنْهُمُ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلنَّبِيَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ ۚ قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَّكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ ۚ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ 

پەیوەندی ئەم ئایەتە بەئایەتەکانی پێشەوە لەم روەوەیە: کە ئەمیش لایەنێکی تری نەفامی دووڕووەکان روون دەکاتەوە، کە بەشێوەی تانە لێدانەوە دەیانگوت: ئەو -مەبەستیان پێغەمبەر بوو- گوێ بیسە، هەرچی بۆی بگوترێو سوێندی بۆ بخورێ یەکسەر بڕوا دەکا!!

لەئایەتەکانی پێشووش دا ئەوەی روون کرەوە: کە تانەو تەشەریان لەپێغەمبەر دەدا دەربارەی دابەشکردنی زەکاتو صەدەقە. ئیبنو ئەبی حاتەم لەئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە: دەڵێ: نەبتەلی کوڕی حاریث دەهاتە خزمەت پێغەمبەرﷺو دادەنیشت، گوێی دەگرتو دوایی فەرموودەکانی بۆ دووڕووەکان دەگێڕایەوە: ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿وَمِنْهُمْ مَنْ يُؤْذُونَ النَّبِيَّ...﴾ی نارده خوارێ. قورطوبی دەڵێ: ئەم ئایەتە، دەربارەی عەتتابی کوڕی قوشەیر هاتۆتە خوارێ: کە دەیگوت: موحەممەد گوێ رادێرە چی پێ بگوترێ دەیکا.

ئیبنو عەبباسﷺ دەفەرموێ: کۆمەڵێک دووڕوو بەشێوەیەکی ناشیرین باسی پێغەمبەریان کرد: هەندێکیان وتیان فلان کار مەکەن وازبێنن؛ نەوەکوو پێغەمبەر پێی بگاتەوە! جوللاسی کوڕی سووەیدی کوڕی صامیت وتی: ناناچی دەڵێین: بیڵێین، دوایی دەچینە لایو سوێند دەخۆین: کە ئێمە ئەوەمان نەگوتووە، ئەویش پێمان باوەڕ دەکا، چونکە موحەممەد گوێ رادێرەو چی پێ بڵێین بڕوا دەکا!! ئیتر ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

مەبەستی دووروەکان ئەوە بوو: کە پێغەمبەرزیرەک نیەو زۆر لە شت وردنابێتەوەو تێفکرینی نیە، بۆیە ناویان نابوو گوێچکە، وەکو چۆن بە جاسووس دەڵێین: چاو.

دەفەرموێ: ﴿وَمِنْهُمُ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلنَّبِيَّ﴾ لەو تاقمو گرۆ دووڕوانە کە سانێک هەن بە قسەو گاڵتە پێکردن ئەزیەتی پێغەمبەر دەدەنو رەخنەی لێ دەگرن، ﴿وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ﴾ دەڵێن: موحەممەد گوێڕادێرە، چی بێ بگوترێ: بڕوا دەکا، چی بۆ باس بکرێ بڕوای پێ دەکا، هەر کاتێ بێینە لایو سوێندی بۆ بخۆین یەکسەر بڕوامان پێ دەکا، مەبستیان ئەوەیە: دڵسافو

خۆشباوەڕە، زوو بڕوا دەکاو تێفکرینی نیەو لـە شـت ورد نابێتـەوە. ئـەم بـیرو بۆچوونە یان لەوەوە سـەری هـەڵدابوو، چونکـە پێغەمبـەرﷺ بـەزاهیری حـاڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکردنو نهێنییەکانی ئاشکرا نـەدەکردن. ئیـتر پـەروەردگار رەددی دانەوەو فەرمووی: ﴿قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَكُمْ﴾ ئـەی موحەمـمـەد! پێیـان بڵێ: ئەو کەسەی ئێوە پاشملە ئەو تۆمەتانەی ئاراستە دەکەن، وەکوو دەڵێـنو بۆی چوون: وانیەو ئێوە بەهەڵە چوون، چونکـە ئـەو کەسـەی ئێـوە ئـەم جۆرە تۆمەتانـەی پـاڵ دەدەن گوێچکـەی خـێرە، هەرراسـتی دەبیسـێو بەبـەتاڵ هەڵناخەڵەتێ ئەو گوێ بیسی خێرە ﴿يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ بـڕوا بەخوداو سروشتی خودا دەکا، بڕوا بەموسوڵمانان دەکا، چونکە موسـوڵمانانی راستاڵ ئیمانەکەیان ناهێڵێ درۆ بکەن، ئەو گوێچکەی بیستنی درۆو فیتنەییو دەمەدەمێ نیە، ئەو دەزانێ راستگۆو درۆزن کێنو کێ نین، بەباشـی لێکیـان جیـا دەکاتـەوە، وەلێ ئـەو لەگـەڵ دووڕووەکـان دا بـەگوێرەی ئـەحکامی شەریعەتو ئادابی ئیسلام مامەڵە دەکاو سوڕیان هەڵنامالێ؛ ئەو پێغەمبـەرە خاوەن رەوشتی بەرزو مرۆڤایەتییەو ئادەمیزادێکی نموونەییـە. لەراسـتی دا ئەو بڕوا بەدووڕووەکان ناکاو هەواڵو بیرو بۆچوونیان بەراست نازانێ!

﴿وَرَحْمَةٌ لِلَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ﴾ ئـەو پێغەمبـەرە رەحمـەتو سـۆزە بـۆ ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوە لـەئێوە، رەحمەتـە بـۆ ئێـوەی دووڕوو کـە بـڕوا رواڵەتیەکەی لێ وەرگرتوونو نهێنییەکانتان بلاو ناکاتـەوەو فـەضحتان ناکـا، ئـەو هـەڵسو کەوتـەی بەرامبـەر موشریکەکان دەینوێنـێ بەرامبـەر ئێـوە نایینوێنێ. موراعاتی بەرژەوەندی ئیسـلامو موسـوڵمانان دەکـا کـە ئـەو کـارە خراپانە لەئێوە قبووڵ دەکا!

رەحمەتو بەزەییـە بـۆ ئـەو کەسـانەی بـەدڵ بڕوایـان کـردوەو ئیمانیـان هێناوە، چونکە بووەتە هۆی هیدایـەتیان بـۆ خۆشـبەختی دونیـاو قیامـەتیان. کـەوابوو پێغەمبـەرﷺ گوێچکـەی خـێرو رەحمەتـە، هــەر خـێرو رەحمــەت

دەبیسێ، جگە لەخێرو رەحمەت هیچ شتێکی تر نابیسێو بەلایەوە پەسەند نیە.

﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ اللهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ئەوانەی بەکردارو گوفتار ئەزیەتی پێغەمبەری خودا دەدەن سزایان ئاگری دۆزەخە، خودا بەعەزابی بەردەوامو بەئێش تۆڵەیان لێ دەستێنێ!

ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە: کە ئەزیەدانی پێغەمبەر ئەگەر پەیوەندی بەپێغەمبەرایەتیەکەیەوە بێ کوفرەو تاوانی گەورەیە، کەسێک بڵێ: پێغەمبەر ساحیرو جادوبازە سافیلکەو تێنەگەیشتووە، ئەم جۆرە عەیبو عارانەی پاڵ بدا پێی کافر دەبێ. چونکە ئەوە پێچەوانەی بروا پێکردنو ئیمان پێ هێنانیەتی. بەلام کەسێک ئەزیەتی پێغەمبەرﷺ بدا لەبارەی دابو نەرێتی دونیاییەوە وەکوو ئەوانەی کە زۆر لای دەمانەوەو لەماڵەوە لای دەدانیشتن، یان دەنگیان لەخزمەتیا بەرز دەکردەوە، یان ئەوانەی کە بەناوی خۆیەوە بانگیان لێ دەکرد، ئەوە حەرامو نەشیاوەو کوفر نیە. ئەم هەڵوێستو کردارو گوفتارانە هەرچەندە دەبوونە هۆی نارەحەتبوونی پێغەمبەر بەلام ناچنە خانەی کوفرەوە. قورئان لەئایەتێک ئاماژە بەوە دەکا کە هەندێ کەس پاش نانخواردن لەماڵی پێغەمبەر دەمانەوەو درێژەیان بەمانەوەکەیان دەداو پێغەمبەریش پێی ناخۆش بوو، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنكُمْ﴾الأحزاب/٥٣، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ﴾الحجرات/٢.

ڕەوشتی ئەو دووڕوانە خۆیان لەغەزای تەبووک پاش دا بوو

يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَن يُرْضُوهُ إِن كَانُوا مُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّهُ مَن يُحَادِدِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَأَنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدًا فِيهَا ذَٰلِكَ الْخِزْيُ الْعَظِيمُ ﴿٦٣﴾ يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُم بِمَا فِي قُلُوبِهِمْ قُلِ اسْتَهْزِئُوا إِنَّ اللَّهَ مُخْرِجٌ مَّا تَحْذَرُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ إِن نَّعْفُ عَن طَائِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَائِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ ﴿٦٦﴾

دەربارەی هۆی ناردنە خوارەوەی ئایەتی ژمارە (٦٢) ئیبنولمونذیر لەقەتادەوە دەگێڕێتەوە: دەڵێ: پیاوێک لەدووڕووەکان دەربارەی خۆدواخەرەکانی غەزای تەبووک کە ئەو ئایەتانەیان دەرحەق هاتۆتە خوارێ وتی: سوێندم بەخودا ئەوانە پیاوماقوڵی ئێمەنو ڕێزدارن، جا ئەگەر ئەوەی موحەممەد دەیڵێ حەقو ڕاست بێ، ئەوە بێگومان ئەوانە لەگوێدرێژ خراپترن، پیاوێکی موسوڵمان گوێی لەوتەی دووڕووەکە بوو، وتی: وەڵلاهی ئەوەی موحەممەد ﷺ دەیفەرموێ: حەقو ڕاستە، ئەتۆش لەگوێدرێژ خراپتری، کابرای موسوڵمان بەهەڵەداوان چوو بۆ لای پێغەمبەرو شکاتی کردو ئەم ڕوداوەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر ﷺ ناردی بەدوای کابرای دووڕووداو پێی فەرموو: چی وای لەتۆ کرد ئەو قسە ناشیرینانە بکەی؟ کابرای دووڕوو دەستی کرد بەتف لەخۆکردنو نەفرین لەخۆکردنو سوێندی خوارد کە ئەو قسانەی نەکردونو شتی وا ڕوی نەداوە. کابرای موسوڵمانیش هەر دەپاڕایەوەو دەیگوت: خودایە

راستی راستگۆیانو درۆی درۆزنـان ئاشـکرا بکـە، ئیتر پـەروەردگار ئایـەتی ﴿يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ...﴾ نـاردە خـوارێ.. بەهـەمان شـێوە لە(السدي)یەوە ئەم ریوایەتە گێڕدراوەتەوە.

دەربارەی ئایەتی ژمارە (٦٥) ئیبنــو ئـەبی حاتـەم لـەئیبنو عومـەرەوە ریوایەتی کردوە دەڵێ: پیـاوێکی دووڕوو لەوانـەی خۆیـان لـەچوون بـۆ غـەزای تـەبووک دا پـاش دابـوو رۆژێـک لەمەجلیسـێک دا وتـی: مـن هیـچ شـتێکم نەبینیوە وەکوو ئەم قورئانخوێنانە وا بـێ، کەسم نـەبینیوە ئـەوەندە چڵێسرو زمانڕۆزنو ترسنۆک بن لەکاتی روبەڕو بوونـەوەی دوژمـن دا! پیـاوێک گوێـی لێ بوو، وتی: وەڵلاهی درۆ دەکـەیو ئـەتۆ دووڕوویو دەبـێ پێغەمبـەرت لێ تێبگەیەنم، ئیـتر ئـەم هەواڵـە بەپێغەمبـەرﷺ گەییشـتو ئـەم ئایەتـە هاتـە خوارێ.

ئیبنو جەریری طەبەریو ئیبنولمونذیـرو ئـەبو ششـەیخ؛ ئیبنـو حـەییانی ئەلئەنصاری لەقەتادەوە دەڵێ: چەند کەسێک لـەدووڕووەکان لـەکاتی غـەزای تەبووک دا وتیان: سەیرە! ئەم پیاوە (مەبەسـتیان پێغەمبـەر بـوو) بەتەمایـە قەڵاو باڵەخانەی شام بخاتە ژێر دەسـتی خۆیـەوە، ئـەوە خـەیاڵپلاوێکی کـەم وێنەیە، زۆر زەحمەتە بتوانێ ئەم ئاواتەی بێتــە دی، پـەروەردگار پێغەمبـەری خۆی بەسەر ئەم وتانە دا ئاگادار کرد، پێغەمبەرﷺ هاتە ناویانەوەو فەرمووی واو واتان گوتووە، وتیان: نەوەڵلا ئێمە سوحبەتو شۆخیمان کردوە بەجیدیمان نەبووە ئیتر ئەم ئایەتانە هاتنە خوارێ.

ئیبنو ئەبی حاتەم دووبارە لەکەعبی کوڕی مالیکەوە دەگێڕێتەوە دەڵــێ: مێخەششی کوڕی حەمیر وتی: سـوێند بـەخودا مـن پێـم خۆشـە هەریـەکێک لەئێوە سەد جەڵدەی لێ بدرێ بەمـەرجێک ئایەتی قورئان نەیێتە خوارێ پەردە لەسەر دووڕوویەکەمان هەڵبداتەوە. ئەم قسانە بەپێغەمبەرﷺ گەییشتنەوە، پاشان هاتن بـۆلای پێغەمبـەر عـوزرو بەهانـەیان دەهێنایـەوە. ئیـتر ئایـەتی ﴿لَا تَعْتَذِرُوا﴾ هاتە خوارێ.

پەیوەندی ئەم ئایەتانەش بەهی پێشوەوە لەم روەوەیە: کـە لایـەنێکی تـر لەکارە خراپەکانی دووڕووەکان ئاشکرا دەکەن. کە بریتییە لەسـوێند خواردنی

بەدرۆیانو دوژمنایەتیکردنی خوداو پێغەمبەری خودا، گاڵتەکردنیان بەقورئان، بەتایبەتی ئەو ئایەتانەی حاڵو چۆنیەتی ئەوانی روون دەکردەوە، خۆپاشدانو نەچوونیانی بۆ غەزای تەبووك رەخنەدەگرت.

ئەوەتا: لەم ئایەتانە دا پەروەردگار خیطاب ئاراستەی موسوڵمانان دەکاو ئەوەیان بۆ روون دەکاتەوە: کە دووڕووەکان بۆ ئەوەی ئێوە لێیان رازی بن، پەنا بۆ سوێند خواردنی بەدرۆ دەبەنو خوداش دەزانێ ئەوانە درۆزنــنو روپامایی دەکەنو دەفەرموێ: ﴿يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ﴾ هەر کە دووڕوویيو نیفاقیان دەرکەوتو هەستیان بەهەڵوێستی حەرەجو حەیابەرەی خۆیان کرد، خێرا پەلاماری سوێند خواردن دەدەن، دەست دەکەن بەعوزر هێنانەوە بۆ ئەو کردارو گوفتارانەی لێیان رودراوە، بۆ ئەوەی ئێوە رازی بکەنو دڵتان لێیان نەرەنجێ، وەلحاڵ ﴿وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَنْ يُرْضُوهُ﴾ خوداو پێغەمبەری خودا شیاوترن بەوەی ئەو دووڕووانە هەوڵ بدەن رازیان بکەن، پابەندی فەرمانو نەهیەکانیان بن، ئیمانی راستەقینە بهێننو کردەوەی چاك بکەن. واز لەدووڕوويیو روپامایی بێننو ببنە موسوڵمانی راستاڵ!

تێبینی ئەوە دەکرێ: کە راناو لەوشەی (يرضوه) دا بەموفرەد هێندراوە کە بەرواڵەت دەبوایە (موثەننا) دووانی بوایە، واتە: بیگوتایە (يرضوهما) وەلێ کە بەموفرەد هێناویەتی، بۆ ئەوەیە پێمان بزانێنێ کە رازیکردنی پێغەمبەر رازیکردنی خودایە، چونکە سەرچاوەی پێغەمبەرایەتی یەك سەرچاوەیەو فەرمانو جڵەوگیریەکان لەیەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾النساء/٨٠، ئەم پێزاناندنەش مەبەستێکی گرنگەو پێویستە ئادمیزادان بیزانن، ئەگەر راناوەکەی بەشێوەی موفرەد نەهێنایە ئەو مەبەستە گرنگەی نەدەگەیاند!!

ئەمجار لەکۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: ﴿إِنْ كَانُوا مُؤْمِنِينَ﴾ واتە: ئەگەر ئەوان لافی برواداری لێ دەدەنو بەسوێند جەخت لەسەر ئیمانداری خۆیان دەکەن دەبوایە خوداو پێغەمبەری خودا رازی بکەن، کەسێك خۆبەموسوڵمانو خاوەن باوەڕ دەزانێ باخوداو پێغەمبەرەکەی رازی بکەن،

چونکە بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئەوان نرخو سوودی هەیە، ڕازیکردنی خەڵکی تر بەتەنیا هیچ سودو نرخێکی نیە.

ئەمجار پەروەردگار سەرزەنشتی دووڕووەکان دەکاو خەتەرو زیانی کاری ناپەسندیان روون دەکاتەوە، دەیانترسێنێ لەئاکامی کاری نابەراویانو بەشێوەی پرسیار ئەو ناپاکانە سەرزەنشت دەکاو دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّهُ مَنْ يُحَادِدِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ ئایا ئە دووڕووە ناپاکانە نازاننو دڵنیانین لەوەی کەسێک دوژمنایەتی خوداو پێغەمبەر بکاو سنوور بەزێنی بکا، یان گاڵتەو قەشمەری بەپێغەمبەر بکا، ڕەخنە لەکردارو گوفتارو ڕەوشتی بگرێ، وەکوو ئەوە: کە دەربارەی دابەشکردنی (صدقات) ڕەخنەیان لێ گرت، دەربارەی ڕەوشتو هەڵسو کەوتی پێغەمبەرﷺ لەگەڵیان دا گاڵتەیان پێ دەکردو دەیانگوت گوێڕادێرو خۆشباوەڕە.....هتد. ئایا نازانن کەسێک بەم جۆرە دژایەتی خوداو پێغەمبەر بکا ﴿فَأَنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِداً فِيهَا﴾ ئەوە سزاو تۆڵە لێ ستاندنیانی ئاگری دۆزەخەو بۆ هەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوەو ڕزگاربوونی نابێ. ﴿وَذَٰلِكَ الْخِزْيُ الْعَظِيمُ﴾ ئەو سزا بەئێشو هەمیشەییە ڕیسوا کردنێکی گەورەو سامناکە، هیچ ئازارو ڕیسواکردنێکی دونیایی نایگاتێ!

لەڕاستی دا دووڕووەکان بۆخۆیان حەقیقەتی خۆیان دەزانن، ئەوان بڕوایان بەخوداو بەپێغەمبەرایەتی موحەممەد نیە، ئەوان لەخۆیان بەشکن، گومانیان دەربارەی نیگا هەیە، ڕاڕاو نائارمن، هەمیشە لەحاڵەتی دڵەڕاوکێ دان، بۆیە پەروەردگار بەم شێوە وەصفیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ أَنْ تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُمْ بِمَا فِي قُلُوبِهِمْ﴾ دووڕووەکان ترسی ئەوەیان هەیە: کە سوورەتێکی قورئان دابەزێتە سەر موسوڵمانەکانو نهێنی دووڕووەکان دەربخاو پەردەیان لەسەر لابداو دووڕوویی یەکەیان ئاشکرا بکا، هەواڵ بەموسوڵمانەکان بدا بەوەی کە لەدڵی دووڕووەکان دا حەشار دراوە، ڕاستی حاڵو چۆنیەتییان بەموسوڵمانەکان ڕاگەیەنێو بۆیان لەبنی کولەکەکە بدا، بەتەواوی فەضیح بنو نهێنی یەکانیان ئاشکرا بنو ڕیسوا بن!!

وێڕای ئەم ترسو دڵە راوکێو راڕاییەیان، هەمیشە گاڵتەیان بەقورئانو بەپێغەمبەرو موسوڵمانان دەکرد، بەبێ شەرمانە دەیانگوت: ﴿إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ﴾البقرة/١٤، بۆیە پەروەردگار هەڕەشەی لێ کردنو فەرمووی: ﴿قل استهزئوا﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: بەکەیفی خۆتان گاڵتەو قەشمەری بەئایەتەکانی خودا بکەن، دڵنیا بن: کە ﴿إِنَّ اللَّهَ مُخْرِجٌ مَا تَحْذَرُونَ﴾ بێگومان خودا نیگا بۆ پێغەمبەرەکەی دەنێرێو سوورەتی قورئانی بۆ سەر نازڵ دەکا، نهێنیو شتە پەنامەکییەکانتان دەردەخا، حەقیقەتو چۆنیەتی ئێوە بەپێغەمبەر رادەگەیەنێو فەضح دەبن، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ أَنْ لَنْ يُخْرِجَ اللَّهُ أَضْغَانَهُمْ...﴾محمد/٢٩.

ئاشکرایە: ئەمە هەڕەشەو ترساندنی دووڕووەکانە لەسەر رەفتارو کردارو گوفتارە ناشرینەکانیان.

ئەمجار پەروەردگار سوێند دەخوا لەسەر ئەوە: کە ئەگەر پێیان بگوترێ: ئەرێ بۆچی ئێوە گاڵتە بەقورئانو پەیامی ئیسلام دەکەن؟ دوایی دەست دەکەن بەسوێند خواردن: کە ئێمە ئەو قسانەمان بەراست نیە، ئەوەتا: دەفەرموێ: ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ﴾ ئەی فروستادە؛ ئەی پێغەمبەر! سوێند بێ ئەگەر تۆ لێیان بپرسی؛ ئەرێ ئێوە بۆچی گاڵتە بەقورئان دەکەن؟ بۆچی رەخنە لەپێغەمبەر دەگرن؟ بۆچی بەنهێنیو پەنامەکی دژی پێغەمبەرو پەیامەکەی دەدوێن؟ خێرا دەست دەکەن بەعوزر هێنانەوەو ﴿لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ﴾ سوێند دەخۆن لەسەر ئەوە: کە ئەوان لەو قسانەیان دا جیددی نین، بۆ سوحبەتو گاڵتە کردنو کات بەسەر بردنو بۆ پێکەنین ئەو قسانە دەکەن، پێیان وا بوو: ئەم عوزرەیان لێ وەردەگیرێو ئەم درۆیەیان بۆ بەسەر دەچێ، چونکە ئەوان نەیاندەزانی کە قشمەریو لاقرتێ کردن بەئایین کوفرێکی ئاشکرایەو تاوانێکی گەورەو بەفتارەبەرە! ئەمجار پەروەردگار سەرزەنشتیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ﴾ ئایا ئێوە گاڵتەو قەشمەری بەخوداو بەقورئانو بەپێغەمبەر دەکەن؟ هیچتان دەست نەکەوتووە گاڵتەی پێ بکەن خوداو پێغەمبەر نەبێ؟! بەراستی کارێکی خراپ

دەکەنو تاوانێکی گەورە ئەنجام دەدەن. چونکە گاڵتە کردن بەخوداو بەقورئانو پێغەمبەر کوفرێکی ئاشکراو تاوانێکی بەهیلاك بەرەیە.

مەبەست بەگاڵتە کردن بەخودا، گاڵتەکردن بەیادی خوداو بەزاتو صیفاتی خودایە، بەشەریعەتو یاسای خودایە، مەبەست بە(آیات اللـه) قورئانی پیرۆزو باقی حوکمو یاساکانی ئایینە. مەبەست لەگاڵتەکردن بەپێغەمبەر ئەوەیە: قەشمەری بەپێغەمبەرایەتی بکرێ یان بەرەوشتو بەکردارو گوفتارەکانی.

دەی ئێوە بێ شەرمانە ئاوا گاڵتە بەو شتە موقەددەسو پیرۆزانە دەکەنو ئەمجار کە پێتان زانرا، دەست دەکەن بەعوزر هێنانەوەو پێتان وایە: عوزرەکەتان لیٚ وەردەگیرێو ئاوا بەراشکاویو بێ ترسو خەجاڵەتبوون بیانووی نامەقبووڵتان دەهێننەوە ﴿لَاتَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ ئەم جۆرە عوزرانە مەهێننەوە، بەو جۆرە بیانوانە پاساوی ئەو تاوانانەتان مەدەنەوە، چونکە ئەنجامدانی کاری کوفرو ناپەسند بەمەبەستی سوحبەتو پێکەنینو رابواردن، شتێکی زۆر بێ جێیەو ناماقوڵییەو نابێ بکرێ، عوزر هاوردنەوەتان داننانە بەتاوانو، عوزر لەقەباحەت خراپتر!!

﴿إِنْ نَعْفُ عَنْ طَائِفَةٍ مِنْكُمْ﴾ خۆ ئەگەر ئێمە خۆش ببین لەتاقمێکتان بەهۆی تۆبە کردنو گەڕانەوەتان لەتاوانو وازهێنانتان لەو کارە کوفر ئامێزانە وەکوو میخەششی کوڕی حەمیر کە تۆبەی کردو ناوی عەبدوررحمانی لیٚنراو لەخودا پاڕایەوە پلەی شەهادەتی پیٚ ببڕیٚ کەس لاشەکەی نەدۆزێتەوە، نزاکەی گیرابوو رۆژی شەڕی (یەمامە) شەهید بوو کەس نەیزانی کیٚ کوشتیو لاشەکەی کەوتە کوێوە.

ئەوە ﴿نُعَذِّبْ طَائِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ﴾ کۆمەڵێکی تر سزا دەدەین بەهۆی تاوانبارییانو سووربوونیان لەسەر هەڵوێستی کوفر ئامێزیان.

واتە: ئەگەر ئێمە خۆش ببین لەو دووڕووانەی کە تۆبە دەکەنو واز لەقسەی بەدو بەدرفتاری دێنن، نابیٚ بەوە کەسانی دیکە هەڵخەڵەتێن، چونکە بێگومان ئێمە سزای ئەوانە دەدەین: کە تۆبە ناکەنو لەهەڵوێستی تاوانبارییان پەشیمان نابنەوە، سوور دەبن لەسەر تاوانی کوفر ئامێزیان!

ڕەوشتی دووڕووەکانو سزای قیامەتیان

ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ بَعْضُهُم مِّنۢ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ ۚ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ۗ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٦٧﴾ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ هِىَ حَسْبُهُمْ ۚ وَلَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٦٨﴾ كَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنكُمْ قُوَّةً وَأَكْثَرَ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا فَٱسْتَمْتَعُوا۟ بِخَلَٰقِهِمْ فَٱسْتَمْتَعْتُم بِخَلَٰقِكُمْ

فَٱسْتَمْتَعْتُم بِخَلَٰقِكُمْ كَمَا ٱسْتَمْتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُم بِخَلَٰقِهِمْ وَخُضْتُمْ كَٱلَّذِى خَاضُوٓا۟ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٦٩﴾ أَلَمْ يَأْتِهِمْ نَبَأُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَقَوْمِ إِبْرَٰهِيمَ وَأَصْحَٰبِ مَدْيَنَ وَٱلْمُؤْتَفِكَٰتِ ۚ أَتَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٧٠﴾

ئەم ئایەتانەش لەهەمان تەوەرەی ئایەتەکانی پێشوودا دەسووڕێنەوەو خراپەو هەڵوێستی ناپەسندی دووڕووەکان روون دەکەنەوە، فەضحیان دەکەن!

لەم ئایەتانەدا پەروەردگار جۆرێکی تر لەخراپەکاریی مونافیقەکان دیاری دەکا' جوداوازیی نێوان موسوڵمانانو ئەوان دەستنیشان دەکاو، دەیانشوبهێنێ بەدووڕوو کافرەکانی پێش خۆیان، حاڵو چۆنیەتییان دەشوبهێنێ بەحاڵو

چۆنیەتی مونافیقەکانی پێش ئەوان، بەرامبەرو قییاس لەنێوان ئەوانو کەسانی رابردوو ئەنجام دەدا.

ئەوەش دەچەسپێنێ کە ئەو مونافیقانە بەنێرو مێیانەوە لەو خراپەکاریانەدا هاوبەشن، لەهەمان کاتیش دا هەڕەشەی توندیان ئاراستە دەکا: بەوە کە لەڕۆژی قیامەت دا لەپێری برادەرو هاوبیرەکافرەکانیان دا سزاو تۆڵەیان لێ دەستێنێو وەکوو ئەوانەیان حلێب دەکا کە ئاژاوەو ئاشووبو ستەمکاری کوفریان لەسەر زەوی بڵاو کردۆتەوەو دەفەرموێ: ﴿الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ﴾ واتە: دووڕووەکان پیاوو ئافرەتیان، لەئەخلاقو رەوشتو کردارو گوفتاریان دا دەشوبهێنە یەکتریو لەخراپەکاری دا چوون یەکن.

ئەمجار ئەو لێکچوونە شیدەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ﴾ واتە: هەندێ لەو دووڕوانە فەرمان بەهەندێکی تریان دەکەن بەخراپەکاریو فیتنەو ئاشووب، وەکوو درۆو خییانەتو پەیمانشکێنیو پابەند نەبوون بەوادەو بەڵێن، هەر شتێک خودا پێی ناخۆش بێ ئەوان ئەوە پەیڕەو دەکەن، وەکوو لەفەرموودەیەکی صەحیح دا هاتووە کە شەیخانو تیرمیذیو نەسائی لەئەبو هورەیرە ریوایەتیان کردوە: دەفەرموێ: (**آية المنافق ثلاث: اذا حدث كذب، واذا وعد أخلف، واذا اتمن خان**) نیشانەی دووڕوو سێ شتە، کە قسەی کرد درۆ بکا، کە وادەی دا نەیباتە سەر، کە سپاردەی لادانرا خییانەتی تێدا بکا. وێڕای فەرمانکردیان بەخراپەکاریو کرداری ناپەسند، جڵەو گیری دەکەن لەچاکەو هەر شتێک باش بێ، هەرشتێک شەرع فەرمان بەکردنی بکاو عەقڵ بەپەسندی بزانێ، ئەوان نەهی لێ دەکەنو کۆسپو تەگەرە دەخەنە رێی. ئەوەتا هەوڵ دەدەن خەڵک لەجیهاد کردن سارد بکەنەوە، تێدەکۆشن موسوڵمانان لەرێگەی خودادا ماڵو سامانی خۆیان خەرج نەکەن، ئەوەتا قورئان لەشوێنێکی تردا دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ: لَا تُنْفِقُوا عَلَى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنْفَضُّوا﴾المنافقون/٧، بۆ خۆشیان هیچ کامێ لەو کارە باشانە ئەنجام نادەن. بەتایبەتی لەبارەی

ماڵبەخشینەوە تا بڵێی دەست قووچاوو رژدن، بەهیچ جۆرێ روناکەنە ماڵبەخشین، شتێکی ئاشکراشە ئەم ماڵ نەبەخشینەیان بەهێزترین بەڵگەی نیفاقو دووڕووییانە، هەر وەکوو چۆن ماڵبەخشین لەپێناو ئایینی خودادا نیشانەی بڕوا پتەویو موسوڵمانییەتی راستەقینەیە.

﴿نَسُوا اللهَ فَنَسِيَهُمْ﴾ ئەو مونافیقانە ئەوەیان لەبیر چووەتەوە کە بەطاعەتو پابەندبوون بەفەرمانی خوداو وازهێنان لەو شتانەی جڵەوگیری لێ کردون، خۆیان لەخودا نزیکێ بکەنەوە، رۆژێکێ لەرۆژان بەدڵیان دا نەهاتووە: کە ئەرکی سەرشانیانە طاعەتی خودا بکەنو سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی بن، شوێن هەواو هەوەسی شەیتانی خۆیان کەوتونو خودایان لەبیر چۆتەوە، بۆیە خوداش جەزای دانەوە، واتە: سزای دان، بەوە: لەدونیادا لەرەحمەتو لوطفی خۆی بێ بەشی کردنو تۆفیقی نەدان، لەقیامەتیش دا پاداشی باشیان ناداتێ. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿الْيَوْمَ نَنسَاكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا﴾ الجاثية/٣٤.

نەکێ هەرپاداشیان ناداتێ بەڵکوو دەیانخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوەو بەو ئاگرە سوتمانە سزایان دەدا.

﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ واتە: بێگومان ئەو مونافیقە بەدبەختانەی لەرێبازی راست لایان داوەو رێبازی شەیتانیان گرتۆتە بەر ئەوان لەهەموو کەس زیاتر گومراو فاسقو سەر لێشێواون، لەهەموو ئەخلاقو فەضیلەتێکێ رووت بوونو، هیچ خێرو چاکەیەکیان لێ چاوەڕوان ناکرێ، تەنانەت ئەوان لەکافرو مولحیدەکانیش زیاتر لەرێبازی خودا دوورکەوتوونەوە، ئەو کافرو گومڕایانەی کە پێیان وایە: عەقیدە بەتاڵەکەی خۆیان راستەو پەیڕەوی دەکەن لەبواری فیسقو دەرچوون لەرێبازی خودا ناگەنە ئەو مونافیقانە، هێندەی ئەوان لەفەضیلەو ئەخلاقی بەرز رووت نەبوونو لەگومڕایی دا نایانگەنێ!!

ئەمجار پەروەردگار ئەو عەزابو تۆڵەیە دیاری دەکا: کە بۆ مونافیقەکانو وێنەی ئەوانی داناوە لەسزای کردارو گوفتارەکانیانو دەفەرموێ: ﴿وَعَدَ اللهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ

فِيهَا﴾ پەروەردگار وادەی داوە بەدووڕووەکان بەپیاوو ئافرەتیانەوە، وێڕای کافرەکانی تریش بەئاگری دۆزەخ، بڕیاری داوە: کە ئەوانە هەموویان بخاتە نێو دۆزەخەوەو بۆ هەتاهەتایە تێیدا دەمێننەوە.

تێبینی ئەوە دەکرێ: ئایەتەکە مونافیقی پێش کافری تر خست، بۆ ئەوەی ئاماژە بێ: کە ئەو مونافیقانە هەرچەند بەرواڵەت لەپێری موسوڵمانانن‌و خۆیان بەخاوەن بڕوا نیشان دەدەن‌و بڕێ ئەرکی ئیسلامی رواڵەتی ئەنجام دەدەن، وەلێ لەکافرەکانی تر خراپترن، بەتایبەتی لەو کافرانەی کە پابەندی ئایینی هەڵوەشاوەو گۆڕدراوی خۆیانن وەکوو خاوەن نامەکان. واتە: جولەکەیەکی پابەند بەئایینی خۆی هەرچەندە ئایینەکەی هەڵوەشاوەتەوەو گۆڕانکاری تێدا کراوە زۆر لەکابرای دووڕووی بەرواڵەت نوێژکەرو رۆژووگر...هتد باشترەو هێندەی مونافیق زیانی بۆ ئایینی ئیسلام نیە. ﴿هِيَ حَسْبُهُمْ وَلَعَنَهُمُ اللهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُقِيمٌ﴾ ئاگری دۆزەخ ئەوەندەی ئازار تێدایە کە بەسیان بێ‌و سزای کردەوەکانیان پڕ بکاتەوە، خودا نەفرینی لێ کردوون‌و لەرەحمەتی خۆی دووری خستوونەوە، ئەو بەدبەختانە سزای هەمیشەییان هەیە، جگە لەسزای سوتان بەئاگری دۆزەخ، سزای هەمیشەیی وەکوو هەڵپروزانی دەم‌و چاویان بەبای سەموم‌و داپلۆخانی هەناویان بەئاوی کولاتوو، قەدەغەبوونی بینینی خودا لێیان‌و مەحرووم‌بوونیان لەو بەهرەو نیعمەتە گەورەیە. لەژیانی دونیاشیان دا هەمیشە لەسزای دڵەڕاوکێ دان، بەئازاری نەخۆشی دووڕوویی گرفتارن، ترسی ئەوەیان هەیە: پێغەمبەرو موسوڵمانان بەنهێنی‌یەکانیان بزانن‌و فەضح ببن.

ئەمجار پەروەردگار ئەوە روون دەکاتەوە: کە ئەوەی تووشی ئەو دووڕووانە دەبێ لەسزاو تۆڵەی دونیاو رۆژی دوایی دەشوبهێتە ئەو سزاو تۆڵەیەی تووشی مونافیق‌و کافرانی پێشوو بووە، ئەو عەزابەی بۆ دووڕووەکانی سەردەمی ئیسلام تەرخان کراوە، وەکوو سزای ئەو دووڕوو کافرە پێشینانەی سەردەمی پێغەمبەرەکانی رابوردو وایەو دەفەرموێ: ﴿كَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَانُوا أَشَدَّ مِنكُمْ قُوَّةً وَأَكْثَرَ أَمْوَالاً وَأَوْلَاداً فَاسْتَمْتَعُوا بِخَلَاقِهِمْ﴾ واتە: ئێوە ئەی ئەو دووڕووانەی ئەزیەتی خوداو پێغەمبەری خوداو موسوڵمانان

دەدەن! دەشوبهێنە ئەو دووڕووانەی گەلەپێشینەکانی پێغەمبەرانی رابوردوو، کە لەپێش ئێوەوە هاتوونە گۆڕەپانی ژیانەوەو لەناوچوون. ئێوەش وەکوو ئەوان بەماڵو سامانو منداڵو کەسو کار لەخۆتان بایی بوون بەژیانی دونیا هەڵخەڵەتاونو بوغرا بوون. وەلێ ئەوان لەئێوە بەهێزتر بوون، ماڵو منداڵو کەسو کاریان لەئێوە زۆرتر بوو، هەموو هەوڵو تەقەڵلایەکیان لەژیان دا بۆ لەززەت وەرگرتنو خۆش رابواردنو ماڵو منداڵ زۆر کردن بوو، بەژیانی کەمخایەنی دونیا لەخۆیان بایی بوون، خۆشییەکانی جیهان لەخشتەی بردن، هیچ مەبەستێکی پیرۆزو بەهرەمەندییان نەبوو لەو ژیانەیان دا جگە لەرابواردنی کاتیو مادی کورتی دونیایی؛ بەشی خۆیان رایانبواردو بەو ژیانە کورتە شادمان بوون. وەکوو خاوەن باوەڕانی خودا پەرستو پەیڕەوانی رێبازی حەق هەوڵیان نەدا بۆ چەسپاندنی وشەی حەقو تەرازووی عەداڵەتو دابینکردنی ئەمنو ئاسایشو فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە. ﴿فَاسْتَمْتَعْتُم بِخَلَاقِكُمْ كَمَا اسْتَمْتَعَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُم بِخَلَاقِهِمْ﴾ ئێوەی مونافیقو گومڕا رێبازی دووڕووەکانی رابوردووتان گرتۆتە بەرو هەمان هەڵسوکەوتی ئەوان دووبارە دەکەنەوە، ئەو هەڵوێستوخراپەکاریانەی دووڕووەکانی پێشینان بەرامبەر ئایینی حەقو راست نواندیانو کردیان، ئێوەش ئەوە ئەنجام دەدەن، هەوڵ نادەن هیدایەت لەقورئان وەربگرنو شوێن پەیامی پێغەمبەر بکەونو دڵو دەروونی خۆتان پاڵفتە بکەنو بچنە پێڕی بەختەوەرانەوە. ئێوە دووڕووی سەردەمی ئایینی ئیسلام شیاوی سزاو تۆڵەی زیاترو بەئێش ترن! چونکە ئەوان لەئێوە بەهێزترو ماڵو سامان زۆرتر بوون، ئەو ئایاتو موعجیزانەی خودا نیشانی ئێوەی داوە، ئەوان نەیان بینیوە.

بەکورتی ئێوە شوێن پێی مونافیقەکانی رابووردوو کەوتوون هەرچەندە زۆر شت هەیە داخوازی ئەوەن کە ئێوە پێچەوانەی ئەوە رێگاتان بگرتایە بەر.

لەهێنانی وشەی (استمتاع) جارێک بۆ مونافیقە کۆنەکانو ئەمجار بۆ مونافیقەکانی سەردەمی ئیسلامو جارێکی تر بۆ مونافیقە پێشینەکان، مەبەستێکی سەرەکی هەیە کە بریتییە لەسەرزەنشتو لۆمە کردنی مونافیقەکانی سەردەمی پێغەمبەرەکانی پێشوو؛ کە لەززەتیان وەرگرت لەو

ژیانە کورتەی جیهانو هەڵەوگیری ئەو بەشە کەمەی ژیـان بـوونو مـەحروومی خۆشبەختیو کامەرانی قیامەت بوون بەهۆی هەڵەو گیرییـان بەبەشـی ژیـانی کورتو کەمخایەنی جیهان. ئەمجار مونافیقەکانی سـەردەمی ئیسـلامی پـێ شـوبهاندنو تـا تەشـبیهەکە بـەلیغ بـێو وەجهـە شـەبەهو لێکچواندنەکـە زۆر کاریگەر بێ. وەکـووو ئـەوە یـەکێکێ بیـەوێ ستەمکارێکێ ئامۆژگـاری بکـا، ناشیرینیو دزێوی ستەمکارییەکەی بخاتە رو پێی دەڵێ: تۆ وەکوو فیرعـەون وای کـە لـەختوخۆڕایی خـەڵکی دەکوشـتو بـەبێ تـاوان ئەشـکەنجەی ئادەمیزادانی دەدا، ئەتۆش وەکوو ئـەو دەکـەیو وەکـوو ئـەو هـەڵسو کـەوت دەنوێنی!

بەکورتی دووبارەکردنەوەی (استمتاع) بۆ تەئکیدو جەخت کردنەوەیە.

ئـەمجار پـاش ئـەوەی پـەروەردگار ئـەو دووڕووانـەی شـوبهاندن بـەکافرو مونافیقەکانی گەلەپێشینەکان لەهەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی کـاڵای دونبـاییو رووەرگێڕان لەهەوڵدان بۆ قیامەت. لێکچواندنێکی تر لەنێوان هەردوو تـاقم دا دەخاتـە روو ئـەویش بـەدرۆ خسـتنەوەی پێغەمبـەرانو وەصـف دار کردنیـان بەفێڵو تەڵەکەبازیو غـەدر کردنـە لێیـانو دەفـەرموێ: ﴿وَخُضْتُمْ كَالَّذِي خَاضُوا﴾ واتە: ئێوەی دووڕووی سەردەمی هاتنی ئیسلام وێـڕای ئـەوەی کـە دەبوایە وازتان لەخراپەکاریو درۆو فێڵبـازی بهێنایـە، کـەچی ئێـوەش وەکـوو دووڕووە پێشینەکان لەدرۆو فرتو فێڵبـازی دا رۆچـوونو ملتـان لەخراپـەکاری نا!!

ئەمجار پەروەردگار سەرەنجامی کردەوەی هـەموو دووڕووەکـان بـەکۆنو تـازەوە، ئەوانـەی لەسـەردەمی پێغەمبـەرانی پێشـوودا بـونو ئەوانـەی لەسـەردەمی هـاتنی ئیسـلام دا بـوون دیـاری دەکـاو دەفـەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ واتـە: ئـەو مونافیقو کافرانە هەموویان هەوڵو تێکۆشانیان بەفیڕۆ چوو، ئەو کردارانـەیان کـە پێیـان وا بـوو: کـرداری چـاکو باشـن پووچـەڵ بـوون، بەکـەڵکی هیچیـان نەهاتن، چونکە هەرچی کردویانە بـۆ ریابـازیو نـاودەرکردن بـوو، مەبەسـتیان خزمەت گەیاندنو سوود بەخشـین نـەبوو، لەقیامـەتیش دا پـاداشو ئـەوابیان

نادرێتێ، چونکە ئیشەکانیان بۆخودا نەکردوەو هیچ نیازو مەبەستی رەزامەندی خودایان نەبووە. لەسەرێکی ترەوە هەبوونی بڕوا مەرجە بۆ پاداش وەرگرتنەوە ئەوانیش ئەو مەرجەیان تێدا نەهاتۆتەدیو بڕوای راستەقینەیان نەبوە، بەڵکو ئەوان هەر بەروکەش و رواڵەتبازی خۆیان بەخاوەن باوەڕ خستۆتە روو، ئەگینا لەراستی دا ئەوان کافربونو روناکایی ئیمانیان تێدا نەبوو، ئەوان دووڕوو بوونو بەروکەش خوداپەرستو لەناوەرۆکٸ دا کافرو بێ بڕوا ئەوانە خەسارەتمەندو مایەپووچ بوون، لەکاتێکٸ دا پێیان وابوو قازانج دەکەن زیانیان پێ گەیی، هیچ پاداشیان دەست نەکەوتو هیچیان پێ نەبڕا، خۆیان ماندو کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی پێغەمبەران، جگە لەوەی خێرو چاکەی دونیاو قیامەتیان لەکیس چوو، جگە لەسزاو تۆڵەی دونیاییو رۆژی قیامەت هیچی تریان دەستگیر نەبوو، ماڵوێرانو خانە خراپو بەدبەختو چارەڕەشو ریسوای دونیاو قیامەت بوون. نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ: هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالأَخْسَرِينَ أَعْمَالاً. الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا﴾الكهف/١٠٤.

بەپێچەوانەوە موسوڵمانو خوداپەرست بەختەوەری دونیاو قیامەتە، هەرچی دەیکا لەخێرو چاکە بۆی دەبێتە مایەی خۆشبەختی هەردوو دونیای، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وآتَيْنَاهُ أجْرَهُ فِي الدُّنْيَا، وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ﴾العنكبوتت/٢٧.

بەکورتیو پوختی مەبەست لەشوبهاندنی ئەو مونافیقانە بەکافرەکانی پێشووەوە ئەوەیە: ئەو دووڕوو کافرە پێشینانە هیچ سوودێکیان لەکارو کردەوەکانیان نەبینی، جگە لەمایە پوچیو خەسارەتمەندیو ریسوایی هیچیان دەستگیر نەبوو، هەرچەندە ئەوان لەئەمان بەدەسەلات تر بوونو ماڵو منداڵو کەسرو کاریان فرەتر بوو، کەوابوو: ئەم مونافیقانەی سەردەمی ئیسلام شیاوترن بەوەی بکەونە نێو عەزابی دونیاو قیامەتەوەو لەبەختەوەری هەردوودونیا بێ بەش بکرێنو لەمونافیقەکانی پێشوو زیاتر سزا بدرێن!!

ئەمجار پەروەردگار ئامۆژگاری ئەو دووڕووانە دەکا: کە پێغەمبەریان بەدرۆخستەوەو هەڕەشەیان لێ دەکاو دەیانترسێنێ بەو سزاو کارەساتانەی

بەسەر گەلە ستەمکارەکانی پێشوو هاتووەو دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ يَأْتِهِمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ: قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَقَوْمِ إِبْرَاهِيمَ وَأَصْحَابِ مَدْيَنَ وَالْمُؤْتَفِكَاتِ﴾ ئەوە هەواڵی بەسەرهاتی گەلەپێشینەکان بەو مونافیقانە نەگەیشتووە؟ ئەو سزاو کارەساتەی بەسەر شەش گەلە بەدرۆخەرەوەکان هات بەئەو دووڕوو کافرانەی سەردەمی ئیسلام نەگەییشتووە؛ بێ ئاگان لەهەواڵی ئەو گەلانەی پێش ئەوان: کە لەپێغەمبەرەکانیان یاخی بوونو سەرپێچی فەرمانی خودایان کردو خوداش بەسزای سەختو بێ ئامانی خۆی گرتنیو لەناوی بردن؟ بێ ئاگان لەسەرەنجامی گەلی نووح کە بەتۆفان خنکانو جگە لەوانەی ئیمانیان بەحەزرەتی نووح هێنابوو کەسی تریان لێ دەرنەچوو، یان ئەو رەشەباو زریانەی کە عادی گەلی حەزرەتی هودی لەناوبرد، یان ئەو گرمەو ناڵەو شریخەی گەلی ثەموودی دوا بڕاو کرد، یان ئەو عەزابەی ملهوڕی وەکوو نەمروودی لەناوبرد، ئەو ملهوڕەی هەوڵی دا حەزرەتی ئیبراهیم بسوتێنێ، یان ئەو بوومەلەرزەو زەوی راتڵەقاندنەو عەزابی (یوم الظلە)ی توشی گەلی شوعەیب پێغەمبەر هات، یان ئەو رۆچونو بەقوڕا بردنەی توشی گوندەکانی هۆزی لووط هات، کە بە دانیشتوانەکانیانەوە ژێرو زەبەر کرانو خاکەکەیان هەڵگێردرایەوەو ئەمجار بەردەباران کران، ئایا ئەو کافرو دووڕوانەی سەردەمی ئیسلام ئەم بەسەر هاتو رووداوانەیان پێ نەگەیشتوەو نەیان بیستوە؟ واتە: بیستویانەو پێیان گەیشتووە.

ئەو گەلو نەتەوانە ﴿أَتَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەو نیشانەی ئاشکراوە هاتوونە ناویانو ئەوانیش لە جیاتی ئەوەی بڕوایان پێ بکەن بە درۆیان خستوونەوە، پەروەردگاریش پەلەی لە ناوبردنیان کردو لە بێخی دەرهێنان، خودا کە لەناوی بردن ستەمی لێ نەکردوون بەڵکوو ئەوان بۆخۆیان ستەمیان لەخودی خۆیان کردوە. هۆی لەناوچوونیان کردەوەناپەسندەکانی خۆیان بوو، بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرەکانیان بوو، دژایەتیکردنی حەقو حەقخوازان بوو.

هەڵبەتە لەدابو نەریتی خودا نیەو دادپەروەری ئەو داخوازی ئەوە نیە لەخۆوە ئەو خەڵکە سزا بدا، بەڵکوو لەپێش دا پێغەمبەر دەنێریۆ بیانوویان دەبرێو دەیانترسێنێ لەسزاو تۆڵەی بێ ئامانی، بۆ ئەوەی ئادەمیزاد خۆیان لەسەر پێچیکردن بپارێزنو پەیرەوی بەرنامەی پەروەردگاریان بکەن، جا ئەگەر پابەند نەبوونو ستەمیان لەخودی خۆیان کردو، سەر رەقییان نواندو موبالاتیان بەئامۆژگاریو ترساندنو هەڕەشەی پێغەمبەرەکانیان نەکرد، ئەمجار خودا عەزابی سەختی خۆی بۆ ناردونو لەناوی بردوون!

قورئان بۆیە بەتایبەتی ئەو شەش گەلانەی باس کردن، چونکە کافرو دووڕووەکان هەواڵی بەسەرهاتی ئەو گەلانەیان بیستبوو، هەندێکیان دەماودەم پێ گەییشتبوو، لەلایەکی ترەوە شوێنەوارو پاشماوەی ئەو گەلە لەناوچووانە لەولاتی شامو دەورو بەری دایەو نزیکی ولاتی حیجازەو زۆر جار بەچاوی خۆیان ئاسەوارو کەلاوەو شوێنەواری ئەو غەزەب لیٚ گیراوانەیان بینیوە.

مەبەستیش لەیاد خستنەوەی کافرو دووڕووەکانی سەردەمی ئیسلام بەئاکامو سەرەنجامی ئەو گەلە لەناوچووانە ئەوەیە: پێیان بزانێنێ: کە دابو نەریتی خودا گۆڕانی بەسەردا نایە، ئەمانیش ئەگەر سوورین لەسەر هەڵوێستو کوفرو بێدینی خۆیان ئەوە عەزابی خودایان بۆ دێو لەناویان دەباو رزگاریان نابێ. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿أَكُفَّارُكُمْ خَيْرٌ مِنْ أُولَئِكُمْ أَمْ لَكُمْ بَرَاءَةٌ فِي الزُّبُرِ﴾القمر/٤٣.

بێگومان پەروەردگار سەرانی کوفرو نیفاقی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامی لەیەکەم غەزادا کە غەزای بەدر بوو لەناوبردن، پاشانیش لەغەزاکانی تردا جار دوای جار ریسوای کردنو لەناوی بردن، بەلام مونافیقەکان بەنهێنی هەر خەریکی پیلان دارشتنو فێڵو تەڵەکەبازی بوون، هەتا خودای زاناو دانا بەم سورەتە پەردەی لەسەر هەڵماڵینو نهێنییەکانی ئاشکرا کردن ئیتر زوربەیان وازیان هێنا، سەرۆکەکەیان کە عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی بوو بەداخو خەفەتی خۆیەوە سەری نایەوە..

سەیرە ئادەمیزاد کە لەسروشتی خۆی لای دا هێزو توانای رواڵەتی بوغرای دەکاو بیر ناکاتەوە، نازو نیعمەت بەرچاوی دەگرن ناڕوانێ، پەندو

عیبرەتی رابوردوان کاری تێ ناکەن، مەگەر کەسێک خودا هیدایەتی بداو هەست بەدابو نەریتی خودا بکا لەبوونەوەرداو رفتاری خۆی باش بکاو بەگوێرەی شەریعەتی خودا هەڵسو کەوت بکا.

زۆر کەس هەن خودا بەتاقییان دەکاتەوە هێزو توانایان پێ دەبەخشێ ماڵو سامانو منداڵیان دەداتێ، ئیتر خۆیان لەخۆ دەگۆڕێو لەناوچوونی سامانداراني پێش خۆیان کاریان تێ ناکەنو بیر لەسەرەنجامی ملهوڕو ستەمکاران ناکەنەوە، هەتا خودا بەدەستی قودرەت دەیانگرێو سەرەونگوونیان دەکا، ئەو کاتە وەهۆش خۆ دێنەوە بەڵام بێ سوودە.

رەوشتی موسوڵمانانو پاداشی قیامەتیان

وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٧١) وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّٰتِ عَدْنٍۚ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ (٧٢)

لەوەپێش رەوشتی دووڕوو ناپاکەکانی دەست نیشانکردن، رەوشتی ناشرینو هەڵسو کەوتی ناپەسەندیانی رانواندن، سزاو تۆڵەی پڕاوپڕی کردەوەکانیانی رون کردەوە. ئیتر بەشوێن ئەوەدا باسی رەوشتی جوانو پەسندی موسوڵمانان دەکا، پاداشو جەزای کردەوەکانیان دیاری دەکا..

ئەمە ئوسلووبی قورئانە، بەمەبەستی پەندو ئامۆژگاری شتە دژبەیەکەکان ریز دەکا، کە باسی شەوی کرد، باسی رۆژیش دەکا، کە باسی دونیای کرد، باسی قیامەتیش دەێنێتە پێشەوە، باسی مونافیقو کافر بکا، باسی خوداپەرستان دەخاتە پاڵی..هتد جوداوازی نێوان شتە دژ بەیەکەکان

دەستنیشان دەکاو دەیانخاتەڕوو بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بەئارەزۆو ویستی خۆی چی باشە بۆ ژیانی دونیاو قیامەتی ئەوە هەڵبژێرێ، بۆخۆی بەرژەوەندی خۆی دیاری بکا... ئالێرەدا جیاوازی ئاشکرا لەنێوان کردارو گوفتاری کافرو مونافیقەکانو ئەو سزایە کە شیاوی ئەوانە لەگەڵ کردارو گوفتاری موسوڵمانانی راستاڵو ئەو پاداشو ئەوابەی لەپاساوی کردارەکانیان دا وەری دەگرنەوە نومایان دەبێو دەردەکەوێ.

بۆ ئەوەی مونافیقەکان بزانن: کە ئەوان موسوڵمان نینو ئەوەی بەڕوکەش دەری دەخەن؛ کە گوایە موسوڵمانن پوچو بێ سوودەو هیچیان لێ دەست ناکەوێ، ماندوبوونیان بێ هودەیەو کاریان بێ بەرو سوودە. ماندوبوونیان خۆڕاییەو رەنج بەخەسارن. ئەوەتا: لەوەصفی موسوڵمانان دا دەفەرموێ: ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾ پیاوانی موسوڵمانو ئافرەتانی موسوڵمان هەندێکیان یارمەتیدەرو کۆمەکیکاری یەکترن، لەیەکیەتی بیرو باوەڕدا، لەیارمەتیدانی یەکتری لەسەر چاکەو دژی دوژمنان پشتی یەکتری دەگرنو یەکتری تەواو دەکەن، وەکوو لەفەرموودەی صەحیح دا هاتووە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (اَلْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا) موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەکوو ریزی دیوار وان هەندێکی هەندێکی تر پتەو دەکا. جاکە پێغەمبەرﷺ ئەم فەرموودەیەی فەرموو: پەنجەکانی خۆی تێک پەڕاندنو چەمبەرەی پێ بەستن! هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی: (مَثَلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ كَمَثَلِ ٱلْجَسَدِ ٱلْوَاحِدِ، إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ، تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ ٱلْجَسَدِ بِٱلْحُمَّى وَٱلسَّهَرِ) نموونەی موسوڵمانان لەیەکتر خۆشەویستی داو لەرەحم بەیەکتری کردن دا وەکوو جەستەیەک وان کە شوێنێکی ئەو جەستەیە ئازاری هەبوو، باقی ئەندامەکانی تری ئارام ناگرنو شەو بەخەبەرن!

بێگومان هاریکاری نێوان موسوڵمانان بەپیاوو ئافرەتەوە بەوپەڕی لێبوردوییو خۆنەویستییەوە لەکاتی مەترسیو هەڵوێستو شوێنی زۆر ناسک دا خۆی نواندوە، لەکاتی کۆچکردنیانو جیهادو تێکۆشان دا پیاوو ئافرەتی موسوڵمانان شان بەشانی یەکتری بەچاکترین شێوە هاریکاریو پشتگیری

یەکتریان ئەنجام دەدا، پیاوان بەداوێنپاکیو چاو پارێزیو دڵخاوێنی، ئافرەتان بەحەیاو حیشمەتو پۆشاکی موسوڵمانانەو پابەندبوون بەشەریعەتی ئیسلام لەکردارو گوفتارو هەڵسو کەوت دا کاری خۆیان ئەنجام دەداو هاریکاری یەکتریان دەکردو نموونەی کۆمەڵگای ئیسلامییان پێک هێنا!!

بێگومان ئافرەت لەمێژووی ئیسلام دا رۆڵێکی گرنگی هەبوە لەبەئاکام گەییشتنی کۆچکردنو بڵاوبوونەوەی ئیسلام، لەجەنگەکانی موسوڵمانان دژی کوفرو بێدینان بەشداری جەنگاوەرانی ئیسلامیان کردوە، ئاویان بەسەردا گێراون خواردەمەنییان بۆ ئامادە کردون، جەنگاوەرانیان هەڵناوە بۆ هەڵمەتبردنو خۆفیدا کردن، بەئامۆژگاریو تانەلێدان جەنگاوەرانی هەڵاتوویان گێراونەوە بۆ گۆڕەپانی جەنگ، برینداری نەخۆشیان تیمار کردون!

تێبینی ئەوە دەکرێ: دەرحەق بەئەهلی ئیمان فەرمووی: ﴿بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖ﴾ دەربارەی مونافیقەکانیش فەرمووی: ﴿بَعۡضُهُم مِّنۢ بَعۡضٖ﴾ چونکە موسوڵمانان برای یەکترینو خۆشەویستیو هاریکاریو سۆزو بەزەییان بۆ یەکتری بەدڵو بەگیانە؛ بەپێچەوانەی دووڕووەکان هیچ هێزێکی مەعنەوی نیە کۆیان بکاتەوە بیرو باوەڕێک نیە یەکیان بخاو بەیەکیانەوە ببەستێتەوە. بەڵکوو هەندێکیان شوێنکەوتووی هەندێکیانن، لەگومانداریو ترسو رژدیو ڕاڕاییو ترسو لەرزدا، چونکە دڵیان جیا جیانو یەک دڵ نین. ئەمجار پەروەردگار جگە لەصیفەتی (ویلایەت) پشتگیریو هاریکاری نێوان موسوڵمانان، پێنج صیفەتی تریان بۆ دیاری دەکا کە دەبنە خاڵی سەرەکی جیاکردنەوەی موسوڵمان لەدووڕوو ئەم پێنج رەوشتە پەسندانەش ئەمانەن:

١- ﴿يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ﴾ فەرمان بەیەکتری دەکەن بەچاکە کردن بەڵام مونافیق جڵەوگیری دەکەن لەفەرمان بەچاکە.

٢- ﴿وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ﴾ موسوڵمانان جڵەوگیری دەکەن لەخراپە بەپێچەوانەی دووڕووەکان کە فەرمان دەکەن بەخراپەکاری.

٣- ﴿وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ موسوڵمانان بەرێکوپێکی نوێژەکانیان بەخوشوعو خوضوعەوە ئەنجام دەدەنو لەبەر خاتری خودا دەیکەن، بەڵام دووڕووەکان

کە هەڵدەستن بۆ نوێژ بەتەمبەڵیو لەشگرانییەوە نوێژەکانیان دەکەنو بۆ ناوو شۆرەتو بۆ ئەوەی جاوبەستەکێ لەخەڵکی بکەن.

٤- ﴿وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ﴾ موسوڵمانان زەکاتی ماڵو سامانی خۆیان بەرێکو پێکی دەدەنو خێرو صەدەقەی تریش دەبەخشن بەئاتاجان. بەپێچەوانەوە دووڕووەکان بەخیلی دەکەنو دەستی خۆیان دەقوچێنن.

٥- ﴿وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ موسوڵمانان فەرمانبەرداری فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودان، چییان فەرمان پێ بکرێ، ئەنجامی دەدەن، جڵەوگیری چییان لێ بکرێ لێی دوور دەکەونەوە، بەڵام مونافیقەکان هەمیشە یاخیو سنوور بەزێننو پابەندی فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودا نین!! ﴿أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ بەهۆی ئەو ڕەوشتە جوانو پەسەندانەوە، ئەو موسوڵمانانە شیاوی ڕەحمەتو بەزەیی پەروەردگارن، خودا بەڵێنی ڕەحمەتی خۆیان پێ دەدا لەدونیاو قیامەت دا. بێگومان پەروەردگار عەزیزو باڵادەستە هەرشتێکی بوێ دەیکا، هەر وادەو بەڵێنێک بدا، هەرهەرشەیەک بکا دەیهێنێتە جێ، حەکیمو دانایە، کاروباری بوونەوەر بەگوێرەی عەداڵەتکاریو دانایی خۆی ڕێکو پێک هەڵدەسوڕێنێ کەوابێ بەهەشتو ڕەزامەندی خۆی بەموسوڵمانان دەبەخشێ، بۆ مونافیقەکانیش ئاگری دۆزەخو قارو غەزەبی!!

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە پیتی (س) لەوشەی (سیرحمهم)دا بۆ تەئکیدو موبالەغەیە، مانای تایبەتکردنی کردار ناکا بەزەمانی داهاتووی نزیک، چونکە ڕەحمەتو بەزەیی خودا بۆ موسوڵمانان هەمیشەییو بەردەوامە.

ئەمجار ئەو وادەو بەڵێنەی داویەتی بەموسوڵمانان شی دەکاتەوەو ئەوە رادەگەینێ کە ڕەحمەتی خودا زۆر شت دەگرێتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ پەروەردگار بەڵێنی بەپیاوانی موسوڵمانو ئافرەتانی موسوڵمان داوە، کە شادیان بکا بەباغو باغاتی بەهەشت کە بەژێر دارو درەختەکانی دا جۆگەو جۆبار دەکشێن، ﴿خَالِدِينَ فِيهَا﴾ بۆ هەتا هەتایە لەناو ئەو بەهەشتە ڕازەوەدا دەمێننەوە،

لەززەتو خۆشی لێ وەردەگرن، ﴿وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ﴾ خانوبەرەی دڵگرو رازاوەی بۆ ئامادەکردون، لەناو بەهەشتی ئەبەدی دا، وێرای ئەو خانوو باڵەخانە دڵگیرانە، سەرباری ئەو هەموو ئامێرو هۆکاری خۆشگوزەرانیو بەختەوەرییە: کە نەچاو بینیویەتیو نەبەسەر دڵی کەس دا بەخەیاڵ رابوردوە، ئەو خودا پێداوانە نازو نیعمەتێکی تریان هەیە: کە لەهەموو نیعمەتەکانی تری بەهەشت خۆشترو بەلەززەت ترە، ئەویش رەزامەندی خودایە بۆیان، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ أَكْبَرُ﴾ هەیە بۆ موسوڵمانان رەزامەندی خودا کە زۆر لەبەهەشت گەورەترو، زۆر لەبەهەشت مایەی شادمانی ترە. شتێکی بەڵگە نەویستیشە کە کامەرانی گیانی خۆشترو پیرۆزترە لەلەززەتی جەستەیی. ئەوەی پشتگیری ئەمە دەکا: ئەو فەرموودەیەیە: کە ئیمام مالیکو موسلیمو بوخاری لەئەبو سەعیدی خودرییەوە ریوایەتیان کردوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: **(ان الله عزوجل يقول لأهل الجنة، فيقولون: لبيك ربنا وسعديك، والخير في يديك. فيقول: هل رضيتم؟ فيقولون: ومالنا لانرضي يارب، وقد اعطيتنا مالم نعط احداً من خلقك، فيقول: الا اعطيكم أفضل من ذلك؟ فيقولون يارب وأي شيئ أفضل من ذلك؟ فيقول: احل عليكم رضواني فلا أسخط عليكم بعده أبداً).**

هەندێ لەراڤەکەران پێیان وایە: **(رضوان)** بریتیيە لەبینینی زاتی خودا لەرۆژی قیامەت دا. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ﴾يونس/٢٦.

بێگومان ساتێک پەیوەندی بەزاتی کردگار ساتێک بینینی ئەو زاتە بێچوونە، لەهەموو خۆشیو بەختەوەرییەک گرنگترە، بەڵکوو هیچ خۆشییەک لەئاستی دا بەخۆشی داناندرێ. بەڵێ ساتەوەختێک کە لەقوڵایی دڵی ئادەمیزاددا شوعلەیەک لەو نوورە ئەزەلیو ئەبەدییەی کە چاو دەرکی ناکا روناکاییەک دەنوێنێ، ساتی هاڵهاتنی ئەو نوورە لەناو گیانی ئادەمیزاددا، تاقە ساتێک لەو ساتانەی کە رێ دەکەوێ بۆ کەمێک لەئادەمیزادان بریسکەیەک لەنووری خودا دەکەوێتە ناو دڵو گیانیانەوە، هەموو خۆشیو

لـەززەتێکێ لەئاسـتی دا بـەهیچ دەژمـێردرێن، دەی دەبـێ چ بگوتـرێ بەرەزامەندییەکی خودایی کە هەموو گیان داپۆشێو هەمیشـە بـەبێ برانـەوە هەستی پێ بکرێ!! جا کە پەروەردگار لەئایەتەکـە دا سـێ شـتی بـاس کـردن **(الجنات، المساكين الطيبة، رضوان من الله)** ئـەمجار فـەرمووی: **﴿ذلك هو الفوز العظيم﴾** واتـە: ئـەو وادەو بەڵێنـەی خـودا، یـان ئـەو رەزامەندییە، یان ئەو خۆشیو لەززەتە مادیو مەعنەوییانە بەیەکەوە بـەمراز گەییشتنێکی فرە گەورەیـەو هیـچ خۆشـییەکی تـری ناگـاتێ، بـەم لـەززەتو نیعمەتانە پاداشی موسوڵمانە راستاڵەکان دەدەینەوەو ئەوە پـاداشو نیعمـەتن نەکێ ئەو خۆشیو لەززەتانەی دونیا کە مونـافیقو کافرەکـان هـەوڵی بەدەست هێنانی دەدەنو هەمیشە هەڵپەیانە بۆیان!!

جیهادو تێکۆشان دژی کافرو مونافیقەکان

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَـٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَـٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ ۚ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٧٣﴾ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُوا۟ وَلَقَدْ قَالُوا۟ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ وَكَفَرُوا۟ بَعْدَ إِسْلَـٰمِهِمْ وَهَمُّوا۟ بِمَا لَمْ يَنَالُوا۟ ۚ وَمَا نَقَمُوٓا۟ إِلَّآ أَنْ أَغْنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضْلِهِۦ ۚ فَإِن يَتُوبُوا۟ يَكُ خَيْرًا لَّهُمْ ۖ وَإِن يَتَوَلَّوْا۟ يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ وَمَا لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٧٤﴾

پـاش ئـەوەی پـەروەردگار وەصفـی موسـوڵمانانی کـردو ئـەو رەوشـتە جوانانەی وەپاڵ دانو وادەو بەڵێنی پاداشی هەرە باشی پێدان، بـەرزترین پلـەو پایەی بەهەشتی بۆ تەرخان کردن، جارێکی تر گەڕایەوە بۆ سەر مونافیقەکانو هەڕەشەی توندی لێ کردنو ترساندنی بەوە کە وەکێ کافرەکان جیهادیان لـەدژ بکرێ، خستنیە پـێری ئـەو کافرانـەی کـە بەئاشـکرا ئیعلانـی کوفـرو بێدینـی خۆیان کردوە.

فەرمان دەکا بەپێغەمبەرەکەی کە جیهاد بکا لەدژی کافرانو موونافیقـان موسـولْمانان هـەلْبنێ بـۆ جـەنگان دژی ئەوانـەی بەئاشـکرا جـاڕی کافریـەتی خۆیان داوەو دژی ئەوانەش کە بەرواڵەت خۆیـان بەموسـولْمان حلێـب دەکـەنو لەدڵ دا کوفریان پەنهان کردوە.

قورئان ئەوە دەچەسپێنێ کە مونافیقەکان قسەی کوفر ئامێزیـان کـردوەو دوای ئەوەی جاڕی موسوڵمانبوونی خۆیـان دا کافربوونـەوە ویسـتیان کـارێک ئەنجام بدەن: کە تێرۆر کردنی پێغەمبەر بوو بەڵام بۆیان ئەنجام نەدرا، دەبـێ ئەوان بۆچـی رقیـان لەپێغەمبـەر بـێ؛ خۆ رەوانـە کردنـی پێغەمبـەر بێجگـە لەخێرو بەرەکەت بۆ ئەوانو بـۆ هـەموو ئـادەمیزاد هیچـی تـر نیـە. ئـەمجار پەروەردگار مونافیقەکان هەڵدەنێ کە بگەڕێنەوەو تۆبـە بکـەنو چیتـر درێـژە بەکوفرو دووڕوویی خۆیان نەدەن.

دەقەکەی قورئان بەگشتی حاڵو چۆنیـەتی مونافیقـەکان رادەنوێنـیو زۆر لەهەڵوێستەکانیان ئاشکرا دەکا، ئاماژە بەوە دەکا کە زۆر جار هـەوڵیان داوە شەڕو نارەحەتی بەپێغەمبەرو موسـوڵمانان بگەیـەنن. چـەند سەرگوزشـتەیەک هەن هۆکاری تایبەتی بۆ هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان دیاری دەکەن.

قەتادە دەڵێ: دەربارەی عـەبدوڵلای کوڕی ئوبەی نازڵ بووە، ئەوەبوو: دوو پیاو شـەڕیان بـوو یـەکێان جوهـەنیو ئـەویتریان ئـەنصاری. کـابرای جوهـەنی بەسەر ئەنصارییەکەدا زاڵ بـوو، عـەبدوڵلا بـەکابرای ئـەنصاری وت: ئـەوە بـۆ نایـەن یارمـەتی براکـەتان بـدەن؟ سـوێندم بـەخودا وێنـەی ئێمـەو وێنـەی موحەممەد وەکوو وتەی مەشهوری کابرا وایـە کـە وتـی: (سـەگەکەت قەڵـەو بکە بتخوا) ئەمجار وتی: ئەگەر بگەڕێنەوە بـۆ مەدینـە دەبێ عـەزیزو پیـاو ماقووڵەکانمان ئەو ناکەسبەچانە وەدەرنێـن. پیـاوێک لەموسـوڵمانان بەپەلـە چووە خزمەت پێغەمبەرو ئـەو قسـانەی بـۆ گێڕایـەوە، پێغەمبـەرﷺ لـەدوای ناردو پرسیاری لێ کرد: بۆچی ئەو قسانەت وتووە: ئەویش سوێندی خوارد کـە شتی وا نەبوە ئەو قسەی ئاوای نەگوتووە. ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ!

ئیمام ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر لەئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ڕۆژێک پێغەمبەرﷺ لەژێر سێبەری درەختێک دانیشتبوو، فەرمووی: ڕۆژێک پیاوێک دێ بۆ لاتان بەچاوێکی شەیتانانە دەڕوانێ بۆتان، کە هات قسەی لەگەڵ دا مەکەن. وەندەی پێ نەچوو پیاوێکی چاوشین بەدەرکەوت، پێغەمبەرﷺ بانگی کردو پێی فەرموو: لەسەر چی تۆو هاوەڵانت جوێنم پێ دەدەن؟؟

پیاوەکە هەستاو ڕۆیی‌و هاوەڵەکانی هێنان، هەموویان سوێندیان خوارد: کە ئەوەیان نەگوتووە، ئەوەندەیان سوێند خوارد پێغەمبەریان ڕازی کردو لێیان خۆشبوو، ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿يَحْلِفُونَ بِاللهِ مَاقَالُوا...﴾ی ناردە خوارێ.

عوروەی کوڕی زوبەیرو هی تریش دەڵێن: ئەم ئایەتانە دەربارەی جوللاسی کوڕی سووەیدی کوڕی صامیت هاتوونە خوارێ. ئەم کابرایە کوڵە بەسەیەکی لەخێزانەکەی هەبوو، ناوی عومەیری کوڕی سەعدبوو، جوللاس وتی: ئەگەر ئەوەی موحەممەد هێناویەتی ڕاستبێ، ئەوە ئێمە حاڵمان لەم گوێدرێژانەی خۆمان خراپترە، عومەیر وتی: سوێند بەخودا ئەی جوللاس! ئەتۆ خۆشەویسترین کەسی بۆ من، پێم ناخۆشە زیانت پێ بگا، ئەتۆ قسەیەکت کرد ئەگەر باسی بکەم حەیام دەچێ، ئەگەر بیشارمەوە دەمکوژێ. یەکیان لەوی تریان لام سووکترە، هەواڵەکەی بەپێغەمبەرﷺ گەیاندو پێغەمبەرﷺ بەروی دادایەوە، ئەویش ئینکاری کردو وتی: من شتی وام نەگوتووە. سوێندی خوارد کە شتی وای نەگوتووە، ئەمجار پەروەردگار ئەم ئایەتانەی ناردە خوارێ. پیاوەکە وتی: بەڵێ گوتوومە، وەلێ خودا تۆبەی داناوە من تۆبە دەکەم ئیتر ئەمەی لێ قبوڵ کرا.

بەڵام ئەم ڕیوایەتانە تێکڕا لەگەڵ ڕستەی ﴿وَهَمُّوا بِمَا لَمْ يَنَالُوا﴾ کە لەئایەتەکەدا هەیە ناگونجێ، چەند ڕیوایەتێکی تر هەن: ئەوە دەچەسپێنن کە مەبەست بەو شتەی کە مونافیقەکان ویستیان ئەنجامی بدەن‌و بۆیان نەکرا ئەوەبوو: کە لەکاتی گەڕانەوەی پێغەمبەرﷺ لەغەزای تەبووک کۆمەڵێک دووڕوو ویستیان بەغافڵگیری پێغەمبەرﷺ تیرۆر بکەن.

یەکێك لەو ریوایەتانە ئەوەیە: کە ئیمام ئەحمەدﷺ دەڵێ: یەزید بۆیگێڕاینەوە دەڵێ: وەلیدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی جەمیع لەباوکی طوفەیلەوە بۆیگێڕاینەوە، کاتێ پێغەمبەرﷺ ویستی لەغەزای تەبووك بگەڕێتەوە، فەرمانی دا جاڕ بدرێ: کە پێغەمبەرﷺ لەکەلو بەرزاییەکەوە دەگەڕێتەوە، با هیچ کەس لەوێوە نەگەڕێتەوە، ئیتر دەستەیەك لەو دووڕووانە دەمو چاوی خۆیان داپۆشیو لەو رێگەوە هاتن بەنیازی ئەوەی پێغەمبەرﷺ لەو رێگا سەختەیە هەڵدێرن بەسەر ولاغەکەیەوە، لەو کاتەدا عەممار ولاغەکەی لێ دەخوڕیو حوزەیفەش لەپێشەوە هەوسارەکەی رادەکێشا. عەممار بەگژیان دا چووەوە، پێغەمبەرﷺ لەولاغەکە دابەزیو دووڕووەکان نەیانتوانی کارەکەیان ئەنجام بدەن، ئایەتی ﴿وَهَمُّوا بِمَا لَمْ يَنَالُوا﴾ دەربارەی ئەم رووداوە نازڵ بووە[1] ئەمجار پێش ئەوەی بچینە سەر راڤەکردنی ئایەتەکان بابزانین جیهاد چەند جۆری هەیە؟!

جیهاد: سێ جۆری هەیە: جیهاد کردن لەدژی دوژمنێکی ئاشکراو دیار، جیهاد دژی شەیتان، جیهاد کردن دژی نەفسو ئارەزۆ. ئایەتی ﴿وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ﴾الحج/٧٨، هەرسێ جۆرەکانی جیهاد دگرێتەوە. هەروەها ئایەتی ﴿وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾التوبة/٤١، ئەمیش هەرسێ جۆرەکە دەگرێتەوە. پێغەمبەریشﷺ لەم بارەوە فەرموویەتی: (جَاهِدُوا الْمُشْرِكِينَ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ وَأَلْسِنَتِكُمْ) ئەم فەرموودەیە ئیمام ئەحمەدو ئەبو داودو نەسائیو ئیبنو حەببانو حاکم لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەتیان کردوە.

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: پەروەردگار فەرمانی بەپێغەمبەر کردوە: کە جیهاد بکا دژی کافرو موئافیقەکانو توندو تیژ بێ لەگەڵیان، وەکوو چۆن فەرمانی پێ کردوە: کە باوەشی عەطفو بەزەیی بۆ موسوڵمانان بکاتەوەو لەگەڵیان دا هێدیو هێمن بێ.

---

[1] بۆ زێدە تەفصیلو ئاگادار بوون بڕوانە (الأساس في التفسير) دانراوی مامۆستا سعید حوی ج٤/٢٣٢٩-٢٣٣٢.

هەواڵی ئەوەشی پێداوە: کە سەرەنجامی کافرو مونافیقان لەرۆژی قیامەت دا ئاگری دۆزەخە.

هەرئیبنو کەثیر ریوایەتێک لەئیمام عەلییەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ بەچوار شمێشرەوە نێردراوە. شمشێرێک بۆ هاوبەشبڕیداکەران ﴿فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ﴾التوبة/٥، شمشێرێک بۆ کافرو خاوەن نامەکان ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾التوبة/٢٩. شمشێرێک بۆ دووڕووەکان ﴿جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ﴾التوبة/٧٣، شمشێرێک بۆ یاخی بوەکان ﴿فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ﴾الحجرات/٩.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پەروەردگار فەرمانی بەپێغەمبەرﷺ کردوە کە بەشمشێر جیهاد لەگەڵ دووڕووەکان دا بکا بەڵام بەشێوەیەکی توندو تیژ!!

بەکورتی مونافیقەکان ئەگەر دووڕوویی خۆیان ئاشکرا کرد بەشمشێر جیهادیان لەگەڵ دەکرێ، ئەگەر نیفاقەکەیان دەرنەخست وەکوو موسوڵمانان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ مەگەر لەئایین هەڵگەڕێنەوە یان لەکۆمەڵی موسوڵمانان یاخی ببنو ئاودەنە چەکو سەنگەر بگرن، یان شەعائیری ئیسلام جێ بەجێ نەکەن!

بێگومان لە رۆژگاری ئێمە دووڕوو زۆرو زەبەندەن، خاوەن دەسەلاتو قسە رۆیشتوو کار بەدەستن، رۆژ بە رۆژیش پەرەدەسێنو لەزیاد بووندان، موسوڵمانانیش پاڵیان لێ داوەتەوەو چاوی خۆیان نوقاندوە، لایەنی خودا بەردەدەن لەترسی زمانی کافرو دووڕوو!! سەیرە دەڵێی ئایەتی ﴿يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ﴾یان نەبیستووە؟!

ئەمجار دێینە سەر راڤەکردنی ئایەتەکان: کە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ﴾ ئەی پێغەمبەر! تێبکۆشەو بەردەوام بە لەسەر تێکۆشان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تاقمی کافرو دووڕوو، هەوڵ بدە بۆ ئەوەی لەهەڵوێستی خۆیان پەشیمانیان بکەیەوە، توندو تیژیە

لەدژیانو نەرمو نیانی لەبەرامبەریان دا مەنوێنە، وەکوو چۆن ئەوان ئەوپەڕی هێزو توانای خۆیان دژی تۆ بەکار دەهێنن. توانای خۆت بخەکارو بەرەنگاریان ببەوە؛ بەبەڵگەو دەلیل بۆریان بدە، بەشمشێرو گورزو تیر شەڕیان لەگەڵ بکە. هەڵبەتە ئەم چەکو ئامێرانە بەگوێرەی رۆژگار دەگۆڕێنو دەبێ موسوڵمانان هەوڵ بدەن لەگەڵ بارودۆخ دا چەکی پێویستیان هەبێ.

بێگومان زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوە کە دووڕوو بەگوێرەی شەریعەت مامەڵەی موسوڵمانانیان لەگەڵ دەکرێو شەڕیان لەگەڵ ناکرێ مەگەر بەئاشکرا لەئایین هەڵگەڕێنەوە، یان لەکۆمەڵی موسوڵمانان یاخی بنو سەنگەریان لێ بگرن، یان بەئەنقەستو ئینکەبەری شەعائیری ئیسلام جێ بەجێ نەکەن، لەوەپێشیش فەرموودەکەی ئیبنو عەباسمان باس کرد کە فەرموویەتی: (**جهاد الكفار بالسيف وجهاد المنافقين باللسان**) جیهادی کافران بەشمشێرەو جیهادی دووڕووەکان بەئامۆژگاریو بەڵگەو دەلیل.

بێگومان جولەکە کافرەکانی مەدینە رۆژ ئەزیەتی پێغەمبەریان دەدا، تەنانەت وشەی (**السلام عليكم**)یشیان گۆڕیبوو کە تووشی پێغەمبەر دەبوون، دەیانگوت (**السام عليكم**) واتە: مردنت لەسەر بێ. پێغەمبەریش لەوەڵامیان دا دەیفەرموو: (**وعليكم**) پاشان چەندەها وادەو بەڵێنی خۆیان هەڵوەشاندەوە ئەو روداوانەی لێ کەوتنەوە کە لەوەپێش باسمان کردن.

بەلام پێغەمبەرﷺ مامەڵەی لەگەڵ دووڕووەکان دا بەشێوەیەکی نەرمو نیان بوو، ئەم هەڵوێستە نەرمو نیانەی پێغەمبەرﷺ بەرامبەریان وای لێ کردن جورئەت بکەن ئەوانیش ئەزیەتی پێغەمبەرﷺ بدەنو پاشملە تانەو تەشەری لێ بدەنو پێی بڵێن: (**هو اذن**)....هتد. ئیتر لەم ئایەتەدا پەروەردگار فەرمانی بەپێغەمبەر کرد: کەچی دی نەرمو نیانییان لەگەڵ نەنوێنێ، بەڵکوو بەرامبەر ئەوانو کافرەکان توندو تیژ بێ، چونکە وێنەی ئەوانە بەنەرمو نیانی ناچارێنو پەندو عیبرەت وەرناگرنو تەمبێ خواردو نابن. وەکوو شاعیرێکی عەرەب دەڵێ:

ووضع الندى في موضع السيف بالعلا
مضر كوضع السيف في موضع الندى

بەراستی ئەمە جیهادێکی زۆر سەختو دژوارە، چونکە دەبێ هەڵوێستێک بنوێنیێ بەرامبەر دووڕووەکان مام ناوەندی بێ نەوەکوو موسوڵمانان بەنەرمو نیانیو عەطفو بەزەیی لەگەڵیان دا بجووڵێتەوە، نەوەکوو کافرەکان توندو تیژ بێ لەدژیان، واتە: دەبێ زۆر دادپەروەرانە لەگەڵ ئەم تاقمەدا بجوڵێتەوە. بۆیە ئیمامی عومەر لەم بارەوە دەفەرموێ: **(أذلوهم ولاتظلموهم)** بیانخەنە ژێر رکێفی خۆتانەوەو ستەمیان لێ مەکەن!!

بێگومان سیاسەتی ئیسلامی داناو پابەند بەفەرمانی خوداو لێهاتویی پێغەمبەرﷺ دەربارەی مامەڵە کردنی موسوڵمانان لەگەڵ دووڕووەکان وای کرد زوربەی زۆری ئەو مونافیقانە تۆبە بکەنو پەشیمان ببنەوە بەراستی بەدڵو بەگیان موسوڵمان ببن.

﴿وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ دڵنیابە سەرەنجامیانو شوێنی حەوانەوەیان دۆزەخە، شوێنی تریان نیە جگە لەو شوێنە ناخۆشە، بەراستی خراپ ئاکامێکە ئەو ئاکامەی ئەوانو خراپ مەنزڵو نیشتەمەنییەکە، هەرکەسێ بچێتە ناوی نامرێو لەو سزایە رزگاری ببێ، ژیانەکەشی چ ژیانێک نیە. پێی بگوترێ: ژیان! بەکورتی ئەو دووڕووانە دوو عەزابیان دەدرێ؛ سزای دونیایان لەسەر دەستی موسوڵمانان کە جیهادیان لەگەڵ دەکرێ، سزای قیامەتیشیان بەئاگری دۆزەخە...

ئەمجار پەروەردگار تاوانی مونافیقەکان دیاری دەکا، ئەو تاوانانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی وەکوو کافرەکان جیهادیان لەگەڵ بکرێ: ئەو تاوانانەی کە بریتین لەبانگەشەی کوفرو هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی پێغەمبەرو گاڵتە کردن بەنیشانەکانی خوداو بەپێغەمبەرو بەموسوڵمانانو فەرمووی: ﴿يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ مَا قَالُوا﴾ سوێند بەخودا دەخۆن، کە ئەو وشە کوفرانەی پاڵیان دراوە نەیانگوتووە، قورئانی پیرۆز ئەو وشە کوفرانەی کە ئەوان وتوویانە باسیان ناکا، ئەوەندە شتێکی ناشیرینو نەگونجاویان گوتووە قورئان خۆدەپارێزێ

لەباسکردنیان! هەروەها بۆ ئەوەی موسوڵمانان ئەو وشە ناشیرینانە نەخوێننەوە، چونکە ئەگەر قورئان ئەو وشەو رستانەی ئەوان گوتوویانە بیچەسپاندنایە موسوڵمانان دەیانخوێندنەوە.. ﴿وَلَقَدْ قَالُوا كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُوا بَعْدَ اسْلَامِهِمْ﴾ بێگومان ئەوان وشەی کوفریان وتووە، کە دەڵێن: ئەمان وتووە درۆ دەکەن، شتی وایان گوتووە کوفری ئاشکرایە، ئەوان پاش ئەوەی بەموسوڵمان خۆیان پیشان دابوو ئیعلانی ئیسلامەتی خۆیان کردبوو، ئیظهاری کوفرو بێدینی خۆیان ئەنجام دا. دوای ئەوەی کوفرەکەیان شاراوەبوو ئاشکرایان کرد! ﴿وَهَمُّوا بِمَا لَمْ يَنَالُوا﴾ بڕێ لەو مونافیقانە هەوڵی تیرۆر کردنی پێغەمبەریان داو بۆیان نەکرا، ویستیان لەبەندەنو بەرزایی (العقبة) کە لەغەزای تەبووک دەگەڕایەوە هەڵێدێرن. ژمارەی ئەم تیرۆرکەرانە بەگوێرەی فەرموودەیەک کە ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردوە دوانزە کەس بوون، لەریوایەتێکی ئیمام ئەحمەدیش دا عەممار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دوانزە کەس بوون![2]

﴿وَمَا نَقَمُوا اِلَّا اَنْ أَغْنَاهُمُ اللهُ وَرَسُولُهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾ ئەو مونافیقانە لەئیسلامو ناردنی پێغەمبەرﷺ شتێکیان نەبینیوە شیاوی رق لێ بوونەوەو هەوڵدانی تۆڵەکردنەوە بێ بێجگە لەوەی: کە خودا بەفەضلو گەورەیی خۆی بەهۆی دەستکەوتی جەنگەوە ئەوانو پێغەمبەریشی بێ ئاتاج کردوە، کە ئەو ماڵو سامانە دەسکەوتەیە بەلایانەوە خۆشەویسترین شتە، ئەوانیش وەکوو ئەنصارەکانی مەدینە هەژارو موحتاج بوون، بۆیە پێغەمبەرﷺ رۆژێک لەوتەیەکی‌دا[1] رووبەڕووی ئەنصارەکان فەرمووی: (كُنْتُمْ عَالَةً، فَأَغْنَاكُمُ اللهُ بِي) واتە: زوربەی زۆری دانیشتوانی مەدینە دەستکورتو هەژار بوون، بەهۆی کۆچکرنی پێغەمبەرﷺ بۆنایان دەوڵەمەند بوون.

بەکورتی شتێک نیە ببێتە هۆکاری ئەوەی ئەو مونافیقانە رقیان لەپێغەمبەرو ئیسلام بێ جگە لەوەی کە خودا بەفەضلو گەورەیی خۆی

---

[2] تەفسیری مەراغی ج٤/١٦٦ ، في ظلال القران ج٤/٢٥٧.

ئیسلامی کردوە بەهۆکاری ئەوەی ئەوان دەوڵەمەند بن! ئەمە پێی دەگوترێ مەدحی شێوە زەم.

ئەمجار سەرباری ئەم هەموو خراپەکاریو تاوانکردنە دەرگای تۆبەو پەشیمان بوونەوە کراوەو لەسەرپشتە ﴿فَإِنْ يَتُوبُوا يَكُ خَيْراً لَهُمْ﴾ ئەگەر ئەو دووڕووە تاوانکارانە تۆبە بکەنو واز لەدووڕوویی خۆیان بێنن، چیدی کرداری ناپەسند نەکەنو گوفتاری ناشیرین نەڵێن، ئەوە ئەو تۆبەو گەڕانەوە دەبێتە خێرو بەهرەمەندی دونیاو قیامەت دەبن: خودا تۆبەیان لێ وەردەگرێو بەمراز دەگەن، لەدونیادا دەچنە پێڕی موسوڵمانانەوەو رەوشتی ئەوان هەڵدەگرن، پشت بەخودا دەبەستنو رازی دەبن بەقەزاو قەدەری خودا، خۆراگر دەبن لەبەرامبەر تەنگو چەڵەمەدا، تێدەکۆشن بۆ وەدەستهێنانی بەختەوەری قیامەتو بەراستی دەبنە هەواڵی پێغەمبەرو سوود لەرەوشتەکانی وەردەگرن، فێری برایەتیو هەم ئاهەنگیو هاریکاری موسوڵمانان دەبن. لەقیامەتیش دا بەبەهەشتیان شاد دەکاو لەناو نازو نیعمەتی بەهەشت دا رادەبوێرن. ﴿وَإِنْ يَتَوَلَّوْا يُعَذِّبْهُمُ اللهُ عَذَاباً أَلِيماً فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ﴾ ئەگەر پشت هەڵکەنو روو وەرگێڕن لەم بانگەوازییەو تۆبە نەکەنو سوور بن لەسەر دووڕوویيو خراپەکاری ئەوە پەروەردگار لەدونیاو قیامەت سزای بەئازاریان دەدا، لەدونیادا بەجۆرەها سزا تۆڵەیان لێ دەستێنێ: بەکوشتنو بڕین، بەمراندنی ژنو منداڵیان، بەدەست بەسەراگرتنی ماڵو سامانیان، بەژیانی ڕاڕاییو دڵە راوکێو ترسو خەمو خەفەتاوی. بەجۆرێک کە (کوونە مشکیان لێ ببنە قەیصەری)و عەرز لەخۆیان نەگرێ وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەمە دەکاو دەفەرموێ: ﴿لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَأً أَوْ مَغَارَاتٍ أَوْ مُدَّخَلاً لَوَلَّوْا إِلَيْهِ، وَهُمْ يَجْمَحُونَ﴾التوبة/٥٧.

یان دەفەرموێ: ﴿يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ﴾المنافقون/٤، هەمیشە ژیانی دونیایان خەمو خەفەتوترسو دڵەراوکێیە.

لەقیامەتیش دا ئەوە سزاو تۆڵەیان ئاگری دۆزەخەو دەخرێنە ناو قوڵایی دۆزەخو دەرەکی ئەسفەلەوە، ﴿وَمَا لَهُمْ فِي الأَرْضِ مِنْ وَلِيٍّ وَلا نَصِيرٍ﴾

لەهەموو سەر زەویدا کەسێکیان نیە سەرپەرشیاریان بێو یارمەتییان بداو داکۆکییان لێ بکا، چونکە کەسێک خودا ریسوای بکا، کێ دەتوانێ پەنای بدا؟ لەدونیادا هەموو دەرگایەکیان بەروودا دادەخرێ، ولایەتو خۆشەویستیو هاریکاری موسوڵمانانیان نیە، کەس خاسیان بۆ نابێژێ. لەقیامەتیش دا ئایەتە قورئانییەکان ئەوە دەچەسپێنن: کە کەس پشتگیری کافرو مونافیق ناکا.

درۆزنی مونافیقەکانو بێ وادەو بەڵێنییانو چیرۆکی ثەعلەبە

﴿وَمِنْهُم مَّنْ عَٰهَدَ ٱللَّهَ لَئِنْ ءَاتَىٰنَا مِن فَضْلِهِۦ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن فَضْلِهِۦ بَخِلُوا۟ بِهِۦ وَتَوَلَّوا۟ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٧٦﴾ فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِى قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُۥ بِمَآ أَخْلَفُوا۟ ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ﴿٧٧﴾ أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿٧٨﴾﴾

دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە چیرۆکێکی سەرنج راکێش هەیە، زوربەی راڤەکەرانی قورئان لێرەدا ئەو چیرۆکەیان هێناوەو چەسپاندویانە هەرچەندە لای زانایانی فەرموودە نەچەسپاوە!!

چیرۆکەکەش ئەوەیە: طەبەرانیو ئیبنو مەردەوەیهیو ئیبنو ئەبی حاتەمو بەیهەقی لەئەبی ئومامەوە دەگێرنەوە کە هاوەڵێکی پێغەمبەر ﷺ کە ناوی ثەعلەبەی کوڕی حاطیب بوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! دوعام بۆ بکە کە خودا دەوڵەمەندم بکا! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ماڵوێران! ماڵو سامانێکی کەم بتوانی سوپاسی خودای لەسەر بکەی زۆر باشترە لەسامانێکی زۆر کە نەتوانی سوپاسی خودای لەسەر بکەی. ثەعلەبە وتی: بەخودا! ئەگەر خودا ماڵو سامانم بداتێ، زەکاتو صەدەقەی پێویستی لێ دەدەم! پێغەمبەر ﷺ

دوعای بۆ کرد، ئاژەڵی پەیدا کردن، پەرەیان ساندو زۆر بوون، تا وای لێهات کۆلانەکانی مەدینە نەیدەکێشان! ناچار چووە دەری شارو لەوێ خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵەکانی بوو، دەهات بۆ مزگەوتی مەدینە بەپەلە پرۆزە نوێژەکەی دەکردو دەرۆیشتەوە بۆ لای حەیوانەکانی، وای لێ هات شوێن لەوەڕو پاوانی دەوروبەری مەدینە جیگای بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتی ثەعلەبەیان لێ نەدەبووەوە، ناچار هەندێک لەشار دوورکەوتەوە، ئیتر نەیدەتوانی ئامادەی نوێژی جەماعەت بێ، تەنها بۆ نوێژی جومعە حازر دەبوو، نوێژی هەینی ئەنجام دەداو یەکسەر دەگەڕایەوە بۆ لای ئاژەڵەکانی، پاش ماوەیەک ئەوەندە پەرەیان ساندو پێیانەوە هەڵەوگیر بوو وازی لەئامادەبوونی جومعەو جەماعەت هێنا، ئەمجار کە ئایەتی ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾ هاتە خوارێ، دو پیاو دانران بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی ماڵو سامانی ئەو دەڤەرەی ثەعلەبەی لێ بوو، پێغەمبەرﷺ نامەیەکی بۆ نووسینو ناردی بۆ لای ثەعلەبە، پیاوەکان هاتنە لایو نامەی پێغەمبەریان پێداو بۆیان خوێندەوە، وتی: جارێ بچن بۆلای خەڵکی ترو کە لێبوونەوە بەلای من دا وەرنەوە، جاکە دوایی هاتنەوە لای ثەعلەبە بۆ ئەوەی زەکاتەکەی لێ وەرگرن! وتی: وەڵلاهی ئەمە سەرانەیە، وەکوو سەرانە دەچێ! بڕۆن من ئەم سەرانەیە نادەم! ئیتر ئایەتی ﴿وَمِنْهُمْ مَنْ عَاهَدَ اللَّهَ...﴾ تا دەگاتە ﴿يكذبون﴾ نازڵ بوو.

ئیبنو جەریرو ئیبنو مەردەوەیهی لەئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە: دەڵێن: دوایی ثەعلەبە زەکاتەکەی هێنا بۆ مەدینە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: خودا جڵەوگیری لێ کردووم کە زەکاتەکەت لێ وەربگرم ئیتر ثەعلەبە هاواری لێ هەڵساو گڵو خۆڵی بەسەر خۆیدا کرد، بەلام بێ سوود بوو، پێغەمبەر فەرمووی: من کاتی خۆی پێم گوتیو بەقسەت نەکردم، ئەوە سزای کرداری خۆتە. پێغەمبەرﷺ لەدونیا دەرچوو ثەعلەبە زەکاتەکەی هێنا بۆلای ئەبو بەکر ئەویش لێی وەرنەگرت پاشان لەسەردەمی جێنشینی عومەردا

زەکاتەکەی هێنا بۆلای ئەو، ئەویش لیّی وەرنەگرت، لەسەردەمی جێنشینی ئیمام عوسمان دا مرد!!

مامۆستا (د. **وهبة الزحيلي**) دوای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە دەڵێ: لەراستیدا ئەم چیرۆکە لای فەرمووده زانان نەچەسپاوەو صەحیح نیە چونکە ثەعلەبە یەکێکە لەهاوەڵانی غەزای بەدرو خوداو پێغەمبەری خودا شایەتی ئیمانداریيان بۆ داوە. ئیبنو عەبدولبەڕ وتوویەتی: قسەی ئەوانەی کە دەڵێن: ثەعلەبە زەکات نەدەر بووەو ئەو ئایەتە دەرحەق بەئەو هاتۆتە خوارێ هیوا وایە ئەو رایە راست نەبێ.

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە(**الأصابة في تمييز الصحابه**) دا دوای لێکۆلینەوەیەکی تێرو تەسەل پێی وایە: خاوەنی ئەم چیرۆکە ثەعلەبەی کوڕی ئەبی حاطیبە، دەڵێ ثەعلەبەی کوڕی حاطیب هاوەڵی بەدرەو لەجەنگی حونەین دا شەهید بووە.

بەهەر حاڵ دەقە قورئانییەکە بەو ئوسلووبە ئاماژەی بۆ کردوە، بەو شێوە موبهەمە رای نواندوە، ئەوە دەگەیەنێ کە کەسانێکی دووڕوو هەبوون: لەکاتی هەژاری دا لەو جۆرە وادانەیان داوون دوایی کە دەوڵەمەند بوون پابەندی وادەی خۆیان نەبوون! ئایەتەکان بەردەوامن لەسەر پەردەلادان لەسەر هەڵوێستو کرداری دووڕووەکانو نهێنیيەکانیان بۆ موسوڵمانان ئاشکرا دەکەن. جا چونکە ئەو مونافیقانە گرۆ گرۆو جۆراو جۆرن بۆیە قورئان بەشێوەی جۆراو جۆر باسیان دەکا: جارێک دەفەرموێ: ﴿**وَمِنْهُمُ الَّذِينَ يُؤْذُونَ النَّبِيَّ**﴾التوبة/٦١، دەمێک دەفەرمووێ: ﴿**وَمِنْهُمْ مَنْ يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ**﴾التوبة/٥٨،جەلێک دەبێژێ: ﴿**وَمِنْهُم الَّذِينَ يُؤْذُونَ النَّبِيَّ**﴾التوبة/٤٩، لێرەش دا دەفەرموێ: ﴿**وَمِنْهُمْ مَنْ عَاهَدَ اللهَ لَئِنْ آتَانَا مِنْ فَضْلِهِ**﴾ واتە: هەندێک لەو مونافیقانە هەیە پەیمانیان بەخوداو بەپێغەمبەری خودا داوەو دەدەن، دەڵێن: ئەگەر خودا بەفەضلو گەورەیی خۆی دەوڵەمەندمان بکاو ماڵو سامانمان بداتێ ﴿**لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ الصَّالِحِينَ**﴾ بەتەئکیدەوە دەڵێن: ئێمە زەکاتی ماڵو سامانمان بەرێکو

پێکی دەدەین، خێرو خێرات دەکەین، ماڵ دەبەخشین لەپێناو ڕەزامەندی خودادا، بەندەی راستاڵو گوێڕایەڵی فەرمانی خوداو پێغەمبەر دەبین.

﴿فَلَمَّا آتَاهُمْ مِنْ فَضْلِهِ بَخِلُوا بِهِ وَتَوَلَّوْا وَهُمْ مُعْرِضُونَ﴾ کەچی کاتێ رزقو رۆژی زۆری پێدانو ماڵو سامانیان زۆر بوو، رژدیو چروکییان نواندو زەکاتی واجبیان لەماڵو سامانی خۆیان دەرنەکرد، لەپێناو ئەنجامدانی کاری چاکەو خێرو خۆشیو باربووی جەنگاوەرانو بەهاناوە چوونی لێقەوماوان هیچیان نەبەخشی، پشتیان هەڵکردو خۆیان لەکۆمەگی کردنی هەژاران گرتەوە، جا وەنەبێ ئەم پشت هەڵکردنەیان شتێکی لاوەکی بێو بەدەگمەن رووی دا بێ، بەڵکو لەقوڵایی دڵیانەوەو بەهەموو سووربونو لێبڕانەوە پشتیان هەڵکردو بەئەنقەستو بەهۆی رژدیو چروکییانەوە دەستی خۆیان قوچاندو بەهیچ کلۆجێ رێبازی ماڵبەخشینیان رەچاو نەکردو بەلای دا نەچوونو لەبیر خۆیان بردەوە، تەنانەت ئەگەر بیریشیان بێتەوە، بیری خۆیانی ناهێننەوەو گوێی خۆیانی لێ کەڕ دەکەن ئەگەر بانگ بکرێن بۆ ماڵبەخشین وەڵام نادەنەوە!!

﴿فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقاً فِي قُلُوبِهِمْ إِلَى يَوْمِ يَلْقَوْنَهُ﴾ ئەو رژدیو بەخیلییە دوای ئەو هەموو سوێندو وادەو بەڵێنانەیان، بوو بەنیفاقو لەدڵیان دا خۆی دا کوتا، ئەو ناپاکیو دووڕوویییەیان بەردەوام دەبێ تا دەمرنو دەچنەوە بەرقاپی پەروەردگاریان، چونکە دیارە چاوەڕوانی تۆبەیان لێ ناکرێو سوورن لەسەر ناپاکی خۆیان.

ئەمجار دوو هۆکاری سەرەکی بۆ نیفاقەکەیان باس دەکا: کە تایبەتترین رەوشتی دووڕووەکانە، یەکەمیان پابەند نەبوونیان بەوادەو بەڵێن، دووەم درۆزنی! دەفەرموێ: ﴿بِمَا أَخْلَفُوا اللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ﴾ واتە: ئەو دووڕوویییەیان بەهۆی ئەوەوەیە: کە پابەندی وادەو بەڵێنی خۆیان نین لەوتەو سوێندەکانیان دا درۆ دەکەن. چونکە دابو نەرێتی خودا لەئادەمیزاد دا وا هاتووە هەرکردەوەیەکێ کە نیفاق داخوازی بێ زیاتر نیفاق لەدڵ دا دەچەسپێنێو بەهێزی دەکا، وەکوو چۆن کردەوەی چاکەو پەسند ئیمان

لەدڵ دا بەهێز دەکا زیاتر دەیچەسپێنێ! هەر بەو جۆرە هەموو رەوشتو بیرو باوەڕێکی ئادەمیزاد زیاد دەکاو بەهێز دەبێ بەو کردەوانەی ئەنجامیان دەدا.

جا چونکە ئەو دووڕووانە خیلاف وادەیی‌و درۆزنی لەدڵو دەروونیان دا جێگیر بوونو خۆیان دا کوتاوە بۆیە دووڕوویی لەدڵیان دا پتەوو چەسپاوە.

﴿أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُمْ وَأَنَّ اللهَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ﴾

ئایا ئەو دووڕووانە نازانن: کە پەروەردگار هەموو نهێنی‌و پەنامەکیکیان دەزانێ؟! نازانن: کە خودا ئاگادارە بەسەر ئەو پەیمانشکێنی‌یەی لەدڵی خۆیان دا دەیشێرنەوەو ئەو سرتەو ئاخاوتنە نهێنی‌یانەی کە بەپەنامەکی ئەنجامی دەدەنو تانەو تەشەر ئاراستەی ئایینی خوداو پێغەمبەر دەکەنو پیلانو نەخشەی گلاو دژی موسوڵمانان دادەڕێژن نازانن: کە پەروەردگار ﴿علام الغيوب﴾ەو نهێنی شێردراوەی ناو قوڵایی دڵ دەزانێو هیچی لێ گوم نابێ!!!

جوداوازی نێوان وشەی (**السر**)، (**النجوى**)، (**الغيب**) بەم جۆرەیە:

(**السر**): بریتییە لەنهێنی ناودڵ.

النجوى): بریتییە لەئاخاوتنی نهێنی کە خەڵک لەناو خۆیان دا ئەنجامی دەدەن.

(**الغيب**): ئەوەیە: لەخەڵک نهێنی بێ.

تانەوتەشەری مونافیقەکان لەموسوڵمانانو خوداش لێیان خۆش نابێ

ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَـٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٩﴾ ٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴿٨٠﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار باسی بەخیلیو رژدی مونافیقەکانی کرد، تەنانەت پاش ئەوەی سوێندیان خواردو پەیمانیان دا: کە ئەگەر خودا ماڵو سامانیان بداتێ زەکات دەدەنو خێرو صەدەقە دەکەن، هەر چروکیو رژدییان نواند. ئەمجار دێتە سەر باسی ئەوە: کە ئەو مونافیقانە لەتاوانکردن دا بەمەشەوە نەوەستاون، بەڵکوو تەجاوەزیان کردوە: بۆ گاڵتە کردن بەو موسوڵمانانەی کە هەریەکەیان بەپێی خۆی خێرو خێرات دەکا، ئەگەر کابرای موسوڵمان دەوڵەمەند بێو زۆر ببەخشێ دەڵێن: ئەوە بۆ ریابازی دەبەخشێ، ئەگەر هەژار بێو کەم ببەخشێ، بەگاڵتە پێکردنەوە دەڵێن: خودا پێویستی بەو تۆزە ماڵە نیە ئەو بیبەخشێ. بەم جۆرە ئەو مونافیقانە گەییشتوونە ئەندازەیەک هیچ بەشو بارێکیان لەئایینی ئیسلام دا بۆ خۆیان نەهێشتۆتەوە. تەنانەت ئەگەر پێغەمبەر دوعای لێخۆشبوونیشیان بۆ بکا خودا لێیان خۆش نابێ، چونکە ئەوەندە لەکوفرو بێدینی دا رۆچوون هیوای ئیمانیان لێ ناکرێو لێخۆشبوونی خودایان بەنسیب نابێ!!

هەردوو پیری فەرموودە: موسلیمو بوخاریو هی تریش لەئەبو مەسعودی بەدرییەوە دەگێرنەوە دەڵێن: گوتویەتی: کاتێک فەرمانمان پێ کرا بەماڵبەخشین لەرێگەی خودادا هەمانبوو بەکرێ کۆڵکێشی دەکردو بەوە ماڵو منداڵی خۆی دەژیاند، پیاوێک کە ناوی **(الحبحاب)** یان **(الحبحاح)** بوو نیو ریەی خورما هێنا کردی بەخێر، یەکێکی تر زیاتری هێنا! مونافیقەکان وتیان: بێگومان خودا پێویستی بەو تۆزە خێرەی ئەم هەژارە نیەو ئەوەشیان کە زۆری هێناوە بۆ ریابازی هێناویەتی. ئیتر ئایەتی ﴿**الذين يلمزون...**﴾ هاتە خوارێ.

ئیبنو جەریر لەعیکریمەوە ریوایەت دەکا: دەڵێ: لەغەزای تەبووک دا پێغەمبەرﷺ موسوڵمانانی هەڵنان کە خێرو صەدەقە بکەنو کۆمەکی کۆ بکەنەوە بۆ پێداوستی موسوڵمانان. عەبدوررەحمانی کوری عەوف چوار هەزار دیرهەمی هێنا، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ماڵو سامانەکەم هەشت هەزار دیرهەم بوو نیوەم هێناوەو نیوەشم هێشتۆتەوە. پێغەمبەرﷺ فەرمووی: خودا خێرو بەرەکەت بخاتە ئەو ماڵەی بەخشیوتەو ئەو ماڵەی هێشتووتەوە.

عومەری کوڕی خەتابیش ئەندازەیەکی وای هێنا، عاصیمی کوڕی عەدی ئەنصاری حەفتا ویسقی خورما هێنا، عوسمانی کوڕی عەففان مالێکی یەکجار زۆری هێنا، ئەبو عەقیل ربەیەکی خورما هێنا وتی: قوربان! شەوی رابردوو باغە دارخورمام بۆ کابرایەک ئاو داوە، دوو ربەم خورما لێ وەرگرتووە ربەیەکیانم بۆ ماڵو منداڵم جێ هێشتووەو ربەیەکیشیانم بەقەرز داوە بەخودا، پێغەمبەرﷺ فەرمانی کرد کە ربە خورماکەی بخەنە سەر کۆمەڵی صەدەقە.

ئیتر مونافیقەکان لەروی تانەو تەشەرەوە وتیان: ئەوانە بۆ ڕیابازی ئەو ماڵو سامانەی خۆیان هێناوە کردویانە بەخێر. (ابو عقیل)یش بۆیە ئەو ربە خورمایەی هێناوە تا لەریزی ئەو ساماندارانەدا ناوی بهێنرێ، ئەگینا خودا چ پێویستیەکی بەو ربە خورمایەی ئەبو عەقیل نیە، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿اَلَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ﴾ ئەو کەسانەی تانەو تەشەر لەو موسوڵمانانە دەدەن کە بەئارەزوی خۆیان زیاد لەزەکاتی واجبو پێویست ماڵو سامانی خۆیان دەبەخشن، گاڵتە بەسامانداره موسوڵمانەکان دەکەن دەڵێن: بۆ ڕیابازی بەلێشاو ماڵ دەبەخشن، لاقرتێ بەهەژارەکان دەکەن کە شتی کەم دەبەخشن، دەڵێن: هەر بۆیە ئەو شتە کەمە دەبەخشن بۆ ئەوەی ناویان لەگەڵ ماڵبەخشەکانی تردا تۆمار بکرێ، ئەگینا خودا چ پێویستیەکی بەو تۆزە ماڵە نیە. ئەو مونافیقانەی کە بەو جۆرە گاڵتە بەموسوڵمانان دەکەن، ﴿سَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ﴾ خودا تۆڵەی ئەم گاڵتەکردنەو هەموو کردارو گوفتارو هەڵوێستێکیان لێ دەستێنێو دەیانکاتە جێگای گاڵتەی موسوڵمانانو ریسوایان دەکا، بەم جۆرە نیازو مەبەستی گڵاویان دەردەخاتو وتارو کرداری بەدیان ئاشکرا دەکاو دەیانکاتە پەندی زەمانەو ئابڕوویان دەبا. سەرباری ئەوەش ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ لەقیامەتیش دا سزای توندو بەئێشیان بۆ ئامادە کراوە..

ئەمجار پەروەردگار سزاو تۆڵەی خۆی بۆ دووڕووەکان دیاری دەکاو دەیانخاتە پێڕی کافرەکانەوەو دەفەرموێ: ﴿اِسْتَغْفِرْ هُمْ اَوْ لاَتَسْتَغْفِرْ هُمْ؟ اِنْ تَسْتَغْفِرْ هُمْ سَبْعِيْنَ مَرَّةً فَلَنْ يَغْفِرَ اللهُ هُمْ﴾ ئەی موحەممەد! ئەگەر تۆ بپاڕێیەوەو داوای لێخۆشبوون بکەی بۆ مونافیقەکانو داوا بکەی تاوانەکانیان پەردەپۆش بکرێنو لێیان خۆش بینو فەضحیان نەکەین، یان بۆیان نەپاڕێیەوەو داوای لێخۆشبوونیان بۆ نەکەی یەکسانە، ئەگەر هەزار جار داوای لێخشبوونیان بۆ بکەی ئەوە بزانە خودا تاوانەکانیان پەردەپۆش ناکاو لێیان خۆش نابێ، بەڵکوو ڕۆژی قیامەت لەپێش چاوی خەڵک ڕیسوابیان دەکا.

مەبەست بە(سبعين) لێرەدا ژمارەی تایبەت نیە، بەڵکو مەبەست زۆریو زۆر داوا کردنە، واتە: ئەتۆ هەرچەندێک داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەی، پاڕانەوەکەت وەرناگیرێو لێیان خۆش نابین. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ اِسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ اَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ، لَنْ يَغْفِرَ اللّهُ لَهُمْ﴾المنافقون/٦.

بێگومان پێغەمبەرﷺ لەخودا دەپاڕایەوە: کە هیدایەتیان بداو تۆبە بکەنو لێیان خۆش بێ، هەوەکوو چۆن دوعای دەکرد کە لەموشریکەکان خۆش بێ، چەندێک ئەزیەتیان بدایە، ئەو لەخودا دەپاڕایەوە دەیفەرموو: (اللهم اغفر لقومي فانهم لايعلمون) رواه ابن ماجه.

بێگومان پێغەمبەرﷺ لەم داوای لێخۆشبوونەی بۆ کافرو دووڕووەکان عوزری هەبوە، عوزرەکەشی ئەوە بووە: کە نائومێد نەبوە لەوەی ئیمان بێنن، بەمەرجێ نەیزانیبێ کە ئەوانە بەسروشت گومڕان، چونکە داواکردنی لێخۆشبوون بۆ موشریکو دووڕوو کاتێک یاساغە کە زانیبیەتی ئەوانە بەسروشت گومڕانو ئیمان ناهێنن. وەکوو لەشوێنێکی تردا ئاماژە بۆ ئەمە دەکاو دەفەرموێ: ﴿مَاكَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا اَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ، وَلَوْ كَانُوا اُولِي قُرْبَى مِنْ بَعْدِ مَاتَبَيَّنَ لَهُمْ اَنَّهُمْ اَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾التوبة/١١٣.

ئەمجار لێرەدا پەروەردگار هۆی قبووڵ نەکردنی داواکاریەکەی پێغەمبەر دیاری دەکاو دەفەرمویّ: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا بِا للهِ وَرَسُولِهِ﴾ بۆیە داوای لێخۆشبوونەکەت وەرناگیریّ چونکە ئەوان ئینکاری تاکێو تەنهایی خودا دەکەن، بڕوایان بەوە نیە کە خودا ئاگادارو زانایە بەسەر هەموو نهێنیو سرتەو پەنامەکیو شتە نادیارەکان دا. ئینکاری پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام دەکەنو بڕوایان بەزیندو بوونەوە نیەو سوورن لەسەر ئینکارییەکەیان! دڵو دەروونیان ئامادەباشی ئەوەی تێدا نیە هیدایەتو نووری ئایین وەربگرنو موسوڵمان ببن. ﴿وَا للهُ لاَيَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلفَاسِقِينَ﴾ دابو نەرێتی خودا وا جاری بووە: کە هیدایەتی گرۆو تاقمی یاخی بوو کافر نەداو نەیانخاتە سەر ڕێبازی حەق.

کەسانێک بۆخۆیان ئامادەباشی ئیمان هێنانو تۆبە کردنیان تێدا نەبیّ، لەڕێبازی حەق لایاندابیّ، خوداش هیدایەتیان نادا، ناهومێد کردنیان لەلێخۆشبوون لەبەر ئەوە نیە خودا بەخیل بیّ، یان پێغەمبەر ﷺ کەمتەرخەمی کردبیّ، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە: کە ئەوان ئامادەباشی ئەوەیان تێدا نیە بگەڕێنەوە بۆ سەر ڕێگای حەقو ڕاست. کوفرو بێدینییەکەی خۆیانە کە بووەتە لەمپەرو کۆسپ لەبەردەم لێخۆشبوونی خودا بۆیان!

مونافیقە خۆپاشدەرەکان لەچوون بۆ غەزای تەبووک دڵخۆش بوون بەنەچوونەکەیان

فَرِحَ ٱلْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ وَكَرِهُوٓا۟ أَن يُجَٰهِدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَالُوا۟ لَا تَنفِرُوا۟ فِى ٱلْحَرِّ ۗ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا ۚ لَّوْ كَانُوا۟ يَفْقَهُونَ ﴿٨١﴾ فَلْيَضْحَكُوا۟ قَلِيلًا وَلْيَبْكُوا۟ كَثِيرًا جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾

دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە، ئیبنو جەریر لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمانی بەخەڵکی کرد کە لەخزمەتیا بچن بۆ غەزای تەبووک، کاتەکەش وەرزی هاوین بوو، چەند کەسێک وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! زۆر گەرمایەو ناتوانین دەربچین بۆ غەزا ئێمە لەکاتی گەرمادا ناچین بۆ غەزا ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿قُلْ: نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا﴾ی ناردە خوارێ. هەرئیبنو جەریر لەموحەممەدی کوڕی کەعبی ئەلقورەظییەوە ریوایەتێکی تری لەم جۆرە ریوایەت کردوە.

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار لەئایەتی پێشوودا بڕێ کردەوەی ناپەسندی دووڕووەکانی روون کردەوە کە بریتی بوو لەعوزر هێنانەوە بۆ نەچوون بۆ غەزای تەبووکو تانەو تەشەر دان لەدابەشکردنی صەدەقە.... جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ سەر بەیانکرددنی جۆرێکی تر لەخراپەکاریەکانیان کە دڵخۆشبوونیانە بەپاڵدانەوەو دەرنەچوونیان بۆ غەزا، دەفەرموێ: ﴿فَرِحَ ٱلْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلَافَ رَسُولِ ٱللَّهِ﴾ واتە: ئەو دووڕووانە کەیفخۆشن بەوەی کە لەمەدینە دا پاش دراونو نەبراون بۆ غەزاو ئەو بەهرەمەندییەیان بەنسیب نەبووە. کەیفخۆشن بەوە کە لەماڵەوە دانیشتوونو پێغەمبەرﷺ لەکاتی بەرێکەوتنی بۆ غەزای تەبووک لەگەڵ خۆی نەبردوون...

هۆی دڵخۆشییان بەو دەرنەچوونەیان بڕوا نەبوونیانە بەگرنگی جیهادو بەخێرو بێری تێکۆشان لەپێناو ئایینی خودادا، پێیان ناخۆشە لەتەک پێغەمبەر دا بەماڵو بەگیان جیهاد بکەن! هەڵبەتە ئاشکرایە پێخۆشبوونیان بەمانەوە لەماڵ مانای ئەوە دەگەیەنێ: کە چوونیان پێ ناخۆشە. بەلام پەروەردگار مانای رستەکەی جەخت کردەوەو فەرمووی: ﴿وَكَرِهُوٓا۟ أَن يُجَٰهِدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ واتە: پێیان ناخۆشە کە جیهاد بکەن بەماڵو گیانیان لەپێناو ئایینی خودادا. هاوبەشی غەزا بکەن!

جا وەنەبێ هەر بەپێخۆشبوونی مانەوەیان لەماڵەوە واز بێنن بەڵکوو خەڵکی تریش دەترسێنن لەهاوبەشی کردنو هەڵیان دەفریوێنن بۆ خۆپاشدانو پاڵدانەوە! بەجۆرێک هەندێکیان ئامۆژگاری هەندێکیان دەکرد: ﴿وَقَالُوا۟

﴿لاتَنفِرُوا فِي الحَرِّ﴾ پێیان گوتن: مەچن بۆ جیهاد، لەم وەرزە گەرمایەدا هاوبەشی ئەو غەزایە مەکەن، کاتەکەی ناسکەو سێبەر خۆشەو میوەگەنانەو بەروبووم پێگەیشتووە! ماڵو حاڵو باغو باغاتی خۆتان بەجێ مەهێڵن، ئەم گەرمایە تەحەممول ناکرێ!

پەروەردگار ڕەددیان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَراً﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: ئاگری دۆزەخ کە ئامادەکراوە بۆ سەرپێچیکاران، ئێوەش سەرەنجامتان بەهۆی پابەند نەبوونتان بەفەرمانی خوداو پێغەمبەری خوداوە بۆ ئەو شوێنە ناخۆشیە زۆر لەو گەرمایە گەرمترە: کە ئێوە خۆی لێ دەشێرنەوە؛ ﴿لَوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ﴾ ئەگەر عەقڵو تێفکرینیسان ببوایە، سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەریان نەدەکردو لەماڵەوە پاڵیان نەدەدایەوە، بەهاوبەشی نەکردنەکەیان کەیفخۆش نەدەبوون بەڵکو خەفەتبار دەبوون، خۆیان نەدەکردە سوتەمەنی ئەو ئاگرە بێ ئامانە.

ئیمامی مالیکو هەردوو پیری فەرمووده ریوایەتێک لەئەبو هورەیرەوە دەگێرنەوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (نار بني آدم التي توقدونها جزء من سبعين جزءً من نار جهنم).

جا ئەگەر ئەوانە لەگەرمای ماوەکورتی سەر زەوی دەترسن، ڕەحەتیو رابواردن لەسای سێبەر دا ئیختیار دەکەن، ئەی دەبێ لەئاگری دۆزەخ دا چی بکەن؟ خۆ ئاگری دۆزەخ گەرمترەو درێژ خایەنترە! بەراستی ئەمە گاڵتە پێکردنێکی تاڵ، بەڵام لەهەمان کات دا حەقیقەتە.

بەکورتی ئەوانە دوو ڕێگایان لەپێشە، یان بۆ ماوەیەکی کورتو سنووردار لەگەرماو تەنگو چەڵەمەدا جیهاد بکەن، یان فڕێ دەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە بۆ ماوەیەک هەر خودا دەزانێ چەندە!

﴿فَلْيَضْحَكُوا قَلِيلاً وَلْيَبْكُوا كَثِيراً﴾ باکەم پێ بکەنو زۆر بگرین! واتە: دەبوایە ئەوان پێکەنینیان کەمو گریانیان زۆر بوایە، بۆ حاڵی خۆیان بگریانایەو بەزەییان بەحاڵی خۆیان دا بێتەوە، لەپای ئەو بەهرەمەندییەی لەکیسیان چووەو ئەو سزاو تۆڵەیەی بۆیان ئامادەکراوە!

دەشتوانین ئاوا مانای ئەم رستەیە بکەین: با ماوەیەکی کەم کەیفخۆش بن بەپاڵدانەوەو نەچوون بۆ غەزا، با پێ بکەنن!! بێگومان ماوەی پێکەنینەکەیان کەمە، چونکە بەکۆتایی هاتنی ژیانیان کۆتایی کەیفخۆشیو پێکەنینیان دێ! بەشوێن ئەو پێکەنینو شادییەیان دا گریانی درێژخایەنو نەبڕاوەی قیامەتیان بۆ پەیدا دەبێ، سزاو تۆڵەی بێ ئامانی ناو ئاگری دۆزەخیان توش دێ ﴿جزاء بما كانوا يكسبون﴾ ئەو سزادانو عەزابەی قیامەتیان پاداشو تۆڵەستاندنەوەی ئەو کردەوانەیانە، کە لەژیانی دونیادا ئەنجامیان داوە.

موسلیمو بوخاری لەصەحیحەینی خۆیان دا فەرموودەیەکیان لەنوعمانی کوڕی بەشیرەوە ریوایەت کردوە؛ دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (إنَّ أَهْوَنَ أَهْلِ النَّارِ عَذَابًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ لِمَنْ لَهُ نَعْلَانِ وَشِرَاكَانِ مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ يَغْلِي مِنْهُمَا دِمَاغُهُ، كَمَا يَغْلِي الْمِرْجَلُ، لَايَرَى أَنَّ أَحَداً مِنْ أَهْلِ النَّارِ أَشَدُّ عَذَاباً مِنْهُ، وَأَنَّهُ أَهْوَنُهُمْ عَذَابًا) هێواشترین سزادانی ئەهلی دۆزەخ رۆژی قیامەت کەسێکە دوو (نەعل) سۆڵی لەئاگر لەپێ دەکرێ، مێشکی بەهۆیانەوە دەکوڵێ وەکوو چۆن مەنجەڵی سەر ئاگر دەکوڵێ، وا گومان دەبرێ کەس بەئەندازەی ئەو سزای بەئێشو توند نیە، وەلێ ئەو لەهەموو دۆزەخییەکان عەزابی سوکترە.

جا وەنەبێ ئەم هەڕەشەیەی ئایەتەکە تایبەت بێ بەمونافیقەکانو کەسی تر نەگرێتەوە، بەڵکو موسوڵمانی راستاڵیش دەگرێتەوە. ئەوانیش خەق وایە، پێکەنینیان کەمو گریانیان لەترسی خودا زۆر بێ، ئەوەتا: تیرمیذیفەرموودەیەکی پێغەمبەرﷺ دەگێڕێتەوە کە ئاراستەی هاوەڵانی کردوە، فەرموویەتی: (وَاللَّهِ لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً، وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيراً، وَلَخَرَجْتُمْ إِلَى الصُّعُدَاتِ تَجْأَرُونَ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى، وَاللَّهِ لَوَدِدْتُ أَنِّي كُنْتُ شَجَرَةً تُعْضَدُ) سوێندم بەخودا ئەوەی من دەیزانم ئەگەر ئێوە بتانزانیایە کەم پێ دەکەنینو زۆر دەگریانو دەچوونە سەر رێگەو بانان لەخودا

دەپاڕانەوەو دەنووزانەوە. وەڵلاهی من بۆ خۆم پێم خۆش بوو درەختێک بومایە ببڕامایە؟!

مەنع کردنی مونافیقان لەهاوبەشیکردنی جیهادو مەنع کردنی پێغەمبەر لەوەی نوێژ لەسەر مردوو بکا

فَإِن رَّجَعَكَ ٱللَّهُ إِلَىٰ طَآئِفَةٖ مِّنۡهُمۡ فَٱسۡتَـٔۡذَنُوكَ لِلۡخُرُوجِ فَقُل لَّن تَخۡرُجُواْ مَعِيَ أَبَدٗا وَلَن تُقَٰتِلُواْ مَعِيَ عَدُوًّاۖ إِنَّكُمۡ رَضِيتُم بِٱلۡقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٖ فَٱقۡعُدُواْ مَعَ ٱلۡخَٰلِفِينَ ﴿٨٣﴾ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٖ مِّنۡهُم مَّاتَ أَبَدٗا وَلَا تَقُمۡ عَلَىٰ قَبۡرِهِۦٓۖ إِنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُواْ وَهُمۡ فَٰسِقُونَ ﴿٨٤﴾ وَلَا تُعۡجِبۡكَ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَأَوۡلَٰدُهُمۡۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُعَذِّبَهُم بِهَا فِي ٱلدُّنۡيَا وَتَزۡهَقَ أَنفُسُهُمۡ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾

دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ئیمام ئەحمەدو بوخاریو تیرمیذیو هی تریش فەرموودەیەکیان لەئیبنو عەبباسەوە گێڕاوەتەوە، دەڵێ: بیستم عومەر دەیگوت: کاتێ عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی مرد، بانگی پێغەمبەرﷺ کرا بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکا، پێغەمبەرﷺ تەشریفی لەسەری راوەستا بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکا، عومەر دەفەرموێ: عەرزی پێغەمبەرم کرد وتم: قوربان چۆن جەنابت نوێژ لەسەر دوژمنی خودا؛ عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی دەکەی کەواو وای گوت، فلان رۆژ ئەوەی گوتو فلان کات ئەوەی گوت. خۆ خودا نەی لێ کردوی کە نوێژ لەسەر مونافیقان بکەی! پێغەمبەرﷺ زەردەخەنەی هاتیو منیش زۆرم گوت. ئەمجار فەرمووی: عومەر! وازم لێ بێنە! ئەمن بۆخۆم سەرپشک کراوم، پێم گوتراوە ﴿اِسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لاَتَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِنْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِيْنَ مَرَّةً فَلَنْ يَغْفِرَ اللهُ لَهُمْ﴾ ئەگەر بزانم: لەحەفتا

زیاد بکەم خودا لێیان خۆش دەبێ لەحەفتا کەرەتم زیاتر داوای لێخۆشبوون بۆ دەکردن.

ئەمجار نوێژی لەسەر کردو لەگەڵ تەرمەکەدا رۆیشتو لەسەر گۆرەکەی وەستا، تا شێردرایەوە عومەر دەڵێ: بەراستی من جەسارەتم کردو خۆم زۆر پێ ناڕابوو. سوێندم بەخودا زۆری پێ نەچوو ئەم دوو ئایەتە نازڵ بوون، ئیتر لەودوا تا لەدونیا دەرچوو نوێژی لەسەر دووڕوو نەدەکرد!

زوربەی زۆری کتێبە تەفسیرەکان ئەم ریوایەتەو ریوایەتی تریان لەم بارەوە هێناون، بەڵام بەراستی ئەمە جیگای هەڵوێستەیەو پێویستی بەلێ وردبوونەوە هەیە.

هەر بۆیە زۆر لەزانایانی ئیسلام وەکوو قاضی ئەبو بەکری باقلانیو ئیمامولحەرەمەینو ئیمام غەزالیو هی تریش پێیان وایە: ئەم حەدیثە صەحیح نیە، چونکە لەچەند رویەکەوە دژایەتی لەگەڵ مانای ئایەتەکە دەکا.

١- نوێژ کردنی پێغەمبەرﷺ لەسەر عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی کراوە بەهۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە، دەی سییاقی قورئانو ریز کردنی ئایەتەکان بەئاشکرا ئەوەیان لێ وەردەگیرێ: کە ئەم ئایەتە لەغەزای تەبوکێ دا هاتوونە خوارێ، عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی ساڵی پاش غەزای تەبووکێ مردوە.

٢- عومەر کە دەڵێ: چۆن نوێژ لەسەر تەرمی دوژمنی خودا دەکەیو خودا نەی لێ کردووی: کە نوێژ لەسەر مونافیقان بکەی، ئەوە دەگەیەنێ کە نەهییەکە پێش مردنی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی بووە، دەی هەرقسەکەی عومەر کە دوایی دەڵێ: نوێژی لەسەر کردوو لەگەڵ تەرمەکەی دا رۆیشت... ئەمجار پەروەردگار ئایەتی ﴿وَلَا تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِّنْهُمْ...﴾ ناردە خوارێ، ئەوە دەگەینێ کە ئایەتەکە پاش مردنی کوڕی ئوبەی هاتۆتە خوارێ، ئەمەش دژایەتیەکی ئاشکراو روونە لەنێوان دەقی ریوایەتەکەدا.

٣- فەرموودەی پێغەمبەرﷺ کە دەفەرموێ: خودا سەرپشکی کردوم لەوەدا داوای لێخۆشبوون بۆ مونافیقان بکەم یان نا! ئیشکال پەیدا دەبێ، چونکە سەرپشکی کاتێک دەبوو کە ئایەتەکە بەصەراحەت ئەوەی تێدا نەبوایە:

کە خودا لێیان خۆش نابێ، بەلام ئەوەتا: لەئایەتەکەدا بەئاشکرا دەفەرموێ: ﴿إِنْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَنْ يَغْفِرَ اللهُ لَهُمْ﴾ کەوابوو (أو) بۆ تەخییر نیە بۆ تەسوییەیە، جوداوازی نێوان (تەخییر)و تەسوییە)ش ئاشکرایە.

لەبارەی نوێژ کردنی پێغەمبەرﷺ لەسەر تەرمی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی ریوایەتی تریش هەن لەئیبنو عومەرەوە، لە جابیرەوە ریوایەت کراوە.

ئەبو یەعلاو هی تریش لەئەنەسەوە ریوایەتیان کردوە: کە پێغەمبەرﷺ ویستی نوێژ لەسەر تەرمی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی بکا، جوبریل نەیهێشتو فەرمووی: (وَلَا تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ) ئەم ریوایەتە ئەوە دەگەیەنێ: کە پێغەمبەرﷺ نوێژی لەسەر نەکردوە. بۆ چارەسەری دژایەتی نێوان ریوایەتەکان هەندێک لەزانایان ریوایەتی بوخارییان پەسند کردوە، هەندێکیان ویستوویانە تەوافوق بخەنە نێوانیان وتوویانە: مەبەست بە(الصلاة) لەریوایەتی عومەردا، هەروا لەریوایەتێکی تردا کە لەعەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە دەگێڕدرێتەوە بەمانا دوعاو داوای لێخۆشبوونە، یان مەبەست ئەوەیە: ویستی نوێژی لەسەر بکاو جوبرائیل نەیهێشت! بەهەرحاڵ پێویستە ئەوە بزانین: کە ئایەتەکە مانایەکی گشتی تر دەگەیەنێو فراوان ترە لەو مانا تایبەتیەی کە ریوایەتەکان دەیگەیەنن.

مامۆستا (سيد قطب) دەفەرموێ: ئایەتەکە بنەمایەک لەبنەماکانی رێزو تەقدیر لەیاسای کۆمەڵی موسوڵمانانی تێکۆشەر لەپێناو بیرو باوەڕدا دەچەسپێنێ، داوای ئەوە دەکا چاوپۆشی نەکرێ لەبەخشینی دیاردەی رێزو تەقدیر بۆ ئەوانەی خۆ لەجیهادو تێکۆشان دەشێرنەوە، راحەتو نوستن لەسێبەردا بەسەر تێکۆشانو جیهاد لەپێناو ئایینی خودادا هەڵدەبژێرن، تەرازووی رێزو تەقدیر هەوڵو تێکۆشانو پابەند بوونە بەفەرمانی خوداو ئامۆژگاری پێغەمبەری خودایە، تەقواو خوداپەرستییە.

ئەمجار دوای ئەم بەرکوولە دەربارەی هۆی نازلبوونی ئایەتەکان دێینەوە سەر راڤەکردنی ئایەتەکان. دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ رَجَعَكَ اللهُ إِلَى طَائِفَةٍ مِنْهُمْ

فاستأذنوك للخروج﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! ئەگەر خودای تۆ لەغەزای تەبوكێ تۆی گەیاندەوە بۆ مەدینەو ئەو كۆمەڵە مونافیقەت چاوپێكەوتنەوە كە خۆیان پاش داوەو ئامادەی غەزا نەبوون، -وەكوو قەتادە دەڵێ: دوانزە پیاو بوون- داوایان لێ كردی بۆ غەزایەكی تر رەگەڵت كەون، ویستیان هاوبەشی بكەن ئەتۆ لەروانگەی تەمبێ كردنو سزادانیانەوە ﴿فقل لن تخرجوا معي أبدا﴾ پێیان بڵێ: ئێوە ئیتر بەهیچ شێوەیەك جارێكی تر هاورێیەتی من ناكەنو لەگەڵم نایەنو لەسەنگەری ئێمە دا ئێوە شەڕ لەدژی دوژمنان ناكەن، ئێوە ئەو پیاوە نین شەرەفو رێزی جیهادتان بەربكەوێ.

ئەمجار پەروەردگار باییسی ئەوە دێنێتەوەو دەفەرموێ: ﴿إنكم رضيتم بالقعود أول مرة﴾ ئێوە یەكەمجار پاڵدانەوەو خۆشاردنەوە لەجیهادتان هەڵبژاردو بەبێ عوزرو بیانووی رەوا خۆتان پاش داو نەهاتن بۆ غەزا، سوێندی بەدرۆتان خواردو راستگۆ نەبوون، دڵخۆشو تەڕدەماغ بوون بەخۆپاشدانو هاوبەشی نەكردن، بەڵكو بەوەشەوە نەدەوەستان خەڵكانی تریشتان هەڵدەنا بۆ خۆپاشدانو هاوبەشی نەكردن، كەوابێ ﴿فاقعدوا مع الخالفين﴾ دانیشنو پاڵی لێ بدەنەوە لەگەڵ ئەو مونافیقانەی خۆیان پاش داوەو لەجیهاد خۆیان شاردۆتەوە، یان دانیشن لەگەڵ پیرەژنو ئافرەتو منداڵو پەككەوتەكان، ئێوە پیاوی جیهاد نینو ئەو شەرەفەتان پێ نادرێ! ئەركی پارێزگاریكردن لەئایینی خودا شكۆمەندییەكە شانی ئێوە هەڵی ناگرێ!!

ئەمجار پەروەردگار فەرمان بەپێغەمبەرﷺ دەكا: كە دوورەپەرێزی تەواو لەكۆمەڵی مونافیقان رابگەیەنێ، نوێژ لەسەر مردویان نەكاو ئامادەی بەخاكسپاردنیان نەبێو داوای لێخۆشبوونیان بۆ نەكا. دەفەرموێ: ﴿ولا تصل على أحد منهم مات أبدا ولا تقم على قبره﴾ بەهیچ شێوەیەك نوێژ لەسەر مردوویان مەكەو ئامادەی بەخاكسپاردنیان مەبەو لەسەر گۆڕیان رامەوەستەو دوعای ئارامیو خۆراگرییان لەسەر وەلامی فریشتە بۆ مەكە! ئەبو داوودو حاكمو بەزار لەئیمامی عوسمانەوە ریوایەتیان كردوە: دەفەرموێ: هەركاتێ پێغەمبەر لەبەخاكسپاردنو داپۆشینی تەرمی مردوو دەبوەوە لەسەر

گۆڕەکەی رادەوەستاو دیفەرموو: (استغفروا لأخیکم وسلواله التثبیت فانه الآن یسأل) داوای لێخۆشبوون بۆ ئەم برایەتان بکەنو داوای خۆراگریو جوان وەلامدانەوەی بۆ بکەن بێگومان ئێستا ئەو پرسیاری لێ دەکرێ.

ئایەتەکە بەروونی ئەوە دەگەیەنێ کەنابێ نوێژ لەسەر تەرمی کافر بکرێ، ئەمە حوکمێکی گشتییەو هەرکەسێ مونافیق بێ نابێ موسوڵمان نوێژی لەسەر بکا. نابێ ئامادەی بەخاکسپاردنو داپۆشینی بێ، نابێ زیارەتی گۆڕی بکا، نابێ دوعای لێخۆشبوونی بۆ بکا.

ئەمجار پەروەردگار هۆکاری نەهی کردن لەنوێژ لەسەر کردنیانو راوەستان لەسەر گۆڕیانو دوعا بۆ کردنیان روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ﴾ چونکە بێگومان ئەوانە بڕوایان بەهەبوونی خودای تاکئو تەنیا نیەو، ئینکاری پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر دەکەنو سووربون لەسەر ئەو بێ بڕواییەیانو بەکافری مردوونو کە دونیایان بەجێ هێشتووە بێ ئیمان بوون، لەحاڵەتی یاخی بوونو سنوور شکێنی دا بوون کە مەرگ یەخەی پێ گرتوون.

هەروەها چونکە نوێژ کردن لەسەر مردوو شەفاعەت بۆ کردنەو راوەستان لەسەر گۆڕی رێز لێگرتنە بۆی. دەی کافرو فاسق شایانی رێزو تەقدیر نین.

ئەمجار پەروەردگار نەهی لەپێغەمبەر کرد: کە بڕێ دیاردەی رابواردنو ژیانخۆشی مونافیقەکان سەرنجی رانەکێشنو بەلایەوە پەسند نەبن، لەبەر چاوی جوان نەبنو دڵی بۆیان لێ نەدا، دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَأَوْلَادُهُمْ﴾ با ماڵو سامانی فرەیانو منداڵی زۆریان سەرەنجی تۆ رانەکێشێو تۆ سەرسام نەکا. ئەوە خێرو خۆشیو بەختەوەری نیە پێیاندراوە، ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُعَذِّبَهُمْ بِهَا فِي الدُّنْيَا﴾ بێگومان پەروەردگار دەیەوێ بەو ماڵو منداڵەی کە پێی داون لەدونیادا سزایان بدا، ماڵو سامانیان هۆی سزاو عەزابیانە لەدونیادا، ماندو دەبن بەکۆکردنەوەو پارێزگاریکردنی، هەمیشە لەدڵەڕاوکێ دانو غەمی بەدەستهێنانو لەکیس چوونیانە، دوایی موسوڵمانان لەشێوەی زەکاتو باربوو کردنی جەنگ دا لێیان دەستێنن، موسوڵمانان پێی

بەهێز دەبن ئەوان پێیان ناخۆشە، منداڵو خزمو کەسیان لەشەڕو جەنگ دا دەکوژرێنو بەپەرۆشن. ﴿وَتَزْهَقَ أَنْفُسُهُمْ وَهُمْ كَافِرُونَ﴾ گیانیان دەربچێ ئەوان لەحاڵی کوفرو بێدینی دابن، خەسارەتمەندی دونیاو قیامەت دەبنو ئەوەش گەورەترین خەسارەتمەندیو ماڵوێرانییە.

لەوەپێشو لەم سورەتەدا ئایەتێکی تر بەم مانایە رابوردو دەفەرموێ: ﴿فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُمْ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ بِهَا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنْفُسُهُمْ وَهُمْ كَافِرُونَ﴾التوبة/٥٥.

تێبینی ئەوە دەکرێ ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە نابێ موسوڵمان نوێژ لەسەر تەرمی کافرو مونافیق بکا، نابێ ئامادەی بەخاکسپاردنو لەگۆڕنانیان بێ، بەڵام نایێتە بەڵگەی صەریح لەسەر ئەوە کە پێویستە نوێژ لەسەر تەرمی موسوڵمان بکرێو ئامادەی بەرێکردنو بەخاکسپاردنی ببێ. بەڵکو حوکمی ئەمە لەفەرموودەی پێغەمبەر وەردەگیرێ لەم بارەوە فەرموودەی صەحیح زۆرن، یەکێک لەو فەرموودانە ئەو فەرموودەیەیە کە ئیمامی موسلیم لەجابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ریوایەتی کردوە دەفەرموێ: (إِنَّ أَخاً لَكُمْ قَدْ مَاتَ فَقُومُوا فَصَلُّوا عَلَيْهِ) برایەکتان (مەبەستی نەجاشییە) مردووە خۆتان ئامادە بکەن نوێژی لەسەر بکەن. جابیر دەڵێ: هەستاینو خۆمان کرد بەدوو ریزو نوێژی مردوومان لەسەر کرد.

ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ هەواڵی لەدونیا دەرچوونی نەجاشی راگەیاند لەو رۆژەی تێیدا مردبوو، موسوڵمانانی برد بۆ شوێنی نوێژ کردنو چوار جار ئەڵلاهو ئەکبەری فەرموو.

لەلایەکی ترەوە زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوە: کە دروست نیە نوێژ لەسەر تەرمی موسوڵمانان نەکرێ، هەندێک بەلایانەوە فەرزی کیفایەیە.

بڕێ لەزانایان فەرموویانە: لەگۆڕنانو شاردنەوەی تەرمی موسوڵمان وەکو نوێژ لەسەر کردنی وایەو فەرزی کیفایەیە.

هەڵبەتە ئایەتەکە ئەوەی لێ وەردەگیرێ: کە راوەستان لەسەر گۆڕی مردووی موسوڵمان تا دەشێردرێتەوە، شتێکی باشە...! پێغەمبەرﷺ لەسەر

گۆڕی مردووی موسوڵمان رادەوەستا تـا دەشێردرایەوە! دوعـای زمانڕاستی‌و وەڵامدروستی بۆ دەکردو دەپاڕایەوە لەخودا کە لەوەڵامی فریشتەکانی دێن بۆ لای نەشڵەژێ!

عـەبدوڵلای کـوڕی زوبـەیر ئەگـەر مردوێـک دەمـرد لەسـەر گۆڕەکـەی رادەوەستا تا دەشێردرایەوە.

لەصـەحیحی موسلیم دا هـاتووە: عـەمری کـوڕی عـاص ﷺ لـەکاتی سەرەمەرگ دا وەسیەتی کرد وتـی: کـە خستـانمە گـۆڕەوەو داتـان پۆشـیم، کەمێک گڵ‌و خۆڵ لەسەر گۆڕەکەم بەرز بکەنەوە، ئەمجار بەئەندازەی ئـەوەی وشترێک سەربڕن‌و گۆشتەکەی دابەش بکەن لای گۆڕەکەم بمێننەوە بۆ ئـەوەی کەمێک بێمەوە سەرخۆو بزانم چۆن وەڵامی فریشەکان دەدەمەوە. جـەماوەری زانایان کۆکن لەسەر ئەوە: کە لەسەر جەنازە چوار جار ئەڵلاهو ئەکبەر دەکرێ.

دارەقوطنی لەئوبەی کوڕی کەعبەوە ریوایەت دەکا دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: (ان الملائكة صلت على آدم، فكبرت عليه أربعا، وقالوا هذه سنتكم يابني آدم ....).

ئیزن وەرگرتنی سەرانی نیفاق بۆ خۆدزینەوە لەجیهادو ئامادەباشی موسوڵمان بۆ جیهاد

وَإِذَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٌ أَنۡ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَجَٰهِدُواْ مَعَ رَسُولِهِ ٱسۡتَـٔۡذَنَكَ أُوْلُواْ ٱلطَّوۡلِ مِنۡهُمۡ وَقَالُواْ ذَرۡنَا نَكُن مَّعَ ٱلۡقَٰعِدِينَ ﴿٨٦﴾ رَضُواْ بِأَن يَكُونُواْ مَعَ ٱلۡخَوَالِفِ وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَهُمۡ لَا يَفۡقَهُونَ ﴿٨٧﴾ لَٰكِنِ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ جَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡخَيۡرَٰتُۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٨٨﴾ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٨٩﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار ئەوەی روون کردەوە: کە دووڕووەکان فرتو فێڵو بیانووی ناڕەوا دەدۆزنەوە بۆ خۆپاشدان لەچوون بۆ غەزا لەخزمەت پێغەمبەر دا، بەشوێن ئەوەدا هەڵوێستێکی تریان ئاشکرا دەکا، ئەویش ئەوەیە: هەرکاتێ ئایەتێک نازڵ ببێ باسی ئیمانو جیهادی تێدا بێ، خاوەن ماڵو سامانو بەتواناکان داوای ئیزنی نەچوون بۆ غەزا دەکەنو دەیانەوێ هاوبەشی جیهادو تێکۆشان نەکەن، داوا لەپێغەمبەرﷺ دەکەن کە وازیان لێ بێنێ لەگەڵ پرو پیرێژنو کەم ئەنداموشەلو سەقەتەکان بمێننەوە. دەفەرموێ:

﴿وَإِذَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ أَنْ آمِنُوا بِاللهِ وَجَاهِدُوا مَعَ رَسُولِهِ اسْتَأْذَنَكَ أُولُوا الطَّوْلِ مِنْهُمْ﴾ هەرکاتێ سورەتێکی قورئان یان هەندێکی نازڵ ببێ، فەرمانیان پێ بکا بەئیمانهێنان بەخوداو بەپێغەمبەرو بەزیندوبوونەوەو داوایان لێ بکا لەگەڵ پێغەمبەر دا بچن بۆ جیهادو تێکۆشان، خاوەن سامانو بەتواناکان داوای روخصەتت لێ دەکەن کە وازیان لێ بێنی هاوبەشی جیهادو تێکۆشان نەکەنو خۆپاش دەن ﴿وَقَالُوا: ذَرْنَا نَكُنْ مَعَ الْقَاعِدِينَ﴾ دەڵێن: ئەی پێغەمبەر! وازمان لێ بێنە با ئێمە لەگەڵ ئافرەتو پەککەوتەو منداڵو بێ هێزەکان بمێنینەوە!!

ئادەمیزاد دوو پێڕن، دوو جۆرن، دوو سروشتن: پێڕی دووڕوویی‌و لەرزۆکی‌و خۆویستی‌و ریسوایی، پێڕی بڕوا پتەوانو بەهێزو توانا‌و خۆڕاگران، پێڕێک دەیانەوێ خۆ لەجیهاد بدزنەوە خۆپاش بدەن رازین بەکەودەنی‌و نزمی! پێڕێک راستاڵو خۆ بەخشو فیداکارو نەفس بەرزو خاوەن هەڵوێست، ئامادەن خۆیان فڕێ بدەنە ناو ئاگرەوە، چاو نەترسو ورەبەرزو بڕوایتەوو فەرمانبەردارو گوێ بیست!!

هەر کە سورەتێک دێتە خوارێ فەرمانی بەجیهادو تێکۆشانی لەخۆگرتبێ دەوڵەمەندو لەشساغو بەتواناکان دێنە پێشەوە نەک بۆ چوون بۆ غەزاو خۆیەختکرنو بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانیان، بەڵکو بۆ خۆپاشدانو خۆدزینەوە، رازین لەگەڵ ئافرەتو بێ نەواو شەلو سەقەتەکان دا حلێب بکرێن، ئەوانە (حیزبی حیزی‌و سەلامەتی)ن خۆویستو تەنپەرستن، هەستی پیاوەتی‌و سەربەستی‌و ئازادییان تێدا نیە، ترسنۆکو لەرزۆکو ورە روخاون!

نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُوا: لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ؟ فَإِذَا أُنْزِلَتْ سُورَةٌ مُحْكَمَةٌ، وَذُكِرَ فِيهَا الْقِتَالُ، رَأَيْتَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ يَنْظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ الْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ﴾محمد/٢٠.

ئەم مونافیقە ترسنۆکانە نایانەوێ بەرگری لەئایینو ماڵو نیشتمانو ناموسو شەرەف بکەن، هەستیان مردوەو بێ شعوورن ﴿رَضُوا بِأَنْ يَكُونُوا مَعَ الْخَوَالِفِ﴾ رازی بوون بەوە: کە لەگەڵ ژنو ژاڵ دا بمێننەوە، رازی بوون کە وەکوو پیرەژنو پەککەوتەکان کە ئەرکی جیهادیان لەئەستۆ دا نیە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، ئەمەش ئەوپەڕی ترسنۆکیو زەلیلیەو نەفسی بەرز قێزی لێ دەکاتەوە! هۆی ئەم ترسنۆکیو ناپیاوییەیان نەفامیو نەزانییە ﴿وَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ﴾ دڵیان مۆر کراوە، پەروەردگار دڵی مۆر کردوون بەهۆی نەچوونیان بۆ غەزاو خۆپاشدانیان لەجیهاد، دڵیان داخراوە هیچ نووری عیلمو زانیاریو هیدایەت وەرناگرێ، وایان لێ هاتووە لەهیچ حاڵی نابن، نازانن چ بەرژەوەندیو سوودی ئەوانی تێدایە. ئەنجامی بدەن، نازانن چ شتێک زیانی بۆ ئەوان هەیە خۆی لێ بپارێزن، حیکمەتو نهێنی ئەوە نازانن بۆچی خودا فەرمانی بەجیهاد کردن کردوە!

ئەمجار پەروەردگار بەرامبەریو پێککرتنێک لەنێوان وەزعی مونافیقانو موسوڵمانان دەکاو سەروەریو پیاوەتی خوداپەرستان دیاری دەکاو، ئاکامو سەرەنجامیان، پاداشی باشو بەمراز گەییشتیان روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿لَكِنِ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ جَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ﴾ بەلام پێغەمبەرو موسوڵمانانی شوێنکەوتووی، جیهاد دەکەنو خۆناشێرنەوە، بەماڵو بەگیان ئامادەی جەنگو بەرگریکردنن لەئایینو وڵاتو ماڵو گیان، ئامادەن لەرێبازی ئایین دا خۆیان بەخت بکەن، ئەرکی سەرشانی خۆیان جێ بەجێ دەکەن. لەدونیادا بەمراز گەییشتوونو سەرکەوتنی خۆیانو تێشکانی دوژمنانیان دەستکەوت بوو ﴿وَأُولَئِكَ لَهُمُ الْخَيْرَاتُ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ ئەو موجاهیدە تێکۆشەرانە خێرو بێری دونیاو قیامەتیان

دەستگیر بوو، خۆشیو کامەرانیو سەروەری هەردوجیهانیان دەسکەوت، سەرفرازو بەمراد گەییشتوو خۆیانن، بەپێچەوانەی دووڕووەکانەوە کە خەسارەتمەندی هەردوو جیهان بوون!!

﴿أَعَدَّ اللهُ لَهُمْ جَنَاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ پەروەردگار ئامادەی کردوە بۆ ئەو موسوڵمانە خودا پێداوانە باغو باخاتی وا کە بەژێر درەختەکانیان دا جۆگەو جۆبار دەکشێنو بۆ هەتا هەتایێ لەو خۆشیو لەززەتە دا دەگوزەرێنن! بەراستی ئەو رابواردنو لەززەتو نیعمەتە جۆراو جۆرانەی پێیان دەدرێ بەمرازگەییشتنێکی فرە مەزنەو پلەو پایەو شکۆمەندییەکی بێ وێنەیە!!

دووڕوویی عەرەبە دەشتەکییەکانو ئیزن وەرگرتنیان بۆ نەچوون بۆ جیهاد

وَجَآءَ ٱلْمُعَذِّرُونَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ وَقَعَدَ ٱلَّذِينَ كَذَبُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٩٠﴾

دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ضەحاك دەڵێ: ئەو کۆمەڵە پێڕی عامیری کوڕی (الطفیل) بوون، هاتنە خزمەت پێغەمبەرﷺ وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئێمە لەگەڵ تۆ غەزامان کرد لەو کاتەدا عەرەبە دەشتەکییەکانی هۆزی طەی پەلاماری ماڵو منداڵی داوێن، ماڵاتو کەلو پەلیان بردوین دەترسین: ئەگەر لەگەڵتا بێین بۆ جیهاد دووبارە ئەوان یان هۆزی تر تاڵانمان بکەن! پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (سیغنیني الله عنكم) خودا من بێ ئاتاج دەکاو پێویستم بەئێوە نیە.

موجاهید دەڵێ: ئەوانە چەند کەسێك بوون لەهۆزی غەطەفان عوزریان هێنایەوە خودا عوزری لێ قبوڵ نەکردن.

موناسەبەی ئەم ئایەتە بەهی پێشەوە ئەوەیە: پەروەردگار لەوەپێش ئەحواڵی دوورووە دانیشتوەکانی مەدینەی بەیان کرد، ئەمجار بەشوێن ئەوەدا حاڵو چۆنیەتی عەرەبە دوورووە دەشتەکییەکان شی دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَجَاءَ الْمُعَذِّرُونَ مِنَ الْأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ﴾ ئەو عەرەبە دەشتەکییانە هاتنە لای پێغەمبەرو داوای ئیزنی لێ دەکەن رێگەیان بدا نەچن بۆ غەزای تەبووک، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: خودا بەسەر هەواڵی ئێوەدا ئاگاداری کردووم‌و دەزانم مەبەستتان چیەو خودا بێ ئاتاجی کردوم لەیارمەتی ئێوەو پێویستیم پێتان نیە.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: ئەم کۆمەڵە بیانوەکەیان راست بوو، پێغەمبەرﷺ بڕوای پێکردن. ریوایەتی تریش هەن ئەوە دەچەسپێنن کە درۆیان کردوەو بیانوویان نەبوەو پێغەمبەرﷺ بڕوای پێ نەکردون. ﴿وَقَعَدَ الَّذِينَ كَذَبُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ خۆیان لەجیهاد پاش دا ئەو تاقمەی خوداو پێغەمبەریان بەدرۆخستنەوە، بەروکەش خۆیان بەخاوەن باوەڕ دادەناو لەدڵ دا کافر بوون، ئەمانە وەکوو بۆ غەزا نەچوون نەهاتن عوزریش بێننەوە. ئەوانە ئەو مونافیقە عەرەبە دەشتەکییانەن کە عوزریان نەهێنایەوە، بەبێ عوزرو بەهانە خۆیان پاش داو نەچوون بۆ جیهاد.

﴿سَيُصِيبُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ لەوە بەولاوە ئەوانەی کافرو مونافیقن، ئەوانەی خوداو پێغەمبەریان بەدرۆ خستنەوە بەدرۆ عوزریان هێنایەوە، یان ئەوانەی عوزریان نەهێنایەوە، سزای بەئێش‌و توندیان توش دێ، لەدونیادا بەکوشتن‌و برین لەقیامەتیش دا بەئاگری دۆزەخ!!

ئەو موسوڵمانانەی جیهادیان لەسەر نیە

لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُواْ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩١﴾ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّواْ وَّأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُواْ مَا يُنفِقُونَ ﴿٩٢﴾

دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە، ئیبنو ئەبی حاتەم لەزەیدی کوڕی ثابیتەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: خەریکی نووسینەوەی سورەتی (براءة) بووم، پێنووسم لەسەر گوێچکەم دانابوو فەرمانمان پێکرا بچین بۆ غەزا، پێغەمبەرﷺ چاوەڕوانی سروش بوو بۆی بێ، لەو کاتەدا کوێرێک هاتە خزمەتی‌و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من چی بکەم چاوم نابینێ کوێرم؟ ئیتر ئایەتی ﴿لَيْسَ عَلَى الضُّعَفاءِ....﴾ هاتە خوارێ.

بەلام بۆ ئایەتی ﴿وَلاَ عَلَى الذِينَ اِذَا مَاأتَوْكَ...﴾ سێ هۆکاری هاتنە خوارەوە باس کراون:

١- ئیبنو ئەبی حاتەم لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکاو دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمانی بەخەڵک کرد: کە خۆئامادە بکەن‌و لەتەکیا بچن بۆ غەزا، کۆمەڵێک لەهاوەلان هاتنە خزمەتی، عەبدوڵلای کوڕی موغەففەلی موزەنییان تێدا بوو، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ولاغی سواریمان بۆ پەیدا بکە دێین بۆ غەزا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: هیچم دەست ناکەوێ ئێوە سوار بکەم بەدڵ شکاوی گەڕانەوو دەگریان، پێیان ناخۆش بوو نەچن بۆ غەزا، تێشوو ولاغی سوارییان دەست نەکەوێ. ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿وَلاَ عَلَى الَّذِينَ اِذَا مَاأتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ..﴾ی نارده خوارێ‌و عوزری لێ قبووڵ کردن.

٢- موجاهید دەڵێ: ئەوانە سێ برابوون: مەعقەل، سووەید، (النعمان)ی کوڕی موقرین. داوایان لەپێغەمبەر کرد کە خوففو نەعلیان بۆ دابین بکا، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (لَا أَجِدُ مَاأَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ).

٣- حەسەنی بەصری دەڵێ ئەم ئایەتە دەربارەی ئەبو موسای ئەشعەریو هاوەڵانی هاتۆتە خوارێ، هاتنە لای پێغەمبەرﷺ داوای شتێکیان دەکرد هەڵیان گرێ، لەو کاتەدا پێغەمبەرﷺ تووڕە بوبوو فەرمووی: (وَاللهِ مَاأَحْمِلُكُمْ وَلَا أَجِدُ مَاأَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ).

هەڵبەتە پەیوەندی ئاشکراو روون هەیە لەنێوان ئەم ئایەتەو ئایەتەکانی پێشوودا، ئەوەتا: دوای ئەوەی پەروەردگار هەڕەشەی لەوانەکرد: کە بیانوو دەدۆزنەوەو بەدرۆو دەلەسە خۆیان لەچوون بۆ جیهاد دەدزنەوە، باسی ئەوانە دەکا کە عوزری شەرعییان هەیە ئەوە رادەگەیەنێ: کە ئەو خاوەن عوزرانە جیهادیان لەسەر فەرز نیە! چونکە ئیسلام ئایینی ئاسانکاریو ئاسانخوازییە، بەگوێرەی توانا ئەرک دەخاتە سەرشانی رێڕەوانی، ئەوانەی توانای چوون بۆ جیهادیان نیە کەم ئەندامو کوێرو نەخۆشن، یان تێشوو پێداویستی جەنگیان بۆ دابین ناکرێ، عوزریان رەوایەو نەچوونیان قبووڵە. دەفەرموێ: ﴿لَّيْسَ عَلَى الضُّعَفَاءِ﴾ چوون بۆ غەزا واجب نیە لەسەر بێ هێزو پیرو کەفتەکار ﴿وَلَا عَلَى الْمَرْضَى﴾ هەروەها لەسەر نەخۆشو کەم ئەندامو کوێریش جیهاد فەرز نیە، ﴿وَلَا عَلَى الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ﴾ هەروەها جیهاد لەسەر ئەوانە واجب نیە کە پێداویستی جیهادیان بۆ دابین ناکرێ. ﴿إِذَا نَصَحُوا لِلَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ بەمەرجێ ئیمانی تەواوو پتەویان بەخودا هەبێ، شوێن ئامۆژگاری پێغەمبەر بکەون، بەنهێنیو ئاشکرا پابەندی فەرمانی خودا بن، حەقناس بنو حەقخوازانیان خۆش بوێ، بەرژەوەندی گەلو ولات بپارێزن، جاسووسیو خیانەت لەوڵات نەکەن، پڕو پاگەندەی دژ بەئیسلام بڵاو نەکەنەوە.

ئیمامی موسلیم فەرموودەیەکی لەتەمیمی (الداری)یەوە گێڕاوەتەوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (الدِّينُ النَّصِيحَةُ، قَالُوا لِمَنْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: لِلهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ) واتە: ئایین بریتییە لەئیخلاص، هاوەڵان عەرزیان کرد: ئیخلاص بۆ کێ؟ ئەی پێغەمبەری خودا. فەرمووی: ئیخلاص بۆ خوداو بەندایەتی بۆ کردنو خۆشویستنی، خوێندنەوەی

قورئانو تێفکرین لەمانای ئایەتەکانو کارپێکردنی، خۆشویستنی پێغەمبەرو شوێنکەوتنی پەیامەکەی. ئیخلاص بۆ فەرمانڕەوایی موسوڵمانانو پشتگیری لیّ کردنیانو ئیخلاص بۆ جەماوەری موسوڵمانان ئەوەیە: ڕێگای حەقیان نیشان بداو هەوڵی پتەوکردنی ریزەکانیان بدا.

﴿مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِنْ سَبِيلٍ﴾ هیچ ڕێبازو بیانوێک نیە چاکەکاران سزا بدرێن، لۆمەیان بکرێ، کە بیانوی شەرعییان هەبێ بۆ نەچوون بۆ غەزاو لەماڵەوە دانیشتن، تاوانبار نابنو گوناهیان ناگاتێ! بۆ کەس نیە تاوانیان پاڵ بدا بەکورتیو پوختی هەموو نەصیحەتکارو راستاڵو موخلیصێک بۆ خوداو بۆ پێغەمبەری خودا موحسینو چاکەکارە، کەس رایەی ناکەوێ چاکەکار بەگیر بێنێو بیخاتە بەر لێپرسینەوەو سەرزەنشت کردن!

﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ﴾ پەروەردگار لێخۆشبوونی زۆرە بۆ ئەو خاوەن عوزرو چاکەکارانەو بۆ کەسی تریش کە وەک ئەوان بن.

﴿رَّحِيمٌ﴾ خاوەن سۆزو بەزەیی زۆرە، هەرگیز زیاد لەتواناو دەسەڵات ئەرک ناخاتە سەر کەس. بەڵام یاخی بوو موونافیقەکان تا تۆبە نەکەنو واز لەتاوانو دووڕوویی نەهێنن خودا لێیان خۆش نابێ.

﴿وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ﴾ هەروەها تاوانو حەرەج لەسەر ئەو کەسانە نیە کە ئامادەباشی چوون بۆ جیهادیان تێدایەو بەڵام وڵاخی سواریو تێشوو چەکیان دەست ناکەوێ، بژێوی ماڵو منداڵیان دابین نەکردوە، بەتایبەتی ئەوانەی هاتنە لای تۆ ئەی پێغەمبەر! بۆ ئەوەی وڵاخی سواریو تێشوویان بۆ دابین بکەیو لەگەڵتا بێن بۆ جیهادو پێت گوتن: تێشوو وڵاخی سواریم دەست ناکەوێ بتاندەمێ، بەمە دڵیان تەنگ بوو دەستیان کرد بەگریانو زۆریان پێ ناخۆش بوو: کە شەرەفی بەشداری کردنی جیهادیان لەکیس دەچێو ناتوانن لەگەڵ سوپای ئیسلام وەڕێ بکەون. ئامادەی جەنگ بن.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لەباسی غەزای تەبووک دا دەڵێ: چەند پیاوێکی موسوڵمان هاتنە خزمەت پێغەمبەرﷺ کە بەگرینۆک بەناویانگن. حەوت زەلامی ئەنصاریو هی تریش بوون: **(سالم بن عمیر)**و **(علی بن زید)**و **(ابو لیلی عبدالرحمن بن کعب)**و **(عمرو بن الحمام بن**

الجموح)و (حرمی بن عبدالله)و (عیاض بن ساریة الفزاری) هەژارو نەدارا بوون کە پێغەمبەرﷺ پێی فەرموون: هیچم دەست ناکەوێ سوارتان بکەمو ناتوانم پێویستیتان دابین بکەم ﴿تَوَلَّوْا وَأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُوا مَا يُنفِقُونَ﴾ کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەریان بەجێ هێشت، چاویان فرمێسکی دەڕشتو بەکۆمەڵ دەگریانو دڵتەنگ بوونو خەمو پەژارە دایگرتبوون، چونکە تۆێشوو پێداویستی جەنگیان دەست ناکەوێ.

ئیبنو ئەبو حاتەم لەحەسەنی بەصریەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (لقد خلفتم بالمدينة أقواماً، ماأنفقتم من نفقة، ولاقطعتم وادياً، ولا نلتم من عدونيلاً الا وقد شركوكم في الآجر) ئەی هاوەڵان! ئێوە لەمەدینە کۆمەڵێکتان بەجێ هێشتووە، ئێوە هیچ بژێوو ماڵو سامانێکتان نەبەخشیوە، هیچ دۆڵو شیوو ڕێگایەکتان نەبڕیوە، هیچ پەلاماردانێکی دوژمنتان ئەنجام نەداوەو هیچ زەبرێکی کاریگەرتان لەدوژمن نەداوە، ئیللا ئەو کۆمەڵە بەجیماوە هاوبەشتانو پاداشی وەکوو ئێوەیان هەیە. ئەمجار پێغەمبەرﷺ ئایەتی ﴿وَلَا عَلَى الَّذِينَ إِذَا مَا أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَا أَجِدُ مَا أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ..﴾ خوێندەوە.

لەریوایەتێکی تردا کە موسلیمو بوخاری لەئەنەسەوە ریوایەتیان کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (انّ بالمدينة أقواما ماقطعتم وادياً، ولا سرتم سيراً الا وهم معكم، قالوا: وهم بالمدينة؟ قال: نعم، حبسهم العذر) لەریوایەتی ئیمام ئەحمەد دا دەڵێ: (حبسهم المرض).

بەیارمەتی خودا ١١/٨/١٩٩٨ لەپاکنووسی جزمی دەیەم بووەوە،
بەمەش بەرگی پێنجەمی تەفسیری ڕەوان تەواو بوو.
سلێمانی/ گەڕەکی مامۆستایان

پێرستی سەرەباسەکان